زانكۆی سەلاحەدین - هەولێر
Salahaddin University-Erbil

# خستنەکاری کەلەپووری گۆرانی لە مۆزیکی هاوچەرخی کوردیدا

تێزێکە

پێشکەشی ئەنجومەنی کۆلێژی هونەرە جوانەکان لە زانکۆی سەلاحەددین - هەولێر کراوە، وەکو بەشێک لە پێداویستییەکانی بەدەستهێنانی دکتۆرای فەلسەفە لە زانستەکانی موزیکدا/ ئەنەلایزی موزیکی هاوچەرخی کوردی

لەلایەن
**امانج غازی شاكر اغا**
بەکالۆریۆس لە زانستەکانی موزیک - زانکۆی سەلاحەددین- هەولێر-2008
ماستەر لە مۆزیکۆلۆجی- زانکۆی سەلاحەددین-هەولێر-2013

بە سەرپەرشتیاری
**پ.ی.د. محمد عزیز شاكر زازا**
**پ.د. محمد عبدلله كاكەسوور**

هەولێر- کوردستان
تشرینی یەکەم ٢٠٢٣

قال تعالى:

بِسْمِ اللهِ الرَّحْمنِ الرَّحِيمِ

وَنُودُوا ان تِلْكُمُ الْجَنَّةُ أُورِثْتُمُوهَا بِمَا كُنْتُمْ تَعْمَلُون

صدق الله العظيم

سورة (الأعراف) الآية (٤٣)

## بەڵێننامە

من بەڵێن دەدەم، ئەم تێزی دکتۆرایە کە ناونیشانەکەی بریتییە لە (**خستنەکاری کەلەپووری گۆرانی لە موزیکی هاوچەرخی کوردیدا**)، هەمووی کاری ڕەسەنی تاکەکەسی خۆمە. جگە لەو جێگەیانەی بە ئاشکرا ئاماژەم پێکردووە، هەموو نووسینەکان وئەنجامەکان توێژینەوەی سەربەخۆی خۆمە و پێشتر لە هیچ شوێنێک بڵاوم نەکردۆتەوە و پێشکەشی هیچ شوێنێکم نەکردووە، بۆ ئەوەی بڕوانامەیەکی پێ وەربگرم. بەڵێن دەدەم لە هەر جێگەیەک شتێکم وەرگرتبێت، ئاماژەم بە سەرچاوەکەی کردووە.

واژوو:

ناو: **امانج غازی شاکر اغا**

ڕێکەوت: ٢٠٢٣/٨/١

**پشتگیری و ڕەزامەندی سەرپەرشتیاران**

ئەم تێزە لەژێر سەرپەرشتیاریی ئێمە ئامادەکراوە و نووسراوە و نێردراوە بۆ وەرگرتنی بڕوانامەی دکتۆرا لە پسپۆڕیی (میوزیکۆلۆجی/ ئەنەلایزی موزیکی هاوچەرخی کوردی). ئێمە پشتگیری دەکەین و ڕازین کە بەم شێوەیەی ئێستا پێشکەشی لیژنەی گفتوگۆ بکرێت.

واژوو:

ناو: **پ.ی..د. محمد عزیز شاکر زازا**

ڕێکەوت: ١/ ٨ /٢٠٢٣

واژوو:

ناو: **پ.د. محمد عبدللە کاکەسوور**

ڕێکەوت: ١/ ٨ / ٢٠٢٣

پشتگیری دەکەم کە هەموو پێداویستییەکان جێبەجێ کراوە، هەروەها ئاماژە بە پشتگیری و ڕەزامەندی سەرپەرشتیاران، من ئەم تێزە دەنێرم بۆ گفتوگۆ.

واژوو:

ناو: **پ.ی.د. دلاوەر مصطفی محمد**

سەرۆکی بەشی موزیک

ڕێکەوت: 13 /8 / ٢٠٢٣

پشتگیری دەکەم کە هەموو پێداویستییەکان جێبەجێ کراوە، بۆیە ڕازیم ئەم تێزە بنێردرێت بۆ گفتوگۆ.

بەرپرسی خوێندنی باڵا لە کۆلێژ

واژوو:

ناو: **پ.ی.د. سازە حوسێن ڕەسوڵ**

ڕێکەوت: / / ٢٠٢٣

**بڕیاری لێژنەی گفتوگۆ**

ئێمە وەک لێژنەی گفتوگۆ و هەڵسەنگاندن، ئەو تێزی دکتۆرایەمان کە ناونیشانی بریتیبوو لە (**خستنەکاری کەلەپووری گۆرانی لە موزیکی هاوچەرخی کوردیدا**) خوێندەوە و قوتابیەکەمان، کە ناوی (**امانج غازی شاکر اغا**) بوو، لە ناوەرۆکەکەی تاقیکردەوە. ئێمە بڕیار دەدەین کە پێداویستییەکانی بڕوانامەی دکتۆرای لە پسپۆڕی (میوزیکۆلۆجی/ ئەنەلایزی موزیکی هاوچەرخی کوردی) تێدایە.

واژوو:
ناو: **پ.د. ادریس عبدالله مصطفى**
ئەندام
ڕێکەوت: / ١٠ / ٢٠٢٣

واژوو:
ناو: **پ.ی.د. انیس حمود معیدی**
ئەندام
ڕێکەوت: / ١٠ / ٢٠٢٣

واژوو:
ناو: **پ.ی.د. هیثم شعوبی ابراهیم**
ئەندام
ڕێکەوت: / ١٠ / ٢٠٢٣

واژوو:
ناو: **پ.ی.د. سەنگەر قادر حاجی**
ئەندام
ڕێکەوت: / ١٠ / ٢٠٢٣

واژوو:
ناو: **پ.د.احسان شاکر زلزلة**
سەرۆک لێژنە
ڕێکەوت: / ١٠ / ٢٠٢٣

واژوو:
ناو: **پ.ی.د. محمد عزیز شاکر زازا**
ئەندام و سەرپەرشتیار١
ڕێکەوت: / ١٠/ ٢٠٢٣

واژوو:
ناو: **پ.د. محمد عبدلله کاکەسوور**
ئەندام و سەرپەرشتیار٢
ڕێکەوت: / ١٠ / ٢٠٢٣

واژوو:
ناو: **پ.د. سەردار قادر محی الدین**
ڕاگری کۆلێژی هونەرە جوانەکان
ڕێکەوت: / / ٢٠٢٣

# پێشکەشە

پێشکەشە بە:

- دایکی خۆشەویست و باوکی خوالێخۆشبووم و خوشک و براکانم، کە هەمیشە هاوکارم بوونە لە وەرگرتنی بڕوانامەکانم و سەرچاوەیەکی وزەبەخیشش بوونە بۆم.
- (هەورە) خێزانی ئازیز و خۆشەویستم، کە هەمووکات پاڵپشتم بووە و هاوکارم بووە لە بەردەوامبوونم لە خوێندن و بەشێکی زۆر لە ئاستەنگەکانی بۆ کەم کردوومەتەوە، هەروەها جگەرگۆشە چاوگەشەکانم پیانۆ، پایە و پەریا.
- ڕۆحی هونەرمەند ( زرار محمەمەد مستەفا ) ڕابەری هونەر لە ڕواندز و نووسەر و ئەدیب (مەحمود زامدار) و شاعیر و نووسەر و لێکۆڵەر (محەمەد حەمە باقی).
- هەموو ئەم هونەرمەندانەی ژیانیان لە پێناو خزمەتکردنی گەل و نیشتمان و پەروەردە و فێرکردن بە هونەر بەخشیووە.

## سوپاس و پێزانین:

- سوپاس و پێزانینی بەردەوامم بۆ پرۆفیسۆری یاریدەدەر دکتۆر مەحەمەد عزیز شاکر زازا، بۆ ئەرک و ماندووبونیان لە پێداچوونەوە وپێشکەشکردنی زانیاری گرینگ و ڕێکخستنەوەی سەرچاوەکان، وەک باوکێک وهاوڕێیەک بەبەردەوامی پاڵپشتم بووە لە گشت هەنگاوێکمدا.
- سوپاس و ڕێزم بۆ پرۆفیسۆر دکتۆر محەمەد عبد الله کاکە سوور، مامۆستا لە زانکۆی سەلاحەددین، کە بەخۆشحاڵیەوە ڕەزامەندیدا وەک سەرپەرشتیاری دووەم، سەرپەرشتی تێزەکە بکات، هەڵبەتە پسپۆڕی بەڕێزیان لە بواری (مێژوو)دا خزمەتێکی یەکجار زۆری هەبووە لە پڕکردنەوەی کەلێنەکانی توێژینەوەکە. وێڕای بەدواداچوونی ورد و بەردەوامی بەڕێزیان و بەخشینی زانیاری و تێبینی لە سەر کۆی بابەتەکان.
- سوپاس و ڕێزم بۆ پرۆفیسۆری یاریدەدەر دکتۆر دلاوەرمستەفا محەمەد، سەرۆکی بەشی موزیک بۆ کارئاسانییەکانی بەبەردەوامی.
- سوپاس و پێزانینێکی زۆرم بۆ هاوڕێی ئەزیزم مامۆستا (سرود فواد سەڕاج)، کە هەنگاو بە هەنگاو لەگەڵم بووە و وەکو هونەرمەندێکی ئەکادیمی لە ئایندەیەکی نزیکدا جێپەنجەی بەسەر بواری موزیکی کوردەییەوە دیاردەبێت.
- سوپاس و خۆشەویستیم بۆ مامۆستا گۆران تەها بۆهاوکارییە هونەرییە بەردەوامەکانی.

## پوختەی توێژینەوەکە

ئەم توێژینەوەیە تیشک دەخاتە سەر خستنەکاری پێکهاتە هونەرییەکانی گۆرانی کەلەپووری کوردی لە موزیکی هاوچەرخی کوردیدا، دواتر خوێندنەوەی سیستماتیکی ئەو پێکهاتانە لەنێوکۆی پرۆسەی هونەری موزیکیی لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا، کە ئەمەشیان بەشداری لە پرۆسەی گۆرانی و موزیکی نەریتیی کوردی دەکات، بە دەربڕینی ئیستاتیکا و ڕەخنەی بنیادنەرەوە، کە خزمەتی چڕینە هونەرییەکان دەکات. بۆیە توێژینەوەکە هەوڵی داوە ئەو هاوکێشە هونەرییە بدۆزێتەوە، کە چەمکی پێکهاتە هونەرییەکانی گۆرانی کەلەپووری کوردی،جوانی هەستەوەری شاراوەی کاری موزیکی بەیەکەوە دەبەستێتەوە.

گرنگی توێژینەوەکە لەوەوە ڕەنگی داوەتەوە، کە ئەو میکانیزمانە دەخاتەڕوو کە تا چەند نموونەکانی گۆرانی کەلەپووری و چاودێری کردنی ڕادەکەی لە ڕووی ئەکادیمی و خستنەکاریی موزیکیی، گرنگی پێدراوە، ئەمەش ئەرکی بەشداریکردنە لە پرۆسەی تێگەیشتن لە جوانیی دەربڕینی موزیک و گۆرانی کەلەپووری کوردی و تیشک خراوەتە سەر شوناسی کەلەپوور و ڕۆڵی کەلەپوور لەنێوڕەسەنێتیی و هاوچەرخێتیی و نوێگەرییدا و دواتر سروشگیریی جوانییەکانی ئەم کەلەپوورە لە کاری موزیکیدا شیکراوەتەوە، لە کۆتایشدا تایبەتمەندییەکانی موزیکی نەتەوەیی خراونەتەڕوو.

دواتر بە وردی باس لە خستنەکاری کەلەپووری گۆرانی لە موزیکی هاوچەرخی کوردیدا کراوە، پاشان پێکهاتەی ڕیتم و میلۆدی لەنێوگۆرانییەکانی کەلەپووریدا لە ڕوانگەی ئەنترۆپۆلۆژی و ئێتنۆموزیکۆلۆژییەوە، بەپێی هەردوو تیۆر و دواتریش لە ڕووی چەمکەکانییەوە باسی لێوەکرا و شیکراونەتەوە و میتۆد و هەنگاوەکانی تویژینەوە لە نێوکۆمەڵگە و نموونە و میتۆد و پێوەرەکانی توێژینەوەدا بە گرینگییەوە خراونەتەڕوو، کە هەندێکیان بریتین لە: تۆنالیتە و ڕیتم و خێرایی و گۆرانییە کەلەپوورییەکە بەر لە خستنەکاریەکەیدا، فۆرم و شێوازی موزیکی، چنینی موزیکیی، پێرفۆرمەنس و تیمبەر، بنیاد

وشێوازی میلۆدی و لە کۆتایی پێوەرەکانیشدا یەکتابوون و گونجان و کۆنتراستی میلۆدی خراونەتەڕوو و لە ئەنجامدا و لە شیکردنەوە و لێکدانەوە، بە شێوەیەکی زانستی و ئەکادیمی خراونەتەڕوو، لە شیکردنەوەی نموونەکانی توێژینەوە، پشت بە میتۆد و چەند پێوەرێک بەستراوە، کە بۆ یەکەمین جارە لە توێژینەوەیەکی زانستیدا بەمجۆرە شیکاریی موزیکیی بۆ بابەتی گۆرانی کەلەپووری و خستنەکاریی لەنێوموزیکی هاوچەرخی کوردیدا بکرێت، کە دواتر بە خستنەکارییەکانیان بە بەرگێکی هاوچەرخیانە دەرکەوتوون. لە فۆڕم وشێوازی موزیکیدا، سۆلۆی ئامێرەکانی (پیانۆ، ڤیۆلین، فلوت، کەمانچە، عود) و یاوەریکردنی کۆڕاڵ و سۆلۆی ڤۆکاڵ لە چینی تینۆر وئالتۆ و باس، هەروەها بە بنیاد و داڕشتنی موزیکی کلاسیکی جیهانی و بە شێوەی سێریال موزیک (موزیکی زنجیرەیی دووازدە دەنگی) و موزیکی دراماتیکی ئەلیکترۆنی خستنەکاریی بۆ گۆرانییە کەلەپوورییەکان کراوە و ڕەوتی زیندووکردنەوەی کەلەپوور لە موزیکدا کراوە وەک بنەمایەک بۆ تەواوی ڕەوتێکی هونەری موزیکیی، واتە مۆرکی گەڕانەوە بۆ کەلەپووری گۆرانیی بە بەرگێکی موزیکیی هاوچەرخ .دواتر لە دوماهیدا سەرچاوەکان بە زمانەکانی کوردی، عەرەبی و بیانی و دواتر پاشکۆکان لە بەشی تایبەت بە خۆیانەوە داندراون.

**ناوەرۆک**

بەڵێننامە ........................................................................................... II
پشتگیریی و ڕەزامەندی سەرپەرشتیاران ........................................................... III
بڕیاری لێژنەی گفتوگۆ ............................................................................. IV
پێشکەشە ............................................................................................... V
سوپاس و پێزانین: ..................................................................................... VI
پوختەی توێژینەوەکە ................................................................................. VII
ناوەرۆک ............................................................................................... IX
لیستی خشتەکان ....................................................................................... XIII
لیستی گرافیک ......................................................................................... XIV
**١ .بەشی یەکەم: پێشەکییەک بۆ بابەت و توێژینەوەکە ............................... 1–20**
١,١ پێشەکیIntrodaction ........................................................................ 1
١-٢ کێشەی توێژینەوەکە و پێویستییەکانی- : ..................................................... 6
١-٣ گرنگیی توێژینەوەکە: ............................................................................ 12
١-٤ ئامانجی توێژینەوەکە: ............................................................................ 13
١-٥ سنووری توێژینەوەکە: ........................................................................... 14
١-٥-١ سنووری شوێن: ................................................................................. 14
١-٥-٢ سنووری کاتیی: ................................................................................. 14
١-٥-٣ سنووری مرۆیی: ................................................................................ 14
١-٥-٤ سنووری بابەتیی: ................................................................................ 14
١-٦ گریمانەکانی توێژینەوەکە: ........................................................................ 14
١-٧ دەستنیشانکردنی زاراوەکانی توێژینەوە: .................................................... 15
١-٧-١ خستنەکار وەک زمان: .......................................................................... 15
١-٧-٢ کەلەپووری گۆرانی: ............................................................................. 16
١-٧-٣ موزیکی هاوچەرخی کوردی: ................................................................... 18
**٢ .بەشی دووەم: بەسەرداچوونەوەی کارەکانی پێشوو و باکگراوندی تیۆری Literature Revieu and Theoretical Background ............................................. 76–21**
توێژینەوەکانی پێشوو: ................................................................................ 21

٢-٢ کەلەپوور لە ڕەسەنێتیی و هاوچەرخێتیی و نوێگەریدا:..................................... 33
٢-٣ سروشگیریی کەلەپوور لە کاری موزیکیدا: ............................................ 43
٢-٤ جوانییەکانی کەلەپووریی لە موزیکدا: ................................................ 48
٢-٥ ڕیتم وئاواز وەک هەڵگری ناسنامەی نەتەوەیی لە موزیکدا:............................... 55
٢-٦ گەڕان بەدوای ناسنامە: ............................................................ 62
٢-٧ ناسنامەی ڕیتم لە موزیکدا: ........................................................ 65
٢-٨ میلۆدی لە موزیکدا: .............................................................. 69
٢-٩ تایبەتمەندییەکانی موزیکی نەتەوەیی:................................................ 73
**٣-بەشی سێیەم: تایبەتمەندییە هونەرییەکانی گۆرانیی و موزیکی کەلەپووری و میلیی کوردی**
**Technical characteristics of Kurdish Traditional songs and music...........77-129**
- گۆرانی و موزیکی کەلەپووری: ...................................................... 82
- گۆرانی و موزیکی میللی: .......................................................... 84
٣-١ گۆرانی چڕین لە کۆمەڵگەی کوردیدا: ................................................ 86
٣-٢ پێکهاتەی گۆرانی و موزیکی میلیی و فۆلکلۆری کوردی:..................................... 94
٣-٣ بنیادی میلۆدی موزیک و گۆرانی نەریتیی کوردی:........................................ 98
٣-٤ نوێبوونەوە لە بۆتەی گۆرانی و موزیکی کوردیدا:........................................ 102
٣-٥ هەڵوەستەیەک بۆ واقیعی کەلەپوور و کەلەپووری موزیکی کوردی:............................ 107
٣-٦ کەلەپوور لە ڕوانگەی ئەنترۆپۆلۆژییەوە: ............................................ 117
٣-٧ خوێندنەوەیەکی ئێتنۆمۆزیکۆلۆجی بۆ گۆرانیی و موزیکی کوردی: .......................... 120
**٤ -بەشی چوارەم: میتۆد و هەنگاوەکانی توێژینەوە Methodology, Research Design ... 130-178**
٤-١ کۆمەڵگەی توێژینەوە:.............................................................. 130
٤-٢نموونەکانی توێژینەوە: ............................................................ 132
٤-٣ بنیادی ئامرازەکان (فۆرم وشێواز- (................................................. 134
٤-٤ میتۆدی توێژینەوە: ................................................................ 135
٤-٥ خستنەکاری کەلەپووری گۆرانی لە موزیکی هاوچەرخی کوردیدا: ............................ 135
٤-٦سیستەمی شیکاریی: ................................................................. 153
٤-٥ -بنیادنانی موزیکیی و میلۆدیی لە هارمۆنیدا: ....................................... 155
٤-٦ -ئامرازەکانی توێژینەوە:............................................................ 157
٤-٧-١ -تۆنالیتە(مۆد یان پەیژە و گواستنەوەکانی:( ......................................... 159

٤-٧-٢ -ڕیتم و خێرایی: ............ 160
٤-٧-٣ -جۆری باڕی موزیکیی:............ 161
٤-٧-٤ -گۆرانییە کەلەپوورییەکە بەر لە خستنەکاریەکەیدا:............ 162
٤-٧-٥ -میلۆدییە ڕەسەنەکە کە خستنەکاریی موزیکیی بۆ کراوە:............ 162
٤-٧-٦ -فۆڕمی کۆتایی بیرۆکەکەو ڕادەی نزیکیی لە فۆڕمی میلۆدییە ڕەسەنەکەوە: ..... 163
٤-٧-٧ -فۆڕم شێوازی موزیکیی: ............ 166
٤-٧-٨ -چنینی موزیکیی: ............ 167
٤-٧-٩- پێرفۆڕمەنس تیمبەر: ............ 168
٤-٧-١٠-پێکهاتەی هونەریی تیپی موزیکی هاوچەرخ یان ئۆرکێستراکە: ............ 170
٤-٧-١١ -ناوەرۆکی بابەتی موزیکیی:............ 171
٤-٧-١٢ -پەرەسەندن لە میلۆدیدا: ............ 172
٤-٧-١٣ -ڕەسەنێتی ڕستەی موزیکیی کەلەپووریی: ............ 173
٤-٧-١٤ -بنیاد وشێوازی میلۆدی: ............ 174
٤-٧-١٥ -یەکتابوون و گونجان و کۆنتراستی میلۆدی:............ 175
٤-٨ -پێوانەی ڕاستگۆیی ئامرازەکان: ............ 176
٤-٩ -کەرستەکانی توێژینەوە:............ 177
**٥ -بەشی پێنجەم: جێبەجێکردن، ئەنجام، لێکدانەوە Implementation, Results and discussion 179–255**
شیکردنەوەی نموونەکانی توێژینەوە ............ 179
٥-١ -نموونەی یەکەم: (سۆران بادینان) کۆمپۆزەر (دڵشاد محمد سەعید( ............ 179
٥-٢ -نموونەی دووەم: (کوێستان) کۆمپۆزەر (سرود فواد محمد:( ............ 196
٥-٣ -نموونەی سێیەم) - :کەژەوان) کۆمپۆزەر (هەردی مەجید:( ............ 203
٥-٤ -نموونەی چوارەم: گوڵەکەم نەخشانم :کۆپمۆزەر) گۆران کامل( ............ 211
٥-٥ -نموونەی پێنجەم: نارینێ :کۆمپۆزەر) هۆشەنگ کامگار( ............ 216
٥-٦ -نموونەی شەشەم: سەیران :کۆمپۆزەر) کوردۆ سەردار( ............ 224
٥-٧ -نموونەی حەفتەم: کاوێس ئاغا :کۆمپۆزرە) نەهرۆ زاگرۆز( ............ 233
٥-٨ -ئەنجامی شیکردنەوەی نموونەکان:............ 241
**٦ -بەشی شەشەم: دەرئەنجامەکان، پێشنیازەکان Conclusions, Recommendations and Future Works ............ 256–262**
٦-١ -دەرئەنجامەکان:............ 256

٦-٢ -پێشنیازەکان: ........................................................................................................ 260
٦-٣ -ڕاسپاردەکان: ........................................................................................................ 261
**سەرچاوەکان References and Biography .................................................. R263**
**پاشکۆکان Appendices .................................................................... A350–A282**
پوختەی تێزەکە بەزمانی عەرەبی ...........................................................................أ
پوختەی تێزەکە بەزمانی ئینگلیزی .......................................................................... A

## لیستی خشتەکان


خشتەی ژمارە ٤-١-١ کۆی گشتی دانراوە موزیکییەکان........................ 131
خشتەی ژمارە ٥-١-١) پێکهاتەی فۆڕمی سۆران بادینان( ........................ 195
خشتەی ٥-١-٢پێکاتەی هارمۆنی سۆران بادینان ........................ 196
خشتەی ژمارە ٥-٢-١) پێکهاتەی فۆڕمی کوێستان( ........................ 202
خشتەی ژمارە ٥-٢-٢) پێکاتەی هارمۆنی کوێستان( ........................ 203
خشتەی ژمارە٥-٣-١) پێکاتەی فۆڕمی کەژوان(........................ 210
خشتەی ژمارە٥-٣-٢) پێکاتەی هارمۆنی کەژوان( ........................ 210
خشتەی ٥-٤-١ پێکاتەی فۆڕمی گوڵەکەم نەخشانم........................ 216
خشتەی ژمارە ٥-٥-١) پێکهاتەی فۆڕمی نارینێ( ........................ 223
خشتەی ژمارە٥-٨-١ تۆنالیتە (مۆد یان پەیژە و گواستنەوەکانی( ........................ 241
خشتەی ژمارە٥-٨-٢ ڕیتم و خێرایی........................ 241
خشتەی ژمارە٥-٨-٣ جۆری باڕی موزیکیی ........................ 241
خشتەی ژمارە٥-٨-٤میلۆدییە ڕەسەنەکە بەر لە خستنەکاریەکەیدا ........................ 242
خشتەی ژمارە٥-٨-٥ میلۆدییە ڕەسەنەکە کە خستنەکاریی موزیکیی بۆ کراوە ........................ 243
خشتەی ژمارە٥-٨-٦ فۆڕمی کۆتایی بیرۆکەکەوڕادەی نزیکیی لە فۆڕمی میلۆدییە ڕەسەنەکەوە........................ 243
خشتەی ژمارە٥-٨-٧ فۆرم وشێوازی موزیکی ........................ 244
خشتەی ژمارە٥-٨-٨ چنینی موزیکیی........................ 244
خشتەی ژمارە٥-٨-٩پێرفۆرمەنس و تیمبەر ........................ 245
خشتەی ژمارە٥-٨-١٠پێکهاتەی هونەریی تیپی موزیکی هاوچەرخ یان ئۆرکێستراکە...... 245
خشتەی ژمارە٥-٨-١١ ناوەرۆکی بابەتە موزیکییەکە ........................ 246
خشتەی ژمارە٥-٨-١٢ پەرەسەندن لە میلۆدیدا........................ 246
خشتەی ژمارە٥-٨-١٣ ڕەسەنێتی ڕستەی موزیکیی کەلەپووریی........................ 247
خشتەی ژمارە٥-٨-١٤ بنیاد وشێوازی میلۆدی........................ 247
خشتەی ژمارە٥-٨-١٥ یەکتابوون و گونجان و کۆنتراستی میلۆدی ........................ 248
پاشکۆی ژمارە ١ ........................ 282
خشتەی ژمارە ٤-١-٢دەستنیشانکردنی نموونەکانی تویژینەوە، لە لایەن شارەزایان و پسپۆڕانەوە ........................ 282

خشتەی ژمارە ٤-١-٣ لیستی ناوی شارەزایان و پسپۆڕانی بواری گۆرانی کەلەپووریی و ئاواز و میلۆدی کوردیی............................................................ 284
خشتەی ژمارە ٤-١-٤ پێوەرەکانی دەستنیشانکردنی نموونەکانی توێژینەوە .............. 285
خشتەی ژمارە ٤-١-٥ نموونەکانی توێژینەوە (sample) وەرگرتنی ڕای پسپۆڕان لە سەر ناوەرۆکی نموونە هەڵبژێردراوەکان لە گۆرانی کەلەپووریی ........................... 286
خشتەی ژمارە ٤-١-٦ لیستی ناوی شارەزایان و پسپۆڕانی بواری شیکاریی ئاواز و میلۆدی سەبارەت بە ناوەرۆکی پێوەری توێژینەوە ............................................ 290
خشتەی ژمارە ٤-١-٧ ئەو پێوەرو ئامرازانەی کە توێژەر پێشنیازی کردووە بۆ بەدیهێنانی گریمانەکانی توێژینەوە بۆ بەدیهێنانی گریمانەکانی توێژینەوە. ......................... 291

## لیستی گرافیک

گرافیکی ژمارە ٣-٤-١ پێکهاتە و بنیادی میلۆدیی چوارخشتەکی ...................................... 105
گرافیکی ژمارە٣-٤-٢ بنیادی چوارخشتەکی............................................................... 106
گرافیکی ژمارە٥-٨-١ تۆنالیتە (مۆد یان پەیژە و گواستنەوەکانی( ....................................... 248
گرافیکی ژمارە٥-٨-٢ ڕیتم و خێرایی........................................................................ 249
گرافیکی ژمارە٥-٨-٣ جۆرەکانی باری موزیکیی .................................................... 249
گرافیکی ژمارە٥-٨-٤میلۆدییە ڕەسەنەکە بەر لە خستنەکاریەکەیدا.......................................... 250
گرافیکی ژمارە ٥- ٨-٥ میلۆدییە ڕەسەنەکە، کە خستنەکاری موزیکیی بۆ کراوە. ........... 250
گرافیکی ژمارە٥-٨-٦ فۆڕمی کۆتایی بیرۆکەکەوڕادەی نزیکیی لە فۆڕمی میلۆدییە ڕەسەنەکەوە...................................................................................................... 251
گرافیکی ژمارە٥-٨-٧ فۆرم وشێوازی موزیکی ....................................................... 251
گرافیکی ژمارە٥-٨-٨ چنینی موزیکیی .................................................................. 252
گرافیکی ژمارە٥-٨-٩پێرفۆرمەنس و تیمبەر............................................................. 252
گرافیکی ژمارە٥-٨-١٠پێکهاتەی هونەریی تیپی موزیکی هاوچەرخ یان ئۆرکێستراکە ....... 253
گرافیکی ژمارە٥-٨-١١ ناوەرۆکی بابەتە موزیکیەکە.................................................. 253
گرافیکی ژمارە٥-٨-١٢ پەرەسەندن لە میلۆدیدا......................................................... 254
گرافیکی ژمارە٥-٨-١٣ ڕەسەنێتی ڕستەی موزیکیی کەلەپووریی................................... 254
گرافیکی ژمارە٥-٨-١٤ بنیاد وشێوازی میلۆدی......................................................... 255
گرافیکی ژمارە٥-٨-١٥ یەکتابوون و گونجان و کۆنتراستی میلۆدی ............................. 255

# ١. بەشی یەکەم

## پێشەکییەک بۆ بابەت و توێژینەوەکە

### ١,١ پێشەکی Introdaction

خوێنەری مێژوو و هەڵۆکان لەیەک دەچن، هەردووکیان پێویستیان بە فڕینی بەرزە. هەڵۆ بۆ چاودێریکردنی گەورەترین پانتایی شیاو لە گەڕان بەدوای نێچیردا و خوێنەری مێژووش بۆ بینینی گەورەترین پانتایی شیاو لە گەڕان بەدوای ڕاستییەکاندا. بەڵێ خوێنەری مێژوو پێویستی بە فڕینی بەرزە لە فەزای مێژوودا، ئەمەشیان نەک بێتوانایی بێ لە گرتنی وردەکارییەکان، بەڵکو گەڕانە بەدوای مەعریفەی هەموو دیمەنی گشتیی، تا ئەو جێیەی هەموو دیمەنەکە بەواقیعەوە تەنراوە، لێرەدا خوێنەر بە ڕەهایی هەڵسوکەوت دەکات و ناکەوێتە نێو جەنجالی شتە بچووکەکان و باشتر دەتوانێت پەیوەندییەکانی نێوان پێکهاتە و توخمەکان بزانێت، هەر لەبەر ئەمەشە بە وردترین بینین و ڕاستترین بۆچوون، حوکمی خۆی بەسەر مێژوودا دەدات. بۆیە ئەزموونی ژیانی جوانناسی، درێژکراوەی ئەو ناوەڕۆکە کەلەپوورییەی مرۆڤە، کە یەکبوونی گەڕان بە دوای کۆی دروستبوونی جوانی بەرجەستە دەکات و لێرەدا هیچ سەلەفییەکی لە قاڵبدراوی بێ گیان بوونی نییە،هیچ نوێکارییەکی بزاوتنیش ئەو ڕابردووە هەڵناوەشێنێتەوەو هیچ سازشێکیش لە نێوانیاندا نییە، بۆیە دەبینین هیچ تایبەتمەندێتیی نموونەیەکی سەربەخۆ خۆی بەرجەستە ناکات، بەڵکو عەقڵێک باوەڕی بە ساتە گەشەکانی دروستبوونی جوانی بنیادی جیهانی هەیە، هەموو نامۆییەک لە ڕەگەوە هەڵدەوەشێنێتەوە و دابڕانی خود لە هوشیاریی مرۆڤ بۆ واقیعی جوانیی سروشت فەراهەم دەکات.

(یەکەم شت لە کەلەپوور دێتە بەر دیدەوە، ئەنجامی ڕابردووە لە درێژکراوە شوێنی و کاتییەکان، فرەیی بابەتی، سەرچاوەی زانین و کاریگەرییەکانی، کەواتە ئەگەر ئەمە پێکهاتەکەی بێت، سروشتییە کەلەپوور هەمیشە لە گەشەی بەردەوام دابێت. زەمەنی ئێستا

جێگیر نییه، خاڵێکی نەگۆڕە لە سەر هێڵی کات و جووڵاندنی بە یەک ئاڕاستە بەرەو سبەی، ئەمڕۆ دەبێتە سبەینەیەکی ڕابردوو و سبەینێش لە ئەمڕۆدا بەرجەستە دەبێ، دواتر ئەمە بۆ سەرمایەی کەلەپووری زیاد دەکرێت، بۆیە ئەگەر کەلەپوور ئەمە گەشەی خۆی بێت، ئاساییە لە سەر بنەمای لێوەرگرتنی بەردەوام مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت). [1]

کەلەپووری هەر نەتەوەیەک دەشێ کۆت و بەند بێت بۆ بزووتنەوەکەی گەر بە دەقکراوی بمێنێتەوە، لە هەمانکاتیشدا خودی کەلەپوورەکە دەشێ بناغەی دەستپێکردنی جووڵەی گەل بێت ڕووەو ئامانجەکانی و هاندەرێک بێ بۆ وەڵامدانەوەی داهێنەرانە بۆ بەرەنگارییەکانی سەدە کاتێک وەک بابەتێکی پراکتیزەیی بەکار دەهێندرێت بۆ ئەوەی هەمیشە پشت بە سەرەتا و کۆتایی ئەو هێزە کۆمەڵایەتییە ببەستێت، کە تایبەتن بە کەلەپوور و پێگەی لە ماتریکسی هێزە سیاسییە وکاریگەرەکان و چۆنیەتی تێگەیشتن لە داهاتووی ئەم بوارە، (بۆیە گێڕانەوەی کەلەپوور دووبارە لە دایکبوونەوەی ژیانە لە ناویداو هە ڵگرتنی بەربەستیشە، کە ڕێ لە لێشاوی داهێنەرانەی دەگرێت، بۆ ئەوەی لە گرێ کوێرەی مێژووی پڕ حەقیقەتدا وتە عەقڵانییەکانی خۆی لە مانا و بەهاکانی تژی بکا وهەنگاو بۆ ئامانجی چوست و پڕ مانا بهاوێژێ. کەواتە گێڕانەوەی کەلەپوور لە دووبارە ژیانەوەی ژیان، لە مانای مردوو و جوانیی نییە، بەڵکو بنەڕەتێکی نەگۆڕە لە کردارە گۆڕێنەرەکان لە ڕێگەی ساتە یەک لە دوای یەکەکان لە دروست بوونی جوانییدا). [2]

(بەڵام چۆن جوانییەکانی ڕابردوو لەگەڵ هێزی ئێستادا ئاوێتە دەکرێت؟ ئایا مرۆڤ قوربانی بە ئەزموونەکانی ڕابوردووی خۆی دەدات؟ یان ئایا ئەم کەلەپوورە بە شێوەیەک لە شێوەکان لە چوارچێوەی هاوچەرخێتی پێشدەکەوێ و دەیگەیەنێ تا پەسەند بکرێت ؟ ئایا مەرجە زانستی و مێژووییەکان وا دادەنێ کە مرۆڤ واز لە کەسایەتی خۆی بۆ پێشکەوتن

---

[1]- ينظر الراصد (كتابات و مقالات في المأثورات الشعبية) تصدرها وحدة المقالات الثقافية، مركز التراث الشعبي لدول الخليج العربية: دولة الكويت عن جريدة القبس العدد ٥٠٥١ الصادر في١٩٨٦/٦/٢.

[2]- منير الحافظ، التراث في العقل الحداثي بحوث في فلسفة القيم الجمالية، دار الفرقد للطباعة والنشر، دمشق( ٢٠٠١)م، ص١٣.

بهێنێت ؟ به واتایەکی تر ئایا هاوچەرخێتی تەنیا به بێهوودەیی و لێوەرگرتنەوه دەبێ؟ ئایا چوونه ناو " میحراب " ی هاوچەرخێتی، ناچارمان دەکات بێ بیرو یادگه بین؟. لەبەرهۆکاری ئەوەی هونەره جۆراوجۆرەکان، لەگەڵ زمان و ئەدەبی نەتەوه، بەشێکی گرنگ له پێکهاتەی چەمکی شارستانی بۆ هەر یەکێک له گەلانی سەر زەوی داگیر دەکەن، هەر له سەرەتای شارستانییەتدا تا ئێستا گرنگییان لەوەوه چڕدەبێتەوه که ئاوێنەیەکی بێگەردن، له ڕێگەی ئەوەوه گەل له پێکهاتە فەلسەفی و دەروونییەکانی خۆی تێدەگا، بۆیه هەمیشه له سروشتی پێکهاته کۆمەڵایەتی و ئاستی ئابوورییان ڕەنگدەداتەوه).[1]

هەندێک له هونەره جیاوازەکان ڕەنگدانەوەی هەست و ئازار و هیواکانی مرۆڤه به هەموو پاکی و بێگەردییەوه و دوور له هەموو له خشته بردنێک، بۆیه ئەم حاڵەته هاوشانه لەگەڵ گۆرانیدا ویەکێکه له کۆڵەگەکانی موزیک، که بێگومان وەڵامدانەوەی ڕۆح و ئازاری ژیان له ڕابردوو و ئێستا و داهاتوویدا فەراهەم دەکات.

(هەر گۆرانییەک، که دەکرێ شی بکەینەوه، ناتواندرێت به شێوەیەکی یەکلاکەرەوه یان بنەڕەتیی ئەم کارەی لەسەر بکەین، چونکه ئەم گۆرانییه هەمیشه له پرۆسەی جووڵان دایه و له کاتی گواستنەوەی زارەکیدا بەردەوام له گۆڕاندایه، هەندێک جار له ئەنجامی ئەمەشدا دەوڵەمەندتر دەبێت و دەبێته وێردی سەر زمان و له هەمان کاتیشدا دەشێ داکەوتنێکی گەورەش له ناواخنیدا ڕووبدات و له ئاکام و ئامانجەکانی دووری بخاتەوه).[2]

بۆیه گرنگیدان بەموزیک و گۆرانی چڕین قۆناغێکی شارستانیی زۆر باڵایه، که خەڵک ناتوانن پێی بگەن، تا دوای ئەوەی نەگەنه قۆناغی گەشەکردنێکی شیاو و دوای ئەوەی خەڵکەکه درک به هزر وهەست و سۆزیان دەکەن. له فۆلکلۆردا موزیک وەک هاوکێشه و پێکهاته و توخم و پێکهاتەی میلۆدی و وشه گەلی دەنگ تەماشا ناکرێت، بەڵکو وەک چالاکییەکی کۆمەڵایەتی، که لەگەڵ هەموو ڕەگەزەکانی کەلتووری باویدا ئاوێته دەبێت بەتایبەت، که

---

[1]- ارنست فيشر، ضرورة الفن، ترجمة ميشال سليمان، دار الحقيقة للطباعة والنشر، بيروت ١٩٦٥، ص٧٧

[2]- ثروت عكاشة، الفن والحياة، ط١، دار الشروق، القاهرة، ٢٠٠٢ م، ص٣٦-٣٧.

زۆربەی تێماکانی(Theme) ئەم موزیکە بەپێی هەندێک ڕووداوی کۆمەڵایەتی جیاواز دەبێت، تەنانەت ئەگەر ڕووداوەکانیش ئامادە نەبن، بە هەمان شێوە، کاری موزیکی ڕۆڵی کارای خۆی نابینێ. ئەم هاوکێشەیە لەسەر ئامادەبوون وئامادەنەبوونی کار و کاردانەوەی موزیک بە تەنیا هەژمار ناکرێ، بەڵکو لەسەر کۆی نەبوونی پێکهاتەکەی لە پێکهاتنی ئاواز و ڕیتم و لە شێوازی نواندن و ستایلیش هەژمار دەکرێ.

(خوێندنەوەی هەر کارێکی هونەری دەبێت لە سەر دوو ڕوانگە و تیۆر بنیادبندرێت : تێڕوانینێک بۆ خودی کاری هونەری وەک یەکەیەکی تاک و تەریک، تێڕوانینێکی تر بۆی وەک بەشێک لە مێژووی گشتیی، یەکەم تێڕوانین وا دەخوازێت (بە شێوەیەکی شیکردنەوەیی) بخوێندرێتەوە، بۆ ئەوەی پێکهاتەکانی بناسین و تێڕوانینی دووەمیش وا دەخوازێت کە بەشێوەی (پێکهاتە)یی بخوێندرێتەوە، بۆ ئەوەی شوێنی خۆی لە چوارچێوەی گشتیدا بزاندرێت، کە بەرهەمی کاتی خۆی لە خۆدەگرێت). [1]

(هیچ گەلێک ناتوانێت بانگەشەی ئەوە بکات کە خاوەن دەستپێشخەری گەورەیە بۆ گەشەسەندنی شارستانی لە چاو گەلانی ترەوە، هەروەها باسی ئەوەش بکا کە زاڵبوونی تایبەتمەندیی سیستماتیکی ڕەها لە سەر حسابی تایبەتمەندیی سنووردار وەک لە کارە هاوچەرخێتییەکانیدا دیاردەکەوێ یاخود لە سەر چەمکە ڕەسەنێتییەکانی لە کەلەپووری نەتەوەیی وەک میتۆد، نموونە، بەرنامە [2]).

(لە نێوان تاکایەتی و ئاوێتە بوون، یان لە نێوان هاوڕێیەتی، پێشکەشکردن، نەتەوەیی، نێودەوڵەتی، ژیانەوە و سەلەفیزم، دواتر کۆی ئەمانە دەخرێتە نێوهەگبەی ڕەسەنێتی لە کەلەپووری نەتەوەییدا، بۆ ئەوەی دوایی ناچارنەکرێین بەدوای چارەسەری زیادەدا بگەڕێین،

---

[1]- ثروت عكاشة، سەرچاوەی پێشوو، ص٣٦-٣٧

[2]- ادونيس، فاتحة لنهايات القرن، بيان من اجل ثقافة عربية، دار العودة، ط١، بيروت، لبنان ١٩٨٠، ص٢١١

کەلـەپوور دەبێت هەمیشـە لـە ژیانـەوەی ڕۆحـی ڕابـردوو بـۆ بەرجەسـتەبوون لە پێکهـاتەی ئێستادا بەرجەستە بکرێ.)[1]

کەلەپوور خاڵی دەسپێکە بۆ بەرپرسـیارێتی کەلتووری و نەتەوەیی، هـاوچەرخێتی دووبـارە لێکدانەوەی کەلەپـوورە بەپێی پێویستیی کات، کەلەپـوور هۆکارێکە بـۆ گەیشـتن بـە ئاکامی تێگەیشـتن لـە نەتـەوە، نوێخـوازیش ئامـانج و بەشـدارییە لە پێشـکەوتنی واقیـع، ئەوە بـووە بابـەتێکی نەشـیاو، کـە پەیوەنـدی کەسـێک بە کەلەپـوور یـان نـوێگەری خـۆی بە لـۆژیکی ڕەتکـردنەوە و قبـوڵکردن دیارییبکرێـت، یـان بـە لینـک و لێکـدابڕان بپێورێـت، چـونکە ئـەو پەیوەندییە پێکەوە ئاوێتە وگرێدراوە، ئەوە پرسی جیابوونەوە و بنەچە نییە، بەڵکو مەسـەلەی داهێنـان و دابـونەریتە و کەلەپووریش نابێت بە لۆژیکی ڕەتکردنەوە یان قبـووڵکردن بـاس بکرێت، بەڵکو دەبێ وەک کەشـوهەوایەکی ڕەنگدانەوە و ماتریـالی ڕەچـاوکردن و پێشـبینی سـەیر بکـرێ. (کەلەپـوور لە بۆشـاییەک نییە،کـە پێـی بگوترێـت ڕابـردوو، بـەڵکو دەبێـت بگەڕێینـەوە بـۆی و هاوپێوەنـدی بە و بـابەتەوە بکەیـن، چونکـە ئەوە خـودی ژیـان و چەقـی گەشەکردنمانە و هەنگاوێکی گەورەشە بۆ گەیشتن بـەو بابەتـە نادیارانـەی لـەنێو کەلـەپووردا قەتیس ماون.

ناتوانین پێگەی خۆمان لە ئێستا لە پێگەی خۆمان لە ڕابردوو جیاکەینەوە ئەمەشیان بەو هۆکارە سادەی کەلەپوور لە یەک کاتدا لە لای ئێمە و لە بوونیشماندا هەیە، سەرەڕای ڕەهەندە مێژووییەکەی، بە ڕادەیەکی بەردەوام کاریگەری لە سەرئێمە هەیە و بوونمان دێنێتە بەر ڕۆشنایی شیکردنەوە.)[2]

(لەم بارەیەوە مونیر ئەلحافز دەڵێت : " کۆنترین شێوەکانی هونەر، بە هەموو جۆرەکانییەوە و جیاوازی ڕەگەزییان، بە باڵایەکی داهێنەرانە هەن، کە زۆر جوانن و زۆربەی هێما و ماناکانی خۆیان لەو کاتانەی بە دوادا دێن دیاردەکەون، کە کاریگەری جوانییەکەی دروست

[1]- ادونیس، کلام البدایات، دار الادب، ط١، بیروت، ١٩٨٩، ص١٤٥

[2]- جابر عصفور، مفهوم الشعر دراسة في التراث النقدي، دار الکتاب المصري، الطبعة الأولى، القاهرة، ٢٠٠٣، ص٩-١١

کردووه و باوەڕهێنانی بە بەهێزی ناوەرۆکەکەی لە نێوان ڕەخنەگر و لێکۆڵەر و مێژوونووسەکاندا زۆر بە ڕوونی باسی لێکراوە و زۆرینەی جار هەمیشە کۆنترینیان لە نوێترینیان جوانتر بووە، بۆیە گەڕانەوە بۆ کەلەپوور یان کردۆتە پێویستییەکی مێژوویی، ئەو گەڕانە بۆ هەموو ئەو کاریگەرییە مرۆییانەی بەرهەمی بەرهەم هێنراوە، پێویستییەکی نەبڕاوەیە لە تێگەیشتن و سوود وەرگرتن لە مێژووی هونەر و جوانیی مرۆڤ و مێژوو و هونەر، هەروەها سوود وەرگرتن لەو هاوکێشە کۆنانەی لە هونەردا بینیویانن کە توانایان لە داڕشتنی ژیانێکی باڵاتر بۆ مرۆڤەکان هەبووە).[1]

**١-٢ کێشەی توێژینەوەکە و پێویستییەکانی: -**

موزیکی کوردی لە کاروانی نەپساوەیدا بە کۆمەڵێ قۆناغی گەشەسەندندا تێپەڕیوە، هەر لەگەڵ تۆمارکردنی یەکەم دیسکی موزیکییەوە لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەمدا تا خستنەکاری ئامێریی موزیکی کۆنباو لە دەیەکانی تری سەدەکەدا، ڕۆڵی ئامێری موزیک لە ئاوێتەکردنی ئاواز لەگەڵ دەنگی گۆرانیبێژو جێبەجێکردنی لەڕێگەی ئێندۆمێنتەوە بەرەو قۆناغێکی باڵاتر، واتە بەرەو قۆناغی چوونە ناو بەشەکانی موزیک، هەروەها لە هەمانکاتدا، قۆناغی ناساندنی موزیکیشە، دواتر ڕۆڵی تیشک خستنە سەر تاک ئامێر لەنێو چوارچێوەی میلۆدیدا هاتووە. دواجار قۆناغی ئاشنابوون بەبابەتە موزیکییەکانی ڕۆژهەڵاتیی کە لە ناوچەکەدا دەگەشانەوەو شێوازی تایبەتی نمایشی موزیکی کوردی ناسراو بە فۆڕمی پێرفۆڕمەنسی کوردی وەک (حەیران و قە تار و سیاچەمانە تا دوایی) دەستپێکرد... لە کۆتاییدا قۆناغی گرنگیدان بە نوسینەوەی نۆتەی موزیکی، دابەشکردنی موزیکی سادەی بەشێک لە گۆرانی* و گۆرانییەکان بە بەهای هونەریی و نەتەوەیی دەستپێکرد، کە دەکرێ

[1]- منیرالحافظ، : التراث في العقل الحداثي، سەرچاوەی پێشووتر ص١٠

* چەمکی گۆرانیی: - گۆرانی فۆرمێکی موزیکییە وشێوەیەکی دیاریکراوی هەیە، پەیوەستە بە یەکگرتنی وشە لەگەڵ ئاوازەکەدا لە چوارچێوەی قورساییەکی شیعریی دیاریکراودا بۆ چڕین، هەروەها پێگەیەکی موزیکیی دیاریکراویش بۆ ئاوازەکە.

إبراهيم، حسام محمد عبد السلام، تأليف الموسيقى البحتة في السودان بين الموهبة والدراسة، رسالة ماجستير غير منشورة، جامعة السودان للعلوم والتكنولوجيا، كلية الدراسات العليا، الخرطوم، ٢٠١٨.

بلّێین دەنگدانەوەیەکی باش و بەهایەکی گەورەشی لە قۆناغەکانی پێشکەوتنی موزیکی کوردی هەبوو.

(هەر گۆرانییەک تایبەتمەندیی خۆی هەیە، کە ئینتیمای خۆی لەگەڵ شوێن و دەڤەر و ئەو کۆمەڵگەیە دیاری دەکات کە تێیدا هەڵقوڵاوە ولەهەمان کاتیشدا گوزارشت و دەربڕینی بە سیماوە دیارە. ئەم تایبەتمەندییانە نزیکایەتی خۆی بەو ژانر و ژانرەی لەنێویدا هەیە دیاری دەکات، هەروەها ئەو بیرۆکەیەی گۆرانییەکە لە ڕێگەی دەقەکانییەوە پێشکەشی دەکات). [1]

کورد لە عێراقدا خاوەنی موزیک و گۆرانی خۆیەتی .( گۆرانی کوردی جیاوازییەکی گەورەی لەگەڵ گۆرانی نەتەوەکانی دیکەی عێراق هەیە، ئەگەر چی هەمان مەقاماتی موزیکیی بەکار دەهێندرێت، بۆیە دەبینین هەر ناوچەیەک یان گوندێکی کوردستانی عێراق، هەرچەندە لە زمان و زاراوەدا جیاوازی بەرچاوییان هەیە، بەڵام لە ڕووی تیمبەر و سیما و تایبەتمەندیی دیاری خۆی لە ساتی گۆرانی چڕیندا هەیە). [2]

لە سەر هەمان بابەت ( موزیکی کوردی حاڵەتێکی تایبەت و جیاوازی هەیە، لەوانە ئاوازی سروشتی . هاوشێوەی پەیژەی مینۆر و ڕیتمە دینامیکی و ئاوازەکانی تژی لە جۆش و خرۆشن، کەچی لەگەڵ ئەوەشدا هێشتا پرۆسەی خستنەکاری موزیک و گۆرانی کوردی وەک میتۆدێکی کرداری، وتەنانەت وەک تیۆرێکی دیاریکراویش، کە ئاسان بۆ ئەوانی تر فەراهەمی بکەن نەسەلمێنراوە، بۆیە دەکرێت موزیکی کوردی بە یەکێک لە کلتورە سەرەکییەکانی موزیک، لە نێوان سیما ئاسیایی و ئەوروپییەکان لەبەرچاو بگیرێ و خوێندنەوەی وردی بۆ بکرێ). [3]

---

[1]- گونا محمد، قادر، خصائص اغاني الاطفال في كوردستان العراق، سلسلة كتب معهد التراث الكوردستاني رقم (٩) ط ١ مطبعة و زارة الزراعة، أربيل، ٢٠٠٦، ص١٣.

[2]- طارق حسون فريد، التراث الموسيقى العربي والموروث الموسيقى العراقي، كلية الفنون الجميلة، جامعة بغداد، ٢٠٠١، ص١٠٧.

[3]- أياكو، تاتسومورا، الموسيقى الكوردية والثقافة الكوردية ، تر جلال زنكابادي، مجلة كاروان العدد (76) السنة٧، ١٩٨٩، ص١٥٩.

کێشەی توێژینەوەکە پێویستی بە لێکۆڵینەوەی شێواز و خستنەکاری کەلەپووری گۆرانیی کوردی هەیە، کە ئاوازەکانی لە ژینگەی هونەری کوردی وەردەگرێت،تایبەتمەندیی ئەم گۆرانییانە لە چوارچێوەی ناوەرۆک و پێکهاتەی ئاوازەکانی دا شیدەکاتەوە، بەم شێوەیە ناسنامەی خۆیان دیاری دەکەن، کە تا ئێستاش لە بەر ڕۆشنایی بۆچوونە جیاوازەکان لە سەر حوکمی ئەم ستایلە لە شێوازی بنیادنانی گۆرانی و خستنەکاری کەلەپووری گۆرانی کوردی لە موزیکی هاوچەرخی کوردی یەک شێوەن لە کارلێکی موزیکی لە نێوان ڕەسەنێتی گۆرانی و موزیکی هاوچەرخدا، خستنەکاری موزیکی ئەم کەلەپوورە وەک بینایەک لە شێوەی دانانی ئاوازی گۆرانی کوردی کە دیاردەیەکی موزیکییە بوێرانە لەلایەن هەندێک لە هەرە بەناوبانگترین هونەرمەندان و موزیسیانانی موزیکی پێشکەش دەکرێت. ئەم کەلەپووری گۆرانییە شایانی ئەوە بووە، خوێندنەوەیەکی تایبەتی بۆ بکرێ بە تاوتوێکردنی توخمەکانی ئەم ئاڕاستە موزیکییە و سیماکانی و کاریگەری لە سەر هەموو مامەڵە هونەرییەکانی ئەم گۆرانییانە بە تایبەتی و گۆرانی چڕینی کوردی بە پێوەری گەورەتر بە گشتیی بۆ ئەوەی بە تۆکمەییەوە بچێتە ژێر باری باس و لێکۆڵینەوەوە .

بۆ هەموو ئەوەی باسمانکرد دەبینین کەلەپووری جەماوەری تاکە گەنجینەی کورد بووە دەستی بۆ نەبردراوە، داگیرکەر و ڕکابەرەکان نەیانتوانیوە ئەو بنکە گرنگە خاپوور وتێک بدەن، هەرچەندە ئەو ڕکابەرانە توانیان کورد لە سەر هەندێ لە ناوچە زۆرو زەوەندەکانییاندا لە یەکتریان دوور بخەنەوە، بۆیە کورد نەیتوانی وەکو پێویست لە ئەنجامی ئەو پەرتەوازییە، زۆرینەی کەلەپووری خۆی بپارێزێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، ئەم کەلەپوورە تاکە بابەت بوو کە کورد بەم شێوەیە گەشەی پێدا کە ویستی بوو، هەروەها توانی بەشێکیشی بە دروستی دۆکیومێنت بکات، بۆیە بە زیندووی لە هزرو ویژدانی کورددا ماوەیەوە و داگیرکەران نەیانتوانی دووریان بکەنەوە لێی و زەفەرییان پێ ببەن. بەڵام لە لایەکی ترەوە کورد بە ورە و ڕووییەکی ڕۆحییەوە وەک یەکەیەکی پێکەوەیی مایەوە و ئەم یەکەیە یارمەتیدەرێکی گەورە بوو بۆ پاراستنی ڕەسەنێتی خۆیان لە ڕکابەر و داگیرکەران .

کاتێک هونەرمەندێکی موزیسییان پەنا بۆ کەلەپوور * دەبات، وەک ئامرازێکی هونەری پەنای بۆ دەبات، بۆ ئەوەی بە خەیاڵیی بیر لەم بابەتە نەکاتەوە، یان نەکەوێتە ناو ئەو ڕاستەوخۆییەوە کە جوانیی داهێنەرانەی کاری هونەری تێدا دەمرێت، کەواتە دەبێت کارلێکێکی هونەری لە نێوان دوو واتا لە کەلەپووردا هەبێت، وەک ڕاستییەکی مێژوویی هێما و بایەخێکی هونەری هاوچەرخ ببیندرێت، ئەو واتا هونەرییە بەکار هاتووە بۆ دروستکردنی پرۆسەی داهێنەری کارەکانی ئەو بابەتەن، بۆیە کاتێک باس لە خستنەکاری کەلەپووری گۆرانی موزیکی هاوچەرخی کوردی دەکەین دەبێت ئەزموونی هونەرمەندانی پێشەنگمان لە یاد بێت، کە کاریان بۆ ڕەگداکوتانی موزیکی کوردی لە ڕەسەنایەتی کەلەپووردا بەو توانا هونەرییەی هەیانبووە و کردوویانە لە پێکهاتە موزیکییەکانیان لە سەر بنەمای کەلەپووری موزیکی خۆیان، جۆرێک لە ئاوێتە کردنی جۆرییان لەنێوان بابەتی هونەری و کەرەستەی کەلەپووری دروست کردووە، بۆ ئەوەی بە چەند پێکهاتەیەکی تۆکمە و توانای هونەرییەوە پێشکەشمان بکەن، کە توانای دەربڕینی فەلسەفەی هونەرییان هەبێت. (لێرەدا ئەوەی گرنگە و دەکرێت ئەنجامی بدەین ڕاستکردنەوەی ئەو ڕوانگەیەی ڕابردووە، ئەم کارە هەوڵدانیشە بۆ پاراستنی پاشماوەی شوێنەوار و کەلەپووری خۆی و کارکردنیشە لە سەر هەموو ئەو بابەتانەی کە مەترسی بۆ گەڕاندنەوەی لاببات و بیگەڕێنێتەوە و بیخاتە سەر پێ و گەشە و برەوی پێ بدات و بە باشترین شێوەش خستنەکاری موزیکی بۆ بکات، ئەمەشیان لەبەر

* بەرگریکردن لە کەلەپوور ، بەتایبەتی کەلەپووری داهێنەروئەدەبی، فرە فۆرم، چەندین شێوە و میتۆدی هەیە، بەرگری هەیە، بە تیشک خستنە سەر بەها نوێکانی ئەم کەلەپوورە، کە کاریگەرییەکەی تەنها بە یەک سەردەمەوە نییە، کە ماوەیەکی زۆر لەمەوبەر کۆتایی پێهاتووەو ئێمەی لێ دوور و جیادەکاتەوە، بەڵکو لە سەردەمی خۆی یان سەدەکانی خۆی تێدەپەڕێت کە لە کات وشوێندا بینیویەتی بۆ سەردەم و سەدە وشوێنی دیکەو شوێنگەلێکەوە کە بە درێژایی هەموو مرۆڤایەتی ڕادەکشێ. لایەنی داهێنەری ڕەسەنی کەلەپوور ئەو لایەنەیە کە خۆی دەخزێنێتە قووڵترین قووڵایی سەردەمی خۆیەوە و دەگاتە ڕەگی مرۆڤ کە وا لە مرۆڤ دەکات بتوانێت لە هەموو کاتەکان لە بیرکردنەوەیەکی بەردەوام دابێت. (.. کەلەپوور ڕەگ وڕیشەی نەتەوە و پێکهاتەکانی کەسایەتییەکەیەتی، وڕێڕەوی ژیانی لە ڕێگەی کات و فەزاکەیەوە، بنکە و خاڵی دەستپێک و بەردی بناغەیە. چارەنووسی نەتەوەیە و پەیکەری بوونی خۆی کە هیچ مرۆڤێک ناتوانێت نکوڵی، بکات تەنها لە ئاستی مشتومڕی تیۆریدا نەبێت کە لە جیهانی ئەزموونی زیندوو واقیعی زیندوودا هیچ هاوسەنگییەکی نییە). خليل، عماد الدين، موقف إزاء التراث، مطبعة أوفست الميناء، بغداد، ١٩٧٧ ص٩.

گرنگی ڕەهەندەکانی مرۆیی، گەشەسەندن، شارستانی، ئابووری، کەلتووری و کۆمەڵایەتی، کە کاریگەری گەورەیان بەسەر ژیان و ژیاری مرۆڤەوە هەیە). [1]

دەبێت گەڕانەوە بۆ کەلەپوور، وەک گەڕانەوەیەکی بەئاگاو بەچاو کراوەییەوە بێت و ئەم کەلەپوورە بە شارستانیەتی سەردەمەوە و لە چێژێکی هونەریدا پێکەوە ئاوێتە ئاسا کۆمانبکاتەوە. [2] کەواتە کەلەپوور خۆی لە خودی دەقکراوی خۆیدا بوونی نییە، بەڵکو خوێندنەوەی ئێمەیە بۆی، هەڵوێستی ئێمە بەرامبەری و خستنەکاری ئێمەیە بۆی لە نێو بۆتەی کارێکی هاوچەرخدا.

( هەر لە ئەمەشەوەیە پێکهاتەی پێگەی کەلەپوور بەپێی تێڕوانینی کاتەکان و لە سەر بنەمای میکانیزمی هەستکردن بەهەمان ڕەهەندە هونەرییەکانی چاخەوە دێتە ئاراوە، ئەمەش تەواو ئەو بابەتەیە کە (حەسەن حەنەفی) لە پرۆژەی شارستانییەت و خوێندنەوەی بۆ کەلەپوور داوای کرد، کاتێک  داوای پێویستی بەرزکردنەوەی میکانیزمی (هەست)ی دەکرد چونکە هەست لەعەقڵ گرنگترو، لە دڵ قووڵتر، و لەهۆشیاری گەورەترە). [3]

ئاوازە میللییەکان داهێنانی خەڵکە و یەکێکە لە بابەتە کەلەپوورەکانی خۆی، کە پڕە لە شەفافییەتی هونەری و لە زۆر بۆنە و لە سەر دەمی خۆیان دەرکەوتوون و بە دڵسۆزی و سادەییەوە گوزارشتییان لێ کردووە، بۆیە لە ویژدان و هزری کوردیدا جێگیر دەبن و لە بۆنە جۆراوجۆرەکان بە زیندوویی گۆرانی چڕین دەژێنەوە، خوێندنەوەی ئەم کاریگەرییە هونەرییە بە شێوەیەکی سیستماتیک یارمەتیی ورد بۆ پڕۆسەی بە میتۆد کردنی ئاوازی فۆلکلۆری کۆنباوی کوردی دەدات و لە ناوزڕاندن وکەوتنە نێو داوی لەبیرکردن و چوونە نێو تونێلی تاریک ڕزگاریان دەکات و زۆرێک لە موزیکژەنانی جیهانیی، بۆ ئەوەی پشت بە

---

[1]- توماس هيجنسون، فى ضرورة الوعي بأهمية الحفاظ على التراث، ترجمة، الزاكي إبراهيم، ٢٠١٠، ص١٠٤.

[2]- صلاح عبد الصبور، الاعمال الكاملة، الهيئة المصرية العامة للكتاب، القاهرة، ج٩. ١٩٩٢، ص١٥٣.

[3]- حسن حنفي، التراث والتجديد، ( موقفنا من التراث القديم)، المركز العلمي للبحث والنشر، القاهرة، ١٩٨٠، ص١٤.

هونەری جەماوەریی وڵاتەکەیان ببەستن، سوودیان لێ وەرگرتوون و بۆ ئەم مەبەستە پەنایان بردۆتە بەر هونەری میللیی، بۆ ئەوەی ناسنامەی نەتەوەیی خۆیانی پێ بپارێزن، ئەمەشیان لە ڕێگەی بە ئەنجام گەیاندنی کەلەپووری موزیکی وەک خۆی، نەگۆڕاو، وەک جۆرێک لە پاراستن و بووژانەوەی خۆکردە لە خۆیدا بە مەبەستی پەرەپێدان و بەرزکردنەوە، واتە کەلەپوور بە بنەما گرتنی موزیکی جیهانی، کە ئەویش دووبارە داڕشتنەوەی موزیکی نێودەوڵەتی یان لۆکاڵی میللەتە.

کەلەپووری گۆرانی کوردی بە فرەچەشنی لە شێوە لیریکییە زۆرەکانیدا تایبەتمەندیی دیاری کەلەپووری کوردییە، بە سیما و ڕواڵەتی تەڕەب دەناسرێتەوە و دەکەوێتە ژێر کاریگەری هەمان تایبەتمەندیی موزیک و گۆرانی چڕین، کە لە دەوروبەری هەرێمی کوردستانی عێراق زاڵە و ئەم تایبەتمەندییانە لە فۆرمەوە بۆ فۆرمێکی تر جیاوازییان هەیە، ئەمەشییان بە پشتبەستن بەو ئەرکەی بۆی دانراوە لە فۆرم و بابەتی هونەریدا .

پرۆسەی خستنەکاری کەلەپووری گۆرانی کوردیی لە موزیکی هاوچەرخی کوردیدا تایبەتمەندییەکی سەرەکی گەشەکەیەتی لە پێکهاتەی ئاوازی بنەڕەتی گۆرانی کەلەپووردا، لەبەر ئەوەی کەلەپوور بەو دەوڵەمەندییەی کە هەیەتی بە چەندین ساڵ و سەدەوە بۆ ئێمە بەجێماوە، ئەم کەلەپوورە ڕووبەرێکی فراوانی سرووبەخشی (الهام) بووە لە بەردەم ئامێری موزیکەوە کە تێیدا توخمە داهێنەرەکانی دۆزیوەتەوە، کە توانای ئەوەی هەبووە گوزارشت لە بابەتە چالاکەکانی خۆکردەی خۆی لە خۆیدا، لە بابەتە هونەرییەکاندا بکات، تەنانەت پشتگیری گەڕانی مەیدانی شەرعییان بۆ هونەری ڕەسەن بەدەست هێناوە، کە گوزارشت لە خودی خۆی دەکات.

خستنەکاری کەلەپووری گۆرانی کوردی لە موزیکی هاوچەرخی کوردیدا بە واتای خستنەکاری داتاکانی کەلەپوور بە شێوەی هونەری ڕاستەوخۆ و مەبەستدار دێت، ئامانج لێی خزمەتکردنی ئێستا و دواڕۆژە. ئەم بابەتە ڕەهەندێکی شایستەی وەرنەگرتووە و بە جدی و زانستییانە گفتوگۆی لە سەر نەکراوە و تایبەتمەندییەکانی خۆی لە پێشەکیدا لە هیچ

توێژینەوەیەکی زانستیدا، کە مامەڵە لەگەڵ خستنەکاری کەلەپووری گۆرانی کوردی لە مۆزیکی هاوچەرخی کوردی دەکات دیاری نەکردووە، ئەمەش وای لە توێژەر کردووە هەوڵ بدات ئەو خستنەکارە هونەرییە وردەی لە کەلەپووری گۆرانی کوردی لە سەر بنەمای ئاواز و ڕیتم و کە دوو لە چوار کۆڵەگەی ( وشە، ئاواز، ڕیتم، مۆرکی دەنگی) و بە تایبەتی کەلەپووری گۆرانی کوردی لە سەر هێڵی شێوە موزیکییەکانی دیکە نەخوێندراوە و پێکهاتەکانی دیاری نەکراون، بۆیە ئەم توێژینەوەیە بە پشتبەستن بە خوێندنی زانستی، لە فۆرمی ئێستایدا یەکەم توێژینەوەیە لە هەرێمی کوردستانی عێراق، بە شێوەیەکی زانستی و ئەکادیمی دەیەوێ ئەم بابەتە یەکلایی بکاتەوە، وەک پێداویستییەکی گرنگ بۆ بەدەست هێنانی ئامانجی ئەم توێژینەوەیە، گرنگیی خوێندنەوەو پێویستیی لێکۆڵینەوەی گۆرانی کوردی لە هزر و هونەردا بووەتە چەقی ئەم توێژینەوەیە و چۆنیەتی خستنەکاری ئەم کەلەپوورەش لە موزیکی هاوچەرخی کوردیدا، وای لە توێژەر کرد کە کێشەی توێژینەوەکەی بەم پرسیارەی خوارەوە دیاریبکات: چۆن کەلەپووری گۆرانی لە نێوموزیکی هاوچەرخی کوردیدا خستنە کاریی موزیکیی بۆ دەکرێ؟

**١-٣ گرنگیی توێژینەوەکە:**

١- ناسینی پەیوەندی نێوان تایبەتمەندییەکانی موزیکی کەلەپوور و ئاڕاستەکانی موزیکی سەردەم، بۆ دۆزینەوەی نموونەی موزیکی داهێنەرانە، کە کەلەپوور و هاوچەرخێتی ئاوێتەی یەکتر بکات .

٢- دەوڵەمەندکردنی ئەم بوارە لە مەعریفەو سەرنج ڕاکێشان بۆی، بە ناسنامە دان ئەو تایبەتمەندییە وشە گەل و موزیکانەی کە لە کەلەپووری موزیکدا هەن، هەروەها درککردن بە بابەتی بەرزکردنەوەی ئاستی هونەری و کەلتووری موزیسیان وموزیکژەنان .

٣- پێویستی بەپەلەی هونەری موزیکی هاوچەرخی کوردی بە گەشەسەندن و کەوتنەسەرپێ و یاوەریکردنی بەردەوامی ئەم موزیکە بۆ چوونە بۆ ناو هونەرێکی ئەکادیمی لە بوارە جۆراوجۆرەکانی ( دیۆکومێنتاری، هزری، مێژوویی )، چونکە هەژاریی لە هەردوو لایەنی

تەکنیکی و ئەکادیمی و کەمی خوێندنی زانستی لەو بوارە گرنگەدا، گرنگی و پێویستی ئەم توێژینەوەیە پشتڕاست دەکاتەوە .

٤- ئەم توێژینەوەیە بەشداری لە تیشک خستنە سەر گرنگی نمایشی بە کۆمەڵ بە ڕێگەی ورد لە ژەنینی ئاوازەکان لە لایەن موزیکژەنانەوە و ئامادەکردنی گوێچکەیان بۆ بیستنی نمایشی فرە دەنگی و بەرزکردنەوەی هەستی گەشەی دەربڕینی موزیکی و دەوڵەمەندکردنی بواری موزیکی کوردی بە کردنەوەی ئاسۆی نوێ بۆ نەوەکانی داهاتوو دەکات .

**١-٤ ئامانجی توێژینەوەکە:**

توێژینەوەکە مەبەستیەتی ئەم خاڵانە شرۆڤە بکات: -

١- میکانیزمەکان و چۆنیەتی خستنەکاری کەلەپووری گۆرانی کوردی لە موزیکی هاوچەرخی کوردیدا، هەروەها سروشت و شێوەکانی سەرچاوە کەلەپوورییەکان  کە دانەری موزیکی کوردی لە نووسینی کارە هونەرییەکانیدا سوودی لێبینیوە.

٢- سەرنج ڕاکێشانی پسپۆڕان بۆ سەر گرنگی خستنەکار و پاراستنی کەلەپووری موزیکی، و پشتگیری کردن لە هەموو هەوڵە تاکە کەسییەکان لەلایەن ئەو تاکانەی گرنگی بە کەلەپووری موزیک دەدەن .

٣- توێژینەوەکە مەبەستیەتی ڕۆڵی دانەرە موزیکییە کوردەکان، لە زیندووکردنەوە و پاراستنی کەلەپووری موزیکی کوردی دیاری بکات، بۆ ئەوەی هەوڵەکانیان بۆ نەوەکانی داهاتوو بگوازرێنەوە، هەروەها جوانیی ئەم کەلەپوورە لە داهاتوودا بپارێزرێن.

٤- دیاریکردنی ڕۆڵی ئاوازدانەری کورد لە ڕەگداکوتانی ڕەسەنایەتی موزیکی کوردی لە ئاستی فۆڕم و ناوەرۆکدا.

٦- بەرکەوتنی ئەو شێوازە هونەرییە جۆراوجۆرانەی لە کەلەپوورەوە وەرگیراون، یان ئەوەی کە لە ناواخنیدا هەڵیگرتووە و دواتریش ئەو مانا بەرزانەی کە هەڵیدەگرێت. ئەو شێوە کەلەپوورانەی بەڕاستی گوزارشت لە هونەری زارەکی دەکەن، بۆ ئەوەی لە موزیکی هاوچەرخدا ڕەنگبدەنەوە.

**١-٥ سنووری توێژینەوەکە:**

سنووری ئەم توێژینەوەیە بەم شێوەیە: -

**١-٥-١ سنووری شوێن:**

هەرێمی کوردستانی عێراق دەگرێتەوە.

**١-٥-٢ سنووری کاتیی:**

١٩٩٢- ٢٠١٩ کۆتاییەکانی سەدەی بیستەم و تا ساڵی ٢٠١٩ بۆ ئەوەی گرنگترین و دوا پەرەسەندنەکانی موزیکیی لە هەردوو بواری موزیکی هاوچەرخ و موزیکی ئەلیکترۆنی و هەروەها ماوەی دامەزراندنی تیپە موزیکییە هاوچەرخەکانی کوردی لەخۆ بگرێت.

**١-٥-٣ سنووری مرۆیی:**

ئەم توێژینەوەیە تایبەتە بە موزیسیانەکانی هەرێمی کوردستانی عێراق، لەوانە دانەرانی موزیک، ئەوانەی کە دەرفەتی خوێندنی پێکهاتەی موزیکییان لەسەر بنەما سەرەکییەکانی فێر بوونی دانانی موزیکی بۆ ڕەخساوە. ئەمە جگە لە خوێندنی بابەتی هارمۆنی لە وڵاتانی ئەوروپا، هەروەها ئەوانەی لە ماوەی سنووری لێکۆڵینەوەدا، کاری موزیکیی هاوچەرخی کوردی و کاری ئۆرکێستراییان داڕشتووە .

**١-٥-٤ سنووری بابەتیی:**

بریتین لە دروستکردنی بنیادی میلۆدی و هارمۆنی و کۆنتراپۆینت و دانان و خستنەکاری کەلەپووری گۆرانی، لەلایەن ئاوازدانەرانی هاوچەرخی تیپە موزیکییە کوردییەکان و ئاوازدانەرانی ئۆرکێسترا لەهەرێمی کوردستانی عێراق.

**١-٦ گریمانەکانی توێژینەوەکە:**

کەلەپووری لیریکەڵ یەکێکە لە توخمەکانی پێکهاتنی ناسنامە، هەروەها جوانییەکەی دەکرێت بۆ دەوڵەمەندکردنی هونەری موزیکی هاوچەرخ بەکار بهێنرێت.

## ١-٧ دەستنیشانکردنی زاراوەکانی توێژینەوە :

### ١-٧-١ خستنەکار وەک زمان:

(افرام البستانی) وای پێناسە کردووە: (خستنەکار بە خستنەکاری شتێک، بە مانای ئەوەیە تێیگەیشت).[1] (ئیبن منظور) یش بەوە دەیناسێنێ، کە (خستنەکارە لە شوێنێک، کارێکی بەدوادا بووە و لە دامەزراندن وەرگیراوە).[2] کە (دایمەزراندوە و شوێن پێی کەوتووە. دامەزراندن و خۆ دامەزراندن و بلێ ئەو خستراوەتە کارەوە و لە هەموو ئەمانە تێگەیشتووە).[3]

(هیربرت ڕید)یش خستنەکار بەم جۆرە پێناسە دەکات ( ئەوە ئەو هەل و مەرجەیە کە لەو کردارەدا بەرجەستە بووە، کە تێیدا شتەکە ئامانجی خۆی دەپێکێ ).[4]

**خستەکار وەک زاراوە** : (تیماشیڤ) بەو شێوەیە پێناسەی خستنەکاری کردووە : (ئەو کارەیە کە تیایدا بەشێکی بچووک ئاوێتەی هەموو بارستەکە دەبێت و هەموو ئەم بارستەیە لە کۆمەڵگەیەک یان کلتوورێکدا نوێنەرایەتی بکرێت).[5]

وەک پێناسەیەکی ڕێکاریی توێژینەوەکەش، خستنەکاری موزیکی، بەرهەمی تێڕوانین وتێگەیشتنی بەردەوامی موزیکدانەرە، کە دەیەوێت لە ڕەسەنێتی شاکارێکی کەلەپووری، بەرهەمێکی موزیکی هاوچەرخ بخوڵقێنێ تا بتوانێ هەردوو چەمکی ڕەسەنێتی و هاوچەرخێتی لەنێوکارێکی موزیکیی کەلەپووریدا ڕەنگدانەوەیان هەبێت.

---

[1] - افرام البستاني، منجد الطلاب، المطبعة الكاثوليكية، بيروت، ١٩٦٣، ص٩٢٧.

[2] - ابن منظور، لسان العرب، دار لسان العرب، بيروت، ١٩٧٠، ص٩٤٩-٩٥٠.

[3] - المنجد في اللغة والاعلام، دار المشرق، بيروت، ٢٠٠٥، ص٩٠٧.

[4] - هربرت، ريد، معنى الفن، ترجمة سامي خشبة، مراجعة مصطفى حبيب، الهيئة المصرية العامة للكتاب، القاهرة، ١٩٩٨، ص٧٩.

[5] - نيكولا تيماشيف، نظرية علم الاجتماع طبيعتها و تطورها، ترجمة، محمد عودة واخرون، دار المعارف للطباعة، القاهرة، ١٩٧٤، ص٣٢.

**١-٧-٢ کەلەپووری گۆرانی:**

ئەوانەی لە زماندا لە وشەی کەلەپووری ڕادەمێنن، (بە سروشتی لە فەرمانی (ورث) دەیبینن، بە شێوەیەکی دروست بە بڕیارەوە لە میرات و هەژمارکردنی ئەوەی مردوو بۆ منداڵەکانی بەجێی دەهێڵێت وەرگیراوە).[1]

دەربارەی دەستەواژەکە : چەمکی " کەلەپوور " واتە ( هەموو ئەوەی لە مانای گوتن و پراکتیزەکردن یان نووسراوەوە هەیە، جگە لە داب و نەریت و نەریتە جیاوازەکان کە ویژدان دایهێناون... ) [2] هەروەها (کەلەپووری شارستانی هەر کەسێک لە بوارە ماددی و کەلتوورییەکاندا، جۆرێکە لە لێپرسینەوە لە ڕابردوو، هەروەها ئاماژەشە، کە نەوەکانی پێشوو لە بوارە جیاوازەکاندا دروستیان کردووە، لە بوارەکانی هزری، ڕۆشنبیری، ئاینی، زانستی و شارستانی بەرجەستەکراون، ئەمەش پرۆسەی هەڵکۆڵینی ئەم کەلەپوورەیە بۆ زیندووکردنەوەی لە هەوڵێکدا بۆ سەلماندنی شوناسی مرۆیی لە تایبەتمەندییە جۆراوجۆرەکانیدا). [3] (بەم شێوەیەش دووبارە ژیاندنەوەی مێژووییەکی دیاریکراوە.

لە هەر ناوچەیەکی جوگرافیدا، هەروەک لەهەر شارستانییەتێکدا کەلەپوور و فۆلکلۆر تایبەتمەندی خۆی هەیە، کە جیای دەکاتەوە لە دەڤەر و شارستانییەتەکانیتر، گرنگی کەلەپوور و فۆلکلۆر لە پێشکەوتنی هەستی نەتەوەیی و کۆمەڵایەتی خەڵک لە ڕێگەی گواستنەوە و بەلاڕێدابردن و دابونەریتی کەلەپوورەوە دەخاتەڕوو، ئەو کەلەپوورە پلاتفۆرمێکە کە توێژەران و ئەوانەی لە کەلەپووری مرۆڤ بۆ وڵاتێک بە گرنگ دەزانن، هەروەها گرنگی کەلەپوور و هونەری فۆلکلۆری دەکەوێتە نێو بابەتی لە خۆگرتنی بەشێکی زۆری کەلتووری کۆمەڵگەی لۆکاڵی). [4]

[1]- ابن منظور، لسان اللسان، تهذيب لسان العرب، هذبه بعناية، المكتب الثقافي لتحقيق الكتب، الجزء الثاني، دار الكتب العلمية، بيروت، لبنان ١٩٠٣، ص٧٢٨-٧٢٩.

[2]- فاروق، خورشيد، الموروث الشعبي، دار الشروق، الطبعة الأولى، القاهرة، مصر ١٩٩٢، ص٢٢.

[3]- اميرة عبد الرحمن منير الدين، الفن التشكيلي و بنيته التحتية في السعودية، جامعه ام القرى، ٢٠٠٦، ص٢٣١.

[4]- حداد، alrei.com/article/97387.html.

له ژێر زاراوەی " کەلەپووری موزیک "دا، ئەو فۆرمە هونەرییە کە بە ئاوێتەیەکی سیستماتیک و بەردەوام لە ڕووی بناغە گشتییەکانی توخمەکان، میتۆدەکانی پێرفۆڕمەنس (الأداء) و کەش و هەوای قبوڵکردنەوە دروست دەبێت. (ڕەنگدانەوەی مۆرکی نەتەوەیی و نیشتمانیی هەرێمەکانی عێراق لە ڕووی فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی و دەروونی و کەشوهەوا و ناوچە جۆراوجۆرەکانی جوگرافییەوە پیشان دەدات . کەلەپووری موزیک لە ناوەرۆکەکەیدا هەردوو چەمکی ئایینی و دونیایی بەخۆوە گرتووە، هەروەها لە ناوخنیدا لە ڕووی ئەرکی (الوظیفة) کۆمەڵایەتییەوە، شادی وغەمباری، تا ئەو رادەیەی دەگاتە مێژووی داهێنانیەوە بە کەلەپووری کۆن و هونەری داهێنەرانە لە ئێستادا کە ڕەنگە داهێنەرەکەی هەر بە نەناسراوی مابێتەوە. توێژەر لێرەدا هاوڕایە لەگەڵ پێناسەی تارق حسون فەرید بۆ کەلەپووری موزیکی وەک پێناسەیەکی ڕێکاریی بۆ توێژینەوەکەی).[1]

(کەلەپوور لە کلتوورێک یان شارستانییەتێکی تایبەتدا کۆت و بەند ناکرێ، کە گشتێتی و تێکهەڵقوڵاوی کردووە و لە یەکتری جیاناکرێتەوە، ئەمەش تێڕوانینێکی گشتییە بۆ کەلەپوور بەو پێودانگەی کە ڕابردوو هەمیشە کاریگەرە بەسەر ئێستا و ئایندەدا، کەلەپوور بۆیە بنچینەی هەموو داهێنانێکە، ئەگەر تێیدا بێ و لە ناواخنیشدا بە مانای نوێبوونەوە لە شوناس و ناسنامە دێت). [2]

نابێت تێڕوانینی ئێمە بۆ کەلەپوور سنووردار بکرێت بە مادەیەکی (خام)ی سەر بە ڕابردوو کە خستنەکارەکەی کۆتایی هاتووە، (پرۆسەی داهێنەرانە ناتوانرێت لە کەلەپووری کۆمەڵایەتی و کەلتووری و هزری جیابکرێتەوە، ڕەسەنێتی ڕەهەندێکی ڕەمزیی هەیە و پەیوەندی بە ڕەهەندی ئەنترۆپۆلۆژییەوە هەیە. دەستەواژەی ڕەسەنێتی لە پڕاکتیکی موزیکدا تایبەتمەندییەکی تەکنیکییە، کە پەیوەستە بە کەلەپوورەوە، بۆیە لێدوانی موزیکی دەکەوێتە

---

[1]- طارق حسون فرید، مدخل لتذوق الفنون الموسیقیة، جامعة بغداد، کلیة الفنون الجمیلة، بغداد، ٢٠٠٠، ص٥٧-٥٨.

[2]- نازک الملائکة، قضایا الشعر المعاصر، دار العلم للملایین، ١٩٦٢، ص٦٥.

ناو ئەو ڕێسا باوانەی کە پەیوەستن بە ناسنامەی کەلتوورییەوە، لە شوێن، سروشت، بۆتەی موزیکی دۆزراوەتەوە، هەروەها لە ئامێری موزیکدا بەکار هاتووە، کە کاری موزیکی پەیوەست بە ماددەی کەلەپوور، ڕەسەنێتی کەلتووری دروست دەکات، بەم شێوەیە بە چەمکی ناسنامەوە یەکانگیر دەبێت).[1]

**١-٧-٣ موزیکی هاوچەرخی کوردی:**

موزیکی کوردی، وەک هونەری موزیکی ئەو گەلانەی دراوسێی کوردستان و خەڵکی دیکەن، مۆرکی تایبەتی خۆی هەیە. جگە لەوەش گەڕانی بەردەوام یارمەتی پرۆسەی بە ئامانجی دووبارە ئاوێتە کردنی کەلەپووری موزیکی بە هەموو نموونە هونەرییەکانیەوە دەدات، بۆیە دیراسەکردنی موزیکی کوردی، بە تایبەت کەلە پوورە گۆرانییە دەوڵەمەندەکەی بە میلۆدییە ڕیتم جیاوازەکان، ئاسۆیەکی ڕوونمان بۆ دیاری دەکەن بۆ گەیشتن بە شوناسی هونەریی ئەو میلۆدییانە بۆ ئەوەی دواتر خستنەکاری هونەرییان بۆ ئەنجام بدرێ، کە تیایدا ئەزموونی نوێخوازی و نوێکاری مانای گەورەی خۆی هەبێ، چونکە ئامانج لە توێژینەوە لە کەلەپووری گۆرانی تیشک خستنەسەریەتی لە هەموو ڕوویەکەوە، بۆ ئەوەی پرۆسەی گەڕانی بەردەوام بە دوای داهێناندا لە کردەی خستنەکاری کەلەپووری گۆرانی، لە موزیکی هاوچەرخی کوردیدا بە باشترین شێوە بێتە دی.

پێش ئەوەی بچینە نێو پێناسەی موزیکی هاوچەرخی کوردی پێویستە لە ڕێگەی:

١- پەیوەندیی سیما دیارەکانی موزیکی کوردی بە تێکڕای کەلتووری کوردی؛ واتە لێکۆڵینەوە لە سەری وەک یەکەیەکی یەکگرتوو.

٢- پەیوەندی موزیکی کوردی لەگەڵ موزیکی گەلان و نە تە وە کانی دیکە دا.

٣- پێشکەوتن وئەگەرەکانی پێشهاتە موزیکیی و کەلتوورییەکانی کوردی.

[1]- سمير بشة، التثاقف في الممارسة الموسيقية المعاصرة في تونس، بحث لنيل شهادة الدراسات المعمقة في علوم و تقنيات الفنون، المعهد العالي للفنون الجميلة، تونس، ٢٠٠٣، ص٢٢-٢٣.

به دڵنیاییەوە لەم ساڵانەی دواییدا چەندین پێشهات، لە ژیانی کۆمەڵایەتی کورددا ڕوویانداوە. کە کاریگەری ڕاستەوخۆی لە سەر ژیان و ژیاری نەوەکانی هەبووە؛ بە جۆرێک کە بووە هۆی ڕوودانی گۆڕانکارییەکی دیاریکراو لە ژێرخانی دەنگیی و موزیکەکانیاندا، ئەو ڕادەیە کەمە لە گۆڕانکارییەکان ئێستا نیشانەکانی دەبینرێن و لەگەڵ ئەوەشدا بە ئەگەرێکی زۆرەوە، کورد پاراستنی تایبەتمەندیی کەلتووری خۆی بە پارێزراوی هێشتۆتەوە، ئەمەش هۆکارێکی گرنگە، بۆ ئەوەی موزیکی کوردی بە پاراستنی تایبەتمەندییە تایبەتەکانی خۆی بمێنێتەوە.

کە زمانی ئامێرەکانی موزیکیی دەبێت لە ڕێگەی سرووشگیری فۆلکلۆری کوردییەوە ڕۆحی موزیکی کوردی دەرببڕێت، بۆ پەرەپێدانی موزیکی هاوچەرخی کوردی، وەک وەرگرتنی سرووشگیری لە نموونەی نمایشکارانی کلاسیکی کورد،(گۆرانیبێژان وپێرفۆرمەنسەکانی فۆرمی لیریکی کوردی). لەوانە هەندێ لە فۆرمەکان کە سروشتێکی داستانییان هەبووە وەک داستانە باوەکانی (لاوک)، هەروەها فۆرمەکانی تر، لەوانە (حەیران وئەڵاوەیسی و قەتار و ئای ئای و سەفەر و خورشید) ی وئەوانی تر.

هەموو کلتوورێک  ڕیتمێکی سروشتی هەیە، کە پەیوەستە بەو گۆڕانکارییە وەرزییانەی لە ژینگەدا ڕوودەدەن، هەروەها لە هەمانکاتیشدا  ڕیتمێکی کۆمەڵایەتیشی هەیە، کە کاریگەریی بزووتنەوە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگەی لە سەرە، واتە ئەو بزووتنەوانەی کە لە پێکهاتەکاندا ڕوودەدەن: ئابووری، کۆمەڵایەتی، سیاسی، ئایینی و زمانی (بەتایبەت)؛چونکە زمان نوێنەرایەتی گرنگترین توخم لە پێکهاتەی ڕیتمی کۆمەڵایەتیدا دەکات، لەڕووی پەیوەندییەکی نزیکەوە لەگەڵ چەمکی موزیکیی بۆ بنیادی ڕیتم، چونکە بە دەنگە پاکەکانی ناو پێکهاتەی موزیک و لەو هەستەدا بەستراوەتەوە و بەرجەستە دەبێت، کە لە هاوئاهەنگی و یەکدەنگی توخمە دەنگی و بینراوەکانەوە، بۆ دروستکردنی بەرهەمێکی هونەری سەرچاوە دەگرێت.ۆیە بەم پێودانگە هونەریی و سروشتییەی کە گۆرانیی کەلەپووری کوردی خاوەنییەتی، وەکو بنیادێکی موزیکی ڕەسەنی کوردیی سەیردەکرێت و وەک پێناسەیەکی ڕێکاریی توێژینەوەکە

مۆزیکی هاوچەرخی کوردی: هەموو ئەو بەها هونەرییانەی کە گروپە مۆزیکییەکانی هاوچەرخ هەیانە، کە مامەڵە لەگەل مۆزیکی نەریتی دەکەن و بەکاریدەهێنن و سروشیان لێ وەردەگرن، دواتر خستنەکاری مۆزیکییان لەنێوگروپە مۆزیکییە هاوچەرخەکاندا بۆ دەکرێت، کە تیایدا ئامێرەکانی مۆزیکی نەریتی کوردی ئاوێتە بە ئامێرە مۆزیکییە مۆدێرنەکان دەبن وئەوانەش لە سەرشێوەی ئۆرکێسترای بچووکدا دەردەکەون کە ئامێرەکان بە یەکەوە یاخود گروپ گروپ ڕۆڵی دەربڕینی مۆزیکیی دەبینن و مۆرکی هاوچەرخێتی مۆزیکی کوردی دەبەخشن و دەنوێنن، لەخۆدەگرێت. لەو بارەیەوە نابێت ڕۆڵی ئایینەکان و سرووت وسروودەکانی یاوەریکردنی مۆزیک و گۆرانیی فەرامۆش بکەین، چونکە هەموو پەرستن و پاڕانەوەیەک بۆ ئەو خودایە مەزنە بە ئامێرەکانی مۆزیکەوە، یان بە گۆرانی چڕینەوە لەلایەن تاکی کوردەوە یان بە کۆمەڵەوە، بە جۆش و خرۆش و گەورەییەوە ئەنجامدراوە.

## ٢. بەشی دووەم

### بەسەرداچوونەوەی کارەکانی پێشوو و باکگڕاوندی تیۆری

### Literature Revieu and Theoretical Background

**توێژینەوەکانی پێشوو:**

توێژەر هیچ توێژینەوەیەکیان نەدۆزییەوە، کە بە زانستی و ئەکادیمی باسی لە خستنەکاری کەلەپووری گۆرانی لە موزیکی هاوچەرخی کوردیدا کردبێت، جگە لە ماستەرنامەی توێژەر (سرود فوئاد محمد) بە ناونیشانی (بەکارهێنانی ئاوازی کوردی لە دانراوە ئۆرکێسترا*ییەکان لە کوردستانی عێراق) کە باس لە زانینی ئاست و شێوازەکانی بەرهەم و کارەکانی ئۆرکێسترایی لە باشووری (کوردستانی عیراق)، چەندین نموونە بۆ شیکردنەوەی تیۆرییەکانی توێژینەوەکە لە کاری ئۆرکێسترایی وەرگیراون و ئاماژەیان پێدراوە. لە نموونەکاندا، ئەو بابەت و کارە موزیکیانە هەڵبژێردراون، کە لە هەگبەیاندا ئاوازی کوردی، جا چ فۆلکلۆری بێت یان ئاوازی میللی، بەکار هاتوون. بەشێک لە کۆمپۆزەرانی کورد لە باشووری کوردستان کارەکانیان شیکراونەتەوە.

* ئۆرکێسترا orchestra وشەیەکی یۆنانی کۆنە بە واتای دووری نێوان شانۆ و بینەران دێت و لەلایەن سەماکەران و ئامێرەکانەوە بەکاردەهێنرا. لە مانای مۆدێرندا، ئۆرکێسترا بە واتای کۆمەڵێک ئامێری موزیکی جیاواز و ژەنەرەکانیانەوە هاتووە، وەک کۆمەڵێک ئامێری کەوانەدار و ئامێری دار و مس و ئامێرەکانی پێرکیشن.
Arnold, Denis. 1983.The new oxford companion to music. Oxford university. p1329.

توێژینەوەکە لێکۆڵینەوەیەکی زانستییە بۆ تێگەیشتن لە چۆنیەتی بەکارهێنانی تەکنیک و سیستەمەکانی هارمۆنی** و پۆلیفۆنی و کۆنتراپۆینت لە موزیکی ئۆرکێسترا لە لایەن کۆمپۆزەرانی کوردەوە. ئەوەی جێگەی هەڵوەستە لەسەر کردنە ئەوەیە، کاری موزیکی کوردی و وێناکردنی ئاوازی کوردی لە موزیکی ئۆرکێسترا مێژوویەکی دووروردرێژی لەنێو ئێمەی کورددا نییە. بە درێژایی ئەم چەند ساڵەی موزیکژەن و کۆمپۆزەرانی کورد خەریکی ئەم جۆرە کارانەن، ئەوە تێبینی دەکرێت کە قۆناغەکانی پێشکەوتن لەسەر چەندین رایەڵە

---

** هـارمۆنی (Harmony) ئەو زانستەیە کە بـایەخ بە لێکـۆڵینەوە لە ڕێسـا و بنەماکـان دەدات، کە بە شێوەیەکی ستوونی دانانی زیاتر لە یەک تۆن ڕێکدەخەن، کە پێی دەوترێت ئەکۆردەکان، هەروەها بایەخ بە پەیوەندی ئەو تۆنانە لەگەڵ یەکتر دەدات لەنێو هەمان ئەکۆردەکان، هەروەها جووڵە و گواستنەوە لە نێوان ئەکۆردە جیاوازەکاندا ڕێکدەخات.

Sterling-Pamela-Ann: A Developmental Study of The Effects of Accompanying Harmonic Context on Children's Vocal Pitch Accuracy of Familiar Melodies ،PHD ،University of Miami ،1984.

هارمۆنی (Harmony) وەک چەمکێکی گشتیی زاراوەیەکی هونەرییە، کە لە موزیکدا بە واتای گونجان یان هاوئاهەنگی (تۆن) یی لە نێوان دوو پەیوەندی موزیکیی (یان زیاتر) کە لە هەمانکاتدا دەژەنرێت دێت، بەڵام وەک پێناسەیەکی وردی ئەم دەستەواژەیە هـارمۆنی زانستێکە بە دوای بەیەکەوە گەیاندنی لـۆژیکی وهونەریی نێوان ئەکۆردە یەک لە دوای یەکەکاندا دەگەڕێت، بە ئامانجی ڕێکخستنی دەنگگەلیی هاوتایان لەگەڵ میلۆدی، هەروەها کێشەی باکگراوندی هارمۆنی لەگەڵ ڕستە موزیکییەکە. دانانی هارمۆنی سێ تەکنیکی جیاوازی هەیە، لە ڕووی فۆرمەوە، کە هەموویان بەیەکەوە پرۆسەکە تەواو دەکەن، ئەم پرۆسەیە پێکهاتووە لە دانانی باکگراوندێکی موزیکی، کە یاوەری میلۆدییەکان دەکات، کە لە ئەکۆردە موزیکییە گونجاوەکانەوە لەگەڵ میلۆدییەکەدا پێکهاتوون کە شێوەیەکی تۆکمە وڕێکوپێک و بەبێ هەڵە بەیەکەوە بەستراونەتەوە، ئەم تەکنیکانە بریتین لە:

١- نووسینی هارمۆنی لە دەنگی بەیزەوە(bass).

٢- نووسینی ئەکۆردەکانی هارمۆنی بۆ میلۆدییەک لە دەنگی سۆپرانۆ (لە خوارەوەی میلۆدییەکە).

3- نووسینی هارمۆنی بە خستنەکاری شێوازی بەیزی (bass)ژمارەدار.

درويش، رامي، الهارموني-١-القسم العلمي مديرية الكتب والمطبوعات، ٢٠١٧، منشورات جامعة البعث، كلية التربية الموسيقية، الجمهورية العربية السورية، ص٤٥، ٥١، ٥٢

هارمۆنی: بریتییە لە گونجان ویەکگرتنی دەنگەکان لە یەک ئەکۆردی ئاوێتەدا و پەیوەندی ئەم زنجیرەیە لەگەڵ چەند ئەکۆردێکی تری ئاوێتەکراودا. هارمۆنی گرنگییەکی بنەڕەتی و بنچینەیی هەیە، لە پەرەپێدانی پێکهاتە موزیکییەکان، هەروەها لە قووڵبوونەوە و دەوڵەمەندکردنی ڕوخسار و دەربڕینەکانیان، ئەم بابەتە خەسڵەتێکی تایبەت بە میلۆدی لە ڕووی جۆراوجۆری هەستەکان و جوانکردن ورازاندنەوە دەبەخشێت، ئەمەشیان بەڕوونی لە یەکێک لە میلۆدییەکان دەردەکەوێت کاتێک کە چەندین جۆری یاوەری موزیکی هارمۆنی هاوشانی میلۆدییەکە دەکەن.

حسن، صلاح الدين محمد، الهارموني، الجزء الأول، جامعة السودان للعلوم والتكنولوجيا، كلية الموسيقى والدراما، سلسلة اصدارات لجنة التأليف والترجمة والنشر، ٢٠١٠م، ص١٤.

خۆیان دووپاتدەکەنەوە. لە هەر چەند ساڵێک، جۆرە پێشکەوتنێک هاتۆتە نێو کاری ئۆرکێسترا لە کوردستاندا. توێژینەوەکە مێژووی کاری ئۆرکێسترا لە کوردستان دەکات بە سێ بەشەوە. هەر بەشێک بەستراوەتەوە بەو شێواز و تەکنیک و ستایلانەی لە لایەن کۆمپۆزەرانی کوردەوە لە کاری کۆمپۆزێشندا بەکار هاتوون. هەموو تایبەتمەندیەکانی قۆناغەکان بەپێی چەند تیۆریەک شیکراونەتەوە. بۆ هەر قۆناغێکیش، کۆمەڵێک لێکدانەوەی شیکاری و زانستی کراوە. بۆ هەر شیکردنەوەیەک، چەندین بنەمای تیۆری موزیکی بەکارهاتووە. توێژینەوەکە کارێکە لەسەر موزیکی کوردی لە کاری ئۆرکێسترادا دەکرێت ئەنجامەکانی توێژینەوەکە وەکو سەرەتایەک بۆ تیگەیشتن لەسەر چۆنیەتی کارکردنی ئاواز دانەرانی کورد لە باشوری کوردستان (کوردستانی عێراق) سەیر بکرێت.

## شوناسی کەلەپوور * لە ڕەسەنێتیی وهاوچەرخێتیی و نوێگەریی و سروشگیریی جوانییەکانی لە کاری موزیکیدا:

توێژینەوەکە لێرەدا مەبەستییەتی تیشک بخاتە سەر شوناسی کەلەپوور لە ڕەسەنێتیی و هاوچەرخێتیی و نوێگەریی، دواتریش سروشگیریی جوانییەکانی ئەم کەلەپوورە لە کاری موزیکیدا بخاتەڕوو، کە ناوەرۆکەکەی* پەیوەندی بە ژیان و ژیاری کۆمەڵگەوە هەیە، چونکە

---

* دەروازەیەک بۆ زاراوەی کەلەپوور : (کەلەپوور ) وا دیارە بیرۆکەی گواستنەوەی شتێک بە درێژایی کات، مانای ڕەسەنی زاراوەی کەلەپوور بێت و کەلەپوور لە زماندا سەرچاوەی ئەو کردارە بێت، کە میراتی بۆ ماوەتەوە، ئەویش ئەوەیە مرۆڤ بۆ میراتگرەکانی دەیهێڵێتەوە. دەوترێت: میرات، بۆماوە، پاشماوە. میرات و کەلەپوور بنچینەکەی بۆماوەییە. یوسف محمد عبد الله، تعريف التراث أنواعه، وكيفية الحفاظ عليه، الهيئة العامة للآثار والمتاحف والمخطوطات، اليمن، ص١ . کەلەپوور گواستنەوەی میراتە و میرات هەموو ئەو شتانەیە، کە دەگوازرێتەوە یان میراتی بۆ دەگوێزرێتەوە. بە واتایەکی تر وشەی کەلەپوور زاراوەیەکە لەزمانی ئێمە وەی ئەوانی تر مانای کەلەپوور و گواستنەوە دەگەیەنێ، کە ئەم شتە میراتییە یان ئەو پارەیەیە کە جێنشین لە باوباپیرانەوە بۆی ماوەتەوە. ئەم چەمکە دواتر مانای کۆنباوی خۆی لە میتافۆر و لێکچوونەوە بۆ میراتی پارە پەیدا کرد، زۆرجار هەموو توخمەکانی کلتوور لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر دەگوازرێنەوە. ئەم جۆرە چەمکانە لە یەک حاڵەتدا نامێننەوە، بەڵکو تێبینی و سیبەرەکانی دیکەی مانا پەیدا دەکەن، بۆ ئەوەی زاڵ بن و لە مانا ڕەسەنەکە بپەڕنەوە، بۆ ئەوەی بتوانێت هەموو شتێکی پەیوەست بە زاراوەی ڕەسەن فراوان بکات و هەریەکەیان لە ڕێگەی تێڕوانینی خۆیەوە ببینرێن، تا ئەو کەلەپوورە ببێتە پێناسەیەک کە لە فرەیی ئەو ناوچانەی تێیدا بەکار دەهێنرێت بگونجێ و تا ئەو ڕادەیەی خەسڵەت و گونجانەکانی لەگەڵیدا بەستراوەتەوە بۆ نموونە کەلەپووری کەلتووری، کەلەپووری باو، کەلەپووری تەلارسازی، کەلەپووری سروشتی، کەلەپووری هونەریی و کەلەپووری موزیکی. کەلەپوور بەبێ گوێدانە ئەو فۆرمەی تێیدا داڕێژراوە، یان کاری هونەری وەک شێوازێکی ڕوونکردنەوەی پەروەردەیی ناسراوە و کەرەستەی کەلەپووریش وەک لە بەرگێکی نوێگەریدا، وەک شانۆ و چیرۆکی درێژ پێشکەش دەکات و گەوهەری کەلەپوور بەبەردەوامی دەمێنێتەوە بەبێ سڕینەوە و زیادکردن یان بۆ پێشکەشکردنی کەلەپوور لە فۆرم و کەش و هەوای نەگۆڕی لاساییکردنەوەیدا، یاخود پاراستنی کەرەستەکانی لە فۆرم و ناوەرۆکدا. دەکرێت بوترێت کەلەپوور ئەو بابەتەیە کە ماوەیەک پێش ئێستا پێمان گەیشتووە، فۆرمێکی بۆماوەییە، واتە میرات و حاڵەتێکی بەخشین لە چەندین گوتاری بوونی مرۆڤدا، جا چ موزیکی یان لیریکی یاخود ئەدەبی بێ. هەروەها لێکدانەوەیەکی تری کەلەپوور دەربارەی ناوەکەی و پێی دەڵێن کەلەپوور ؟ هەندێک پێیان وایە کەلەپوور شتێکە لە ڕابردووەوە بۆمان ماوەتەوە، بەڵام لە ڕاستیدا کەلەپوور ئەوەیە، کە لە ڕابردوودا ڕەگ وڕیشەو بوونی ڕاستەقینەی خۆی هەیە، لە کاریگەری بەسەرئێمە و ژیان و بیر و خەیاڵماندا. کەلەپوور فۆرمێکی کەلتووریی جیایە، کە گوزارشت لە تایبەتمەندییە قووڵەکانی مرۆڤ دەکات و لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر دەگوازرێتەوە، کە لە سەردەمێکی جیاواز و ژینگەیی جیاوازدا زیندوو دەبێتەوە و گۆڕانکاری کەلتووری ناوخۆیی و ئاسایی نیشان دەدات، بەڵام هەمیشە یەکەیەکی بنەڕەتی بەردەوامی هەیە.

* ناوەرۆک لە هونەردا سروشتی فۆڕم دیاری دەکات، کە چ فۆرمێک خزمەت بە بیرۆکەکانی بنچینەیی دەکات. ئەو فۆرمەی هەڵدەبژێردرێت بە تەنیا ناگات و بۆ خۆی دەرناکەوێت، ئەوەندەی دەبێت بەرجەستەکردن و دەربڕین و ئامادەکردنی بابەتێک بێت بۆ خستنەکارێکی هونەریی بەسوود. بەم پێیە دەتوانین دەست بخەینە سەر ئەرکی مەترسیداری فۆرم لە بواری هونەردا، چونکە بەبێ ئەو ناوەرۆک ناتوانێت کراوەو پشوودرێژبێت، یان ژیانێکی تری بۆ بدۆزرێتەوە، هەربۆیە ناتوانێت ناوەرۆکە دەروونی و هزری و کەلتوورییەکانی خۆی بگەیەنێت بۆ خەڵک لە ڕێگەی کاری هونەریەوە).

عيد، كمال، جماليات الفنون، الموسوعة الصغيرة، العدد ٦٩ منشورات دار الجاحظ للنشر، بغداد، الجمهورية العراقية، 1980، ص٤٧.

کەلەپوور لە سادەترین پێناسەی خۆیدا، تۆماری تەواوی چالاکی مرۆییە، لە کۆمەڵگەیەکدا لە ماوەیەکی دوورودرێژدا، بە واتایەکی تر پاراستنی هەموو چالاکییە مرۆییەکان لە یادگەی بە کۆمەڵی خەڵکدا لە گەلێک لە گەلەکان، بۆ ئەوەی هەڵسوکەوتیان لە ئێستای نەتەوەدا لە بیرکردنەوەو ڕەفتاردا ڕەنگبداتەوە، بۆیە کەلەپوور دەبێت وەک ژیانی بێ مردن و جووڵانەوەی بەردەوام سەیر بکرێت، نەوەک بە بێ جووڵە و خوست ببینرێ، چونکە ئەم کەلەپوورە بریتییە لە کۆمەڵێ نموونە و بەها و ناوەرۆک و فۆرم، کە لە ڕابردووەکی دوورەوە ڕێگای بڕیوە و بە درێژایی سەدەکان گوزەری کردووەو تا دواتر گەیشتۆتە ڕابردووەکی نزیک لە خۆمان، بۆ ئەوەی ببێتە باکگراوند و حاڵەتی بەردەوامبوون لە ئایندەمان. کەلەپوور دەرخەری داهێنانی تاکە کەسیی و دەستەجەمعی میللەتە لە ماوەی مێژووی دوور و درێژیداو، کەلەپووریش باشترین دەربڕینی شوناسی کەلتووری و نەتەوەیی وتەنانەت خودی کلتوورەکەشە.

کەلەپوور چەندین فۆرمی ڕۆشنبیری وهونەری وهزری تێدایە، کە لە ڕابردووی ئەم دواییە و دووری نەتەوەوە بە میرات ماونەتەوە، ئەوە دەستکەوتێکی جیاوازی دەستکردی مرۆڤە بە گوێرەی کات وشوێنەکان. کەلەپووری هەر نەتەوەیەک دەتوانێت فاکتەرێکی گرنگ و بنەڕەتی بێت لە پێشکەوتن و گەشەسەندنیدا، چونکە مرۆڤ لە هەموو کات وشوێنێک میراتگری زانین وئەزموونی باوباپیرانی خۆیەتی، کە ئێستا سوودی لێوەردەگرێ وئەزموونەکانی بۆ زیاد دەکات و بە زانین و مەعریفەی خۆی پەرەی پێدەدات، بۆ ئەوەی ئێستا و داهاتووی خۆی بنیاد بنێت.

تێگەیشتن لە ڕابردوو و هۆشیاری پێکهاتەکانی تێگەیشتنی داهێنەرانە، داوای سروشگیریی لە ڕۆح و گەوهەری خۆی دەکات، چونکە بەدەستهێنانی گەوهەری کەلەپوور لە هەڵسەنگاندنی ڕابردوو و گەنجینە میللیەکەیدا بەرجەستە دەبێت، هۆشیاری پێشکەوتوو لە بابەتی کەلەپوور بەگشتیی و کەلەپووری میلیی بەتایبەتی - چەمک و فۆرم - سنوورە جێگیرەکانی بەرز دەکاتەوە بۆ زێدەکردنی ڕەهەندەکانی جوانی بۆ ئەو ئاستەی کە شیاوە بۆ کارلێککردنێکی گرنگ لەگەڵ جووڵەی ئێستا و کاتی نوێدا.

نوێگەریی کەلەپوور واتە هەڵبژاردنی نموونە و بنچینەکانی کەلەپوور لە سەر بنەمای تێگەیشتن، جیاکاری، ڕیزکردن، پۆلێنکردن وهەڵسەنگاندنی شیکاری زانستیی، کە دوورە لە ڕێکەوت. بەم شێوەیە بەتواناترین توخمەکانی کەلەپوور ڕەگیان لە گۆڕینی ئەو واقیعەی ئێمە داکوتاوە، بۆ ئەوەی بەشداری لە بەکارهێنانی ڕێبازی زانستی بۆ بیرکردنەوە بکەن.

سروشگیریی کەلەپووری لە سەر بنەمای ئاوێتەکردنی کەلەپوور و هاوچەرخێتیی بنیادنراوە واتە ئێمە لە پێگە و بیرۆکە و بەها کەلەپوورییەکان، سروشگیریی دەبینین، کە لەگەڵ دۆخی ئێستای خۆماندا یەکانگیردەبێ. بەم شێوەیە جیهانی نوێگەریش بە شێوەیەکی یەکلاکەرەوە بەشداری لە پێکهاتنەکەی دەکا، کەواتە ئەمە ئەوەیە، کە کۆمەڵێک ماناو چەمک لە کەلەپوورەوە هەڵبژێرین، کە بتوانن بەشداری لە بەڕێوەبردنی ژیان و کاروبارەکانماندا بکەن، و بیکەنە بۆتەیەکی ڕەفتاریی یان هزری بۆ ئێمە لە بیرکردنەوە و کردارەکانماندا.[1] هەروەها مەسەلەی ڕەسەنێتیی و کەلەپووریی کەلتووری ببینین کە بە بابەتی گفتوگۆ و مشتومڕی ماوەتەوە. ئەم دوو جەمسەرە دەتوانێت بە یەکێتیەکی ناوەکی بە ئۆرگانیک بگات کە ڕەنگدانەوەی دیدی هاوچەرخێتیی ئەو کەلەپوورە بێت، بەپێی ڕەهەندی ئەنترۆپۆلۆجی کەلەپوور وامان لێدەکات، وەک پلەو پایە مامەڵەی لەگەڵدا بکەین و جووڵانەوەیەکی بەردەوامیشی پێ ببەخشین، کە یارمەتیدەر بێت لە پەرەسەندنی مێژوو و گۆڕینی بەرەو بەها مرۆییەکانی و بەستنەوەی بەچوارچێوەی کەلتووری و کۆمەلایەتی خۆی، بۆیە شوناسی کەلەپوور هەمیشە ئەوە دووپات دەکاتەوە کە پرۆسەی داهێنەرانە ناتوانرێت لە کەلەپووری کۆمەلایەتی و کەلتووری و ئایدیۆلۆژی جیابکرێتەوە، بۆیە لێرەدا ڕەسەنێتیی ڕەهەندێکی ڕەمزیی هەیە، کە بە ڕەهەندی ئەنتروپۆلۆجییەوە گرێدراوە.

(زاراوەی ڕەسەنێتیی لە پراکتیکی موزیکدا تایبەتمەندییەکی تەکنیکییە، کە پەیوەندی بە کەلەپوورەوە هەیە، بۆیە گوتاری موزیکیی ڕەسەن دەکەوێتە نێو ڕێسا هاوبەشەکانی

---

[1] - نضال، محمود نصيرات، دور الفرق الموسيقية الأردنية في الحفاظ على التراث الغنائي الأردني والعربي، المجلة الأردنية للفنون، مجلد ١٢، عدد (٢) ٢٠١٩ ص ١٧٩.

پەیوەست بە شوناسی کەلتووری لەنێومۆدەکان و بۆتە*ی گۆرانی وئامێرەکانی موزیکدا ڕەنگی داوەتەوە، ئەو ئامێرانەی کە خستنەکاری موزیکی ڕێکدەخەن و بە کەرەستەی کەلەپوورەوە گرێیان دەدەن، بەم شێوەیە پێناسی چەمکی شوناس دەگاتە ئامانجی خۆی).[1]
سەیرکردنی داهاتوو لە ڕۆحێکی کراوەدا، لە سەر بنەمای کەلەپوورێکی زیندووی موزیکی پەیامێکە، کە نوێگەری موزیکیی دەیەوێت بگاتە ئەوەی ڕەچاوی هەموو ڕەهەندەکانی مرۆڤ بکات، ناکرێ کەلەپووری موزیکی بە زیندوویی بمێنێتەوە، ئەگەر دەرفەتی ئەوەی پێنەدەین لە پێگەی خۆیدا نوێ بکرێتەوە.
(ڕەخنەی مێژوویی بە هەردوو قۆناغەکەی جەخت لەوە دەکاتەوە کە بۆ قسەکردن لە بارەی دەقێک دەبێ بگەڕێینەوە بۆ ئەو سەردەمەی کە تێڕوانینی کەلەپوور هەمیشە هەڵگری ئامانجەکانی بووە و ئەو ئامانجانەش لە ڕەچاوکردنی دۆخی ئێستا وەرگیراوە، - هەر کاتێک ی ئێستا - ڕووەو ڕابردوو. گێڕانەوەی کەلەپووری پێویستی بە ڕەچاوکردن هەیە، لەنێو پێکهاتە مێژووییەکەیدا، پاشان بە ئامرازە زانستییە هاوچەرخەکانی ئێمە و پێگەی ئایدیۆلۆژیی ئێمە بەستراوە، چونکە دەتوانێت گەوهەری پەیوەندییەکانی نێوان کەلەپوور لە شوێنی مێژوویی خۆی و ئینجا لە نێوان ئێستادا لە هەموو ناکۆکییەکانی خۆی ئاشکرا بکات. لەبەر ئەوە پرۆسەی ڕەسەنێتی و هاوچەرخێتیی لە کۆمەڵگەیەکەوە کاردانەوە و پاراستنی هاوسەنگی نێو کۆمەڵگەیەکی تری شارستانیی لە ناخەوە شەرعییەت و گرنگی خۆی پێدەبەخشێت، ئەم پرۆسەیە لە واقیعی پێگەیەکی ئایدیۆلۆژییەوە، کە لە ڕێگەی پێگەیەکی کۆمەڵایەتییەوە خۆی سەلماندووە و دەستەبەرکراوە).[2]

* لە سەرەتاوە دەبێت جیاوازی لە نێوان فۆرم و بۆتە لە پێکهاتەی موزیکدا بکەین، ئەوەی مەبەست لە فۆرمە، پێکهاتەی پێکهاتەیی بەرهەمی موزیکییە، جا چ لیریکی بێت یان ئامێری. سەبارەت بە بۆتە، چەمکێکە لە فۆرمەکە گشتگیرتر و فراوانترە و مەبەستمان لەو شێوازە ئاوازدانەیە، کە بەرهەمە موزیکییەکان کۆدەکاتەوە، کە لە فۆرمدا پێکەوە پێناسە کراون و تانۆس بەم شێوەیە پێناسەی دەکات "زاراوەیەک کە پێکهاتەی دەرەکی و ناوەکی بەرهەمی موزیک، واتە پێکهاتە و ناوەرۆکەکەی"بە یەکەوە گرێدەدات.
طنوس، يوسف، قوالب الموسيقى العربية بين النمطية والابتكار، المؤتمر الدولي الرابع: القالب والخطاب جدلية الفصل والوصل. إشراف، الأسعد الرواري، ٢٠١٦، ص ٣٣-٥٠

[1] - سمير بشة، التثاقف في الممارسة الموسيقية المعاصرة في تونس من خلال تجربتين لقاء 85 لأنور إبراهيم، تجليات لمحمد زين العابدين، بحث لنيل شهادات الدراسات المعمقة في علوم و تقنيات الفنون، المعهد العالي للفنون الجميلة، تونس، ٢٠٠٣، ص ٢٢و٢٣

[2] - مصطفى رمضاني، توظيف التراث واشكالية التأصيل في المسرح العربي، مجلة عالم الفكر، المجلد السابع عشر، العدد الرابع، و زارة الاعلام، الكويت، ١٩٨٧، ص، ٨١.

گرنگی و زانینی چۆنیەتی پێناسەکردنی کەلەپوور لە ڕەسەنێتیی وهاوچەرخێتی و نوێگەریدا، دواتر سرووشبەخشین بە جوانییەکانی لە کاری موزیکیدا، داهێنانی میراتێکی هاوچەرخ و نوێگەرییانەیە، کە بەهای کرداریی پێشکەش بە کەلەپووری زیندوو دەکات و ئینجا کاریگەرییەکی چالاکیش لە سەر ژیانی هاوچەرخمان و لە بنیادنانی بابەتی ڕاستەقینەی کاری هونەری جێدەهێڵێ.[1] بۆدۆزینەوەی تایبەتمەندیی وپێگەی ڕاستەقینەی شوناسی کەلەپوور لە ڕەسەنێتیی وهاوچەرخێتیی و نوێگەری و سرووشگیرکردنی جوانییەکانی لە کاری موزیکیدا سەرچاوەی گرتووە.

ئەو هاوکێشە هونەرییەی کە چەمکی شوناسی کەلەپووری لە ڕەسەنێتیی و هاوچەرخ و جوانی شاراوەی هەستەوەری لە کاری موزیکیدا بەیەکەوە دەبەستێتەوە و لە ڕێگەی وەدەستهێنانی ئەم خاڵانەوەش دەگاتە ئامانجی خۆی:

١- پەیوەندی هونەرمەند بە شوناس و کەلەپوور و دەوروبەر و کارلێکەرەکانی تری نێو ئەم پرۆسەیەوە، کە بێگومان کاریگەری لە سەر هەڵوێستەکانی بەرامبەر بە ژیان بەگشتی و بە هونەرەکەش بەتایبەتی جێدەهێڵێ.

٢- نوێگەری پرۆژەی زیندووی داهاتووە و کەلەپووریش خاڵی گەیەشتن و پەیوەندییە لەگەڵ واقیعی ڕەسەنێتی وهاوچەرخێتیدا.

**شوناسی کەلەپوور :**

بەشێکی بەرچاو لە نێو هەموو کۆمەڵگەیەک شوناسی خۆی و کەلەپووورە دیارەکەی دەکاتە قوربانی هەڵوێستەکانی، (ئاوا بێگومان ئەو هۆکارە دەبێتە هۆی ئەوەی چەند تاکێکی نیگەران و کێشەدار لە قەیرانی بیرکردنەوەی کەلتووریدا بن، ئەمەش وەک ڕاوێژنەکردنە بە ئینتیمای بوونێکی گەورەتر لە کیانی خۆیان، کە بەرژەوەندیەکانی ئەو شوناسە لە بەرژەوەندی خۆیان بە بەرزتردەبینێ. بۆیە کۆمەڵگە، پێویستی بە میراتێکی کەلەپووری هاوبەش هەیە، کە تێیدا هێزی خۆی بەرجەستە بکات، بەتایبەت لە بەرامبەر ئەو قەیرانانەی هەڕەشە لە بوونی

[1] - مصطفى رمضاني، توظيف التراث واشكالية التأصيل في المسرح العربي، سەرچاوەی پێشوو، ص٨٧

دەکەن. هەموو کەلەپوورێکیش پێویستی بە کۆمەڵگەیەکی هۆشیار هەیە، کە پارێزگاری لێبکات وپەروەردەی بکات).[1]

پێناسەی موزیک و کەلەپوور وەک مرۆڤ کۆنە، بەڵکو لە واقیعە جیهانییەکەیدایە و بە کۆنتریش دەبینرێ لە چەمکە گشتییەکەیدا، (ئەم بابەتە تەنیا بۆ کات بەسەربردن یاخود هونەر بۆ هونەر نەبووە، بەڵکو ئامرازێکی دەربڕین ئاسا بە ئاواز وڕیتمەوە بووە. کەواتە گرێدانی موزیک وەک کار و کاردانەوەیەکی پەیوەست بە ژیان ویژدانی مرۆڤ، پاشان بە کۆمەڵگە و دواتریش بەو هەڵچوونە جۆراوجۆرانەی کە لە ڕووی موزیکییەوە لە ناوەکانیدا دەرکەوتن، موزیک یەکێک لەو ئاوێنانە بووە کە تایبەتمەندییەکانی کۆمەڵگەی دەرخستووە، لە هەمانکاتیشدا پێکهاتەیەکی گرنگی شوناسیشی بووە، لەبەر ئەوە لە سەرئەنجامدا بووەتە توخمێکی بنچینەیی لەگەڵ چەندین لایەنی کلتوور و پێکهاتەکانی لە ویژدانی تاکەکانیدا).[2]

ئەرکی هونەرمەندی موزیکی ئەوەیە، کە بیرۆکە و بۆچوون و ئەزموونی خۆی بگەیەنێتە کەسانی تر و مرۆڤێکی هۆشیار و خاوەن ستایلی خۆشیی بێت، نهێنیی جوانی کاری هونەریی هونەرمەندی موزیسیان لە داهێناندا لە ئاراستەکردنی دەربڕینە هونەرییەکانی بێهاوتای خۆیەتی، جگە لەوەی لە بەرامبەر ململانێیەکی گراندا دەجەنگێ، گەیاندنی بیرۆکە و هەست و سۆزی داهێنەرانەی خۆی لەگەڵ موزیکدا لە قووڵایی گرانبەهای کەلەپوورەکە یەتی و جوڵاندنی هزری بۆ دۆزینەوەی خەیاڵەکانی داهێنان و تێکەڵبوونی هەستەوەری ئەبستراکی موزیکی لە فۆرم و بنیادا گرنگترین شتن، کە لە پێکهاتەی موزیکیدا بەدەستی دەهێنێت.

موزیک هەمیشە لە نزیکەوە بە کەلەپوورەوە بەستراوەتەوە و کێشەی نمایشەکەی بە شێوازی مامەڵەکردنی ئێمە گرێدراوە، کە چۆن بەکاری دەهێنین. (کەلەپوور لەلایەن مرۆڤی سەردەمەوە بەشێوەیەکی تۆکمە مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێ. ئەمەش جەخت لە پەیوەندی

---

[1]- محمد الجوهري، علم الفولكلور، دراسة الانثروبولوجيا الثقافية، دار المعارف، الطبعة الثانية، القاهرة، ١٩٧٨، ص، ٥٢٤

[2]- محمود قطاط، الحفاظ على الهوية العربية من خلال الموسيقي، وثائق المؤتمر الدولي حول التوجهات والرؤى المستقبلية للموسيقى العربية ٤، مسقط ١١-١٤ ديسمبر، ٢٠٠٤، ص٣٣.

موزیک بە کەلەپوور وەک ئاماژەیەکی بنەڕەتی دەکاتەوە، کە خولقاندنی خۆی لە پرۆسەی نوێبوونەوەدا تێیدەپەڕێنێت، ئەمەش بۆ گەیشتن بە کۆکراوەیی ئایدیا و جوانییەکانی ئەو موزیکە کە بتوانێ لەگەڵ واقعی ئەمڕۆدا یەکانگیر ببێت. ئەگەر بمانەوێت بەدوای چەمکی خستنەکاردا بگەڕین، دەبێت سەرەتا شوناسی دەربرین و دەرکەوتەکانی وپەیوەندییەکەی بناسێنین. کاتێک ئەم چەمکە (خستنەکار) بەستراوەتەوە بە چوارچێوەکانی (کەلەپووری و میللی). قوڵایی ماناسازیی کەلەپووری - لەڕووی فۆڕم و پانتایی هونەریی وچەمکەکەیەوە- میراتی کەلەپوورییەکە دەگۆڕێت بۆ کردارێکی داهێنەرانەی کاریگەر لە کاری موزیکیدا).[1]

زیادەڕۆیی نییە، بڵێین هێما کەلتوورییەکان سروشیان لە کەلتووری جەماوەری وەرگرتووە، لە شێوەکردن و گەشەسەندن و پێشخستنندا لە هێما فەرمییەکان تێدەپەڕێت، (بەردەوامبوون وپاراستنی شوناسی دەستەجەمعی ئەو بابەتە لە دەروونی خەڵکەوە هەڵقوڵاوە و لە نێوان ڕۆلەکانی گەلیشدا بڵاو بۆتەوە، بۆیە بە ڕاستگۆیی گوزارشتی لە ئێش و ئازار و خۆزگەکان کردووە و هەمیشە سنووری شوێن و کاتیشی تێپەڕاندووە و لەنێو نەوەکانیشدا بە زیندوویی ماوەتەوە و هەڵگری بنەما و داب و نەریت و کۆنباو و بەها پیرۆزەکانیان بووە).[2]

چەمکی کەلەپوور و شوناسەکەی، کە خۆی لە ڕەهەندە کۆمەڵایەتییەکان و بواری هونەری خستنەکاری لە نوێگەرێتیدا دەبینێتەوە، بەبێ چەمکی پاراستن و پارێزگاریکردنی بەردەوام تەواو نابێت، بۆیە گرنگیدان بە کەلەپوور ، نۆستالژیایەکی سۆزداری و خەیاڵی نییە، بۆ ڕابردوو، بەڵکو بەهای بنەڕەتی کەلەپوور لەوەدایە، کە نوێنەرایەتی میراتی میللەت لە دۆخ و سەردەمە جیاوازەکاندا بکات و هۆشیاریی میللەتیش نەوە دوای نەوە، وەکە خاڵێکی وەچەرخان ببەستێتەوە بە ڕۆحی خەڵک و سیمای نەتەوەیی و یەکگرتوویی ناسنامەکەیان. کەواتە فاکتەری بنەڕەتی پێکەوەنانی ژێرخانێکی هونەری و درککردن بە ڕۆڵی زیندووی کەلەپوور بۆ بنیادنانی کۆمەڵگەیەکی هۆشیار لە قووڵایی ویژدانی میللەتەوە نوێنەرایەتی دەکرێن، بۆ ئەوەی بتوانرێ وەکو بابەتێکی نەتەوەیی لە ناخی خۆیاندا هەڵیبگرن و گوزارشتی پێوەبکەن.

---

[1]- محمد عبد الرحمن الجبوري، عادل كريم سالم، عصام عبد الاحد, مستويات توظيف الموروث الشعبي في العمل الفني، مجلة كلية التربية الأساسية، العدد التاسع والخمسون، ٢٠٠٩، ص، ٦٦٦.

[2]- شريف كناعنه، من نسي قديمه تاه، ط١، مؤسسة الأسوار، عكا، فلسطين، ٢٠٠٠، ص، ٦٦.

(کەلەپوور گوزارشت لە سەردەمێکی دیاریکراوی کات و کلتوور دەکات، هەروەها گوزارشت لە هەموو ژیانێک دەکات، لە هەموو هەلومەرجەکاندا. پاراستنی ئەم چەمکە لە گەڕانێکی مەیدانی هەمیشەیی زانستیی بەڵگەنامەیی نەژاد و سەرچاوەکانی. دواتر هێشتنەوەی وەکو گەنجینەیەک و پێشکەشکردنیشی بە بەرگێکی نوێوە، هیچ کاریگەرییەکی نەرێنی لە سەردا جێناهێڵێ. لە هەمانکاتدا دەبێت ڕێگە بە ئازادی داهێنان و سروشگیریی کەلەپوور بە دیدێکی نوێ بە هونەرمەندان بدرێت، تا بنچینە بناسن و بیپارێزین و بڵاوی بکەنەوە و بە لۆژیکێکی کەلتووریی هاوسەنگەوە ئاڕاستەی کارێکی داهێنان ئامێزیان بکەن).[1]

(لە پێناسەیەکی تردا لە چوارچێوەی کێشەکانی پەیوەست بە کەلەپووری هونەریدا هاتووە، کە ڕاستەوخۆ هەردوو چەمکی کۆنباو و نوێگەریی خستۆتە بەر پرسیارگەلێکی مەعریفییەوە، چونکە ئەم دوو چەمکە پەیوەندی لەگەڵ چەمکی کەلەپووردا دروست دەکەن، کە ئایا کۆنباو و لاساییکردنەوە دەتوانن ببنە زەمینەیەکی شیاو بۆ نوێگەری موزیکیی؟ لە وەڵامدا دەڵێین دەشێ لاساییکردنەوەکەی نێو خودی خۆی دووبارەکردنەوە یاخود گواستنەوەیەکی کتومتی بابەتەکە بێ، بەڵام کەلەپوور ئەوەیە کە لە ڕابردووەوە وەک متمانەیەکی میراتی بۆمان ماوەتەوەو، دەبێت بپارێزرێت. ئەوە زەرورەتی پرۆسەکەیە، بەرهەمی هاوکێشەیەکی کەلتوورییە، کە لە کاتێک ی پێش ئێستا بەدیهاتووە و لێکۆڵەر بە میراتی گەورەی داناوە تا بیخاتە نێو پرۆسەی نوێگەرییەوە.

بەپێی ئەم پێناسەیە، لاساییکردنەوە دەرئەنجامی کەلەپوورە و گوزارشتە لە هەوڵدانێک بۆ بەرجەستەکردنی واقیع، کە لە ڕێگەیەوە گوتاری موزیکی لە سەر بنەمای سەرچاوەی ئاواز و ڕیتمەکان پێکدێت، هەروەها زمانی موزیکی و نموونەی موزیکی لەنێوبۆتەی کەلەپوورەوە سەرچاوە دەگرێ، کە زمانی موزیکی ڕستە موزیکییەکان هاوبەشی باری دەروونی موزیسیان دەکەن، کە پەیوەندی نێوان توخمە موزیکییەکان و پێکهاتەی سەرچاوەکان لە

---

[1] - رشاد علي طموم، التراث الموسيقي المصري بين الماضي والحاضر، مجلة الحياة الموسيقية، العدد ١٢، ١٩٩٦، ص، ٨٨-٩٢.

ئاواز و ڕیتمدا دیاری دەکەن، گەواهی ئەو بابەتەش ئەوەیە، کە توخمەکانی زمانی مۆزیکی لە تاکێکەوە بۆ کەسێکی تر دەگوازرێنەوە، هەروەها لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر، لە ڕێگەی پرۆسەی لاساییکردنەوە، بە پشتبەستن بە چەندین فۆڕمی مۆزیکی* باو لەنێو کۆمەڵگەدا).[1]

* فۆڕمی مۆزیکیی: - هەر بەرهەمێکی مۆزیکیی لە کۆمەڵێک پێکهاتەی پێکهاتەیی پێکدێت، کە نوێنەرایەتی بەشەکانی دەکەن و ئەوە ڕێکخستنی ئەم پێکهاتانەشە ئەو شتە دروست دەکات، کە ئێمە پێی دەڵێین پێکهاتە (پێکهاتە) یان (فۆرم)، خانە (Cellule) نوێنەرایەتی پێکهاتەی سەرەکی فۆرم دەکات و بچووکترین یەکەی فۆرماڵی مانادارە لە کارە مۆزیکییەکاندا و خانەیەک دەتوانێت لە ئامێرێک یان چەند ئامێرێک یان بارێک پێکبێت. بەزۆری لە دوو پێوەر تێناپەڕێت، بەمەرجێک ئەم پێوەرە یان (ئەم پێوەرانە) پێکهاتەیەکی میلۆدی وڕیتمییتەواویان هەبێت و کۆمەڵێک لەم خانانە ئەو دەستەواژە مۆزیکییە پێکدەهێنن، کە لە شێوەی (سەرەتا - لوتکە - کۆتایی) و کۆی ئەم دەستەواژە مۆزیکییانە پێکەوە بەشەکە پێکدەهێنن، کە کۆمەڵێک ڕستەی تەواون لە ڕووی بنیادنانی میلۆدی و ڕیتمی و زارەکییەوە، کە تێیدا بیرۆکەی بابەتەکە (Theme idea) سەربەخۆ و تەواو لە ئاواز وڕیتم و دەنگدانەوە لەنێو هەر مۆزیکێکدا، بەکاری مۆزیکیی ناو دەبرێت. https://www.alawan.org/2020/04/01

[1]- نداء أبو مراد، مركزية التقليد في عملية التجديد الموسيقي، النهضة العربية والموسيقى، خيار التجديد المتأصل، المجمع العربي للموسيقى، اشراف نداء ابو مراد، عمان، ٢٠٠٣، ص ١-٢

## ٢-٢ کەلەپوور لە ڕەسەنێتیی [*]و هاوچەرخێتیی [**]و نوێگەریدا[***]:

---

* **ڕەسەنێتیی:** ڕەسەنێتیی خۆی لە خودی خۆی وەرگرتووە، نەک لە دەسەڵاتی ڕابردوو. نەتەوەی داهێنەر نەتەوەیەکی ڕەسەنە بەو مانایەی دەمانەوێ گوزارشتی پێ بکەین. لە کەلەپووردا وەک لە هەموو کەلەپوورێکی تردا ڕەسەنێتیی بوونی هەیە و بەم مانایە ناسراوە. ئێمە ئەم جۆرە ڕەسەنێتییەمان نییە، چونکە هێشتا خودی ڕاستەقینەی خۆمان ناناسین کە بەو ساتە مێژووییەی تێیدا دەژین و ئەو شوێنە وهەلومەرجە بابەتییانەی کە بوونمان پێناسە دەکەن دیاری بکەین، بەڵکو بەداهێنانیش و بە ناوی ئەوەی شوناس و خودی خۆمانمان پێ دەبەخشێت. ئەو هەلومەرجە مێژووییە بابەتیانەیە کە واقیعەکەمان وەک گەل یان وەک نەتەوە پێکدەهێنن، بریتین لەو تەحەدا وچارەنووسانەی کە ڕوبەڕوومان دەبنەوە.

عباس عمر احمد مختار، معجم اللغة العربية المعاصر، ميم ١، ط١، عالم الكتب، مصر ٢٠١٦، ص ١٥٥)

ڕاستی و دروستیی ڕەسەنێتیی خۆی دەرناکەوێت و پێویستیش نییە بزانرێت، بەڵام بێشک شتێکی شایستەی ئەو جۆرە ستایشەیە، کەواتە ئەم ڕەسەنێتییە شایستەی شکۆداری چییە؟ لە ڕاستیدا پێچەوانەی ئەو شتەیە کە زۆر شکۆدارە بە ناوی "ڕەسەنێتیی"ەوە، واتە کەلەپوور نەک لەبەر ئەوەی کەلەپوور ڕەسەنێتیی نییە، بەڵکو لەبەر ئەوەی خۆی بە ڕەسەنی وەردەگیرێت، یان وەک ستانداردی خۆی، ئەمەش یەکێکە لە گەورەترین و درێژترین هەڵەی کە تێیدا دەژین، چونکە، ڕەسەنێتیی کات و مێژووی خۆیەتی نەک ڕەسەنێتیی ئێمە. (هانز ليک، ادوارد، الجميل في فن النغم، ترجمة غزوان الزركلي، الهيئة العامة للكتاب، دمشق، ٢٠٠٩، ص٤.

** **هاوچەرخێتی:** واتە هەڵکردن لەگەڵ ئەو چاخەی کە تێدا دەژیت و بەردەوام دەبێت لە کات و ژیاندا و کۆمەڵێک ئاراستە و بەها و شێوازی بیرکردنەوەن، کە پێویستە بە بەشداری چالاکانە لە کۆمەڵگەیەکی نوێگەریدا بوونیان هەبێ. الشهري، خالد توظيف العناصر الجمالية والزخرفية بمنطقه عسير في اثراء التصميم المعاصر رسالة ماجستير، غير منشوره جامعه ام القرى مكة المكرمة، ٢٠١٤، ص ١.

هەموو شتێک کە لە سەردەمێکدا نووسرابێت مانای هاوچەرخێتییە بۆ ئەوانەی لەو سەردەمەدا دەژین. واتە هاودەمکردنی دوو ڕووداو بۆ هاوپیشە جیاوازەکان و تەمەن ناوەند و ناوەڕاستی نێوان ڕابردوو و ئێستایە یان (خەسڵەتێکی ئەو سەردەمەیە کە پێکەوە لەگەڵ گۆڕاو پاداشتەکانی دەژین، یان کۆمەڵێک بەهای هونەری و ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتییە، کە ڕەنگدەرەوەی جۆرێک لە نووسەران یان شاعیران و هونەرمەندان و داهێنەرانن و باس لەو ئەو ژینگەیە دەکات، کە لێیوەی دەژین

Eduardo, Long man: Dictionary of English Language and culture, Long man 1993 P 274

*** **نوێگەریی:** زاراوەی مۆدێرن- نوێ، لە زاراوەی مۆدێرنوس-ی لاتینییەوە هاتووە بە مانای نوێ و تازە وهی ئێستە دێ، هی هەنووکە، هەر ئێستە دێ. ئەم زاراوەیە بە ڕای هابرماس بۆ یەکەم جار لە کۆتایی سەدەی پانزەی زایینی دەرکەوتووە. زاراوەی مۆدێرنیتێ (وەک باوە دەگوترێ مۆدێرنیتە، گواستنەوەیەکی هەڵەیە) لە مۆدێرنەوە هاتووە، سەرەتای بەکارهێنانی لە فەرهەنگی فرەنسی دەگەڕێتەوە ساڵی ١٨٢٣. بۆ یەکەمین جار بەلزاک بە مەبەستی دەستنیشانکردنی سەردەمێکی مێژوویی دیاریکراو بە کاری هێناوە، ئەو سەردەمەی مێژوونووسان بە سەردەمی نوێی لە قەڵەم دەدەن، واتە لە سەدەکانی ناوەڕاستەوە تا سەردەمی هاوچەرخ. بێجگە لەمە مەبەست لە مۆدێرنیتێ ئاماژەیە، بۆ ئەوەی نوێیە و تایبەتمەندی نوێی هەیە، بەرانبەر بەوەی کۆنە و خەسڵەتی کۆنی هەیە. هەر ئەم جیاوازییەش بۆ خۆی بابەتی نێوان کۆنخوازەکان و نوێخوازەکان بووە. کەسی مۆدێرن کەسێکی نوێ و هاوسەردەمە. لە ڕوانگەی میشێل فوکۆ-وە مۆدێرنیتێ نە سەردەمێکە نە سیستەمێکە، بەڵکو هەڵکەوت شێوازێکی بوونە، هەڵوێستێکە دەشێ تازە و لە ڕۆژەڤدا بێ، ئێتۆس-ێکی فەلسەفییە دەشێ وەک تایبەتمەندییەک وەربیگرین بەردەوام ڕەخنە لە بوونی مێژووییانەمان بگرێ. ئێتۆس واتە ئەو وێنایەی ئێمە لە سەر خودی خۆمان هەمانە. بۆ یەکەمین جار بۆدلێر ساڵی ١٨٦٣ وەک چەمکێکی نوێ لە بواری جوانیی بە کاری هێناوە، لە کتێبێکی خۆی بە سێ بەرگ بە ناوی «نیگارکێشی ژیانی نوێ Le peintre de la vie moderne

«کە تایبەتە بە کارە هونەرییەکانی هونەرمەند کۆنستانتا گایس بڵاوبۆتەوە، لەم کتێبە بەشێکی تەرخان کردووە بۆ زاراوەی مۆدێرنیتێ، بە شێوازێکی نوێی هونەری و کارکردنی ئەم هونەرمەندەی داناوە، وێڕای باسکردنی کۆمەڵێک زاراوەی دی وەک جوانی و ناشیرینی.

مۆدێرنیزم. موحسین ئەحمەد عومەر، کێشەی زاراوەسازی: مۆدێرنیتێ و ڕۆشنبیری

www.chawder.org

ڕۆلاند بارت نوێگەریی وەک تەقینەوەیەکی مەعریفی پێناسە کرد، کە مرۆڤی هاوچەرخ نەیتوانی کۆنترۆڵی بکات و دەڵێت: "لە نوێگەریدا وزە شاراوەکان دەتەقنەوە وهەوەسەکانی داهێنان لە شۆڕشی مەعریفیدا ئازاد دەکرێن و خێراییەکی سەرسوڕهێنەر و چڕی و بیرۆکەی نوێ دروست دەکەن، شێوە نائاشناکان وشێوەپێدانی سەرسوڕهێنەر دەخولقێنن. سعد البازعي، من التفعيلة الى قصيدة النثر، استجلاء لبعض مرجعيات القصيدة المعاصرة في الخليج والجزيرة العربية، مؤسسة جائزة البابطين، الكويت، ١٩٩٩، ص٧٢٦.

بابەتی ڕەسەنێتیی دەگەڕێتەوە بۆ ڕەگداکوتان و پەیوەستبوونی بە چەمکی شوناسەوە، (هەروەک چۆن گوزارشتە لە تایبەتمەندیی دەربڕینی ئەو کۆمەڵگەیانەی میراتی موزیکییان بۆ ماوەتەوە، یان لە ئەنجامی کەڵەکەبوونی کاریگەری نێوان کۆمەڵگە و شارستانیەکانی تر لە هەموو جومگەکانی نوێبوونەوەی هاوچەرخ لەگەڵ کۆن و نوێبوونەوە و کەلەپووری کۆن و نوێ، هەروەها پەیوەستبوونە بە سایکۆلۆژیەتێکی داهێنەرانەوە، کە لە سەردەمێکەوە بۆ سەردەمێکیتر گواستراوەتەوە، لێرەدا ڕەسەنێتیی بە مانای سنووردارکردنی نوێگەریی نایەت، بەڵکو لە سەر نوێگەری پێویستە کاریگەری خۆی بەسەر کایەکانی هونەردا جێ بهێڵێ، ئەمەشیان بێگومان لە نێوقوڵایی ڕەسەنێتییەوە سەرچاوەی گرتووە).[1] (نوێبوونەوە، واتە هێنانەدی ئەوەی باو نییە، وەک داهێنانی بابەتێک یان شێوازێک، کە بەدەرن لە شێوازی ناسراو و بە کۆمەڵی هاوڕا، یان پێداچوونەوە بە بابەتە میللییەکان وهەموارکردنەوەیان، بۆ ئەوەی بابەتە وەدیهاتووەکە داهێنەرانە دەربکەوێت).[2]

لە میراتی موزیکییەوە داهێنراوی داهێنەر وەردەگرین، ئەمەش ناوەرۆکی ئەم شێوازەی سەردەمی خۆمان و ژیان و ئەزموونەکانمان دیاردەکات. بۆیە (نوێکردنەوەی کەلەپوور مانای لاساییکردنەوەی کەلەپوور نییە، لە کەلەپوورەوە شوناسی بابەتەکان بەستراوەتەوە بە چەمکی هونەریی لەو بابەتە زیندووە و ئەم هەڵێنجانە لە کەلەپوورەوەیە، لێرەدا لە هێز و لاوازیدا جیاوازن و فاکتەری جیاوازیان هەیە، بۆ کاریگەری کۆمەڵگە و قووڵایی مێژوو و کلتوور وشکۆمەندی و دەوڵەمەندتربوونی بابەتەکە، بە هێما کەلتوورییەکانی و کەلەپوورە هونەرییەکەیەوە).[3]

کەلەپووری موزیکی و میراتی موزیکی دوو چەمکی هونەری گرنگن لە ڕووی واتا و دەربڕینەوە، هەرچەندە لە بواری پراکتیزەکردنەوە خزمەت بە یەک ئامانج دەکەن، کە میراتی

---

[1] - جاسم، فراس ياسين، جدلية العلاقة بين الأصالة والتجديد و تأثير العولمة في الموسيقى العربية، مجلة كلية التربية الأساسية، المجلد ٢٥، العدد، ٢٠١٩، ١٠٣، ص ٤٠٠.

[2] - عمر، احمد مختار، معجم اللغة العربية المعاصر، م ١، ط١، عالم الكتب، مصر، ٢٠٠٨، ص ٣٤٩

[3] - كناعنه، شريف، من نسي قديمه تاه، سەرچاوەی پێشووتر، ص٦٦.

شارستانییە، بەڵام لە ڕووی وردەکارییەکانی مانای مەبەستدارەوە تا ڕادەیەک جیاوازن. مەبەست لە کەلەپووری موزیکی، هەموو ئەو بابەتانە دەگرێتەخۆ کە بۆ ئێمە پارێزراون لەنێوکەلەپوور وکەلتووری گەلدا، کەچی میراتی موزیکی هەموو ئەو بابەتە موزیکییانەیە، کە سیمایەکی بەکۆمەڵیان هەیە، لە ڕووی داهێنان و نمایش و پێشوازییەوە، لە دایک و باوک و باپیرەکانمان لە ڕێگەی چاودێری و سەیرکردن و بیستن و گوێگرتنەوە فێری بووین وەرمانگرتوون و بە شێوەیەکی زارەکی بۆمان گوازراونەتەوە.

بەم مانایە، دەتوانین ئەو بابەتە بە پێوەرەکانی خۆمان بەهای "ڕاستییەکان" و بیرۆکەکانی پێ ببەخشین، بۆ ئەوەی ئەو توانایەی بدەینێ، کە هی ئێمە بێت، نەوەک ئێمە هی ئەو بین. کاتێک بەها و بەرهەمەکانی هاوچەرخێتی و نوێگەریی وەردەگرین دەبێت لەبەر ئەوە بێت، کە شەرعییەتمان پێداون ببنە بەشێک لە ئێمە، ئەمە ئەو کاتەیە، کە ئێمە مامەڵە لەگەڵ میراتدا دەکەین، ئێمە ئەو کەسانەین، کە هەڵسەنگاندن وحوکم وهەڵبژاردنی بۆ دەکەین و میراتی موزیکیش دەبێتە بەشێک لە ئێمە، بەشێک لە ڕەسەنێتیی ئێستامان، بۆیە ئێمە هی ئەوین بە سادەیی و بێ دوو دڵی، لەبەر ئەوەی ئێمە ئەو کەسانەین کە کردارەکە ئەنجام دەدەین، بەم مانایەش بێ ئەم دوو چەمکە دەبنە میراتی ئێمە.

کاتێک مرۆڤ خۆی و پێگەی خۆی لە بیربکات، ئەمە بە واتای لە بیرکردنی هەموو ئەو شت و بیرۆکەیانەیە، کە پێوەی پەیوەستە، جا لێرەدا مرۆڤ بیەوێت یان نەیەوێت، ئەوە ناوەندی بینینەکەیە. (بۆ لە بیرکردن یان نکۆڵیکردنی ئەم ڕاستییە مانای ئەوەیە کە بەردەوام خۆی ڕەت دەکاتەوە، چونکە شتەکان، بیرۆکەکان و ڕاستییەکان ئەگەر بۆ تۆ نەبێت، ئەمە مانای ئەوەیە، مرۆڤ لە هەموو ئاراستە و گۆشە و ڕوانگەکان دەورە دراوە. ئەمە بۆ مرۆڤ گونجاو نییە. واتە مرۆڤ لە ناوەندی بیرکردنەوە بێگومانەکەدا بڕیار بدات، تەنانەت ئەگەر نکۆڵیشی لێ بکات، بۆیە ئەرکی ئێمە ئەوەیە، کە هەمیشە ئەوە بەبیر مرۆڤ بهێنینەوە.

هیچ پێناسەیەک بۆ کەلەپوور وشوناسی موزیکی ناتوانێت ڕەخنە ببەخشێت، بە فەزڵی ئەوەی هەموو ئەو بەشدارییەی دەیکەین. هەمیشە ناتەواودەبێ ئەگەر تا ڕادەیەکی زۆر

نکۆڵی لە داب و نەریت و لاساییکردنەوە نەکرێت، بەم پێودانگەش بێ، ئاوا هەرگیز ناتوانین خەیاڵ و داهێنانی موزیکی بەدەست بهێنین). [1]

(بە ڕای تەڕابلوسی پێویستە شوناس لەنێوگرووپە تاکەکاندا، بە بژاردە وئەندامانی تری کۆمەڵگەوە سەرەڕای جیاوازییەکانیان، کە دواتر لەگەڵ فاکتەرە شارستانیی و مێژوویی و کۆمەلایەتی وئایینییەکاندا ئاوێتە دەبن بە نەگۆڕی بمێنێتەوە، بۆ نموونە لە ڕووی هزریی و میتۆدییەوە لە مامەڵەکانی نێوانیاندا). [2]

نوێگەریی بە هەلێک نەهاتۆتە ئاراوە، بەڵکو بە پێداگیری و ئەنجامی کەڵەکەبوون و بناغەی کەلەپووری گۆڕاو بووە، هەروەک هەموو داهێنراوەکان لە جووڵەی گۆڕانی بەردەوام لەنێوستایلێکی دیاریکراودا یان لە چوارچێوەیەکدا ئەمەش، بۆ ئەوەی بتواندرێ لەگەڵ ڕۆحی سەردەمدا هەنگاو بنێ.

(دینامیزمی کۆمەڵگە دەتوانێت دینامیکی کەلەپووری موزیکی بەرەو پێشەوە ببات، لە لایەکی ترەوە پەیامی کەلەپوور بانگێشت نییە، بۆ ستایشکردنی لە هەموو نەرێنییەکانی، بەڵکو ئەوە بانگەوازێکە بۆ تێگەیشتن لە کەلەپوور ، بۆ تیشک خستنە سەر هەموو ئەو شتانەی تێیدا ڕەسەنن و بۆ دووبارە ئاشکراکردن و پێداچوونەوەی کەلەپوور ، کە پێویستییەکی هەنووکەییە بۆ زانینی ئەوەی کە ئێمە لە ڕووی موزیکییەوە چیمان هەیە، بە هەموو سوود و زیانەکانیەوە، بۆیە ئەم خاڵە گرنگە ئاماژەیەکی ڕوونە، کە کەلەپوور هیچ کاتێک خۆی دووبارە ناکاتەوە، بەڵکو هەمیشە لە گۆڕانی بەردەوامدایە تا بتوانێ خۆی لەگەڵ سەردەمەکاندا بگونجێنێ). [3]

ڕەسەنێتیی بە مانای ئینتیما بۆ کەلەپوور نییە، بەڵکو (هەمیشە سەر بە گەوهەری شارستانیەتی میللەت و نەتەوە و شارستانیەتی خۆیەتی، بۆیە کەلەپووری سەر بە نەتەوە

---

[1] - سمير، بشة، التثاقف في الممارسة الموسيقية المعاصرة في تونس، سەرچاوەی پێشووتر، ص ٣٢.

[2] - سمير، بشة الهوية والاصالة في الموسيقى العربية، منشورات كام الشريف، الطبعة الاولى، تونس، ٢٠١٢ ص، ١٨٠-١٨١.

[3] - شهرزاد، قاسم حسن، الموسيقى العربية، الطبعة الأولى، بيروت، ١٩٨١، ص١٨٠.

نوێنەرایەتی شارستانیەتی وئینتیما دەکات، بەڵام ئەگەر بمانەوێت پێناسەیەکی ڕەسەنێتیی لە ڕوانگەی پراکتیزەکردنی موزیکییەوە بکەین ئاوا ڕەسەنێتیی کێشەی تێدەکەوێت هەرکاتێک هەوڵ بدەین ئەو موزیکە بکەین بە بابەتێکی لاساییکەرەوە. ئەم چەمکە ناسراوە بە ڕەسەنێتیی، هەندێک گۆڕانی پەیوەست بەو بیرۆکەیەی هەر کلتوورێک لە بەرهەمهێنان و قبوولکردندا هێمای هەیە، دەبێت بە وریاییەوە مامەڵەی لەگەڵدا بکرێ و نەکرێتە بابەتێک، کە لە هێڵە لۆژیکییەکانی خۆی لابدات).[1]

بۆیە کەلەپوور سەرچاوەی زانین و شارستانییەتە، کە بەردەوام شوناس و کەلتووری زیندووی لە سەر بنیاد دەنرێت، بۆیە کەلەپوور پێکهاتەیەکی بنەڕەتیی ناسنامەی دەربڕین و گواستنەوەی بەها هونەرییەکانییەتی بۆ نەوەکانی ئایندە، ئەمەش بەرپرسیارێتی و پەیامێکی گرنگ و لە هەمانکاتیشدا لەبەرچاوگرتنێکی گەورەی سامانی مرۆیی کەڵەکەبووە، بە درێژایی مێژوو لە ڕۆحی نەتەوەیی دانەبڕاوە. (پاراستنی کەلەپوور بەو ستایل و شێوە دەربڕینانەی خاوەنییەتی، دەمانگەیەنێتە ئامانجی خۆی، کە خۆی لە بەرجەستەکردنی کەلەپووری ڕەسەن لە فۆرمی هاوچەرخێتی و نوێگەرێتیدا دەبینێتەوە.هەر لەو چوارچێوەیەدا ڕەسەنێتیی بە بەستنەوەی بە نوێگەرییەوە، چەمکی خۆی دیاری دەکات، کاتێک ، کە ناواخنی مەسەلەی دیاریکردنی پەیوەندی نێوان هەردوو چەمکی ڕەسەن و نوێ شرۆڤە دەکرێن، بۆیە هەمیشە پێناسەی ڕەسەنێتیی بە شێوەیەکی سەرەکی پەیوەستە بە پێناسەی کەلەپوورەوە و لە کۆنتێکستی جیاجیاشەوە دەکرێت ببەسترێتەوە بە نوێگەرییەوە، بەمەرجێک لە خزمەتی ڕەوتی خستنەکاری کەلەپوور بێت لە بابەتێکی سەردەمیانەدا).[2]

---

[1]- عزيز، الورتاني، الأصالة والتراث الموسيقي العربي، ٢٠١٣، ص ١٢٥
http://www.arabmusicmagazine.com./index.php/

[2]- محمد صالح المراكشي، في التراث العربي والحداثة، الطبعة الأولى، مكتبة قرطاج للنشر والتوزيع، تونس، ٢٠٠٦، ص ٦.

جووڵانەوەی ئەمڕۆی واقیع، (ئاماژە بە پێویستی نوێبوونەوە دەکات لە سەر بنەمای کەلەپووری موزیکی کۆنباو* و میللی، نوێبوونەوەی دەربڕینی موزیکی لە سەر بنەمای سروشگیریی وەرگیراو لە کەلەپووری کۆنباو و میلليی بووەتە پێویستییەکی بەپەلە بۆ دەستەبەرکردنی هەلومەرجی سەردەمیانە وپێداویستییە موزیکییەکانی هونەرێک، لە سەر بنەمای چوارچێوەیەکی ڕەسەن سەرچاوەی گرتبێ، بۆ ئەوەی لەگەڵ پێداویستییەکانی سەردەمدا بڕوات، ئەمەشیان بۆ پاراستنی لە هەستی نامۆیی یان پشتبەستن بە ڕۆژئاوا و دابڕان لە کەلتووری نەتەوەکەی. دیالێکتیکی ڕەسەنێتیی وهاوچەرخێتیی لە ئەزموونەکانی موزیکی عەرەبی هاوچەرخدا خەریکە لە نێوان بۆچوون و بۆچوونەکانی تردا دەشەکێتەوە، کەسانێک هەن، کە بەکارهێنانی میلۆدی ڕۆژهەڵاتی لەنێوتێمپلەیتەکانی ئەوروپادا یان دابەشکردنیان، لە لەلایەن ئۆرکێستراکانەوە بۆ ناسەقامگیرکردنی شێوازی ڕۆژهەڵاتیی ڕەسەنیان ئەنجام دەدرێن، لە لایەکی تریشەوە کەسانێک هەن کە لە سروشتدا پێشوازی لەو جۆرە کارە هاوچەرخانە دەکەن، بەهۆی ڕۆڵی پۆزەتیڤی کەلەپووری کەلتووری بۆ بیری مرۆڤ و بە وەبەرهێنان و سروشگیریی بەخشی ئازادانە دەیچوێنن). [1]

ڕەسەنێتیی موزیکیی بە لاساییکردنەوەی ئەوانەی پێش ئێستا نایەتەدی، بۆ ئەوەی بیانناسینەوە و سوود لە بیرۆکە وئەزموونەکانیان وەربگرین، بەڵکو (ئەم ڕەسەنێتییە، بۆ ئەوەیە، کە بتوانین گوزارشتی داهاتوو و نوێ دروست بکەین. ئەوەی ئێمە ویستمانە لە دووپاتکردنەوەیە لەم بوارەدا، کاتێک ئێمە کارێکی موزیکی لاساییکردنەوە بەرجەستە دەکەین، بە ناوی ئەو کەسانەوە گوزارشت دەکەین کە دەیانەوێ فۆڕمی نوێ بنیاد بنێن،

---

* موزیکی کۆنباو کۆمەڵە موزیکێک نیشان دەدات، کە بە کلتورێکی نەتەوەیی یان ناوچەیی یاخود ناوچەیەکی جوگرافی لکێندراوە. موزیکی زارەکی یان میللیی بە گوێ دەگوازرێتەوە، بەڵام هەندێک لە باندەکان و موزیکژەنانی ئێستا پێیان باشە بیانجولێنن بەسەر بەشەکاندا بۆ تێگەیشتن و پۆلێن کردنیان. موزیکی میللیی جیاوازترە لە موزیکی فۆلکلۆر، چونکە تەرکیز ناکاتە سەر پیشاندانی ڕابردووی موزیک، بەڵکو لە سەر زیندووکردنەوەی موزیکی پەیوەست بە کەلەپوورە کەلتوورییە میللییەکان لە حالەتی خۆیدا دەوەستێ. علي، اوس حسين الموسيقى من الالف الى الياء، مكتب عالم المعرفة، بغداد، العراق، ٢٠١٦، ص ٣٣٥

[1]- حنان ابو المجد، الاندماج العضوي بين موسيقا الشرق والغرب، مجلة الموسيقى العربية، المجمع العربي للموسيقى، جامعة الدول العربية، وزاره الثقافة في الجمهورية العربية السورية، العدد ١٤، سوريا، ١٩٩٥، ص٨٧

بەڵام  ئەگەر شتێکی نوێ بەرهەم بهێنین، ئاوا بە ناوی تاکگەرایی نوێوە قسە دەکەین، چونکە دوورکەوتنەوە لە ڕێبازە موزیکییەکان، کە وەک تێڕوانینێک شێوە دەگرن کارێکی وا سادە وئاسان نییە).[1]

(نوێگەریی لە بۆشاییەوە نەهاتووە، بەڵکو هەوێنەکەی لە کەلەپووردا بە ئاسانی هەستی پێدەکرێت و دەبینرێت، ئەم ئاساییتییەش وایکردووە پسپۆڕی کەلەپووری لەنێو خودی کەلەپووری خۆیاندا نوێگەرییتی خۆیان بەدەست بهێنن. بۆیە خەڵک نوێگەری بە ئاسایی لە کەلەپووری ئەوانیتردا بەدی ناکات، ئەمەشیان پەیوەندی بە نموونەی نوێگەریبوون لە کۆمەڵگەدا هەیە، تێڕوانینێک لەو بابەتە پەرەپێدراوە ئەوەیە کاتێک دەبینین ڕۆژئاوا سۆزی ڕۆژهەڵات ئاوێتەی نموونەیەکی هونەری خۆی دەکات. لەو وەرچەرخانەدا و لە سەردەمی مێژووی هاوچەرخدا دیارە، کە بواری موزیک لە پەراوێزی نوێگەریی وپەیوەندی کەلەپووری بە واقیعی هونەرییەوە گەیشتۆتە ترۆپکی ناساندنی خۆی، واتە لە نێوان نموونەی هونەری ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵاتیدا نوێگەری ورێبازی پێشکەوتن لە ئارادایە وهاوچەشنی ئەو ڕەوشەیە کە موزیک تێیدا پابەندی کاری ڕەسەن و نوێگەرییانە بووە. کەلەپوور دەتوانێت لە دەرەوەی بیرکردنەوەی تەسکەوە ئاوێتەی نوێگەری ببێت، ئەمەش بە دیاریکردنی مەزهەبێکی هاوچەرخ و دواتر پێوانەکردنی کەلەپووری لە سەری، هەروەها کەلەپوور دەتوانێت لە ناوەوەش ئاوێزانی داهێنانێک بێت بە تیشک خستنە سەر گرنگترین لایەنەکانی میراتی کەلەپووریمان، بۆیە درەوشانەوەی موزیک لە کەلەپووردا خاڵی کۆبوونەوە وپەیوەندییە لەگەڵ واقیعی هاوچەرخ و نوێگەریمان).[2]

هاوچەرخێتی لە موزیکدا هیچ سنوورێکی بۆ خەیاڵی هونەرمەند نییە، چونکە زمانی موزیک بە شێوەیەکی بنچینەیی زمانی حاڵیبوونە لە یەکتری بۆ ئاسۆی نوێبوونەوە، لە سەر زەمینە

[1] - سمير بشة، في التراث الموسيقي، ٢٠١٦سەرچاوەی پێشووتر، ص ٧٧.
Httpi//samirbesha.com/ar/autour-du-patrimoine-music

[2] - هاني، جرجس عياد، جدلية التراث والحداثة في خطاب الموسيقي العربي، التراث في مواجهة الحداثة، ٢٠١٧، ص٦١.

بابەتییەکانی موزیک و کەلەپووری خەڵک چەندین قۆناغ و ڕێگە و خاڵی وەچەرخان هەن کە گوزارشت لەگەڵ مامەڵەکردنی کەلەپووری پەیوەست بە کۆن وتازە بابەتەکان دەکەن، گرنگترینییان:

١-( هاندانی پێکهاتەی موزیکی نوێ لە سەر بنەمای گەوهەر و پێکهاتەکانی کەلەپوور .

٢- سروشبەخشی ئاوازەکانی کەلەپووریی لە دانراوە موزیکییەکاندا بە هاوکێشەیەکی نوێ و هەبوونی چوارچێوەیەکی هونەرییەوە دارێژراون.

٣- دووبارە دارشتنەوەی هەندێک پارچە موزیکی کەلەپووری، بە زمانێکی موزیکی نوێ و پاراستنی چوارچێوەی دەرەکی و ناوەرۆکی گشتیی بابەتەکە.

جیاوازی ڕوانینی دانەرێکی موزیکی بۆ لە دانەرێکی تر بەپێی زمانی موزیکی جیاوازە وهەندێ جار نارەزایی و چێژ و تێگەیشتنی خەڵک بەو مانایە نییە، کە ئێمە ڕەتی بکەینەوە، یان بنچینەکە بشێوێنین، چونکە پرۆسەی چێژ وەرگرتن هەردەم پەیوەستە بە سروشتی ئەزموونی موزیکی گوێگرەوە).[1]

لە ڕێگەی ئەو پێناسانەی سەرەوە بەو ئەنجامە دەگەین، کە نوێگەریی زاراوەیەکی فرە چەمکە و جیاوازە لە ڕوانگەی ڕەخنەگرانەوە، هەر یەکێکیش بەپێی تێگەیشتنی سەردەمیانەی خۆی پێناسەی خۆی بەم چەمکە داوە، لێرەوە دەتوانین بڵێین، کە کەسانێک هەوڵیان داوە درزێک بخەنە نێوان نوێگەریی و کەلەپووردا، هەندێکیتر ویستوویانە کەلەپوور بە ئێستاوە گرێ بدەن. (لە بەرامبەر ئەم فرەیی پێناسانەدا تێبینیمان کرد، کە نوێگەریی نوێنەرایەتیی هاوبەشی نێوان ڕەخنەگرانی گەلان دەکات لە ڕووی چەمکەکانی فەلسەفی و زانستی و کۆمەڵایەتی وهونەری و ئەدەبییەوە، بەپێی پرەنسیپی گەشەسەندنەوە.

بەرهەمی ڕەسەن لەوانەیە کۆن یان هاوچەرخ بێت. ڕەسەنێتیی لە سەرووی هەموو شتێکەوە ئەنجامەکان جێبەجێ ناکات، بەڵکو زۆرجار هاوکێشەیەکی نوێ و دەربڕینی ژمارەیەک لە توخمە ناسراوەکان یان دەربڕینەکانە، ئەوە پرۆسەی یەکخستنەکە بوون یان پێکهاتەیەکی

[1]- طموم، رشاد علي، التراث الموسيقي المصري بين الماضي والحاضر، ص٨٨-٩٢.

نوێ دەبەخشێت. ئەمە ئەو پرۆسە دەوڵەمەند وئاڵۆزە تێکەڵەیە، کە بە کاراکتەری خۆی دیاری دەکرێت، کە بەرهەمی ڕەسەن لە وتە یان بەرهەمهێنان جیا دەکاتەوە. بۆیە، لێرەدا نەژادی بابەتەکە چەند ڕەسەن دەربکەوێت، ئاوا بە پێوەری ئێستا پرتر دەچێتە نێو مێژووی پڕ بایەخی خۆی و پتر گرنگیشی پێدەدرێت). [1]

ئێمە خوێندنەوەیەکی نوێگەریی کەلەپوورمان دەوێت، کە خۆی بەدوور بگرێت لە کەوتنە ناو خوێندنەوەیەکی کەلەپووری بۆ ئەم سەردەمەوە، بە واتایەکی تر (ئامانج لە پشت خوێندنەوەی خۆی وەک "خوێندنەوەیەکی هاوچەرخیی کەلەپوور" خۆبە دوور گرتنە لە کەوتنە ژێر دەسەڵاتی کەلەپووری، بەڵام ئەمە مەترسیدارترین شتە، کە ئێمە ڕادەکێشێت بۆ "خوێندنەوەی کەلەپووری ئەم سەردەمە"، واتە بۆ درێژکردنەوەی ڕابردوو، بۆ ئەوەی لە جیاتی ئێستا و داهاتوو ڕەفتار بکات). [2]

نەوەکانی خاوەن بەهرەو سەلیقەی هونەری بەپێی توانا و داهێنان و دەربڕینە دەروونییەکانییان، بەشداری کارایان لە جووڵە و گۆڕانکاری و گەشەکردنە موزیکییە کەلەپووری و کەلتوورییەکاندا هەیە، (ئەوان بە خستنەکار و مامەڵەکردنی هونەری لەگەڵ بابەتی کەلەپوور و کەلتووریدا، لە ئێستا وئایندەدا لە کاری موزیکیدا، هەمیشە بەرپرسیارن بەرامبەر لە دەستنەدانی سیما و ڕۆح و ڕەسەنێتیی بابەتە هونەرییەکان. بەشێوەیەکی گشتی مەسەلەی ڕەسەنێتیی و میراتی کەلتووری هەمیشە گفتوگۆ و مشتومڕی بەردەوام بووە، هەروەها قوڵکردنەوەی چەمکی کەلەپوور و پەیوەندی بە نوێبوونەوە هەیە، ئەوی دواییان بە هاوشێوەکردنی کەلەپوور دادەنرێت لە چوارچێوەیەکی هاوچەرخدا، کە تێیدا ڕەسەنێتیی کەلەپووری ناتوانرێت لە واقیعی زیندوو جیابکرێتەوە، بەڵکو توخمێکی گۆڕاو و گۆڕێنەرە، چونکە کەلەپوور وەکو مەزهەبێکی نەگۆڕی تیۆری و واقیعی هەمیشەیی نییە، بۆیە ڕەنگە

---

[1]- محمد، عابد الجابري، التراث والحداثة، دراسات و مناقشات، مركز دراسات الوحدة العربية، الطبعة الأولى، بيروت، ١٩٩١، ص ٤٠-٤١

[2]- سەرچاوەی پێشوو، ص ٥٠.

ئەم گوزارشتە لە پەیوەندی ڕەسەنێتیی بۆ نویگەریی هەوڵێک بێت بۆ گونجاندنی بابەتەکە لەگەڵ پێداویستییەکانی ئێستادا). [1]

لە ڕاستیدا هەموو کلتوورێک لە سەردەمی نوێخوازیدا هەوڵ دەدات لە ڕێگەی هەموو هاندەرێکی گونجاوەوە بوونی خۆی بسەپێنێت، بەڵام ئەوەی کۆتوبەندی کەلتوورییەکەی دەکات، (ئەو پەیوەندییە داهێنانە هونەرییە لەنێواخنیدا، بەتایبەتی لە موزیکدا شوناس ورەسەنێتی. هەندێک پێیان وایە کاری موزیکیی لە دونیای ڕۆژهەڵاتدا لە دایکبوونێکی سروشتی نەبووە، لە ڕابردوودا بەلایەنی کەمەوە، موزیک پەیوەندییەکی ئەوتۆو ڕەنگدانەوەی بە ئێستاوە نەبووە و موزیکی ڕۆژهەلاتی نەیتوانیوە پردی پەڕینەوە بۆ کارەکانی، لە نێوان کلتووره جیاجیاکان دروست بکات). [2]

قسەکردن لە سەر پەیوەندی نوێگەری بە کەلەپوورەوە دەمانگەڕێنێتەوە بۆ چەمکە فەلسەفییەکان و پەیوەندی خودی بابەتەکە لەگەڵ ئەویتردا، هەروەها ڕەنگە کێشەیەکی پەیوەست بە گونجاندنێکی کۆمەڵایەتی و شارستانی لە ژێر ڕۆشنایی گۆڕین و تەوژمەکانی هزری و نەتەوەیی ڕۆژئاوایی هەبێ، کە چۆن کەلتووری ڕۆژهەڵاتیان خستە ژێر هەیبەت و دزەپێکردنی پرەنسیپەکانی. پاراستنی کەلەپووری موزیکیی ڕۆژهەڵەتی لە شێواندن و گۆڕان، لە تایبەتمەندییە تەکنیکییەکانی ئەو گەلانەیە، کە خاوەن میراتێکی موزیکی لەبنەهاتووی ڕەسەنن، چونکە هەرئەو ڕەوتە نوێگەرییە دەتوانێت ئەو میراتە بگەیەنێتە نەوەکانی ئێستا و هەژموونی خۆی بەسەر کۆمەڵگە پێشکەوتووەکانی جیهاندا بسەپێنێت.

[1]- حسن حنفي، التراث والتجديد موقفنا من التراث القديم، سەرچاوەی پێشووتر، ٢٠٠٢، ص١٣.
[2]- سمير بشة، الهوية والاصالة في الموسيقى العربية، ص٦٢.

## ٢-٣ سروشگیریی* کەلەپوور لە کاری موزیکیدا**:

(سروشگیریی لە مێژووی شارستانیەتی مرۆڤایەتیدا، بە پتەوترین و نزیکترین شێوە پەیوەندی بە ئایینەوە هەبووە. کاتێک باس لە سروشگیریی دەکرێت بیرکردنەوەکانمان ڕاستەوخۆ بەرەو ڕووی ڕۆحی کەسایەتی مرۆڤەوە دەچن و بە دوورە پەرێزییەوە لەنێو بیرگەی کەلتوورییەوە جێگیر دەبن، بۆیە ئەرستۆ ئەو لۆژیکەی بە تەواوی ڕەتکردەوە کاتێک گوتی شیعر لە قووڵایی سروشتی مرۆڤەوە هاتووە).[1]

ئەم دیالێکتیکە بە هەڵایساوی دەمێنێتەوە، (مەبەستمان پەیوەندی داهێنانە بە هەست و نەستەوە، یان دارمانی بە کاریگەریی دەرەکی و هاندانی ناوەکی یاخود لە نێوان بابەتی خۆرسک و دروستکراودا - ئەو تیۆرانەی میتۆدی دەروونی لە نێوان هەست و نائاگایی لە دارشتنی تەلارسازی داهێنەر باڵا دەستن، لێرەدا ڕۆڵی کاریگەر دەبینن، لەم بارەیەوە دی لاکروا دەڵێت: سروشگیریی بوونی خۆی هەیە، بەڵام ئەم بوونە بۆ ڕوونکردنەوەی داهێنان

* سروشگیریی: ئاماژە بە هەوڵی نووسەر دەکات بۆ داهێنانی کارێکی ئەدەبی نوێ لە سەر بنەمای فۆرم و ناوەرۆکی خۆی یان هەردووکیان بۆ کەلەپوور ، هەندێکیشیان بواری سروشگیریی فراوان دەکەن بۆ دەوردانی جۆرێک لە کەلەپوور ، کە لە ڕۆحی سەردەمی نوێوە وەرگیراوە، کە هونەرمەند زیندووی دەکاتەوە یان بۆ ئەوەی کەلەپوور کاری هونەریی وەک دیکۆرێک بۆ ڕووداوەکانی سەردەمی وەربگرێت، بەم شێوەیە چاوپێکەوتنی نێوان کۆن و نوێ یان کاری هونەریی خۆی لە ناوەرۆکێکی نوێ وەک کەسایەتیی میللیی گونجاندبێت. یان کاری هونەری لە کۆن و نوێ و ناوەرۆک بخوازێت. طاهرة داخل طاهر، الموقف الانتقائي واهمیتة في توظیف التراث للطفل، قسم اللغة العربیة، کلیة التربیة الاساسیة الجامعة المستنصریة ٢٠١٤، ص ١٠.

** کاری موزیکیی یان پارچە موزیک کارێکی هونەرییە، کە لە دەنگ و ڕیتم پێکهاتووە و فۆرمێکی موزیکی لەبەرچاو دەگرێت و بەرجەستەی دەکات، کە چۆن ئاوازەکان لەگەڵ کات و بیستن و لە ئاستی هەستکردن بە موزیکدا تێپەڕ دەکەن، دواتریش ڕۆڵی سەرەکی لە پێکهاتەی کارەکەدا دەگێڕێت ورێگەش بە تێگەیشتن لەو کارە دەدات و ئەو پرۆژەیەش لە کۆتاییدا بە پرۆژەی ئاوازدانانی تایبەت ناوزەد دەکرێت. (علي، اوس حسین الموسیقی من الالف الی الیاء، مکتب عالم المعرفة، بغداد، العراق، ٢٠١٦، ص ٣٤)

کاری موزیک مانای هەیە وهیچ بایەخێکی نییە، واتە لەوانەیە بوترێت کە غەمگینە، دڵخۆشکەرە، سەمائامێزە، قارەمانێتییە، بەڵام موزیک دەوڵەمەندتر و قووڵتر دەمێنێتەوە. ئەمەش بە شێوەیەکی سەرەکی دەگەڕێتەوە بۆ جیاوازی نێوان یەکەی دەنگی موزیکی ویەکەی دەنگی زمانی، کە یەکەمیان جوانییەکەی لە پلەی یەکەمدایە و دووەمیان تەنیا مانایە. دەنگ ڕەهەندێکی دەربڕینی هونەریی هەیە، بەڵام ڕێنیشاندەر نییە، ورەنگە جوانییەکانیی لە ناوچوون و مانا تاریکەکەی داپۆشیبێت. الشوک، علی، الموسیقی بین الشرق والغرب، منشورات الجمل، (ط ١)، کولونیا، المانیا، ١٩٩٧، ص ٢٨٢.

[1] - عزیز ماضي شکري، في نظریة الأدب، دار الحداثة، بیروت، ١٩٨٦، ص٣٩.

بەس نییە. ئەوە بەرژەوەندیی هونەرمەند نییە، کە لە بەرامبەر سەنگەری سرووشگیرییدا بوەستێت، بەڵام ڕەنگە سوودی گەورەی ئەوە بێت، کە بتوانێت ئەو تیشکانە کۆنترۆڵ بکاو و لێیان ڕامێنێ).[1]

ئەمە مانای ئەوەیە سروشگیریی بەو ئاڕاستەیە هەنگاو بنێ، کە مەبەستمانە. هەرچۆنێک بێت دەتوانین لە زاراوەی سروشگیرییەوە و لە چەمکەکەی خۆیدا هێڵی مانابەخش بکێشین. لە سەردەمی ئێمەدا ئەزموونێکی سۆزداری هەنووکەیی هەیە، کە هونەرمەند پێیدا تێپەڕدەبێت. ئەم کاریگەرییە ئەزموونێکی کەلەپووری جێگیر لە یادەوەریدا جێدەهێڵێ، ئەزموونی کاریگەری بیرخەرەوەکانی یادگە پێویستە لێرە بەرزببێتەوە. پاراستن و خوێندنەوەی ئەو شارەزاییە هونەرییەی داهێنەری کارەکە ئەنجامی دەدات. بناغەی کارلێک لە نێوان بەهرە و سەرمایەی هونەری پێکدەهێنێت، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی هونەرمەند بەردەوام کاری داهێنەرانە بەدوای خۆیدا بهێنێت.

(ئێمە بانگەشەی ئەوە ناکەین زاراوەی سروشگیریی بەخش لە هەموو کەیسەکان و پێداویستییەکانی، بەمانا هونەرییەکەی خۆی بە لاڕێدابردنی دیدگەی هونەریەکەیەتی، بەڵکو ئەمە دیدێکی هاوچەرخە، کە پێویستی بە ڕازیبوونێکی پتەوی جدییەتی کەلەپوور هەیە، لە ڕێگەی پەیوەندی ڕاستەوخۆی ئەو بابەتە بە شوناسەوە، لە ئەنجامدا گەڕانەوەیەکی هوشیارانەیە بۆ هونەر و ڕەگەزە دەوڵەمەندەکانی خۆی بۆ چاکسازی و بەکارخستنی. دەکرێ سەیرکردنی سروشگیریی بەوە ببەسترێتەوە کە بنیادێکی داهێنەرانەی ئایندە بەخشە، لە هەمانکاتدا ڕووبەڕوو بوونەوەی بابەتە سواوەکانە، ئەمەیان جووڵانەوەیەکی مەبەستدارە لە نێوان هەستەوەری دەستەجەمعی لە یادگەی جەمارەوە سەرچاوەی گرتووە، ئەمەشیان هەرگیز لە زەمەنی خستنەکاری کەلەپوورەوە دانابڕێ).[2]

---

[1] - مصطفى سويف، الأسس النفسية للإبداع الفني، دار المعارف، ط ٣، القاهرة، ١٩٦٩، ص١٩١.

[2] - خليفة، علي عبد الله، استلهام التراث الشعبي في الاعمال الابداعية بمنطقة الخليج والجزيرة العربية، ٢٠١٦، ص٢٤٨.

دەتوانین دەست لە جومگە بنەڕەتییەکانی سروشگیریی بدەین و بە لێکۆڵینەوە ڕاستی ئەو مادده کەلەپوورە سرووشگیریی بەخشە لە(ڕەگەکانی، بنچینەکانی، بەراوردکاریی وپێکهاتە داهێنەرەکان)ی شرۆڤە بکەین و چۆنیەتی پێکهێنانی کارێکی داهێنەرانەی نوێ لە سەر سنوورە کۆنەکانی و لە داهێنانی پەیوەندی دیالکتیکی نێوانیاندا، کە لە ڕێگەیەوە تایبەتمەندیی و بێهاوتا و لێکجیایی کاری (هونەری نوێ. وەک کارێکی هونەری کەرەستەی کەلەپووری بەرجەستە دەکات، دواتر دەبێتە ماسکێکی میتافۆری، کە هاوتەریب لەگەڵ پرۆسەی سرووشگیرییدا بێت و بگونجێت. هەروەها ڕەهەندێکی مانایی بۆ بابەتەکە زیاد بکات. بۆیە لێرەدا کۆمەڵێک هەست وهەستکردن یاخود دەرخستنی خەیاڵ، بەندە بەوەی، کە ئەم کارە داهێنەرە نوێیە تاڕادەییێک بەشداری لە تیشک خستنە سەر کەرەستەی کەلەپووری خۆی وتەقاندنەوەی مانای شاراوەی ئاشکرای دەکات و لە زەمەنێکدا زیندووی دەکاتەوە. کەلەپووری میللیی دەتوانێ ڕۆڵی یەکلاکەرەوە لە بینینی واقیعێکی هونەری نوێخواز ببینێت).[1]

پرۆسەی سروشبەخشی میراتە میللییەکان خۆی لە خۆیدا ملکەچی تواناکانی خودی هونەرمەندە بۆ سروشگیریی پەخشکردنی بابەتەکەی خۆی و بەرپرسیاریێتی ئەو هونەرمەندە کە توخمەکان یان تێماکان لە میراتە میللییەکانەوە دەگێڕێتەوە، (لێرەدا هونەرمەند دەبێت بە باشی وتۆکمەییەوە مامەڵەی لەگەڵدا بکرێ. بۆیە پێویستە گرنگی بەو هونەرمەندە بدەین، کە ئەو ماددەیە بەکاردێنێت وتا ڕادەی ڕەسەنێتیی خۆی لە داهێنانی جەماوەریدا دەیگێڕێتەوە، هەروەها پێویستە مانا وئاماژەکان لە کارە هونەرییە میللییەکەیدا بەکار بهێنێت، دواتریش وەکو فۆڕمێکی هونەری بناسرێتەوە، بۆ ئەوەی پەرۆشی و سۆزی هونەریی بگاتە ئاستی لێپرسینەوە. هەروەها هونەرمەند دەبێت ئەو توخم و بابەتانە بەکاربهێنێت، کە لە ڕاستیدا داهێنانی باو و بەکارهێنانی کارە بەرهەمهێندراوەکە لە ڕەسەنێتیی خۆی بپارێزێ، بە

[1]- محمد رجب النجار، توفيق الحكيم والادب الشعبي، عين للدراسات والبحوث الانسانية والاجتماعية، الطبعة الاولى، القاهرة، ٢٠٠١، ص١٢.

لەبەرچاوگرتنی ئەوەی هەموو توخمێکی داهێنانی جەماوەری بە کەسانی ترەوە بەستراوەتەوەو هەریەک لەمادده کەلەپووره میللییەکان هەمیشه پەیوەستن بە بابەتەکانی تری میراتی میللییەوە). [1]

سروشگیریی لە دایکبوونێکی هەڕەمەکی نییە، بەڵکو بابەتێکی ڕێنوێنیکراوە، لە سەر بنەمای زیرەکی وڕەفتاری باش وهۆشیاری بنچینە هونەرییەکان و ئەرشیفەکانی بنیادنراوە، (وێنایەکی داهێنەرانەی بیۆێنەی کەسایەتی و مەزاج و خودی هونەری خۆی بەرهەم دەهێنێت، دواتر لە پێکهاتەی کوالێتی خۆیدا تێدەپەڕێت بۆ پێکهاتەیەکی جیاواز کە بەرهەم هێنان یان پێکهێنانی تێبینیە نوێکان دەگرێتەوە.

موزیسیانی هاوچەرخ دەبێت کەلەپوور هەرس بکات وتێیبگات، بۆ ئەوەی بەخودی خۆیەوە بچێتە نێو پرۆسە وپرۆژەکەوە و ببێتە بەشێک لە پێکهاتەی خۆی، دوای ئەوە بتوانێت بە شێواز و ستایلی تایبەتی خۆیەوە بگاتە کەلەپوورەکە . داهێنان و نەمریی هونەریی بۆ موزیسیانان و لە ئامێزگرتنی ئەزموونی پێشەنگ و خستنەڕووی دیدی هونەری هەموو ئەمانە بەشێوازێک لە شێوازەکان لە سەر سروشگیریی ڕاستەوخۆی ئەو خستنەکارە پێگەیشتووەیە بنیادنراون. موزیک لە سەر بنەمای ڕەسەنێتیی و لەژێر سایەی ئەم خستنەکارەدا هاوچەرخانەدا بۆ پانتاییەکی کراوە لە سەر خوێندنەوە هونەرییە جۆراوجۆرەکان لە کات وشوێنی جیاوازدا گۆڕانکاری ڕیشەیی بەسەرهات).[2]

لە ڕوانگەی ئەوەی موزیکی فۆلکلۆری یەکێکە لە لقەکانی کەلەپوور ، کە لە سەرەتای سەدەی نۆزدەهەمەوە سەرنجی زۆری لێکۆڵەرانی ڕاکێشاوە، توێژەر پێی وایە تا ئەو کاتەی ئەم سەرنجە گرنگانە بوون بە دیاردەیەکی کەلتووری جیهانی، دەنگدانەوەی مامەڵەکردن لەگەڵ موزیکی فۆلکلۆری بە وریایی و دانایی هونەرمەندانی بە ئەزموون لە هونەردا لەژێر ڕۆشنایی کەلتووری هونەری هاوچەرخدا لە ڕوانگەی ئەزموونکردنەوە، بۆ ئاشکراکردنی ئەو

---

[1]- صادق ابراهيم صادق، مجله أنهار الأدبية، ٢٠٠٧، ص١١٢.

[2]- سمحة الخولي، دور الموسيقى في احياء التراث والحفاظ على مقومات الشخصية العربية لمواجهة تحديات المتغيرات المعاصرة، مجلة اتحاد الجامعات العربية، عدد خاص، ١٩٩٧، ص٤٢٧.

بەها و شێواز و ڕێسا جوانکارییە داهێنەرانەی لە خۆی دەگرێت، بیرۆکەیەکی مەزن و پڕ بەهای هونەری بوو بۆ بەیەکەوە گرێدانی چەمکەکانی ڕەسەنێتیی وهاوچەرخێتیی و نوێگەریی، دواتریش ڕەنگدانەوەی سروشگیریی بابەتەکان لە سەرجەم کارە موزیکییەکاندا.

بناغەی بەردەوامی هونەری هەمیشە ئەم گونجاندنەیە، لەنێوان ئەوەی هونەرمەند دەیخوڵقێنێت و ئەو بیرۆکەیەی پەرەی پێ دەدات، چونکە هونەرمەند هەمیشە گرنگی بەبابەتێک دەدات بۆ بەدیهێنانی یەکڕیزیی ئەو کارە هونەرییەی کە ئامانجێکی هاوبەش لە کۆمەڵگەدا بەدیدەهێنێت. کەلەپوور هەمیشە ژیانێکی نوێبووەوەیە و نەبووەتە بزووتنەوەیەکی دەقکراو، بۆیە ئێستای ئێمە ناتوانێ نوێنەرایەتییمان بکات، ئەگەر ڕابردووەکەی لەنێوڕۆحماندا بە زیندوویی نەمابێتەوە.(هەر گۆرانییەک نەتوانێ گوزارشت لە دوێنێ و ئەمڕۆ و ئایندە بکات، ناشێ وەکو کەلەپوورێکی زیندووی ئاماژەدار بکرێتە چەقی داهێنان. تاقیکەرەوەکان وتیۆرەکانی دەروونناسان وڕەنگدانەوەی بیروڕاو سەرنجی زانایانی موزیک وئاوازدانەرەکان هێشتا لە سەر ئەوە موکوڕن، کە کەلەپوور هەوێنی کار و نموونەی مانەوەی شوناسی نەتەوەیین، بۆ نموونە کۆپلاند ئاماژە بەوە دەکات، کە لێرەدا دوو تیۆری دژ بە یەک هەن: یەکەمیان ئەوەیە مانای موزیکی لەنێوخودی موزیکەکەدا کەڵەکە بووە و لە دەرەوەیدا هیچ مانایەکی ئەوتۆی نییە. نووسەرانی ئەم بیردۆزە بە خاوەنی تیۆرە ڕەهاکان ناو دەبرێن. تیۆری دووەم ئەوەیە موزیک ماناکانی خۆی ئاماژەن بە شتەکان و نیشانەکانی لە سەرەوە و دەرەوەی میلۆدییەکەدا دەبینین. لایەنگرانی ئەم تیۆرەش بە تیۆری پەیوەستبوون دەناسرێن.

لەشێوەی فاکتەری ئەزموونی و بیرۆکەی هزریدا، موزیک ماناو خەسڵەت و کردار وهەستەکان دەگوازێتەوە، کە پەیوەندی بەجیهانێکی بەرزترەوە هەیە، لەوەی کە هەیەتی. هەرچەندە هەردوو گروپەکە بەئازادی ڕاوبۆچوونەکانیان دەخەنەڕوو، بەڵام ئاشکرایە مانا ڕەهاکان و مانا ڕاوێژکارییەکان بۆ هەردوولا یەکلاییکەرەوە نین، بۆیە هەردوو تیۆرەکە

دەتوانن لە هەمان پارچەی موزیکدا پێکەوە ماناکانیان ببەخشن، وەک چۆن لە هەمان هۆنراوە یاخود لە دوو وێنەی ئاوازدا دەیکەن). [1]

### ٢-٤ جوانییەکانی کەلەپووریی لە موزیکدا:

جوانییە کەلەپوورییەکان خاوەن بەها و زەمینەیەکی پراکتیزەیی لەبارن بۆ کارکردنی موزیکیی ئاوازدانەری بە سەلیقە و خاوەن ڕۆشنبیرییەکی کەلەپووریی و کەلتووری نەتەوەیی لەڕووی هزرییەوە، (جوانی هێشتا وتا ئێستاشی لەگەڵدا بێ لە باوەشی فەلسەفەدا گەورە دەبێت، تا ئەو کاتەی گوتراوە کە ئەو دوا منداڵە فەلسەفە بەرهەمی هێناوە. جوانناسی دەبێت زانستێک بێت مامەڵە لەگەڵ پرەنسیپە گشتییەکانی دیاردەی هونەر و جوانی و وەرگرتنی ڕەهەندی جوانییەکانی هونەر وەک تەرکیزێکی گرنگی خۆی بکات بۆ دەستنیشانکردنی چەمکە ئیستاتیکیەکان و نیشاندانی تایبەتمەندییە بنەڕەتییەکانیان بە ئامانجی شیکردنەوەی ئەوبابەتە گرنگە). [2]

زۆرێک لە توێژەرانی جوانی نموونەی (هانزلیک و جان برتیلمی) ئارەزوویان لە لێکۆڵینەوەی کێشەی ڕەسەنێتیی لە هونەردا کردووە، (کاری ڕەسەن ئەو بەرهەمە نوێیەیە، کە لە پانتایی مێژوودا وەک جۆرێک لە لێکترازان بەڕێوە دەچێت، وەک ئەوەی ڕاستییەکی بێهاوتا بێت لە سەر بنەمای هەموو لێکدانەوەیەک وهەلاتن لە تەواوی بەراورد و مانای ئەو شتەیە کە (ڕەسەن) ڕابەرایەتی دەکات پێکهاتبێت، ئەو بابەتە ڕەسەنە لە هەر ڕوخسارێکەوە بە هەر شتێکی تر، لێکچووە و پێشتر درکمان پێکردووە، یان قبوڵمان کردووە، یاخود لەلامان ناسراوەتەوە.

ڕەسەنێتی واقعێکی داهێنەرانەیە، کە لەگەڵ ئێمە گرنگی بە کارە هونەرییە ڕەسەنەکان دەدات. ڕەسەنێتییەکەی، بۆ ئەوەیە سەرنجمان ڕابکێشێت و سەرسامیمان پێ ڕەوا ببینێ. ئەو بابەتەش ئەگەر تەنها و بە تایبەتی هەستێکی جوانیی بێت، ئاوا بەس نییە پێی بوترێ کاری

---

[1]- ضياء الدين ابو الحب، الموسيقى وعلم النفس، مطبعة التضامن، الطبعة الأولى، الجمهورية العراقية، بغداد، ١٩٧٠، ص٣٤-٣٥

[2]- أميرة، حلمي مطر، مقدمة في علم الجمال، دار الثقافة للنشر والتوزيع، القاهرة، ١٩٩٢، ص ٣٤-٣٥

ڕەسەن، بەڵکو دەبێت بە نوێگەرییەوە دەربکەوێت، چونکە تەرازووی پێوانی هاوسەنگی ئەو هاوکێشە گەورەیە کە پێیدەڵێن ڕەسەنێتی، لە بنەڕەتدا منداڵدانی هاوچەرخێتییە).[1]

هانزلیک پێی وایە (جوانی موزیک لە سروشتیی موزیکەوەیە، واتە جوانی، لێرەدا لە جووڵە نەکەوتووە و پێویستیشی بە هیچ بابەتێکی دەرەکی نییە، بەڵکو بە تەواوی لەو دەنگانە پێکدێت، بە شێوەیەکی هونەری دەیبەستێتەوە بە میلۆدییەکی بێهاوتا و دواتر جوانی خۆیان دەردەخەن و لە شێوازی پێکهێنانیان لە هارمۆنی و یاوەریکردندا لە ئەفراندن نزیکمان دەکەنەوە. گەشەسەندن و بەرجەستەبوونی موزیک لە ڕێگەی زمان و ماتریاڵی موزیکی فۆرموولەکراو، وەک ڕیتم وئاواز وهارمۆنی دەبن؟ لێرەدا هانزلیک ڕاستەوخۆ وەڵاممان دەداتەوە، کە ئەوەی موزیک گوزارشتی لێ دەکات بیرۆکەی موزیکییە. ئەوە جوانییەکی ئەفسانەیی نییە، بەڵکو لە خودی خۆیدا دوماهییە و لە هەمانکاتیشدا ئامرازی نوێنەرایەتیکردنی هەست و بیرۆکەش نییە، بەڵکو جوانییەکی خود ئامێزە).[2]

(چۆن دەتوانین وا بکەین مرۆڤایەتی دووبارە چێژ لە هەستی خۆشی وەرگرێ؟ ئێمە دەبێت بە تایبەتی جوانییەکانی کاری موزیکی بکەینە بابەتێکی سەرسوڕهێنەر. لە زاراوەی تازەدا خەیاڵ تەنیا کاتێک ئازاد دەکرێت، کە کرداری هەستکردن بە سەرسوڕهێنەری بناسێتەوە، بەڵام ئەوبابەتە سەرسوڕهێنەرە کردارییە؟ هونەر کارێکی دەستەجەمعی ڕزگارکردنی ڕۆحە و داهێنانیش دەبێتە لێشاوێکی زیندووی بوونمان).[3]

لە ئاکامی دووبارە داڕشتنەوەی موزیکی کەلەپووری و بە ئامانجی گەیشتن بە ئاوێتەکردنێکی زانستییانەی هەردوو چەمکی ڕەسەنێتیی وهاوچەرخێتی، زەمینە سازییەکی لەبار و گونجاو بۆ ئەو فرە کەلتوورییەی کە کۆمەڵگە ئەمڕۆ لەگەڵیدا کارلێک دەکات دێتە ئاراوە، (چونکە دووبارە داڕشتنەوەی ئەو موزیکە کەلەپوورییە حاڵەتێکی ئەرێنی و

---

[1]- زكريا، إبراهيم، مشكله الفن، مكتبه مصر، دار النصر للطباعة، ١٩٦٧، ص١٥٩-١٦٠

[2] - Hanslic. Music., Representation and Meaning from the Beautiful Music, in Morris Weitz, problems in Aesthetics CN.Y.: Macmillan Publishing. Co. Inc., 1970), p.491.

[3]- المسكيني، ام الزين بنشيخة، الفن يخرج عن طوره، جداول للنشر والتوزيع، ط١، بيروت، لبنان، ٢٠١١، ص٨٩

هەنگاوێکی زانستییانەیە بۆ گەیشتن بە هاوکێشەی (کەلەپوور و هاوچەرخێتی لە سەر یەک ژێی داهێنان)، کە هونەرمەندی بە سەلیقە بەبەردەوامی هەوڵی بۆدەدات، چونکە بابەتە هونەرییە بەرهەمهاتووەکانی بە ناوەرۆک و مانا و بەها جوانییەکانەوە گرێ دەدەن، بەم شێوەیە هونەریەش داب و نەریتی موزیکی کەلەپووری سەر لە نوێ بە بۆتەیەکی نوێ دادەڕێژرێنەوە کە لەگەڵ شێوازی موزیکی هاوچەرخدا بگونجێت، چونکە دانەری موزیکەکە، لە ڕوانگەیەکی کەلتووری هاوسەنگەوەو لە سەر بنەما بابەتییەکانی (کۆکردنەوە – شیکردنەوە –ئامادەکردن - ژەنین – تۆمارکردن) ژیرانە مامەڵە لەگەڵ موزیکی کەلەپووری دەکات.

(هونەرمەند هەرچییەک بێت، بابەتەکەی خۆی بە گێڕانەوەیەکی کتومتی واقیع ناچوێنێت، بەڵکو پێکهاتەیەکی نوێخواز پێکدێنێت بەو مەبەستەی بابەتەکە بۆی بەرجەستە دەکات. کاری هونەری بەو ڕادەیە ناتوانرێت پێوانە بکرێت، ئەگەر لەگەڵ بابەتی ڕەسەنی خۆیدا خۆی نەگونجێنێت. ئێمە خودی بابەتەکە نابینین، بەڵام لە ڕوانگەی ئەخلاقییەوە دەیبینین، لەبەر ڕۆشنایی مەبەستێکی ڕەفتاریی، کە کار دەکاتە سەر کاری خەیاڵ وئاراستەی دەکات، کە چۆن بابەتەکە دووبارە دروست دەکاتەوە. بۆیە پێویستە بەهای کارە هونەرییەکان بە هاوسەنگی کرداریی گێڕانەوە و مەبەستداری کۆتایی هزری هونەرمەند پێوانە بکرێت). [1]

مانای جوانییەکانیی موزیکیی، بریتییە لە گونجانی توخمەکانی داهێنانی کاری (ڕیتم، ئاواز، هارمۆنی، دەربڕین و بنیادنانی شێوە و تێمپلەیت). بەشێکی زۆر لە دەرخستنی ئەو واتایە بە ئاواز و دانانە هونەرییەکانەوە بەندە، بە ئەزموونی هونەرمەندان، بە بیروبۆچوونەکانیان گوزارشت لە بابەتی خۆیان و ناوەرۆکی نێوخۆیی دەکەن. (بەهای جوانییەکانیی ئەو پارچەیە پشت بە دوو بابەت دەبەستێت: یەکەم ئەوەی کە دانەری موزیک دەتوانێت تا ئەو ڕادەیەی کە بتوانێت یان ڕاستەوخۆ یان لەلایەن هونەرمەندێکی نمایشەوە هەست و سۆزی خۆی بە

---

[1]- جابر عصفور، قراءة التراث النقدي , مؤسسة عيبال للدراسات والنشر، ط١، قبرص، نيقوسيا, ١٩٩١، ص٢٣١.

ئێمە بگەیەنێت. دووەمیان بەهای ئەو هەست و ئەو مەرجانەیە کە پێمان دەگەیەنێت، بەڵام یەکەم شت پێویستی بەوەیە کە بیسەر و گوێگری موزیک بتوانن ببنە ئامرازی پەیوەندی سۆزداری، بۆیە، لێرەدا ئەگەر مرۆڤ هەستیار بێت بۆ ئەو بارودۆخ و هەستانەی کە موزیکژەنەکە هەوڵی داوە پێمان بگەیەنێت، ئاوا ئامانج و مانای جوانییەکانی موزیکیی دێنەدی و دەستەمۆ دەکرێن). [1]

(هەندێک باس لەوە دەکەن دانەرانی موزیکی هاوچەرخ لە کەلەپووری موزیکی جیهانی جیابونەتەوە و ئەو بەیەکەوە بەستنەوەو ئاوێزانەیان تێک شکاندوە، کە کەلەپووری موزیکی لە سەر بنیادنراوە، بەڵام ئەم باوەڕە هەڵەیە، چونکە موزیکی سەدەی بیست بە زەمینەسازی هارمۆنی نوێوە، دەربڕینی فراوانتر و فراوانتری دروستکرد، کە هزری هونەرمەندی داهێنەر دەیتوانی لە پێکهاتەی موزیکیدا وێنای بکات، بۆ دەربڕینی هەموو جوانی وڕەنگەکانی دەورووبەری خۆی). [2]

(جوانی لە هونەر گشتگیرترە، پەیوەندییە جوانییەکانی حەقیقەتی بوونە و بەگشتی سروشت وئەنجامەکانی لە چۆنیەتی مامەڵەکردنی مرۆڤ و جیهانی سروشتی و کۆمەڵایەتیدا دەردەکەوێت، هەروەها بۆ هونەر، چالاکییەکی جوانیی تایبەتە، کە لەلایەن تاکە هونەرمەندێکەوە بەرزکراوەتەوە، جوانییەکان توخم وتایبەتمەندیی هونەر دیاردەکەن و کارە هونەرییەکان لە بازنەی ئەم توخم وتایبەتمەندیی و سیفەتانەدا پیشان دەدەن. جوانیی چۆن بە شێوەیەکی بنچینەیی مامەڵە لەگەڵ واقیعی هونەریدا بکات، ئاوا بەو شێوە بیرکردنەوە جوانییە پەیوەست دەبێ). [3]

---

[1]- میسم هرمز توما، الانسجام الصوتي في مؤلفات الاوركسترا السمفونية العراقية أطروحة دكتوراه غير منشورة، قسم الفنون الموسيقية، كلية الفنون الجميلة، جامعة بغداد، ٢٠١٥، ص ٥٣-٥٤

[2]- فاطمة ظاهر الربيعي، تعدد التصويت في الموسيقى العربية، , اكاديمية الفنون المعهد العالي للموسيقى العربية، القاهرة، ٢٠٠٩، ص٨

[3]- توفيق سعيد، مداخل الى موضوع علم الجمال، دار الثقافة للنشر والتوزيع، الطبعة الأولى، مصر، ١٩٩٢، ص٨٧

هەموو بابەتێکی موزیکی، کە هەڵگری بنەما هونەری و کەلتووری کۆمەڵایەتی نێو کۆمەڵگەکەی بێت، دەبێت وەکو پێداویستییەکی گرنگ مامەڵەی لەگەڵدا بکەین، چونکە تیشک دەخاتە سەر ناسنامە و ڕەسەنێتیی بەدەستدەهێنێت، بەو پێیەی ئەو بەها و مانایانە بەرجەستە دەکات کە بە درێژایی مێژوو هەمیشە پابەندبووین پێیانەوە، بەم پێودانگە (کەلەپووری موزیکی بە سامانێکی گەورەی نەتەوەیی دادەنرێت، بەهۆی ئەو تایبەتمەندییانەی کە گوزارشت لە ڕاستەقینەی دەربڕینی ڕۆحی گەل دەکات، هەروەها یەکێکە لە کۆڵەگەو پایەکانی کەلتووری نەتەوەیی و بەڵگەیەکی ڕوونیشە لە سەر بوونی مەعریفیی ئەم نەتەوەیەش، بەڵکو بۆ تێگەیشتنی هەستێکی ناوەکییە. کاری هونەریی هەڵتەکاندنی هزر نییە، بەڵکو هەستکردنە پێی، زیاتر هێمایەکە لە ڕاپۆرتێکی ڕاستەوخۆی دەربڕینی جوانی دەچێ، هەر بۆیە شیکردنەوەی بەئەنقەست و ئاگایی ئەو کارە هونەرییە، وەک ئەوەی، لێرەدا پێشکەشمانکرد، تەنیا وەک وێنەکێشانێک، ناتوانێت خۆی ببێتە هۆی ئەو چێژەی، کە کاری هونەری بە ئاکامی دەگەیەنێت وهەمیشە سەرسامان دەکات، ئەمەشیان ڕێک وەک ئەوە وایە، کە چۆن پێش ئەوەی ئاگامان لە بوونەکەی بێت، بەرهەم هێنراوە). [1]

هونەر لە ڕێگەی داهێنانی جوانی و بەدەستهێنانی زۆرترین چێژ بۆ مرۆڤەوە ناوەستێت، بەڵکو بۆ (قوڵاییەکانی نێو ناخی و بۆ گونجاندنی مەزاجەکانی و پاراستن و گونجان و بوونی هەستەکانی دەبینێت. هونەرمەند کێیە؟ ئایا گوزارشتە لە ڕۆحی ئەو گروپەی نوێنەرایەتی دەکات وئەوەی تۆ هەستی پێ دەکەیت و لە سینەیدا بەدیدەکەیت؟ یاخود گوزارشتە لە خۆی و نەتەوەکەی و خەونەکانی؟ چ ئەو هونەرمەندە بێت یان ئەویتر. بێگومان ئەوکاتەی سروشگیریی لێ وەردەگیرێ کاتێک خۆی و گەلەکەی وتەنانەت مرۆڤایەتیشی کردبێتە چەقی بیرکردنەوەی فەلسەفیانە لە پەیامی هونەر و کەلەپوور وڕەسەنێتی و گرێدانیان بە هاوچەرخێتیەکی نوێگەریانە). [2]

---

[1] - رید، هربرت، معنى الفن، ترجمة، سامي خشبة، الهيئة المصرية العامة للكتاب، ١٩٩٨، ص٤١

[2] - عکاشة، ثروت، سەرچاوەی پێشووتر، ص٢٠

دەیڤد سپێرکینس کەسایەتی داهێنەری بە شەش خاڵی وەچەرخێنەر وەسفکردووە، بگرە تایبەتمەندیی دەروونیی و جیاوازیشی پێ بەخشیوون، ئەوەشی خستۆتەڕوو، کە تاکەکان وئافرێنەرەکان ڕەنگە هەر شەش تایبەتمەندییان نەبێت، بەڵام ئەوەندەی هاوبەشیان بکات، داهێنەرتر دەبن:

١- (مەیلێکی بەهێز بۆ جوانییە تاکە کەسییەکان.

٢- توانای زۆر بۆ دۆزینەوەی کێشەکان.

٣- جووڵەی ئەقڵی، یان توانای بیرکردنەوە لە لۆژیکی دژەکان و لەیەکنەچووەکان.

٤ - ئامادەکاریی بۆڕووبەڕووبوونەوەی مەترسییەکان کاتێک  بە دوای جۆش و خرۆشدا دەگەڕێیت.

٥- بابەتیی بوون لە بیرکردنەوە، تێگەیشتن و پابەندبوون بە پرەنسیپەکان.

٦ - هاندانی ناوەکی، یان هێزی پاڵپشت وپشت داهێنان).[1]

(خەیاڵ پەیوەندی بە بەهاوە هەیە، چونکە پێویستە ئەو پێداویستییانەی دەکرێنە بەری، وەک بابەتێکی گرنگ هەڵبژێردرێن، لێرەدا پرسیار ئەوەیە، چ شتێک دەتوانێت ببێتە ئامرازێک بۆ کۆتایی؟ بۆ ئەوەی ئەگەرەکان جیابکرێنەوە و پلە یەک بن، لێرەدا بەهاکان دەردەکەون، ئەوە هۆشیارییە لە ئەگەرەکان، واتە هەڵبژاردنی مەبەست و ماناکان. کاریگەری ئەو بەها هونەرییانە لە جیهانی سروشتیدا و لە هەموو بوارەکانی جیهانی مرۆڤدا دەدرەوشێنەوە).[2]

(بەم شێوە بینینە هونەرییە دەکرێتە ئامانج و کردارەکانی بەرجەستە دەبن، چونکە لەگەڵ خەیاڵە بەپیتەکانی داهێن و ناسکی هەستی خاوەندارێی داهێنەر لەم واتایانە هاوبەشن، بۆیە خەیاڵ بەشێکی بنەڕەتی کاتە، چونکە ئەو هێزە دینامیکیەیە، کە مرۆڤ وپەیوەندییەکانی لەگەڵ شتەکان مانای ئەوەی دەداتێ، کە لە پێداویستییە زیندوو و ڕۆحییەکانی ئەوەوە بێ و

---

[1]- جلیل و دیع مشکور، کیف تجعلین ابنک مجتهدا أو مبدعا؟ سلسلة المعرفة، الطبعة الأولى، عالم الکتب، بیروت، ١٩٩٤، ص١٦٣-١٦٤

[2]- سەرچاوەی پێشوو، ص ٣٥

بێگومــان ئەو توانســت و بیرکــردنەوە داهێــنەرانەش لە لایەن هێــزی خەیــاڵەوە بەرهەم دەهێنرێت). [1]

ئەم بابەتە دەکرێ وەک یەکەیەکی مەعریفی لە خزمەت چەمکی جوانییەکانی کەلەپووری لە موزیکی گەلاندا ڕەنگدانەوەیەکی بەرچاوی هەبێت، کتێک بە وردیی و بڕشتییەوە مامەڵەی هونەریی لەهەڵدا بکرێت و بخرێتە نێو چوارچێوەی خستنەکاری موزیکییەوە، کە هەموو کات پاشخانی کەلەپووری گۆرانیی سەرچاوەی داهێنانی بێت.

---

[1] - لطفي، عبد البديع، ميتافيزيقيا اللغة، الهيئة المصرية العامة للكتاب، القاهرة، ١٩٩٧، ص٧١.

## ٥-٢ ڕیتم* وئاواز** وەک هەڵگری ناسنامە***ی نەتەوەیی لە موزیکدا:

لێکۆڵینەوە فۆلکلۆرییەکان لە ئەوروپا بەبێ ئەوەی ئاوڕ لە میتۆدی خوێندن و شارەزایی قوتابخانەکانی بداتەوە، لە نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەوە کاریگەرییەکی گەورەو قووڵی لە

---

* **ڕیتم:** ئەو یەکە کێشکردن وڕیتمییەیە، کە ئاوازەکەی لە سەر پەیڕەو دەبێ، واتە ئەو شێوە کاتییەی کە ئاوازدانەرەکە هەڵیدەبژێرێت بۆ داڕشتنی ئاوازەکەی، وەک چۆن بە کێش و فرەیی و بنچینە ناسراوە و بە نیوەی ڕێکخستنی موزیک دادەنرێت، بریتییە لە ڕیتم و ئاواز. خێرایی ئاوازەکە بە لێدانی (دم) و (تەک) و (ئێس) دروست دەبێت کە لێدان وڕیتمی هاوشێوەی ئاوازەکەی پێیەوە دەست پێدەکات، دواتریش بە کۆتا دێت. ڕستەی میلۆدی بریتییە لە چەند ئاوازێک کە بە بەکارهێنانی کێشی ڕیتمی ویەکە ئاشناکانی بە خێرایی کاتیی دانراوە و لێدانی ڕیتمی وەک ئاماژەمان پێیکرد، کۆدەکرێنەوە و ژمارە و خێراییان دەگۆڕدرێن، بۆ ئەوەی لە کۆتاییدا (یەکەی ریتمیک) یان ڕیتم ڕووبدات مجدي، اسحاق, فن الايقاع (التاريخ – الاوزان الشرقية –الآلات الإيقاعية)، بورصة الكتب للنشر والتوزيع , القاهرة، ٢٠١٥ ص١٦.

ڕیتم لە زماندا ڕێکەوتنی دەنگ و چاوەڕوانییانە لە گۆرانی چڕیندا، سیستەمەکانی بزووتنەوەی میلۆدییەکان و کاتی دەنگیان بە شێوازی هاوسەنگ بە ڕۆڵی ڕیتم ناودەبرێن. جیاوازی نێوان ڕیتم و کێش ئەوەیە کە کێشەکە لە کۆمەڵێ بەشە پێکهاتووە، کە بەپێی کات جیا دەکرێنەوە، جگە لەوەش کێشەکە لە یەک بەدوایەک هاتنی دەیان ئاوازی بەهێز و نەرم لە سیستەمێکی جێگیر و دووبارەکراوەدا پێکدێت. لە کاتێکدا ڕیتمەکە هەڵگری مانای چەندایەتی و جۆری جیاواز و ئاماژەدانە بە سەرەتا یان کۆتایی ئاوازەکە یاخود شوێنەکانی گوشار و نەرمی نێو بەشەکانی بەرجەستە دەکات. جميل، صليبيا، المعجم الفلسفي بالألفاظ العربية والفرنسية والانكليزية واللاتينية , ج ١، ط ١، بيروت، دار الكتاب اللبناني, ١٩٧١، ص١٨٥-١٨٦

** **ئاواز:** ئاواز، یان ئەوەی پێی دەوترێت میلۆدی، ئەو بیرۆکە موزیکییەیە، کە ئێمە لە ڕێگەی زنجیرەی میلۆدییەکانەوە لە سەرچاوەیەکی دەنگییەوە هەڵقوڵاوە تێیدەگەین. هەر وەک چۆن لە ڕێگەی زمانەوە لە ڕستەی بەسوودیدا بیروڕا دەگۆڕینەوە، بەو شێوەیە موزیسیانان ناوەڕۆکی بەرهەمەکانیان لە ڕێگەی ئاوازەوە بە ئاوێتەی وشە بێ یان بێ وشە پێدەگەیەنن. جگە لە ئاوازە هەڵقوڵاوەکان لە یەک سەرچاوەی دەنگەوە، پێکهاتە میوزیکییە میللییەکان بریتی بوون لە ئاوازی هەڵقوڵاو لە دوو سەرچاوەی دەنگ یان زیاتر، کە بەبەردەوام وهەمیشە ئاوێتەی یەکتر دەبوون. توما، مسيم هرمز، الانسجام الصوتي في مؤلفات الأوركسترا السمفونية العراقية أطروحة دكتوراه غير منشورة، قسم الفنون الموسيقية، كلية الفنون الجميلة، جامعة بغداد، ٢٠١٥م، ص ٨٠

ئاواز ڕووکاری دەرەوەیی یان جوانکاریی ئەو کارە موزیکییەیە، کە زۆرجار دانەر موزیک دەستی پێدەکات، بە شێوەیەکی گۆڕاو لە کاری موزیکییدا بڵاو دەبێتەوە. بنشار، ماكس، تمهيد للفن الموسيقي، ماكس، بنشار، تمهيد للفن الموسيقي، ترجمة و تقديم، محمد رشاد بدران، دار نهضة مصرللطبع والنشر، القاهرة، ١٩٧٣، ص٦٣.

بۆ ئەوەی موزیک بەهای جوانی هەبێت، پێویستە وروژێنەری هەڵچوونەکان بێت، دەبێت لەگەڵ دەنگی مرۆڤ و ئەو ئامێرەی بۆی نووسراوە بگونجێ و هەمیشە بیرۆکەیەکی جیاوازی تێدا بێت. بورتنوى، جوليوس: الفيلسوف و فن الموسيقى، تر، فؤاد زكريا، مراجعة حسين فوزي، الهيئة المصرية العامة للكتاب، القاهرة، ١٩٧٤ ص ٣٤٧-٣٤٨

کەواتە (میلۆدی یەکەیەکی پێوانەکردنی بیرۆکە موزیکییەکانە، کە بە شێوەیەکی جوانکاری داڕێژراون و لە کاری موزیکدا سەربەخۆن) و تا چەند چێژی هونەری گرێدراوی یەکتربن، ئاوا بەها جوانکارییەکانیان بەنوێکارییەوە دەبینیدرێن.

*** **ناسنامە** چەمکێکە بۆ وەسفکردنی چەمک و دەربڕینی تاکایەتیی کەسێک و پەیوەندی بەردەوامی لەگەڵ گروپەکانیتردا بەکاردێت، وەک ناسنامەی نیشتمانی، ناسنامەی نەتەوەیی، ناسنامەی کەلتووری. ناسنامە کۆی ئەو تایبەتمەندییانەیە، کە کەسێک لە کەسانی تر یان گروپێک لە کەسانی تر جیا دەکاتەوە. هەر یەکێکیان چەند توخمێک لە ناسنامەکەیدا هەڵدەگرێت. ناسنامە بە خودئاگایی کەلتووریی و کۆمەڵایەتییەوە بەستراوەتەوە، چونکە مرۆڤ ناسنامەی کەسێتی و تایبەتی خۆیەتی. ناسنامە توخمی جێگیر و گۆڕاوی هەیە. شوێنی جوگرافی و زمان، بۆ نموونە ئەو نەگۆڕانەن کە ناتوانرێت بگۆڕدرێن و ئەم بابەتە لە ڕەهەندە جۆراوجۆرەکانیدایە، لە کاتێکدا چەندین توخمی تر هەن کە بە گۆڕاو وەسف دەکرێن و جێگیر نین. بۆیە ناسنامە هەمیشە بەشێکی دانەبڕاوە لە پێگەو و شوێنی لە دایک بوونی تاک. طلعت، مصطفى السروجي، همام، سامية عبد الرحمن، الشباب وظاهرة الانومي، قراءة في صراع الهوية القومية والعالمية، مجلة كلية الخدمة الاجتماعية للدراسات والبحوث الاجتماعية، العدد الثالث، جامعة الفيوم، ٢٠١٤ص٢٢، ٢٣.

ناسنامە بە ئاوێتەیەک لە تایبەتمەندییە کۆمەڵایەتی و کەلتوورییەکان پێناسە دەکرێت، کە تاکەکان تیایدا هاوبەشن، لە سەر ئەو بنەمایەش مرۆڤ دەتوانێت لە نێوان گروپێک و گروپێکی تردا جیای بکاتەوە. هەروەها بە کۆمەڵە ئێتیمایەک پێناسە دەکرێت کە تاک هەیەتی و خاوەنییەتی تیایدا هەڵسوکەوتی خۆی دیاری دەکات، یان چۆن هەستی پێ دەکات.

Bondokji, Alethea Osbome, and Kim Wilkinson (2017), SOCIAL IDENTITY AND RADICALISATION, Amman, Jordan: WANA Institute.,

ناسنامە لە بنەڕەتدا کێشەیەکی فەلسەفی و لۆژیکی بوو کە فرۆید لە دەروونناسیدا داینا و لە لایەن ئێرکسۆنەوە پەرەی پێدرا، ئەو ناسنامەیە تەنیا تاک نییە، بەڵکو کێشەیەکی بەکۆمەڵ و کۆمەڵایەتییە، کە جیاوازی وهەستی ئێتیمای نێوان خەڵک و گروپ دیاری دەکات.

Qiang Liu, David Turner (2018-2-19), "Identity and national dentity" ‹www.tandfonline.com, Retrieved

سەر گەشەی ڕۆحی نەتەوەیی هەبوو، ئەم لێکۆڵینەوانەش بوونە سەرچاوەی بوژانەوە و پێشکەوتنی زمانە نەتەوەییەکان و بوارە جۆراوجۆرەکانی کەلەپووری میللیی بۆ خزمەتکردن بە هەوڵەکانی دروستبوونی هونەری موزیکی نەتەوەیی لە سەر بنەمای بیرۆکە و ناوەرۆکی نەتەوەیی و جەماوەریی و ماتریاڵی گۆرانی و سەما و موزیکی ئامێرە نەریتیی و میللییەکان.

(تێگەیشتن لە خودی مرۆڤ لە ڕێگەی هەستەکان دەست پێدەکات، پاشان دەگاتە ئاستی ئەو یادگەیەی کە ماتریاڵی خۆی لە هەستەکان وەردەگرێت، دواتریش بە عەقڵ کۆتایی دێت، کۆی ئەم پرۆسەیە پشت بە خەیاڵ دەبەستێت، چونکە ئێمە سەرەتا ئەو شتە وێنا دەکەین کە موزیک هەستی پێ دەکات، بەو پێیەی لە خەیاڵەوە دەچێت بۆ مێشک و بەو شێوەیەش نوێنەرایەتی چەند بەڵگەیەکی دیاریکراو لە ڕووی کاریگەرییەوە دەکات، چونکە کاریگەرییەکەی لە نێوان چێژ و جۆش و خەیاڵدا جیاوازە، بۆیە گەوهەری هونەر تەنیا لەو ساتەدا بەرجەستە دەبێت کە کاریگەرییەکە دەگاتە وەرگر. کە بێگومان وەرگیراوەکە لە نێوهەستی نائاگایی مرۆڤدا دەمێنێتەوەو دیالۆگ لەگەڵ بینەردا دەڕەخسێنێ، جا گرنگ نییە، ئەم بینەرە کێیە، ئەگەر بە شێوەیەکی گریمانەیش بێ). [1]

[1]- زكاء مردغاني، الفن عند الفارابي، دار صفحات للدراسات والنشر، الإصدار الأول، دمشق، ٢٠١٢، ص٣٣-٥٥.

(ئەوەندەی خەیاڵی موزیک فراوان و زیاتربێت، داهێنەرتر دەردەکەوێت، چونکە گەورەترین موزیکژەنەکان ئەوانەن، کە پێویستیان بە هیچ ئاوازێکی هەستپێکراو نییە، کە ئاوازەکانیان لە سەردابڕێژن و بناغەی بکەن و کەمترینیان لە ڕووی بەهرەی ئاوازدانانەوە* پێویستیان بە هەستکردن لە کاتی دارشتنی ئاوازەکەدا هەیە).[1]

---

* ئاوازدانان و بنیادنانی موزیک

لە پارچە موزیکدا هەرچییەک بێت، دەبێت دوو لایەن لەبەرچاو بگیرێت:

١- جۆر Type Le genre

٢- شێوە Form

جۆر: باری گشتی ئەو دوو پارچەیە و بریتییە لە:

ا- جووڵە

ب- پێوەر

ج-ڕیتم

د- پێکهاتەی گشتی

شێوە: هێڵکاری ئەندازەیی پارچە موزیکەکە و ژمارەی دەستەواژە موزیکییەکان و فراوانبوونیان و جۆری میلۆدییەکان و گەڕانەوە بۆ بیرۆکەی سەرەکییان لەخۆدەگرێت، بۆیە شێوە بەندە بە دوو مەرجی بنەڕەتی:-

١- ژمارەی ڕستە بەکارهێنراوەکان

٢- ژمارەی ئەو بەشانەی ڕستەکان تێیدا فراوان دەبن.

قتلان، سعید، عالم الموسیقی، طلاس للدراسات والترجمة والنشر، الطبعة الأولی، دمشق، سوریا، ١٩٩٧م، ص١٥١.

دانانی موزیک بریتییە لە تێگەیشتن لە دەربڕینەکانی موزیک و ئاگاداربوون لە میکانیزمی پراکتیزەکردنی لە سەر ئامێرەکان بەپێی ئەوەی لە پارچەکەدا نووسراوە. دانراوەکانی موزیکیی پێکهاتوون لە چوار توخمی بنەڕەتی لە ئاوازداناندا: میلۆدی، ڕیتم، هارمۆنی و مۆرکی دەنگیی. ئەم توخمانە ئاوێتەکراوێکی موزیکین لەنێو چنینێکی هەماهەنگ و ئەکۆڕدیدان و ئامادەن بچنە نێو بنیادنانی هەر فۆڕمێکی موزیکییەوە بەپێی ڕێگە و میتۆدە گونجاوەکانی ئاوازدانان و جیاوازی ئەم چوار توخمە، لە شێوازی خستنەکاریان و هەمەجۆری وشەگەلیان لەنێو ئاوازی موزیکدا بەدیار دەکەوێت.

ڕیتمی کەسێتیی وهەستکردنی تایبەت بە کات، یان ئەوەی دەتوانین پێی بڵێین شێواز (Stayle)، ئەوەیە چۆن پێرفۆرمەنسەر لە سەر بنەمای ئەو ڕیتمەی لە دەقەکەدا ئاماژەی پێکراوە یان لە سەر کەلەپوورەکە گوازراوەتەوە ڕێبەرایەتی ڕێڕەوی ڕستەی موزیکیی دەکات. بەڕێوەبردنی پەیوەندی نێوان دەنگ و بێدەنگی، لە بەرامبەردا کاریگەری لە سەر هەستی ڕیتمی پێرفۆرمەنسەر هەیە، لە ڕووی کاتە ئیستاتیکەکەوە.

لە ڕاستیدا، زەحمەتە سەرەتای قۆناغی داهێنانی هزری میلۆدییەکان لە ڕێپێوانی شارستانییەتی مرۆڤایەتیماندا دیاری بکرێت، بەڵام ئەوەی دەتوانین بڵێین ئەوەیە داهێنانی میلۆدی هزر سنووردار بووە بە گۆڕانی ئەو میتۆدە هونەرییانەی لە دارشتنی پێکهاتەی موزیک، ڕێگاکانی نمایشکردن و دەربڕین و فەلسەفەی موزیک لە سەردەمە جیاوازەکاندا ڕوویانداوە.

فرید، طارق حسون، مدخل لتذوق الفنون الموسیقیة، دار الکتب للطباعة والنشر، بغداد، ٢٠٠٠م، ص٢٤٢.

[1]- سەرچاوەی پێشووتر، ص ١٢٥.

هەر کارێک لەلایەن هونەرمەندەوە بکرێت، بەکارێکی (ڕەسەن) ناوزەد دەکرێ، چونکە پرۆسەی دروستکردنی هونەری لە گۆشەگیری عەقڵی هونەرمەنددا ڕوونادات و ڕۆڵی هونەرمەندیش بە کۆتایی کاری هونەری کۆتایی نایەت، بەڵکو دواتر لەگەڵیدا بەردەوامە، چونکە (ئەو وەک پێگەی بینەری چێژبەخش سەیری کاری هونەری دەکات، بەڵام بینەری چێژوەرگر، کە سێیەمین توخمە لە پرۆسەی جوانکاریدا دەیبینین پێش ئەوەی حوکمەکەی لە سەر کاری هونەریدا بدات، خۆی دەخاتە شوێنی ئەو هونەرمەندەی ئەم کارەی دروست کردووە وهاوسۆزی لەگەڵ دەکات، چێژوەرگر لێرەدا ناتوانێت چێژ لە کاری هونەری وەربگرێت، مەگەر ئەوەی لەگەڵ هونەرمەنددا بەشدار بێت. هەروەها نەگواستنەوەی هەستەکان لە هونەرمەندەوە بۆ گوێگر دەبێتە هۆی مردنی شارەزایی ئەزموونی جوانی، بۆیە کاری هونەری پێودانگێکی تژییە لە بەهای جوانی بۆ هەمووان، بۆ باشترکردنی بواری هەست و سۆزەکانیان).[1]

بۆ گەیشتن بە پرۆسەی تێگەیشتن لە پێکهاتەکانی ئاوازە موزیکییەکان بەپێی ئاستی گەڕانی موزیکی، دەبێت بە ئاگایی و بە سەرنجێکی زۆرەوە ئەم بابەتانەی خوارەوە شرۆڤە بکەین:

١- (ڕوخساری میلۆدی لە کۆمەڵێک ڕستەی ئاوازی ڕەنگ و نەخشەسازی جیاواز پێکدێت.

٢- پێکهاتەی کێش وریتمی لێدانە جۆراوجۆرەکان.

٣- چنینی موزیکیی شێوازە هونەرییەکە.

٤- مۆرک و کاراکتەری دەنگی تراکەکانی ستایلی هونەری میلۆدی، کە لە هەمەجۆری ئامێرە موزیکییەکان وەرگیراوە.

٥- شێوەی هونەریی بەشەکانی نمایشکردن و شێوازی پێکهاتەیی نموونە هونەرییەکە[2].

---

[1]- هالة، محجوب، جماليات فن الموسيقى عبر العصور، دار الوفاء لدينا الطباعة والنشر، الطبعة الأولى، الإسكندرية، ٢٠٠٧م، ص٣١٨-٣١٩.

[2]طارق حسون فريد، مدخل لتذوق الفنون الموسيقية، ص٢٥-٢٦-٢٧

له فۆلکلۆردا موزیک وەک هاوکێشە وپێکهاتە میلۆدیکەکان و توخمەکان وشەگەلی دەنگیی نابینرێت، بەڵکو وەک چالاکییەکی کۆمەڵایەتی کارلێک لەگەڵ هەموو توخمەکانی کەلتووری میللیدا دەکات، بە تایبەتی زۆربەی بابەتەکانی ئەم موزیکە لە چەند بۆنەیەکی کۆمەڵایەتی جیاوازن، تەنانەت ئەگەر هیچ ڕووداوێکیش نەبێت، ئاوا کرداری موزیکیی ڕووداوە کۆمەڵایەتییە دیاریکراوەکان وچالاکی موزیک دەگرێتەوە، لێرەدا کاری موزیکیی سنووردار نییە، بەڵکو لە سەر پێکهاتەی خۆی لە پێکهێنانی ئاواز و ڕیتم و لەشێوازی نواندن وشێوازەکانیشدا ئەژماردەکرێت).[1]

(بە ڕای تەڕابلوسی پێویستە ناسنامە لەنێوئەندامانی ئەو گروپانەدا بە نەگۆڕی بمێنێتەوە، کە لەگەڵ فاکتەرە کەلتووری و مێژوویی و کۆمەڵایەتی وئاینییەکاندا تێکەڵ دەبن، بە بژاردە وئەندامانی تری کۆمەڵگەوە، سەرەڕای جیاوازییەکانیان بۆ نموونە، لە ڕووی تێڕوانینی هزریی و میتۆدی بنیادنانی سیستەمی دەوڵەت، ستراتیژو هەڵبژێردراوەکان و مامەڵەکانیان لەگەڵیدا).[2]

(گومانی تێدانییە ئەو پەیوەندییەی لە سەدەی بیستەمدا لەنێوان دوو جیهانی موزیکی جیاوازدا خۆرهەڵات و ڕۆژئاوا ڕوودەدات، لەوانەیە ببێتە هۆی قوربانیدانی بەربڵاو و گۆڕانکاریی دوورمەودا لەشێوەکانی دەربڕینی موزیکدا، کە بەمەرجەکانی وەرچەرخانی کۆمەڵایەتی و کەلتووری دەسەپێنرێت، ئێمە پێمان وایە درەختی هونەری هەمیشە توانای دەرهێنانی لقە نوێیەکانی هەیە. بۆیە هیچ ترسێک لە میراتی ڕۆژهەڵاتی ئەو گۆڕانە نوێیانەی ئەم سەردەمە سەپاندوویەتی نییە، ئەگەر دانەرانی موزیک ژیرانە و بینراوانە و لە ڕوانگەی کەلتووریی هاوسەنگەوە مامەڵەی لەگەڵدا بکەن، نوێبوونەوەی موزیکی هیچ سنوورێکی بۆ

[1]- محمد، عمران، دراسات في الموسيقى المصرية، تأسيس نظري و تطبيقات عملية، ط١، الهيئة المصرية العامة للكتاب، القاهرة ٢٠٠٦م، ص٢٠

[2]- فراس الطرابلسي، الموسيقى الشعبية والموسيقى الرسمية بالبلاد التونسية: صراع الهوية في المفاهيم والممارسة والتمثيل. المؤتمر الدولي الأول, الخطاب الموسيقي و سؤال الهوية، وزارة التعليم العالي والبحث العلمي , جامعة صفاقس , المعهد العالي للموسيقى بصفاقس ٢٠١٣ ص ١٨٠-١٨١.

بەستنەوەی خەیاڵی هونەرمەند نییە، چونکە زمانی موزیک بە سروشتی خۆی نەرمە و دەرگای درککردن بۆ هەمووان کراوەیە بۆخەباتکردن لە پێناو کەلەپووری خەڵک، بەوەی هەوڵ بدرێت لە سەر زەمینە بابەتییەکان بابەتەکانی موزیک نوێبکرێنەوە). [1]

ئێمە دەبینین و باش ئاگاداریشین، (موزیکی ڕۆژهەڵات لە خۆیدا هیچ توانایەکی دەربرینی نییە، بۆیە تەواوی ئەزموونی موزیکیی ئێمە تەنیا لە گۆرانیدا سنووردارکراوە، ئەگەر بە دوای موزیکی بێگەرددا بگەڕێیت، تەنیا ئارگیۆمێنتی بچووک و سووکی سەرەتایی دەدۆزیتەوە، کە هیچ شتێک دەرنابڕن و لە بنەڕەتیشدا هیچ پەیوەندییەکی بە گۆرانییەکانەوە نییە، سەرەڕای ئاسانیی تێگەیشتنیشیان، بچووکترین کاریگەری لە سەر گوێگران جێناهێڵن، چونکە ئەم بابەتە بە بێ هۆنراوەی گۆرانییەکە، بە تەواوی بێدەسەڵاتە و ئامانجی خۆی ناپێکێ). [2]

(ئێمە هێشتا لە قۆناغی گوێگرتنەوە نەگوێزراینەتەوە بۆ قۆناغی گوێگرتنی دەروونی، هەموو خۆشیمان چێژێکی هەست و سۆزدارییە، کە لە مۆنۆتۆنی ئەو ڕیتمەوە سەرچاوەی گرتووە، کە بانگهێشتمان دەکات بۆ پشوودان نەک بیرکردنەوە. بۆیە موزیکی ڕۆژهەڵات هەستی گوێگر دەقۆزێتەوە، نەک هزرومێشکی، ئەوەش کاریگەریی خۆی لاواز دەکات لە سەر هەڵسوکەوتی کۆمەڵایەتی، چونکە کاریگەریی هەست، لێرەدا بە زەمەنێکی دیاریکراودا بەستراوەتەوە وکاتێک ژەنینی پارچە موزیکەکە تەواو دەبێ، ئاوا ئەوکاریگەرییەش دیار نامێنێت). [3]

ئەورەخنەیە سەرەکییەی ئاراستەی موزیکی ڕۆژهەڵات بە تایبەتی لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتدا دەکرێت. (بەستنەوەی گوێگرە لە ڕێگەی ڕیتمێکی دووبارەوە، کە بەبەردەوامی لەگەڵیەتی. ئەمەشیان ڕاستەوخۆ کار دەکاتە سەر سیستەمی هەستەوەرییەوە، ئەو لێرەدا تەنیا لە

---

[1] - سمحة الخولي، القومية في موسيقى القرن العشرين، سلسلة عالم المعرفة، المجلس الوطني للثقافة والفنون والآداب، الكويت، ١٩٩٢م، ص١

[2] - فؤاد زكريا، التعبير الموسيقي، مكتبة مصر، ط٢، ١٩٨٠، ص٦.

[3] -سەرچاوەی پێشوو، ص٦.

ڕێگەی هەستەوە ئاڵوودەی دەبێت، نەک لە ڕێگەی خەیاڵێکی فراوانەوە، بۆیە ئەم گوێگرتنە جۆرێکی زۆر سەرەتاییە و هیچ پەیوەندی بەخەیاڵەوە نییە و توانای بەرزە فڕی خەیاڵی خۆی ناداتە گوێگر، بەم شێوەیە چێژ لەو ئەزموونە جوانکارییە وەرناگرێت. ئەم کێشەیەش تەنیا لەلایەن ئاوازدانەرەکانمانەوە دروست ناکرێت، بەڵکو ئەو لە تەمەنێکی زووەوە لە سەر ئەم شێوازە سنووردارەی گۆرانی چڕین ڕاهاتووە، کە لە سنووری دەربڕینی پەیوەست بە هەستە سەرەتاییەکانەوە تێناپەڕێت).[1]

هەوڵدان بۆ گەڕان و پاراستنی تایبەتمەندیی و تایبەتمەندییە ڕاستەقینەکانی شوناسی موزیکیی و باڵادەستی ڕیتم و موزیک لە ئاوازی نەتەوەییدا. ڕیتم و ئاواز لە ڕووی سۆز و شارستانی و نەتەوەیی و دیسپلینەوە ڕۆڵی گرنگیان لە ژیانی مرۆڤدا هەیە، لەم ڕوانگەیەشەوە مرۆڤ هەستی وابەستەبوونی بە وڵات و زمان و کلتوور و مێژووەوە ڕوو لە زیادبوون دەکات، چونکە مەعریفەی پێشکەوتووی تێمی ئاواز و ڕیتم لە سنووری جێگیری خۆی بۆ سنوورە زیادکراوەکان و ستاندارده نوێیەکانی بابەتەکانی تێدەپەڕێت، تا ئەو ڕادەیەی پەیوەندییەکی زیندوو لەگەڵ جووڵەی ئێستا و نوێدا بگونجێنێت. بۆیە توێژەر لەهەوڵی ئەوەدایە ئەو هاوکێشە هونەرییە بدۆزێتەوە کە چەمکی شوناسی نەتەوەیی بە پێکهاتەی ڕیتم و ئاوازەوە دەبەستێتەوە.

زانینی چۆنیەتی پێناسەکردنی ناسنامەی نەتەوەیی لە موزیکدا لە ڕێگەی پێکهاتەکانی ڕیتم و ئاوازەوە لە کاری موزیکیدا، هەروەها بۆ ڕوونکردنەوەی گرنگی ڕیتم و میلۆدی بۆ گەشەکردن و دەوڵەمەندی ناسنامەی نەتەوەیی موزیک، چونکە بەئاگادارییەکی هوشیار و ئەگەری دروستکردن و داهێنانی ڕستەی موزیکیی سروشتێکی داهێنەرانە فەراهەم بووە، بۆیە جەختکردن و تیشکخستنە سەر ئەو میتۆدانەی فۆرمەلەی ئاوازی هەندێک لە بۆتە موزیکییەکان بە گشتی بەکار دەهێنرێت تا ئەو ڕادەیەی تایبەتمەندیی موزیکی ئەو ئاوازانە لە

---

[1]- راغب، نبيل، النقد الفني، مكتبة لبنان، ١٩٩٦، ص٥٩.

ڕۆشنایی پێکهاتەیەکی تۆکمەدا دەپارێزن، پێداویستییەکی مێژوویی گرنگە، بۆ پاراستنی تایبەتمەندیی دەربڕینی نەتەوەیی بۆ گۆرانی چڕین و موزیکی نەریتیدا.

١- کاری هونەری یەکەیەکی فرە ڕووە و یەک مانایە، لێرەدا گرێدانێکی توند لەنێوان توخم پێکهاتەکانی لەگەڵ یەکتردا دیاری دەکرێت، بۆ ئەوەی ئەم پێکەوەبەستنە ببێتە هۆی کارەکتەرێکی جیاکەرەوە.

٢- ناسیۆنالیزم چەکێکە لە ڕێگەیەوە موزیکژەنان بەرگری لە ناسنامەی وڵاتەکەیان دەکەن و خۆیان لە چەوساندنەوەو زاڵبوونی موزیکی بێگانە بەسەر وڵاتەکەیاندا ئازاد دەکەن.

**٢-٦ گەڕان بەدوای ناسنامە:**

لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەیەم و سەرەتای سەدەی بیستەمدا دوو لایەنی ناسیۆنالیزم دەستیان بە گرنگیدانی زیاتر لە گەڕان بەدوای ڕێگا وشێوازی جێگرەوەدا کرد، ئەویش بەکارهێنانی نموونەی ڕەوانبێژی بۆ دیاریکردنی شێوەی ئاواز و کاریگەری موزیکی فۆلکلۆری ڕاستەقینەبوو، هەروەها بەکارهێنانی گۆرانی فۆلکلۆری لە موزیکدا گەشەیەکی نوێ نەبوو، هەرچەندە وەک ڕەنگێکی خۆماڵی دەرکەوتبوو، نەوەک وەک لایەنێکی شێواز کرداری. جێی سەرنجە ناسیۆنالیزم وەک بابەتێکی خۆڕسک لە ڕەسەنێتی و ئاوازە نوێکان جیاوازە، چونکە (هەموو ناسیۆنالیزمێک ناتوانێت خۆی بگونجێنێت و بەشداری لە یەکەیەکی شارستانیەتی گەورەتردا بکات، ناسیۆنالیزمیش نابێتە دەستکەوتێکی سرووشبەخش بۆ هونەری جیهان تا ئەو کاتەی هەردوو چەمکی تێگەیاندن وتێگەیشتن فەراهەم نەکات.*

---

* زاراوەی ناسیۆنالیزم و ناسیونالیزمی موزیکیی:
- لە مانا زانستییە وردەکەی خۆیدا - زاراوەیەکی مۆدێرنە و تا سەدەی نۆزدەیەم نەکەوتە سەر پێ و نەهاتە ئاراوە، لەم سەردەمەدا زۆرێک لەو نەتەوانەی یەکپارچەیی خۆیان پاراستبوو، دەرکەوتن وهەندێک لەو نەتەوانە هەموو مانایەکی هونەرو ئەدەب وێناکردنییان لە دەرەوەی چەمکی نەتەوەیی ڕەتدەکردەوە.
هالة محجوب، سەرچاوەی پێشووتر.ص٢٧٧.
ناسیونالیزمی موزیکیی: ناسیۆنالیزم زۆرجار بە ڕۆمانسیەتی موزیکی ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەیەمەوە بۆ ناوەڕاستی سەدەی بیستەم بەستراوەتەوە. ئەم وشەیە بە گشتی بۆ ناساندنی موزیکی سەدەی بیستەم لە ناوچە ناسەردەستەکانی موزیک بوو، بە تایبەتی لە ئەمریکای لاتین و ئەمریکای باکوور و ئەوروپای ڕۆژهەڵات. لەڕووی مێژووییەوە، ناسیۆنالیزمی موزیک لە سەدەی نۆزدەیەم وەک کاردانەوەیەک بۆ "زاڵبوون" ی موزیکی ڕۆمانسی ئەڵمانی دەبینرا.

هەندێک کەس وا دادەنێن، کە ئاوازدانەری هاوچەرخ لە کەلەپووری موزیکی جیهانی جیابوونەتەوە و ئەو پەیوەندی و یەکانگیرییە نەریتییانەیان لەنێو بردووە، کە کەلەپووری موزیکی کلاسیکی ئەوروپی لە سەر بنیاتنراوە، بەڵام ئەم باوەڕە هەڵەیە، چونکە (موزیکی سەدەی بیستەم پەرەی بە زەمینەسازی خۆیدا بە دانانی کۆمەڵێک ئەکۆردی هارمۆنی موزیکی هاوچەرخ و مۆدێرن بۆ هارمۆنیەکانی پێشووی خۆیان، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی دەربڕینی فراوانتر و گشتگیرتر بێتە ئاراوە، کە هزری هونەرمەندی داهێنەر بتوانێ لە ئاوازی موزیکییدا بۆ دەربڕینی هەموو جوانی و ڕەنگەکانی دەوروبەری وێنا بکات).[1]

گەڕان بەدوای ناسنامە لە پشت سەرهەڵدانی قوتابخانەی موزیکی نەتەوەیی بوو لە ئەوروپا، (موزیکی نەتەوەیی دژی ئینتەرناسیۆنالیزم نییە، بەڵکو سەرکەوتنە ڕاستەقینەکەی ئەوەیە، گوێگر لە ناوەوە و دەرەوەی پرۆسەکە جەمسەرگیری بکات. پێودانگکردنی داهێنانی دانەری موزیکی، حوکمدان نییە، لە سەر ڕەوتە نەتەوەییەکە، بە قەدەرئەوەی حوکمە لە سەر تاکێک بەپێی کلتوورەکەی و لە سنووری وزەی تاکەکەسی وچەرخەکەیدا داهێنەربووە، ئەمەشیان تا ئەو شوێنەی بە شێوەیەک لە شێوەکان کۆمەڵێک لە بەها موزیکییە نوێیەکانی کە هەوێنەکەی لە کەلەپوورەکە یەوە وەرگیرابوو زیاد کران، ئەم ڕەوتەش لەلایەن ڕۆمانسییەکانەوە ئامانجی سەرەکییان گەڕانەوە بۆ ڕابردوو و دوورکەوتنەوە لە واقیعی دەستکرد و شارنشینی بوو پشتگیری دەکرا، تا ئەو شوێنەی ئاوازەکان لەگەڵ پێوەری موزیکی نوێ لە هەردوو پەیژەی گەورە و بچووک جیاوازبوون. هەروەها زیادکردنی ئاراستەی نوێ بۆ هارمۆنی و فرەدەنگی وڕیتمی میللیی بە پێوەری مۆنۆتۆن وپێکهاتە ئاڵۆزەکانیان مەبەستێکی تری گەورەی ئەم ڕەوتە بوو. لەنێو گرینگترین ئەم ڕەوتانە: موزیکی فۆلکلۆری - (فۆلکلۆریزم) واتە هەنگاو نان ڕووەو ئەوبابەتانە، یاخود ئاراستە بۆ موزیکی فۆلکلۆری یان میللیی).[2]

---

[1] - فاطمة ظاهرالربيعي، تعدد التصويت في الموسيقى العربية، اكاديمية الفنون المعهد العالي للموسيقى العربية، القاهرة، ٢٠٠٩، ص٨.

[2] - أسماء محمد ابراهيم، اسلوب اداء مؤلفات الفريدو كازيللا للمبتدئين لالة البيانو، رسالة ماجستير غير منشورة، كلية التربية الموسيقية، جامعة حلوان، القاهرة، ١٩٩٢، ص ٥-٧

(دانەرانی بواری گۆرانی فۆلکلۆری، ئاوازی ڕەسەنیان بە مۆرکی نەتەوەیی داهێناو دروستیانکرد. سەرەتاکانی ناسیۆنالیزم لە ئەڵمانیا لەگەڵ (برامز) دەرکەوت کە ئاوازی میلیی ئەڵمانی دانابوو، هەروەها ناسیۆنالیزم لەلایەن (هایدن و شوبێرت و شتراوس و مالەر) یش ڕەنگدانەوەی گەورەی هەبوو. لە پۆڵەندا لە لایەن(شوپان)ەوە دەرکەوت و لە هەنگاریاش (فرانتس لیست) ڕابەری ئەو ڕەوتە بوو و لە ڕووسیاش پێنج گەورە موزیسیاناکان بوونە هەڵگری ئاڵای ئەم ڕەوتە. بۆیە ناسیۆنالیزم چەکێک بوو لە ڕێگەیەوە موزیکژەنان بەرگریان لە ناسنامەی وڵاتەکەیان دەکرد، لەو ڕێگەیەوە خۆیان لە زاڵبوونی موزیکی بێگانە، کە نامۆ بوو بەسەر وڵاتەکەیاندا ئازاد کرد).[1]

(ناسیۆنالیزم وەک قۆناغێکی کاتی لە سەدەی بیستەمدا بۆ ژمارەیەک لە دانەرانی هاوچەرخ ئەوانەی کە گەڕانەوە بۆ کلاسیکی هاوچەرخیان کردبووە دروشم، یان وەک بەدواداچوونی داهێنانی مۆدێرن یاخود وەک ڕەوتێکی سەرەکی کە لەلایەن خاوەنەکانیەوە هەڵیگرتبوو هات، کە هەمیشە پێیەوە پابەندبوون، بەڵام هەر یەکەیان بەپێی تایبەتمەندیی کەسایەتی خۆیان گەشەیان پێدا).[2]

(دانەرانی موزیکی نەتەوەیی ڕۆژهەڵاتیی ئەو کارانەیان داهێنا، کە ستانداردی قوتابخانەکانی گەلانی تریان تێدا بەدیدەکرد، کە تایبەتمەندییەکی هاوبەشی نێوانیان سەرهەڵدانی موزیکی نەتەوەییە و شێوازی میتۆدە هونەرییەکانی ڕۆژئاوا بەکاردێنێت، بۆ دەربڕینی ناوەرۆکێکی ڕۆژهەڵاتی ناسنامە ڕوون. (میسر و لوبنان و تورکیا)، زۆرینەی کارەکانی قوتابخانە نەتەوەییەکانن، کە لەگەڵ بیری نەتەوەییدا بوون لە ساڵانی سەرەتای سەرهەڵدانی ئەم ڕەوتە هونەرییە. بە سەرنجدان لە پێگەی دیاتۆنی لە سەر بنەمای دەنگ و بۆ ئاسانکاری بۆ ئەو ئاهەنگانەی بە وتەی خۆیان هارمۆنییەکانیان لەگەڵیدا دەگونجێت، هەروەها بایەخدانیان بە

---

[1] - Grovt, Donald ,1985, History of western music, 3rd Edition, U, K P. 652-653

[2]- أسماء، محمد ابراهيم، اسلوب اداء مؤلفات الفريدو كازيللا للمبتدئين لالة البيانو، سەرچاوەی پێشووتر، ص ٥-٧

ڕیتم و سەمای جەماوەری و بەکارهێنانی ئامێرە موزیکییە ڕۆژهەڵاتی و جەماوەرییەکان کە پەیوەستن بە پرسە مێژووییە ڕوونەکانی ڕێنێسانسی سیاسیی نەتەوەییەوە).[1]

(پێکهاتەی تۆنالی موزیکی ڕۆژهەڵات لە گۆشەی تیۆرییەوە لە شێوەی ڕەگەزەکان تێتراکۆرد (Ttracord) ڕێکدەخرێت. چوار تێبینیی بە شێواز وئاراستەی جیاواز پەیڕەوی دەکەن و دەبێت چەندین فاکتەری تەکنیکی بنەڕەتی تێدا ئامادەبن بۆ بەدەستهێنانی کارەکتەر وەک سروشتی جووڵەی ڕێڕەوی میلۆدی و کەش وهەوای سۆزداری و دەروونی و خێرایی پێرفۆرمەنسی (تێمپۆ) وشێوازی تێکەڵبوون وپێکەوە و بەدواییەکهاتنی ڕەگەزەکان).[2]

**٢-٧ ناسنامەی ڕیتم لە موزیکدا:**

جۆرەکانی هونەر لە گوتارەکەیاندا بەشدارن، سەرەڕای جیاوازی لە پەیوەندی و دەربڕیندا، بەڵام (لە پەردەی تێگەیشتنی هۆشیاریی دەروونی و کۆگای هەستەکاندا کۆتاییان پێ دێت چ هونەرێکی شوێنپێگە بێت یان هونەرێکی کاتئامێز. هەرچۆنێک بێت، ئەوان دوای لکاندنیان دەبن - لە ڕێگەی کەرەستە و میدیای جیاوازەوە، بەرجەستە وپەیوەست دەبن - وەک پێکهاتەیەکی جوانکاری لەو تێگەیشتنەی کە ڕیتمەکان یان بۆشاییەکان تێیدا کۆدەبنەوەو وادەردەکەون، وەک ئەوەی لەلایەن لیڤەری جوانکارییەوە هەڵگیراوبن).[3]

(ڕیتم (Rhythm) یەکێکە لە دەربڕینە هونەرییەکان، واتە ناوەڕۆک و فۆرم وشێواز وتێمپلەیت وتایبەتمەندییەکانی تری کاری موزیکیی ئاشکرا دەکات و توانایەکی فراوانی هەیە، بۆ جێهێشتنی کاریگەری سۆزداری لە سەر گوێگر، هەروەک ڕوونیشە ڕیتم لە یەکگرتنێکی ئۆرگانیکدایە لەگەڵ ئاواز وهارمۆنی وچنین و دینامیزم وتیمبەر و ئامرازەکانی تر. بەو پێیەی موزیک بە شێوەیەکی کاتی ڕێکدەخات، لە نزیکەوە بە ئەم ئامرازانەوە بەستراوەتەوە و یارمەتی دەرخستنی هەست و ورە و ڕەوشت و سۆزێکی دیاریکراو دەدات).[4]

---

[1]- سمحة، الخولي، القومية في موسيقى القرن العشرين، ص٢١٢

[2]- طارق حسون فريد، تاريخ الفنون الموسيقية، ج ١، دار الحكمة للطباعة والنشر، بغداد، ١٩٩٠، ص ٨٠- ٩٣.

[3]- احمد زكي، النقد العربي الحديث، اصوله اتجاهاته، دار النهضة العربية، بيروت، ١٩٨٣م، ص٧٦.

[4]- نبيل صالح الدارس، ظاهرة التنويع في الايقاعات العربية دراسة تحليلية، المجلة الاردنية للفنون عدد ٢، ٢٠٠٠، ص٢٤٥.

ڕیتم لەلای ماکس پنشار بریتییە لە: (پێکهاتە و بەرجەستەکردنێکی دەرەکی لە پاڵنەر و ئەگەرەکانی موزیکێکی ڕێکوپێک وهاڕمۆنیزەکردنی پەیوەندی ماوەی نێوان دەنگەکانە، لە گۆڕانکارییە توندوتیژەکان، هەروەها لە جیاوازی چڕیدا وتایبەتە بە ئاواز وڕیتم بەپێی بۆچوونی دکتۆر فواد زەکەریا ڕیتم زاڵە بەسەر توخمی هاوئاهەنگی یان ڕێکخستنی جێگیردا: چونکە ڕیتم دووبارەکردنەوەی لێدانێک یان کۆمەڵێک لێدانە بەشێوەیەکی ڕێکوپێک، بە جۆرێک گوێ چاوەڕوانی دەکات کە کاتەکەی هاتووە. ئەم جووڵەیە توخمێکە بۆ پەسندکردنی سترێس و توخمی ئازادکردن وهێورکردنەوە و لابردنی ئەم تەنگژەیە).[1]

ڕیتم خەسڵەت وتایبەتمەندییەکی هاوبەشە لە نێوان هەموو هونەرەکاندا، بەڵام لە موزیک وشیعر و سەمادا ڕوونتر دەردەکەوێت، وەک ئەوەی لە هونەرە بینراوەکاندا دەردەکەوێت و ڕیتم لە هونەردا بنەمایەکە بۆ هەر کارێکی هونەری و ئەدەبی لە سەر بنەمای چەند توخمێک، کە دیارترینیان دووبارەبوونەوە یان پەیوەندی نێوان توخمەکانی پێکهاتە هونەرییەکانە لە نێوان هێزی کاریگەر لەگەڵ یەکتردا، بۆ ئەوەی هیچ شتێکی باش لەگەڵ جوانی ئەوانی تردا نەڕوات و گوزەرنەکات.

(دووچەمک و بینین وتێگەیشتن هەن، بۆ دروستکردنی شێوەی ڕیتمیی لە موزیکدا، یەکەمیان دروستکردنی نموونەیەکە یان بەو پێیە لێدانێکە، کە پێی دەوترێت لیبڵێکی جێگیری هاوبەش کە بۆخودی هونەرمەندان و کۆمەڵگە لە بواری موزیک و گۆرانیدا بابەتێکی ئاشنان. کەچی شێوەی دووەمیان نموونەیەکی فراوانترە لە یەکەم، (چەندین خولی ڕیتمیی) لە خۆدەگرێت، کە بەپێی نموونەیەکی ڕیتمییدیاریکراو دووبارە دەبێتەوە، بەڵام بە بەها جیاوازەکانەوە لەنێوپارچە موزیکەکاندا، یان لەنێوهۆنراوەکاندا، هاوکێشەکەی پێویستی بە پرۆسەیەکی زیاتر هەیە، بۆ وێناکردنی بنیاتنانەکەی، بە تایبەتی لە موزیکی سیستەماتیکدا ئەو شوێنەی کە توخمی ڕیتمەکە تایبەتمەندییەکی دووانی جوانی هەیە، کە، چوارچێوەی دەرەکی کاری موزیکیی پێناسە دەکات، ئەمەشیان لە شێوەی هاوسەنگی (دوانەیی، سێگۆشەیی،

[1]- فؤاد زكريا، التعبير الموسيقى، مؤسسة هنداوي، ٢٠١٩، ص ٢١

چوارگۆشەیی)یە، لە لایەکی ترەوە سروشتی ڕیتمی بەهاکان لەنێو بارەکاندا و پەیوەندییان لەگەڵ یەکتریدا ئاشکرا دەکات).[1]

(پێکهاتەی ڕیتمیی پشت بە شێوازی کێشی درێژی برگەکانی زارەکییەوە، بۆ هێڵی گۆرانییەکان دەبەستێت، کە پێی دەڵێین شێوەی گۆرانیی زارەکی وشێوازی ڕیتمیی، کە لە موزیکی برگە زارەکییەکان پێکدێت، واتە شێوازی دارشتن بە: شێوەی ئاوازی کێش دەناسرێ، بەڵام لە شێوازی سێیەمدا، ئەو پێرفۆرمەنسەی کێشی گۆرانییە، پێی دەڵێین شێوەی فرەیی ڕیتمیی، یاخود لێدانی ڕیتمی.[2]

گومانی تێدانییە کە ڕیتم و جوانکارییەکانی لەو جۆرە شێوە موزیکییەدا شوێنی گونجاوی خۆیان دەگرن، چونکە جیاوازیان لە سەر بنەمای پێکهاتەی سیستەمی ڕیتمە، کە هۆکارێکی سەرەکی بووە و بەشداریی لە پاراستن و بەردەوامی ئەم هونەرانە کردووە. شێوە ڕیتمییەکان شێوازێکی سەرکەوتوون بۆ پاراستنی زمانی زارەکی، کە ئاسانکاری بۆپرۆسەی پاراستنی هزرو بیرگە دەکات). [3]

(ڕەنگە توخمی مادی لە موزیکدا لە ناوەڕاستی ئەم ئەبستراکتە ڕەهایەدا ڕیتم بێت و توخمێکی کاریگەری قووڵ بێت، چونکە ئەوە ئەو لێدانەی دڵە کاراکتەری خاوەنەکەی هەڵدەگرێت و لە ڕیتمەوە ئەگەرەکانی تری پێکهاتەی موزیکی پێکدێنێت، بۆ ئەوەی وێنەیەکی ڕاست و دڵسۆزانەی کاری ئاوازدانەرمان پێ ببەخشێت، کاتێک کە گوێی لێ دەگرین، بە هەمان شێوە کاتێک گوێ بۆ موزیکێکی گەلێک لە گەلان ڕادەگرین، ئەگەر هاتوو ئەو موزیکە ڕەسەن وڕاستگۆیانەبوو، ئاوا دەتوانین وێنەیەکی ڕاست و دروست و پلەیەکی پێشکەوتنی شارستانیشی پێببەخشین). [4]

[1]- میسم هرمز توما، عناصر تكون الموسيقى والغناء (منظور بحثي)، مكتبة الفتح، بغداد، ٢٠١٨، ص٣٢.

[2], زينب صبحي البياتي، البناء اللحني والايقاعي في الاغنية البغدادية , رسالة ماجستير غير منشورة , بغداد (جامعة بغداد، كلية الفنون الجميلة)٢٠٠٢، ص٥.

[3]- علي عبد الله، جماليات الايقاع في الفن الإسلامي، البلقاء للبحوث والدراسات، العدد ١٦، ٢٠١٣، ص١٨٥.

[4]- ثروت، عكاشة، الزمن و نسيج النغم من نشيد ابوللو الى تورانجاليلا، طبعة ثانية، الهيئة المصرية العامة للكتاب، الجزء الرابع عشر، ١٩٩٦ ص ٢٠

ڕیتم كاتی پەخشی موزیک ڕاڤە دەكات، ئەمەش لەگەڵ ترپەی دەنگی هاوشێوە بەبێ فشار یان بە بەها جۆراو جۆرەكانیەوە دەبێت. (ئەمانە لەگەڵ شەپۆلی بەردەوامی نایەكسان یان (درێژی) ترپەكان نین. ڕیتم لەم بوارەی ئاوازدانانی میللیدا بەڕوونی دیارە و بە ئاسانی دەتواندرێت جیا بكرێتەوە و لە هێڵێكی هاوتەریب لەگەڵ ئاوازدا، لە بۆتەیەكی دووبارەیی دەمێنێتەوە، بەجۆرێک بە تایبەتمەندیی ترپە ڕتیمییەكانییەوە زاڵە. ڕیتم لە چەمكی ئاوازی میللیدا پشت بە ڕۆحی خەڵک و كۆمەڵگەكەی دەبەستێت، چونكە لە ڕێگەی هونەری سەما یان كاری گرووپەوە بە كۆڵەگەی سەرەكی بۆ یەككگرتنی كۆمەڵە دادەنرێت، بەم شێوەیە ڕۆڵی خۆی لە خزمەتی چەندین لایەنی كۆمەلایەتیدا دەگێڕێت، كە لە پێكەوە بەستن و ڕاوێژكردن و بەو شێوەیە ڕۆڵی خۆی لە خزمەتی كۆمەڵێک لایەنی كۆمەلایەتیدا دەنوێنێت كە ئاراستەی بابەتێكی تایبەت بە بەها و ڕێكخستنەوەی پێوەرەكەی دیاریدەكات.[1] بۆیە ڕیتمی میللیی وەک پێكهاتەیەک دەبینرێ، كە لە ژینگەیەكی تێكەڵەوە بەرهەم دەهێنرێ كە تێیدا تایبەتمەندییەكانی پێكەوەبوونی كۆمەڵگەو تایبەتمەندیی جووڵانەوە وئەوانی تر فەراهەم دەكات. بۆیە بوونەتە نموونەیەكی جێگیر وچەسپاو و دیاریكراو بۆ هەر گروپ و كۆمەڵگەیەک).[2] (ئەمەش پێویستی بە دەركەوتنی كارەكتەرەكانیان هەیە، هەروەها لە ڕێگەی هەمەجۆر و دەوڵەمەندیی پێرفۆرمانسەوە لە كاتی ژەنیندا).[3]هەرچۆنێک بێت دەبینین لە ڕیتمی ڕۆژهەلاتیدا خەسڵەتێک هەیە، كە پێم وایە بە ڕاستی لە ڕیتمی ڕۆژئاوا جیای دەكاتەوە، یەكەمیان لە ڕیتمی ڕۆژهەلاتیدا دیار و ڕاشكاوانەیە، دووەمیان لە ناوەوەیە و بە هەموو ئامازەكانییەوە با ئەوە ڕوون بكەینەوە، كە ئەم دوو خەسڵەتە بەوردی چی دەگەیەنێت

ڕیتمی خۆرهەلات بەو مانایە دیارە كە قەوارەیەكی سەربەخۆی هەیە، كە خۆی لەگەڵ ئاوازدا دەڕوات، بەلام تێكەڵی نابێت. لە موزیكی ڕۆژهەلاتدا ئامێرە ڕیتمییەكان وەک كۆیلە بە

[1] - میسم، هرمز توما، عناصر تكوین الموسیقی والغناء (منظور بحثي)، سەرچاوەی پێشووتر، ص٣٧
[2] - سەرچاوەی پێشوو، ص٥٨
[3] - میس هرمز توما، مسیم هرمز، عنصر الأیقاع واللحن في الموسیقی والغناء تحلیلا و نقدا الأكادیمي، العدد ٥٥ لسنة ٢٠٠٩ ص٦١-٦٢

دوای ئاوازەوەن و دەتوانرێت بەڕوونی  لە ئاوازەوە جیابکرێنەوە، بێگومان ئەم خەسڵەتەی ڕیتمی ڕۆژهەڵاتی بۆ موزیکی کوردیش هەمان پێوەر و مانا هونەرییەکە هەڵدەگرێت.

ڕیتمی ڕۆژئاوا گۆرانی چڕینکارێکی ڕیتمییە و لەو کارە ڕیتمییەوە سیفەتە سەرەتاییەکانی درێژ دەبێتەوە، ئەم کارە کۆنتر و سەرەتاییترە لە ڕیتمی ئەو بەشەی بۆی زیاد کراوە و توخمێکی نوێی ڕوونی هەڵگرتوە، زۆرجار بێ وشە یان بە وشەی مانادارەوە یاوەری دەکرێت. بەم شێوەیە، دەتوانێت لەگەڵ خودی خۆی ناوەرۆک بێت.

**٢-٨ میلۆدی لە موزیکدا:**

میلۆدی لەلای هیگل گوزارشت لە ململانێی نێوان ئازادی وپێویستیی دەکات، چونکە (ئاوازەکە ڕەنگدانەوەی ململانێی نێوان خەیاڵەکانی دانەری موزیک-*وبەرەڵاکردنیەتی وپێویستیی ئەو هەلومەرجە هاوچەشنانەیە، کە پێویستی بە پاککردنەوەی خۆی هەیە، لێرەدا ئەوەی دەتوانرێت ئاماژەی بۆ بکرێت، ئەوەیە ئاوازەکە ئازادی خۆی لەدەست نادات هەرچەندە بە پێویستییەکانی کاری موزیکی بەڕێوەدەبرێت کە لە ڕیتم وهارمۆنیدا خۆی دەنوێنێ، بەڵام ئەم پێداویستیانە سەربەخۆیی ڕاستەقینەی خۆی پێ دەبەخشێت چونکە ئەم پێداویستیانە بەبێ ئاواز ئەبستراکتێکی دوورن لە هەر بەهایەکی موزیکیی ئەمەش بەو مانایە دێت، کە هونەری میلۆدی موزیک بەپێی تێڕوانینی هیگل (گونجان لە نێوان هارمۆنی وئاوازدا بەدیار دەخات، بۆیە ناتوانین جیاوازی لەنێوان ئاواز وهارمۆنیدا بکەین و مەزندەی ئەوە بکەین، کە کامیان شوێن ئەویتر دەکەوێت و کاری تێدەکات).[1]

---

* پێویستە بە باشترین شێوە هەمامەنگی لە نێوان هێڵی میلۆدی و هێڵی بەیزی ئەکۆڕدەکاندا هەبێت، بەردەستبوونی هاوئاهەنگی ئەم توخمانە گرینگە، وەک چۆن بە باشترین شێوە بە لایەنەکانی تریشیەوە پەیوەست بووە. لە ئەنجامی یەکگرتنی ئەم هۆکارانەدا، کیانێکی زیندوو و تەواو هێزی هونەریی گەورەی لێ دەتکێ، کە توانای جووڵەی جێگیر و لە هەمانکاتیشدا هەنگاوێکی پتەوی هەیە، بەڵام ئەم موزیکە تەنیا بە سادەییەکەی جیا ناکرێتەوە، یان بەو لایەنانەی بە تەنیا دەیتوانی گوزارشتی لێوە بکات. هەندێک ئەنجامی ئەرێنی بەدەستهێناوە کە بە سوودەکانی ئەوهەژماردەکرێن. بۆیە ئەم بابەتە لەگەڵ پێشکەوتنی نوێدا لە ڕۆحی سەردەمەکەیەوە سروشگیریی وەرگرتبوو و بە باشترین شێوە لەگەڵ سروشتی بابەتە میلۆدییەکەیدا گونجانی بێهاوتای هێناکایەوە. ئەم داهێنانانە بە شێوەیەکی سەرەکی بە دوو شت پێناسە کرابوون: کاریگەرییە دینامیکییەکان (واتە هێز و لاوازی یەک لە دوای یەک) و تیمبەری تۆن.

لاینختریت، هوجو، لموسیقى والحضارة، ترجمة احمد حمدي محمود، مراجعة حسين فوزي المؤسسة المصرية العامة للتأليف والترجمة والطباعة والنشر.١٩٩٨ ص282.

[1]- سيد شحاته، علم جمال الموسيقى، مطابع الأهرام التجارية مصر، ٢٠٠٦، ص١٣٦-١٣٧

ئاوازیش بە ڕای شۆپنهاوەر هیچ بەهایەکی هونەری نابێ، بەبێ ئەو توخمانەی هونەری موزیک بەرزدەکاتەوە، ئەویش: (مەقام، خێرایی، پێوەر، چنین، داڕشتن، ڕەنگکاریی دەنگی، دینامیک*، وڕیتم، لێرەدا نەک هەر ئاواز زمانی موزیک و سەرچاوەی داهێنانە تێیدا، بەڵکو هەموو توخمەکانی لە سەرەوە ئاماژەیان پێکراوە، لەگەڵ ئاوازدا ئاوێتە دەبن و گوزارشت لە زمانی موزیک دەکەن).[1]

(کاری هونەری یەکەیەکی فرەلایەنە و بە مانای یەکەو گرێدانی توند لەنێوان پێکهاتەکانی لەگەڵ یەکتردا دیاری دەکرێت، بۆ ئەوەی ئەم پێکەوە بەستنە ببێتە هۆی کارەکتەرێکی جیاکەرەوە. سەبارەت بە توخمەکانیش مەبەستمان لەوردەکاریی کاری هونەرییە لەڕوانگەی موزیکییەوە واتە لەڕووی ئاواز و ڕیتمەوە،[2] یەک بە دوا یەک داهاتنی ڕێکخراوی دەنگەکان ئەوە ئاوازە(Melody) و یاوەری وهاودەمی ئاوازەکان و ئاوێتەکردنیانە لە پەیوەندییە هاودەنگەکانداو بە فرەدەنگیی (Polyphony) ناوزەد دەکرێن.[3] میلۆدی یەکێکە لە چوار کۆڵەگەی موزیک، ڕیتم وئاواز، هەروەها هاودەنگی (بە شێوەی هارمۆنی).[4]

بۆیە دەبینین موزیک کارکردنی گونجاوی خۆی لە مەودای تەسکی گۆرانیدا جێبەجێ ناکات، چونکە لە ئاوازەکەیدا پەنا دەباتە بەر ئەو میتۆدانەی ناتوانن بەردەوامی ببەخشنە کاری هونەریی، سەرەنجام لە کارەکتەرێکدا لەنێوی دەبەن و لەهەمانکاتیشدا بێزارییەک دەدەن بە گوێچکەی بیسەردا. (ڕیتمی ڕۆژهەڵاتی لەگەڵ ئاوازدا گوزەر دەکات، بەڵام لەگەڵیدا یەکناگرێتەوە. لە موزیکی ڕۆژهەڵاتدا ئامێرەکانی ڕەزم و کوتان وەک دەفسنجار بۆ نموونە

---

* داینامیک: - (Dynamism) کاریگەرییە داینامیکییەکانی دەنگ یان جیاوازی لە ڕەنگی دەنگ Dynamic effect of sound) زاراوەیەکە کە لەلایەن یۆنانییەکانەوە بەکاردێت بۆ جیاوازی دەنگ لە ڕووی چڕی و نەرمییەوە، ئێستا بە (سێبەری دەنگ) ناسراوە.

عواطف، عبد الكريم، وآخرون، معجم الموسيقى، مركز الحاسب الآلي، مجمع اللغة العربية القاهرة، ٢٠٠٠، ص ١٥٧.

[1]- سيد شحاتە، علم جمال الموسيقى، سەرچاوەی پێشوو، ١٣٥-١٣٦

[2]- ماكس، بنشار، تمهيد للفن الموسيقي، ص٦٣.

[3]- إبراهيم فتحي: معجم المصطلحات الأدبية، مطبعة صفاقس- تونس، ١٩٨٦م، ص٣٣١.

[4]- هلال، محمد غنيمي، النقد الأدبي الحديث، دار العودة –بيروت-لبنان، ١٩٧٣، ص ٧٧.

ڕۆڵی دیار دەگێڕن و دەتوانین بەڕوونی جیایان بکەینەوە، ڕاستە لێدانەکانی لەگەڵیدا دەڕۆن وئاوازەکە ڕێکدەخەن، بەڵام بە مانایەکی دیاریکراو سەربەخۆن، لە کاتێک دا ئەم حاڵەتە لە موزیکی بژاردەی ڕۆژئاواییدا، ڕیتم لەگەڵ ڕەوتی دیاریکراوی ئاوازدا ئاوێزان وئاوێتەیە وتا ڕادەیەکی زۆر لەگەڵیدا دەگونجێت واتە ئاواز وهارمۆنی ئەو بابەتەن کە بەها هونەرییەکەی ڕیتمەکە دەردەخەن، بەڵام بۆ هارمۆنیی دەنگی، واتە هارمۆنی ئاوا ئەم بابەتە بە تەواوی نامۆیە بە موزیکی ڕۆژهەڵات).[1]

(لە موزیکی میللیدا ئاواز لە زۆرینەی موزیک و گۆرانیی گەلاندا بە موزیکی میلليی کوردیشەوە هەمیشە ڕۆشن و ڕوون دەردەکەوێت و بە دەنگی تر دەورە نادرێت، لێرەدا ئاوازدانەر هەمیشە ئەو خاڵانە ڕەچاو دەکات، کە کارەکەی سنووردار دەکات لە دیاریکردن و بنیادنانی پێکهاتە و ڕێڕەوە میلۆدییەکان، بەتایبەتی لە گۆرانی میللیدا، ئەمەشیان بۆ دەوڵەمەندکردنی و کاریگەربوونە لە وەرگر یان گوێگردا، بۆ ئەوەی کاریگەری هەبێت، چونکە بەهۆی نەبوونی بیرۆکە هەمیشە هیچ بیرکردنەوەیەک لە بنیاتنانەکەیدا نابیندرێت).[2]

ئەمە ئەو شتەیە ئێمە لە واقیعی هونەری خۆماندا هەستی پێدەکەین، کاتێک دەبینین (گوێگرێکی ڕۆژهەڵات هەمیشە بە دوای نامۆیی بەپەلەدا بۆ میلۆدییە بەردەوامەکان دەگەڕێت. ئەو توانای گوێگرتنی بە وریاییەوەی نییە،و پێویستی پێی نییە، بەڵام بە بێ پارێزراوی سەرسامی خۆی دەردەبڕێت، هەرچۆنێک بێت بیەوێت و هەر کاتێک بیەوێت چێژی لێ وەربگریت، یان هاوار بکات، گوێگرێکی بێدەنگ نییە، کە بتوانێ ڕێز لە موزیک بگرێت و بە هەموو هەستێکەوە پەیڕەوی بکات).[3]

---

[1]- علي القيم، الموسيقى العربية، المعرفة، مجلة ثقافية شهرية، و زارة الثقافة، الجمهورية العربية السورية، العدد ٤-٦ لسنة (٥٢)، ٢٠١٤، ص ١١-١٢

[2]- ميسم هرمزتوما، عنصر الأيقاع واللحن في الموسيقى والغناء تحليلا و نقدا، سەرچاوەی پێشووتر، ص٦٨-٦٩

[3]- فؤاد زكريا، مع الموسيقى ذكريات و دارسات، الناشر مؤسسة هنداوي، أي سي، المملكة المتحدة، ٢٠١٧، ص١٥٦.

بۆ توخمی میلۆدی لە مانا میللییەکەیدا چ میتۆدێکی فۆلکلۆری یان میللیی (کەلەپووری سیستماتیک) بن، ئەم ئاوازانە بە شێوەیەکی گشتی خۆڕسکانە پێناسە دەکرێن، کە لە ئەنجامی نمایش و بۆ مەبەستێکی دیاریکراو دەردەکەون، لە لایەن هونەرمەندەوە نەخشەی بۆدەکێشرێن و بەپێی لێهاتوویی و زیرەکی و بەهرە و سروشتی خۆی ڕێزیان لێ دەگرێت، کە لە ئەنجامی نمایش و بۆ مەبەستێکی دیاریکراو دەردەکەون، وەک چۆن لەلایەن هونەرمەندەوە سەبارەت بە فۆلکلۆر لە چوارچێوەی کەلەپووری سیستەماتیکدا پەسەند کراوە، (ئەم بابەتە هونەرییە میللییە بێگومان لە فۆلکلۆر گەشەسەندووترە، چونکە تایبەتمەندییەکی هزریی لە بەرهەمهێناندا هەیە، پشت بە ئاوازدانەرێک دەبەستێ، کە بە زانین و ئەزموونەوە تا ئاستێکی دیاریکراو لە موزیک و گۆرانیدا شارەزایەو لە بواری پراکتیکیشدا ئەم کارانە زیاتر ڕێک و پێک دەردەکەون، چونکە لە ڕووی بەکارهێنانی توخمەکانیانەوە بە توخمی میلۆدیشەوە مەوداکەی فراوانترە و گۆڕانە تۆنییەکانی زیاترن، هەروەها پێرفۆرمەنسی دینامیکی و ئەگەرە ڕازاوەکانی کە پشت بە بیرکردنەوەی پێشوەخت دەبەستن بۆ دەرهێنانیان لە ئاوازدا، بەم شێوەیە وەک هاوکێشەیەکی نمایش بۆ جوانکردنی تراکە ئاوازییەکان و هەمەچەشنکردنی کە بە سیمایەک لە سیما هەرە درەوشاوەکانی گۆرانی یازود ژەنینی میللیی دادەنرێن).[1]

(سروشتی تاک و سروشتی وشەگەلی عێراق وئەو ڕستەیەی لێی پێکهاتووە بەتایبەتی لە ناوچەی ناوەڕاست و باشووری عێراق جیاوازە لە سروشتی ئەو ڕستە زارەکییەی بۆ نموونە لە باکووری عێراقدا بەکاردێت، چونکە ئەم ڕەوشە لە کەسایەتیی ناوچە کۆمەڵایەتییەکەوە سەرچاوەی دەگرێت، ئێمە هەست بەو جیاوازییە دەکەین، بۆیە ئێمە دەمانەوێت بەراوردێکی سادە لە نێوان دوو پرۆسەی موزیکی وەک دابەشکردنی موزیکی یاخود ژەنینێکی ئیمپرۆڤیزەیشن(الارتجال) بۆ هەر هەرێمێک بکەین. ئێمە، لێرەدا هەست بەو

[1]- توما، میسم هرمز، عنصر الأيقاع واللحن في الموسيقى والغناء تحليلا و نقدا، سەرچاوەی پێشووتر، ص٦٤.

ئەو جیاوازییە ڕوون وئاشکرایە دەکەین، کە ئاماژە بە ئینتیمای هەریەکێک بۆ ژینگە و کەسایەتی و کلتوورەکەی دەکات).[1]

## ٢-٩ تایبەتمەندییەکانی موزیکی نەتەوەیی:

پێویستە هەر لە سەرەتاوە ڕوونی بکەینەوە کە مەرج نییە، موزیکی نەتەوەیی موزیکی میللیی بێت، ئەو هونەرمەندەی موزیکەکەی لە دەرەوەی ناسیۆنالیزم دەنووسێت بە حەتمی سروشی (الالهام) خۆی لە ئاوازە میللییەکان وەرناگرێت. دەرکەوتنی کەسایەتی میللیی لە موزیکدا، یان زیاتر ئاگادارکردنەوەیەکە بۆ ئەم کارەکتەرە و بایەخدانە بەو کەسایەتییە، هەروەها لە هەمانکاتیشدا بڵاوبوونەوەی بیرۆکەی ناسیۆنالیزمیشە.

(هۆکارێک هەیە لەوانەیە دانەرانی موزیک هانبدات - سەدەی بیستەم بە تایبەتی - ئەویش مەیلی زیندووکردنەوەی فۆرمی فۆلکلۆرییە لە موزیکدا، بە ئاراستەی زیندووکردنەوەی کەلەپوورە میللییەکانی موزیک، واتە گەڕانی بەرچاو لەم سەدەیەدا بۆ بابەتی نوێ بە هەر نرخێک و بەهەر شێوەیەک بێت. گەڕانی نوێ بۆ موزیک ڕێگەی جۆراوجۆری گرتە بەر لەوانە زیندووکردنەوەی ئاوازە میللییەکان و قبووڵکردنیان و لەنێویاندا بوژانەوەی ئاوازی فۆلکلۆری و خستنەکاریان وەک بنەمایەک بۆ ڕەوتێکی هونەری موزیکیی، واتە کاراکتەری گەڕانەوەی ڕابردوو بە مانای سروشتی گەڕانەوە بۆ کۆن بە لکاندنی وێنەیەکی نوێی زانستی).[2]

هەروەها بۆ قوتابخانەکانی موزیکی نەتەوەیی لە سەدەی نۆزدەهەمدا، (گۆڕانێکی گەورەیان لە ئاڕاستەی موزیکی ڕۆژئاوادا پێشکەش کرد، لەگەڵ زیادکردنی بەها موزیکییە نوێیەکان بۆی کە لە کەلەپووری خۆیەوە وەرگیراوە، بۆ هەریەکێکیان جیاکراوەتەوە و نۆستالژییان بۆ

---

[1]- و لید حسن الجابري وإحسان شاكر زلزلة، مظاهر طابع الحزن في الاغنية العراقية، مجلة الأكاديمي، كلية الفنون الجميلة، جامعة بغداد، ٢٠١٩م، ص٢٦٠.عن. فريد، طارق حسون، تاريخ الفنون الموسيقية منذ نشأتها الى نهاية القرن السادس عشر، دار الكتب والوثائق، ١٩٩٠م.

[2]- زكريا، فؤاد، مع الموسيقى ذكريات و دارسات، الناشر مؤسسة هنداوي، سەرچاوەی پێشووتر، ص٦٧-٦٨-٦٩

سادەیی ژیانی لادێ و خۆشەویستیان بۆ نیشتمان، ناچار بوون بەدوای ڕەگ وڕیشەی ئەو بابەتە بگەڕێن. لەبەر ئەوە سەرچاوەکانیان لە یەکێک لەو دوو سەرچاوەیەدا دۆزییەوە:

١- موزیکی میلیی یان فۆلکلۆری موزیکی

٢- موزیکی ئایینی لۆکاڵی). [1]

هەروەها بەکارهێنانی ئەو مۆدانەی لە موزیکی ڕۆژهەڵاتی ئاسیاوە وەرگیراون، وەک پەیژەی پێنتاتۆنیک وهێکسا تۆن و دووبارە بەکارهێنانەوەی مۆدەکانی کۆنی کەڵێسایی و ئەو مۆدانەی چارەکە دەنگییان تێدایە کارێکی لە پێشینەی ئەو ڕەوتە بوو، (پەرەسەندنی هارمۆنی گەیشتە ئەو ئاستەی، جیاوازی نێوان ئەکۆردە کۆک و ناکۆکەکان لاببردرێن، بۆیە ئەکۆردەکان لە سەر پلە دەنگییەکانی چوارەم و سێیەم و دووانییەکان بنیادنران، هەروەها بە بەربڵاوی ئەکۆردەکانی حەوتی کەم و زاڵ و خۆسەپێنەریان بەکار هێنا وەک ئامرازێک بۆ دەوڵەمەندکردنی ڕەنگکاریی دەنگ، بەم شێوەیە ئاوازەکە لە ئەکۆردە ناکۆکەکانەوە بۆ هارمۆنی ئەکۆردێکی ناکۆکتر ڕۆیشت، دواتر ئاراستەی سەرنجەکان بۆ چڕیی هارمۆنی ئاسۆیی لە سەردەمی بارۆکدا، کە پێی ناسرابوو ڕۆیشت، بەڵام بە ستایلێکی نوێ، کە گرنگی نەدەدا بە گرێدانێکی تۆکمەی نێوان دەنگەکان، ئەم شێوازەش بە شێوازی (کۆنتراپۆینتی ناکۆک) ناسێندرا، هەروەها بۆ بواری ڕیتم دانەرانی موزیک پشتیان بە تێکەڵکردنی توخمە موزیکییە سەرەتاییەکان وڕیتمی فۆلکلۆری بەست کە لە ئەفریقیا و ئاسیاوە سەرچاوەیان گرتبوو، بۆیە بەم شێوەیە ڕیتمەکە لە ساتی ژەنیندا نەرم و نیانی و فراوانیی ماناکەی پێوە دیار بوو. [2]

تایبەتمەندیی و کاراکتەر و خەسڵەتی پاشەکشێ لە دەنگەکانی ئاوازی ڕۆژهەڵاتدا ئەوەیە، کە بووە هۆی لە دەستدانی توخمێکی گرنگی زمانی موزیکی، کە هارمۆنی دەنگییە، چونکە ئەو

---

[1]- سمحة، الخولي، التأليف الموسيقي المصري المعاصر، سلسلة بيريزم للموسيقى، لقاهرة، ٢٠٠٣م، ص٨-٩

[2]- هناء، عبد الرحمن فؤاد علي، دراسة تحليلية عزفية لصوناتا البيانو عند ديمتري كابا ليفسكي والاستفادة منها في تعليم البيانو و للطالب المعلم رسالة ماجستير غير منشورة، جامعة اسيوط، كلية التربية النوعية، قسم التربية الموسيقية، ٢٠١٣، ص٨٠.

ئاوازانەی دەنگەکانیان بە ئازادی دەجولێت، دەبێت زیاتر لە یەک خاڵی دەنگ لەیەکتریان جیا بکاتەوە کە پەیوەندییە سەرەکییەکانی نێوان دەنگە دیاریکراوەکان لە هەمان پەیژەی موزیکییدا ئاشکرا دەکات. هەندێک لەوانەیە ڕەچاوی ئەوە بکەن کە پەیوەندی نێوان ئاواز وهارمۆنی پێچەوانەیە، واتە بەدیهاتنی وجودی هارمۆنی نێوان دەنگە دیاریکراوەکان هەندێک جار میلۆدیەکە بەرەو دوای دەنگە هارمۆنیەکان دەبات وئێمە دەیناسینەوە، هەندێک جار ئاوازەکە بەرەو شوێنکەوتنی دەنگە هارمۆنییەکان دەبات. بۆیە بە بێشک دان بەوەدا دەنێین، ئەمە ئەو بابەتەیە لەو ماوەیەدا ڕوویدا کە ڕێساکانی هارمۆنی دەنگی تیادا دۆزرانەوە، بەڵام نابێ ئەوەشمان لە یاد بچێ، کە میلۆدی هەردەم لە ڕیزی پێشەوەی ناسینەوەی مۆرک و ناسنامەی موزیکییە وپەیوەندییەکی دیاریکراویش لە نێوان دەنگە یەک لە دوای یەکان هەیە، ئەوە ئەو بیرۆکەیەیە پێشنیازی ئەوە دەکات هارمۆنی لە نێوانیاندا هەیە. ئەم پەیوەندییە لە موزیکی ڕۆژهەڵاتدا بەهۆی لێکنزیکبوونەوە و بەیەکەوە نووساندنی دەنگی ئاوازەکان بە تەواوی ونبووە، بەم پێودانگەش بێ، توخمی هارمۆنیی لەو موزیکە وەکو بابەتێکی دەنگی نادیار و ونبوو سەیر دەکرێ).[1]

داهێنان لە پێکهێنانی موزیکدا لەگەڵ ئاوازە کۆنباوەکاندا لە دروستکردنی زمانێکی نوێی موزیکی نەتەوەیی بۆ بابەتەکان و تێزەکانی سەردەم بەم شێوەیە بەرجەستە دەبێت: (لە ڕێگەی یەکەیەکی یەکخراوەوە بەرهەم دەهێنرێت. هەروەک ئاوازدانەری موزیکەکە بە دانانی ئاوازە سەرەکی و ئاوازە لاوەکییەکان نیگەرانە، لە هەمانکاتدا هاوکێشەی هارمۆنی پۆلیفۆنی بۆ ئاوازەکانی و ڕێکبەندە موزیکییەکانی دروست دەکات،

[1] – فؤاد زکریا، سەرچاوەی پێشوتر، ١٩٨٠، ص٧٦-٧٧

بەپێی زمانی سەردەمی خۆی، لێرەدا ئاوازەکە وەچەرخانێکە لە پرۆسەی دارشتنی موزیکی* سەرجەم پێکهاتە هونەرییەکان بۆیە لە پێکهاتەی ئاوازدان یان ئامادەکردنی موزیک** دا کۆمەڵێک پێکهاتەی هارمۆنی لە پێکهاتەیەکی داهێنەرانەدا پێکەوەبەستراونەتەوە). [1]

---

* **لە ڕووی موزیکییەوە: -(phrasing)**

واتە زمانی جیاکەرەوە ئەمە کۆکردنەوەی تۆنێکە لە دەستەواژەکان و شێوازی دەربڕین، ئەمەش هاوتایە لە دراماد‌ا ئەوەی پێی دەڵێین دەربڕینی بێژەکردن لە وشەکەدا بە هەموو بزوێنە پەیوەندیدارەکانییەوە، پیتی ڕاست، پیتی بێدەنگ، پیتی درێژ و نەرم. Articulation

شێوازی دەربڕین یان دارشتن فۆرمولەکردنی لە موزیکدا بە واتای گوتنی تێگەیشتنی ڕوون لە ناوەرۆکی موزیکیی، ئەم شێوازە دەربڕینە بریتییە لە تەرکیزکردن و فشار و جەختکردنەوە لە سەر هەندێک مانا بەبێ ئەوانی تر، پاشان دابەشکردنی ئەم دووپاتکردنەوانە لە شوێنە هەڵبژێردراوەکانیانداو بەرزی سێبەری ئەم دووپاتکردنەوانە ورەنگەکانیان (Its Colors) هەموو ئەمانە هەست و نیشانە گرنگەکانن لە موزیکدا (شێوازی دەربڕین) کە بەزۆری لە نۆتەکانی موزیکدا جێگیر نین.

عید، کمال الدین أعلام و مصطلحات الموسیقی الغربیة، دار الوفاء لدنیا الطباعة والنشر، الطبعة الأولی، الإسکندریة، مصر، ٢٠٠٦، ص٩٧-٩٨

** **ئامادەکردنی موزیکی: -**

چەمکەکەی: زاراوەی ئامادەکاری موزیکیی ئاماژەیە بۆ دارشتنی بەرهەمێکی موزیکیی بەجۆرێک لەگەڵ ئەو ئامێرانەدا بگونجێت، کە بەرهەمەکە لە بنەڕەتدا بۆیان نەنووسراوە، مەبەست لە ئامادەکردنی بەرهەمەکە ڕەنگە ڕوونکردنەوە یان سادەکردنەوە بێت، کە یارمەتیدەرە بۆ سەرهەڵدانی زۆرێک لە ئاوازەکانی ئۆرکێسترای نێودەوڵەتی، ئامادەکارییەکە دەتوانرێت لەلایەن دانەری موزیکی ڕەسەنی بەرهەمەکەوە ئەنجام بدرێت، یان هەر دانەری موزیکێکی تر. هەروەها ئەم دەستەواژەیە بەو مانایەیە کارەکە لەو مەبەستەوە دەگۆڕێت کە بۆی نووسراوە، بۆیە دەتوانێت لە ئامانجی گۆرانی چرینی مرۆڤەوە بگۆڕێت بۆ نمایشی ئۆرکێسترایی، یان بە پێچەوانەوە، یاخود لە گرووپێکی موزیکییەوە بۆ ئۆرکێسترایەکی گەورە، یان بۆ میوزیکاڵێکی بچووکتر لە گرووپ و ئەم گۆڕانکاریانەی پێشوو دەتوانن بگۆڕدرێن لە کەسایەتی ورۆحانییەتی بەرهەمەکە، بەڵام پاراستنی ناوەرۆک و گەوهەری بەرهەمە ڕەسەنەکە لە هەموو شتێک گرنگترە. ئەم توخمانە کەوتوونەتە ژێر چارەسەری تایبەتمەندەوە، کە بەپێی ئامانجە خوازراوەکانی ئامادەکاری موزیک دیاری دەکرێت، کە لە بەرامبەردا یەک یان چەند کردارێکی تاکەکەسی لەخۆدەگرێت کە بەپێی ئەوەی ئامادەکەر پێویستی بە چ ئامادەکارییەک هەیە، ئامانجەکەی مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت. دیاریترینی ئەم ڕێکارانە بریتین لە:

١- دارشتنەوەی ئاوازەکە، بۆ ئەوەی گونجاو بێت بۆ گرووپێکی موزیکیی، جگە لەو گرووپەی لە بنەڕەتدا بۆی نووسراوە.

٢- دارشتنەوەی ئاوازەکە بۆ شێوازێکی موزیکی جیاواز.

٣- زیادکردنی یاوەر ی و هاوشانیکردنی هارمۆنی بۆ میلۆدی ئاوازدانراو، یان پرۆسێسکردنی یاوەریی هارمۆنی ڕەسەن، بۆ ئەوەی لەگەڵ ژمارە نوێیەکاندا بگونجێت.

٤- تیشک خستنە سەر بەشی کارلێکی میلۆدی لە پێکهاتەی موزیک

٥- دوبارەکردنەوەی تەواوی ئاوازەکە، یان بەشێکی، یان بە دووبارەکردنەوەی وەک خۆی بەبێ گۆڕانکاری، یان بە دووبارەکردنەوەی بە هەندێک دەستکاریکردنەوە.

٦- زیادکردنی بەشە میلۆدییە نوێیەکان بۆ ڕستە میلۆدییە ڕەسەنەکان بە شێوەی "پرد"، کە بەشەکانی میلۆدی ڕەسەن بەیەکەوە دەبەستێتەوە.

٧- مامەڵەی هارمۆنی کارلێکەکان لەگەڵ میلۆدی ڕەسەن بە دانانی یاوەرییەکی دیاریکراو، یان هەڵبژاردنی هەندێک دەنگ لە پێکهاتە هەبووەکان و پاراستنیان وەک یاوەرییەکی هارمۆنیکی بنەڕەتی لە پارچەکەدا.

[1]- فؤاد زکریا، التعبیر الموسیقي، سەرچاوەی پێشوو، ص٢٩٤،

## ٣- بەشی سێیەم

### تایبەتمەندییە هونەرییەکانی گۆرانیی و مۆزیکی کەلەپووری و میللیی کوردی

### Technical characteristics of Kurdish Traditional songs and music

بەشێک لە شوناسی خەڵک بە زمان و هونەرو فۆلکلۆرو داب و نەریت و مێژوو دیاری دەکرێت، بۆیە بێگومان ئەوبابەتە زیندووانە گەلی کوردیش دەگرێتەوە، کە تیایدا پابەندبوونی توند بە داب و نەریتی میراتی باپیرانەوە، ڕۆڵێکی بەرچاویان هەبووە لە هێشتنەوەی زۆرێک لەو خوو و ڕەوشتانەی پەیوەندییەکی تۆکمەیان بە موزیک و گۆرانی چڕینەوە هەبووە.

گۆرانی چڕینی کوردی وەک هەڵگری تێکڕای مانا هونەرییەکانی بابەتەکە، هێما بۆ فراوانیی ژینگەی کورد و سروشتی وڵاتەکەی و سیفاتی گەلەکەی دەکات. بۆیە ئەم هونەرە بووەتە بەشێک لە ئەرک و دەربرینی نەتەوەی کورد. گۆرانی پانتایی و شوێنێکی دیار لەنێو شێوەکانی ئەدەبی زارەکی کوردیدا گرتووە، بەهۆی بوونی پەیوەندییەکی پتەولە نێوان گۆرانیی و بۆنە کوردیەکان لە ساتی دەربڕینی خۆشی بەختەوەری، هەروەها لەکاتی هەستکردن بە خەم و ئازارەکانیشەوە. ئەم جۆرە هونەرە، واتە (هونەری گۆرانی وا دەخەملێندرێ کە هێندەی دیرۆکی کورد کۆنبێ، چونکە یەکەم یاوەریی و دەرکەوتن و ناساندنی لەگەڵ پەرەسەندنی هۆشیاریی کورد چەکەرەی کردووە و لە شێوە سەرەتایی و ئاینی و کۆمەڵایەتی و کلتوورەکەیدا ڕۆڵێکی بەرچاو و کاریگەری هەبووە، موزیسیان و ژەنیار و دانەرانی موزیک پاراستن و گەشەپێدانی ڕۆحیی موزیکی کوردی لە ڕێگەی کار و نووسین و چالاکی زانستی و ئەکادیمی و پەروەردەییەوە لە ئەستۆ دەگرین. بێگومان ئەمەش تێکڕا دەکەوێتە ژێر شوناسی موزیکی ڕەسەنی کەلەپووری و میللیی کوردی، هەروەها کار و گەشەکردنیشی بە وریاییەوە بابەتێکی هەستیار و هەنووکەییە، چونکە ئەمەیان جیاوازە لە گۆڕانکاری کردن یان ڕەتکردنەوەی بابەتەکە بە گشتیی. بۆیە پێویستە بزانین فۆلکلۆر چییە و بە وشیارییەوە بیخوێنینەوە، دواتر بە شێوەیەکی هاوچەرخ و نوێگەرییانە لە سەر بنەمای تێگەیشتن لە ناوەرۆک و چەمکەکانییەوە زیندووی بکەینەوە، تا

ئەمڕۆش، ئەم بابەتە گرنگە چەمکی ئەو کەسانە دەگرێتەخۆ کە خاوەنی هەموو ئەو بەرژەوەندییە نەتەوەییانەن، کە لە قۆناغە مێژووییەکانی ناوچەکانی نیشتەجێبوونیاندا گەشەیان کردووە). [1]

(نەتەوەی کورد لە عێراقدا کۆمەڵێک تایبەتمەندیی *خۆی هەیە، کە جیاوازن لەگەڵ کۆمەڵگەی عەرەبی – عێراقی، لە ئەنجامی ژینگەیەکی جیاواز لە سروشتی جوگرافی و کەش و هەوای خۆیدا، ناوچەکانی بە جیاوازی تۆپۆگرافی لە ڕووی سروشتیی جیاوازی خاکەکەیەوە دیاری دەکرێن. ئەم جیاوازییە سروشتییە کاریگەری ڕاستەوخۆی هەبووە لە سەر خەڵک و دانیشتوانی ناوچەکە لە زۆر لایەنی کەلتووری و چێژ و ئیستاتیکاوە، بۆیە ئەم بابەتە بووە هۆکارێکی سەرەکی، کە کۆمەڵگەی کوردی لە کۆمەڵگەکانی دیکە جیا کردەوە، کە لە هەمان سنووردا نیشتەجێبوون). [2]

(گەلی کورد خاوەن گەنجینەیەکی فۆلکلۆریی دەوڵەمەندە و نەوە دوای نەوە دەوڵەمەندتری دەکات. ئەم فۆلکلۆرە لە تراژیدیا و نەهامەتی گەلی کورددا بەڕوونی دیارە وهەستی

---

[1]– جمال، احمد رشيد تاريخ الكرد القديم، و زارة التعليم العالي والبحث العلمي، جامعة صلاح الدين، كلية الآداب، ١٩٩٠، ص٧.

* تایبەتمەندیProperty

بەرجەستەکردن و داڕشتنی مانای کاری هونەرییە بۆ بەدەستهێنانی، بە شێوەیەکی دیاریکراو لە وێنەکێشانی بابەتی تایبەتمەندییەکان، لێرەوە تایبەتمەندی کۆکراوەی وشەیەکی خاسیەتدار و وشەیەک، کە لەنێو خودی بابەتەکەیەوە هەڵگری ماناکەشییەتی. ابن منظور، لسان العرب، ج٨، الدار المصرية للتأليف والنشر، ١٩٨٣م.ص٢٩٠

تایبەتمەندی: خەسڵەتی شتێکە کە بۆ ئەم شتە بێهاوتایانە دەشێ، ئەو تایبەتمەندییەی کە شتەکان جیا دەکاتەوە و بە تایبەتمەندییەکان دیاری دەکرێت. لە (موختاری سەحیح) دا، تایبەتمەندی تایبەتیی شتێکە بەتایبەتی لە خۆگرتن و کرانەوە و کردنەوە و کورتکردنەوەی وەکخۆی و بە تایبەتی دژی گشتیی و گشتاندنە و لەڕووی فەلسەفیشەوە بریتییەلە: تایبەتمەندیەکی جیانەکراوە، لەوانیتر جیاوازە، تایبەتمەندییەکە: خەسڵەتێکە کە جیاکردنەوەی لە ئەوانی تر بە کراوەیی دەهێڵێتەوە. مجلة مجمع اللغة العربية بدمشق "المجلد ٥٨، الجزء ٢، ١٩٨٣، ص٧٩

لەفەرهەنگی فەلسەفەی سەلیباشدا هاتووە: "شتێکە بە تایبەتی پێچەوانەی گشتییە و بۆ شتێک هی خۆیەتی بە تایبەتی خۆی خوڵقاوە و بە تەنیا بۆی جیا کراوەتەوە. جميل صليبا، المعجم الفلسفي، ج٢، دار الكتاب اللبناني، بيروت، ١٩٨٣، ص٥١٤–٥١٥

[2]– گونا، محمدقادر، البناء الشكلي للأغنية الكوردية ، مجلة كلية التربية الاساسية، العدد الستون، بغداد، ٢٠٠٩، ص٥٦٠.

پێدەکرێت، لە ململانێ خێڵەکییەکانیشدا هەمیشە فۆلکلۆر داوای هاودەنگی و پێکەوەژیان لە دژی هێرش و داگیرکارییە دەرەکییەکان دەکات و دژییان دەوەستیتەوە و بەبەردەوامی بۆ خۆشەویستی و جوانی سروشت گۆرانی دەچڕێت. فۆلکلۆری کوردی ویستویەتی ئازادی و دادپەروەری و یەکسانی فەراهەمبێ، لە کاتێک دا باس لە ئازایەتی و نیشتمانپەروەری دەکات و هیچ کاتێک یش دەست لە خیانەت و ترسنۆکەکانیش ناپارێزێت).[1]

لێرەدا کەلەپووری کەلتووریی گەلی کورد ئەو بنەمایەیە، کە (سەروەرییەکانی ڕوناکبیری، زانستی، ڕۆحی و داهێنانی شارستانییەتەکانمانی لە سەر بنیاد نراوە و تێیدا بابەتە ڕەسەن و نموونە و ستانداردەکانمان لە بەها نەتەوەییەکانمان بۆ فەراهەم دەکەن و توخمەکانی ڕزگاربوون لە پاشماوەکانی دوێنێ بە پێشکەوتن و گەشەسەندنی بەردەوام وەلادەنێن، تا دەگاتە ئەو ڕادە و بیر وڕایەی کەلەپووری کەلتووری دەتوانێ متمانەی بەردەوام بە ڕۆڵەکانی ببەخشێت).[2]

(نابێت مێژوو و ژیانی کۆمەڵایەتی و ئەدەبی هیچ نەتەوەیەک بە شێوەیەکی بێگیان و ڕۆح لێک بدرێتەوە، هەروەها ناکرێ ئەزموونی نەتەوەکانی تر بە هاوسەنگیەکی ورد لەگەڵ بواری شیکردنەوەی ئەزموونی گەلی کورد بەراورد بکرێن، بەڵکو دەبێت لە بواری برەودان بە مێژوو و ژیانی کۆمەڵایەتی و ئەدەبی گەلی کورد، سوود لە ئەزموون و میتۆدەکانی شیکردنەوەی ئەوانی تر وەربگرین و دەبێت بەرهەم و بیرۆکەکانمان، تێبینی و ژیانمان هاوسەنگییەکی نوێی شیکردنەوەی پێببەخشین، کە بە شێوەیەکی تۆکمە لە هاوسەنگی نەتەوەکانی تر نەچێت و لەهەمان کاتیشدا بە لا ڕێدا نەبردرێت و بەتەواوی لێی لانەدات).[3]

---

[1]- إسماعيل، محمد حصاف، كوردستان والمسألة الكوردية ، مؤسسة موكرياني للبحوث والنشر، ط ١ مطبعة خاني، دهوک، ٢٠٠٩، ص٩٣.

[2]- منير الحافظ، التراث في العقل الحداثي، ص١٠.

[3]- عز الدين، مصطفى رسول، دراسة في الادب الفولكلوري الكوردي، دار الثقافة والنشر الكوردية، دار الحرية للطباعة، بغداد، ١٩٧٠، ص١٤١.

(ڕەهەندی لیریکیی کۆمەڵگەی کوردی هەمان ڕێچکەی پەرەسەندن و گەشەکردن وپێشکەوتنی، وەک کۆمەڵگەکانی تری عەرەب و فارس و تورک پەیڕەو کردووە، بە لەبەرچاوگرتنی تایبەتمەندیی ژینگە و بێوێنەیی بارودۆخەکە و سروشتی پەیوەندییە ئەخلاقی و سۆزدارییەکانی، بۆیە هێڵی ویژدانی و سۆزداری و یەکپارچەیی گۆرانی کوردی بە شێوەیەکی سەرەکی لە یەکپارچەیی خاک و مێژوو و زمان و داب و نەریت و پێکهاتە تایبەتمەندییەکان سەرچاوەی گرتووە، ئەمەش بێگومان هەنگاونانێکی گەورەیە بەرەو ئاشکراکردنی توخمە ڕەسەنەکانی کەلتووریی ئەم کۆمەڵگەیە).[1]

(سەتان ساڵ پێش ئێستا ناوچەکانی سەرەوەی ڕووبارەکانی دیجلە و فورات کۆمەڵێک هۆزیان لەباوەش گرت، کە بە درێژایی سەدەکان هاوژیانیی کۆمەڵایەتی و یەکپارچەیی زمانیان سەلماندبوون و بە کۆڵەگەی گەلی کورد ناودەبران. ئەم بارودۆخە لە دوای ئەو گۆڕانکارییە ڕیشەییانەی بەسەر گوزەرانیان هات لە ڕووی کەلتوورییەوە، پەیوەستبوو بەو کاریگەرییانەی لەژیانی ڕۆشنبیری وئاینیی سەرجەم گەلانی ڕۆئاوای ئاسیا ڕوویاندا. بۆیە بێئاگابوون لە دیراسەتکردنی ئەم لایەنەی مێژووی کورد، تا ئێستا بۆتە یەکێک لە کێشەکانی وروژاندنی مێژووناسان بۆ ماوەی زیاتر لە سەدەیەکدا).[2]

(سەرەڕای داگیرکارییە کاتییەکانی کوردستان، ئەم گەلە کاریگەرییەکی ئەوتۆیان نەهاتۆتە سەر هەڵسوکەوت و داب و نەریتەکانیان و کەلەپووری نەریتیی خۆیان پاراستووە، بۆیە دەبینین کە کۆمەڵگەی کوردی بۆ چەندین سەدەیە، بە پەیوەندی و دابونەریتیی بەهائامێز بەڕێوەدەبرێت. سروشتی چیا و دۆڵ و سەختیی شاخەکانی بونەتە قەڵغانێکی گەورە، بۆ تێکنەشکان و مانەوەی بەردەوام. بۆیە پێکهاتەی خێڵەکیی ئەم کۆمەڵگەیە، هەروەها پرسی جێگیربوونی ئەم داب و نەریتانە هەمیشە کۆمەڵگەی کوردی پاراستووە).[3]

---

[1]- عادل الهاشمي، اصوات والحان كوردية، ( دراسة في الطبيعة السوسيولوجية والموسيقية لاصوات غنائية والحان كوردية، دار سبيريز للطباعة والنشر، مطبعة حجى هاشم ٢٠٠٦، ص١-٩

[2]- جمال، رشيد احمد، تاريخ الكرد القديم، و زارة التعليم العالي والبحث العلمي، جامعة صلاح الدين، كلية الآداب، ١٩٩٠، ص٧.

[3]- رجائي، فايد، تحولات الشخصية الكوردية نحو الحداثة، مركز الدراسات الكوردية و حفظ الوثائق، جامعة دهوك، ط ١، مطبعة خاني، دهوك ٢٠٠٨، ص١١.

(له یاوەریکردنێکی کەلتووری ئەو نەریتانەدا و له بواری هونەری به گشتی و له گۆرانی چڕینی کوردی بەتایبەتی وەک هەموو بابەته زیندووەکانی تری بوارەکانی کۆمەڵایەتی و هزری و سیاسی، که ڕەنگدانەوەیەکی واقیع بینانەی ئەو سەردەمانەیه که بەها مرۆڤایەتییەکانی تێدا بەرجەسته ببوو، هەروەها ئاماژەو هێمایەکی دیاریش بوون بۆ ژیان و ژیاری کوردی و سروشتی وڵاتەکەی و سیفاتی گەلەکەی، بێگومان جۆری هونەرەکەیان به گۆرانی چڕینیشیانەوه چێژبەخش و کاریگەردەردەکەوتن، ئەمەش ڕاستی و گەواهی شوناسی گۆرانیی و موزیکی کەلەپووری و میلليی کوردی دەسەلمێنێت).[1]

موزیکی ڕۆژهەڵاتیی بریتییه له موزیکەکانی ناوچەی ڕۆژهەڵات، واته (ئەو ناوچەیەی جیهانی کوردی و عەرەبی و فارسەکان و نەتەوەکانی تر و هەندێک له وڵاتانی ئەوروپای ڕۆژهەڵات و باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا لەخۆدەگرێت. ئەم موزیک دەرکەوتنه تایبەتمەندیی خۆی هەیه، که جیاوازه له موزیکی ڕۆژئاوایی، بێگومان ڕەنگدانەوەی مۆرکی ژیانی ڕۆژهەڵاتیی ئەو گەلانەیه به جیاوازی کلتوورەکانیانەوه. بەداخەوه بەشێکی زۆری نەوەکانی ئێستا له دانەرانی موزیک و هەروەها ئامادەکارانی ئەو بواره له موزیسیانانی کورد، نەک گرنگی به کەلەپووری پڕ له وانەی موزیکی نادەن، بەڵکو بەشێوەیەکی سەرەکی پشت به بابەتی موزیکی و پاشماوەی موزیکی عەرەبی و تورکی و فارسی و ڕۆژئاوایی دەبەستن، بۆیه دەبینین بنیادی موزیکیان سەرەڕۆیی و بێ ئەزموونییەکی ڕادەبەدەری تێدایه، هەرئەوەش بووەته هۆکاری ئەوەی که موزیک وئاوازەکانیان له ڕووی کەلتووری و کەلەپوورییەوه هیچ ڕەگ وڕیشەیەکی ڕەسەنی نییه.

شارستانێتی کەڵەکەبوونی چەندایەتی نییه و تەنها درێژکراوەی کاتیش نییه، به پێوەرێک له پێوەرەکان، هەروەها هەموو پێشکەوتنێکیش به مانای هەڵاتنێکی بەردەوام نییه، له ڕابردوودا و پەشێوییەکی هەڵچوونی تورەییش نییه،ڕووه و بابەتێک، که هەرچییەک بێ بۆ ناو هەر

---

[1]- هادي رشيد الجاوشلي، القومية الكوردية و تراثها التاريخي، مطبعة الارشاد، بغداد ١٩٦٧، ص٤٨.

شتێکی نوێ. کەواتە ئێمە بە هیواوە پێویستمان بەوەیە بزانین چۆن مامەڵە لەگەڵ فۆلکلۆردا دەکەین؟ کە بێگومان ئەوەیان پشت بە تێگەیشتن لە ناوەرۆکی فۆلکلۆرەوە دەبەستێت).[1]

ئەم بابەتە تیشک دەخاتە سەر پێکهاتە هونەرییەکانی گۆرانی و موزیکی کەلەپووری و میللیی کوردی و یەکێکە لە توێژینەوە لە پێشینەکانی پۆلێنی خۆی بۆ خوێندنەوەی سیستماتیکی ئەو پێکهاتانە لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا، ئەمەشیان بەشداری لە پرۆسەی گۆرانی و موزیکی نەریتیی کوردی دەکات، بە دەربڕینی ئیستاتیکا و ڕەخنەی بنیادنەرەوە، کە خزمەتی چرینە هونەرییەکان دەکات، بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی تۆکمە و بەهێز ئەم نموونانە بخوێندرێن، هەروەها ئەم توێژینەوەیە ئەومیراتە تژیە لە دەوڵەمەندی هونەریی و پێکهاتە هونەرییەکانی موزیک و گۆرانی کەلەپووری و میللیی کوردی دەخاتەڕوو. ئەمەش ئاسانکاری بۆ پرۆسەی گەڕان و بە ئەرشیفکردنی موزیک و گۆرانی کوردی دەدات، بە شێوەیەکی پۆلێنکراو و جۆرارجۆر. بۆیە توێژەر هەوڵ دەدات، ئەو هاوکێشە هونەرییە بدۆزێتەوە، کە چەمکی پێکهاتە هونەرییەکانی گۆرانی و موزیکی کەلەپووری و میللیی کوردی و جوانی هەستەوەری شاراوەی کاری موزیکی بەیەکەوە دەبەستێتەوە.

لە دەستپێکدا وەک پێداویستییەکی گرنگ، هەردوو چەمکی گۆرانی و موزیکی کەلەپووری و گۆرانی و موزیکی میللیی لە لایەن توێژەرەوە خراونەتە بەر ڕۆشنایی پێناسەو شرۆڤەکردنەوەو جیاوازی هونەریی دروست بوون و بەکارهێنانیشیان بەوردی شیکراوەتەوە.

- **گۆرانی و موزیکی کەلەپووری:**

مەبەستمان لێی کۆمەڵێک ئاواز و میلۆدی و وشەو تێکستێکی ئەدەبییە، کە لە ڕابردوودا لە لایەن باپیرانەوە ژەنراون و چڕدراون، بەم شێوەیە بوون بە میرات، بۆیە لە ڕێگەی ئەم گۆرانییانەوە تایبەتمەندییە کۆمەڵایەتی و ئەرکیەکانی دەزانرێت و لە ڕوانگەی نەتەوەییەوە

---

[1]– محمد، عزيز شاكرزازا، لقاء حول واقع الموسيقى الكوردية في كوردستان اجراه الباحث، مجلة ميرک، العدد ١، لسنة ٢٠٠٥، ص١٥٣.

ئەم گۆرانییانە زۆرگرنگن لەوەی کە مەیلی تاک بەهێز دەکات، بەجۆرێک زیاتر بە زێدی خۆیەوە دەینووسێنێت.

هەروەها گۆرانی و موزیکی کەلەپووری ئەوموزیک و گۆرانییانەن، کە مرۆڤەکان بە شێوەی زارەکی لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر دەیگوازنەوە و دانەری تێکستی شیعر و میلۆدییەکەی نادیارن و لەنێو خەڵکی گشتیدا بەناوبانگن و بە شێوەی نۆتەی موزیکی نەنووسراونەتەوە، بۆیە بەهۆی گواستنەوەی زارەکی هەمیشە گۆڕانکاری لە تێکستی شیعر و میلۆدییەکەیدا ڕویداوە .

گۆرانی و موزیکی کەلەپووری بە ڕاستییە بەستراوەکانییەوە باس لە سوڕی ژیانی مرۆڤ دەکەن، هەست و سۆزی جەماوەری تێدایە و وەڵامی خۆزگە و ئاواتەکانیان و پەیامی زیندوویی نەتەوەی هەڵگرتووە، بۆیە ئامرازێکی جەوهەرین بۆ خۆراکدانی ویژدان و بەرزکردنەوەی ڕۆحی خۆبەخۆ بۆ پەیوەندییەکی ناوازە لەگەڵ کایەکانی تری ژیان و ژیاریەوە. موزیک و گۆرانی کەلەپووری بەگشتی بەرهەمی گەلانە نەک تاکەکان، واتە موزیک و گۆرانییە کەلەپوورییەکانی کورد بەرهەمی دانیشتوانی گشتیی یان گروپەکانن، لەوانەیە بە یەکێکیان دەستی پێکردبێت و بە یەکێکی تر تەواوکرابێت و لە یەکێکی تریشەوە بۆی زیادکرابێت، بەڵام دوای کەڵەکەبوونی هونەری و دووبارەکردنەوەیان بەبەردەوامی و بە درێژایی مێژوو بوونەتە شوناس و بەرهەمی خەڵک و جەماوەر بە گشتیی.

گۆرانی و موزیکی کەلەپووری بە شێوەی زارەکی تایبەتمەندە، لە ڕێگەی یادەوەری بەکۆمەڵەوە لە سەرخۆ لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر دەگوازرێنەوە و لە هەر نەوەیەکدا کەسانێک لە گروپە جیاوازەکان (پیاو ژن، پیر، گەنج) هەن، کە نوێنەرایەتی یادەوەری بەکۆمەڵ دەکەن لەڕووی گۆرانییەوە، بۆیە ئەوان سەرەڕای درێژیی تێکستی شیعری و میلۆدی و تەوەرەکانی، بە دڵ وشەو میلۆدییەکەی ئەزبەر دەکەن.

- **گۆرانی و موزیکی میللی:**

گۆرانی و موزیکی میللیی گوزارشت لە حاڵەتە سۆزدارییە جیاوازەکان دەکەن، یان هاوڕێیەتی بەدیهێنانی ئەرکەکانی ڕۆژانە دەکەن، خۆکارانە دروست دەبن و لە هەستێکی زگماکی و پێویستییەکی غەریزەیی لەخۆوە سەرهەڵدەدەن. تێکستێکی شیعری دانراو یان باو یاوەری ئاواز و میلۆدییەکە دەبێت کە بنەچەی دانەرەکە نادیارەو لە سەردەمی ڕابردوودا لەنێونیمچە خوێندەوارو نەخوێندەوارەکاندا بەربڵاوبووە، تا ئێستاش لە بەکارهێناندا زیندووە و لە ئەنجامی کارلێکردنێکی ڕاستەوخۆ لە ژیانماندا بە سوڕی کاتیی یەک لە دوای یەک لە ماوەی یەک نەوە یان چەند نەوەیەکدا دەگاتە مەبەستی خۆی.

ئەو گۆرانی و موزیکە میللیە خەڵک دروستی کردووە و لە ویژدانی خۆیانەوە دەریدەکەن و هیواکانی خۆیانی تیادا دەردەبڕن و دووبارەی دەکەنەوە و دەیگوازنەوە، ئەو گۆرانییانە بنەچەیەکی ئەدەبییان هەیە و خاوەنی دەق و تێکستەکانییان کەسانی دیارو ناسراون، مەرج نییە گەل دانەری بێت، بۆیە ئەم بابەتە زیندووە ئەو ئەرکانە ئەنجام دەدات، کە کۆمەڵگەی میللیی پێویستیەتی. گۆرانی و موزیکی میللیی خێرا بڵاودەبێتەوە و بۆ ماوەیەکی زۆریش لە ویژدانی خەڵکدا دەژی و بە ئاسانی لەلایەن گەلەوە دەگوازرێنەوە، چونکە گۆرانییەکی سادە ئاواز و میلۆدییە کە ئاوازدانەرە ڕەسەنەکەی نەناسراوە، بەم شێوەیە بووەتە موڵکی هەموو خەڵک و لە دۆخی گۆرانی میللیدا تێکستە ئەدەبییەکانی کارەکتەرێکی مێژوویی و جۆرێک لە تایبەتمەندیی و یەکدەنگی لە فۆرم و ناوەرۆکدا لەگەڵدایە، بۆیە هەمیشە نوێنەرایەتی ڕۆح و بیروباوەڕ و داب و نەریتی خەڵک دەکات. موزیکی میللیش یەکێکە لە تایبەتمەندییە گرنگەکانی ناسنامەی نەتەوەیی هەر گەلێک، بۆیە لەو شوێنە دەستپێدەکات کە توانای وشەکان بۆ هەڵگرتنی مانا و بیرۆکەکان کۆتایی دێت. تا ئەو ڕادەیەی مرۆڤ دەتوانێت لە ڕێگەی ئاستی موزیکەوە لە سروشتی ئەم گەلە و فەلسەفە و کولتوروو بیروباوەڕ و نەریتەکانی تێبگات، بۆیە دەکرێ بڵێین زۆرێک لە کۆمەڵگەکان، لە ڕابردوو و ئێستادا، درکیان بە پەیوەندی نێوان زمانی ئاخاوتن لە لایەک و گۆرانی و موزیکیش لە لایەکی دیکە کردووە،

ئەم پەیوەندییە هاوتەریبە لەگەڵ پەیوەندی نێوان ئەوەی بەردەوامە و ئەوەی کە وەستاوە. ئەمەش هاوتایە لەگەڵ ئەوەی لە چوارچێوەی کلتوردا بڵێین، گۆرانی چڕین یان ژەنینی موزیک جیاوازە لە زمانی قسەکردن، هەروەک چۆن جیاوازییەکی بەرچاو لەنێو کەلتووری گەلاندا بەدیدەکرێت.

١- موزیکی کوردی لە مێژووی خۆی دانەبڕاوە، چونکە هیچ شارستانێتییەکی بێ پەیوەندی و کارلێک لەگەڵ شارستانیەتی دراوسێیاندا نایەتە کایەوە و پێویستیی پەرەسەندنە کۆمەڵایەتییەکان زەرورەتی تێکەڵبوونی بابەتە کەلتوورییەکان لەنێوگەلانی دراوسێدا دروستدەکات.

٢- ناساندنی میراتی موزیک و گۆرانی کەلەپووری و میللیی کوردیی، لە ڕۆحی کۆمەڵگەوە سەرچاوە دەگرێت. بۆیە دەبێت ئەم بابەتە ڕەنگدانەوەی کتومتی ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسی وئابووری و کەلتووری نێو کۆمەڵگەکەشی بێت.

لێرەدا پێویستە ئاماژە بە جیاوازی نێوان گۆرانیی فۆلکلۆری و گۆرانیی میللیی بەگشتیی بکەین Folk Song (ئەو گۆرانیەیە، کە خەڵک بۆ خۆیان دایان نەهێناوە، کەچی خۆیان بەکاری دەهێنن، بەڵام Populer Song ئەو گۆرانییەیە کە کەسێک دایهێناوە و لەنێو خەڵکدا بڵاوبۆتەوە، کەواتە جیاوازی، لێرەدا لە داهێنان و بەکارهێناندایە، بەڵام بڵاوبوونەوەی چەند گۆرانییەکی فۆلکلۆری و گۆرانی میللیی بە مانا گشتییەکەی ئەوەیە، کە گۆرانی میللیی تایبەتمەندیی و سیفاتی زۆری هەیە، تەنیا شتێکی کۆن نییە، کە بەهای مێژوویی، یان باو و بەربڵاو یان ڕاستگۆ، یان کەلەپووری گواستراوە لە ژیانی نەریتی، لە باوباپیران یان دروستنەکراو و ڕەسەن، یاخود تەنانەت سروشتی و میللیی بێ، بەڵکو ئەمانە هەموویانە و هەناسەیەکی زیندووشە لە تایبەتمەندییە هونەرییەکانی خەڵک، لەگەڵ هەموو ئەو شتانەی کە، کۆن و ڕاستگۆ و ڕاستن. هەروەها ئەم بابەتە ڕەسەنە و هەموو ئەو شتانەی باون و لە بنەڕەتەوە بڵاوبوونەتەوە و وێناکردنی بوونی مرۆڤ لە شوێنێکدا دەکاتە مەبەستێکی ڕەوا و ڕێسا و بنچینە بۆ هونەرێکی ڕەسەن).[1]

---

[1]- صفوت، کمال، مدخل لدراسة الفولکلور الکویتي، و زارة الاعلام، ط٢، الکویت ١٩٧٣، ص٩٩.

**٣-١ گۆرانی چڕین لە کۆمەڵگەی کوردیدا:**

(گۆرانی چڕین لە کۆمەڵگەی کوردیدا بە کۆمەڵێک پڕەنسیپی پڕاتیزییەوە بەستراوەتەوە و هەمیشە کارێکی لەپێشینەی بوارەکانی لێکۆڵینەوە و توێژینەوەی زانستیی و هونەریی بەردەوام بووە گەورەترین هەوڵ و مکوڕبوون، کە گەلانی دێرینی نێو شارستانێتی جیاجیا دەیدەن، ئەوەیە پارێزگاری لە ڕابردووی خۆیان دەکەن و لەو ڕابردووە فێربن، کە هەموو ئەو بابەتانەی گونجاون بۆ گەشەکردن و دانانی ئایندەی خۆیان، تایبەتمەندیی کەسایەتییە بەهێزەکەیانە، بۆیە هەمیشە ڕەگ و ڕیشە وڕابردوو و داهاتوویان پێوەی بەند دەبێت).[1]

(ناوچەکانی کۆمەڵگەی کوردی، بەجۆرەها تۆپۆگرافی لە ڕووی سروشتی جیاوازی خاکەکەیەوە دیاریکراوە و ئەم جیاوازییە سروشتییەش کاریگەری ڕاستەوخۆی لە سەر خەڵکی ناوچەکە لە زۆر لایەنی کەلتووری و چێژ و ئیستاتیکادا هەبووە، ئەمەش خەسڵەتی کۆمەڵگە تایبەتەکانە، کە لە کۆمەڵگەکانی دیکەی جیا دەکاتەوە. ئەمە لە لایەک لە لایەکی دیکەوە پابەندبوونی توند بە داب و نەریت و میراتی باپیرانەوە ڕۆڵێکی بەرچاویان هەبووە، لە هێشتنەوەی زۆرێک لەو بابەتە گرنگە نەریتییانەی موزیک و گۆرانی هاودەمی هونەریی ئەو بابەتەن. بۆیە هەمیشە لەم ژینگەیەدا داب و نەریتێک پەیڕەو دەکرێ، کە کۆمەڵگە تێیدا نەش و نمای کردووە. دەوڵەمەندی بابەتی گۆرانی و چیرۆک و داستان و ئەفسانە و پەخشان وشیعری لیریکی، هەروەها بوونی کەسانێک، کە چێژ لەڕاهێنانی سەما و گۆرانی و موزیک وەردەگرن، هونەرێکی هێناوەتە کایەوە کە لە ژیانی ڕۆژانەماندا لەگەڵیدا دەژین).[2]

---

[1]- محمد، حسن عبد الله، التراث في رؤية عصرية، مؤسسة الاسراء للنشر والتوزيع، القاهرة، ١٩٩٨، ص٦

[2]- علي، الجزيرى، الادب الشفاهي الكوردى بحوث رابطة كاوة للثقافة الكوردية، أربيل، كوردستان العراق، طبعت في بيروت، ٢٠٠٠، ص١٦٥.

(پانتایی موزیکی میللیی کوردی * پێگە و شوێنێکی گرنگی مێژوویی داگیرکردووە و یەکێکە لە کۆڵەگە کەلتوورییە موزیکییەکان کە بە شێوەیەکی چالاکانە بەشداری لە ناسینەوەی تایبەتمەندییەکانی موزیکی ڕۆژهەڵات دەکات، چونکە لە ویژدانی گەلی کورد چێندراوە، هەروەها ڕەنگدانەوەی ڕەسەنێتی و بەشێک لە مێژوو و خۆزگەکانی و واقعییەتی کۆمەڵایەتی و هزری و کەلتووریی خۆیەتی، چونکە، لێرەدا پەیوەندییەکی توند و تۆڵ لە نێوان موزیک و پێداویستییە ڕۆحییەکانی ژیانی مرۆڤی کورددا هەیە). [1]

(کورد موزیک و میراتی گۆرانیان، وەک یەکێک لە چەکە کاریگەرەکانی ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ڕکابەرەکان بۆ بەرزکردنەوەی ورەی خۆیان و پەرۆشییان بۆ وڵاتەکەیان

---

* گۆرانی و موزیکی کەلەپووری و میللیی کوردی

گۆرانی یەکێکە لە کۆنترین جۆرەکانی ئەدەبی فۆلکلۆری گەلان. مۆرکی بە کۆمەڵ چڕینی گۆرانی لە نێوان دوو واتای هونەریدا خۆی دەبینێتەوە، ژانرێک تایبەتمەندی تاکەکەسیی پێوە دیارە و خۆی لە گۆرانی شوان و لەوەڕگاکان دەبینێتەوە، ئەوەی تریان بریتییە لە گۆرانی چڕینی بە کۆمەڵ و گروپی جۆرارجۆر، کە گوزارشت لە کایەکانی نێو کۆمەڵگەدا دەکەن. زۆربەی داستانەکانی کورد چ قارەمانانە و چ سۆزداری بێ، شەوانە بە گۆرانی تاکە کەسی دەچڕدرێن. چەندین گۆرانی تاکەکەسی داستان ئامێز و نیمچە داستان و قارەمانیی کورد و کەسایەتییە شۆڕشگێڕییەکان بە نەمری ڕۆڵی سەرەکیان لە خەباتی کورددا لە دژی داگیرکەراندا گێڕاوە. (عمر، حیدر، أدب الفولكلور الكردي، العدد الثاني، أب، ٢٠١٧، ص١٤٠.

تا ئەمڕۆشی لەگەڵدابێ دەبینین بوونی موزیک لەبۆنە ئاینییەکانی کوردانی کاکەیی (یەرسان) و کوردانی ئێزدیدا ڕۆڵێکی کارایان لە بەرزڕاگرتنی ژیان و ژیاری دنیایی و ئاینییدا بینیوە و ئەوەی جێی سەرنجە کاراکتەری زاڵی موزیک لەو بۆنانەدا موزیکێکی خەمناک و ئازاربەخش نییە، بەڵکو کارەکتەرێکە بە زیندوویی و تیشکدانەوە ناسراوە، ئەم دیاردەیە خۆی لە خۆیدا شایەنی لێکۆڵینەوە و بەدواداچوونی بەردەوامە.

موزیکی میللیی کوردی، کەسایەتی و تایبەتمەندی خۆی هەیە، وەک موزیکی گەلانی دیکە و هەرکەسێک شارەزایی لە موزیکی گەلانی ڕۆژئاوای ئاسیادا هەبێت، دەتوانێت موزیکی کوردی لە موزیکی عەرەبی و فارسی و ئەرمەنی و تورکی جیابکاتەوە، بەڵام ئەمە مانای ئەوە نییە لە نێوان موزیکی کوردی و دراوسێ و هاوسێکانیدا لە ناوچەکانی نزیکی کورد کاریگەری و لێکچوون هاوتەریبیێک لە ڕێگەی ئاوازدانەرانو گۆرانیبێژانەوە نەبێ، لێرەدا دوو تێبینی گرنگ هەن کە پێویستە ئاماژەی بۆ بکرێ:

**یەکەمیان:** لەنێومیتۆلۆژیای کوردیدا، موزیک چ وەک ژەنینی سۆڵۆ و چ بە یاوەری گۆرانی چڕیندا، ڕەگ و ڕیشەیەکی قووڵی هەیە.

**دووەمیان:** کاتێک موزیکی کوردی بەتاک و ڕووتەڵەکی دەبیسترێت، بەبێ ئەوەی گۆرانی یاوەری بکات. تایبەتمەندییە دەنگی و لێکەوتە دەروونییەکانی باشتر دەردەکەوێت. بۆیە لێرەدا چێژەکەی پێویستی بەپلەیەکی بەرزی تێگەیشتن و جوانی دەربڕین و توانای پێشکەوتوو هەیە، ئەم شێوازە لەنێو بژاردەی چینی ڕوناکبیرانی کورد ڕەنگدانەوەیەکی بەرچاوەی هەیە.

[1] – محەمەد، حەمە باقی، مێژووی موزیکی کوردی، چاپی دووەم، دەزگای ئاراس، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، ٢٠٠٢، لا ٣٣.

بەکارهێناوە ، هەروەها کورد خاوەنی تایبەتمەندیی چڕینی گۆرانی وئامێری موزیکی دەستکردی خۆماڵی بوون کە لە بۆنە فەرمییەکان وئاینییەکانیاندا ڕەنگدانەوەیەکی بەرچاویان هەبوو. کورد لە سەردەمی پێش ئیسلام و بە درێژایی سەردەمی ئیسلام، ئامێرەکانی یاوەریی گۆرانیی و موزیکیان هەبووە، وەک ئاهەنگگێڕانی لە دایکبوونی پێغەمبەر (د.خ) لە هەولێر لە سەردەمی سوڵتان موزەفەر کوکبری (١١٥٣-١٢٣٢). کورد لەنێو ئەو نەتەوانەدا بوون، کە ئاوازێکیان بە ناوی "ورە بەرزیی" لە شەڕ و ئاشووبدا بۆ بەدەستهێنانی ئەو ڕۆح وپێگە بوێرانە وەک ئامرازێکی کاریگەر لە ململانێ و ناکۆکییەکانی لەگەڵ نەتەوە و گەلانی تردا بەکار هێناوە. لە سەردەمی ئیسلامدا کورد لەبەکارهێنانی موزیک و گۆرانی چڕین لەجەنگەکانیاندا بەردەوام بووە، تەنانەت گۆرانیی تایبەت بە جەنگەکانی هەبووە بە ناوی "هەجهەجە". لە فەرهەنگەکانی زمان باس لەوە کراوە کە ئەم زاراوەیە دەنگی هاواری کورد بووە لە کاتی شەڕکردن یاخود چیرۆکی دەنگی کورد بووە لە کاتی بەرەنگارییەکاندا).[1]

(دیارە ئەم گۆرانیانە لە ئەنجامی بەریەککەوتنی ڕاستەوخۆی زمانەوانانی موسڵمانان لە کاتی شەڕ وپێکدادانەکاندا لەگەڵ کورددا گەیشتۆتە گوێچکەیان، کە زۆرجار ئەم شەڕە وێرانییە لە نێوان کورد وعەرەبە موسڵمانەکاندا لە سەردەمی ئیسلامدا ڕوویانداوە. زرار سدیقی توێژەر پێی وایە وشەی "هەجهەجە" لە وشەی "هاژەهاژ"ی کوردییەوە هاتووە، کە تا ئێستاشی لەگەڵدا بێ بە واتای ژاوەژاو دێت. لەگەڵ ئەوەشدا کورد لە شەڕەکانی بەرەنگاریدا، ئامێری موزیکی تایبەتی خۆی بەکارهێناوە، بۆ ئەوەی گۆرانی جەنگیی خۆی پتر جۆش و خرۆشی هەبێ، لە کاتێک دا عەرەب ئامێری ڕەبابەیان بەکاردەهێنا، کورد ئامێری کەمانچەی بەکارهێناوە).[2]

(بەڵام موزیکی ئایینی لەنێو زێدی کوردان و لە پەیڕەوی ئایینە کۆنەکانی ناوچەکەدا، وەک ئایینی ئێزدی و زەردەشتییەکان بە تایبەتی بەرجەستە بووبوو، دواتریش لە پەیڕەوی ئایینی

---

[1]- زرار، توفیق صديق الموسيقى الكوردية في العصر الوسيط، مجلة زانكو، مجلة العلوم الانسانية، جامعة صلاح الدين، أربيل، العدد ٤٤، لسنة ٢٠١٠، عن رسائل اخوان الصفا، ص١٦٢.

[2]- زرار، توفيق صديق الموسيقى الكوردية في العصر الوسيط، سەرچاوەی پێشوو: ل ١٦٢

ئەهلی هەق لە کوردستانی ئێران و هاوشێوەکانی لە کوردستانی عێراق بە ناوی کاکەییەکان و لە کوردستانی تورکیاش بە ناوی عەلەوییەکان، کە ئەمەشیان وەک گۆڕانێک لە ناوەکەیدا، نەک لە بیروباوەڕیان. موزیک و گۆرانی و سەماکردن لەو ئایینانەدا شوێنێکی پیرۆزی هەیە، وەک بەشێک لە ڕۆحییەتی کۆمەڵایەتی کورد سەیر دەکرێ. پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و داب و نەریتی کوردی هەمیشە پارێزگاری لە خودی کیانی خۆی کردووە و لە مێژووییدا لەگەڵ ئەو ڕووداوە لە ناکاویانەدا کارلێکی نەکردووە و پێشکەوتنیان تەنیا لە ئەنجامی کارلێکردنێکی کۆمەڵایەتی نێوخۆیی لەنێو یەکە کۆمەڵایەتییە لۆکاڵییەکاندا دەرکەوتووە). [1]

(سەبارەت بە کورد لە هەردوو ناوچەی نیشتەجێی شارستانی و لادێیی، گوێگرتن لە گێڕانەوەی ڕووداوە مێژووییەکان دەبێتە ئەزموونێکی زۆر کاریگەر، هەروەها وەبیرهێنانەوەیە بۆ ئەوان، کە چەند گرنگە لەنێو ئەوانەدا کورد بیت، یان ئەندامێکی هۆزێکی دیاریکراو بیت، یاخود لە ڕەچەڵەکێکی دیاریکراودا بیت، هەروەها پێویستی بە لێهاتووییەکی زۆر هەیە، کە گرنگترینیان یادەوەرییەکی فراوانی ناو ئەو ئەڵقە و چوارچێوەی مێژووییە و توانای داڕشتنی چیرۆکێکە لە کاتی گێڕانەوەیەکی موزیکی و پێرفۆڕمەنسێکی دەنگی، کە توانای هێشتنەوەی کۆنترۆلی هونەریی بەرز ڕادەگرێ، هەروەها پێویستە لە مەزاجی چێژ وەرگرتن تێبگەین و لە پێداویستییە تایبەتەکانی بۆنەیەکی تایبەت حاڵی ببین بۆ هەڵبژاردنی بابەتەکە و پێرفۆڕمەنسی گونجاو بۆ بۆنەکە فەراهەم بکەین، کە ئەم تایبەتمەندییانەیان هەیە، و ئەم کارامەییانە پراکتیزە دەکەن. بۆیە دواتر، لێرەدا دەبینین توخمی کارە هونەییەکان لە نێوئەوبۆتەیەدا چەند بە فراوانی دەناسرێنەوە). [2]

ئەم گەلە بە تێپەڕبوونی ڕووداوە یەک لە دوای یەکەکان، سەلماندیان، کە کەسانی قەوارەی کۆمەڵایەتین، بە واتایەکی تر (بە چنینێکی کۆمەڵایەتیی و ڕەهەندێکی ئەخلاقی و کۆمەڵایەتیی بەهێز، لەو نەریت و ڕەفتارە کۆمەڵایەتییە سەرەکی و بەهێزانە دوورناکەونەوە. سەرەڕای

[1]- هادی رشید الجاوشلي، الحياة الاجتماعية في كردستان، مطبعة الجاحظ، بغداد، ١٩٧٠، ص١٢.

[2]- ديتر كريستنسن، مؤتمر: الموسيقى في العالم الإسلامي، ٨-١٣ آب، برلين ألمانيا، ترجمة، سوزدار تمو، ٢٠٠٧، ص٧٨.

پێشکەوتنیان بە تێپەڕبوونی کات، لە ڕەگە ڕەسەنەکانیان دوورنەکەوتوونەتەوە و هیچ جیاوازییەکیان لە ئاراستەکردنی کەسایەتییەکەییاندا لەگەڵ بنەچە کۆنەکانیان نەبووە، هەروەها بە هیچ شێوەیەکیش، لە ڕەفتار و داب و نەریتی باو و باپیران لایاننەداوە و بگرە ڕەفتارەکانیان لەوانەوە سەرچاوەی گرتووە. بۆیە کەسایەتی کورد و ڕەفتارە کۆمەڵایەتییەکانی هەمیشە و تەنیا نوێنەرایەتی مێژوو و نەتەوە و کەلەپووری کۆمەڵایەتی ڕەسەنی کورد دەکات).[1]

نەهامەتییەکانی ژیان بۆ مرۆڤی کورد و کارەساتە بەردەوامەکان و تێکشکانی هیواکان، (وایکرد موزیک و گۆرانییەکانی کوردی، تا ڕادەیەک خەم و پەژارەی گیان بچێژێت. لە لایەکی دیکەوە موزیکی کوردی سەرەڕای ئەو هەلومەرجە سەختەی ڕووبەڕووی بۆتەوە، کەچی لە ژیاندا مایەوە و هەمیشە بە پشتبەستن بە شوێنەوار و بەڵگەی هەمەچەشنی کۆمەڵایەتی و کەلەپووریی و کەلتووری، لە چوارچێوەی ئینتیمای نەتەوەیی کورد و تایبەتمەندییە کەلتوورییەکانی وەک شێوازی ژیان و سایکۆلۆجییەتی ڕەفتاری تاکەکانی و چێژی هونەری ئیستاتیکا و خۆزگە و ئاواتی ڕۆڵەکانی، پشتراستی بەردەوامبوونی خۆی دەکردەوە و شوێن و کاتی خۆی فەراهەم دەکرد. لەم چوارچێوەیەدا توێژەر "فەرید" عێراقی هاوچەرخ بەسەر زیاتر لە ناوچەیەکی جوگرافیدا دابەش دەکات، کە بە ناوچە جیاوازەکان و کەش و هەوا و هەمەچەشنی دانیشتوان و بیروباوەڕی ئایینی و نەریتی کۆمەڵایەتی دیاریان دەکات و سنووری ئەو جوگرافییە هونەرییەش دەخاتە بەر باس و لێکۆڵینەوە، کە لە باکوور و ڕۆژهەڵاتەوە دەستپێدەکات، تا دەگاتە وڵاتانی تورکیا و ئێران و هیند).[2]

(ئەم حاڵەتە بە درێژایی مێژوو کاریگەری خۆی دەگواستەوە نێو شارستانیەتی ناوچەکە بەگشتیی، چونکە کلتوورەکان لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی تر بە قۆناغ دەگوازرانەوە، بۆیە لە زێدی کوردانداا، دەکرێت ئەو گواستراوە هونەرییانە بەڕوونی هەستی پێبکرێت. کاراکردنی

---

[1]- هادي رشيد الجاوشلي، القومية الكوردية و تراثها التاريخي، سەرچاوەی پێشووتر، ص٢٦

[2]- طارق، حسون فريد، العلاقة بين الكلمة واللحن في بعض صيغ التراث والموروث الموسيقي العراقي، المجمع العلمي العراقي، ١٩٩٨، ص١٠٢.

هونەری موزیکی و دینامیکیە بەردەوامییەکەی هەرچۆنێک بێت، دیاردەی ژینگە و هەرێمە جیاجیاکانی ئەو وڵاتە، وەک "ڕەنگدانەوەی پۆلێنێک لە فرەلایەنی هونەری ئاوێتەی یەکتر دەکات و ڕەچاوی نەشو نما هونەرییەکەی دەکات).[1] کەچی (فەرهاد پیربال) ی توێژەر پێیوایە (موزیک و گۆرانیی کوردی هیچ کاتێک لە مێژووی خۆی دانەبڕاوە، چونکە هیچ شارستانێتییەکی بێ پەیوەندی و کارلێک لەگەڵ شارستانیەتێکی هاوسێ و دراوسێدا نایەتە کایەوە و پێویستیی پەرەسەندنە کۆمەڵایەتییەکان و زەرورەتی تێکەڵبوونی کەلتووریی قۆناغەکانی پەیدابوون و هاتنەکایەوە و پێگەیشتنی موزیکی کوردیی بەپێی ناوەرۆکی جوانی بۆ سێ قۆناغ گەڕاندۆتەوە، کە بریتین لە قۆناغەکانی: بەرایی و ئایینی و لیریکی).[2] ئەم بابەتە و بۆچوونانەی هەردوو توێژەران (چاوشلی و پیربال) لە ناوەڕۆکدا هەڵگری دوو مانای جیاوازن لە بواری پاراستن و کارلێکی شارستانییەتەکان، لە ڕووی بابەتی بەیەکەوە گرێدانی کەلەپووری گۆرانیی لەگەڵ میللەتانی هاوسێی کورددا. توێژەر پێیوایە ئەم بابەتە دەبێ لەڕووی گوێگرتن و شیکردنەوەی ناوەڕۆکی گۆرانیی و موزیکی کەلەپوورییەوە بگاتە ئاکام و ئامانجی خۆی. بەو شێوەیە موزیک واتە ئاواز و میلۆدی لای کورد، هەمیشە ئامرازێک بوو بۆ ڕێکخستنی کارو کردەوەکانی خۆیی و دەربڕینی خۆشنوودی، هەروەها خەمەکانیشی لە هەمانکاتدا.[3]

گۆرانی کوردی بەشێکی گرنگی کەلەپووری هونەری موزیکیی عێراقە. (ەم گۆرانییانە وەک حاڵەتی گۆرانییەکانی تری عێراق، بەسەر هەردوو بەشی کەلەپووری میللیی و کەلەپووری فۆلکلۆری سیستەماتیکدا دابەشکراوە، ئەم دوو بەشە لەلایەن ئاوازدانەرێکی خۆڕسکەوە ئامادەکراوە، یاخود لە لایەن ئاوازدانەرێکی مەعریفی، کە خوێندنە موزیکییەکەی بە شێوەیەکی زانستییانە لە ڕێگەی خوێندنێکی چڕی ئەکادیمییەوە ( کۆنسرڤاتوار)

[1]- جمال، رشید احمد، تاریخ الکرد القدیم، ص٢٣٤.

[2]- فرهاد پیربال، مێژووی گۆرانی و مۆسیقای کوردی( خوێندنەوەیەکی ڕەخنەگرانە)، دەزگای ئاراس بۆچاپ و بڵاوکردنەوە، هەولێر، ص٣٧-٣٨.

[3]- طارق حسون فرید، الحان الطبیعة وانغام الحیاة، مجلة الاکادیمي، العدد ٣١، ٢٠٠١، ص١٢-١٣

بەدەستهێناوە. ئەم گۆرانییانە بە شێوەیەکی گشتیی، بە نەریت و گرتنەبەری چێژی تایبەتی هەر ئاوازدانەرێک بەبێ پلاندانان پەرەیان پێدراوە. لە دەستپێکدا شێوازی دروستکردنی بۆتەی موزیکی و بەهۆی فراوان و فرەیی ئەو گۆرانیانەی خاوەن هەگبەیەکی کەلەپووری زۆر فراوانبوون و لێکۆڵینەوە سیستماتیکەکان لە زۆر ڕووەوە گرنگیان بە ئەوان نەدەدا وەک ناوەرۆکە هونەریی وئیستاتیکایەکەی. بۆیە لە ڕێگەی بەستنەوەی پێکهاتە هونەرییەکان و بونیادی فۆرم*، لێرەدا گۆرانیی کوردی، وەکو پێداویستییەکی هەمەچەشن و بابەتێکی بنەڕەتیی سەیر کرا و بۆ چەند مەبەستێک و داخوازییەکی هەمیشەیی دەرکەوت).[1]

ئەم جۆرە موزیکە فۆلکلۆرییە کوردییە، پەردە لە سەر ڕووی ڕۆڵی کارای خۆی ڕادەماڵێ وئیستاتیکا وئەو عەقڵییەتە دەردەخات کە لەنێوکۆمەڵگەی کوردیدا زاڵەو ئاماژە بە سەردەمێکی دیاریکراو وچێژی ئیستاتیکایان دەکات، ئەمەش دەرئەنجامی ئەو حاڵەتەیە، کە (بەهرەی خۆڕسک پێویستییەکی مێژوویی بووە، بۆیە بە دەربڕینێکی ڕاستگۆوە لە کلتوورە میللییەکەیانەوە هەڵقوولاوە، بەم شێوەیە دەبینین موزیکی میلیی کوردی هێزی خۆی لە ژینگە جیاوازەکانی وەک ئایین و ئابووری و سیاسی و کەلتووری وەردەگرێ. ئامێرە ڕەسەنەکانی موزیک کە تا ئێستا لەنێو کورددا بەکار دەهێنرێن بە دەست و کارامەیی خۆیان دروستکراون. ئەم بۆچوونەش لەگەڵ ڕای "تۆما بوا' هاوڕایە، کە دەڵێ: بەشی زۆری ئەو

* فۆرم یاخود بۆتەی موزیکیی: - (Muscial Form)
ڕێکخستنێکی ئەندازەیی پارچەیەکی موزیکییە لە فۆرماتێکدا پشت بە یەک لە دواییەکی بەشەکانی دەبەستێت بەپێی سیستەمێکی هاوسەنگ و دیاریکراو و پێناسەکراو. (بۆتە)یش وەک بابەتێکی موزیکیی ڕیزبەندی توخمەکانی سیستەمە کارپێکراوەکەی جیاوازە لە فۆرم. بۆیە نۆتەکانی موزیک لە چوارچێوەی ئەم فۆرمەدا دەریدەبڕن، بریتییە لە فۆرمێک بۆ کارێکی موزیکیی کە بەبێ ناوەرۆک مانابەخشی هەڵناگرێ و تەواو نییە. بۆتە ڕستە و دەستەواژەو مۆتیڤ (Motives) لەخۆدەگرێت کە کۆتاییەکەیان بە کەدێنزێکی موزیکیی (کۆدا) دیاری دەکرێت، کە چەشنی قسەکردنە بەگشتی و بە وەستان کۆتایی ڕستەکان دیاری دەکات، هەروەها بە دووبارەکردنەوەی ئەم دەستەواژە موزیکییانە لە ڕیزبەندی خۆیان و ناکۆکییەکانیان و پەیوەندییان بە یەکترەوە لە هەندێک مۆددا، فۆڕمی موزیکیی دروست دەبێت.عید، کمال الدین، أعلام و مصطلحات الموسیقی الغربیة، دار الوفاء لدنیا الطباعة والنشر، الطبعة الأولی، الإسکندریة، مصر، ٢٠٠٦، ص١٦

[1]- گونا محمد، قادر، البناء الشکلي للأغنیة الکوردیة ، مجلة کلیة التربیة الاساسیة، العدد الستون، بغداد، ٢٠٠٩.

ئامێرە موزیکیانەی لەلایەن کوردەوە بەکاردەهێنران، بە شێوەیەکی گشتی کاری دەستیی و کارزانیی ئەوان بووە).[1]

بە چاوێکی وردکاری شیکارییەوە دەتوانینی بڵێین، ئەو گۆرانییانە لە سەر بنەمای چەند شێواز و دابەشکردنێک داندراون. ئەو لقانەی بناغە و چوارچێوەیەکی بابەتی جیاواز پێکدەهێنن، کە تێیدا جووڵە دەکات و لەو ڕێگەیەوە ناوبانگ و بڵاوبوونەوە هەناسە دەدات، لێرەدا بۆمان دەردەکەوێت، کە (گۆرانیی کوردی بە شێوەیەکی گشتیی لە مۆد و بەستە و دیالۆگەوە دیاری دەکرێت، لە ڕووی جوگرافیشەوە گۆرانی هەن، کە تایبەتن بە خەڵکی شار کە خۆی لە مەقامات و بەستە و هەڵپەڕکێی میلیی دەبینێتەوە. هەروەها گۆرانی لادێ و گوندنشینانیش هەن، کە دەکرێ وەک شێوەیەکی هونەری پێرفۆرمانسی فۆلکلۆری بۆ چەندین نموونەی گۆرانی کوردی هەژمار بکرێن. گۆرانی قەرەجەکانیش هەن، کە هەمیشە بە هۆکاری بەیەکەوە گرێدانی کەلەپوور و کەلتووری ناوچە جیاجیاکانی کورد دەناسرێن).[2]

(گۆرانی لە کۆمەڵگەی کوردیدا وەک شێوازێکی ڕەفتاری شارستانییانە، کارلێک لەگەڵ بوارە کۆمەڵایەتییەکاندا دەکات و ئامانج لەم کارلێکە، ڕۆشنکردنەوەی تایبەتمەندییە نەتەوەیی و مرۆییەکانە، لە پێکهاتەکانی کەسایەتی تاکی کورددا بۆ قۆناغەکانی دواتر و بوونی هێڵێکی جیای جوانی و پاکی و بێگەردیی ئەم تاکە لە ڕەفتار و دانانی بیرۆکە و پابەندبوون بە داب و نەریتە کەلەپوورییەکان، بەڵگەکانمان پشتڕاست دەکاتەوە).[3]

بارودۆخی موزیکیی لە هەرێمی کوردستانی عێراق بەگشتی گوزارشت لە کاراکتەری ناساندن و شوناس و سەربەخۆبوون دەکات، بۆیە توخمەکانی شوناسی موزیکیی وای لێدەکەن باس لە دەستکەوتەکانی موزیکی کوردی لەم دواییەدا بکرێت، لێرەوەیە دەبینین هەمیشە جەخت لە پێکهاتەی خۆی، هەروەها دەربڕینی جۆراوجۆری موزیکی لۆکاڵی

[1]- أحمد الجزراوي، عن مقدمة كتاب اصوات والحان كوردية، دراسة في الطبيعة السوسيولوجية والموسيقية لاصوات غنائية والحان كوردية، دار سثيريز للطباعة والنشر، مطبعة حجى هاشم، ٢٠٠٦، ص٩.
[2]- عادل الهاشمي، اصوات والحان كوردية، سەرچاوەی پێشووتر، ص١-٩
[3]- أحمد الجزراوي، عن مقدمة كتاب اصوات والحان كوردية، سەرچاوەی پێشووتر، ص٩.

دەکاتەوە، کە بەشێوەیەکی بەربڵاو لەنێوناوچە جیاجیاکاندا هەن، بێگومان لە پێکهاتەیدا دەربڕینی هەمەچەشنی موزیکی تێدا بەدی دەکرێت

### ٣-٢ پێکهاتەی گۆرانی و موزیکی میلیی و فۆلکلۆری کوردی:

لەناو کورددا موزیک بە گۆرانی چڕینەوە بەستراوەتەوە وهەردووکیان بە پێشکەوتنی کلتوور وشارستانییەوە بەستراون. (موزیک هێزێکی بنەڕەتییە بۆ کۆمەڵگە، چونکە لە هەستی خەڵک و گروپ وپێکەوەژیانەوە هاتووە، سەرەڕای جیاوازییان لە تەمەن و جێندەر و تازەگەریی و کار وئەزموون و لێوەشاوەییدا. موزیک لەلایەن هونەرمەندی ئاوازدانەر، موزیسیان، شاعیر، گۆرانیبێژ بەکاردێت بۆ دەربڕینی پێوەرەکان و بەها وئیستاتیکییەکانی چێژی زاڵ لە کۆمەڵگەدا. یان هەڵکشان بۆ قۆناغێکی نوێ وپشکنینی هەستی چێژی کەلەپوور - میلیی -هاوچەرخ- کە وەک خاڵی یەکەم دەبریسکێنەوە. هەروەها هەموو چینەکانی تری کۆمەڵگەش لە حاڵەتی نمایشی کەلەپوور و کلتوورەکەیەوە، جا چ لە شار بێ یاخود لە لادێ و گوندەکانەوە، ئەمەش وەکو کاردانەوەیەک بۆ کەلتووری کۆمەڵایەتی وەک خاڵی دووەم دەبینرێ).[1]

جێگەی سەرسوڕمان نییە، (موزیکی کۆنباوی* فۆلکلۆری لە لێکۆڵینەوەکاندا بابەتێکە سەرنجێکی زۆر هەڵدەگرێ، کە بەرگریی لە کلتوورە نەریتییەکانی خەڵک دەکەن، نەک تەنیا

[1]- معن، خليل العمر، علم اجتماع الفن، دار الشروق للنشر والتوزيع، عمان، ١٩٩٩، ص٢١-٢٦.

* موزیکی کۆنباو:Traditional music

چەمکی موزیکی کۆنباو: ئەم موزیکە بە تێڕوانینێکی گشتیی وهەر لەوکاتەی کە بەرهەم هێندراوە، بە شێوەیەکی هاوبەش دادەندرێت، تا ئەمڕۆش بەردەوامی هەیە. بۆیە ئاوا بەناوبانگە و بەبەردەوامی لە ناوچەکەی خۆی و لە لایەن خەڵکی ناوچەکەدا دەژەنرێ و دەچڕدرێت، بە شێوەیەکی گشتیش خاوەنەکەی نادیارە.

زاراوەی موزیکی کۆنباو زۆرجار وەک پۆلێنکردنێکی فراوان لە ژانرەکان بەکاردەهێنرێت، کە جیاوازن لەگەڵ موزیکی کلاسیک و فۆلکلۆری، هەروەها وەک ئاماژەیەک بۆ ئەو ژانرانەی لە سەر بنەمای هیچ یاسایەکی تیۆری یاخود لە سەر هیچ ئامرازێکی بازرگانیکردنی بە کۆمەڵ دروست نەکراوە. سەرهەڵدانی زانستی موزیکی نەژادیی، ڕێگاخۆشکەربوو بۆ سەرهەڵدانی چەمکی موزیکی کۆنباو لە نێوان ئەم چەند چەمکەدا، موزیکی ڕەسەن ئاماژە بە موزیکی گروپە نەژادییەکان دەکات، کە دواتر ناوچەکەیان لەلایەن کۆچبەران و هێرشکەرانەوە داگیرکراوە.

لەبەر ئەوەی بەها هونەری وئیستاتیکایە پاکەکان هەڵدەگرن، یاخود خاوەنی ڕەهەندی فەلسەفی فراوانن، بەڵکو لەبەر ئەو ڕۆڵە گرنگەی لە کۆمەڵگەدا دەیگێڕێت وەک توخمێکی تەواو و کرداریی، کە لە لایەکەوە کارلێک لەگەڵ توخمەکانی کلتوور وەک چالاکییەکی ئاشکرا دەکات. هەروەها ئەو ڕۆڵەی تاکەکان و گروپەکان لە کۆمەڵگەی نەریتیدا بە پەیوەندی هونەریی وەڵامدانەوەی کارەکان دەیگێڕن لە لایەنەکەی ترییەوە).[1]

گۆرانییە میللییەکان یەکێکن لە گرنگترین شێوەکانی دەربڕینی جەماوەری. هەروەها یەکێکن لە کۆنترین شێوەکانی دەربڕینی هونەری کۆمەڵگەکانی مرۆڤ و بە مرۆڤەوە بەستراونەتەوە و پەیوەندی پتەویشی لەگەڵیدا هەیە، بە تێکڕای ئەو نەریت ورەفتار وعورف و سرووت ویست وهەستەوە کە هەڵگرییەتی. گۆرانییە میللییەکان بەرهەمی هەموو کۆمەڵگەن (لە ڕێگەی ئەو بەها هونەرییانەی دەریدەبڕن و لە ئەنجامدانیشدا زیاتر ڕەنگدانەوەی هەستی دەستەجەمعی و دەرکەوتەکانیەتی و زیاتر لەهەستکردن بە نمایشەکانی و سیما دیارەکانی کە دانەرە موزیکییەکان بەرجەستەی دەکەن، لە ڕەفتارەکانی تاک و بەهای ئیستاتیکا و مێژوویی دەردەکەون، ئەم بابەتەش مەبەستێکی دڵسۆزانەیە کە پەیوەستە بە بڵاوبوونەوە و گواستنەوەی زارەکی وتێپەڕین لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر.

ژینگەی جوگرافی ڕۆڵێکی سەرەکی دەبینێت لە جیاکردنەوەی ئاوازە میللییەکانی خۆی لە ناوچەیەکدا، ئەمەشیان بە پشتبەستن بە هەلومەرجی ژینگەی دەوروبەر و سروشتی جوگرافی و فاکتەری مێژوویی و کەلتووری و سروشتی پیشە و کاری تایبەت وشێوەزارە جیاوازەکانی هەر ناوچەیەک هەرچەندە سادەش بن، بەڵام، لێرەدا هەموو ئەو کار و کاردانەوەیە هەستەکان قووڵتر دەکەنەوە و پتریش ڕەگداکوتانی کەلەپووریی فۆلکلۆری و میللیی لێ دەکەوێتەوە).[2]

---

[1]- محمد، عمران، دراسات في الموسيقى المصرية تأسيس نظري و تطبيقات عملية، ط١، الهيئة المصرية العامة للكتاب، القاهرة ٢٠٠٦، ص١٥.

[2]- ميادة جمال الدين اغا، أثر التراث الموسيقي الشعبي على تدريس مادة الصولفيج العربي لطلاب كلية التربية النوعية , رسالة ماجستير غير منشورة , جامعة طنطا , جمهورية مصر العربية، ٢٠٠٣، ص٦-٧.

ناکرێت بڵێین گۆرانییە میللییەکان دانەری میلۆدیان نییە، بەڵکو دەبێت لەنێو خەڵکدا داهێنەرێکی هەبێت و لەم ڕوانگەیەشەوە دەتوانین بڵێین، دانەرانی گۆرانییە میللییەکان کەسانێکی نەناسراون وهەموویان ئەم بەرهەمانەیان داهێناوە پاش توانەوە لە کەلەپووری میللیی نەتەوەییان. هەروەها کاری تاکێکی درێژەپێدراوی پڕ لە سەرکەوتنیشە، ئەمەشیان لەنێو خەڵکدا وای لە عەقڵی بەکۆمەڵ کرد، کە بیپارێزێ وهەڵیبگرێت. بەم شێوەیە بووە موڵکی هەمووان. لە هەندێک کۆمەڵگەشدا ڕەنگە خەڵک لە ڕووی ڕستە موزیکییەکانەوە ڕێڕەوی گۆرانییەکە لاسار بکەنەوە یاخود بە هەندێ ڕستەی موزیکی خواستراوەوە تێکی بدەن، یان هەندێ لە وشەکانی بگۆڕن.

(گۆرانیی کەلەپووریی و دانراوی کوردی نمایشێکی ڕێکخراوەیی مێژووی خۆیەتی، لە شێوەی ئاواز وشە و بە شێوازی گۆرانی چڕین و گۆڕاوەکانی ناسراوە، چونکە ئەوەی گوێ لە گۆرانی چڕینی کوردی بگرێت، هەست بە مێژووی گەشەکردنی ئەم گۆرانییە دەکات وئەزموونیشی لەگەڵدا پەیدا دەکات. گۆرانی چڕینی کوردی بەڕوونی وەک گۆرانییەکی بنچینەیی بە چڕیی و خاوەن ناوەڕۆک پێناسە دەکرێت، بەهۆی بوونی دینامیکی هونەری و لە ڕووی قەبارە و فۆرم و گەورەیی ڕۆحی وهێزی گوزارشتەوە، ئاماژە بۆ ئاسۆی فراوانی خۆی دەکات. گۆرانی چڕینی کوردی هونەرێکی پتەوی ئاکار ڕوونە. ئەو گۆڕانە مێژووییەی لە ڕەوتی گۆرانیدا ڕووی داوە، لە هەموو قۆناغەکانی درێژکراوەدا شوناسی جیاوازی خۆی دەسەلمێنێ، بەڵام ئەوەی ئەم قۆناغانە بەیەکەوە کۆدەکاتەوە، دووبارە بەرهەم هێنانی هونەرێکە گرێدراوی کەلەپوور و کەلتووری زیندووی نەتەوەیە، ئەو بەردەوامییەی قۆناغەکانی گەشەکردنی هونەری ڕۆڵی بەرچاوی هەبووە لە پێشکەوتنی گەلان بە گشتی و گەلی کوردیش بە تایبەتی).[1]

کارکردن لەبواری کۆکردنەوەو خوێندنەوەی نموونەی موزیکی فۆلکلۆری کوردی پرۆسەیەکی تازە بابەتە و سنووری جوگرافی سنووررداری خۆی تێنەپەڕاندووە، بۆیە هەوڵی جددی بۆ کۆکردنەوەو خوێندنەوەی موزیکی کوردی و گۆرانی چڕین لەم ناوچانەدا

[1]- عادل الهاشمي، اصوات والحان كوردية، سەرچاوەی پێشووتر، ص١٥-١٦-١٧.

بەدۆزینەوەی گەنجینەی موزیکی دەبێ، کە دەبێت لە بنەڕەتدا کۆمەڵی بابەتی گرنگ شرۆڤە بکرێن بۆ گەیشتن بەو وەڵامانەی کە پرسیارگەلی هونەریی دەیوروژێنێ.

(گۆرانیی چڕینی کوردی تێگەیشتنی شەفافی خۆی هەیە، لە چوارچێوەی مێژوویی خۆیدا، کە یاسا هزرییە بونیادییەکانی نوێکردۆتەوە. گرنگی موزیکی کوردی کارێکی بێوێنە و شکۆدارە لەنێوناوەرۆکە درامیەکەیدا، بەو پێیەی ئەم بایەخە لە کەسایەتی و مۆرکی ڕۆژهەڵاتدایە، کە لە ڕێگەی چەمکی ڕۆژهەڵاتی هەمیشە کۆن و مێژووییەوە لە وەسفەکانیدا ڕێکخراوە. بەپێی جوگرافیایەکی گەورە، خاکی کوردان سەرچاوەی قۆناغی مێژوویی نێوان دروستبوونی مۆرک و چەسپاندنی بنەماکانی بووە).[1]

موزیکی کەلەپووری کوردی بە تایبەتمەندیی ڕیتم میلۆدییەکانییەوە پێگەی خۆی لەنێو ژانرەکانی موزیکی گەلانی ڕۆژهەڵاتدا کردۆتەوە، ئەم موزیکە خاوەن ناوبانگێکی گەورەی میللییە، بۆیە ئامانجی دیراسەتکردنی کەلەپووری موزیکی کوردیی بەهەموو جۆرەکانییەوە، تیشک خستنە سەریەتیی و دواتریش بە ئەرشیف و دۆکیۆمێنتکردنیەتی.

یاوەری ئەو موزیکە لە ڕووی ڕیتمییەوە، لە هەردوو ئامێری زەرب و دەف خۆی دەبینێتەوە، هەروەها سەرنجدان بە چەپڵە لێدان لەگەڵ هەندێک لە گۆرانییەکانی ناوچە جیاوازەکان و خێرایی هێواشی پەیوەست بەو گۆرانیانە لە نێوان Moderatto وAllegro دێت وەک لە باشووری کوردستان دەیبینین، لە باس و میتافۆری گۆرانی میلليی کوردی، کە لە پێکهاتە نوێیەکاندا ڕەنگی داوەتەوە. لە لایەکی ترەوە توخمی نووسینەوەی نۆتەی گۆرانی، کە جیاوازی دەکات لە نێوان گۆرانییە میللییەکاندا، کە بە جووڵەی ئەو موزیک و گۆرانیانەی تر، کە بە شێوەی زارەکی دەچڕدرێن دیاری دەکرێت، بەڵام ئەگەر یەکێک لە گۆرانییە میللییەکان بنووسرێتەوە، وەک دەبینین لە چەندین لە بڵاوکراوەدا بە ئامانجی پاراستنی کەلەپوورە و بە تێبینی ئەوەی کە دەقاودەق وەکو خۆی بێ، ئایا ئەو بارە هونەرییە لە دەستدەدات؟ ئایا ئەو خاسییەتە هونەرییانە چین کە لە گۆرانییەکانی تردا دەردەکەون؟.

[1]- عادل الهاشمي، اصوات والحان كوردية، سەرچاوەی پێشووتر، ص١٦.

## ٣-٣ بنیادی میلۆدی موزیک و گۆرانی نەریتیی کوردی:

تایبەتمەندیی (خۆوەیی) ئیمپرۆڤیزەیشن (الارتجال) لە گۆرانی کوردی لە داهێنان وپێکهاتەی هونەریدا بابەتێکی زۆر گرنگە. (پرۆسەی ئیمپرۆڤیزەیشن بە گشتی خەسڵەتێکی دیارە لەو خەسڵەتانەی موزیکی رۆژهەڵاتیی پێ دەناسرێتەوە، ئیمپرۆڤیزەیشن لایەنێکی گرنگی کۆڵەگەی موزیکی کوردییە، جا ئەو موزیکە چ سیستماتیک یاخود میللیی بێت. ئەمەشیان بە لەبەر چاوگرتنی ئەوەی ئەم بۆتەیە پێگە وشوێنی هونەری خۆی لە گۆرانی و موزیکی سستماتیک و میللیدا کردۆتەوە و ڕەنگدانەوەی داهێنان و بڵاوبوونەوەی بە خێرایی لەنێوتوێژەکانی خەڵکدا گەواهی ئەو ڕاستییەن، چونکە بەهرە هەمیشە بە تاک بەستراوەتەوە، بەڵام گرنگییە ڕۆحییەکان و ناوەرۆکی ئەزموونەکەی ئەم بابەتە بۆ هەمووان هاوبەشن).[1]

بۆیە نوێکرنەوەی موزیکی کوردی دەبێت لە ناوەوە بێت و لە ناواخنەوە دەست پێ بکات، نەک لە دەرەوە یان چوارچێوەکانی دەوروبەرەوە دوور لە ناوەرۆکە بنەڕەتییەکەی، کەواتە ئەمە مانای ئەو ڕەسەنێتییە نوێکراوەیە، کە ئێمە داوای دەکەین، دوور لە ڕووە ڕەگەزپەرستییەکەیەوە. ئەمەشیان نەک هەر لە دەرەوەی پاراستنی کەلەپووری موزیکی کوردییەوە دەبێ، بەڵکو لە بنچینەدا پابەندە بە میتۆدە زانستی و کەلتوورییەکانی نوێبوونەوە کە هەموو گەلانی جیهان لە ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا پەیرەوی دەکەن.

داهێنان لە دانانی موزیکی کوردی لەگەڵ میتۆدی کەلەپووریی وهاوشانیکردنی موزیکییدا بەرجەستە دەبێت. ئەمەشیان بە مەبەستی دروستکردنی زمانێکی نوێی موزیکی نەتەوەیی بۆ بابەتەکان و نیشاندانی ڕۆحی سەردەمیانەی ئەو موزیکە، کە بە شێوەی یەکەیەکی یەکگرتووەوە بەرهەم دەهێنرێت، لێرەدا ئاوازدانەر دەبێتە چەقی بابەت و کاکڵی ئەم پرۆسەیە. نووسینی ئاوازی سەرەکی وئاوازە لاوەکییەکانیش، لە هەمانکاتدا هەڵێنجانی هاوکێشەی بەهارمۆنیکردنی ئاوازەکان وئامادەکارییە موزیکییەکەیەتی بەپێی زمانی

[1]- ارنولد، هاوزر، فلسفة تاريخ الفن، ترجمة، رمزي عبده جرجس، المركز القومي للترجمة، القاهرة، ١٩٩٠، ص٢٩٩.

سەردەمی خۆی، ئاوازەکە دەبێتە پێکهاتەیەکی هونەریی و سەرەکی پرۆسەی ئامادەکردنی مۆزیکی، کە بریتییە لە کۆکراوەی ئەو توخمانەی لە ڕێگەی دروستکەرێکی داهێنەرەوە پێکهێنراون.

بارودۆخی مۆزیکی لەهەرێمی کوردستانی عێراق بە ڕای توێژەر بە گشتیی، لە کەسایەتی وهێما وشوناس وئینتیما بۆ ئەم بابەتەوە سەرچاوە دەگرێ، بەڵام توخمەکانی شوناسی مۆزیکیی کە باس لە دەستکەوتەکانی مۆزیکی کوردی دەکات، لە سەرنجێکی هونەریانەدا لە سەر تایبەتمەندیی شێوەزارە زمانییە جیاوازەکان کە لە ناوچە جۆراوجۆرەکاندا بڵاوبوونەتەوە ڕەنگدەداتەوە، کە بە دەربڕینە جۆراوجۆرە مۆزیکییە لۆکاڵییەکان دیاری دەکرێن. لە ماوەی ساڵانی ڕابردوودا، دوو پرسیار بوونەتە هۆی دەرکەوتنی مشتومڕێکی زۆر، کە بریتیبوون لەوەی ئایا دەکرێت کەلەپوور بەشێوەیەک لە شێوەکان ڕێگربێت لە نوێکردنەوە و داهێنان؟ یاخود دەکرێ خستنەکار و پرۆسەی داهێنان پردی پەیوەندی بن لە نێوان کەلەپوور وهاوچەرخێتییدا؟

هەندێک لە گۆرانییەکان بە زیادکردنی هەندێک دینامیکی نەخشەڕێژ، کە داڕشتنەکانیان لەلایەن سروشتی هەندێک تێکست و نمایشەوە داندراون، زۆر بەجوانیی و بە ڕەونەقەوە دەردەکەون. وەک لەو دوو نموونەی خوارەوە دینامیکە نەخشەڕێژەکان دیارییکراون. سەیری ئەو دوو نموونەی ژمارە ٣-٣-١و ٣-٣-٢ بکە

## Lenaw rezan




**نموونەی ژمارە ٣-٣-١ دینامیکە نەخشەڕێژەکان**

## Hey nexshanm




**نموونەی ژمارە ٣-٣-٢ دینامیکە نەخشەڕێژەکان**

لە ڕووی بنیادی ڕیتمیشەوە، گۆرانیی کەلەپووری کوردی بە پێوەری ڕیتمی سادە بنیادنراوە و ڕەنگە هەندێک جیاوازی لە فۆرماتی هۆنراوەی کوردیدا هەبێت، کە کار لە پێکهاتەی دروستبوونی ڕیتمەوە بکات، هەندێ جار هۆنراوەکان لە سەر بنەمای شێوازی نمایشی ڕیتمییئازاد Adlib دێنە کایەوە. کاتێک باس لە واقیعی موزیکی کوردی لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا دەکەین، پێویستە سەرەتا، دوو ستایل، یان دوو جۆری بنەڕەتیی موزیکی کوردی دیاری بکرێن، کە شانبەشانی یەکتر هەنگاو دەنێن:

١- موزیک و گۆرانییە فۆلکلۆرییەکان.

٢- موزیک و گۆرانییەکانییە میتۆد ئامێزەکان (الموسیقی والاغاني المنهجیة)

دەکرێت موزیکی میللیی و موزیکی سستماتیک (واتە ئەو موزیکەی لەلایەن موزیسیانێکی ناسراوەوە داندرابێت) جیابکرێنەوە، ئەوەی یەکەمیان کۆنترینی کۆنی مێژووە و تا ئەمڕۆشی لەگەڵدابێت (ڕیتمەکانی و دارشتنەکانی و مۆدەکانی و تەنانەت بابەتەکان)یشی سەرچاوەی سەرەکی سرووشی زۆرینەی ژەنیارانی کورد بووە و بەردەوامیشە تا ئەمرۆ هاوتەریب لەگەڵ موزیک و گۆرانی سستماتیکدا موزیکی فۆلکلۆری هەیە، کە سەر بە هەموو خەڵکن، گۆرانی و شایی و هەڵپەڕکێ و موزیکی ئامێرەکان و هونەری زارەکی، کە تایبەتن بە هەر ناوچە و خێڵێک و لە بۆنە جۆراوجۆرە کۆمەڵایەتییەکاندا نمایش دەکرێن و ئەم ستایلە، لێرەدا دەتوانین بۆ ئەم دوو هاوپۆلەی پێشوو واتە موزیکی میللیی و سستماتیک زیاد بکەین. جۆری یەکەم لە گۆشەی ئایینیدا چەکەرەی کردووە و گەورە بووە وپێی دەوترێت گۆرانی ئایینی، کە زۆرجار ناوەرۆکی ئایینی و هەندێ جاریش ناوەرۆکی دنیایی هەیە. جۆری دووەمیان زۆرینەی جار بە شێوەی گۆرانی تاکەکەسی وهەندێ جاریتریش بە گۆرانی وڕیتم وچەپڵەوە دەچڕدرێن و دەژەندرێن و لێدەدرێن.

پۆلێنی دووەم بابەتی هاوچەرخ و نوێگەرن، کە لە دوورە وڵاتەوە چەکەرەی کردووە و بە سادەیی و نەزانییەوە خراونەتە نێو بۆتەی هاوچەرخی و نوێگەرییەوە و کەوتونەتە ژێر کاریگەری ڕیتمە مۆدێرنەکانی ڕۆک و پۆپی ئەوروپی و ئەمریکی، یاخود ئەو نەوەیەی کەوتوونەتە ژێر کاریگەرییەکی چەواشە ڕەهای موزیکی تورکی و ئێرانی و عەرەبییەوە.

توێژەر لە ئەگەری پۆلێنکردنی موزیکی کوردی و نیشاندانی تایبەتمەندییەکانی بەو شێوەیەی کە لە سەر بنەمای کۆکراوەی سەرمایەی کەلەپووری نەتەوەیی و نیشتمانییەوە سەرچاوەی گرتبێ، وای دەبینێ کە پۆلێنکردنەکە بەم شێوەیە دابرێژدرێ:

١- موزیکی لیریکی: ئەو موزیکانەن، کە قوڕگ سەرچاوەی پێکهاتە دەنگییەکەی دەبێ، واتە بەبێ ئەوەی ئامێرێکی موزیکیی هاوشانی بێت، ئەم بابەتە لە لایەن چینەکانی خەڵکەوە پێشکەش دەکرێن.

٢- موزیکی لیریکی ئامێریی: بە هاوبەشیکردنی گۆرانی چڕین و ئامێری موزیکی ئەنجام دەدرێن، کە لەلایەن چینەکانی خەڵکەوە دەچڕدرێن و لەهەمان کاتیشدا دەژەندرێن.

٣- موزیکی ئامێریی: سەرچاوەکەی بریتییە لە ژەنینی ئامێرەکان و بەبێ یاوەریکردنی گۆرانی نمایش دەکرێت.

٤- سەما و هەڵپڕکێ: بە یاوەریکردنی سەمای میللیی و هەڵپەڕکێوە دەبێت و بەسەر دوو بەشدا دابەشکراوە:

آ- موزیکی ئامێریی لیریکی سەما ئامێز.

ب - موزیکی ئامێریی سەمائامێز.

**٣-٤ نوێبوونەوە لە بۆتەی گۆرانی و موزیکی کوردیدا:**

بەشێکی ناسنامەی هەر کەسێک بە زمان و هونەر و فۆلکلۆر و داب و نەریت و مێژوو دیاری دەکرێت، ئەم بابەتەش بە دڵنیاییەوە بەسەر گەلی کوردیشدا پراکتیزە دەبێت. بۆ ئێمە وەک موزیسیانان، هێشتنەوە و گەشەکردنی ڕۆحی موزیکی کوردی، پێشکەوتنێکی جدییە لە ڕێگەی کار و دانانی موزیک وچالاکی زانستی و ئەکادیمی و پەروەردەییەوە، کە تێکڕایان دەکەونە ژێر خاڵی دیاریکردنی شوناس و ناساندن و برەودان بەو ناسنامە ڕەسەنەی هەیەتی.

(کاتێک دەڵێین دەبێت کار بۆ پەرەپێدانی موزیکی کوردی بکەین، ئەم پەرەپێدان وپێشکەوتنە نابێتە هۆی ئەوەی کە موزیک لە ڕۆحی خۆی دووربکەوێتەوە، بەڵکو ئەوە دەگەیەنێت، کە ئێمە ئاگامان لە کەلەپوور و فۆلکلۆری کوردیی خۆمان هەیە، و توانیومانە لەنێو سینە و دەروونماندا هەڵیبگرین و ڕەگە داکووتراوەکەشی بەباشترین شێوە بپارێزین. پێویستە ئەو گەشەسەندنە زانایە جیاوازی لە گۆڕان یان ڕەتکردنەوەی ئەو فۆلکلۆرە بکات، ئەمەشیان تەنها بۆ بەردەوامبوون لەنێو کاتەکاندا نییە. مانەوە لەنێو کاتەکاندا وشەیەکی بریسکەدارە بە واتای دەورەدراو بە شتی پڕوپووچ دێ، کە لە کەناڵە ئاسمانیەکاندا پەخش دەکرێن، کە بریتیین لە شێواندنی پەیامە شکۆدارەکەی موزیک، بۆیە پێویستە لە ئاستی فۆلکلۆر تێبگەین

و مامەڵەی هونەرییانەی لەگەڵدا بکەین، دواتریش بەو شێوەیە زیندووی بکەینەوە کە لە ناوەرۆکەکەی تێبگەین و بوارەکانی مۆد و ڕیتم و بنیادی میلۆدی و بابەتەکانی تری بکەینە پێوەری مامەڵەکردنی زانستییانەی هونەری بەردەوام). [1]

(کاتێک موزیکی کوردی بە تاکژەنی دەبیسترێت، بەبێ ئەوەی یاوەری گۆرانی بکات، لەوێدا خەسڵەتە دەنگیی و خەسڵەتەکانی دەروونیی باشتر دەردەکەون. ئەم پڕۆسەیەش پێویستی بە هەستێکی بەرزی چێژی موزیکی و توانستێکی ڕادەبەدەری ڕامانی هونەریی هەیە. بۆیە ئەم شێوازە زیاتر لەنێو بژاردەی ڕوناکبیریی کوردییەوە باوە، لەوەی کە لەنێو جەماوەرە میللییەکەدا هەبێ. موزیکی کوردی لەنێو جەماوەر و بینەرە میللییەکاندا باوە و پتریش ئاشنای ئەم شێوازەن. لێرەدا موزیک، بە یاوەری گۆرانی و ئاوازی گۆرانیبێژەکە لەگەڵیدا گوزارشت دەکات و بە شێوەیەکی تۆکمەتر دەردەکەوێت). [2]

بە ڕای دڵشاد محەمەد سەعید (موزیکی ڕۆژهەڵات بەگشتی بۆ گوێگری ڕۆژئاوا بابەتێکی نامۆیە و بە ئاستەم دەتوانێ ئامانج وچێژی هونەری خۆی ببێکێ، بەڵام کاتێک بەجوانی پێشکەش دەکرێ وڕەسەنێتی خۆی دەپارێزێ، ئەمەشیان لە نموونە تایبەتمەندییە موزیکییە کوردییە ڕەسەنەکەیەوە. لە هەمانکاتدا کاتێک خۆی بەدوور دەگرێ لە شێواندن و گۆڕانگاری بێمانا، ئەو سات نزیکتر دەبێتەوە لە گوێگر و چێژبەخشتر دەبێت، بۆیە لەگەڵ ئەوەشدا ئەم تایبەتمەندییە کاراکتەری خۆی هەیە و لە پڕۆسەی چێژی هونەریدا مانایەکی جیاکەرەوەی دەبێت).[3]

ئاوازە کەلەپوورییەکان بەگشتی لەنێو بازنەیەکی دەنگیی تەسکەوە تایبەتمەندیی خۆیان دەسەلمێنن. هۆکارەکەشی ئەوەیە جووڵەی تراکەکانی ئەم ئاوازانە لە مەودای دەنگی چوارەم

---

[1]- محمد، عزيز شاكر زازا، لقاء حول واقع الموسيقى الكوردية في كوردستان اجراه الباحث، مجلة ميرك، العدد ١، لسنة ٢٠٠٥، ص١٥٧.

[2]- جميل الخليل و احمد محمود، الشخصية الكوردية ، دار موكرياني للبحوث والنشر، الطبعه الأولى، اربيل، ٢٠١٣، ص١٣٧.

[3]-(الحوار) مجلة ثقافية فصلية حرة تهتم بالشؤون الكوردية و تهدف الى تنشيط الحوار الكردي العربي السنة السابعة عشرة _العدد (٦٤) ٢٠١١، ص٨٦-٨٧.

وپێنجەم بۆ سەرەوە یان خوارەوە تێپەڕناکات و ئەگەر دەنگەکان لەوەش زیاتر ببیسترێن وتێپەڕ بکەن ئاوا ئەو ئاراستەیە بەرەو پێکهێنانی بابەتی میلۆدی دووەم هەنگاو دەنێ، ئەمە بواری ئاوازی خۆی پتر فراوان دەکات و یارمەتی بەرهەمهێنانی فۆرمێکی نوێ دەدات وەک داڕشتن و فۆڕمێکی جیاواز. سەیری نموونەی ژمارە ٣-٤-١ بکە.




**نموونەی ژمارە ٣-٤-١ مەودای دەنگی چوارەم وەک داڕشتن**

میلۆدی ئەو بارستە دەنگییەیە، کە نەخشەکی هزری لەنێو ئیدراکی هەستیی مرۆڤەوە وێنا دەکات، هەر لە سەرەتای یەکەم ترپەوە بە وزەیەکی نەپچڕاو تا کۆتایی ڕستە موزیکییەکە بەبەردەوامی هەڵبەزین و دابەزین دەکات، تاکو هەموو ئەرکیە موزیکییەکەی لە ڕێگەی پێکهاتەی بنیادەکەیەوە بە ئەنجام دەگەیەنێت. ئەم ئەرکیانەش بریتیین لە بیرۆکە ئاواز ( مۆتیڤ) و زنجیرەسازی (سکوێنس) و بەردەوامی (کۆنتنیوەیشن) و قفڵکردن (کادێنتەڵ). هیچ ڕستەیەکی ئاواز نییە، ئەم وەزیفانەی تێدا نەبێ. بۆ نموونە ئەرکی مۆتیڤ بریتییە لە ناساندنی بیرۆکەی بابەتی ئاواز یان میلۆدییەکە و ئەرکی سکوێس بریتییە لە جوڵاندنی ڕێڕەوی میلۆدییە بەرەو ئاراستەی سەرەوە و خوارەوەدا، هەروەها ئەرکی بەردەوامی بریتییە لە گەیاندنی میلۆدی بە ترۆپکی بابەتەکە و بەستانەوەی دەستەواژە موزیکییەکانە لەنێوڕستەکاندا، قفڵکردنییش دوا ئەرکە لەنێووەزیفەکان کە بریتییە لە ڕاگەیاندنی بە کۆتا هاتنی ئاوازەکەیە. ئەگەر سەیری میلۆدی سەرەوە بکەین و سەرنجێک بدەینە ئەم چارتەی خوارەوە تێبینی ئەوە دەکەین پێکهاتە و بنیادی میلۆدییەکە لە چوارخشتەکی (بناء تربيعي) پێکهاتووە و هەر چوار ئەرکیەکانی بنیادی ئاواز تیایدا بەدی دەکرێت، بەڵام ئامادەیی ئەم

وەزیفانە لە یەکتر جیاوازن و ڕۆڵی مۆتیڤ بە ئاستێکی بەرچاو باڵا دەستە و سێ جار مۆتیڤەکە دووبارە بۆتەوە، کەچی لە بەرامبەردا سکوێنسێکی بچووک لە کۆتایی باڕی سێیەم دەبیندرێت کە تەنها ڕۆلی بەستنەوەی مۆتیڤ بە بەشی 'بەردەوامبوون' دەگێڕێت. لە کۆتایی باڕی چوارەمدا بەشی قفڵکردن کۆتایی بە ئاوازەکە دەهێنێت. سەیری خشتەی ژمارە ٣-٤-١ بکە




**گرافیکی ژمارە ٣-٤-١ پێکهاتە و بنیادی میلۆدیی چوارخشتەکی**

بنیادی ئەم میلۆدییەی خوارەوە چوارخشتەکییە *، لە ڕێگەی ئەم چارتەی خوارەوە تێبینی ئەوە دەکەین کە هەر چوار ئەرکی (وظیفة) بنیادی میلۆدییەکە بە یەکسانی دابەشبوونیان بە خۆوە بینیوە و هەر یەکەیان کەوتۆتە نێو باڕێک لەنێوباڕەکانی ئاوازەکە. هەڵبەتە ئەم حاڵەتە لەنێوئاوازی موزیکی میللی و کەلەپووری کوردییدا زۆر دەبینرێت، بە تایبەتی لەو ئاوازانەی بنیادەکەیان چوارخشتەکین. سەیری نموونەی ژمارە ٣-٤-٢، لەگەڵ خشتەی ژمارە٣-٤-٢ بکە.




**نموونەی ژمارە ٣-٤-٢ئەرکی بنیادی میلۆدیی**

* چوارخشتەکی: ئەو ئاوازانەن کە ژمارەی باڕەکانیان چەندجارەی هاوبەشی ژمارە چوار بێت وەکو: ٢٠، ١٦، ١٢، ٨، ٤ بەرەو سەرەوە.




**گرافیکی ژمارە٣-٤-٢ بنیادی چوارخشتەکی**

(ڕیتم لەم گۆرانیانەدا بە تایبەتمەندیی فرەیی بەکارهێنان دەبیندرێ، ئەمەشیان لە ئەنجامی تایبەتمەندیی کۆمەڵگە دیاری کراوە، بەم شێوەیە ڕیتمی جۆراوجۆر هاتە کایەوە، وەک ئەوەی لە ناوچەی باکوور دەردەکەوێ، کە تێیدا بە چەندین ڕیتمی جۆراوجۆری پەیوەست بە شێوەی هەمەچەشنی و ڕەنگدانەوەی ژیان و ژیاری ناوچەکە دەبیستری).[1]

داهێنان لە پێکهێنانی ئاوازێکی کەلەپووری بە یاوەری موزیکەوە لەوەدا خۆی دەنوێنێ، دروستکردنی (زمانێکی نوێی موزیکیی نەتەوەیی بۆ بابەتەکانی سەردەم و بەرجەستەکردنی کارێکی هەنووکەیی و پێداوستییەکی حەتمیی بێ، ئەمەش لەڕێگەی یەکەیەکی یەکگرتووەوە بەرهەم دەهێندرێت، وەک ئاوازدانەری موزیکی، ئاوازی سەرەکی، هەروەها هێڵەکانی تری میلۆدی یاوەرییکراو، کە پێکهاتەیەکی سەرەکی پێکهاتنی موزیکییە بە گشتیی، بەڵام دانان و ئامادەکردنی موزیک ئەمانە بەگشتی کۆمەڵێک توخمی بەیەکەوە گرێدراوی بابەتی دەوڵەمەندکردنی میلۆدی کەلەپوورین. بۆیە بێگومان ئەوەشیان ئەو خاڵە ڕەتناکاتەوە، کە کاریگەرییەکی هاوبەش لە نێوان موزیکی کوردی و ئەو گەلانەی هاوسێ و دراوسێی میللەتی کوردن هەن، بەوەی کە هەندێ ئاوازی کوردی وەک میلۆدییەکی مۆرک کوردی بە

---

[1] - گونا، محمد قادر، البناء الشكلي للأغنية الكوردية ، سەرچاوەی پێشووتر، ص٥٥٦

زمانێکی ترەوە چڕدراون، کەچی لە بنەڕەتدا میلۆدییەکە وەک یەکەیەکی هونەری سەربەخۆ سیما و ڕواڵەت و مافی ئاوازدانەری کوردی پێوە دیارە). [1]

دواتر نەوەیەک لە موزیسیانان دەرکەوتن تا لە ڕێگەی (گۆرانی چڕین لە یەک هێڵی میلۆدییەوە بۆیاوەریکردنێکی پۆلیفۆنی، بتوانن دەوڵەمەندییەکی هارمۆنی ڕادەبەدەر ببەخشنە میلۆدی کوردیەوە، واتە گۆرانی چڕین لە چینە هەمەجۆرەکان لەیەک ساتدا بەیەکەوە بژەندرێن. هەروەها گەیشتن بەو زانستە هارمۆنی وپاشان زانستی خاڵ بەرامبەر خاڵ(کۆنتراپۆینت) دەسکەوتێکی تری ئەم بوارە گرنگە بوو). [2]

**٣-٥ هەڵوەستەیەک بۆ واقیعی کەلەپوور و کەلەپووری موزیکی کوردی:**

کەلەپووری هونەری پەیوەندییەکی تۆکمەی بە هەموو دۆخەکان و کاریگەرییەکانیان لە سەر بیرکردنەوە هەیە، کە پێکهاتە داهێنەرەکانی لە ڕەهەندە فەلسەفییە قووڵەکانی مێژووی شارستانیەتەکانەوە وەرگرتووە.

(کەلەپووری ئێمە دەوڵەمەندە بە چەندین هێما واتا و بەها، ئەمانە تێکڕا سەرچاوەی سرووشن بۆ ئەوەی بەبێ سنووردارکردن بڕوات و بتوانێ جێگە بە چەمکی ڕێکخستن بدات کە دەبێتە هۆی بەدیهێنانی ئەوەی دەیەوێت لە مانا وهێماکانی ڕەسەنەوە بەدەستی بهێنێت شارستانیەتێک کە کەسانی دیکە دەتوانن لە ڕێگەی دەرئەنجامەوە شارستانیەتی هونەرمەند بناسن کە تا چەند هێما واتا دەربڕینەکانی بەرجەستە کردووە).[3]

(هەڵوێست لە سەر کەلەپوور هەڵوێستێک نییە لە سەر ڕابردوو، بەڵکو هەڵوێستێکە لە سەر ئێستا، هەرەوەها هەڵوێستی ئێمەشە لە سەر ئێستا، کە هەمان ئەو هەڵوێستەی ئێمە بووە لە سەر ڕابردوو و نەک بە پێچەوانەوە وەک ئەوەی دەوترێت یان وەک بیری لێدەکرێتەوە،

---

[1]- گونا، محمد قادر، البناء الشكلي للأغنية الكوردية ، سەرچاوەی پێشووتر، ص٢٩٤، عن فضل القادري، في كتاب البدء والتاريخ، ص٨١.

[2]- عادل الهاشمي، اصوات والحان كوردية، سەرچاوەی پێشووتر، ص٢١.

[3]- حنفي، حسين، التراث والتجديد موقفنا من التراث القديم، ط١، لبنان، , المؤسسة الجامعية للدراسات والنشر والتوزيع، ٢٠٠٢، ص ١٩٢.

ڕابردوو پشتگیری و چەکی منە بۆ شەرعییەتی ئێستامان، بەپێی زانیارییەکانی ئێستامان و پێگەی ئێمە لە ئێستامانەوە، زانیاری و هەڵوێستی ئێمە لە سەر ڕابردوو و ئەوەش دەقێکە کە کاریگەرییەکانی ئەم مەیلە دەخاتەڕوو، بوونی سەربەخۆی کەلەپووری خوێنراو، ئاماژە بە وێنەیەکی ڕەنگدانەوەی خوێنەرەکەی دەکات، بۆیە هیچ جیاوازییەک، لە نێوان ئەوەی کە ئەو دووپاتی دەکاتەوە نییە، بە وتنی نەریت لە خۆیدا بوونی نییە، بەڵکو خوێندنەوەی ئێمەیە بۆی، ئەمە هەڵوێستی ئێمەیە لە سەری و خستنەکاری ئەو بابەتە لە کارێکی نوێدا هەمیشە دەبێتە سەنگی مەحەک).[1]

کەواتە کەلەپوور پرۆسەیەکی هەمیشەیی و بەردەوامی کەڵەکەبوونە لەهەناوی ڕابردوودا، بەناو ئێستادا تێدەپەڕێت و باڵی بەسەر داهاتووشدا زاڵ دەبێت. لەم پرۆسەیەدا (هیچ دابڕانێک و کەرتکردنی کات بوونی نییە، چونکە ئەزموونی مرۆڤ لە ڕابردوودا دەبێتە ئەزموونێکی نوێ ئێستا وتا داهاتووش بەردەوام دەبێت. هەر بۆیە دەبێت سوود لە کەلەپوور بۆ گەشەپێدان و نوێکردنەوەی ئێستا وەربگرین و کار بۆ داهاتوو بکەین، بەبێ ئەوەی میراتی ڕابردوو زاڵ بێت بەسەر ئێستادا وهیچ کاتێک یش ئێستا نەتوانێت ڕابردوو هەڵوەشێنێتەوە، هەروەها ڕابردووش لە سەر ڕێگەی داهاتوودا نەوەستێت.[2]

تایبەتمەندیی کەلەپوور کە دەیکاتە مەرجێکی هەستیاری بۆ هەر ناسیۆنالیزمێک ئەوەیە کەلەپوور هەمیشە ژیانە، ئەگەر مرۆڤەکان لە هەموو کاتێک دا کارلێکی لەگەڵدا بکەن و پەیوەندییەکەی بە مرۆڤەوە لە بوون و بزووتنەوەیدا ببەستنەوە، ئەم بابەتە وا دەکات، کە کەلەپوور هەمیشە بەو ڕەهەندە هونەرییە زیندووانەی نێو کۆمەڵگەوە بەسترابێتەوە).[3]

---

[1]- محمود، أمين العالم، الوعي والوعي الزائف، القاهرة، ١٩٨٨، ص، ٢٢٢-٢٢٥

[2]- علي احمد محمد العبيدي، اهمية الحفاظ على التراث الثقافي غيرالمادي في الموصل (دراسات موصلية) العدد ٤٨حزيران ٢٠١٨، ص٨١.

[3]- خديجة، عنشيل، ارتحال العلامة التراثية داخل النص المسرحي، (قراءة في تداولية الترابط بين النصي والمشهدي)، جامعة ورقلة، العدد الثاني، ٢٠١٦، ص، ١١٢.

بۆیە دەبینن ئێستای کەلەپوور، (بە نوێنەرایەتییەکانی ڕابردوویەوە، مانایەکی تری پێدەبەخشێت کە ڕەنگە دەوڵەمەندتر یان قوولتر بێت لەوەی کە ڕۆژێک هەڵیگرتبوو، بەڵام پێدەچێت نوێ بێت، ئەگەر ڕوونکردنەوەیەکی ڕوون بۆ ئەمە زمانەکە پێش بخات، ئاوا بە هەمان شێوەش لەگەڵ پێشکەوتنەکانیشدا دەبینین چۆن کەلەپوورەکە لە کاتی گواستنەوەیدا بۆ جیهانێکی مۆدێرن گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە).[1]

(کەواتە میراتی کەلتووری غەیرە مادی بەشێکی گرنگە لە مێژوو و کەلتووری گەلان، بەو پێیەی وەکو دەفرێک نەریت و بەها و زمان وئایدیا وپراکتیک وشێوازی ژیانی لێ وەردەگرێت، کە گوزارشت لە کلتوور وشوناسی نەتەوەیی خۆی دەکات، هەروەها پردی پەیوەندی نێوان نەوەکانیشەو یەکێکە لە پایە سەرەکییەکانی پرۆسەی گەشەکردن و بنیاتنانەوە و پێکهاتەیەکی سەرەکیشە لە داڕشتنەوەی کەسایەتی و بلوریکردنی شوناسی نەتەوەیی هەر گەل و نەتەوەیەک).[2]

(کەلەپووری ئێمە، بەپێی لۆژیکێکی زانستی، بەرهەمی کەڵەکەبوونێکی چەندایەتی و چۆنایەتییە لە ئەزموونە درێژخایەنەکان، کە مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای نیشتەجێبوونی مرۆڤ لە سەر زەوی و پەیوەندییەکەی لەگەڵیدا، ئەوەی کە ئەم کلتوورە وەک بەرهەمێکی کارلێکی دیالێکتیک لە ناوەوەی ئەم کۆمەڵگەیە و لە نێوان ئەو و ژینگە سروشتییەکەدایە، هەروەها لە نێوان کۆمەڵگەکانی تریشدا کاریگەری خۆی دەسەلمێنێ، بۆ ئەوەی ئەو کلتوورەی کە ڕووداوەکان ڕێگەی پێدەدەن لەگەڵ کلتوورەکانیتردا هەماهەنگ بن، ئەمەشیان لە ڕێگەی گەشەسەندنێکی کاتییەوە، کە لە کۆتاییدا سیستەمێکی هزری پێکدەهێنێت و چەمکە کۆمەڵایەتییەکان دەکەونە ناویەوە و لە ژێر ڕۆشنایی کەلەپووری زیندووشدا نەخشە ڕەفتارەکانی دروست دەبن).[3]

[1]- بورش، و.ج. دي، تراث العالم القديم، ترجمة، زكي سوس، سلسلة الاعمال الفكرية، مهرجان القراءة للجميع، ٩٩ القاهرة، ١٩٩٩، ص٢٣.

[2]- علي احمد محمد العبيدي، اهميه الحفاظ على التراث الثقافي غير المادي في الموصل، سەرچاوەی پێشووتر، ص٨١.

[3]- سيد، القمني، الأسطورة والتراث، المركز المصري لبحوث الحضارة (تحت التأسيس) الطبعة الثالثة، القاهرة، ١٩٩٩، ص٢١.

(نمایشکردنی کەلەپووری موزیکی یان هەوڵدان بۆ بنیادنانی گوتارێکی موزیکی هاوچەرخ کە پەیوەندی بە گۆڕانکارییە کەلتووری و کۆمەڵایەتییەکانەوە هەیە، پێویستی بە داهێنەرێک هەیە، ڕێز لەو توخمە هونەرییانە بگرێت کە لە ئاماژە بنەڕەتییەکانەوە سەرچاوە دەگرن، ئەمەشیان بێگومان لە ناسنامەدا نوێنەرایەتی دەکرێت، بەڵام ئەم گەلاڵەیە لە ژێر باسدا دەمێنێتەوە، چونکە هاوکێشەی نێوان پاراستن و نوێکردنەوەی کەلەپوور لە هەمانکاتدا هەمیشە بە سەختی دەمێنێتەوە، بە پشتبەستن بەو دژە ڕەوتانەی کە ئێمە لەگەڵیدا دەژین، ڕەنگە ئەمە ئێستا بمانباتە سەر پێویستی پەرەپێدانی ستراتیژییەکان بۆ دڵنیابوون لە پاراستنی یادگەی کەلتووری لەڕێگەی پشتگیریکردن لە بوونی موزیکی کەلەپووری لە ژینگەی بیستنی چێژ وەرگری موزیکدا).[1]

(دووبارە خوێندنەوەی کەلەپوور وهەوڵدان بۆ تێگەیشتنی جیاواز و لێکدانەوەی دروست وایکرد ئەم کەلەپوورە لە نێوان دوو ڕووداودا سەنتەر بێت، ڕووداوی بەرهەمهێنانی و دووبارە بەرهەمهێنانەوەی، ڕووداوی نووسین وڕووداوی خوێندنەوە وئەگەری ڕووداوی بەرهەمهێنانی و جێگیرکردنی لە کاتێک ی مێژوویی دیاریکراودا کە ڕووداوەکە تیایدا ڕوویداوە، ئاوا ڕووداوی خوێندنەوەی ئەم کەلەپوورە زیندووە کاتێک ی جیاواز لەخۆدەگرێت کە پێویستە بە وردی سەرنجی بدرێت، بەڵام شێوازە جیاوازەکانی داهێنانی موزیکی هەوڵێکە بۆ پەرەپێدانی گوتاری موزیکی لەڕووی گەڕان بەدوای سەرچاوەی نوێدا کە تایبەتمەندیی هونەری مۆدێرنیان هەیە، کە لەگەڵ سەردەمدا دەگونجێن و لەگەڵ گەشەسەندنی زانستی ڕوون لە زانستە جۆراوجۆرەکاندا هاوتەریبن و لەگەڵ دەرکەوتەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی مۆدێرن و ئەو گۆڕانکاریانەی کە ڕوویانداوە، یارمەتیدەر بوون بۆ پەرەپێدانی پێکهاتەی موزیک و فرەچەشنی ئەگەرەکانی دەربڕین لە ڕێگەی کرانەوە و دەست بردن بۆ لێکۆڵینەوە لە بواری زانستەکانی دەنگ و هارمۆنی، هەروەها زانستەکانی تر، کە دەربڕینەکانی موزیکیی دەوڵەمەند دەکەن وکۆی ئەم بابەتانە بەیەکەوە، هەمیشە لەگەڵ چەمک و ستانداردە جوانکارییەکانی ئەم سەردەمەدا گونجاون).[2]

[1]- مراد، الصقلي، الموسيقى التونسية و تحديات القرن الجدي، تونس، بيت الحكمة، ٢٠٠٨، ص٦٠-٦١

[2]- السيسي، يوسف، الدعوة إلى الموسيقى، سلسلة كتب ثقافية شهرية، الكويت، المجلس الوطني للثقافة والفنون والآداب، أكتوبر ١٩٨١، ص ١٧٣.

ئەگەر بەربڵاوی و جەماوەریی یەکێک بێت لە تایبەتمەندییەکانی گۆرانییەکی میللیی، ئەوە بەو مانایە نییە، کە گۆرانی میلیی تێکەڵی ئەو گۆرانییە (باو)ە بێت کە بە زاراوەی (گۆرانی جەماوەری) ناسراوە، چونکە تایبەتمەندیی بەربڵاوی و جەماوەریی گریمانەی دەکات کە جەماوەریی بێت، بەڵام بەربڵاوی و جەماوەریی ئاماژە نییە بۆ بە ناوبانگی و جەماوەریی بابەتەکە وەک باس کراوە، لەگەڵ ئەوەشدا جگە لە قووڵایی کاتی دووری بەربڵاوی و جەماوەریی گۆرانییە میللییەکە، دەتوانرێت لەڕێگەی کۆنتێکستەکەیەوە ماناکانی بگەیەنێ، هەرچەندە بە ئەگەرێکی زۆرەوە لە داهێنەری تاکەکەسەوەیە، کە گروپەکە لەڕێگەی دووبارەکردنەوەی نمایشەکەیەوە پێگەیشتووە و گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە و دەستکاری کراوە و گۆڕاوە، بەپێی پێویستی گروپەکە بۆی لەنێو چوارچێوەی ئەرکی خۆی لە کۆمەڵگەدا. هەر بۆیە گۆرانییە میللییەکە تا ئەو کاتەی ئەرکیەیەک بۆ خەڵک ئەنجام دەدات، لەنێو خەڵکدا دەژی، ئەگەر ئەرکیەکەش بۆخەڵکەکە ئەنجام نەدات، ئاوا لەنێو ئەو گروپە میللییەدا ناژیێت، هەروەها پێویستیی بە دووبارەکردنەوەی بڕگەکانیشی نابێت.

بۆیە قۆناغەکانی سەرهەڵدان و پێگەیشتنی موزیکی کوردی، وەک توێژەر (فەرهاد پیربال) بەپێی ناوەرۆکی جوانیی پۆلێنی کردووە، بۆ سێ قۆناغی گرنگی گەڕاندۆتەوە، (سەرەتایی، ئایینی و لیریکی) واتە (شیعری – خرۆشاو). هەرچەندە ئەم پۆلێنکردنە جوانیی– ئیستاتیکە، بەڵام دابەشکردنی بەسەر قۆناغە مێژووییەکان یان کاتییەکاندا، دەمانباتە سەر ڕەهەند و پرسیاری دیکە، بە تایبەت لە سەرەتای قۆناغی ئایینیدا، لەوانە: قۆناغی ئایینی لە چ کاتێک دا دەستی پێکردووە یان گەشەی سەندووە؟ لەزەردەشتیەکان یان لە ئێزدییەکانەوە؟ ئایا قۆناغەکانی سەرهەڵدانی بیروباوەڕی غەیرە ئاسمانی یان ئایینە دروستکراوەکانی مرۆڤ دەکەونە چوارچێوەی ئەم قۆناغە؟، بۆ ئەوەی نەچینە ناو بابەتگەلێکەوە کە پەیوەندییان بەم لێکۆڵینەوەیەوە نییە، ئێمە ئەم پۆلێنکردنە لە ناوەرۆکی تەنیا جوانییەوە وەرئەگرین، لەگەڵ هەندێک زانیاری تر، لە سەر بنەمای بەشێک لە تیۆری چینی خوارەوە و باڵا و تیۆری

ئەرکی پێکهاتەیی لە توێژینەوە فۆلکلۆرییەکان، بۆ لێکۆڵینەوە لە ڕەهەندی کەلەپووری دەنگ و جووڵە لە کۆمەڵگەی کوردیدا.

ئەو موزیکە لە ڕەهەندە نەریتییەکەیدا لە کۆمەڵگەی کوردیدا، چ لە بواری گۆرانی بێت یان هەڵپەڕکێ، بەشێکە لە فەرهەنگ و شارستانیەتی کوردی لە کارلێکەکانی لە بوارە جیاجیاکانی ژیانی مرۆڤی کورددا و هەمیشە گوزارشت لە دیدگای جوانیی* خۆی بۆ ژیان لە قووڵایی ئەفسانەیی و ئایینیدا دەکات. وەک توێژەر (فەرهاد پیرباڵ) دەیخاتە ڕوو و دەڵێ: موزیکی کوردی لە یەکەم ئیمپراتۆریەتی کوردییەوە، تەنانەت دوای بڵاوبوونەوەی ئایینی ئیسلامیش، سەرچاوەکانی لە ئایین و هەستی عەقیدەییەوە سەرچاوە دەگرن، ئەم دۆخەش هاوشانە لەگەڵ دیدگای فەلسەفیانەی (هیگڵ)، کە دەڵێ: سەرچاوەی هونەر لە ڕۆحی ڕەهادایە، یان بە شێوەیەکی تر، کە خودی خودا ئەو ڕۆحی ڕەهایەیە، ئەمەش پاساو بۆ ئەوە دەهێنێتەوە کە توێژەر (فەرید) پێی گەیشتووە، کە دەڵێ: "هیچ جیاوازییەک لە نێوان موزیکی ئایینی و عەلمانیدا نییە، جگە لە دەقەکانی و فۆڕمی نمایش و ئەرکی (وظیفة)ی دروستی خۆی لە کۆنتێکستەکەیدا.

گۆرانیی فۆلکلۆری داهێنانێکی تاکەکەسییە لە گەوهەرەکەیدا، بە ڕۆحی دەستەجەمعی لە لایەک وەرەنگدانەوەی لە لایەکی ترەوە تایبەتمەندە و دواتر لە شتێکدا دەردەکەوێت کە ڕێوڕەسمێکە لە بەشداریکردن لەو بابەتەدا کە لە بەرجەستەکردنی ژیانێکی دیاریکراوەوە سەرچاوە دەگرێت. ساتێک کە وەک دەستپێکەرێک بۆ کردارێک یان گۆڕانکاریەک وەک لە

* هاوزەر پێی وایە کە بەهای جوانیی بەرهەمی هونەری نوێنەرایەتی قەوارەیەکی سەربەخۆ دەکات، فۆرماتێکی تەواو لە خۆیەوە و لە سەر خۆی داخراوە، لە ڕێگەی پەیوەندییە بنیاتنەرە ناوخۆییەکانەوە کە لە نێوان بەشەکانی بەرهەمی هونەریدا هەیە، هەرچەندە لە هەمانکاتدا پێی وایە کە کارەکانی هونەر بەپێویستی دەزانێت مەبەستە جوانکارییەکانی خۆی تێدەپەڕێنێت، بۆ دەربڕینی مەبەستە دەرەکییە پراکتیکییەکان و لەو کاتەوە، هەموو هونەرێکی ڕەسەن دەبێت بمانگەڕێنێتەوە بۆ واقیع بە دابینکردنی لێکدانەوەیەک بۆ ژیانمان کە بتوانین پشتی پێ ببەستین.هاوزر، ارنولد، فلسفة التاريخ الفن، المركز القومي للترجمة الطبعة الثانية، القاهرة، ٢٠١٨.

خۆشەویستی، هاوسەرگیری، زەحمەتکێشی، درویّنە، سەفەر یان لە دایکبوون...هتد فەراهەم دەبێت.

گۆرانی فۆلکلۆری، وەک چۆن پەیوەستە بە سووڕی ژیانی مرۆڤەوە، زۆربەی ژیانی مرۆڤەکان لە پراکتیکە باوەکانیاندا هەڵدەگرێت و مانا بەخشی دەکات لەنێو بابەتەکانیدا، نیگەرانی و ئاواتەکانی مرۆڤ لە ژیاندا دەخرێنەڕوو، هەروەها پێویستی ڕۆحی و دەروونی مرۆڤ لە پەیوەندییە بەرامبەرەکانی نێوان توخمەکانی لە لایەکەوە و جووڵەی ژیانی مرۆڤ لە لایەکی دیکەوە بەیەکەوە گرێدەدا.

موزیکی کوردی بە مێژووی خۆیەوە لە ڕەگ و ڕیشەی خۆی دانەبڕاوە، لەبەر ئەوەی هیچ شارستانیەتێک بوونی نییە، بەبێ ئەوەی بەرکەوتن و کارلێکی ناڕاستەوخۆی لەگەڵ شارستانیەتەکانی دراوسێیانی نەبێت، حەتمیی پێشهاتە کۆمەڵایەتییەکان پێویستی بە درووستبوون و سەرهەڵدانی ئاوێتەکراوی کەلتووری هەیە، چونکە کلتوورە جیاجیاکانی گەلان، سنووری سیاسی و بەربەستی ناوچەیی ناناسن.

گومانی تێدا نییە، (پێوەری ئەرک یەکێکە لە گرینگترین تایبەتمەندییەکانی میراتی میللی، هەروەها جیاکەرەوەترینە لە هەموو ڕەنگەکانی دیکەی داهێنانی مرۆڤەوە. بەداخەوە دەڵێین ئەو دەنگانەی پەیوەستن بەو بیروڕایەی کە نابێ بە هیچ شێوەیەک سوود لە کەلەپوور وەربگیرێ و دەستکاریی بکرێت، ئەوانە لە ناواخنەوە داوای لەنێوبردنی میراتی میللیی و پەراوێزخستنی لێکۆڵینەوەکان لەمەڕمیراتی میللیی دەکەن و جگە لە چەند تۆنێکی نەشاز چیترنین، بۆیە ئەگەر ئەرکی فۆلکلۆر لە کۆنتێکستی بە کۆمەڵ کەوتە خوارەوە، ئاوا ئەو کەلەپوور و فۆلکلۆرە وەک میراتێکی مردوو لەنێومۆزەخانەو دەقی کتێبەکاندا دەمێنێتەوە، بۆیە بەرزنرخاندنی هۆشیاری هەمەلایەنەی مرۆڤ لە ڕۆڵی فۆلکلۆر، لە پاراستنی ڕابردووی گەلان و بەرگریکردندا ئەرکێکی نەتەوەیی و نیشتمانپەروەرانەیە لە ئێستا و داهاتوویاندا).[1]

---

[1]- حصة، السيد زيد الرفاعي، المؤثرات الشعبية، النظرية والتطبيق، دار المدى، بغداد، ٢٠٠٤، ص ٧-٨

(پەیوەندی مرۆڤ لەگەڵ ژینگەکەی یان ئەو شوێنەی تێیدا دەژی لە سادەترین فۆرمی خۆیدا نموونەیەکی ناوازەی سەر بە سروشتە، کە ئێمە ئاشنا و سەرسام دەکات، ئەمەش لە هەڵس و کەوتەکانماندا بە پشتبەستن بە هەندێک لایەنی سروشتەوە نوێنەرایەتی دەکرێت، کە لەبنەچەدا ئامادەکراوو پێکهاتەی ژینگەیین، بۆیە ئەم بابەتە زیندووە بە ناوەرۆکێکی هونەری و بنەڕەتی دەزانرێت، جگە لەوە دەربڕینی پەیوەندی مرۆڤەکان لەگەڵ یەکتردا لە شوێنێک، کە پانتایی میراتی شارستانی تێدا بەرجەستە بووە، بوەتە بەشێک لە پەیوەندی کات و شوێنی کەلەپووری و کەلتووری خۆی و هەمیشە ئەو ڕاستیەش پشتڕاست دەکاتەوە کە: داڕشتنی ژینگە، بە مانا سروشتی یان جوگرافییەکەی، بە شێوەیەکی سەرەکی لە هونەردا، کاریگەریی هۆکارەکانی ژینگە و کەشوهەوا لە سەر سەلیقە و داهێنەری مرۆڤەکان بەجێدێڵێت).[1]

(کەواتە کلتوور کاریگەرییەکی زۆری لەسەر دەربڕینی هونەرمەند، سەرەڕای ئەوەی یەکێکە لە بناغە سەرەکییەکانی گەشەی کۆمەڵایەتی و ڕەنگدانەوەی لە ڕێگەی ئەو گۆڕانکارییانەی لە حەزوخولیا و خەیاڵەکانیدا دروست دەبن هەیە، بەهۆی ئەو ڕەوت و هێڵە لۆژیکیانەی لە پەرەسەندنی ستایلە هونەرییەکاندا هەن، هەروەها ئەمەش دەسەلمێنن، کە گەشەسەندنی کۆمەڵایەتی و ڕەوتی گشتی دەتوانێت لە مێژووی هەر کۆمەڵگەیەک یان شارستانیەتێکدا بمێنێتەوەو جۆر و خێرایی گەشەکردن لەوانەیە لە ڕێگەی دەربڕینی هونەری و خاڵە دەستپێکە نوێیەکانیەوە ڕووبدات).[2]

بۆیە پرسی ڕەسەنێتی و کەلەپووری کەلتووری وەک بابەتی گفتوگۆیەکی چڕو مشتومڕێکی نەپساوە دەمێنێتەوە، ئەمەشیان لەڕێگەی (قووڵکردنەوەی چەمکی کەلەپوور و پەیوەندییەکەی بە هاوچەرخی ونوێبوونەوەوە دەبێت، هەروەها بە هاوشێوەکردنی کەلەپوورێک، کە لە چوارچێوەیەکی هاوچەرخدا دانراوە، هەروەک چۆن ڕەسەنێتی بنەمای هاوچەرخێتییە و

---

[1]- جان، برتيلمي، بحث في علم الجمال ترجمة، أنور عبد العزيز، مراجعة نظمي لوفا، المطبعة المصرية، ١٩٨٦، ص٣٥-٣٦.

[2]- نوري، جعفر، الفكر طبيعته و تطوره، منشورات مكتبة التحديد، الباب الشرقي، ط١، بغداد، ١٩٧٧، ص٢٥٦

کەلەپووریش بەبەردەوامی نوێنەرایەتی ئاواتەکانی گەیشتن بە نوێگەریی و گونجاندنی لەگەڵ پێداویستییەکانی واقیعدا دێنێتەدی، بۆیە ناتوانرێت کەلەپوور لە واقیع جیابکرێتەوە، بەڵکو توخمێکی گۆڕاو و گۆڕانئامێزە، وەک چۆن بیروباوەڕی تیۆری جێگیر و ڕاستییە هەمیشەییەکان نییە، ڕەنگە ئەم گەلاڵەیە لە پەیوەندیی ڕەسەنێتی لەگەڵ نوێگەریی بکۆڵێتەوە و نوێنەرایەتی خوێندنەوەیەک بکات، وەک هەوڵێکی بەردەوام بۆ هەڵبژاردنی ئەوەی توانراوە وەدەستبهێندرێت، بۆ ئەوەی لەگەڵ پێداویستییەکانی سەردەمەکەدا خۆی بگونجێنێت).[1]

لێرەدا بەربەستێکی تەواو لەبەردەم ئەو بیرۆکەیەدا دەبینین، کە دەڵێ (زاراوەی موزیکی میلليی پارێزراوی گروپێکە لە کۆمەڵگە نەک گروپێکی تر لەدەرەوەی ئەو مەبەستە. گومانی تێدا نییە، کە شارنشینەکان بە هەمان شێوەی گوندنشینەکان موزیکی فۆلکلۆری خۆیان هەیە، بۆیە دەبێت لە بنەڕەتەوە واز لە بەردەوامکردنی ئەم تێڕوانینە هەڵەیە بهێنین، کە ئەوهونەرەی جەماوەرییە بەپێویست دەزانرێت کە خێڵەکی و لادێیی ناوببرێت. لە ڕاستیدا دەستەواژەی کەلتووری جەماوەری تا ئێستاش وەک زاراوەیەکی دژ بە دەستەواژەی بژاردە (نخبة)یان کەلتووری باڵا بەکارهاتووە، کە کۆی ئەو توخمانە دەگرێتەخۆ، کە کەلتووری کۆمەڵگە پێکدەهێنن. لێرەوە دەتوانین دان بەوەدا بنێین، کە هەموو کلتوورێک بە مانایەکی دیاریکراو کلتوری باو و جەماوەرییە).[2]

لە ڕاستیدا (هەر گروپێکی مرۆڤایەتی هاوچەشن یەک مێژوو کۆیاندەکاتەوە و ناوچەیەکی جوگرافی هاوشانیش لە باوەشیان دەگرێ، توخمە کەلتوورییە هاوبەشەکانیشیان ڕۆڵی کاریگەر دەبینن لە بواری شێوازی ڕەفتارو داب و نەریت و پراکتیزەکردنی ژیانی سۆزداری و ژیاری ڕۆژانەیان).[3]

---

[1]- حنفي، حسين، التراث والتجديد موقفنا من التراث القديم، سەرچاوەی پێشووتر، ص ١٩٢.

[2]- سميرالديوب، البعد الدرامي في الادب الشعبي اغاني ترقيص الاطفال في الادب العربي القديم أنموذجا، مجلة افاق الثقافة والتراث، الامارات، مركز جمعيه الماجد للثقافة والتراث، العدد، ٨٠ السنة العشرون، ٢٠١٢، ص١٤٤-١٥٩.

[3]- سميرالديوب، البعد الدرامي في الادب الشعبي، سەرچاوەی پێشووتر، ص١٥٩

(ئەزموونی ژیانی جوانیی درێژکراوەی ناوەرۆکی میراتی مرۆڤە، کە یەکڕیزی گەڕان بەدوای کۆی ئەفراندنی جوانییدا بەرجەستە دەکات. نە سەلەفیزمێکی ئیستاتیک و کۆنەپەرستانە هەیە، نە مۆدێرنیزمێکی جوولەدارو، نە سینکرێتیزمێکی نێوان بڕبڕەکان و نە پارادایمێکی سەربەخۆ هەیە پێشینەکە هەڵبوەشێنێتەوە و خۆی دووبارە بکاتەوە، بەڵکو عەقڵیەتێک هەیە باوەڕی پتەوی بە ساتەکانی گەشەسەندنی دروستکردنی جوانیی تەلارسازی گەردوونی هەیە، کە هەموو شتێکی تری لە لا نامۆییە، لێرەدا هەمیشە هۆشیاری مرۆڤ واقیعێکی جوانیی سروشت ئامێز وێنا دەکات).[1]

ئێتنۆمۆزیکناسەکان زۆرجار ئاماژە بەو بیرۆکەیە دەکەن، کە (موزیک بە یەکێک لە جێگیرترین توخمەکانی کلتوور دادەنرێت، هەرچەندە هۆکارەکانی ئەم گریمانەیە بە دەگمەن ڕوون دەکرێنەوە یان بەڵگەداردەکرێن. ئەمەشیان بەبەردەوامی بەربەستێکە لەبەردەم لێکۆڵینەوە لە دیاردەکان وهۆکارەکانی فرەچەشنی لە پێکهاتەی موزیکدا. زۆرینەی توێژینەوە پەیوەندیدارەکان وەک دیسیپلینێکی سەربەخۆ مامەڵە لەگەڵ موزیکدا دەکەن، بەرهەمەکە وەسف دەکەن، بەڵام کەمتەرخەمی لە لێکۆڵینەوە لە هۆکارەکانی سەقامگیری و گۆڕانکاری دەکەن، کە ڕەنگە لە دەرەوەی بەرهەمەکەدا بن، بەدیاریکراویش ئەو بابەتانەی خۆیان لە چەمک و پرۆسەی ڕەفتارو لە پێکهاتەی موزیکدا لەم توێژینەوەیەدا دەبیننەوە).[2]

---

[1]- منیر، الحافظ، التراث في العقل الحداثي، ص٧٩.

[2]- Laurence E. R. Picken Folk musical instruments of Turkey London [etc.] Oxford University Press(Carole Peg, Grov,2007)

### ٣-٦ کەلەپوور لە ڕوانگەی ئەنترۆپۆلۆژییەوە :

چەمکی شارستانیەت لە ڕوانگەی ئەنترۆپۆلۆژییەوە*، تەنیا لە کۆمەڵگەیەکی دیاریکراودا سنووردار نییە، بەڵکو لە هەموو کۆمەڵگەکاندا هەیە، جا ئەم کۆمەڵگەیانە سەرەتایی بن یان نا. بەم پێیە ئەنترۆپۆلۆژیا دان بە زاراوەی باوی نێوان مرۆڤەکان نانێت، کاتێک دەڵێن مرۆڤی شارستانی و ناشارستانی، چونکە ئەم دوو زاراوەیە بە مانای جیاوازی لە شارستانیەتدا دێن نەک بەدەرکردن لێی. ئەم مۆرکە شارستانییە جیاوازەی هەر نەتەوەیەک لە فۆرمەکانی و کەلتووری ڕۆحیدا دیارە، بەپێی بۆچوونی هیگڵ: ئەگەر شیعر و هونەر و زانست و فەلسەفە لە نێوان هەموو گەلانی مێژوودا بدۆزینەوە، جیاوازی قووڵ دەبینین، کە هیچ کات پەیوەست و سنووردار نین بە شێواز ئاماژە دیاریکراوەکان بەگشتی، بەڵکو ئەوجیاوازییانە دەپەڕنەوە نێو ناوەرۆکەکەشی.

(ئامانجی ئەنترۆپۆلۆژیا لێکۆڵینەوە لە پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکان بە فۆرم وچالاکییە جۆراوجۆرەکانیانەوە دەکات، بۆ زانینی سنووری پێکهاتەکانیان، هەروەها مانای واتاکانییان وپەیوەندییەکانیان لەگەڵ دیاردە کۆمەڵایەتییەکانی دیکەدا. کەلتووری کۆمەڵایەتی هەموو ئەو شتانە دەگرێتەوە، کە کۆمەڵگەیەک لە کۆمەڵگە مرۆییەکان لەباری ئاساییەوە بەرهەمی هێناوە لە کەلەپووری(شارستانی)وناماددی(ڕەفتاری)، لە ڕێگەی قۆناغەکانی گەشەسەندنی مێژووییەوە، وەک گرنگیدانی ئەمرۆمان بە کەلتووری باو، ئەمەشییان وەک بەشێکی گرنگی کەلتووری کۆمەڵگە کە سەروەری مێژوویی لە سەر پێکدەهێنێت کە مرۆڤ لە ئێستای خۆیدا

---

* ئەنترۆپۆلۆژیا، وشەیەکی ئینگلیزییە لە بنەڕەتدا ڕەگێکی یۆنانی هەیە، زاراوەکە لە دوو بەش پێکهاتووە: ئەنثرۆپۆس، بە واتای "مرۆڤ" و لۆجۆس بە واتای "زانین دێت، هەوڵدەدات پێشبینی داهاتووی مرۆڤ بکات لە سەر بنەمای گەشەکردنی بە درێژایی مێژووی مرۆڤ، هەروەها لێکۆڵینەوە لە ڕەفتارو کردارەکانی مرۆڤەوە دەکات.". بەمجۆرە مانای ئەنترۆپۆلۆژیا لەڕووی ئەو زاراوەیەوە دەبێتە "زانستی مرۆڤ"، واتە ئەو زانستەی کە لە مرۆڤ دەکۆڵێتەوە. ئەنترۆپۆلۆژیا بەم شێوەیە پێناسە دەکرێت "ئەو زانستەی لە مرۆڤ وەک بوونەوەرێکی ئۆرگانیکی زیندوو دەکۆڵێتەوە، کە لە کۆمەڵگەیەکدا دەژی، سیستەم و نەخشە کۆمەڵایەتییەکان لە ژێر رۆشنایی کلتوورێکی دیاریکراودا زاڵن و کردەی جۆراوجۆر ئەنجام دەدات و بە شێوەیەکی دیاریکراو هەڵسوکەوت دەکات ".

بنیادیناوە).[1] ئەمەش لەبەر ئەوەیە (کەلەپووریکی ئالۆزە لە توخم و ڕەفتارە مادییەکان، کە لە قۆناغێکی مێژووییەوە دەیگوازنەوە بۆ قۆناغێکی تر، بەهۆی ئاوێتەبوونی لەگەڵ ڕەفتارەکانیان، هەروەها توانستی گواستنەوەی هەموو ئەو ڕەهەندە مرۆییانەیە لە ڕابردووەوە بۆ ئێستا و داهاتوو).[2]

ئەنترۆپۆلۆژیست (کلۆد لیڤی شتراوس*)، شێوازێکی جیای شیکاری پێکهاتەیی دەقە فۆلکلۆرییەکانی لە سەر بنەمای تیۆری فۆلکلۆر خستەڕوو. بۆ نموونە ڕوونی کردەوە، بۆچی تایبەتمەندییەکانی ئەفسانە لە بەشە جیاوازەکانی جیهاندا هاوشێوەی ئەو پێکهاتە لۆژیکییەن کە لەنێوچوارچێوەی عەقڵی مرۆڤدا هەیە.

(لە سەرەتای حەفتاکانی سەدەی نۆزدەهەمدا، زانای بەریتانی، (ئێدوارد تایلۆر)، توانی بە سەلیقەی و زیرەکی خۆی بزانێت، کە شێوازی ژیانی گەلان و فرەچەشنییان لە خوێندن، دیاردەیەکی نوێ پێکدەهێنێت، بۆیە دەبێت زانستێکی نوێ دروست بکرێت، بۆ ئەوەی ئەم ئەرکە بە باشترین شێوە ڕاپەڕێنێت، لەم بابەتەدا بنەمای تیۆری میتۆدۆلۆژی بۆ لێکۆڵینەوە لەم دیاردەیە دەخرێتەڕوو، کە تایلۆر بە کلتوور یان شارستانیەت ناوی بردووە).[3]

---

[1]- کامل، عمران و عز الدین دیاب، ایفا سلیمان، الحنة، وظائفها وطقوسها الاجتماعیة (دراسة انثروبولوجیة) في قریة بللوان الساحلیة، مجلة جامعة تشرین للبحوث والدراسات العلمیة، المجلد (٣٣) العدد (١) ٢٠١١ ص ١٦٥. ١٦٧

[2]- عز الدین، دیاب، مقاربة من مفهوم الدور الحضاري في الفکر القومي مکتبة دیاب، القاهرة، ٢٠٠٠م، ص٣٥.

* کلۆد لیڤی ستراوس (١٩٠٨-١٩٩٤) مرۆڤناسێکی دیاری فەرەنسی بوو، کاریگەرییەکەی وەک یەکێک لە دیارترین تیۆریستەکانی پێکهاتەیی زاڵ بوو، نەک تەنیا لە ئەنترۆپۆلۆژیای کۆمەڵایەتی و کەلتووریدا، بەڵکو لە کۆی زانستە کۆمەڵایەتی و مرۆییەکاندا. دوای خوێندنی یاسا و فەلسەفە لە پاریس، لیڤی ستراوس گەشتی بۆ بەرازیل کرد و ئەزموونەکانی لەنێو هیندییەکانی بەڕازیلدا تۆمار کرد. هەروەها لە بەرهەمەکانیدا، دەقە ئەدەبییەکان بەپێی میتۆدی پێکهاتە شیکارییان بۆ کراوە و بە تیۆری زمانییەوە گرێدراون. غیرتز، کلیفورد، تأویل الثقافات، ترجمة محمد البدوي، المنظمة العربیة للترجمة، بیروت، ٢٠٠٩ص٣٥.

[3]- حسین، فهیم، قصة الانثروبولوجیا، سلسلة عالم المعرفة عدد ٩٨، المجلس الوطني للثقافة والفنون والآداب، الکویت، ١٩٩٠، ص٩.

مرۆڤناسان و کۆمەڵناسانی دیکەی ناوەڕاستی سەدەی بیستەم پێیان وابوو، جیاوازی نێوان مرۆڤەکان دەرئەنجامی ڕووداوە مێژووییە تایبەتەکانە، نەک چارەنووسێکی حەتمی فیسیۆلۆژی.

ئەم ڕێبازە ئەنترۆپۆلۆژییە کۆمەڵایەتییە نوێیە بووە هۆی لێکۆڵینەوەیکی تری کەلەپوور و کلتوور  لە گۆشەیەکی میتۆدۆلۆژیکی بابەتیانەی ترەوە، کە لە ئاستی توێژینەوەی موزیکزانییدا بە سەرهەڵدانی ڕێبازێکی مۆزیکۆلۆجی لە سەر بنەمای ئەوەی (هەر ڕەگەزێکی مرۆڤایەتی شێوازی بیرکردنەوە و هەڵسوکەوتی هونەری خۆی هەیە دەستیپێکرد، کە ڕەنگە بە جووڵەی بازنەیی لە دەوری خۆیدا یان بە بڵاوبوونەوەی بە دەوری ئەوانی تردا تایبەتمەند بێت، لەم ئاستەدا لە ڕەچاوکردنی ئێتنۆ-مۆزیکۆلۆژیدا، ناسنامەی هونەری دەبێتە ناوەندی لێکۆڵینەوە، خاڵی دەستپێک و ئەنجامە لۆژیکییەکان، سەرقافڵەی ئەم پسپۆڕییەش توێژەری ئەمریکی (جاک ئۆنست) بوو. لەلایەکی ترەوە، لە ڕوانگەی (دورکهایم) ەوە هونەرمەند گوزارشت لە (من) ناکات، بەڵکو میلۆدی دەردەبڕێت، واتە دەربارەی کۆمەڵگە بە گشتی، ئەمەش لە ڕێگەی تێڕامانێکی سۆزدارییەوە ناکرێت، بەڵکو لە ڕێگەی کورتکردنەوەی نائاگاییەوە ئەنجام دەدرێت، کە هاوشێوەی دووگیانی هونەرییە، بۆیە هونەرمەندان ڕەنگە خەیاڵ بکەن کە دووگیانی هونەر لە سرووش یان وەحیەوە سەرچاوە دەگرێت، تا ئەو کاتەی ئەو کاریگەرییە کۆمەڵایەتییەیان لە دەستدا نەبێت، ئاوا لەو ڕاستیەدا دوورن، هەرچەندە کۆمەڵگە سەرچاوەی کاری هونەرییە، بەڵام ڕەسەنێتی هونەری کۆمەڵناسەکان ئەوەیە کە هونەرمەند دەچێتە نێو کەلەپووری هونەری کۆمەڵگەوە و دەستکاری و پێشکەوتنەکان هەڵدەسەنگێنێ، کە پێشتر هەستی پێ نەدەکرا).[1]

لێکۆڵینەوەی ئەنترۆپۆلۆژی لە گۆرانی فۆلکلۆری گرنگییەکی زانستی هەیە، وامان لێدەکات لە تایبەتمەندییەکانی ئەم شێوازە لیریکییە باوە و ڕادەی بەشدارییەکانی بۆ تەرخانکردنی تایبەتمەندییە کەلتوورییەکانی کۆمەڵگەیەک تێبگەین بە تایبەت، (کە گۆرانی فۆلکلۆری لە

[1]- علي عبد المعطي محمد، فلسفة الفن، دار المعرفة الجامعية، الإسكندرية، ١٩٨٩، ص٦٥-٧١.

دەربڕینی هونەری و نیشاندانی ژیان لە بوارە جۆراوجۆرەکانیدا بێبەش نییە، هەربۆیە ئەم بابەتە هونەرییە، دەتوانێت ئامرازی دەوڵەمەندی لێکۆڵینەوەمان بۆ دابین بکات، بۆ شیکردنەوەی واقیعی کۆمەڵایەتی و کەلتووری کۆمەڵگە. گۆرانیی فۆلکلۆری بەرهەمی کۆمەڵێک فاکتەری کۆمەڵایەتی و کەلتوورییە کە تێیدا داب و نەریتی کۆمەڵگە و ئەرکەکانی ڕوونکراونەتەوە. گۆرانی فۆلکلۆری لەگەڵ قۆناغەکانی ژیانی مرۆڤ لە لەدایکبوونەوە تا دەگاتە دوا قۆناغەکانی خۆی چەکەرە دەکات، هەروەها ئەرکە ژیانی و کۆمەڵایەتی و هونەرییەکانیش بەرەوپێش دەبات، جگە لەوەی کار بۆ پێشوازیکردن لە ئەزموون و هاندانی مێژوو و ساغکردنەوەی ڕاستییەکانیش دەکات).[1]

بۆیە دەپرسین، ئایە ئەم شێوازە موزیکیانە لەنێو زانستە موزیکییەکان (مۆزیکۆلۆجیا)دا دەخرێنە ڕوو؟ یاخود لەنێوزانستی (ئیتنۆمۆزیکۆلۆژی)دا شوێن و پێگەیان دەبێ؟ پێناسەی ئەم دوو زانستە بەم جۆرە لە فەرهەنگی(لاڕۆس)ی فەڕەنسیدا هاتووە:

هەردوو زانستەکە لە بنەچەی ڕۆژئاوان، یەکەمیان بە شێوەیەکی زانستی و مێژوویی، لە هەموو بابەتێک دەکۆڵێتەوە کە پەیوەندی بە موزیکەوە هەیە، دووەمیان لێکۆڵینەوە لە ڕەفتاری موزیکیی مرۆڤ بە هەموو دەرکەوتنەکانی لە سەرانسەری جیهان لە سەردەمی پێش مێژووەوە تا ئێستا دەکات.[2]

**٣-٧ خوێندنەوەیەکی ئیتنۆمۆزیکۆلۆجی بۆ گۆرانیی و موزیکی کوردی:**

لەوەتەی ئیتنۆمۆزیکۆلۆجی وەک زانستێکی موزیکی سەربەخۆ لە ساڵی (١٩٥٠)هاتە نێو بوارەکانی دیکەی زانستە موزیکییەکان و دیدگای ئەکادیمی فەلسەفی موزیک، زۆربەی سەرنجی ئەو بابەتە گرینگە لە سەر چەندین لایەنی موزیک چڕتر بووەتەوە. (ئالان مێریام) نووسەری کتێبی (ئەنترۆپۆلۆژیای موزیک-١٩٦٤)، یەکێکە لە پێشەنگەکانی بواری ئیتنۆمۆزیکۆلۆجی و بەشێک لە بەردی بناغەی ئەم زانستەی داناوە، گرنگییەکی ڕادەبەدەری

[1] - زکري، فاطمة، الاغنية الشعبية من منظور البحث الانثروبولوجي، الثقافة الشعبية، ٢٠١٥ ص١٢٨مجلة علمية محكمة، رسالة التراث الشعبي من البحرين الى العالم، العدد ٣٠

[2]-http://www.larousse.fr/dictionnaaires/francais/ethnomusicologie

به ئەنترۆپۆلۆژیای موزیک داوە و پێی وایە دەبێت ئیتنۆمۆزیکۆلۆجیا بەو شێوەیە پێناسە بکرێت کە گرنگی بە موزیک وەک بەشێک لە کەلتووری کۆمەڵایەتی دەدات.

بەم بۆچوونە تیۆرییە جیاوازانە سەبارەت بەم زانستە، دەتوانرێت بڵێین کە تاکە خاڵێک کە زۆرینەی ئێتنۆمۆزیکناسان لە سەری کۆکن، لە سەرەتای دامەزراندنیەوە، ئەوەیە، کە هەموو بەرهەمێکی ئێتنۆمۆزیکۆلۆجی دەبێت ڕووپێوییەکی مەیدانی هەبێت. توێژەر دەبێت لەنێو ئەم گروپانەدا بمێنێتەوە، کە دەیەوێت لە موزیک و کەلەپوور و پرۆسەی بلووربوونیان بزانێت. بەپشتبەستن بە گەشتە مەیدانییەکان و بەدەستهێنانی بەرهەمی موزیکی لە سەرچاوەی ڕەسەنەوە، ئەمە ئەو هێزەیە کە تەنیا لە ئیتنۆمۆزیکۆلۆجیادا زاڵە بە بەراورد بە بەشە زانستییەکانی دیکەی هونەری موزیک.

لەنێوپێناسەکانی ئیتنۆمۆزیکۆلۆجیا، کە لەلایەن بەشی موزیک لە زانکۆی ئۆکسفۆرد پێناسە کراوە، بەم شێوەیەیە:

(ئیتنۆمۆزیکۆلۆجیا ئەو زانستە ئەکادیمیەیە، خەمی لایەنی کۆمەڵایەتی و کەلتووری موزیکییە و ئەمانەش نوێنەرایەتی دوو لایەنی سەرەکی دەکەن لە ئێتنۆگرافیدا، دەکرێ بڵێین گرنگییەکی ڕادەبەدەر بە گەڕانە مەیدانییەکان و بەشداریکردنی پراکتیکی بابەتیانە دەدات و لە هەمانکاتدا پەیڕەوکردنی شێوازی چاودێریکردنە (بەشداربوو-چاودێری)(*). هەرچەندە ئیتنۆمۆزیکۆلۆجیا زانستێکە لە هەموو ژانرەکانی موزیک و شێوازە هونەرییەکان، بەڵام زۆربەی ئێتنۆمۆزیکۆلۆجیستەکان، لە ڕابردوو و ئێستادا، کار لە سەر موزیکی غەیرە ئەورووپی دەکەن. بەم شێوەیە ئیتنۆمۆزیکۆلۆجیا بە زانستی موزیکناسی، ئەنترۆپۆلۆژیای موزیک، دەروونناسی موزیک، هەروەها زانستی موزیکناسی باو دەبەستنەوە، لە سەردەمی ئێستادا چەمکی ئێتنۆمۆزیکۆلۆجی فراوانتر بووە و بوارەکانی لێکۆڵینەوە لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، جاز و ڕۆک، گرنگی موزیکی جیهانی، ڕەهەندە سیاسییەکانی موزیک لە کۆمەڵگە کۆچبەرەکان لە بەریتانیا، هەروەها ئەرشیفکردنی موزیکی ئەفریقی و شیکاری موزیکی بۆلیوود لە فیلمە هیندییەکان و بوارەکانی تردا دەگرێتەوە).[1]

---

[1]- نەهرۆ، زاگرۆس، خالد خوێندنەوەیەکی کورت و زانستیانە بۆ چەمک و تیۆرەکانی ئەثنوموزیکولوجی، گۆڤاری پەیژە، ژمارە 4، لە بڵاوکراوەکانی بنکەی مەقام، ٢٠١٢، ص ١٠.

له فەرهەنگی گرۆڤدا پێناسەی ئیتنۆمۆزیکۆلۆجیا ئەوەیە کە خەمی لایەنی کەلتووری و کۆمەڵایەتی موزیک و سەمایە لە بۆنە ناوخۆیی و نێودەوڵەتییەکاندا، بەهۆی بڵاوبوونەوەی بەرفراوانی ئەم زانستە موزیکییە، هەموو بابەتێک لەو بوارانەدا بە دیدێکی جیاوازەوە خوێندراوە و دیراسەکراوە، بەڵام تا ئێستاشی لەگەڵدا بێ چەمکی ئیتنۆمۆزیکۆلۆجیا چەمک وچوارچێوەیەکی ناڕوونە.

(توێژەرە ڕۆژئاواییەکان خۆیان لەوەدا جیاواز بوون، هەندێکیان بەدرێژایی ساڵانی تەمەنییان کاریان لە سەر ئەو بابەتەدا کردووە. بە بڕوای جاب کونست، "ئیتنۆمۆزیکۆلۆژیا لە هەموو جۆرە موزیکێکی فۆلکلۆر و خێڵەکی دەکۆڵێتەوە، هەروەها هەموو جۆرە هونەرێکی غەیرە ڕۆژئاوایی. بە گوێرەی ڕای مارسێل دی بۆیس، ئیتنۆمۆزیکۆلۆجیا لێکۆڵینەوە لە موزیکی نەریتی سەرەتایی لە هەموو جیهان دەکات و بە بڕوای (ڕۆنۆ نێتڵ)یش، ئیتنۆمۆزیکۆلۆجیا بریتییە لە لێکۆڵینەوە لە موزیکی کۆمەڵگە نەخوێندەوارەکان، موزیکی فۆلکلۆری نەریتە زارەکییەکانی ناوچە داگیرکراوەکانی شارستانیەتەکان کە کەلتووری بەرزیان هەیە).[1]

(زاراوەی ئیتنۆمۆزیکۆلۆجی بۆ یەکەمجار لەلایەن (جاپ کونست) لە ساڵی ١٩٥٠ لە کتێبەکەیدا بەناونیشانی: میوزیکۆلۆجیا: لێکۆڵینەوەیەک لە مەڕ بابەتی ئیتنۆ-مۆزیکۆلۆجیا و کێشەکانی و کەسایەتییە نوێنەرایەتییەکانی، کە لە ساڵی ١٩٥٠ لە ئەمستردام چاپکرا ئەنجام دەدات. لە سەرەتای سەرهەڵدانی ئەم وشەیەوە، تا ئێستا هیچ ڕێککەوتنێک لەسەر بەکارهێنانی زاراوەیەکی یە کگرتوو لە نێوان ئەو کەسانەدا نییە، کە لەم بوارە ئەکادیمییەدا کار دەکەن. لەوانەیە لە لێکۆڵینەوە ئیتنۆمۆزیکۆلۆجییەکەماندا سەرنجی بەشێک لە لێدوانی ئەو پسپۆڕانە بدەین کە دەڵێن: ئەوەی ئێمەی پسپۆڕان پێی دەڵێین موزیک، ئەوە نییە لە چاوی ئەوانەی بە پراکتیکییەوە خەریکی بابەتەکەن، بۆیە پێویستە لە سەرمان بە وردی (بابەتی موزیکی*) وەک لێکۆڵینەوەیەکی کۆنتێکست و ئەرکی سەیر بکەین وشیبکەینەوە، لە ڕوانگەی ئێتنۆگرافیشەوە بپرسین، ئایا ئیتنۆمۆزیکۆلۆجیا لە شەستەکانی سەدەی

---

[1]- http://www.larousse.fr/dictionnaaires/francais/

* بابەتی موزیکیی: - (Music Subject)

ئەمە بیرۆکەیەکی بنەڕەتی دانراوە موزیکییەکەیە، کە ئاوازدانەر وەک چنینێکی میلۆدی بنەڕەتی لە داڕشتەو بنیادی هەموو دانانێکی موزیکییدا وەریدەگرێت. عواطف عبد الكريم، وآخرون، معجم الموسيقى، ص، ١٤٢

ڕابردووەوە وەرچەرخانێکی نوێی گرتۆتەوە و زیاتر و پتر بەشداری لە کۆنتێکستەکانی کەلتووریدا کردووە؟)[1].

(لە سەر بنەمای بوونگەرایی موزیک گەشەیکردووە، وەک ئالان مریەم ڕوونی کردووەتەوە "موزیک بەرهەمی مرۆڤە و هەڵگری پێکهاتەیەکی تایبەت بە خۆیەتی، ئەم پێکهاتەیەش ناتوانێت بوونێکی تایبەت بە خۆی هەبێت، ئەگەر لە بەرهەمەکەی جیا بکرێتەوە).[2]

بە ئاماژەدان بەوەی ئەو لێکۆڵینەوانەی لە ژێر ڕۆشنایی ئیتنۆمۆزیکۆلۆجیا ئەنجام دراون سەلماندوویانە، ئەم زانستە (بە شێوازە کۆنباوییەکانییەوە بەس نییە، بۆ بەدەستهێنانی لێکۆڵینەوەیەکی دادپەروەرانە و ورد لە موزیکی نەریتی لە نێوان گەلانی جیاوازدا، هەرچەندە بابەتەکانی لێکۆڵینەوە لە (ئیتنۆمۆزیکۆلۆجیا) تژین لە موزیک ودەنگی ژیان دەردەکەن، ئەمەش ڕەهەندێکی تەواوتر بۆ توێژینەوە زانستییەکان زیاد دەکات وەک لێکۆڵینەوە لە شێوازی موزیک، کە گەورەترە لەوەی دەتوانرێت لە لێکۆڵینەوە و تەنانەت لە دەستنووسە موزیکییەکانیشدا بەدەستبهێنرێت. سەرەڕای ئەوەش - ڕەخنە لە هەندێک لایەندا هەیە، کە ئەم زانستە بە کەموکوڕی و نەریتخوازی لە مامەڵەکردن لەگەڵ پرسەکانی موزیکدا تایبەتمەند بووە و بەشدارە لە - زۆرێک لە دەستکەوتەکانی - هەروەها پێگەیەکی کەلتووری لایەنگری هەیە، لە سەر بنەمای بەراوردێکی مێژوویی لە سەدەی نۆزدەهەمەوە بە میرات بۆی ماوەتەوە.[3] ئاماژەکان لێرەدا بۆ ئەو تێبینیە ڕەخنەگرانەیە، کە لەلایەن (مانتێل هود)ەوە بۆ شێوازە نەریتییەکانی کارپێکراو، لە ئیتنۆمۆزیکۆلۆجیادا کراوە).[4]

(گۆرانی فۆلکلۆر بەشێکە لە کەلتووری باو، هەندێک لە فۆلکلۆریستەکان پێیان وایە گۆرانی فۆلکلۆری لە بنەچەیدا نادیارە و ئەمەش مانای ئەوەیە، ئێمە لە ڕوانگەی خۆمانەوە دانەری

---

[1]- بشة، سمير، ما الموسيقولوجيا، http://ctupm.com/ar/

[2]- جون جاک، ناتي، تمجيد الموسيقولوجيا، ترجمة، سمير بشة، منشورات كارم الشريف، تونس، ٢٠١١، ص٣٩.

[3]- محمد، عمران، دراسات في الموسيقى الشعبية المصرية، تاسيس نظري و تطبيقات عملية، الطبعة الأولى، الهيئة المصرية العامة للكتاب، ٢٠٠٦، ص١٩.

[4]- مانتيل هود، بصمات صوت الموسيقا التقليدية العمانية، الوثائق الكاملة للندوة الدولية لموسيقا عمان التقليدية - الجزء الأول

گۆرانییەکە ناناسین، نەناسینی دانەری گۆرانییەکە لەلای ئێمەوە بە هیچ شێوەیەک بەو مانایە نییە، کە دانەری گۆرانییە فۆلکلۆرەکە بوونی نییە. مرۆڤناسان پێیان وایە گۆرانی فۆلکلۆری ئامرازێکی پەروەردەییە، بەو پێیەی زۆرجار مامەڵە لەگەڵ بەها کەلتوورییەکان دەکات، شێوازی ڕەفتار و ستاندارده جیاوازەکان وایکرد، مێریام لە کتێبەکەیدا لە سەر ئەنترۆپۆلۆژیای موزیک ئاماژە بەوە بکات، کە مرۆڤناسێک دەتوانێت زۆر شت دەربارەی بەها کەلتوورییەکان بە شیکردنەوەی گۆرانییەکە فێربێت، لە ژێر ڕۆشنایی گۆرانی فۆلکلۆر بەهاکان دەرئەبڕێت).[1]

(موزیکی کوردی، کاتێک بە موزیکی گەلانی دراوسێ بەراورد دەکرێت، بە تایبەتمەندیی میلۆدییەکانی جیادەکرێتەوە، چونکە موزیکی "لادێیی" کوردی شێوە گۆڕکێییە ( Anti phonal) (دژە فۆنال)ە،* و ئەمەش گرنگییەکی زۆر بە سروشتی نەریتی موزیکی کوردی دەدات. ** پێکهاتەی میلۆدی ئەو میلۆدیانەی کە لە لایەن موزیسیانە شارییە نیمچە پیشەگەرەکانەوە پەرەی پێدراوەو دەتوانرێت جیاواز و لە هەمانکاتیشدا لە موزیکی فۆلکلۆری نەریتی جیا بکرێتەوە.)[2]

---

[1]- فاروق أحمد، مصطفى، مرفت عثمان العشماوي، دراسات في التراث الشعبي، دار المعرفة الجامعية، ٢٠٢٠، ص٢٠٥.

* یەکێک لە گۆرانیبێژەکان دەست دەکات بە چڕینی ئاوازێک بە دوو بەیت، یان چوار بەیتی شیعری سادە، کە ناوەرۆکی میلۆدی سەرەکی پێکدەهێنن و ئەم ئاوازە چەند جارێک دووبارە دەکرێتەوە، بە نزیکەیی کێشی (٤/١)، لە کاتی دووبارەکردنەوەی ناوەرۆکی میلۆدییە بنەڕەتییەکەدا - بە دووبارەکردنەوەی هەمان بەیتەکان، ئیمپەڕاتیڤێکی موزیکی پێکدێنێ و لەو ساتەدا گۆرانیبێژێکی دیکە گۆرانی دەچڕێت، یاوەریی - ئەم دەستپێکردنە - دوا ڕستەی گۆرانیبێژی یەکەم دەبێت.

** ئەم توێژینەوە گرنگە لەلایەن توێژەری ژاپۆنی (ئایاکۆ تاتسومۆرا)، مامۆستا لە کۆلێژی نەتەوەیی موزیک و هونەرە جوانەکان لە تۆکیۆ، دەرئەنجامی توێژینەوەی مەیدانییە کە لەلایەن تیمێکی تایبەتمەندەوە لە ساڵی ١٩٧٥ ئەنجامدراوە کە خۆی سەرۆکایەتی کردووە، وەک بەشێک لە هەوڵێکی بەردەوام بۆ لێکۆڵینەوە لە موزیکی گەلانی ئێران و تورکیا، بەتایبەتی موزیکی گەلی کورد. ئەم توێژینەوەیە بۆ یەکەمجار بە زمانی ئینگلیزی لە ژێر ناونیشانی: موزیک وڕۆشنبیری کورد لە توێژینەوە ئیتانۆلۆژییەکانی سێنری ژمارە ٥، ١٩٨٠بۆ یەکەمجار لە وەرگێڕانی فارسییەکەیەوە وەرگێڕدراوە کە لە لاپەڕەکانی (٣٣-٤٥) ی گۆڤارەکەدا بڵاوکراوەتەوە

خوێندنی کوردی، حوزەیران- ١٩٨٦ودەرچووی پەیمانگای کوردی(پاریس)ە.

[2]- تاتسومورا، أیاکو، الموسیقى الکوردیة والثقافة الکوردیة ، ترجمة و تقدیم: جلال زنگابادي، Music and Culture of Kurds, Senri Ethanological Studies, No 5, 1980

پێش ئەوەی بچینە نێو پێناسەی موزیکی هاوچەرخی کوردی***، پێویستە لە ڕێگەی:

١- پەیوەندیی سیما دیارەکانی موزیکی کوردی بە تێکڕای کەلتووری کوردی؛ واتە لێکۆڵینەوە لە سەری وەک یەکەیەکی یەکگرتوو.

٢- پەیوەندی موزیکی کوردی لەگەڵ موزیکی گەلان و نەتەوەکانی دیکەدا.

---

*** **موزیکی هاوچەرخی کوردی**

ئەگەر بمانەوێت موزیکێکی هاوچەرخی کوردی دابنێین، کە کەسایەتییەکی کوردی هەبێت، ئاوا پێویستە لێکۆڵینەوە لەو کەلەپووروە لیریکییە بکەین، کە دەوڵەمەندە بە میلۆدی و چنینی هونەری و تایبەتمەندی بیرۆکەکانیان (تێمەکان) و سروشگیریی لێ وەربگرین، بۆ ئەوەی کارەکە لە ڕووی بنیاد و بیرۆکەی موزیکییەوە یەکگرتوو بێت، زنجیرەیەکی پێکهاتەیی هەیە، پێویستە لەلایەن ئاوازدانەرەوە پەیڕەو بکرێن و ئەم زنجیرە پێکهاتەییەش لە بیرۆکەکەوە دەست پێدەکات.

١- بیرۆکە: -(Motive)

بچووکترین شێوەی بیرۆکەیەکی موزیکییە، ئاساییە و دەتوانرێت زۆر کورت بێت، بۆ نموونە لە دوو دەنگ زیاتر نەبێت.

٢- دەستەواژەی میلۆدی: - (Melodic frase) ئەم تۆنانە ڕەنگە درێژببنەوە بۆ نزیکەی چوار باری موزیکیی یان زیاتر. دەستەواژە بیرۆکەیەکی موزیکیی تەواو دروست ناکات، زۆرجار یان بە پشوویەکی موزیکیی، یان بە وەستانێکی سادەی میلۆدی لە دەستەواژەکانی دیکە جیا دەکرێتەوە. دەستەواژەی میلۆدی لە موزیکدا بە یەک (بەش) لە شیعردا هاوتا دەکرێت و چەند دەستەواژەیەک ڕستەیەک پێکدەهێنن کە کۆتایی و کەدێنز و وەستانێکی هەیە.

جورج كيرليس، عوض يوسف، استخدام الألحان المصرية القديمة(القبطية) في كتابة و قيادة مؤلفات موسيقية مصرية معاصرة، أكاديمية الفنون، المعهد العالي للموسيقى العربية، قسم التأليف والنظريات والقيادة، القاهرة، 2013 -106.

٣- ڕستەی موزیکیی: - (Musical Period)

ڕستەی موزیکیی بیرۆکەیەکی تەواوە و دەکرێت لە چوار، هەشت یان شازدە باری موزیکیی پێک بێت، دەکرێت (بیرۆکە: تێمەکان) یان دەستەواژەی کورت یان درێژ لەخۆ بگرێت. لە کۆتاییدا، تەواوبوون و پێگەیشتنی ئەو بیرۆکە موزیکییە پێکدەهێنێت کە ڕستەکە لە سەری بنیات نراوە. کاتێک ئێمە تێمپلەیتەکان شی دەکەینەوە و ئاماژە بە شێوە جیاوازەکان دەکەین لەگەڵ پیتی (A-D) و(A-C) و(A-B)، بۆ نموونە، هەر پیتێک ڕستەیەکی موزیکیی تەواو نیشان دەدات. بە خستنەکاری ئەم سێ توخمە، ئاوازدانەر دەتوانێت تەواوی ئاوازەکەی بنیاد بنێت.

زۆرجار پێکهاتەی میلۆدی ئاوازدانەر ئەوەیە کە ڕستەی میلۆدی درێژ و ئاڵۆزی تێدایە، بە خستنەکاری دەستەواژەی بچووک وردەکاری میلۆدی و بە شێوازێکی فراوانتر پەرەپێدەدرێن، لە کاتێکدا هەندێک لە ئاوازدانەرەکان یان دانەری موزیکەکانی تر ڕستەی کورت بەکاردەهێنن بە شێوەیەکی سادە بەبێ پەرەپێدان و درێژەپێدانی بیرۆکەی موزیکیی.

Scottjerrett(and)HollyDay.MusiccompositionforDummies,Weley Publishing,Lnk.2008 pp.363

٣- پێشکەوتن وئەگەرەکانی پێشهاتە موزیکیی و کەلتوورییەکانی کوردی.**

بە دڵنیاییەوە لەم ساڵانەی دواییدا چەندین پێشهات لە ژیانی کۆمەڵایەتی کورددا ڕوویانداوە. کە کاریگەری لە سەر ژیانی گشتی کورد هەبوو؛ بە جۆرێک بووە هۆی گۆڕانکارییەکی کەم لە ژێرخانی دەنگیی و موزیکەکاندا، ئەو ڕادەیە کەمە لە گۆڕانکارییەکان ئێستا نیشانەکانی دەبینرێن و لەگەڵ ئەوەشدا بە ئەگەرێکی زۆرەوە، تا کورد پاراستنی تایبەتمەندیی کەلتووری خۆی بە پارێزراوی بهێڵێتەوە، موزیکی کوردی بە پاراستنی تایبەتمەندییە تایبەتەکانی خۆی دەمێنێتەوە.

زمانی ئامێرەکانی موزیکیی دەبێت لە ڕێگەی سرووشگیری فۆلکلۆری کوردییەوە ڕۆحی موزیکی کوردی دەرببڕێت، بۆ پەرەپێدانی موزیکی هاوچەرخی کوردی، وەک وەرگرتنی

---

** سەبارەت بە پرسی یەکەم، پێویستە ئاماژە بەم هۆکارانە بکرێت؛ بە مەبەستی دەستنیشانکردنی دیارترین تایبەتمەندییەکانی موزیکی کوردی:

بۆ ڕیتمە سروشتییەکەی موزیکی کوردی، پێویستە بگوترێ زێدی کورد بڕبڕەی پشتی شاخەکانی ڕۆژئاوای ئاسیایە، تا ڕادەیەک لە زیانەکانی لەشکرکێشییە یەک لە دوای یەکەکان پارێزراو بووە و ژینگە عاسێ و سەختەکەی هۆکارێکی تری مانەوەکەیەتی.

سەبارەت بە ڕیتمە کۆمەڵایەتییەکە، کورد کۆچەری بووە، تا ڕابردووی ئەم دواییە پێکهاتەیەکی تۆکمەی خێڵەکی ڕێکخرابووە.

بەپێی ئەم فاکتەرانە دەتوانرێت ڕەسەنێتی موزیکی کوردی دیاریبکرێت، سەبارەت بە کاریگەرییە دەرەکییەکان، ئەوانیش بەرچاون، بەڵام نەیانتوانیوە گۆڕانکارییەکی بنەڕەتی بەرچاو لە موزیک و کەلتووری کوردیدا بهێنن، چونکە نیشتمانی کورد لە ڕوانگەی جوگرافیاوە لە پەراوێزێکی هەمیشەیی دابووە. پێدەچێت تایبەتمەندییەکانی ژیانی شوانکاری و کۆچەریی بە مانای ڕیتم، ڕێگەی بۆ سروشتی دینامیکی خۆش کردبێت، هەروەها سروشتی کۆمەڵگەی خێڵەکی - بە پشتیوانی فاکتەری دیکە- تایبەتمەندی سادەیی و ئازادی لە موزیکی کوردیدا پاراستووە، لە کاتێکدا موزیکی گەلانی دیکە کە حکومەتێکی ناوەندییان هەبوو، وەک هونەرێکی هاوشێوەی موزیکی (فەرمی) خۆی نیشانداوە.

سەبارەت بە پرسی دووەم: بەراوردکردنی موزیکی کوردی لەگەڵ موزیکی گەلانی ئێران، بەتایبەت موزیکی (فارسەکان) و (لوڕ)ەکان؛ بەپێی ئەو پەیوەندییە دۆستایەتییە مێژووییەی نێوان ئەم گەلانە. پاشان بەراوردکردنی موزیکی کوردی لەگەڵ موزیکی گەلانی نیشتەجێی ناوچەکە، لە یۆنان و ئەوروپای ڕۆژهەڵاتەوە تا ئاسیای ناوەڕاست و ئەفغانستان درێژدەبێتەوە؛ چونکە کورد گەلێکی کۆن و خاوەن مێژوویەکی قووڵی ڕابردووە لەم ناوچەیەدا و بەبەردەوامی لە بەرکەوتندابووە لەگەڵ گەلانی ڕۆژهەڵات ورۆژئاوا؛ بۆیە بەراوردکردنی موزیک و کەلتووری ئەوان لەم ڕێگەی ەدا گرنگییەکی زۆری دەبێت، چونکە موزیکی کوردی دەتوانرێت وەک یەکێک لە کلتوورە سەرەکییەکانی موزیکی ئاسیایی و ئەوروپی ئەژمار بکرێت.

سەبارەت پرسی سێیەمیش، کە ڕاستەوخۆ پەیوەستە بە ئایندەی موزیک و کەلتووری کوردی، پەیوەندی بە سروشتی ژیانی کوردەوە هەیە، سروشتی پێشکەوتنی مێژووییەکەی بە ئەسپایی بەرەو پێگەیشتن هەنگاو دەنێت. کورد بە سروشتیی داب و نەریتییان گەلێکی زیندوو وچالاک و... کەسانی خاوەن ئیرادە بەهێزن؛ ئەمەش هۆکارێکی زیندووی کاریگەری بەرگریکردنە لە ڕەسەنێتی موزیکەکەیان.

سرووشگیری له نموونەی نمایشکارانی کلاسیکی کورد،(گۆرانیبێژان وپێرفۆرمەنسەکانی فۆرمی لیریکی کوردی) لەوانه هەندێ له فۆرمەکان که سروشتێکی داستانییان هەبووه وەک داستانه باوەکانی (لاوک)، هەروەها فۆرمەکانی تر، لەوانه (حەیران) و(لاوژه) و(پایزۆک) .

(هەموو کلتوورێک ڕیتمێکی سروشتی هەیه، که پەیوەسته بەو گۆڕانکارییه وەرزییانەی که له ژینگەدا ڕوودەدەن و هەموو کلتوورێکیش ڕیتمێکی کۆمەڵایەتی خۆی هەیه، که کاریگەریی بزووتنەوه جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگەی له سەره، واته ئەو بزووتنەوانەی له پێکهاتەکاندا ڕوودەدەن: ئابووری، کۆمەڵایەتی، سیاسی، ئایینی و زمانی بەتایبەت؛ چونکه زمان نوێنەرایەتی گرنگترین توخم له پێکهاتەی ڕیتمی کۆمەڵایەتیدا دەکات لەڕووی پەیوەندییەکی نزیک لەگەڵ چەمکی موزیکیی بۆ بنیادی ڕیتم، چونکه ئەم بابەته به دەنگه پاکەکانی ناو پێکهاتەی موزیک بەستراوەتەوه و لەو هەستەدا، که له هاوئاهەنگی و یەکدەنگی توخمه دەنگی و بینراوەکانەوه بۆ دروستکردنی بەرهەمی هونەری بەرجەسته دەبێت وسەرچاوه دەگرێت).[1]

---

[1]- تاتسومورا، أیاکو، الموسیقی الکوردیة والثقافة الکوردیة ، سەرچاوەی پێشووتر

بۆیە بەم پێودانگە هونەریی و سروشتییەی کە گۆرانیی کەلەپووری کوردی خاوەنییەتی، وەکو بنیادێکی موزیکی ڕەسەنی کوردیی سەیردەکرێت، کە موزیکی هاوچەرخی کوردی*

* دانانی موزیکی هاوچەرخی کوردی: -

موزیکی کوردی، هاوشێوەی هونەری موزیکی گەلانی دراوسێی کوردستان و گەلانی دیکە، بە کاراکتەری لیریکی خۆی تایبەتمەندە و ئەم هونەرە موزیکییە خاوەنی سیستەمێکی میلۆدی تایبەت و پرەنسیپەکانی پەرەپێدانی میلۆدییەکان و فۆرمێکی ئاوازدانانی تایبەتە. بۆیە لێکۆڵینەوە لە موزیکی کوردی و بەتایبەت کەلەپوورە لیریکییەکەی دەوڵەمەندە بە میلۆدی، بۆیە هەمیشە ئاسۆی نوێمان بۆ دەکاتەوە لە گەڕان بەدوای ناسنامەی هونەری ئەو میلۆدیانەدا، پاشان چەسپاندن و خستنەکاریان لە بەرهەمە نوێیەکاندا کە تێیدا مۆدێرنیتە مانای تر و جیاوازی هەیە، چەمک و ئامانج لە لێکۆڵینەوە لە کەلەپووری گۆرانی کوردی بە هەموو لایەنەکانییەوە، ڕۆشنایی خستۆتە سەری و پرۆسەی لێکۆڵینەوەی بەردەوام بە ئامانجی "دابینکردنی" کەلەپووری لیریکی بە هەموو نموونە هونەرییەکان یارمەتیدەرە.

میلۆدییە لیریکییەکانی کوردی بە گشتی میتۆدۆلۆژیا و ناوەرۆکێکی هەمەچەشنن و پڕن لە چیرۆکی ئەفسانە باوەکان. لە ڕابردووی مێژوویی و کۆمەڵایەتی گەلی کورد، هەرچەندە موزیکی کوردی لە خۆیدا بە هونەرێکی سەربەخۆ دادەنرێت، بەڵام لە هەمانکاتدا بە بەشێکی دانەبڕاو لە کەلەپووری زیندووی گەلانی ڕۆژهەڵات دادەنرێت، بەهۆی ئاوێتەبوونییان بۆ چەندین سەدە لەگەڵ کەلەپووری گەلانی ترەوە. لێکۆڵینەوە لە پەیوەندی هاوبەشی کەلەپووری موزیکی ئەم گەلانە یارمەتیدەرمان دەبێت بۆ تیشک خستنە سەر چەند بابەتێکی نوێ، هەروەها تیشک خستنە سەر پەیوەندی کەلەپووری ڕۆحی نێوان ئەم گەلانە، هەموو ئەمانەش گرنگییەکی زانستی ورۆحی تایبەت بەدەست دەهێنن.

خستنەکاری کەلەپوور لە موزیکی ئۆرکێسترایدا:

خستنەکاری کەلەپوور وەرگرتنی سرووش لێی بۆ نووسینی موزیکی ئۆرکێسترایی یەکێکە لەو ڕەوتانەی کە موزیکی جیهانی پێیدا تێپەڕیوە ورەوتی نەتەوەیی لە بواری موزیکدا بە دەربڕینی شارستانیەت و کەلەپووری گەلان دادەنرێت. ئەم خستنەکارە موزیکییە لە عێراقدا بە دامەزراندنی فەرمی ئۆرکێسترای سەمفۆنی عێراقی دەستی پێکرد و بە پێنج بەرهەم کە بە ئەزموونێکی گرنگ دادەنران لە ڕووی ئاوازدانانی موزیکی ئۆرکێسترایی لە عێراقدا گەیشتە لوتکە.ئۆرکێسترا لە عێراقدا، بەتایبەتی لەوکاتەوەی کە ئاوازدانەری نەریتیی نەیدەتوانی مامەڵە لەگەڵ ئۆرکێستراکەدا لە سەر بنەمای توانا هەستیارە سنووردارەکانی بکات، هەروەک چۆن کەلەپووری موزیکیی بە چارەک و بەشە دەنگییەکان کە 4/3 تۆنیان تێدایە لەگەڵ ئامێرەکانی ئۆرکێسترادا نەدەگونجان و نەتواندرا بە شێوەیەکی تۆکمە لە ڕووی دەنگییەوە مامەڵە لەگەڵ ئامێرە موزیکییەکانی تردا لە ڕووی گونجانی هاوسەنگییەوە بکرێت، بۆیە پرۆسەی خستنەکاری گۆرانییەکان بەند بوو بە لێهاتوویی ئاوازدانەر لە مامەڵەکانی لەگەڵ ئۆرکێستراکەدا، کە ئەمەش هاوشێوەکردنێکە کە هەوڵدەدات ڕۆڵێکی کارای بۆ بدۆزێتەوە بە خستنەکاری سەرەکی یان لاوەکی میلۆدی، بەپێی توانا دەربڕینەکان و خەیاڵی دانەری موزیک. بۆیە دەبێت دانەری موزیک مامەڵە لەگەڵ زمانی داهێنەرانەدا، تەنها بەگوێرەی چەمک و ئامرازەکانی ئۆرکێسترا بکات.

داڕشتنی میلۆدی لە ئاوازە کوردییەکاندا:

نیشاندانی شێوازی کەسیی دانەری موزیک، شێوازەکانی دەربڕینی لێهاتوویی ژەنینی ئامێرە موزیکییەکان بە هەموو جۆرەکانییەوە، توانای خستنەکاری سەرچاوە موزیکییەکان و ئەو تەکنیکانەی ژەنینی کە بەکاریان دەهێنێت بۆ گونجاندنیان لە تیشک خستنە سەر کارەکتەری نەتەوەیی کورد لە میلۆدی و گۆرانییەکانی کەلەپووری موزیکیی کوردەوە سەرچاوەی گرتووە.

هەموو ئەو بەها هونەرییانەی کە گروپە موزیکییەکانی هاوچەرخ هەیانە، لەخۆدەگرێت کە مامەڵە لەگەڵ موزیکی نەریتی دەکەن و بەکاریدەهێنن و سروشیان لێ وەردەگرن، دواتر خستنەکاری موزیکییان لەنێوگروپە موزیکییە هاوچەرخەکاندا بۆ دەکرێت، کە تیایدا ئامێرکانی موزیکی نەریتی کوردی ئاوێتە بە ئامێرە موزیکییە مۆدێرنەکان دەبن، ئەوانەش لە سەرشێوەی ئۆرکێسترای بچووکدا دەردەکەون، کە ئامێرەکان بە یەکەوە یاخود گروپ گروپ ڕۆڵی دەربڕینی موزیکیی دەبینن و مۆرکی هاوچەرخێتی موزیکی کوردی دەبەخشن و دەنوێنن.

---

شیکاری نموونەکانی موزیکی هاوچەرخی کوردی، لەوانە:
بەکارهێنانی دانەری موزیک چۆنیەتی دابەشکردنی گۆرانییە کەلەپوورییەکان بەسەر ئۆرکێستراکەدا، بەکارهێنانی ئاکۆرد و تۆنەکانی تێپەڕین وچۆنیەتی جوولەی نێوان دوو ئاکۆرد کە لە یەکترەوە دوورن لە میانەی سیانییەوە یاخود لە میانەیەکی پێنجیەوە، یان هەر میانەیەکی دیکە، جا چ بە دووری یان لێکنزیکبوونەوە. باشتر وایە تۆنی تێپەربەهایەکی کاتیی زیاتر لە بەهای نواڕ وەرنەگرێت.
بێگومان جۆرەکانی تری تۆنەکانی ناکۆکیش هەن کە ڕەنگە دانەری موزیک بەکاری بهێنێت و پێویستە ئاماژەیان پێبدرێت و جۆرەکەیان دیاری بکات، وەک تۆنی کێشکردن و تۆنی بەرامبەر، بۆ نموونە بەڵام سنووردار نەکراوە بەوتوخمی هارمۆنی کاراکتەری جیاکەرەوە و دەنگە جیاوازەکان بە ئاوازەکە دەبەخشێت، کە ڕەنگە دانەری موزیک بەکاری بهێنێت ورەنگە هەر پرۆسەیەکی هارمۆنی و ئاوازەکەی ناونیشانێکی جیاواز بدات، بۆیە دەبێت گرنگی بەو شتە بدەین و ئاماژەی پێبدەین.
جاسم، فراس یاسين، بناء الشكل في مؤلفات موسيقى الأوركسترا العراقية، مجلة التربية الاساسية، العدد الحادي والستون، 2010م، ص584.
کەواتە دانەری موزیک دەبێت بیرۆکەی میلۆدی، یان یەکەم ڕستە میلۆدییە بنەڕەتییەکە، کە بەرهەمی موزیکیی لە سەری بنیاتنراوە، بدۆزێتەوە و سیمای دەربڕین و فەلسەفی خۆی دیاری بکات، پاشان ڕستەیەکی میلۆدی دیکە پێکبهێنێت کە هاوواتای یەکەم ڕستەی میلۆدییەکە بێت، دواتر هارمۆنی گونجاو لەگەڵ ڕیتمەکەدا بدۆزێتەوە بۆ دەربڕینی بیرۆکەی کارە موزیکییەکان و بیخاتە ناو بۆتە و فۆرمێکی موزیکیی گونجاوەوە. ڕەنگە ئەم شێوازە لە لایەن زۆربەی دانەری موزیکانەوە پەسەند بکرێت، هەروەها لە دانەرێکی موزیکییەوە بۆ دانەرێکی تر جیاواز بێت، کەسانێک هەن پشت بە بەهرە ناوازەکەیان دەبەستن، کەسانێکی تریش هەن پشت بە گەنجینە زەبەلاحەکەی میلۆدییەکان دەبەستن، یان ئەوانی دیکە، کە پشت بە میلۆدییە میللییەکان دەبەستن بۆسروشگیری وەرگرتن لە بیرۆکە میلۆدییەکانی بۆ دەربڕینی هونەری ئەوەی کە دەیەوێت.
جاسم، فراس ياسين، بناء الشكل في مؤلفات موسيقى الأوركسترا العراقية، مجلة التربية الاساسية، العدد الحادي والستون، 2010م، ص584.

# ٤- بەشی چوارەم

## میتۆد و هەنگاوەکانی توێژینەوە

## Methodology, Research Design

### ٤-١ کۆمەڵگەی توێژینەوە:

توێژەر کۆمەڵگەی توێژینەوەکەی بە نموونەی هەندێک میلۆدی وئاوازی کوردی دیاریکردووە بە پشتبەستن بە خستنەکاری کەلەپووری گۆرانیی کوردیی تیپەکانی موزیکیی هاوچەرخ وئەو ئۆرکێسترا موزیکییانەی کە کەوتوونەتە سنوورەکانی هەرێمی کوردستانی عێراق، کە (دانانی موزیکی)* یان لەلایەن دانەرانی موزیکی کوردییەوە بۆ دانراوە، ئەو دانەرە موزیکییانەی، کە لە ناوەوە و دەرەوەی هەرێم وهەروەها دەرەوەی عێراق خوێندوویانە. کۆی گشتیی دانراوە موزیکییەکان (٢٠) میلۆدی وئاوازن کە بەسەر (٢٠) دانەری موزیکیی دابەشکراون، کە بریتین لەو دانراوە موزیکیی ودانەرە موزیکییانەی خوارەوە: سەیری خشتەی ژمارە ٤-١-١ بکە.

---

* دەربارەی دانانی موزیکیی: - لە ئاوازی موزیکییدا، هەمیشە خۆمان لە ڕووبەڕووی ناکۆکییەکی هەمیشەیی دەبینەوە لە نێوان دوو ویستیدا: ویستی پێکەوە بیستنی (دەنگ) لەنێو کرداری موزیکی پاکدا، هەروەها ویستی کۆدکردن، واتە گۆڕینی ئەم ئەزموونە بۆ دەقێکی موزیکی نووسراو. پارادۆکسی یەکەم لە جیاوازی تراژیدیی نێوان "ویستی کۆد" و ئەگەرە واقیعییە سنووردارەکانی کرداری کۆدکردنەوە سەرچاوە دەگرێت؛ ئەم جیاوازییە لە هەستی موزیسیانەکەوە سەرچاوە دەگرێت کە کۆدکردن ناتوانێت واقیعی ئەزموونی ڕاستەقینە و بەرچاوی خۆی لە کردارە موزیکییەکەدا لە ساتێکی دیاریکراودا دەرببڕێت. واتە میلۆدی موزیکیی بە چڕبوونەوە و دەوڵەمەندی تۆن دەوریان داوە، ئەمەش ئەوەیە بە شێوەیەکی باو و ئاسۆیی بە هارمۆنی دروست ناسراوە. دانانی موزیکیی بریتییە لە دروستکردنی موزیکێک کە زیاتر بەیەکەوە بەستراوە و قووڵترە لەوەی کە بە سادەیی هێڵێکی میلۆدی بۆ ئەو شیعرانە پێک بهێنێت کە موزیکی تاک ئامێری لەگەڵدایە، ئەرکەکەی تەنها دەورەدانی وشەکانە بە چوارچێوەیەکی (زۆرجار ڕازاوە) بۆ ئەو میلۆدییانەی کە لەلایەن ئاوازدانەرەکەیانەوە بۆیان دروستکراوە، ئەم میلۆدیانە هیچ پەیوەندییەکیان بە مانای وشەکانی ئاوازدانەرەوە نییە. لە بواری هونەری و زانستی نوێدا... پێویستی بە ئاوازدانەری بە سەلیقە هەیە، بۆ دروستکردنی "بیرۆکە"، واتە میلۆدییە موزیکییەکان بە چڕی و دەوڵەمەندییەوە دەورە دراون، بە شێوەیەکی گشتی بە هارمۆنی ستوونی و ئامرازەکانی تر ناسراوە. پاشان دانەری موزیک پێویستە بیرۆکەکانی خۆی لە پێکهاتەیەکی هونەری یەکگرتوو و باش پێناسەکراودا، واتە لە فۆرمولەیەکی هونەری تایبەتدا دابڕێژێت، بۆ ئەوەی ببێتە بابەتێکی تێگەیشتوو و ئاسان بۆ پەیڕەوکردن و قبوڵکردن... کەواتە پێکهاتەی موزیکیی فرە توخمە دروستکردنی هونەری لە سەر بنەمای میلۆدی و ڕیتم و چڕبوونەوەی تۆن و پێکهاتەی موزیک و ڕەنگکردنی دەنگی، بەم شێوەیە جیاوازە، جیاوازییەکی ڕیشەیی لەگەڵ پێکهاتەی ڕۆژهەڵاتی هەیە، کە تەنها پشت بە توخمەکانی میلۆدی و ڕیتم دەبەستێت.

سمحة، آمين الخولي، التأليف الموسيقي المصري المعاصر، تاريخ مقروء و مسموع، الجزء الأول (الجيل الأول) سلسلة بريزم للموسيقى (٢) مطبوعات بريزم، الجيزة ١٩٩٨ ص ٥-٦

**خشتەی ژمارە ٤-١-١ کۆی گشتی دانراوە موزیکییەکان**

| ز | ناوی بەرهەم | ناوی دانەر | ساڵی دانان | شێوازی دانراوە موزیکییەکە | شیاوە ✓ نەشیاوە × | تێبینی |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | کۆچی بەهاران | غەمگین فەرەج | ١٩٩٨ | چەمبەر میوزیک | | |
| ٢ | سۆران- بادینان | دڵشاد محمد سعید | ١٩٩٢ | ڤیۆلین + پیانۆ | | |
| ٣ | گوڵەکەم نەخشانم | گۆران کامل | ٢٠٠٨ | پێرفۆرمەنسی دەنگی مێیینە | | |
| ٤ | هارمۆنی | سالار ئازید | ٢٠٢٠ | ڤیۆلین + پیانۆ | | |
| ٥ | حەیران | نەجات ئەمین | ١٩٩٨ | ئۆرکێسترا | | |
| ٦ | کەژەوان | هەردی مەجید | ٢٠١٩ | ئۆرکێسترا | | |
| ٧ | کەمانچە ڕەشەکە | ئاریژ باینجوب | ٢٠١٧ | ئۆرکێسترا | | |
| ٨ | باخەوان دەستم برد بۆ بەی | سەید ئەحمەد ڕواندزی | ١٩٩٩ | کوارتێتی ژێداری | | |
| ٩ | شیرینێ سەوزە | سیروان محمد | ٢٠١٢ | چەمبەر میوزیک | | |
| ١٠ | نارینێ | هۆشەنگ کامگار | ٢٠١٥ | گروپی موزیکی کوردی | | |
| ١١ | زایەڵەی کاوێس ئاغا | نەهرۆ زاگرۆس | ٢٠١٧ | تەکنەلۆجیای دەنگیی و ستۆدیۆی ئەلیکترۆنی | | |
| ١٢ | سەیران | کوردۆ سەردار | ٢٠١٤ | پیانۆ | | |
| ١٣ | شیرین ئەوڕۆ بەهارە | زۆزک قەرەداخی | ٢٠١٩ | کوارتێتی ژێدار | | |
| ١٤ | بۆت دەڵێم لەو بەندانە | بەڵێن عبدالهادی | ٢٠١١ | سترینگ ئۆرکێسترا | | |
| ١٥ | هەی مەرزان | چەتۆ نەورۆز | ١٩٩٥ | گروپی موزیکی کوردی | | |
| ١٦ | زوڵفت بە قەدتدا | ئارەزوو اسماعیل | ٢٠١٤ | گروپی موزیکی کوردی | | |
| ١٧ | شەوەزەنگ | هاوار توفیق | ٢٠١٧ | دوو ڤیۆلین+ رۆڵاند | | |
| ١٨ | لێ زەینەمێ | ئاکۆ عەزیز عینایەت | ٢٠١٧ | کوارتێتی ژێداری | | |
| ١٩ | کوێستان | سرود فوئاد | ٢٠١٤ | ئۆرکێسترا | | |
| ٢٠ | هات فەسڵی گوڵان | سەنگار عەبدولخالق | ٢٠١٥ | سترینگ ئۆرکێسترا | | |

**٤-٢نموونەکانی توێژینەوە:**

توێژەر نموونەکانی لەنێو کۆمەڵگەی توێژینەوەکە هەڵبژاردووە، ئەمەشیان، لە سەر بنەمای گرنگی و دەوڵەمەندیی هارمۆنی و دەستنیشانکردنی نموونەکانی توێژینەوە، لە لایەن شارەزایان و پسپۆڕانی بواری گۆرانی کەلەپووریی وئاواز و میلۆدی کوردییەوە، بەپێی ئەو پرەنسیپە زانستییە، لەنێودانراوەکانی موزیکییدا خستنەکار[1]ی بۆ کراوەو لەلایەن دانەرەکانی موزیکی کوردییەوە دانـدراون، کە حەوت پارچەموزیـک لەخۆدەگرێـت، لە شـێوەی یەک دانراوی موزیکیی دابەشکراون بۆ هەریەک لە (دڵشـاد محمد سـەعید، سرود فوئاد، هەردی مەجیـد، گـۆران کامیـل، هۆشـەنگ کامگـار، کـوردۆ سـەردار و نەهـرۆ زاگـرۆس). ئەم هەڵبژادنـانەش سـەبارەت بە نـاوەرۆکی نموونەکـان، کە لە کەلەپـووری گـۆرانیی میللـی[*] و فۆلکلۆری کوردی مۆرکی ڕەسەنی کوردییەوە سرووشییان وەرگرتووەو گونجاون بۆ ئەو پێداویستییە تەکنیکیانەی پێویستن بۆ خستنەکارییان لەنێو موزیکی هاوچەرخی کوردیدا، لە سەر بنەمای ئەو پێداویستیانە و سەرنجدانی ئەزموونی ئەکادیمیی بەردەوامی ئاوازدانەران بۆ پێکهاتەکانی بنیادی موزیکی[**] بۆ ئەوهارمۆنییەی وەکو خستنەکارێک بۆ کەلەپووری

---

[1] - بەدرێژایی هەموو ئەمانە، جیاوازی نێوان خستنەکاری فۆلکلۆر و گواستنەوەی بۆ ئێمە ڕوون دەبێتەوە، چونکە پرسی توانای مامەڵەکردن لەگەڵ کەلەپوور لە ڕۆحێکی نوێی هاوچەرخدا، هەروەها توانای بارکردنی ئەم کەلەپوورە بە دیدگا و تێڕوانین و بیرۆکەی هاوچەرخ بەبێ ئەوەی زیان بە ناوەرۆکی چنینی کەلەپوور بگەیەنێت. ناوەرۆکی خستنەکاری میللیی ئەوەیە کە کەلەپوور بەرگێکی نوێی هاوچەرخ بپۆشێ و کەلەپوورەکە  توانای خۆی بسەلمێنێ لە ڕێگەی ئەزموونی پێگەیشتوو و خستنەکارییەوە، بۆ ڕەنگدانەوەی نیگەرانییەکانی سەردەمەکە و دەیەکەی ئەگەر بەباشی بەکاربهێنرێت. لێرەوە جیاوازی نێوان گواستنەوەی کەلەپوور و خستنەکاری دەبینین کە گواستنەوەکە قۆناغێکی زووترە و مەبەستمان ئەوەیە ئەو بابەتانەی کەلەپوور تێڕوانین و بیرۆکە هاوچەرخەکان و ماناکان لەگەڵ هێما وڕەهەندێکی پێشنیازکراو کە خزمەت بەو قۆناغە تایبەتە دەکات و تا ئەو ئاستەی کەلەپوورەکە بەرزتربێت تا ئاستی شارەزایی و لە قۆناغی سرووشبەخشی نزیک ببێتەوە. فاروق، خورشيد، الموروث الشعبي، الطبعة الأولى، دار الشروق، القاهرة، مصر، ١٩٩٢.ص٣٥

[**] بنیاد: - (Structure) بێگومان مەبەستمان لە بنیادی موزیکییە و بنیادی موزیکی نوێ لە هونەری موزیکی مۆدێرندا فۆرمێکی تایبەتە کە بە یەکێتی ئۆرگانیک تایبەتمەندە و جێگەی توخمەکانی بنیادی موزیکی کۆن وەک مۆتیڤ و دەستەواژە موزیکییەکان و پێشەکی و کۆتاییەکانی گرتەوە، چ لە گۆرانی چڕین یان لە نمایشی موزیکدا (ژەنینی ئامێری موزیک). پێکهاتەی موزیک لە سەردەمی مۆدێرن بۆ پەرەپێدانی هونەری موزیک وشێوازەکانی، هەروەها بۆ دامەزراندنی فۆرمولەیەکی نوێی دەنگی و گروپەکان کە سنووردار نین بە کات و سنووری فەزایی هاتە ئاراوە. گرنگترین تایبەتمەندی ئەم پێکهاتە موزیکییە نوێیە بریتییە لە... چڕی دەنگەکان (واتە زۆری یان نەبوونی). و پێگەی گروپی دەنگی (لە ڕووی بەرزی و ناوەڕاست و نزمییەوە). هەروەها ئاراستەکانی جووڵەی تێدایە (سەرەوە یان خوارەوە)، بارستەی کات، بەهێزی دەنگەکان، ڕەنگ و تۆنی دەنگەکە و تایبەتمەندییە وردەکانی تر. ئەم فۆرمە نوێیەی پێکهاتەی موزیکی مۆدێرن بریتییە لە سیستەمی ڕێکخستن وهەماهەنگی لە کاری موزیکییدا کە کارەکە پاڵدەنێتە پۆلێنکردنی موزیکی گونجاو، هەروەها هەر هەمان ئەوەیە کە شێوەی داهێنەرانەی لە موزیکی هاوچەرخدا بەرهەم هێناوە کە ئێمە بە موزیکی ئەلیکترۆنی، موزیکی زنجیرەیی، موزیکی ئەنیمەیشن و موزیکی سێرندیپیتۆم دەیناسین.
كمال الدين، عيد، أعلام و مصطلحات الموسيقى الغربية، دار الوفاء لدنيا الطباعة والنشر، الطبعة الأولى، الإسكندرية، مصر، ٢٠٠٦ص٢١٨-٢١٩

گۆرانی کوردی کراوە، بۆیە تێکڕای ئەم بابەتە بە پشتبەستن بە ڕاو تێڕوانینی زانستیی شارەزایانەوە دیاری کراوەو ئەم نموونانەی سەرەوە هەڵبژێردراون. سەیری خشتەی ژمارە ٤-١-٢ بکە .

| ز | ناوی دانراوی موزیکی | ناوی دانەر | ساڵی دانان | شێوازی دانانی دانراوەکانی موزیکیی |
|---|---|---|---|---|
| 1 | سۆران- بادینان | دلشاد محمد سعيد | ١٩٩٢ | ڤیۆلین - پیانۆ |
| 2 | کوێستان | سرود فوئاد | ٢٠١٤ | چەمبەر میوزیک |
| 3 | کەژەوان | هەردی مەجید | ٢٠١٩ | ئۆرکێسترا |
| 4 | گوڵەکەم نەخشانم | گوران کامل | ٢٠١٨ | پێرفۆرمەنسی دەنگی مێیینە |
| 5 | نارینێ | هۆشەنگ کامگار | ٢٠١٥ | گروپی موزیک و سۆلۆی دەنگەکان |
| 6 | سەیران | کوردۆ سەردار | ٢٠١٤ | ئامێری پیانۆ |
| 7 | زایەڵەی کاوێس ئاغا | نەهرۆ زاگرۆس | ٢٠17 | تەکنۆلۆجیای دەنگ و ستۆدیۆی ئەلیکترۆنی |

**٤-٣ بنیادی ئامرازەکان (فۆرم وشێواز) -**

ئامرازەکان پانزە بڕگەی بابەتیی بنەڕەتی لەخۆگرتووە کە دەخرێتە بەردەم پسپۆڕان، بۆ زانینی بیر و ڕا و سەرنجیان، بۆیە ئەوەی بە پێویست زانراوە لە سەر ئێوەی بەڕێز ئەوەیە، پێداچوونەوەیەکی ورد بە فۆڕمی هاوپێچ بکەن و بۆچوونە زانستییەکانتان بخەنە ڕوو بە دانانی تیک (√) و لەبەردەم یەکێک لە بژاردەکان (گونجاو / نەگونجاو / پێویستی بە گۆڕانکاریی هەیە) و بەم شێوەیە خراونەتە ڕوو.

**سەیری سەرجەم خشتەکانی ( بەشی چوارەم – میتۆد وهەنگاوەکانی توێژینەوە) لەپاشکۆی ژمارە (١) بکە.**

## ٤-٤ میتۆدی توێژینەوە:

ئەم توێژینەوەیە پەیڕەوی شێوازی وەسفی (شیکردنەوەی ناوەڕۆک) دەکات. ئامانجی ئەو ڕێبازە وەسفکردنی دیاردەکەیە بەشێوەیەکی زانستی ورد وئەمەش بریتییە لە شیکردنەوەی پێکهاتەکەی وڕوونکردنەوەی پەیوەندییەکانی نێوان بەها وپێکهاتەکانی. بەم شێوەیە توێژەر لە نموونەی توێژینەوەکەدا، پێکهاتە ناوبراوەکان شیدەکاتەوە، کە لە نموونەی توێژینەوەکە ئاماژەیان پێکراوە، دواتر توێژەر ڕادەی خستنەکاری ئەو دانراوە موزیکییانە بۆ کەلەپووری گۆرانیی کوردی لە موزیکی هاوچەرخ و دابەشکردنی ئۆرکێسترالّی کوردیدا دیاری دەکات و بەدواداچوون بۆ ئاستی سوودی ئەو میتۆدە دەکات، کە ئەم دانەرانەی موزیکی کوردی لە تیپ و دابەشکردنی ئۆرکێسترای هاوچەرخی کوردیدا بەکاریان هێناوە. خستنەکارو بەکارهێنانی ئەم شێوازە دەرەنجامەکانی توێژینەوەکە بەهێزتر دەکات و بەشداری لە بنیادنانی ئامرازەکان وپێداویستییەکانی توێژینەوەکە دەکات.

## ٤-٥ خستنەکاری کەلەپووری گۆرانی لە موزیکی هاوچەرخی کوردیدا:

گۆرانی کەلەپووری پێکهاتەو شێوازێکی گرنگی دەربڕینی جەماوەرین، بەو پێیەی یەکێکن لە کۆنترین شێوە دەربڕینەکانی هونەری، کە کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی ناسیویەتی، چونکە هەر گەلێک خاوەن تایبەتمەندیی میلۆدی و ڕیتمی خۆیەتی، کە لە گەلانی دیکە جیایدەکاتەوە. گۆرانی کەلەپووری بەرهەمی هەموو کۆمەڵگەن لە ڕێگەی ئەو سیفەتە هونەریانەی کە دەریدەبڕن، بەم شێوەیەش زیاتر ڕەنگدانەوەی هەستی دانەرە نادیارەکان و کەسانی نمایشکار دەخاتەڕوو. لە تایبەتمەندییە دیارەکانیدا ئەوەیە، کە بنەچە و دانەرەکانی دیار نین، چونکە لە ڕۆحی گروپەوە سەرچاوەی گرتووەو ڕەنگدانەوەی تەواوەتی ژیانی کۆمەڵایەتی، سیاسی، ئابووری و کەلتووری کۆمەڵگەی پێوە دیارەو بە شێوەیەکی زارەکیش لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر گوازراونەتەوە و دەگوازرێنەوە.

ئەم  پرسە گرنگە کاریگەری هاوبەشی موزیکی ئەو خەڵکە دراوسێیانە ڕەت ناکاتەوە کە پەیوەندی دراوسێیان لەگەڵ کورد و چەندین ئاوازی کوردی هەن، کە لەلایەن گۆرانیبێژ و موزیکژەنانی کوردەوە خراونەتە ناو موزیکی ئەو خەڵکانەوە، کە گۆرانی بە هەمان ئەو زمانەوە دەچڕن، بۆیە بەها هونەریی و بابەتە زیندووەکانی شوناسی کەلەپوور لە ڕەسەنێتیی وهاوچەرخێتیی و خستنەکاری سروشگیریی کەلەپوور و جوانییەکانی کەلەپووریی لە کاری موزیکیدا پەیوەستە بە ڕەگداکوتانی گوتاری موزیکی لەنێو پسپۆڕانی کەلەپووردا و دووانەی ڕەسەنێتیی وهاوچەرخبوونیان وەک هێنانەدی یەکەیەکی ئۆرگانیکی دەرکەوت، کە ڕەنگدانەوەی دیدی هاوچەرخێتیی کەلەپوورە و مامەڵەکردن لەگەڵیدا وەک بابەتێکی خامی سەر بە ڕابردووە پڕشنگدارەکان بووە و موزیکی ڕۆژهەلاتی بە گشتی بەو ڕاستییەی کە هەیەتی، نزیکترە لە دەربڕینێکی خۆڕسک لەوەی سروشتێکی سیستماتیک و دەربڕینی کۆکراوەیی هەبێ، هەروەها دۆزینەوەی وردەکاریی نوێ لە سەر ئەو پێشینەی، کە کەلەپوور و کەلەپووری موزیکی ڕۆژێک لە ڕۆژان یاخود لە شوێنێک لە شوێنەکاندا لە حاڵەتی بێدەنگی یان بێ جووڵەدا نەبووە و لەگەڵ هەر نمایشێکی بابەتەکان، نوێکراوەتەوەو گۆڕاوە و لەگەڵ جووڵەی ئەم نوێبوونەوەو گۆڕانەش سیمایەکی تازەی وەرگرتووە.

بەها جوانییەکانی گۆرانی کەلەپووری ئەرکی پۆزەتیڤی خۆیان لە ڕێنمایکردنی شێوازەکانی هەڵسوکەوتی گشتی ئەنجام دەدەن بەهۆی پێوەرە ئەرێنییەکان، یاخود یاساکانیان بۆ پاراستنی پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و گەشەکردنی کۆمەڵگە، کە میلۆدی لە ماناکاندا دەشەکێتەوە وهەستکردن بە شێوە و توانای خستنەگەڕی خەیاڵ، پاشان پرۆسەکە بە هەست وهزرێکی هونەرییەوە تەواو دەکرێن، بە جۆرێک کە پێشوازی هونەریی ڕووبەرێکی چێژبەخشی جوانییەکان دێنێتە بەرهەم و هەستی جوانی تەنیا هەستی گونجاندن وشێوە و دەنگ وڕووناکی نییە، چونکە هاوئاهەنگیی ئەو جوانییە ڕەهایە، گوزارشت لە جووڵە و گۆڕانکارییەکانی ئەم بزووتنەوەیە لەژێرتەبایی و گونجانی ڕیتم دروست دەبێت بێ ئەوەی سنووری خۆی لە دەست بدات و دواتر گەوهەر و جوانی خۆیان لە فۆرم و ناوەرۆکی ڕیتم

دەبینینەوە، لێرەدا پێکهاتە هونەرییەکە گەوهەری جوانی ڕاستەقینەیە، بۆیە هەمیشە جەخت لە سەر ئەوە دەکەینەوە، کە خستنەکاری کەلەپوور بە مانای لاساییکردنەوەی کەلەپوور نییە. بۆیە ئێمە نابێ ئێستا و داهاتوومان بگەڕێنینەوە سەر دوێنێی ڕابردووەکانمان، بەڵکو دەبێت ڕەگ وڕیشەی ئایندەمان لەنێو لاپەڕە پڕشنگدارەکانی دوێنێدا ببینین.

زانیارییەکانی مێژوویی، کەلەپوور و زانیاری کۆمەڵایەتی، کە هەندێک جار سروشتی وردەکاری وەردەگرێت. نەک تەنیا بە مەبەستی کۆکراوەی مەیدانیی و جۆریی و گشتگیریی داهاتوو وڕاپرسییەکانی شارستانیەتی دەنگی کەلەپوور وهونەرە موزیکییەکان لە شوێنێک بەکار دێت، بەڵکو ڕەنگە بۆ ئەو پەیوەندییە بێ کە تایبەتمەندیی بابەتی کەلەپوور و میراتی موزیکی میللیی تر لە شوێنە دەوڵەمەندەکانی هەرێمی کوردستان لە ڕووی موزیک و گۆرانییەوە کە تا ئێستا ڕوپێوی مەیدانی بۆ نەکراوەو نەدۆزراونەتەوە.

پرۆسەی خستنەکاری کەلەپوور بە پرەنسیپێکی ئاگاو زیندوو و پێگەیشتوو تێپەڕ دەبێت، ئەمەش هەوڵدانێکی ئەرێنییە بۆ سوود وەرگرتن لە هەموو دەستکەوتەکان، بۆ بەدەستهێنانی پێشکەوتن و بنیادنانی کۆمەڵگەیەکی هونەریی سەر بە خاک وشوناس و دۆزی خۆی، هەروەها بە سروش وەرگرتن لە دانەرە موزیکییەکان، لەو بابەتە گونجاوانەی نێو کەلەپوور، کە دڵنیا بوونی پاراستنی شوناسی کەلتوورییان لە خۆگرتووە، بە شێوەیەکی هونەری و بایۆلۆجی ورەمزی، بە ئامانجی خزمەتکردنی ئێستا و داهاتوو بۆ خستنەکاری بەها پیرۆزەکانی موزیکی کەلەپووری دوور لە پەراوێزکردن وڕووکەشی.

ئەوەی، لێرەدا خراوەتەڕوو (مەبەست لە کۆی خاڵە شیکارییەکاندا)، خستنەکارو دەربڕینی کاری هونەری موزیکییە کە بریتیە لە کۆمەڵێک کاریگەری موزیکیی کە گرنگییەکی تایبەتی یەکبوون وئەرکی بە ناوەرۆکی جوانکاریی کارە هونەرییەکە دەبەخشێت، کە بەپێی هزری هونەری و پەیوەندی تۆکمەی موزیکدانەرانەوە بە زانستەکانی شیکارییەوە دروست دەبن، لەگەڵ هەموو ئەو بابەتانەی لەخۆی دەگرێت، لە دەستەواژە ورستەی موزیک و تیمبەری

دەنگ وهاڕمۆنی و شێوازی هەڵسەنگاندن، یان شرۆڤەی هەموو ئەم توخمانە بەسەر ئامێرە مۆزیکییە جیاوازەکاندا کە بەشدارن لە ژەنین و نمایشکردنەکەدا.

لێرەدا بیرو ڕاو سەرنج و تێڕوانینە هونەرییەکانی ئەو موزیکدانەرانەی کە خستنەکارییان بۆکارە هونەرییەکانییان کردووە دەخەینە ڕوو:

**دڵشاد محمد سەعید** بەمجۆرە باس لە بیرۆکەی دانانی کاری(سۆران – بادینان) دەکات:**

ئەم بەرهەمە لە مانگی یەکی ساڵی ١٩٩٢ وەک کاردانەوەیەک بوو بۆ ئەو دۆخە نوێیەی لە دوای شەڕی کەنداو لە ساڵی ١٩٩١ دروست بوو، کە وایکرد کورد بۆ یەکەمجار لە کوردستان ئیدارەی خاکەکەی خۆی بکات، ئەوسات باس لە ئەنجامدانی هەڵبژاردن دەکرا، هەڵبژاردن ئەنجامدراو بووە یەکەمین هەڵبژاردن لە مێژووی کورددا.

---

** ساڵی 1958 لە شاری دهۆک - عێراق لە دایک بووە دوای تەواوکردنی پەیمانگای هونەرە جوانەکان بە بەرزترین بڕوانامە لە بەغدا، وەک ڤیۆلینژەن لە ئۆرکێسترای سیمفۆنی بەغدا وياريدەدەری ڕابەر لە ئۆرکێسترای ڕادیۆ تەلەڤزیۆن کاری کردووە. لە ساڵی ١٩٧٩ گروپی موزیکی دهۆکی پێک هێنا، کە دوو جار خەڵاتەکانی پێشبڕکێ نیشتمانییەکانی بردۆتەوە و ناوبانگێکی زۆر باشی بەدەستهێناوە.
خوێندنی باڵا لە ساڵانی ١٩٨٤-١٩٨٨ و بەدەستهێنانی ئەم بڕوانامەیەی خوارەوە:

- بەکالۆریۆس لە موزیک - زانکۆی وێڵز - بەریتانیا
- ماستەر لە هونەر - زانکۆی وێڵز - بەریتانیا
- ئەکادیمیای شاهانەی ڤایۆلین (L.R.A.M) لەندەن
- سێ خەڵاتی یەکەمی بەدەستهێناوە لە پێشبڕکێی زانکۆکانی وێڵز-بەریتانیا

بڕوانامەی ئەکادیمیای شاهانەی موزیک بۆ نمایشکردنی کەمانچە (L.R.A.M) لەندەن.

ئاوازەکانی بریتین لە کارەکانی بۆ کۆڕاڵ (دەنگ) و ئۆرکێسترا: سەمفۆنیاچامەی: باخچەی هەڵواسراو، کە شایەتحاڵی یەکەم نمایشی بوو لە فێستیڤاڵی نێودەوڵەتی بابل لە ساڵی ١٩٨٩، بەرهەمە ئۆرکێسترایيەکانی دیکەی ڕێپێوانی سەرکەوتن، چارەنووس، ١٩٨٩. ئامەد (سرووشبەخشی کورد)، چارەنووس، پێشمەرگە وشنگال نوێترین ئاواز سەمفۆنی بوون کە لەلایەن ئۆرکێسترای سەمفۆنی نیشتمانی چیکەوە لە پراگ جێبەجێ کران. (سۆران بادینان) بۆ کەمانچە و ئۆرکێسترا و بەهار، چوار بەرهەمی کۆتایی لە ٢٣ی شوباتی ٢٠٠٨ لەگەڵ ئۆرکێسترای سەمفۆنی گاڤلێ لە سوید بۆ یەکەمجار نمایشکرا. پێشکەشکردنی کۆنسێرتەکانی کەمانچەی تاکەکەسی لە سەرانسەری ئەوروپا، بە شێوەیەکی سەرەکی پێشکەشکردنی شێوازی نوێی خۆی و سرووشبەخشی تەوەرە هونەرییەکانی کوردی لە چوارچێوەیەکی ڕۆژئاوایی، وهەندێکجاریش پێشکەشکردنی میلۆدی کوردی بەئامێری کەمانچە لە فۆڕمی ڕەسەنی خۆیدا.لە پاڵ کارە پراکتیکییەکانیدا، لەم دواییانەدا سەرقاڵی هەندێک لێکۆڵینەوەی ئەکادیمی بووە، بۆیە تێزە سەرەکییەکەی موزیکی کورمانجی پێشکەشی زانکۆی مۆزارت-سالزبۆرگ کرا بۆ وەرگرتنی دکتۆرا. لە تیشرینی دووەمی ٢٠١٧ بڕوانامەی دکتۆرای فەلسەفەی لە بواری مۆزیکۆلۆجیدا بەدەستهێناوەو ئێستاش هونەرمەند نیشتەجێی وڵاتی نەمسایە.

لەبەر ئەوەی کوردستان بە شێوەیەکی سەرەکی دوو ناوچەی جیاوازی ئاخافتنی تێدایە بە ناوی سۆران و بادینان، سەرەڕای ئەو جیاوازییانەی لە دیالێکت و شتی بچووکدا هەن، هەر ئەو شوناسەو ئەو ناسنامەیەیە ئەوانی بە هاوئاهەنگی و هەمان ئامانج بەیەکەوە هێشتۆتەوە. ئەمەم بە مەبەست بوو، کە هەڵبژاردنی دوو میلۆدی جیاواز لە هەر ناوچەیەک بەکاربهێنم بۆ پێکهێنانی بابەتە سەرەکییەکانی کارەکەم، هەر لەبەر ئەمەش بوو کارەکەم بە سۆران بادینان ناونا.

کارەکە لە سێ بەش پێکهاتووە، بەشی یەکەم میلۆدییەکی بادینییە، نوێنەرایەتی ناوچەی بادینان و کەسایەتی خۆی دەکات. هەمان شت بۆ میلۆدییە سۆرانییەکە لە بەشی دووەمدا، نوێنەرایەتی ناوچەی سۆران و کەسایەتی خۆی دەکات.

لە بەشی سێیەم و کۆتاییدا هەردوو میلۆدییەکە لە یەک کاتدا بە کۆنتراپونتاڵ دەژەنرێن (دژە خاڵ)، ئەمەشییان بۆ جەختکردنەوە لە سەر یەکگرتوویی هەردوو ناوچەی نیشتەجێبوون، ئومێد دەخوازم وەک هارمۆنیایەکی بەهێز، جوانی نەتەوەیی وهونەریی بخولقێنن وکاردانەوەیەکی ئەرێنی گەورەی هەبێت، ئەگەر بتوانن هەمیشە بەیەکەوە کار بکەن.

**پێکهاتەی کاری موزیکیی:-**

یەکەم میلۆدی گۆرانییەکی نەریتیی کەلەپووریی بادینانە بە ناوی "هۆی زەری"، و گۆرانییەکەی دووەمیش (کوردستان شاری شیرین)ە. کە لەلایەن گۆرانیبێژ (حەسەن زیرەک) گۆرانیبێژی چڕدراوە. هەردوو میلۆدییەکە لە سەر تۆنی (لا) جێگیر کراون، یەکەمیان مەودای پێنج دەنگی هەیە، (لا - می) و گۆرانی دووەمیش میانەیەکی شەش دەنگی هەیە، (لا- فا)، هەردووکیان لە هەر چوار دەنگی یەکەمەوە (لا بۆ ڕێ) دەناسرێنەوە و زاراوەی هاوتا بەپێی مۆدی ڕۆژهەڵاتی وێناکراوی (حیجازە) لە سەر پلە دەنگی (لا).

گریمان وەک بەراوردکردنێکی موزیکیی ڕۆهەڵاتیی لەگەڵ موزیکیی کلاسیکی ڕۆژئاوایی لە (سۆران- بادینان) دا. لەو حاڵەتەدا، دووەم تێتراکۆرد لە مۆدی سەرەکیدا مۆدی ماینەر

دەبێت D-minor (ئەمە لێکچوونێکی ورد نییە، ئەگەر میانەکانی نێوان نۆتەکان لەبەرچاو بگیرێت).

ئەم "پێوەرە"ی تۆنە موزیکییە یەک لە دوای یەکەکان دوورە لە چارەگەتۆن، وەک چۆن موزیسیان و ژەنیار و گۆرانیبێژانی کورد بە شێوەیەکی سەرەکی بەکاریدەهێنن، ئەمەش وا دەکات تاڕادەیەک ئاسانتر بێت بۆ ئاوازدانان، یان ڕێکخستنی ئەو بەرهەمانەی هەردوو توخمەکانی شێوازی موزیکی ڕۆژهەڵاتی و ڕۆژئاوایی لەخۆدەگرن. بۆ نموونە ئەمەش لەوەدا بەرجەستەدەبێ وەک چۆن بەگشتیی ئاوێتەکردنی هەردوو شێوازی ڕۆژهەڵاتی و ڕۆژئاوایی لە یەک پێکهاتەدا، کارێکی قورسە، بەتایبەتی ئەگەر یەکەمیان چارەکەتۆنی هەبێت، (وەک بەریەککەوتن لەگەڵ پێوەرە زانستییەکان و هارمۆنی ڕۆژئاوایی)، بەم پێیە ئەم ئاوێتەیە پرۆسەیەکی زۆر ئاڵۆزە و ئەنجامەکە زۆرجار گران و سەخت لەلایەن هەموو بیسەرانەوە دەبێت، ئەگەر بە شێوەیەک دەستکاری نەکرێت کە، خۆی لە دوورکەوتنەوە لە بەکارهێنانی ڕاستەوخۆی چارەگە تۆنەکانی ڕۆژهەڵاتی لە پێکهاتەیەکی هارمۆنیدا بپارێزێت.

**(سرود فواد محمد)* بەمجۆرە باس لە بیرۆکەی دانانی کاری (کوێستان) دەکات:**

کارێکی موزیکییە بە فۆرمی (سۆناتینا) بۆ گروپی چەمبەر میوزیک نوسراوەتەوە، بیرۆکەی ئەم بەرهەمە بریتییە لە خستنەکاری میلۆدی گۆرانییەکی فۆلکلۆری لە کاری ئۆرکێستراییدا. میلۆدییە ڕەسەنەکە بریتییە لە گۆرانی (هەی گیان، هەی گیان، هەی گیانێ)، کە گۆرانییەکی فۆلکلۆری کورمانجییە، ئەم گۆرانییە لە یەکێ لە تابلۆکانی هەڵپەڕکێی تیپی هونەرە میللییەکانی(هەولێر) بە ناوی (کوێستان) بە دەنگی هونەرمەند (جەلال سەعید) لە سالانی هەشتاکان چڕدراوە و نمایشکراوە. دواتر لە ساڵی ٢٠١٤ بەم فۆڕمە تازەیە خستنەکاری موزیکیی بۆ ئاوازی سەرەکی گۆرانییەکە کراوە و لەلایەن ئۆرکێسترای کوردستان- هەولێر لە ساڵی ٢٠١٥ لە وڵاتی ڕۆمانیا نمایشکراوە. خستنەکاریی ئەم بەرهەمە وەکو فۆڕم بریتییە لە ‘A.B.A واتە سێ بەشی سەرەکی A بەشی نمایشکردنی میلۆدییەکە، B بەشی پەرەسەندن، ‘A بەشی دووبارە نمایشکردنەوەی بەشی سەرەتایە. ئەوەی شایانی ئاماژە

---

* ناو: سرود فؤاد محمد حسین، لە دایکبووی: ١٩٧٤/٨/١٢، ئەدرێس: هەولێر- سەربەستی

بڕوانامەکان: دبلۆم لە زمانی کوردی ١٩٩٤ پەیمانگەی پێگەیاندنی مامۆستایان، بەکالۆریۆس لە موزیکۆلۆجی ٢٠٠٩ زانکۆی سەلاحەددین ماستەر لە موزیکۆلۆجی ٢٠١٤ زانکۆی سەلاحەددین

قوتابی دکتۆرا لە زانکۆی سەلاحەددین: - پسپۆڕی ئامێری: ڤیولین (کەمان): - پسپۆڕی ورد: شیکاری موزیکی (music analyses)

کاری ئێستا: مامۆستا لە کۆلێژی هونەرە جوانەکان - بەشی موزیک.

١٩٩١-١٩٩٤ ئەندامی تیپی موزیکی ی.ق.ل.د. کوردستان

١٩٩٤-١٩٩٧ ئەندامی تیپی موزیکی ڕەوا

١٩٩٧-٢٠١٠ مامۆستا لە بەشی موزیکی چالاکی قوتابخانەکانی هەولێر

١٩٩٧ تاکو ئێستا ئەندامی ئۆرکێسترای کوردستان

٢٠٠٨ تاکو ئێستا ئەندامی گروپی موزیکی ڕەسەن

٢٠١٤ تاکو ٢٠١٩ وانبێژ لە قوتابخانەکانی ئیشق و نیلۆفەر

زانینی زمان: کوردی (زمانی دایک) عربی (زۆر باش) ئینگلیزی (پری-ئینتەرمیدیەت) تورکی (کەم)

کۆمپیوتەر (ICDL4) توێژینەوەی زانستی: (٣ بڵاوکراوە)کتێب: (٦ کتێبی میتۆدی موزیک)

کارە هونەرییەکان:رئاوازدانان: سۆناتەی کوێستان: لە بوخارست پایتەختی رۆمانیا لە ٢٠١٤ نمایشکراوە. چەندین سروودی نیشتمانی و پارچە موزیک و گۆرانی و گۆرانی منداڵان و موزیکی فیلم و موزیکی شانۆیی و کۆڕاڵ و موزیکی ئیرکێسترایی داناوە.بەشداری: لەگەڵ ئۆرکێسترای جۆرجیا، ئۆرکێسترای جوقی سەربازی کۆریا، ئۆرکێسترای نیشتمانی عێراق، چەندین کۆنسێرت لە لەم وڵاتانە: ئەڵمانیا/ بولگاریا/ جۆرجیا/ رۆمانیا/ لبنان/ تورکیا/ مەغریب

پێکردنە لەو بەرهەمەدا دانەر بە سوود وەرگرتن لە بنەماکانی خستنەکاری فۆڕمێکی جیهانی ویستوویەتی و مەبەستی بووە خستنەکارێکی نوێگەرییانە بۆ یەکەم جار لە موزیکی کوردی لە شاری هەولێر، بەم ئاڕاستە هونەرییە بۆ ئەو میلۆدییە کوردییە ئەنجام بدات، بۆیە موزیکدانەر بە ورياییەوە ڕەچاوی تایبەتمەندیی پێکهاتە و بنیادی میلۆدییەکەی کردووە، کە دەقاودەق وەکو خۆی بەبێ دەستکاری پێکهاتەی ئاوازە سەرەکییەکە لە کاتی کارکردن لەگەڵ کەرەستەکانی تری دانان وەکو هارمۆنی وچنین و مۆدۆلەیشن و کادێنس وئامێرسازی وئۆرکێسترەیشن وهەموو بابەتەکانی پەیوەست بە دانانی موزیکییدا جێبەجێبکات. لەم بەرهەمەدا هەر لە سەرەتای دەستپێکی پارچە موزیکەکە تا کۆتایی موزیکەکە هەموو بەشە گەورە و بچووکەکان پەیوەستن بە ڕۆحی ئاوازەکە وهیچ پچرانێک یان دابڕانێکی موزیکیی، کە نامۆ بێت بە خودی میلۆدییەکەوە بەدی ناکرێت، ئەمەش تەنها بە ئامانجی پاراستنی مۆرکی ڕەسەنایەتی بەرهەمە کەلەپوورییەکەیە، چونکە هەر گۆڕانکارییەک لە هەناوی میلۆدییەکە بە هەرئاراستە و بۆچوونێکی سەرەمییانە بۆ بابەتە ڕەسەنەکە ئەنجامبدرێت، دەبێتە هۆی شێواندنی ناوەرۆکی گۆرانییە کەلەپوورییەکە.

**(هەردی مەجید) *بەمجۆرە باس لە بیرۆکەی دانانی کاری(کەژەوان) دەکات:**

ئەم کارە بە سوودوەرگرتن لە دوو - میلۆدیی کوردی دانراوە، ئەوانیش میلۆدی (کەژەوان)ی هەورامی و (کەی دێتەوە)ی هونەرمەندی گۆرانیبێژ "عەلی مەردان"ن.

کارەکە فۆرمێکی ئازادی هەیە و پەیوەست نییە بە فۆرمێکی کلاسیکی دیاریکراوەوە. کاتی خایاندراوی کارەکە بە نزیککراوەیی ٧ خولەک دەبێت.

لە رووی زمانی هارمۆنییەوە لە رۆمانتیکی درەنگ و دواتر پێکهاتووە. سەرەتای ژەندنی میلۆدی کەی دێتەوە بە ئامێری فاگۆت (بەسوون) دەستپێدەکات و میلۆدی کەژەوانیش بە ئامێری فلووت. جێی باسە کە لەم کارەدا دوو ئامێری دەف بە کۆکی جیاواز بەکارهاتوون و لەگەڵ ئامێری تیمپانیدا وەڵامدانەوەیەکی بەرچاو بە شێوازی سۆڵۆ دەژەنن لە کاتی چوونە نێو میلۆدی کەژەوانەوە.

---

* هەردی مەجید حەمە ڕەفیق لە٢٣/٧/ ١٩٨١ لە دایکبووە. ساڵی ١٩٩٦ لە پەیمانگای هونەرە جوانەکانی سلێمانی/ بەشی میوزیک وەرگیراوە و ساڵی ٢٠٠١ هەمان پەیمانگای وەک ژەنیاری ئامێری ڤیۆلا تەواو کردووە. لە ساڵانی ٢٠٠١ بۆ ٢٠٠٣ لە پەیمانگای هونەرەجوانەکانی رانیە مامۆستا بووە. لە ٢٠٠٣ بۆ ٢٠٠٥ لە زانکۆی بەغداد کۆلێجی هونەرەکانی میوزیک خوێندوویەتی و قۆناغەکانی ١ و ٢ ی بەسەرکەوتوویی تەواو کردووە، بەڵام لەبەر بارودۆخی ئاسایشی بەغداد واز دێنی و روو دەکاتە وڵاتی ئۆکرانیا بۆ درێژەدان بە خوێندن. لە ساڵانی ٢٠٠٥ تا ٢٠١١ لە وڵاتی ئۆکرانیا و لە شاری کییڤی پایتەختی وڵاتەکە بەکالۆریۆس و ماستەر لە میوزیکداناندا دەخوێنێت و بەسەرکەوتوویی بروانامەکانیان بەدەست دێنێت. لە ساڵی ٢٠١٢وە تاوەکو ئێستا لە زانکۆی سلێمانی کۆلێجی هونەرە جوانەکان/بەشی میوزیک مامۆستایە. ساڵی ٢٠١٤ و ٢٠١٥ وەک مامۆستای سەردانیکەر لە زانکۆی سەلاحەدین/کۆلێجی هونەر/بەشی میوزیک وانەی و تووەتەوە. لەچەندین گروپی میوزیکی و ئەنسامبڵ و ئۆرکێسترای جیاوازدا وەک (ڤیۆلاژەن، میوزیکدانەر، بەڕێوەبەری هونەریی)کاری کردووە و بەردەوامە.

**(گۆران کامیل)* بەمجۆرە باس لە بیرۆکەی دانانی کاری(گولەکەم نەخشانم) دەکات:**

پێشتر وەک زۆر لە گۆرانیە هەورامیەکان گوێبیستی میلۆدیەکە بووبوم و پێی ئاشنا بووم، پاشان گۆرانیبێژێکی هەورامی بە ناوی (لیمۆ هەورامی) پەیوەندی پێوە کردم کەوا ئەم گۆرانیەی بۆئامادە و تۆمار بکەم.

سەرەتا داوام لێکرد، لە ڕێگەی نامەی دەنگیەوە بەو ڕیتم و ئەو خێراییەی کە خۆی دەیەوێت تۆماری بکات و بۆم بنێرێت، بۆ ئەوەی لە کاتی تۆمار کردندا توشی گرفتی خاوی و خێرایی

---

* بڕوانامەی خوێندن: 2011-2013 ماستەر لە هونەر لە جیهانی موزیک لە زانکۆی کۆدارتس بۆ هونەر- ڕۆتەردام\هۆلاند

ناونیشانی تێزی ماستەر: ئیمپرۆڤیزەیشن و تەکنیکەکان لە ڕادیف

1987-1992 دبلۆمی هونەر لە میوزیک/ڤایۆلۆنسێلۆ لە پەیمانگای هونەرە جوانەکان- سلێمانی \عێراق

ئەزموونی کارکردن

2014-تا ئەمڕۆ مامۆستا لە زانکۆی سلێمانی- کۆلێژی هونەرە جوانەکان 2012-تا ئەمڕۆ ئودیست لە ئەنسەمبڵی نیشتمان

2004-2006 پێشکەشکاری بەرنامەی موزیک-ڕۆژ تیڤی

۲۰۰۰-تا ئێستا بیناکار و سەرپەرشتیاری گروپی موزیکی ئەنسەمبڵی ئاگری زیندوو

1998-تا ئێستا سەرپەرشتیاری گروپی موزیک لە مێد تیڤی، مێدیا تیڤی و ڕۆژ تیڤی- بەلجیکا

1998-2000 ڤیۆلۆنسێلژەن (سەرکردە) لە سەمفۆنیای ئۆرکێسترای نەتەوەیی کورد- ئەوروپا

۱۹۹۷-تا ئێستا موزیکژەن، چاودێری تۆمار و ئەندازیاری دەنگ (ستۆدیۆی دەنگی جیاواز- ئەوروپا)

1997-تا ئێستا بەشداری لە زۆرینەی کۆنسێرت و فێستیڤاڵە کوردییەکان لە هەموو ولاتانی ئەوروپا، U.S.A، کەنەدا، کۆریا، ولاتانی عەرەبی، تورکیا و ئێران.

1993-1997 مامۆستا لە پەیمانگای هونەرە جوانەکان- موزیک/شانۆ 1992-1995 سەرپەرشتیاری گروپی موزیکی تەلەفزیۆنی یەکێتی

1991-1997 ڤیۆلۆنسێلژەن (سەرکردە) لە گروپی موزیکی سلێمانی 1991-1997 بنیاتنەری ئۆرکێسترای سلێمانی

1991-1993 ڤیۆلۆنسێلژەن (سەرکردە) لە ئۆرکێسترای نەتەوەیی کوردستان 1989-1997 ڤیۆلۆنسێلژەن (سەرکردە) لە کۆمەڵەی هونەرە جوانەکانی کورد- سلێمانی 1988-تا ئێستا بەرهەمهێنانی زیاتر لە 50 ئەلبوومی سی دی

1987-1997 موزیکژەن، مۆنیتەری تۆمار و ئەندازیاری دەنگ (ستۆدیۆی دەنگی جیاواز- کوردستان(

1983-1997 بەشداری لە سەرجەم کۆنسێرت و فێستیڤاڵەکانی سلێمانی و هەولێر

۲۰۱٦ ئەندامی ئەنسەمبڵی کوردنێوا

2012 ئەندامی ئەنسەمبڵی نیشتمان

۲۰۰۰ ئەندامی ئەنسەمبڵی ئاگری زیندوو

1998 ئەندامی سەمفۆنیای ئۆرکێسترای نەتەوەیی کورد- ئەوروپا 1992 ئەندامی ئۆرکێسترای سلێمانی

1992 ئەندامی گروپی موزیکی سلێمانی

گۆرانیەکە نەبین، دوای ئەوەی کە بەدەستم گەیشت نۆتنووسم کرد و لەسەر دەنگ و سکێڵی گۆرانیەکە ڕێککەوتین، کە مەقامی (حوسەینی) لەسەر تۆنە دەنگی (ڕێ) بوو.

بە بڕوای خۆم تا ئەو ساتەی کەوا من دەستم بە موزیک دانان بۆ ئەم گۆرانیە کرد ، هەموو گۆرانیە هەورامیە ئامادە و تۆمار کراوەکان موزیکی سۆرانیان بۆ دانرابوون و دوو تام و چێژی جیاواز و دوور لە یەکتر لە ناو گۆرانیەکاندا دەهاتنە بەرگوێ. بیرم لەوە کردەوە دەبێت ئەمجارەیان ئەم کارە هونەرییە، سەرتاپا تام و چێژ و بۆنی هەورامی ببەخشێ، هەر بۆیە جوانترین و شیرینترین جووڵەی ناو میلۆدیەکەم دەرهێناو و کردم بە هەوێنی موزیکەکە و بۆم داڕشت، دیارە هەموو ئەو کورتە میلۆدی و جووڵانەی وەرمگرتوون، جارێکی دیکە وەکو ڕستەی میلۆدی خۆم درێژم کردوونەتەوە (تطویل العبارە)، بۆئەوەی ببێتە میلۆدیەکی نوێ بەڵام نزیک لە کەشی میلۆدی گۆرانیەکە، هەروەها هەوڵمدا ئەو ڕستە موزیکانەی وەڵامی گۆرانیەکە دەدەنەوە، جووڵەکانی تەواو هاوشێوەی چریکە و جوڵەی قورگی دەنگبێژێکی هەورامی بێت، هەربۆیە کاتێک گوێمان لە گۆرانیەکە دەبێت، هیچ ڕستە و جوڵەیەکی نامۆ بە گۆرانیەکە نابینین، چونکە میلۆدیەکانی موزیکە ئامادەکراوەکە هەڵهێنجراوی ناو میلۆدی گۆرانیەکەیەن، واتا لە یەک خوری چنراون.

ئەو ئامێرە موزیکانەی لەناو ئەم کارە هونەریەدا بەکارهاتوون بریتین لە (ڤایۆلین، چەلۆ، عود، گیتار، باس گیتار، درامس، کیبۆرد)، هەڵبەتە بە باشم زانی بۆ دەوڵەمەند کردن و ڕازاندنەوەی گۆرانیەکە ئاکۆردی ئامێرەکانی باس و باس گیتار و پادی کیبۆردم بەکاربهێنم، بۆ ئەوەی ببێتە بنکە و باکگراوندێکی بەهێز و ئەکادیمی و سەردەمیانە، هەروەها لەو چوارچێوە هەژارە دەریبهێنم، کە پێشتر تەنیا بە چەپڵە یان لەگەڵ ئامێری دەف و دایرە یان تەنیا شمشاڵێکدا یاوەری و تۆمار دەکرا.

**گۆرانی (نارینێ) گروپی کامگاران*:**

**لە بەشێک لە چاوپێکەوتنێکدا لە ساڵی ٢٠١٥ لەگەڵ گۆڤاری( بەستە نیگار) ی تایبەت بە بواری موزیک، (هۆشەنگ کامگار) بەمجۆرە باسی کارکردنە هونەرییەکەیان دەکات:**

بەپێی ئەو گفتوگۆیانەی لەگەڵ ئەندامانی تیپەکەدا کردمان، بڕیارماندا کە تیپەکە فراوان بکەین و نەک بە زیادکردنی دە کەمانچەژەن، بۆ نموونە پێویستە ئامێری زیاتر بەکاربهێنین و ڕۆڵێکی تایبەت بە هەر ئامێرێکی موزیکی بدەین.

ئێمە بەرهەمەکانمان ڕێکخست و بڕیارماندا تەکنیکەکانی ئاوازدانان ئاوێتەی موزیکی کوردی بکەین لەوانە موزیکی پۆلیفۆنی، خستنەکاری کۆنتەرپۆینت و... هتد، بە شێوەیەک

* تیپی کامگاران لە چلەکانی سەدەی ڕابردووەوە لە شاری (سنە) لە ڕۆژئاوای ئێران دەرکەوتن، سەرەتا بە (حەسەن کامگاران) دەستی پێکرد، کە تا ڕادەی خۆشەویستی عیرفانیی حەزی لەم هونەرە بوو، ئەویش یەکێکە لە هێما گەورەکان لەم هونەرەدا. یەکەم دەرکەوتنی تیپی خێزانی (کامگاران) لە سەرەتای هەشتاکانی سەدەی ڕابردوودا بوو، ئەندامانی تیپەکە خاوەنی بڕوانامەی ئەکادیمین لە بواری هونەر و موزیک بە تایبەتی، هەروەها هەمووان ژەنیارێی لێهاتوون لە سەر زیاتر لە یەک ئامێری موزیک، یەکێک لە دیارترین تایبەتمەندییەکانی گروپەکە ئەوەیە کە تەنها ئامێری موزیکی کوردی بەکاردەهێنن، تا ئێستا ئەم گروپە چەندین کۆنسێرتی لە زۆرێک لە وڵاتانی بیانی و عەرەبی پێشکەش کردووە، ڕەنگە دیارترین بەشداریکردنیان لە خەڵاتی نۆبڵ بێت کە مەراسیمێک بوولە ئۆسلۆ سازکراو حەوت برا و نەوەکانی حەسەنی کامگارن تێیدا بەشداربوون. نهێنی سەرکەوتنی تیپی کامگاران دەگەڕێتەوە بۆ پەیڕەوکردنی شیکارییە زانستییەکان، کە تەرکیزیان لە سەر موزیک کردووە جگە لە وەڵامدانەوەی سەلیقەیی خەڵک بۆ شاکارەکانییان، ئەوان میوزیکەکانییان نیشانەیەکی جیاکەرەوەیە بۆیان و ئەمەش جیایان دەکاتەوە لە گروپە هاوشانەکانییان. ئەم جیاکەرەوەیە، لە ئەنجامی هەوڵێکی ئەکادیمیدا لە ڕێگەی بەدەستهێنانی بڕوانامەی بەرزی ئەکادیمی و توانای ئاوازدانان بەدەستهاتووە، کە سوود لە کەلەپوور وەک بنەمایەکی نەتەوەیی و ناوخۆیی وەردەگرێت، کاتێک موزیسیان پەنا بۆ پڕۆسەی خستنەکاری توخمە موزیکییەکانی ئەو دەوڵەمەندییە موزیکییە دەبات کە بە هارمۆنی دەنگی لە میلۆدی و گۆرانییەکانی موزیکی نەریتیدا نوێنەرایەتی دەکرێت، وەک ئامرازێکی هونەری پەنای بۆ دەبات، بۆ ئەوەی نەکەوێت و نەکەوێتە ناو. ڕاستەوخۆیی کە جوانیی داهێنەرانە لە باردەبات لە کارە هونەریەکەدا، بۆیە پێویستە کارلێکی هونەری لە نێوان ئەو دوو نیشانەدا هەبێت، کەلەپوور وەک واقیعێکی مێژوویی بۆ هێماکە. واتای هونەری هاوچەرخ ئەو ئامرازە هونەرییەیە کە بۆ دروستکردنی پڕۆسەی داهێنەرانە لە کارێکدا بەکاردەهێنرێت . ئەم گروپە پێکهاتەکانی دیدگای خۆیان پەرەپێداوە، بۆ ئەوەی ڕەگ وڕیشەی لە قووڵایی کەلەپووری کەلتووری و فەلسەفەی موزیکییدا بێت کە ڕۆحی ئەو سەردەمەی لێیەوە وەردەگرن، بۆ ئەوەی نوێنەرایەتی و دواتریش ئەو کلتوورە جەماوەرییە هەڵگرێ کە مەبەستییەتی، واتە واتا و کاریگەرییە هزری و جوانییەکانبن، بۆ ئەوەی ڕاستییە کۆمەڵایەتییەکان و ماناکانیان بۆ ئێمە وێنا بکەن و گوزارشت لە سروشتی پێکهاتە هونەرییەکەیان بکەن.

لەگەڵ ناوەرۆک و دەربڕینی موزیکەکە دا بگونجێت. لە زۆربەی پارچە ئۆرکێستراکاندا، یاوەریەکان ڕۆڵێکی جیاواز دەگێڕن؛ واتە پێکەوە میلۆدییەکی سادە پێشکەش ناکەن، بەڵکو لە ڕووی پێکهاتەوە، ڕێکخستنی جیاوازیان هەیە و پێویستە بزاندرێت، کە دەتواندرێت ئامێری موزیکی مۆدێرن بەکاربهێندرێت، واتە ژەنینی میلۆدییەک بە چەندین ئامێرەوە. بە بڕوای من کاری هونەری دەبێت لایەنی هونەری و زانستی هەبێت، هەروەها دەربڕینێکی جوان و سۆزداری هەبێت، بۆ ئەوەی گوێگر بۆ لای خۆی ڕابکێشێت. کاتێک  کەسێک بلیتێک بۆ کۆنسێرتێک دەکڕێت و دێتە هۆڵەکە، هەستێکی دەوێت کە تێیدا وروژێنەر بێت و چێژ وەربگرێت، هەروەها ئاوازدانەر دەبێت، بتوانێت هەستی خودی کارەکەی بە بیسەر بگەیەنێت ، ئەگەر نا ستایلە ئەبستراکتەکە هیچ سوودێکی نییە.

**(کوردۆ سەردار) بەمجۆرە باس لە بیرۆکەی دانانی کاری(سەیران) دەکات:**

**سەیران(Seiran) *بۆ پیانۆ (For piano)**

ئەم کارە پارچەیەکە بۆ ئامێری پیانۆ بە تیمپۆی بەشێنەیی (Andante)، واتا بۆ هەر نوارێک 77 لێدان لە خولەکێکدا (q77=)، کارەکە پێکهاتووە لە حەفتا و یەک خانە کە لە ڕووی بەکارهێنانی ڕێبەری کێشەوە، خانەکان جیاوازن، کارەکە لە رووی کاتەوە دوو خولەک و نیوە، کە تێیدا دوو میلۆدی کوردی دوو ناوچەی جیاوازی کوردستان بەکارهاتووە و تا ڕادەیەک بە شێوەی سێریال موزیک *(Serial Music) موزیکی زنجیرەیی دووازدە دەنگی، هارمۆنیەکەی دارێژراوە.

---

* کوردۆ سەردار محەمەد

- لە ساڵی ١٩٨٤ لە شاری ڕانیە ی باشوری کوردستان لە دایک بووە.
- کۆلێژی هونەرەجوانەکانی زانکۆی سلێمانی بەشی موزیک ( لقی موزیکدانان) ی بە یەکەمی سەر ئاستی لقی موزیکدانان و سێیەمی سەر ئاستی بەشی موزیک لە ساڵی خوێندنی ٢٠١٤ - ٢٠١٥ تەواو کردووە.
- دەرچووی بەشی موزیکی پەیمانگای هونەرەجوانەکانی سلێمانیە لە ساڵی خوێندنی ٢٠٠٢- ٢٠٠٣ بە پلەی سێیەم.
- موزیکدانەر و ژەنیاری ئامێری پیانۆیە. لە منداڵیەوە بەشدار لە خولی موزیک کردوە و بۆ یەکەم جار لە ساڵی ١٩٩٣ و لە تەمەنی ٩ ساڵی لە سەر ستەیج موزیکی ژەنیووە و بە شداری کۆنسێرتێکی لەگەڵ تیپی موزیکی کازیوە لە ڕانی. کردووە. شەش ساڵ ماموستای پەیمانگای هونەرە جوانەکانی ڕانیە بووە و ماوەیەک سەرۆکی بەشی موزیک بووە لەو پەیمانگایە. لە چەندین خولی موزیکی وانەی و تووەتەوە

ئێستا ماموستای موزیکە لە بەشی باخچەی ساوایانی کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی زانکۆی ڕاپەرین لە ڕانیە، ماوەی دوو ساڵ سەرپەرشتیاری چالاکیە هونەری و ڕۆشنبیری زانکۆی بووە لە بەڕێوبەرایەتی چالاکی هونەری و وەرزشی زانکۆی ڕاپەڕین..

- خاوەنی چەندین دانراوی موزیکییە بۆ ئۆرکێستراو گروپە جیاوازەکانی تر و دوو لە دانراوە موزیکییەکانی بۆ ئۆرکێسترای ژێدار، لە لایەن ئۆرکێسترای سلێمانی نمایشکراوە بە ناوی ( ئەیار) بە ڕابەرایەتی مایسترۆ مستەفا عباس، ( بارانە) بەڕابەرایەتی دکتۆر ( عبدولا جەمال سەگرمە ).یەکێک لە دانراوەکانی بۆسیانی ژێدار بۆ یەکەم جار لە شاری (Kalamazoo ) ی ویلایەتی(Michigan ) لە ویلایەتە یەگرتووەکانی ئەمریکا نمایشکراوە.یەکێک لە و دانراوانەی کە بۆ ئامێری پیانۆ نوسیویەتی میلۆدیەکی کوردییە کە گۆرانیەکی هونەرمەند (حەسەن زیرەکە) و وا دایناوە؛کە لەکاتی ژەنیندا تەنها کلیلە ڕەشەکانی پیانۆ بەکار بێت
- خاوەنی چەند ڤیدیۆ موزیکێکە وەک کاردانەوە بۆ نەهامەتیەکانی جەنگ بە تایبەت لە سەر منداڵ.
- ئێستا لێپرسراوی هۆبەی ڕۆشنبیری سەرۆکایەتی زانکۆی ڕاپەرینە ..

*"سێریال موزیک: پەرەسەندنێکی گرنگی دانانی موزیک بوو کە لە کۆتایی سەدەی نۆزدەیەم و سەرەتای سەدەی بیستەمدا لەلایەن دانەری نەمسایی ئارنۆڵد شۆنبێرگ (Arnold Schoenberg) ەوە داهێنرا، لەم سیستەمەدا ئۆکتاڤێک بۆ دووازدە نۆتەی نیوپلەی دابەشدەبێ و هەر نۆتەیەک هەمان گرنگی نۆتەکانی دیکەی دەبێت . واتە : گشت نۆتەکان لە گرنگیدا یەکساندەبن. دووازدە نۆتەکەی ئەم سیستەمە، وەک دووازدە نۆتەکەی پەیژەی ڕەنگین (Chromatic Scale) بەکارناهێنرێن، بەڵکو بە شێوە ریزکردنێکی جێگیر ڕێکدەخرێن."

بۆ ئەم کارە سەیری چەند سکۆرێکم کردووە کە کارەکان بۆ ئامێری پیانۆ نووسراون و بە شێوازی موزیکی نوێ دارێژراون، وەک کارێکی موزیکدانەری کورد د. عەبدوولا جەمال سەگرمە کە سۆناتایەکە بۆ ئامێری پیانۆ بە ناوی (شاربازێر)، هەروەها کارێکی موزیکدانەری فەرەنسی پیریە بولیز (Pierre Boulez) کە ئەویش سۆناتایەکە بۆ ئامێری پیانۆ (Premiere Sonata ) و چەند کارێکی تر.

بەکارهێنانی میلۆدی میللیی و فۆلکلۆری لەنێو کارە ئۆرکێسترایەکان و ئاوێتە کردنیان لەنێو موزیکی کلاسیکی ئەوروپی، بۆ چەندین ساڵ لەمەوبەر دەگەرێتەوە، بە تایبەت کاتێک هەریەک لە موزیکدانەران بیلا بارتۆک (Bela bartok) و زۆڵتان کۆدای (Zoltan kodaly) هەستان بە کۆکردنەوەی موزیکی ڕەسەنی هەنگاری و موزیکی فۆلکلۆری سەرجەم ئەوروپای ڕۆژهەلات و توانیان موزیکی میللیی و فۆلکلۆری لەگەڵ موزیکی کلاسیکی ئەوروپی تێکەڵ بکەن.

هەڵبژاردنی ناوی (سەیران) بۆ ئەم کارە، پەیوەستە بە بەکارهێنانی ئەو دوو میلۆدییە کە بەکارهێنراون، لەم کارەدا دوو گۆرانی ڕیتمیی خێرا و لە کوردەواریدا لە کاتی سەیران و گەشتەکان دەچڕدرێن. "گۆرانی (پەپوسلێمانی) یەکێکە لە میلۆدیە دیارەکانی ناوچەی ئەردەلان"، کە لە بەشی یەکەمی ئەم پارچەیەدا دوای نمایشکردنی پێشەکی (Introduction)، کە شەش باڕی  سەرەتایی کارەکە پێکدەهێنێت دەردەکەوێت، گۆرانی (پەپوسلێمانی) یەکێکە لە میلۆدیە بەربلاوەکان لەنێو چین و توێژە جیاجیاکانی کۆمەڵگە و تایبەتە بە ناوچەی ئەردەلان.

"ئەم میلۆدیانە بەشێکن لە پاشماوە و کاری گەلی کورد لە ناوچەی ئەردەلان، کە هەروەک ناوچەکانی دیکەی کوردستان ئەمارەت و میرنشینیان تێدا هەڵکەوتوە، موکریان و سۆران و بۆتان و بابان ..... هتد، خاوەنی مێژوو و فۆلکلۆر و ئەدەبیاتی تایبەتی خۆیەتی، چونکە هەموو ناوچەکانی کوردستان تایبەتمەندی خۆیان لە داڕشتنە ئەدەبی و هونەرییەکاندا هەیە."

**بەشی یەکەمی تێمای یەکەم:** ئەم تێمایە، کە بەشی یەکەمی میلۆدیەکەیە، لە باڕی حەوتی پارچەکە دەردەکەوێت و بە دوو شێوەی جیاواز بەر گوێ ئەکەوێت، دواتر بەشی دووەمی میلۆدیەکە خۆی نمایش ئەکات و بە سێ شێوەی جیاواز دەردەکەوێت.

لە باڕی نۆزدەی کارەکەدا، جارێکی تر تێمای یەکەم لە چینە گڕەکاندا دەردەکەوێت و بەچەند گۆڕانکاری و تەکنیکێک هەموو تێماکە پێشاندەدرێت و لەوێوە کارەکە بەرەو تێمای دووەم دەڕوات. دیارە بە هەمان شێوەی بەشی یەکەم، بەشی دووەمیش بەکارهێنانی میلۆدیەکی کوردیە، ئەم گۆرانییە بۆ شاری مهاباد وتراوە کە شارێکی مێژوویی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە، کە لە لایەن گەلێک لە گۆرانی بێژانی میللی و نوێ چڕدراوەتەوە، لەوانە (کەریم خەمزەیی و ڕەشید فەیزی نەژادی.. هتد)

بەشی دووەمی کارەکە لە باڕی سی و یەک دەست پێدەکات، خێرایی ئەم بەشە دەگۆڕێت بۆ تیمپۆیەکی خێراتر (Allegro) واتا بۆ هەر نوارێک 120 لێدان لە خولەکێکدا (q120=)، "زاراوەی (Allegro) لە زمانی ئیتالیدا مانای خێراو شادی دەبەخشێ بەڵام لە ڕووی موزیکییەوە، تەنیا مانای خێرایە. بۆنموونە: جووڵەی سێیەمی سیمفۆنی پێنجەمی بتهۆڤن خێرایە (Allegro) یە، بەڵام مەرج نییە، شادیبەخش بێ."

ئەم بەشەش بە چوار باڕی پێشەکی (Introduction) دەستپێدەکاتکە لە ڕووی ڕێبەری کێشەوە جیاوازن، لە باڕی سی و پێنج تێمای دووەم دەستپێدەکات و میلۆدیەکە زۆر بە ڕوونی لای دەستی ڕاستی پیانۆ دەردەکەوێت، بە هەمان شێوەی بەشی یەکەمی کارەکە زمانی دارشتنی هارمۆنیەکەی بەشی دووەمیش بە شێوازی سریال موزیک دارێژراوە (Serial Music)، واتە موزیکی زنجیرەیی دووازدە دەنگی.

**تێمای دووەم:** بەبەردەوامی تا کۆتایی کارەکە، ئەم تێمایە بە چەندین شێوەی جیاواز دەردەکەوێت لە نێوان دەستی ڕاست و دەستی چەپ و بەبەردەوامی هەمان تێما لە چینە دەنگیە جیاجیاکان هات و چۆ دەکات.

له هەندێ شوێنی کارەکەدا تێماکە، بەشی یەکەمی دەکەوێتە چینە بەرزەکانی ئامێری پیانۆ و بەشەکەی تری دەکەوێتە چینە نزمەکان هەروەها بە پێچەوانەشەوە . لە بارِی شەست تەکنیکی گەورەکردن (Augmentation) بەکارهێنراوە، واتە هەمان تێما بەڵام کاتەکانی گەورەکراون بۆ دوو هێندەی خۆی."(Augmentation) ئەمە لە رێگەی گۆرینێکی راستەوخۆی بەهای کاتیی نۆتە و دەنگە موزیکییەکانی (مۆتیڤ)ەکەیە بۆ دوو ئەوەندەی کاتی بنچینەیی، بۆ نموونە ( گۆڕینی نۆتەی نوار بۆ بلانش) کەواتە بەم پێیە لە سەر بنەمای درێژتربوونی کات و بەهای نۆتە موزیکییەکان ئەم گۆڕانە ئەنجام دەدرێت."

**گەورەکردنی تێمای دووەم:** تێمای دووەم لە دوای بارِی شەست و شەش چەند جارێکی تر دەردەکەویت، بە شێوەیەک کە جووڵەیەکی بەردەوام دروست دەکات لە نیوان چینە جیاجیاکاندا هەر لە دەنگە گرەکانەوە تا بەرزترین چینی دەنگی ئامێری پیانۆ (هەموو بەشەکانی چینە دەنگیەکانی ئامێری پیانۆ)، دواجار کارەکە بە کۆردێک بە کاتی کرۆش کۆتایی دێت.

## (نەهرۆ زاگرۆس) *بەمجۆرە باس لە بیرۆکەی دانانی کاری(لاوک) دەکات:

* نەهرۆ زاگرۆس1974، زمان :ئینگلیزی، کوردی (سۆرانی، بەهدینی و کورمانجی) و عەرەبی.

زانکۆی یۆرک لە بەریتانیا. (دکتۆرا ئەنترۆپۆلۆژی/ ئێتنۆمۆزیکۆلۆجی). تۆڕی سەرکردایەتی لاوانی جیهانی (WYLN)، نیویۆرک، ئەمریکا. پەیمانگای زێڕین بۆ ستراتیژی نێودەوڵەتی، واشنتۆن دی سی، ئەمریکا. پڕۆگرامی خوێندنی کوردی، زانکۆی سێنتڕاڵ فلۆریدا، ئەمریکا. پڕۆگرامی بەکالۆریۆس لە ئێتنۆمۆزیکۆلۆجیا، زانکۆی سلیمانی. پەیمانگای نێودەوڵەتی بۆ لێکۆڵینەوەی کۆمەڵگە کوردییەکان، (IISKS) ئەڵمانیا.

وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی، حکومەتی هەرێمی کوردستان، خوێندنی سیاسی کوردی، زانکۆی فلۆریدای ناوەڕاست، ئەمریکا. سەرنانەری موزیکی ڕۆژنامەی کوردستان کرۆنیکڵ. ڕاوێژکاری سەرۆکی زانکۆی سۆران بۆ پەیوەندییە ئەکادیمییە نێودەوڵەتییەکان.

VP کاروباری ئەکادیمی زانکۆی سۆران کوردستان – عێراق. مامۆستای زانکۆی سلێمانی. مامۆستای میوان لە کۆلێژی هونەرەجوانەکان لە زانکۆی سەلاحەدین لە هەولێر هەولێر. بەڕێوەبەری پەرەپێدانی مەنهەج. وەزارەتی خوێندنی باڵا، حکومەتی هەرێمی کوردستان.

بەڕێوەبەری کاروباری ئەکادیمی و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان لە زانکۆی سۆران. زانکۆی یۆرک (بەریتانیا) بە شێوەیەکی نیوەکاتی.

ڕاوێژکاری باڵا، دەستەی کارگێڕی زانکۆی سۆران

کتێب

هەرێمی کوردستانی عێراق: ڕێگەیەک بۆ پێشەوە. زانکۆی جۆنز هۆپکینز/ پەیمانگای بروکینگز، واشنتۆن دی سی ئابی ٢٠١٧.

بابەتەکانی کتێب

بڵاوکراوەی UCL (پەناگە لە جیهانێکی جووڵاودا): 'پێشبینی هێورکەرەوە: دیدگاکانی ئێزدییەکان سەبارەت بە ئازارەکانیان لە ژێر دەسەڵاتی دەوڵەتی ئیسلامی و سەبارەت بە داهاتوویان.' کانوونی دووەمی ٢٠١٩.

ڕۆتلێدج (کتێبی دەستی لە سەر کوردانی ئەوی): 'مەعمودیەت و مەعمودی ئێزدی: خۆڕاگری، یەکگرتنەوە و گونجانی ئایینی.' کانوونی دووەمی ٢٠١٨.

بڵاوکراوە ئەکادیمییە هەڵبژێردراوەکانی ئەم دواییە

1. پێشبینی پالیاتیڤ: دیدگای ئێزدییەکان سەبارەت بە ئازارەکانیان لە ژێر دەسەڵاتی دەوڵەتی ئیسلامی و سەبارەت بە داهاتوویان. پەناگە لە جیهانێکی جولاودا. بڵاوکراوەکانی UCL 2020.

2– مەعمودیەت و مەعمودی ئێزدی: خۆڕاگری و یەکگرتنەوە و گونجانی ئایینی. دەستنووسی ڕۆتلێدج لە سەر کورد، 2019 لاپەڕە: 202 – 2014.

3. کەمینەی ئایینی بوون لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست: ناسنامە و ماف و نوێنەرایەتی سیاسی: ئەزموونی کوری. کۆمەڵگەی ئایینی، ٢٠١٨، چاپ. ن زاگرۆس، ن کۆپۆلا.

4. 'موزیکی کوردی لە ئەرمینیا: موزیکی ئێزدییەکان.' سەرلەنوێ سەردانی پرسی کورد کرایەوە. ئێد. گاریس ستانسفیلد و محەمەد شەریف. بڵاوکراوەکانی هێرس/ئۆکسفۆرد، ٢٠١٧. http:// www.hurstpublishers.com/book/the-kurdish-question-revisited/

5. 'مێژووی جنۆکەیی و گۆڕستانی ناڕوون لە کوردستانی عێراق،' گۆڤاری مێژووی زارەکی: بەهاری 2016 ل 37 – 46.

6. 'تێگەیشتن لە داعش' گۆڤاری توێژینەوەکانی باشووری ئاسیا و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست 38 (زستانی 2015).

7. 'داعش تا چەند ترسناکە؟' گۆڤاری ئەنجومەنی سیاسەتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. بەستەر: http:// www.mepc.org/articles-commentary/commentary/چەند-ترسناک-isis

8. 'بۆچی ناتوانین لە داعش تێبگەین؟'، هێرست 2014

تێبینی: بۆ هەموو بڵاوکراوە ئەکادیمییەکانم، تکایە سەردانی ئەم لینکە بکەن: https://scholar.google.com/citations?بەکارهێنەر=ZIIXxFYAAAAJ&hl=en

وتار و پێشکەشکردنی کۆنفڕانسی هەڵبژێردراو، زانکۆی فرانکفۆرت، ئەڵمانیا – سیمپۆزیۆمی ئێزدیزم: ئێزدی لە ئەرمینیا و جۆرجیا.

زانکۆی تەکنیکی ئەستەنبوڵ، ئەستەنبوڵ: 'ئەزدی لە ئەرمینیای دوای سۆڤیەت.' زانکۆی یۆرک، بەریتانیا: 'سیاسەتی کورد لە ڕوانگەی ئابووری–کۆمەڵایەتییەوە.'زانکۆی یۆرک: 'کلتوور و ناسنامە – ئێزدی بە زمانی ئەرمەنی و جۆرجیا.'

ئەنجومەنی بەریتانیا، عەممان، ئوردن: 'کلتوور و ململانێ لە کوردستان.' زانکۆی سۆران: 'کوردستان لە نێوان ڕابردوو و ئێستا.'

ئەم کارەی من کردوومە، بریتییە لە موزیکێک، بە ئامێرەکانی زیندووی ئەلیکترۆنی و بەشێوازی دابەشکردنێکی هارمۆنی کە بتوانێ لە زۆر ڕوووەوە، لەگەڵ ناوەرۆک و تێکستی ( لاوک)ەکە یەکانگیر بێت ئەنجامدراوە. (کاوێس ئاغا) لەم لاوکەدا باس لەو خیانەت و ڕۆڵی نەگەتیڤانەی ئەوسای هەندێ لەو خەڵکانە دەکات، کە دەستەڵاتێکی فراوانییان لە کوردستاندا هەبووە. بۆیە ئاساییە کە دابەشکردنە موزیکییەکە لەنێو پەڕەگرافەکان و کۆنتێکستە موزیکییەکەی، هەڵگری بنیادێکی کۆنتراستی موزیکی بێت. سەرەڕای ئەوەی کە لەو کارەدا زۆرترین مەودای هارمۆنی بۆ فراوانکردنی بەشە جیاجیاکانی پێرفۆرمەنسی دەنگ تەرخانکراوە. ئەم کارە وەکو دەستپێکێکی گرنگ لە مامەڵە کردنی موزکدانەری کورد لەگەڵ موزیکی ئەلیکترۆنی و خستنەکاری کەلەپوورێکی پێرفۆرمەنسی دەنگ لەنێو ئەو موزیکە هاوچەرخ و نوێگەرییە دەژمێردرێت.

**٤-٦سیستەمی شیکاریی:**

(دەنگ - بە تەنیا - خاڵییە لە ناوەرۆک و بۆ ئەمەش پێویستی بە مامەڵە و چارەسەری هونەری هەیە، بۆ ئەوەی ببێتە دەربڕین و گوزارشت لە ژیانی ناوەوە. دەنگەکان وەک خۆیان بەرهەمێکی هونەری پێک ناهێنن، بەڵکو دەنگەکان دەبێت لە پەیوەندی جیاوازدا لەگەڵ دەنگەکانی تردا بوونیان هەبێت، بەجۆرێک یەکێتییەکی زیندوو و ئۆرگانیکی نێوان دەنگەکان، کە یاسای بنەڕەتی موزیکییە، ئەم یەکێتییە پێکدەهێنن لە سەر بنەمای یەکسانی و نایەکسانی بەو مانایە، هونەرمەند لە ڕێگەی پەیوەندییەکانەوە موزیک و ڕێژەی چەندایەتی نێوان دەنگەکان بە تەنها پێشکەش ناکات، بەڵکو لە ڕێگەی ئەو فۆرمە هزرییە و دەروونییەوە، کە لایەنی چەندایەتی لە موزیکدا کۆنترۆڵ دەکات. ڕێژەی چەندێتی کارە موزیکییەکان یەکێتیی ئۆرگانە هونەرییەکان ناخاتە ڕوو، چونکە هونەرمەند دەبێت ئەم پەیوەندییە چەندایەتیانە بەکاربهێنێت، بۆ ئەوەی بتوانێ گوزارشت لەژیانی ناوەوە بکات).[1]

---

[1]- رمضان غانم و محمد بسطاويسي، جماليات الفنون و فلسفه التاريخ الفن عندهيجل، المؤسسة الجامعية للدراسات والنشر والتوزيع، ط ١، بيروت، ١٩٩٢، ص ١٦٣.

دانراوی موزیکی بریتییە لە حاڵەتی بەدیهێنانی دەربڕینەکە و گرنگیدان بە داب و نەریتی موزیکیی و چۆنیەتی پراکتیزەکردنی ئەو دانراوە موزیکییانە لە سەر ئەو ئامێرانەی بۆیان نووسراون. دانراوی موزیکییش پەیوەستە بە هەڵبژاردنی بۆتەی موزیکیی بۆ ئەم پارچە و ئەو بۆتانەی کە لەلایەن ئاوازدانەرەوە لە ڕێگەی خوێندنی ئەکادیمییەوە ناسراون. دانراوەکانی موزیکی لە چوار توخمی بنەڕەتی پێکهاتووە: ئاواز، ڕیتم، هارمۆنی، مۆرکی دەنگیی، ئەم چوار توخمە کەوتوونەتە ژێر ئاوێتەیی کات وچنینی هارمۆنی بە شێوەی سازانی دەنگی. ئەم چوار پێکهاتە لە بنیادنانی هەر فۆرمێکی موزیکی سیستماتیکیدا جێگیرکراون، بەپێی شێواز و میتۆدی زانستی دروست لە پێکهاتەی موزیکدا بنیادنراون.

(ئەگەر پێکهاتەی ستوونی موزیکی ئەورووپی بەو شێوەیەی ئێستا دروست بووبێت ئاوا موزیکی ئێمە هێشتا پڕە لە میلۆدی ئاسۆیی و دەوڵەمەندە بە ڕیتمە جۆراوجۆرەکانی. چەمکەکانی هارمۆنی کۆک و ناکۆک بەپێی ستانداردەکانی هارمۆنی ئەوروپایی، هێشتا بە گوێچکەی زۆرینەی خوازیارانی هارمۆنی لە وڵاتەکەماندا تازە بابەت و نامۆن، مەگەر ئەوچەمکانەی هارمۆنی توانیبێتیان هوشیارییەکی جوانی (خودی) پێکبهێنن، کە توانای ئەوەی پێبدات ئەو موزیکییەی بنیادنانی ئاسۆیی و ستوونییان پێکەوە هەیە، لە خۆیان بگرێت. هەرچۆنێک بێت، تا ئێستا و هێشتا وشیاری ئیستاتیکی زۆرینەی خەڵک تایبەتمەندیی وتایبەتمەندییەکانی خۆی بە شێوەیەکی سەرەکی لە تایبەتمەندییەکانی خودی موزیکی نەتەوەیی وەرگرتووە).[1]

زانستی هارمۆنی (هەروەها کۆنتەرپۆینت، زانستی فۆرمولەی موزیک، میتۆدەکانی شیکاری موزیک، زانستی جوانیی موزیک...) یەکێکن لەو زانستانەی دەبێت بەبێ دوودڵی و ترس بیخوێنین و فێرکاریشی بۆ فەراهەم بکەین، چونکە ئەوە (پەیوەندی بە لایەنەکانی پیی‌شەگەریی وئەکادیمییەوە هەیە، هەروەها وەک ئامرازێکی پێویستیش، پەیوەستە بە تێگەیشتن لە کلتوورە موزیکییەکانی دیکەو شوێنی دووبارە ڕەگداکوتان و خستنەکارییە

[1]- محمد عزيز شاكر زازا، علم الهارمونية، ط١، دار الحصاد للنشر والتوزيع، سورية، دمشق، ١٩٩٣، ص١٩.

لەنێو زانستەکانی کەلتووری موزیکی نیشتمانیدا. بۆیە جیاوازییەکی گەورە لە نێوان سەرسامی و کاریگەریی نائاگایانەی کەرەستەی کلتووره جیهانییەکان، لەگەڵ لێکۆڵینەوەی هۆشیارانه و سیستماتیکیدا هەیە).[1]

**٤-٥- بنیادنانی موزیکیی و میلۆدیی له هارمۆنیدا:**

لێرەدا دەبێت ئاماژە بەوە بکرێت، کە (بنیادنانی موزیکیی کارێکی بنەڕەتییه لە موزیکدا، چونکه هەر پارچە موزیکییەک بەپێی پلانێکی تایبەت بۆ فۆرمێک داڕێژراوە، لەوانەش گۆڕانکاری لە سەر میلۆدییەک. ئایا پێکهاتەی موزیکەکە لەکاتی پابەندبوون بە فۆرم و بنیادییەوە (ناوەرۆکەکەی دەپارێزێت)؟ (دیرک کوک) وەڵامی ئەمە دەداتەوە و دەڵێت: موزیک لە هۆشیاری سۆزداریدا بێتوانا نییه، تەنانەت ئەگەر بە یاساکانی بنیادنانی موزیکیش سنووردار بێت. ئەو هونەرمەندەی کە شتێکی هەیەو دەیەوێت بە زمانەکەی دەریببڕێت، نەوەک بە شێوەیەک بیت کە مانا بەخشی ناوەرۆکەکەی نەگەیەنێت).[2]

**- دانەری موزیک:**

(موزیکژەن بە غەریزەیی جۆرە جیاوازەکانی پەیوەندی نێوان دەنگەکان لەبەرچاو دەگرێت، بەم شێوەیە هەستی مۆداڵی پەیوەستە بە توانای بیستن بۆ جیاکردنەوەی بەرزی وچڕی و ماوەی دەنگەکان لەلایەک. لە لایەکی دیکەوە، گەوهەری هەستی خۆی لە تێگەیشتن و درککردن و جیاوازی هەڵچوونەکانی لە پەیوەندییە ئەرکیەکانی نێوان ئەو دەنگانەی موزیکەکە پێکدەهێنن دەبینێتەوە).[3]

---

[1]- محمد عزيز شاكر زازا، علم الهارمونية، سەرچاوەی پێشوو، ص٢٣

[2]- علي الشوك، أسرار الموسيقى، دار المدى للثقافة والنشر ط١ سوريا دمشق، ٢٠٠٣، ص١٥١

[3]- حسام، يعقوب إسحاق، الموسيقيين و موسيقياتهم و سمعهم الموسيقي في قسم الفنون الموسيقية كلية الفنون الجميلة، بغداد، مجلة الأكاديمي، العدد، ٥٦ لسنة ٢٠١٠، ص ٣٤٣.

## - دانراوی موزیکیی ڕۆژهەڵاتی:

دانراوی موزیکیی ڕۆژهەڵاتی دوو جۆری هەیە:

١- (دانراوی موزیکیی ئیستاتیکی کە تیایدا کاری داهێنەرانەی موزیکیی گرنگە و ئەمەشییان بێ گوێدانە ئەو ناوەڕۆکەی کە دەکرێت دەربببڕێن. بۆیە دانەری موزیکیی خەیاڵ وهەستە جوانییەکانی خۆی واڵا دەکات، بەبێ ئەوەی هیچ کۆت و بەندێک سنووورداری بکات.

٢- موزیکی ناوەڕۆکئامێزو پەیوەست و پەیوەندیدار بە دەربڕینی ڕووداوێکەوە.

لێرەدا مەبەست لە موزیک، دەربڕینی هەموو هەست و سۆزە ئاوێتەکراوەکانی مرۆڤە، ئەگەر پەنا بۆ لێکۆڵینەوەیەکی تەواو لە مۆد وڕەگەزەکانی موزیکیی وپێکهاتە هونەرییەکانییان نەبەین.

لە دانراوی موزیکیی جوانیدا، پەنابردن بۆ فراوانکردنی ڕستەی میلۆدی هەمیشە کارێکی لە پێشینەیە، ئەم کارلێکانە دەبێت بەپێی مۆدە ڕۆژهەڵاتییە بەکارهێنراوەکان لێکۆڵینەوەیان لە سەر بکرێت، لێرەدا ئاماژە بەوە دەکەم کە ئێمە مەیلی پۆلیفۆنیمان* هەیە، کە پێکهاتەی میلۆدییەکانە، هەروەک چۆن گوێچکەی ڕۆژهەڵاتی خووی بە بیستنی یەک میلۆدی گرتووە،

---

* پۆلیفۆنی (Polyphony) بە ڕەچەڵەک وشەیەکی یۆنانییە، لە دوو برگە پێکهاتووە(پۆلی) بە واتای ژمارە یان زۆر دێت و (فۆن) یش بە واتای دەنگ دێت.

هدى سامي، قطب، لأسلوب البوليفوني عند باخ من خلال كتاب (فن الفيوج)، رسالة دكتوراة غير منشورة، كلية التربية الموسيقية، جامعة حلوان، القاهرة، مصر١٩٨٩، ص٦١.

مانا گشتییەکەی بریتییە لە چنینی پۆلیفۆنی و لە دوو جۆر پێکهاتووە: یەکەمیان (هارمۆنی) و لە دوو شێوە پێکهاتووە: فرەیی ستوونی کە پێکدێت لە بیستنی دوو تۆن یان زیاتر لە یەک کاتدا، فرەیی ئاسۆیی، کە لە میلۆدی و هاوسەنگی هارمۆنی پێکهاتووە، دووەم: (پۆلیفۆنی) لە فرەیی ستوونی پێکدێت، کە لە یەک یان زیاتر میلۆدی پێکهاتووە و لە هەمانکاتدا دەبیسترێت، بەڵام بە سەربەخۆیییەکی ڕەها میلۆدی بۆ هەر هێڵێکی میلۆدی لە ئەوی تر جیای دەکاتەوە. سەبارەت بە چەمکە موزیکییەکەی ئەم زاراوەیە، ئاماژە بە چەندین میلۆدی دەکات، کە لە هەمانکاتدا دەبیسترێن و گرنگی میلۆدی و ڕیتمییییان لە ڕوانگەی ئاسۆییەوە یەکسانە و ئەم دەنگانە لە هەمانکاتدا هاوسەنگن و بە شێوەیەکی ستوونی لەگەڵ یەکتردا هاوئاهەنگ دەبن.

إكرام، مطر، تعدد التصويت في الغناء المدرسي، رسالة ماجستير غير منشورة، كلية التربية الموسيقية، جامعة حلوان، مصر.١٩٧١.

چەمکی (پۆلیفۆنی) وەک یەکەم چەمک وایە لە ڕووی زنجیرەی ڕەهەندی لە میلۆدیدا بە شێوەیەکی ئاسۆیی و جیاوازی پۆلیفۆنی لەوەدایە، لە چەندین ڕیڕەوی میلۆدی ئاسۆیی پێکهاتووە، کە لە سەر چینە دەنگییە جیاوازەکان دابەش دەکرێن.

به هەمان شێوە دەتوانێت خوو بە بیستنی دوو میلۆدی، کە لە یەک کاتدا هاوئاهەنگ بن بگرێت، بەڵام بۆ یەکجار نا. با سەرەتا ئاوازە ڕەسەنەکە ئەزبەر لە هزری گوێگردا لەنگەر بگرێت، پاشان پەنا بۆ کارلێکە پۆلیفۆنییەکان ببەین، بۆ ئەوەی تیشک بخەینە سەر ئەو جوانییەی کە بە تاک ئاوازە میلۆدییەکان نیشان نەدرابوون).[1]

- **کۆنتراپۆینت:** دژە خاڵ، (دژە خاڵێکی میلۆدی، میلۆدی دژبەیەک، تۆنێک بەرامبەر تۆنێک، زانستێکە یان شێوازێکی ئاوازدانانی موزیکییە کە یاسای تایبەتی خۆی هەیە، لە سەدەی پازدەهەمدا دەرکەوتووە و دەتوانرێت لە هەر جۆرە دانراوێکی موزیکیدا بەکاربهێنرێت، هێڵێکی میلۆدییە - یان زیاتر - سەربەخۆ کە یاوەری میلۆدی سەرەکی و لە هێڵێکی ئاسۆیی لە هەمانکاتدا دەکات، بە مەرجێک هەریەکەیان تایبەتمەندیی ورێگەیەکی جیاوازی خۆی هەبێت، ڕیتمێکی خودان خۆی لە هەمان مۆدە موزیکییەکە بگرێتەبەر و پەیوەندییەکی هاوسەنگی هەمیشەیی لە نێوانیاندا هەبێت. ئەم کۆنتراستە دەبێتە هۆی دروستبوونی ئاوێتەیەکی موزیکیی جوان لە پارچە موزیکەکەدا).[2]

**٤-٦- ئامرازەکانی توێژینەوە:**

توێژەر لە بنیادنانی ئامرازەکانی توێژینەوەکەیدا، پشتی بە تیۆرە زانستییە نوێکان و سەرچاوە و کتێب و بنەماکانی زانستی (هارمۆنی و کۆنتراپۆینت)، بۆ سەردەمە موزیکییە یەک لە دوای یەکەکان و بەشێک لە دانەرانی موزیکیی ئەو سەردەمە بەستووە، توێژەر پێی وایە هەنگاوەکان و بنیادنانی ئامرازەکانی توێژینەوەکەی پێویستە لە سەر بنەمای کۆمەڵێک ڕێنیشاندەری بنەڕەتی بێت، کە بریتین لە: -

١- پێکهاتەکانی بنیادی موزیکی بۆ ئەو هارمۆنییەی کە خستنەکاری لە نێو کەلەپووری گۆرانی کوردیدا بۆ کراوە،

٢- شێوازەکانی کاری دانەرانی موزیکیی لە سەر بنەمای ڕێکخستن و بنیادی کۆنتراپۆینت وهارمۆنی.

---

[1]- سعد الله، القلعة آغا، نحو موسيقى عربية "متقنة" و معاصرة، مجموعة النيل العربية، ٢٠١٥، ص٦.

[2]- أحمد، بيومي، القاموس الموسيقي، و زارة الثقافة، دار الأوبرا المصرية القاهرة، ١٩٩٢، ص٩٨.

٣- پێوەرەکانی شیکاریی و ئاوێتەبوونییان لەنێو بنیادی هارمۆنی بەرهەمە خستنەکارەکانی موزیکیدا

٤- فرەیی ستایلەکانی هارمۆنی کە یاوەری بیرۆکە موزیکییەکان دەکەن و دانەرانی موزیک بەکاری دەهێنن.

٥- ناسینەوەی لایەنە شاراوە سەرەکییەکانی دابەشکردنی ئۆرکێسترایی* موزیکی ڕۆژهەڵاتی.

٦- دیاری کردن و وەستان لە سەر ڕادەی خستنەکاری هونەریی کەلەپووری گۆرانیی کوردی و گونجانی بۆ گروپەکانی موزیکیی هاوچەرخ وهەروەها بۆ دابەشکردنی ئۆرکێسترایی.

**٤-٨ بنیادی ئامرازەکان (شێوەو شێواز):**

ئامرازەکان پانزە بابەتی بنەڕەتی لەخۆگرتووە، پێشکەش بە شارەزایان وپسپۆڕان کراوە و ڕەزامەندی پێوانەی ڕاستگۆیی ئامرازەکانی بەدەست هێناوە و بەم شێوەیە دیاریکراون: -

**١- تۆنالیتە(مۆد یان پەیژە و گواستنەوەکانی)**
**٢- ریتم و خێرایی**
**٣- جۆری باڕی موزیکی**
**٤- گۆرانییە کەلەپوورییەکە بەر لە خستنەکارییەکەیدا**
**٥- میلۆدییە ڕەسەنەکە کە خستنەکاریی موزیکیی بۆ کراوە**
**٦- فۆڕمی کۆتایی بیرۆکەکەو ڕادەی نزیکیی لە فۆڕمی میلۆدییە ڕەسەنەکەوە**
**٧- فۆرم وشێوازی موزیکیی**
**٨- چنینی موزیکیی**
**٩- پێرفۆرمەنس و تیمبەر**
**١٠-پێکهاتەی هونەریی تیپی موزیکی هاوچەرخ یان ئۆرکێستراکە**
**١١- ناوەرۆکی بابەتی موزیکیی**
**١٢- پەرەسەندن لە میلۆدیدا**
**١٣- ڕەسەنێتی ڕستەی موزیکیی کەلەپووریی**
**١٤- بنیاد وشێوازی میلۆدی**
**١٥- یەکتابوون و گونجان و کۆنتراستی میلۆدی**

---

* دابەشکردنی ئۆرکێسترایی: - (instrumentation).
دانانی موزیکە بۆ ئەو کۆمەڵە ئامێرە موزیکییانەی کە ئۆرکێستراکە پێکدەهێنن، هەروەها بە مانای دووبارە نووسینەوەی پارچە موزیکێکی سادە بۆ ئەو نمایشە دێت، کە هەموو ئامێرەکانی ئۆرکێستراکە تێیدا بەشدارن. كمال الدين، عيد، أعلام و مصطلحات الموسيقى الغربية، دار الوفاء لدنيا الطباعة والنشر، الطبعة الأولى، الإسكندرية، مصر، ٢٠٠٦، ص٣٣٩.

## ٤-٧-١- تۆنالیته(مۆد یان پەیژە و گواستنەوەکانی):

(ئەو کەش وهەوا هارمۆنییەی کە لە دەوری ناوەندە بنەڕەتیەکەدا دەخولێتەوە و مۆدی ڕەسەنی دانراوە موزیکییەکان و پەیوەندییەکەی لەگەڵ مۆدەکانی تری موزیکیدا لەکاتی ئەم پێکهاتانەدا دەردەکەوێت و دیاری دەکات).[1]

(هەروەها پابەندبوونە بە مۆد یان پەیژەیەکی دیاریکراوی زاڵ، بەسەر ئەو پارچە موزیکییانەی لەم پەیژەیەدا دانراون، پەیژە موزیکییەکەش بەسەر دوانزە تۆندا دابەشکراوە، حەوت تۆنیان سەرەکین وپێنجیان لە دەرەوەی چوارچێوەی مۆدەکەن و دانەری موزیک تەنها لە حاڵەتی ڕەنگاڵەکردنی موزیکیی بەکاریان دەهێنێت).[2]

(زاراوەیەک کە لە ساڵی 1810 لەلایەن (کۆرۆن)ەوە (Choron Etienne-Alexandre) بەکارهاتووە بۆ وەسفکردنی ڕیزبەندی پلەکانی وچوارەم و پێنجەمی سەرەوە یان ژێرەوەی پەیژە، بۆ جیاکردنەوەی سیستەمی هارمۆنی موزیکی هاوچەرخ و موزیکی سەردەمی پێش خۆی. زاراوەکە زۆرجار بۆ ئاراستەی میلۆدییەکان، هەرەها بۆ هارمۆنیای یاوەرییە، کە بەرەو پلەیەکی دیاریکراوی جێگیربوون دەچن).[3]

سەرەڕای ئەمەش، (ئەم زاراوەیە بە تەمتوومانێکی هونەریی دەورە دراوە، لێرەدا دەکرێ بپرسین لە بواری موزیکدا چی لەخۆدەگرێت؟ لەڕووی ئەوەی، ئایا هەردوو موزیکی ڕۆژئاوایی وغەیرە ڕۆژئاوایی دەگرێتەوە یان نا؟ ئەگەر لەو موزیکەشدا بێت، ئایا پابەندە بەو سیستەمە هاوسەنگانەی موزیک، کە بە پراکتیکی باوی ڕۆژئاوایی لە ماوەی نێوان سالانی (١٦٠٠-١٩١٠) ناسراوە ؟ یان دەبێت هەموو ئەوموزیکانە لەخۆ بگرێت کە جیاوازی نێوان دەنگە کۆک و ناکۆکەکان بەڕوونی نیشان دەدات، هەروەها ناکۆکییەکی تیۆری هەیە، سەبارەت بەوەی کە ئایا ئەم توخمە، توخمە سەرەکییە کۆنترۆڵکەرەکەیە لە موزیکی کلاسیکیدا؟.)[4]

---

[1]- حسام الدين، زكريا، المعجم الشامل للموسيقى العالمية، الجزء الأول، المصطلحات والمصنفات، الهيئة المصرية العامة للكتاب، ٢٠٠٤، ص ١٨١.

[2]- عواطف، عبد الكريم، محيط الفنون موسيقي القرن العشرين، دار المعارف، القاهرة، ١٩٧٠.

[3]- Henry Raymond Bauer, "A Technical, Musical and Historical Analysis of Frederic Chopin's Etude Op. 10." Graduation Honors

[4]Gary White, The Harmonic Dimension, ed. Meredith M. Morgan (USA Wm. C. Brown Publishers, 1991. 333. (2) White. 504.

### ٤-٧-٢- ڕیتم و خێرایی:

زۆرێک له توێژەرانی هاوچەرخ ئاماژەیان به گرنگی ڕیتم هەر له دێرزەمانەوە تاکو ئەمڕۆ وەک هەڵگری ناسنامەی نەتەوەیی له موزیکدا کردووە. موزیک به مانا دروستەکەی وەک (هونەری (کات)ئامێز جیا دەکرێتەوە. کات توخمێکی گەوهەرییە له دیاریکردنی سروشتی ڕیتمەکانی موزیکیی و ئەو بۆتەیەیە ڕۆڵی میلۆدی موزیکی تێدا فۆرموله دەکرێت. لێرەوە مەحاڵ بوو بەبێ کات بیر له موزیک بکرێتەوە. کەواته ڕیتم لایەنی جووڵەی یەک له دوای یەکی موزیکییە به تێپەڕبوونی کات. واته سیستەمی میتریکی میلۆدییەکانه له جووڵەیەکی یەک له دوای یەکدا. ڕیتم به توخمی هەماهەنگی یان ڕێکخستنی جێگیر زاڵە؛ ئەمەش لەبەر ئەوەیە، ڕیتم بریتییە له دووبارەبوونەوەیەکی ڕێکوپێکی لێدانێک یان کۆمەڵە لێدانێک، به شێوەیەک گوێچکه چاوەڕێی دەکات هەرکاتێک کاتەکەی هات، کەواته ڕیتم شتێکی نوێ بۆ میلۆدییەکه زیاد ناکات، بەڵکو ڕێکخستنێکی کاتیی جووڵەی میلۆدییە، بەجۆرێک له کاتی ئەم جووڵەدا توخمەکانی جەختکردنەوەی گرژ به یەکەوە لەگەڵ توخمی ئازادکراوی ئەم گرژییە هێوردەبنەوە).[1]

(ڕیتم به یەکێک له ئامرازە هونەرییە دەربڕینەکان دادەنرێت، که ناوەڕۆک و فۆرم وشێواز و بۆتە وتایبەتمەندییەکانی دیکەی کارە موزیکییەکه ئاشکرا دەکات. توانای بەرفراوانی هەیە، بۆ کاریگەری سۆزداری له سەر بیسەر. وەک دەزانرێت ڕیتم له یەکێتی ئۆرگانیکدایە لەگەڵ میلۆدی، هارمۆنی، چنینی موزیکی، دینامیزم، تیمبەر و ئامرازەکانی تر. بەو پێیەی موزیک به شێوەی (کات) ڕێکدەخات و پەیوەندییەکی نزیکی بەم ئامرازانەوە هەیە و یارمەتی تیشک خستنه سەر هەست وڕۆح وهەڵچوونەکان دەدات).[2]

[1]- زكريا، فؤاد، مع الموسيقى، ذكريات و دراسات، صدرت هذه النسخة عن مؤسسة هنداوي، ٢٠١٨.
[2]- نبيل صالح الدراس، ظاهرة التنويع في الإيقاعات العربية، دراسة تحليلية، المجلة الأردنية للفنون، مجلد ٦، عدد ٢، ٢٠١٣، ص ٢٤١- ٢٥٨.

سەبارەت بە خێرایی کێشی ڕیتمی، یان ئەوەی پێی دەوترێت (تیمپۆ)، (ئەوە پلەی خێرایی یان خاوییە، کە دەبێت پارچە موزیکەکە  لێیەوە لێبدرێت. مەبەست لە گۆڕاوەکانی خێرایی لە ڕووی ڕێکارییەوە هەموو ئەو جیاوازییانە لە خۆ دەگرێت، لە خێرایی ڕێژەییدا لە کارەکانی لیریکیدا ڕوودەدەن، بە بەراورد بە خێرایی میترۆنۆمی وهەروەها گۆڕاوەکانی خێرایی (ڕەها) ش کە چڕی ئاوازەکە دیاری دەکەن).[1]

### ٤-٧-٣- جۆری باڕی موزیکیی:

موزیک لە کاتی نووسینەوەی نۆتەکانی موزیکدا پشت بە دوو توخمی سەرەکیی دەبەستێت، ئەوانیش کاتی موزیکییە، کە ئێمە لە ڕێگەی باڕەکانی  موزیکییەوە، پێوانە و پێناسەی دەکەین، هەروەها کلیلەکانی موزیکیی کە لە نۆتە جیاوازەکاندا بەپێی جۆری پارچەی ژەندراو بەکاردەهێنرێن.

 باڕی موزیک ئەو یەکەیە کە ئێمە بۆ پێوانەکردنی کاتەکانی موزیک بەکاری دەهێنین و کۆمەڵێک لێدانی ڕیتمییە "کاتەکان" لە هەموو جۆرە ڕیتمێکدا دەبینرێن، جا ڕۆژهەڵاتی بێت یان ڕۆژئاوایی. کەواتە (باڕ) ئامرازێکە بۆ پێوانەکردنی کاتەکان وڕیتمێکی هەیە، کە ئاوازەکە پەیڕەوی دەکات، پێکهاتووە لە یەکە تایبەتەکانی کات و یەکەکەی پێی دەوترێت (نواڕ). باڕێک کە ٤ جاری یەکسان لێدەدرێت (٤ نواڕ) ی تێدایە پێی دەوترێت باڕی چوار ترپەیی، هەروەها باڕێک کە ٣ جاری یەکسان لێدەدرێت (٣ نواڕ) ی تێدایە پێی دەوترێت باڕی سێ ترپەیی و (باڕ)یش هەیە، لەوانەیە ٢ جاری یەکسان لێبدرێت (٢ نواڕ) ی تێدابێت. باڕەکان لەو کاتانەی کە بۆ دیاریکردنی درێژبوونەوەی تۆنەکە بەکاردەهێنرێن پێکدێن، بۆیە بەکارهێنانییان لە داڕشتنی میلۆدییەکاندا زۆر گرنگە و دانانی باڕەکانی  موزیکیی بە زنجیرەیی بە دوای یەک دێن و بە هێڵێکی ڕاست باڕەکان لە یەکتری جیا دەکرێنەوە.

---

[1]- و جدان جميل دنو، توظيف الأغنية التراثية العراقية في مادة تربية السمع لحنيا وايقاعيا رسالة ماجستير غير منشورة, قسم الفنون الموسيقية, كلية الفنون الجميلة, جامعة بغداد، ٢٠٠١

**٤-٧-٤- گۆرانییە کەلەپوورییەکە بەر لە خستنەکاریەکەیدا:**

دەستەواژەیەکی میلۆدییە، زۆر هاوشێوەی ڕستەیەک یان پەرەگرافێکە لە زمانی زارەکیدا، بەگشتیی شرۆڤەیەکی موزیکیی لەخۆدەگرێت. دەستەواژەی میلۆدی بە زۆری بە پشوودان، گرتن، یان گەیشتن بە خاڵێکی دیاریکراوی وردبینی (بە شێوەیەکی ڕیتمی یان تۆن) خۆی پێناسە دەکات، بە تایبەتی لە موزیکی دەنگیدا، پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە ناوچە سروشتییەکانی هەناسەدانەوە هەیە. بەگشتیی دەستەواژە کورتەکان بەیەکەوە کۆدەکرێنەوە، بۆ ئەوەی دەستەواژەیەکی درێژتر پێکبهێنن. جووڵەی میلۆدی دوو جۆر هەیە: جووڵەی قۆناغکراو، کە هەنگاو بە هەنگاو لە پلەیەکی پەیژەوە بۆ پلەیەکی تر دەجوڵێت (واتە بە نێوانی کاتێک ی دوانی) و جووڵەی لەیەکترجیا، بە بازدانێک بەردەوام دەبێت (واتە بە مەودای زیاتر لە کاتی دوانی). میلۆدی لە ڕێگەی کۆمەڵێک ئامرازەوە کارەکتەرو مۆرکی خۆی دەگرێتە ئەستۆ لەوانە: پەیکەری ڕیتمیی، چوارچێوەکەی، پێکهاتەی ڕەنگاڵەیی خۆی وهەروەها ناوەرۆکە جیاکەرەوەکەی. زۆربەی میلۆدییە دەنگییەکان لە جووڵەیەکی ئاوێتەکراوی یەکتریی پێکدێن، ئەمەش شێوازی سروشتی وئاراملییە بۆ گۆرانی چڕین، بەڵام بەگشتیی ئەوە بازدانی نێوانی میلۆدیەکەیە، کە مۆرکی میلۆدییەکە دەبەخشێت و دەبێتە هۆی ئەوەی میلۆدییەکە مۆرکی کەسایەتیی خۆی وەربگرێت وهەرگیز لە یاد نەچێتەوە.

**٤-٧-٥- میلۆدییە ڕەسەنەکە کە خستنەکاریی موزیکیی بۆ کراوە:**

میلۆدییەکان ناوازەترین و گرنگترین بەشەکانی گۆرانین، بەڵام بۆنووسین و(دانان)یشیان لە قورسترینەکانن. هێنانە ئارای میلۆدی گەورە کارێکی قورسە، چونکە پێدەچێت هەموو شتێک پێشتر ئەنجامدرابێت. ڕەنگە ئێمە میلۆدی وەک تاکە توخمێکی گرنگ لە گۆرانییەکدا بزانین. لە زمانی ڕۆژانەدا ئەمە ئەو توخمەیە، کە ئێمە پێی دەڵێین "میلۆدی". لە ڕووی تەکنیکییەوە میلۆدی بریتییە لە زنجیرەیەک دەنگ یان دەنگی ڕێکخراوبە مەبەستی پێکهێنانی شێوە یان شێوازە نەخشێک. درێژی هەر تۆنێکی تاک بەپێی تیمپۆی ئاوازەکە دیاری دەکرێت بۆیە ڕەنگە بیر لە میلۆدییەک بکەینەوە وەک "تۆنەکان، لەگەڵ ئەو کاتەی کە پێویستە بۆ لێدانی نۆتەکە.

سەرەڕای ئەوەش دەتوانین میلۆدییەک، کۆمەڵێک تایبەتمەندیی جیاوازی هەیە دیاری بکەین ، کە بە (دەستەواژە، دەوروبەر و نێوان ناویان دەبەین. لە موزیکی میللیدا زۆرجار میلۆدی سەرەکی لەلایەن گۆرانیبێژی ناو تیپەکەوە دەچڕدرێت، لە کاتێک دا ئەنجامدەرانی دیکە بە دەنگەکانییان یاوەریی گۆرانیبێژەکە دەکەن. دانراوی موزیکیی دەتوانێت ئاماژە بە پارچە موزیکێکی ڕەسەن یان بەرهەمێکی موزیکیی بکات. جا چ دەنگی بێت یان ئامێریی، یاخود بنیادی پارچە موزیکەکە یان پرۆسەی داڕشتن یان نووسینی پارچە موزیکێکی نوێ. ئەو کەسانەی پێکهاتەی نوێ دروست دەکەن پێیان دەوترێت (ئاوازدانەر)، کردەی ئاوازدانان بە شێوەیەکی گشتی بریتییە لە داڕشتن و دانانی میلۆدی موزیکیی). [1]

ئەرکی گونجاندنی پارچە موزیکییەک بۆ گروپە موزیکییە جیاوازەکان پێی دەوترێت ڕێکخستن یان هاوئاهەنگی و دەتوانرێت بە جیا لەلایەن ئاوازدانەر یان ڕێکخەرەوە ئەنجام بدرێت بەپێی پێکهاتەی بنەڕەتی ئاوازدانەر، بە پشتبەستن بەم هۆکارانە، ئاوازدانەری هاوچەرخ دەتوانێت میلۆدی بۆ هەر پێکهاتەیەکی ئامێرەکانی موزیک دابنێت.

(ئاوازدانەران نەک هەر بۆ ئامێرە موزیکییەکان میلۆدی دادەنێن، بەڵکو ڕەنگە بڕیار بۆ چینە دەنگەکانی مرۆڤیش بدەن و میلۆدی دابنێن لەوانە (بەرهەمی کۆراڵ، هەندێک لە سەمفۆنیاچامەکان، ئۆپێرا وشانۆی گۆرانیی)، ئاوازدانەران تەنانەت بۆ ئامێرەکانی ڕیتمیی ئەلیکترۆنیش دەتوانن میلۆدی دابنێن).[2]

**٤-٧-٦- فۆڕمی کۆتایی بیرۆکەکەو ڕادەی نزیکیی لە فۆڕمی میلۆدییە ڕەسەنەکەوە:**

لێرەدا ئێمە ڕێباز و شێوازێکی موزیکیی دەخەینەڕوو سوود لە وردبینی یەکلاکەرەوە وەردەگرێت ،کە دەتوانرێت بە بەکارهێنانی نووسینەوەی نۆتەی موزیکیی بەدەستبهێنرێت. (ڕێبازە فۆنێتیک و دەنگییەکانی ئێستا بۆ میلۆدی تەنیا تیشک دەخەنە سەر هەندێک لە گرینگترین بابەتەکانی گۆڕانی دەنگەکە وپشتگوێخستنی هەموو پارچەکانی تری کە

[1] - "Musical Composition", www.copyright.govm, Retrieved 26 January, 2019.
[2] - Swados, Elizabeth (1988). Listening Out Loud: Becoming a Composer (first ed.). New York: Harper & Row. pp. 25–26. ISBN 0-06-015992-8. Retrieved 9 October 2015

ماونەتەوە، لێرەدا نموونەیەکی ئەلتەرناتیڤ دەخەینەڕوو بە بەکارهێنانی نووسینی موزیک، کە سوودی ئەوەی هەیە، نوێنەرایەتی دەنگی هەموو پارچە موزیکەکان لە ڕستەیەکدا دەکات بە بەکارهێنانی هەمان ئامرازەکانی شیکاریی وەک سیستەمێکی میلۆدی ڕاستەقینە، کە پێکهاتووە لە تۆنی دەنگ وپشووی نێوانەکانییان (واتە پشووەکان). ئەمە ئەو ڕێبازەیە، کە ئێمە مەبەستمانە لە لێکۆڵینەوەکەی ئێستادا تاقی بکەینەوە و جێبەجێی بکەین وهەروەها گرنگی بە چەمکەکانی میلۆدی دەدەین، کە نوێنەرایەتی ڕێژەی دەنگی میلۆدی* لە ڕستە موزیکییەکەدا دەکەن).[1]

دووبارەبوونەوەی بیرۆکەیەکی میلۆدی یان بابەتێکی میلۆدی، زۆرجار لە پێکهاتەدا سادە و بۆ چێژیش بە ئاسانی بە شێواز و دەستکاریکردنی فرە و یەک لە دوای یەک و گۆڕانکاری لە یەکێک یان هەموو ئەو توخمە تۆناڵی وڕیتمییانەی ئەو ڕستە میلۆدییە پێکدەهێنن، کە بنیادنانی لە سەر کراوە، بە بەکارهێنانی شێواز وتەکنیکە* جیاوازەکان وەردەگیرێن.

---

* مـۆرکی دەنگیـی: - لە موزیکـدا ئەو دەنـگەیە کە تایبەتمەنـدییەکی تـایبەتی هەیە، کە لە میـدیۆمێکی مـوزیکییەوە سـەرچاوە دەگرێت، هەروەک چۆن هەر مرۆڤێک دەتوانێت جیاوازی لە نێوان ڕەنگی سـپی و سـەوزدا بکـات، بە هەمـان شـێوە جیـاوازی نێـوان مـۆرکە دەنگییـە جیاوازەکـان لەو هەسـتە زگماکیـانە سەرجاوەی گرتووە، کە پێکەوە لە دایک دەبن. ارون، کوبلاند، کیف تتذوق الموسیقی، ترجمة محمد رشاد بدران، مؤسسة فرانكلين للطباعة والنشر، ١٩٦١، ص١٠٥.
دەنگی نەریتیی (میلۆدی) بەزۆری لەلایەن ئامێرێکی موزیکییەوە دەردەچێت، لەوانە قوڕگی مرۆڤ (دەنگی گۆرانی) بۆیە ئەگەر ئێمە دەنگی (لا) لە سـەر پیـانۆیەک یـان ئـامێری ئۆبـوا یـان کلارینێتێک بچڕین، ئـا لەوساتەدا ئێمە هەست بەو جیاوازییە لە نێوان هەموو ئەو تۆنە(لا)یانە دەکەین، کە لەو ئامێرانەوە دەردەچن. ئەم جیاوازییانە ئەوەیە کە بە (مۆرکی دەنگیی) ناوزەد دەکرێن. بنشار، ماکس: تمهيد للفن الموسيقى، ترجمة محمد رشاد بدران، دار النهضة مصر للنشر والطباعة، القاهرة سنة١٩٧٣، ص١٢.

[1] - ORIGINAL RESEARCH article, Front. Psychol., 05 March 2018 Sec. Cognition. HTTPs://doi.org/10.3389/fpsyg.2018.00247, A Musical Approach to Speech Melody, Ivan Chow and Steven Brow
Department of Psychology, Neuroscience & Behaviour, McMaster University, Hamilton, ON, Canada

* تەکنیک: - (Technique) کۆنترۆڵکردنی تەواوەتی ئەگەری دەربڕین لە سەر ئامێری موزیکی لە ڕێگەی ڕاهێنـانی پەنجەکـانی دەسـتەوە، کە فێرخـواز بە عەقـڵ وچڕبـوونەوەیەکی هۆشـیارەوە لە سـەر ئـامێرەکە ئەنجـامی دەدات، بە مەبەسـتی بەدەسـتهێنانی نەرمـی و لێهـاتوویی وڕاسـتکردنەوەی خـووی ماسـولکەیی و دەروونـی، لە ڕێـگەی ڕاهێنـانی ڕۆژانەوە لە نەسـتەکانەوە هەڵـدەگیرێن، تـا ئەو کـاتەی دەبـنە بـابەتێکی هەزمکراو. محمد السيد. نادية هانم، الطريق إلى عزف البيانو، مطبعة حلوان، القاهرة ١٩٩٧ ص 309

سەرەتا پێویستە سەرنج بدەین، کە بۆتەی گۆڕانکارییەکان تەواو جیاوازە لە دابەشکردنی موزیکیی بابەتێکی میلۆدی، بۆ نموونە ئەم گۆڕانکارییانە لە دابەشکردنی گۆرانیی یان موزیکێکی ڕۆژهەڵاتی کۆندا بە ڕوونی بەرجەستە دەبن. کەواتە (دابەشکردنی موزیک مامەڵە لەگەڵ تەواوی کارێکی پێشوودا دەکات و ڕۆڵی دابەشکەری موزیکیی بە بنیادنانی ئەو پاشخانە موزیکییەی کە یاوەری یان ئاوێتەکراوی ئەو بابەتەیە سنووردار‌دەبێت، هەروەها دەستنیشانکردنی ئەو ئامێرانەی ئاڵوگۆڕی نمایشی بەشە جیاوازەکانی بابەتی میلۆدی دەکەن بەبێ ئەوەی گۆڕانکارییەکی بەرچاو لە خودی بابەتی میلۆدیدا ڕووبدات. بەم شێوەیە دابەشکردنی موزیکەکە بە دانراوێکی سەربەخۆ دانانرێت، بەڵکو زیادکردن و دەوڵەمەندکردنە بۆ بابەتێکی میلۆدی پێشوو و لە هەمانکاتیشدا پارێزگاری لە پێکهاتە و بنیاد و قەبارەکەی وەک پێداویستێکی ڕەوای دابەشکەری موزیکەکە مەبەستی بووە دەکات، تەنانەت ئەگەر ئەو دابەشکردنە ببێتە هۆی هەندێک گۆڕانکاری لە سەلیقەیی تێگەیشتن و چێژیی گشتی کارەکەدا، کەچی کارە موزیکییەکە بە ڕەهەند و وردەکارییەکانیدا وەک چۆن لە وەشانی ڕەسەنی خۆیدا بووە ئاوا و هەر وا دەمێنێتەوە).[1]

دانەری موزیک تا زیاتر لێهاتووتر بێت، خەیاڵی فراوانتر دەبێت، تێڕوانینەکانی قووڵتر دەبنەوە وشیکارییەکانی بۆ بابەتی میلۆدی ڕەسەن وردتر وتێڕاماناتر دەبن و پتر توانستی بەرهەمهێنانی زنجیرەیەکی سەرنجڕاکێشی دەبێت، کە ئاسۆگەلێک دەبەخشێتە بیسەرو پاڵپشتی تواناکانی دەکات بۆ ئەوەی هەست بە وردەکارییەکان لە ڕووی دەروونییەوە و ڕاهێنان بۆ بینینی ڕاستییەکان لە گۆشەنیگا و دووری جیاوازەوە بکات. دانەری موزیک، لەکاتێک دا بابەتی میلۆدی ڕەسەن دەخاتەڕوو، هەوڵدەدات بە شێوەیەکی نزیک لە سروشتی (خام)ەکەی نیشانی بدات بەبێ زیادکردن یان گۆڕانکاری قووڵ لە کەسایەتیی بابەتە (خام)ەکەوە، بۆ ئەوەی ئاسانتر لە لای بیسەری ئاساییەوە دەستنیشان بکرێت و بتوانێت بە دوای کاریگەرییەکانی لە گۆڕانکارییەکانی داهاتوودا بگەڕێت. لە ڕاستیدا ڕۆڵی دانەری

[1] طارق نصر، القالب الموسيقي: التنويعات اللحنية -https://m.facebook.com/nt/screen/paramsd

موزیک لەم بەشەی پێشکەشکردندا، سنووردارە بە دابەشکردنێکی موزیکیی بابەتی میلۆدی بنەڕەتی بەبێ ئەوەی دەستکاری یان گۆڕانکارییەکی قووڵ لە ناوەرۆکی میلۆدیدا بکات.

**٤-٧-٧- فۆرم شێوازی موزیکیی:**

موزیک زمانێکە حوکمی چۆنییەتی داڕشتنەکەی هەیە، هەروەک چۆن نووسین و قسەکردن پێکهاتە و یاسای خۆی هەیە، - هەروەک چۆن ناتوانیت نیشانەی خاڵبەندی لە ناوەڕاستی ڕستەیەکدا دابنێیت، بۆ نموونە، دەبێت زنجیرەیی ڕیتمیی لە کۆتایی ڕستەیەکی موزیکییدا بێت. هەروەها موزیک و زمان چەندین فۆرمیان هەیە، هەر فۆرمێک ڕێنمایی تایبەتی خۆی هەیە، کە دەبێت پەیڕەو بکرێت.

( لە موزیکدا فۆرم ئاماژەیە بۆ پێکهاتە وڕێکخستنی دانراوێکی موزیکیی وچەندین جۆری جیاوازی فۆڕمی موزیک هەیە، شیکردنەوەی فۆڕمی پارچەیەک لە بنەڕەتدا بە واتای دانانی لە یەکێک لەو نموونە سەرەتاییە زیندووانەیە، بۆیە ئەگەر بیر لە دانانی پارچە موزیکێکی نوێ بکرێتەوە ئاوا دەبێت هەندێک ڕێنمایی سەبارەت بە میلۆدی وهارمۆنی و لایەنە ڕیتمییەکان پەیڕەو بکرێن، بۆ ئەوەی بە بەشێک لە فۆرمێکی دیاریکراو هەژمار بکرێن).[1]

( بەگشتی "ستایل" بە واتای کوالیتی، شێوە، یان جۆرێکی جیاواز دێت. پێناسەیەکی تایبەتتر بە دڵنیاییەوە بۆ موزیک دەگونجێنێت، کە بریتییە لە "میتۆد یان تەکنیکێکی تایبەت بەهۆیەوە بابەتێک لە موزیک دروست دەکرێت. لە موزیکیش ستایلەکان پەیوەستن بە خودی ئاوازدانەرەکانەوە. بۆیە دەتوانین وا باس لە ئاوازدانان بکەین، کە ئەومیلۆدییە بە شێوازی بیتهۆڤن داندراوە. بەم مانایە 'ستایل' واتە 'کۆمەڵێک تایبەتمەندیی، کە بە گشتی لە بەرهەمەکانی ئاوازدانەرێکی دیاریکراودا بوونیان هەیە).[2]

---

[1] - Samuel Chase https://hellomusictheory.com/learn/form/

[2] - Preprint from The Structure of Style: Algorithmic Approaches to Understanding Manner and Meaning, Shlomo Argamon, Kevin Burns, and Shlomo Dubnov (Eds.), Berlin: Springer-Verlag, 2010, pp. 45-58. Style in Music Roger B. Dannenberg

ستایل وشێواز دەتوانێت ئاماژە بە لایەنەکانی چنینی موزیک بکات. "چنراو" چنراوی موزیکیی بریتییە لە ئاوێتەکردنی زۆرێک لە لایەنەکانی موزیک کە ڕەنگە مرۆڤ لە ماوەی چرکەیەکدا بیبیستێت، کە تیایدا دەرکەوتنەکانی میلۆدی وڕیتمیی وهارمۆنی ڕوودەدەن، زاراوەی " چنراوی موزیکیی " بەزۆری ئاماژەیە بۆ دەنگ وچالاکییەکانی دەنگیی، لە کاتێک دا زاراوەی "ستایل" زۆرجار بۆ وەسفکردنی ئەو کاریگەرییە گشتییە یان مەبەستە بەکاردەهێنرێت، کە لەلایەنی چنینی موزیکەوە دەگاتە ئامانج. ئێمە باس لە "ستایلی تۆناڵی" یان " ستایلی قورس" یان " ستایلی باندی گەورە" دەکەین، کە هەموویان ئاماژەن بۆ کاریگەرییەکانی چنینی موزیکەوە. لەم نموونانەدا ستایل تەنیا پەیوەندی بە میلۆدی، ڕیتم، یان هارمۆنی نییە، بەڵکو ڕەنگی(تیمبەر)ی ئەو دەنگەیە، کە ئەم توخمانە تێیدا چەسپاون

زۆرجار ستایل بە واتای "جۆر" بەکاردێت، ئەمەش زاراوەیەکی دیکەی سەختە بۆ پێناسەکردن. جۆر، بریتییە لە پۆلێنێک لە موزیک بە شێوازێکی تایبەت و بە پەیوەندی لەگەڵ هونەرمەندێکی دیاریکراو و کاریگەرییە دەرەکییەکانی دیکە تایبەتمەندە، لەگەڵ ئەوەشدا دەکرێت وەک بابەتێکی باو و ئاسایی بە "ستایلی موزیکیی" ناوببرێت

**٤-٧-٨- چنینی موزیکیی:**

چنین لە موزیکدا ئاماژەیە بۆ ژمارە وچڕی هێڵەکانی موزیک لە پارچە موزیکێکدا. بە واتایەکی تر، چنین لە موزیکدا پەیوەندی نێوان چینەکانی دەنگ، یان هێڵەکان، یاخود دەنگەکانە.

چنین لە موزیکدا دەتوانرێت بە بەکارهێنانی چەند زاراوەیەک وەسف بکرێت، بەڵام سادەترینیان وەسفکردنی چڕی موزیکەکەیە. چڕی، یان چنینی ناو موزیکەکە، تەنها لە لایەن چەند ئامێرێکی موزیکییەوە دەژەنرێن، دەتوانرێت بە موزیکی سووک، نەرم و نیان، یان تەنانەت پەرش و بڵاویش وەسف بکرێت، کاتێک هەوڵدەدەیت چنینی موزیکیی بۆ پێکهاتەی پارچە موزیکێک دروست بکەیت، یەکەم شت کە پێویستە بیکەیت ئەوەیە، ئەو ئامێرانە بخەیتە لیستی ئەو ئامێرانەی لە موزیکەکەدا دەژەنرێن.[1] چوار ڕۆڵی سەرەکی هەیە، کە ئامێرێکی موزیک لە هەر بەشێکی پارچە موزیکێکدا دەتوانێت بیگێڕێت:

[1] - https://juliajooya.com ooya.com/2020/12/30/what-is-texture-in-music/

١- میلۆدی: - بە زنجیرەیەک تۆن پێناسە دەکرێت کە میلۆدی پێکدەهێنن. ئاواز یان میلۆدی سەرەکی ئەو بەشەیە، کە زۆرترین جیاوازی هەیە، زۆرجار ئەو بەشەیە، کە موزیکەکە لەگەڵیدا دەگاتە ئەنجام.

٢- ڕیتم: - ئەو ئامێرەی ترپەکانی پێسپێردراوە، زۆرجار ئامێری (تەپڵ یان زەرب)ە. ڕیتم بە پێشکەشکردنی لێدانی بنەڕەتی موزیکەکە  پێناسە دەکرێت، یارمەتی گوێگر دەدات بۆ بیستنی موزیکەکە.

٣- یاوەریی میلۆدی: - یاوەریی میلۆدی لەلایەن هەر ئامێرێکی تۆنییەوە ئەنجام دەدرێت، کە ئاوازەکە ئەنجام نەدات، بەڵکو لەگەڵ یاوەری موزیکەکەیە و پشتگیری میلۆدیەکەدا دەکات.

٤- یاوەری ڕیتمی: - هەر ئامێرێک کە لەگەڵ ڕیتمەکەدا کار بکات وپشتگیری بکات. دەکرێ وەک (دەف یان سەنج)بن، کە ستایلێکی ڕیتمیی لێدەدات، بۆ ئەوەی یاوەری ئەو تەپڵانە بێت کە ڕیتمەکە لێدەدەن.

**٤-٧-٩- پێرفۆڕمەنس تیمبەر:**

بێرنارد سیڤ جەخت لەوە دەکاتەوە کە (پێڕفۆڕمەنس داهێنانە و تەواوکەری داهێنانیشە لە هەمانکاتدا. بەکارهێنانی زاراوەی "تەواو" ئاماژەیە بۆ ئەو تێڕوانینەی، کە بەرهەمێکی موزیکیی، وەک لە فۆڕمی نووسینەوە نۆتەی نووسراوە، کە هێشتا تەواونەبووە، چونکە وا دەکات بتوانرێت ڕەهەندەکانی هەر پێشبڕکێیەکی دووانە لە نێوان ئاوازدانەر وپێڕفۆڕمەنسدا لە بەرژەوەندی پرۆسەیەکی داهێنەرانە و دینامیکی وئەزموونیی هاوبەشی ڕاستەقینەدا ببینرێت. کە پێویستی بە لێکدانەوەی موزیکیی و جێبەجێکردن وتێگەیشتن لە زمانی موزیکیی هەیە. دەستکەوت ئاماژەیە بۆ کردەی پێڕفۆڕمەنسی بەرجەستەکراو و (کات)ئامێز. بەخشینی مانا بە بەرهەمێکی موزیکیی بریتییە لە توێژینەوە بەدوای مەبەستی ئاوازدانەر لەژێر ڕۆشنایی ئەزموونی خۆیدا لە سەر ئاستی مرۆیی و سۆزداری، هەروەها لە ئاستی موزیکیی وتەکنیکی جەستەییدا. ئەوە نموونەیەکی فەلسەفییە ڕێگەمان پێدەدات بەسەر ئەو

دووبەرەکییە ڕواڵەتییەی نێوان دەقی موزیکی ڕەسەن و نمایشەکە، هەروەها مەبەست و نیازەکانی ئاوازدانەر وهەستیاری پێرفۆرمەنسدا زاڵ بین).[1]

**تیمبەر لە موزیکدا چییە؟**

لە جیهاندا چەندین ئامێری موزیکی جیاواز هەن. هەر ئامێرێک دەنگێکی جیاواز یان ڕەنگی تۆنی (تیمبەر)ی خۆی هەیە، کە وا دەکات جیاواز بێت لە هەموو ئامێرێکی تر، (تیمبەری ئامێرێکی موزیکیی، کوالیتی دەنگی بێوێنە و ناوازەی هەر ئامێرێکە کە لە ئامێرێکی تر جیای دەکاتەوە، ئەوکوالیتییە پەیوەندی بە تۆن، ڕیتم، یان قەبارەوە نییە. پێناسەی تیمبەر تا ڕادەیەک لە زاراوەی کوالیتی تۆن دەچێت؛ ئەم دوو زاراوەیە زۆرجار بە شێوەیەکی ئاڵوگۆڕ و جێگۆڕکێ بەکاردەهێنرێن. کوالێتی تۆن ئەو تایبەتمەندییە ڕەسەنە سروشتییە دەنگانەیە، کە لە هەر ئامێرێکدا دەبینرێن، کە بە باشترین شێوە تیمبەر لە موزیکدا وەسف دەکەن).[2]

**چ هۆکارێک هەن بۆ سەرهەڵدانی تیمبەر لە موزیکدا؟**

لە سادەترین ئەرکی خۆیدا، تیمبەر ڕێگە بە گوێگر دەدات دەنگێک بناسێتەوە، کە لەلایەن ئامێرێکی دیاریکراوەوە بەرهەم هێنراوە. ئەو توخمە سەرەکییەی ڕەنگی تۆنی ئامێرەکە دەگۆڕێت، ئەو کەرەستە خاوانەیە کە لە دروستکردنیدا بەکاردەهێنرێت، لەگەڵ ئەوەشدا ئەم گۆڕانکاریانە ڕەنگی تۆنی بنەڕەتی ئامێرەکە ناگۆڕێت و زۆرجار پێرفۆرمەنسەکانی بە ئەزموون گۆڕانکاری لە پێرفۆرمەنس وپێکهاتەی ئامێرەکەدا دەکەن بەپێی مەودای پێرفۆرمەنس وئامادەکراوەکانی. تەکنیکی پێرفۆرمەنس هۆکارێکی دیکەیە، کە کاریگەری لە سەر چۆنیەتی هەستکردن بە ڕەنگ و زەنگی ئامێرێکی موزیکی هەیە. موزیسییانە بە ئەزموونەکان دەتوانن تیمبەر یان هەندێک لایەنی دیاریکراوی پێرفۆرمەنس بۆ پلەیەکی بەرزتر بگۆڕن، ئەمەشیان لە پێناو وەدەستهێنانی کاریگەری سۆزداری و موزیکیی مەبەستداردەبێت.

---

[1] – عبدون، المصطفى، الأداء الموسقي، مجلة نقد و تنوير، العدد الثالث عشر، السنة الرابعة أيلول، سبتمبر، ٢٠٢٢، ص٦٤.
[2]

### ٤-٧-١٠-پێکهاتەی هونەریی تیپی موزیکی هاوچەرخ یان ئۆرکێستراکە:

گرنگی پێکهێنانی هونەریی ئۆرکێسترا یان تیپەکانی موزیکیی لە نوێگەرێتی و ڕەسەنێتییەکەیدایە، ئەو ڕۆڵەی ئۆرکێسترا وتیپەکانی موزیکیی لە گەیاندنی کەلەپووری موزیکیی کوردیدا دەیگێڕن، هەروەها گرنگی ئەم پێکهاتە هونەرییە لەو ڕۆڵەوە سەرچاوە دەگرێت، کە ئۆرکێسترا و وتیپەکانی موزیکیی لە گەیاندنی جوانیی نمایشی موزیکیش دەیگێڕن، ئەمەش بێگومان کاریگەریی ڕاستەوخۆی لە سەر ئەو کەرت و دامەزراوانە هەیە، کە گەنجان و نەوەکان پەروەردە و ئامادە دەکەن، لەوانەش دامەزراوە موزیکییەکان. ئەم گرنگییە کاتێک  زیاتر دەبێت، کە درکمان بە ڕۆڵی زانکۆ و پەیمانگا و دامەزراوە ڕۆشنبیرییە موزیکییەکان کرد، ئەوان ئەو تێڕوانینە هەڵدەگرن، کە موزیکی کوردی لە کەلەپوور و نوێبوونەوە و هاوچەرخیدا دەبێت بە ڕەسەنی بمێنێتەوە و دیدگایەک دەگرنەبەر، کە موزیکی کوردی دەبێت لەو ئاستە مەعریفییەدا بێت. لێرەوە دەکرێ گرنگی ئەم پێکهاتە هونەرییەی ئۆرکێسترا یان تیپەکانی موزیکیی هاوچەرخ، لەڕووی ئەوەی نمایشی ئێستای ئۆرکێستراکان چییە، کورت بکرێتەوەو پێڕفۆرمەنسی خوازراو لەم سەردەمەدا دیاری بکات بۆ یارمەتیدان و بەرز ڕاگرتنی داهاتوویەکی هونەری گونجاو و ڕوون، هەروەها بۆ بەرزکردنەوەی توانستی کەلتووری موزیکیی* هەموو تاکەکان، بە لەبەرچاوگرتنی جوانیی پێڕفۆرمەنسی

---

* قۆناغەکانی پەرەسەندنی مامەڵە و چارەسەری سیمفۆنی لەگەڵ میلۆدییەکانی فۆلکلۆریی لە هەندێک کەلتووری موزیکیی جیاواز لە سەرەتای سەدەی بیستەمەوە لە سێ ئاستدا لە سەر بنەمای شێوازی (بیلا بارتۆک) بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ موزیکی فۆلکلۆری دیاریکراون: -

١- **ئاستی داواکراو:** کە تێیدا دانەری موزیک هێڵە میلۆدییە میلییەکە دەهێڵێتەوە یان کەمێک گۆڕانکاری تێدا دەکات بە زیادکردنی هەندێک هارمۆنی یان شێوازی پۆلیفۆنی، لەوانەیە پێشەکییەکی کورت یان کۆتاییەکی سرووشبەخش لە خودی بابەتە میلۆدییەکەی بۆ زیاد بکات.

٢- **ئاستی دووەم:** میلۆدییە میللییەکە وەک بنەمایەک بۆ دانەری موزیک وەردەگیرێت، پاشان داهێنان وهەمەجۆرکردن بە خستنەکاری ئامرازە هونەرییە ناسراوەکانی وەک هەڵگەڕانەوە و پێچەوانە. لەم ئاستەدا میلۆدی میللیی تا ڕادەیەک لە پشت داهێنانی دانەری موزیکەوە شاردراوەتەوە، چونکە ئەم ئاستە پێویستی بە تایبەتمەندی هونەری و خەیاڵێکی زۆری دانەرو دابەشکەری موزیکیی هەیە.

٣- **ئاستی سێیەم:** بەرزترین قۆناغی سرووشبەخشییە بۆ فۆلکلۆر، لە دروستکردنی بیرۆکەی موزیکی تەواو و نوێ، بەڵام ئەم موزیکە نوێیە لە هەمانکاتدا هەڵگری تایبەتمەندی موزیکە میللییەکە بووە. تا ئەو ڕادەیەی گوێگر دەگاتە خەیاڵکردن، کە ئەم میلۆدیانە فۆلکلۆری ڕەسەنن و بارتۆک ئەم ئاستە بە (فۆلکلۆریی خەیاڵئامێز) (Imagined Folklore) ناودەبات، لەم کارەدا توخمێکی فۆلکلۆری دیاریکراو نادۆزینەوە، لەگەڵ ئەوەشدا توخمەکان بە کارەکتەری مۆرکی میللیی تایبەتمەندن لە پێکهاتەی میلۆدی وریتمیدا.

سمحة، الخولي، القومية في الموسيقى القرن العشرين، سلسلة عالم المعرفة، المجلس الوطني للثقافة والفنون والآداب، الكويت، 1992م، ص80.

هونەریی لە موزیکی کوردیدا، لەکاتی پێشکەشکردنی کەلەپووری موزیکیی و گۆرانیی وەک بابەتێکی تژی لە داهێنانی هونەریی.

**٤-٧-١١- ناوەرۆکی بابەتی موزیکیی:**

تەوەری فۆرماڵی ناوەرۆک: واتە پۆلێنکردنی بەپێی پەیوەندی فۆرم بە ناوەرۆکەوە، لێرەدا ناوی (هیگڵ)دێت، گرنگترین فەیلەسوفی ئەڵمانی دوای (کانت)، کە (هونەرەکانی بەپێی پلەی باڵادەستی ناوەرۆک بەسەر فۆرمدا پۆلێن کردووە، شیعر، بۆ نموونە (قۆناغێک) لە موزیک بەرزترە؛ بەهۆی توانای شیعر بۆ دیاریکردنی ناوەرۆکێکی دیاریکراو، ناڕوونی ناوەرۆکی موزیکیی و موزیک لەمەشدا لە پەیکەرسازی بەرزترە، پەیکەرسازیش لە تەلارسازی باڵاترە).[1]

هونەرەکان لە ڕاستیدا بەپێی تەوەری ڕەهەندەکانی سروشتیی (کات و شوێن) دابەش دەکرێن بەسەر: (هونەری فەزایی، هونەری کاتی، کە بە شێوەیەکی سەرەکی موزیک لەخۆدەگرێت و پەیوەندییە کاتییەکانی ڕیزبەندی و ڕیتم و ڕووداو و هونەرەکانی پێکهاتەیی لە هەردوو ڕەهەندی کات و شوێن بەکاردەهێنێت، ئەمەشیان هونەری دینامیکی لەخۆدەگرێت، وەک سەما، کە لە هەردوو کات و شوێن و هونەرە ئەبستراکتەکاندا ڕوودەدات و لە نێوڕەهەندەکانی سروشتدا ئەم ڕووداوانە نابینین، چونکە ئەم بابەتانە (هونەرەکانی ئەدەب وهونەرەکانی پێکهاتەیی هونەرە کاتی - فەزایی و ئەبستراکتەکان، وەک ئۆپێرا، شانۆ و سینەما، کە پۆلێنێکی چوارگۆشە تەوەرە و مامەڵە لەگەڵ چەمک و بیرۆکەکاندا دەکەن).[2]

پێکهاتە لەنێو ئەو هونەرە سادانەیە، کە بۆ بەرهەمهێنانی هونەری ئاڵۆز بەکاردەهێنرێن و بە شێوەیەکی تەواوکەر ڕوودەدەن، وەک ئاوێتەکردنی پێناسە وتایبەتمەندیی ناوەرۆکی شیعری لەگەڵ ناڕوونی ناوەرۆکی موزیکیی لە گۆرانی چڕیندا، یان نواندن، وەک نواندنی جووڵەی جەستە بۆ ڕیتمەکانی موزیکیی لە حاڵەتی سەمادا. ئەوەی موزیک لە بابەتەکانی تر جیا

---

[1] -Hegel, Georg Wilhelm Friedrich, Ästhetik, herausgegeben von Friedrich Bassenge, Aufbau-Verlag Berlin, 1955, S. 586-589

[2]- Nietzsche, Friedrich, Geburt der Tragödie, oder: Griechenthum und Pessimismus, C. G. Naumann, Verlag, Leipzig, 1907, S. 19-20.

دەکاتەوە ئەوەیە، موزیک هونەرێکی کاتییە لە سەر ڕەسەنێتی، واتە لە(کات) ێک (ڕوودەدات) کە شوێنێکی نییە. ئەمەش پلەیەکی تاڕادەیەک جیاوازی ڕێژەیی لە دابڕان و لە ناوەرۆک پێدەدات، بۆ نموونە کاتێک بەراورد بە هەردوو چەمکی پێکهاتە و شیعر، دەکرێت. هەرچەندە شیعر لەنێوزەمەنی (کات)دا دەخوێندرێتەوە یان دەبیسترێت، بەڵام بابەتە هونەرییەکەی لە تێگەیشتنە ئەبستراکتەکانە. سەبارەت بە موزیک، بابەتی هونەری خودی (کات)ەکەیە، کە ناوکی گەوهەرەکەی پێکدەهێنێت. لە کاتێک دا تەلارسازی یاری بە فەزا، لایەنگریی، بارستە، بار و کێشکردن دەکات و شیعر بە شێوەیەکی سەرەکی و بنچینەیی یاری بە بیرۆکە وچەمکەکان دەکات، موزیک دوور لەو بابەتانە هەمیشە یاری بە ڕووداوە بێناوەرۆکەکان دەکات.

**٤-٧-١٢- پەرەسەندن لە میلۆدیدا:**

بەکارهێنانی وێنەکێشانی (چارتی)میلۆدی و نەخشەکانی ڕیتمیی بەڕوونی پەیوەندی بە هەریەک لە میلۆدییە نمایشکەرەکانەوە هەبووە، بەکارهێنانی ڕیتمەکانی سادە بۆ جیاکردنەوەی میلۆدی لاوەکی لە میلۆدییە نمایشکەرەکانی دیکە، کە ڕیتمی لێکدراویان هەیە. پەرەسەندنی میلۆدییەکانی بنەڕەتیی کارەکانی موزیکیی لە کارلێککردنەکەدا لە ڕێگەی پەرەپێدانی وێنەکێشانی میلۆدی و نەخشەی ڕیتمییەوە بەکاردەهێنن بە بەکارهێنانی پۆلێنی جیاواز لە وێناکردنی جۆراوجۆردا، کە دوو فۆڕمی گەشەکردنی میلۆدی تێدا کۆکراونەتەوە و بریتین لە خستنەڕووی ڕستەی میلۆدی بنەڕەتی و مامەڵەکردن لەگەڵیدا لە سەر چەندین پلەی جۆراو جۆر لە پلە دەنگییەکانی پەیژە بێت یان مۆد، جگە لە گۆڕانکارییەکان لە سەری و یاوەریکردنی چنینێکی هارمۆنیی هەمەچەشن لە نێوان کلاسیک و مۆدێرن، کە تێکڕا دەبنە هاندەری دانەرانی موزیکیی کوردی بۆ وەرگرتنی سرووشگیری لە کەلەپووری کورد و پەرە پێدانی بە بەکارهێنانی لەنێو بۆتەی موزیکی کوردی هاوچەرخ یان ئۆرکێسترا، بەبێ ئەوەی ڕۆح و مۆرکی موزیکی کوردی بشێوێنێت یان کاڵی بکاتەوە.

**٤-٧-١٣- ڕەسەنێتی ڕستەی موزیکیی کەلەپووریی:**

کەلەپووری زیندوو بەگشتیی نوێنەرایەتی کەڵەکەبوونی کەلتووریی هاوبەش لەنێو هەمان کۆمەڵگەدا دەکات، بەو پێیەی (ئاماژەیەکی بنەڕەتییە بۆ هەموو بەرهەمێکی پەیوەست بە نوێگەرێتی، بەو پێودانگەش بێت ئەو ئاریشەیەی کە لە کۆنتێکستی کەلەپووری موزیکییدا سەرهەڵدەدات، نوێنەرایەتی نوێکردنەوەی کەلەپوور ناکات، یاخود لە بەرهەمێکی داهێنەرانەدا بە تەواوی لە هەمووئاماژەیەکی بۆماوەیی بێبەشدەبێت، بۆیە، لێرەدا لە هەموو بابەتەکان گرنگتر بەردەوامیی وپاراستنی شوناس و ناسنامەی نەتەوەیی و کەلتووری نیشتمانییە).[1]

دانانی کەلەپوور و و نوێگەرێتی شانبەشانی یەکتربیرۆکەیەکی درووستە، چونکە کەلەپووری ئەمڕۆ بە دڵنیایی نوێنەرایەتی کەلەپووری ئایندە دەکات، لەبەر ئەوەی (چەمکی نوێگەرێتی بە مانای دابڕان لەگەڵ ئەوەی کە هەڵگری تایبەتمەندییە هونەرییە بۆماوەییەکانە نایەت بۆ ئەوەی نیشانەی نوێبوونەوە هەڵبگرێت، زۆربەی بەرهەمەکانی موزیکیی پێویستیی ئاماژەکردن لەخۆدەگرن، کە وەرگێڕانی پەیوەندیی کەلتووری و پشتڕاستکردنەوەی چەمکی شوناسن، بەڵام گرنگترین شت ئەوەیە کارە داهێنەرەکە بە شێوەیەکی سەرەکی لە سەر ئەو گۆڕانکارییە قووڵانە دامەزراوە، کە گوتاری موزیکیی شایەتحاڵی دەکات لەگەڵ هاوسەنگی لەگەڵ سەردەمەکەی بەپێی گۆڕانکارییە هزری و جوانکاری و هونەرییەکان، لەگەڵ ئەوەشدا هەلومەرجی نوێگەرێتی پەیوەندییەک لە نێوان شوناس و تایبەتمەندییە هونەرییەکانی کەلەپووریدا دەسەپێنن، بە مەرجێک تایبەتمەندییە هونەرییە نوێیەکان لەگەڵ توخمە هونەرییە بنەڕەتییەکان و ڕادەی ڕێزگرتن لە زاراوەی موزیکییدا ناکۆک نەبن).[2] (جگە لە وەرگرتنی بابەتەکە وەک خاڵی دەستپێک بۆ داهێنان، چونکە هیچ ڕێگەیەک بۆ نوێکردنەوە یان نوێکردنەوەی بابەتێک بەبێ ئاماژەدان بە خاڵی دەستپێک نییە، ئەوە ئەو ئاماژەیەیە، کە نوێنەرایەتی زەمینەی بنەڕەتی بۆ داهێنەر دەکات).[3]

---

[1]- حنفي، حسين، التراث والتجديد (موقفنا من التراث القديم) ط١، لبنان، المؤسسة الجامعية للدراسات والنشر والتوزيع، ٢٠٠٢، ص ١.

[2]- مراد، الصقلي، الموسيقى التونسية و تحديات القرن الجديد، تونس، بيت الحكمة، ٢٠٠٨، ص٥٠-٥٨

[3]- الياس، سحاب، الموسيقى العربية في القرن العشرين "مشاهد و محطات و جوه"، ط ١، لبنان، دار الفارابي، ٢٠٠٩، ص ١١١.

**٤-٧-١٤- بنیاد وشێوازی میلۆدی:**

فەرهەنگی گرۆڤ، (بنیادنانی موزیکیی بەم شێوەیە پێناسە دەکات: "نووسینی پارچە موزیکێک بەپێی پلانێکی کۆنکرێتی"، کە دەتوانرێت بەدیبهێنرێت").[1]

کۆپلاند بە (هاودەنگی وهاوسەنگی لە نێوان ئەو کەرەستە و توخمانەی بەکارهاتوو لەلایەن هونەرمەندەوە لە پێکهێنانی پارچەیەکی موزیکییدا پێناسەی دەکات).[2]

توێژەر بە شێوەیەکی ڕێکارانە، هاوڕای ئەو پێناسەیەی بنیادنانی موزیکییە ، کە پێیوایە (بنیادنانی موزیکی، بریتییە لە پرۆسەی ڕێکخستنی توخمە موزیکییەکانی ئاواز وڕیتم لە ڕستە و برگە لۆژیکی وتێگەشتنەکاندا، بەپێی پلانێکی نەخشەڕێژی ڕیتم و دینامیک وتیمبەری دەنگیی* کە دواجار فۆرمێکی دیاریکراو وەردەگرن). [3]

(داڕشتنی موزیکیی ئەو شێوازەیە کە موزیسییان لە بەشێکی موزیکدا زنجیرەیەک تۆن پێکدەهێنێت، بۆ ئەوەی ڕێگە بە دەربڕین بدات، مۆزیسییان ئەمە بە لێکدانەوەی موزیکەکە بەدەست دەهێنێت - لە یادگە یان نۆتەی موزیکەوە - بە گۆڕینی دەنگ، ڕیتم، داینامیک، گوزارشت و دەربڕین، هەروەها وەرچەرخان وتایبەتمەندییەکانی دیکە).[4]

---

[1] -Grove, Sir George. (1904) Grove's Dictionary of Music and Musicians. John Alexander Fuller-Maitland Macmillan. p594

[2] - آرون، كوبلاند، ما الذي نستمع إليه في الموسيقى، تر محمد حنانا، دمشق، دار المدى للثقافة، ٢٠٠٣م، ص٦٤٣.

* تیمبەری دەنگ: - تیمبەری دەنگ واتە کوالێتی دەنگ، تۆن یان مۆد لە هونەری موزیکدا و تیمبەرەکە کۆمەڵێک پەیوەندی فۆنێتیکە و یەکێکە لە پلەکانی زمانی موزیک. چنینی پۆلیفۆنی کۆنتراپۆینت (Polyphonic counterpoint) چنینێکی فرەدەنگییە لە هەموو توخمە میلۆدییەکان پێکهاتووە وهێڵی میلۆدی دەتوانرێت لە لاساییکردنەوەی کۆنتراپۆینت پێک بێت وچنینی پۆلیفۆنی دەتوانێت بە ئازادییەکی ڕەها بجوڵێت وەک میلۆدی، هەروەها دەکرێت شێوەیەکی میلۆدی ئاوێتە کراو، بەبێ بەشداری ئۆرکێسترا بێت، لێرەدا دەبێت پێکهاتەی ئۆرکێسترایی بۆ پرۆسەی چنینی پۆلیفۆنی هاوسەنگی نێوان (هارمۆنی و کۆنتراپۆینت) لەبەرچاو بگرێت.

[3]-Randel, d. m. (2003) The Harvard Dictionary of Music. Belknap Press of Harvard University Press.

[4] -Newman, William S. (1995). Beethoven on Beethoven: Playing His Piano Music His Way, p.170-71. ISBN 0-393-30719-0

(داڕشتنی موزیکی دەتوانێت جەخت لە سەر چەمکێک لە موزیکدا یان پەیامێک لە تێکستەکاندا بکاتەوە، یان دەتوانێت مەبەستی ئاوازدانەر بگەیەنێت، کە لایەنەکانی بە شێوەیەکی باو لە نووسینەوەی نۆتەی موزیکدا ئاماژەیان پێدەکرێت وپێی دەوترێت نیشانەکانی دەستەواژە. بۆ نموونە خێراکردنی تیمپۆ یان درێژکردنەوەی تۆنێک، ڕەنگە گرژی بیرۆکەیەکی ئاڵۆزیی موزیکیی زیاد بکات، کە بە نیشانەیەکی خاڵبەندی موزیکیی کۆتایی دێت وئەمەشیان پێی دەوترێت ڕیتم. بۆیە ڕستەکان لە موزیکدا هەمیشە لە ڕێگەی کارلێکی میلۆدی وهارمۆنی وریتمەوە دروست دەبن).[1]

**٤-٧-١٥- یەکتابوون و گونجان و کۆنتراستی میلۆدی:**

(سیمایەتی (سیمیتری)یاخود هاوڕێکی لە زانست و بیرکاریدا ئاڵۆزە وهەرچەندە بیرۆکەی سیمیتری لە موزیک وهونەرەکانی دیکەدا زیاتر ئەبستراکتە، بەڵام بە هەمان شێوە گرنگە. هونەرمەندان خەبات بۆ بەدەستهێنانی هاودەنگی لە کارەکانیاندا دەکەن وپێرفۆرمەنسەکانیش هەمیشە دەمەقاڵێی ئەوەیانە و دەڵێن کە ئەم دووبارەبوونەوانە دەبنە هۆی ئەوەی بینەر لە نمایشەکاندا بێبەش و(بێزار) بێت، لە کاتێک دا تیۆریستەکانی موزیک بە پێچەوانەی ئەوان دەڵێن، ناتوانرێت دووبارەکردنەوەکان جێبهێڵرێن، چونکە موزیک لەو سیمیترییە بێبەش دەکەن، کە ئاوازدانەر مەبەستیەتی، لێرەدا پرسیاری گەوهەری ئەوەیە ئایە هیچ کام لەم بابەتە وروژێنەرانەی لە سەرەوە باسکران ئێمەش دەگرێتەوە؟ موزیکی ڕۆژئاوایی بە گشتی بە چوار یان هەشت ڕستەی پێوانە ڕێکخراوە، بۆ ئەوەی سیمیتری جێگیر بکرێت. گوێ لە میلۆدییە دڵخوازەکەت بگرە وئەگەر دەستەواژەی هەشت پێوانە بوو، بیبڕە بۆ دوو یان چوار ڕستەی پێوانە یەکسان، ئەگەر هاتوو ڕستەکان بە باشی دانرابوون. بۆیە کاتێک موزیک دادەنێیت، بیر لە سیمیترییەکەی ناو میلۆدییەکانت بکەرەوە و کاتێک پرۆسەی ژەنینیشی بۆ ئەنجام دەدەیت و دەیژەنیت، بیر لەوە بکەرەوە کە چۆن توخمەکان لە چوارچێوەیەکدا دادەنێیت؟، بۆ ئەوەی ئەو وێنە ئاوێنە یان سیمیترییەیان پێبدەیت، بۆیە هاوڕێکی لە موزیکدا

[1] -White, John D. (1976). The Analysis of Music, p. 44

چەمکێکی ئەبستراکتە و یەکێکە لە باشترین ڕێگاکان، بۆ ئەوەی بە باشی بیناسین ئەوەیە، کە لە دەرەوەی بوارو چوارچێوەی موزیکیی سەیری بکەین).[1]

سەبارەت بە (کۆنتراست)یش لە موزیک و فۆرمی موزیکیدا، ئاوا ئەوجیاوازییەیە، کە لە (نێوان بەشەکان یان دەنگی ئامێرە جیاوازەکانە، کۆنتراست سێ جۆری هەیە: کۆنتراستی ڕیتمی، کە ڕێکارەکانی دابەشکردنی چینەکانی دەنگ، یەکتر جێگیرکردن، هەروەها ئینتەرپۆلاسیۆن (الاستیفاء) و جۆری دووەم کۆنتراستی میلۆدی لەخۆدەگرێت، کە ڕێکارەکانی پەیوەندیکردن بریتین لە پلەبەندی، ئاوێتەکردن، چارەسەرکردن، هەروەها کۆنتراستی هارمۆنی، ئەمەش واتە گۆڕانکاری لە کلیلەکان، ئەکۆردەکان، یان تەنانەت لە ڕیتمەکانیشدا . دژایەتی(التناقضinconsistency) تەنها ڕێگەیەک نییە، بۆ زیادکردنی سەرنج و جیاوازی بۆ گۆرانییەک، بەڵکو گرنگییەکی بەهادارە بۆ ڕەهەندی جوانکاریی چارەسەرکردنی دراماتیکیی ململانێکان، بۆیە کۆنتراست سێگمێنتێکە کە پشوویەکی نائاگایانە بۆ دەستەبەرکردنی بابەتێک لە موزیکی نمایشە سەرەکییەکەدا دابین دەکات).[2]

### ٤-٨- پێوانەی ڕاستگۆیی ئامرازەکان:

بـۆ مەبەسـتی دڵنیـابوون لە ڕەوایـی پێـوانەی ڕاسـتگۆیی ئامرازەکـان، کە بە یەکێـک لەو تایبەتمەندییە گرنگانە دادەنرێت و دەبێت لە ڕێکارەکانی توێژینەوەدا ڕەچاو بکرێت و گرنگی پێبدرێت بۆ ئەوەی ڕەوایەتییەکەی بزاندرێت. مەبەستمان لە( ڕاستگۆیی) ئەوەیە، ئامرازەکە توانای پێوانەکردنی ئەو تایبەتمەندییە یان دیاردەیەی کە بۆی داندراوە هەبێت. بۆیە توێژەر برگەکانی پێوانەی ڕاستگۆیی ئامرازەکانی پێشکەش بە ژمارەیەک لەشارەزایان و پسپۆڕی بواری موزیک کرد، بە مەبەستی وەرگرتنی ڕاستی و وەستان لە سەر ڕەوایی برگەکانی و دیاریکردن و ڕادەی نوێنەرایەتیکردنی خستنەکاری هونەریی ئامرازەکان لەڕووی شێوەی دیزاینی ئەنکێتەکانەوە.

---

[1] -ps://playpiano.com/music-form/musical-form

[2]- Laney, R., Samuels, R., Capulet, E. Cross Entropy as a Measure of Musical Contrast. In the proceedings of Mathematics and Computation in Music 2015, International Publishing

١- فۆڕمی دەستنیشانکردنی (**نموونەکانی توێژینەوە**) و وەرگرتنی ڕای پسپۆڕان لە سەر ناوەڕۆکی نموونە هەڵبژێردراوەکان لە گۆرانی کەلەپووریی کوردی. . بڕوانە خشتەکانی ژمارە(٤-١-٢) و(٤-١-٣)و(٤-١-٤)و(٤-١-٥).

٢- فۆڕمی ڕاپرسیی وەرگرتنی ڕاو بۆچوونی پسپۆڕان سەبارەت بە ناوەڕۆکی (**پێوەری ئامرازەکانی توێژینەوە**) لە نموونە هەڵبژێردراوەکان لە گۆرانییە کەلەپوورییەکانی کوردی. بڕوانە خشتەکانی ژمارە(٤-١-٦) و(٤-١-٧)

ڕێژەی ڕێککەوتن لە نێوان پسپۆڕان شارەزایان لە سەر بابەتەکانی پێوانەی ڕاستگۆیی ئامرازەکان، **بەپێی ڕێژەی ڕێککەوتنی کوپەر***(١٠٠٪) بووە.

## ٤-٩- کەرستەکانی توێژینەوە:

بەمەبەستی ئاگاداربوون لە پێشکەوتنەکانی بواری تەکنەلۆجیای زانیاری، چەندین بەرنامەی تایبەتمەند و کارپێکراو بۆ ئەنجامدانی کارەکان بە خێرایی و بە وردبینییەکی بەرز بەتایبەتی لە بواری موزیکدا بەکارهێندراون، بەرنامەی تایبەتی موزیکیی لە سەر بنەمای بەکارهێنانی کۆمپیوتەر داڕێژراون بۆ ئاسانکاری کاری موزیسیانان، بە مەبەستی گەیشتن بە پلەیەکی بەرزی وردبینی و خێرایی لە جێبەجێکردنی بەنۆتەکردنی بەرهەمەکانی موزیک و گۆرانیی، یەکێک لە گرنگترین سوودەکانی ئەم بەرنامانە توانای شیکردنەوەی موزیکییە، لە کاتی تۆمارکردن بە وردبینییەکی زۆر و کاتێک ی کەمی دیاریکراودا، لەنێو ڕێکارەکانی توێژینەوە بۆ شیکردنەوەی نموونەکان، توێژەر پشتی بە بوارەکانی کۆمپیوتەر بۆ بەکارهێنانی بەرنامە گرنگەکان بەستووە، بۆ ئەوەی سوودی ڕادەبەدەری لێوەربگرێت، بە تایبەتی لە بواری پێناسەکردنی خستنەکاری کەلەپووری گۆرانیی و بەراوردکردنی ئەم زانیاریانە لەگەڵ ئەوەی توێژەر شیکاری بۆ کردووە و ئەوەی نیشانیداوە لە جۆرە جیاوازەکانی خستنەکاری

* - هاوکێشەی کوپەر بۆ زانینی ڕێژەی سەدی ڕێککەوتن لە نێوان شارەزایان و پسپۆڕاندا بریتییە لە :

$$100x \frac{\text{ژمارەی جارەکانی ڕێککەوتن}}{\text{ژمارەی جارەکانی ڕێککەوتن + ژمارەی جارەکانی ڕێکنەکەوتن}}$$

تیپەکانی موزیکیی هاوچەرخ و ئۆرکێسترایی ، بۆ ئەوەی ئەنجامەکان وردتر و ڕوونتر بن، ئەم بەرنامانە بەم شێوەیە بوون:

١ - بەرنامەی Music Studio

٢- بەرنامەی Sibelius

٣- MacBook Pro, 2012, 13 inches

٤ - بەرنامەی iPhone 11 Pro Max

٥- Air pods Pro, Apple Headphone

٦- printer: Canon i-sensys

٧ - Metronome

٨ - Microsoft word

٩ - بەرنامەی Logic Pro X

١٠ - بەرنامەی MuseScore4

١١- بەرنامەی Final

## ٥- بەشی پێنجەم

### جێبەجێکردن، ئەنجام، لێکدانەوە

### Implementation, Results and discussion

### شیکردنەوەی نموونەکانی توێژینەوە

**٥-١- نموونەی یەکەم: (سۆران بادینان) کۆمپۆزەر (دڵشاد محمد سەعید)**

**١- تۆنالیتە (مۆد* یان پەیژە و گواستنەوەکانی): -**

بە شێوەیەکی گشتی ئەو مۆدانەی لەم نموونەیەدا هەن بریتیین لە:

یەکەم: - لقی دەرهێنراوی مۆدی حیجازە، بریتییە لە مۆدی حیجازکار لە سەر پلە دەنگی حوسەینی (لا) وێنا کراوە: ڕەگەزی یەکەمی بریتییە لەڕەگەزی حیجاز لەسەر پلە دەنگی(لا) (لا- سی بیمۆڵ -دۆ دییێز- ڕێ) + ڕەگەزی دووەمیش بریتییە لە ڕەگەزی حیجاز لە سەر پلە دەنگی پۆسەلیک (می) (می- فا - صۆڵ دییێز-لا) ئەم مۆدە نوێنەرایەتی پێکهاتەی ئاوازی کەلەپووری گۆرانیی (هۆی زەری زەری) دەکات.

دووەم: - وێناکردنی مۆدی حیجازە لە سەر پلە دەنگی حوسەینی (لا)، ڕەگەزی یەکەمی بریتییە لە رەگەزی حیجاز لە سەر پلە دەنگی(لا) (لا- سی بیمۆڵ -دۆ دییێز- ڕێ) + ڕەگەزی دووەمیش بریتییە لە ڕەگەزی مۆدی کورد لە سەر پلە دەنگی (می) (می- فا - صۆڵ - لا) ئەم مۆدە شیان نوێنەرایەتی پێکهاتەی ئاوازی گۆرانیی (کوردستان شاری شیرین)م دەکات.

---

* مۆد: - Mode

پێکهاتەیەکی تۆناڵی یەک لە دوای یەکە، شێوەی ئاوازەکە و پلەی سەرەتا ورادەی وابەستەیی پێی لە مۆزیکی عەرەبی وهەروەها لە مۆزیکی ئەورووپیدا لە سەدەکانی ناوەڕاستدا دیاری دەکات، . سەردەمی موزیکی مۆد کۆتایی هاتووە و لە بری ئەو موزیکی پەیژەیی شوێنی گرتوتەوە، کە پشت بە دوو مۆدی کۆن دەبەستێت لە شێوەی دوو پەیژەی سەرەکی، کە یەکێکیان پەیژەی سەرەکی (گەورە) و ئەوی دیکەیان مینۆرێکی پێوانە بچووکە، کە هەریەکەیان حەوت پلەی تۆناڵی لەخۆدەگرێت کە لە چینە جیاوازەکاندا دووبارە دەبنەوە.

عيد، كمال الدين أعلام و مصطلحات الموسيقى الغربية، دار الوفاء لدنيا الطباعة والنشر، الطبعة الأولى، الإسكندرية، مصر، ٢٠٠٦، ص٢٩٤

ئەم کارە موزیکییە هیچ گواستنەوە وپەیژەگۆڕکێیەک، (مۆدولەیشن*Modulation) لە تۆنالیتەی دەنگی (لا)ی تێدا نییە و تا کۆتایی پێکهاتە موزیکییەکە لە سەر هەمان تۆنالیتە بەردەوامی دەبێت.

## ٢- ریتم و خێرایی: -

ریتمی کارە موزیکییەکە بە گشتیی بریتییە لە ریتمی ٤/٤ و خێراییەکەی لە سەرەتادا لە باڕی (١) تا باڕی (٧٨) خێرایی (Allegro Moderato) یە، دواتر لە باڕی (٧٩) تا باڕی (١٥٨) خێراییەکە دەگۆڕدرێت بۆ خێرایی(Allegro)، پاشان لە باڕی (١٥٩) تا کۆتایی کارە موزیکییەکە خێراییەکە دەگۆڕدرێت بە خێرایی (Vivace) . سەیری نموونەکانی ژمارە ٥-١-١ و٥-١-٢ و ٥-١-٣ بکە




**نموونەی ژمارە ٥-١-١Allegro Moderato**

---

* مۆدولەیشن: - (Modulation)
مۆدولەیشن گواستنەوەی نێوان مۆدە موزیکییەکانە بە مەبەستی بڵاوکردنەوەی رەنگی زۆر لە شەبەنگی موزیک لە سیستەمێکی ئەندازەییدا، کە لە پەیوەندی نێوان سەرەتاکانی مۆدە جیاوازەکانەوە وەرگیراوە، بۆ نموونە، دانەری موزیک گواستنەوەیەکی نەریتی دەگوازێتەوە لە مۆدی (دۆ) وە بۆ مۆدی (سۆڵ) بەبێ هیچ بەربەستێک، گواستنەوەی مۆد دەبێتە هۆی گۆڕانکاری لە بواری تیمبەری دەنگ و تۆنی ئاوازەکە.
عید، کمال الدین أعلام و مصطلحات الموسیقی الغربیة، دار الوفاء لدنیا الطباعة والنشر، الطبعة الأولی، الإسکندریة، مصر، ٢٠٠٦، ص٢٩٧.




**نموونەی ژمارە ٥-١-٢Allegro**




**نموونەی ژمارە ٥-١-٣Vivace**

هۆکاری گۆڕانکارییەکان لە خێرایی دەگەڕێتەوە بۆ تایبەتمەندیی ڕیتمیی ئەو دوو ئاوازە کەلەپوورییەی کە موزیکدانەرەکە (خستنەکاریی) بۆ کردووە و هونەرمەند، لێرەدا ویستوویەتی ڕەسەنێتی و مۆرکی ئاوازە بنەڕەتییەکە بە شێوەیەک بپارێزێ و بنەما کەلەپوورییەکانیان بە زندوویتی بمێننەوە، ئەمە لە لایەک، لە لایەکی ترەوە، لە بواری ڕیتمشەوە، هەمیشە بتوانێ گونجان و هاوسەنگی لە ڕیتم و خێرایی نێوان هەردوو ئاوازەکە بەدەست بهێنێت.

## ٣- جۆری باڕی موزیکی: -

بنیادی باڕەکان لە دروستبوونی ڕستەکانی موزیکیی لەم کارە هونەرییەدا بریتییە لە چوارخشتەکی، واتە ڕستە میلۆدییەکانی ئەم موزیکە بە گشتیی یان لە چوار باڕ یاخود لە هەشت باڕ پێکهاتوون، بۆ نموونە ڕستە میلۆدییەکانی بەشی (C) چوار باڕیین، ورستە میلۆدییەکانی بەشی (D2) یش هەشت باڕیین.

### ٤- گۆرانییە کەلەپوورییەکە بەر لە خستنەکارییەکەیدا: -

لە چوار بارِی ریتمی ٤/٤ بە خێرایی (Allegro Moderato) پێکهاتووە و مۆدی ئەم میلۆدییە رەسەنە وێناکردنی مۆدی (حیجاز) ە لە سەرپلە دەنگی (لا). نزمترین دەنگ (A4)ە و بەرزترین دەنگ (E4)ە، خایاندنی نۆتەکانی (بلانش، کرۆش)ن. سەیری نموونەی ژمارە ٥-١-٤ بکە




**نموونەی ژمارە ٥-١-٤میلۆدیی رەسەنی یەکەم بەر لە خستنەکاریدا**

لە هەشت بارِی ریتمی ٤/٤ بە خێرایی (Allegro) پێکهاتووە و مۆدی ئەم میلۆدییە رەسەنە وێناکردنی مۆدی (حیجاز) ە لە سەرپلە دەنگی (لا). سەیری نموونەی ژمارە ٥-١-٥ بکە




**نموونەی ژمارە ٥-١-٥ میلۆدیی رەسەنی دووەم بەر لە خستنەکاریدا**

**٥- میلۆدییە ڕەسەنەکە کە خستنەکاریی موزیکیی بۆ کراوە: -**

لە کاتی خستنەکاریی کردن بۆ (هۆی زەری) کە ئاوازی یەکەمە، تەنها ڕستەی (C) دەقاودەق بەکارهێنراوە و بەبێ هیچ گۆڕانکارییەک دانراوە، بەڵام ڕستەکانی (C2) و (C3) لەنێوخودی بنەڕەتی موزیکە کەلەپوورییەکەدا بوونی نییە، موزیکدانەر بە لێهاتوویی و بە شێوازی ڤارییەیشن بە مەبەستی بەخشینی(فراونیی) بە بەشەکانی میلۆدییدا کۆمپۆزێشنێکی جوانی بۆ کردووە. سەیری نموونەکانی ژمارە ٥-١-٦ و٥-١-٧ و ٥-١-٨ بکە




**نموونەی ژمارە ٥-١-٦ خستنەکاریی کردن بۆ(هۆی زەری) کە ئاوازی یەکەمە**



نموونەی ژمارە ٥-١-٧ڕستەی (C2) لەنێوخودی بنەڕەتی موزیکە کەلەپوورییەکەدابوونی نییە،موزیکدانەر بە شێوازی ڤارییەیشن بە مەبەستی بەخشینی(فراونیی) بە بەشەکانی میلۆدییدا کۆمپۆزێشنێکی جوانی بۆ کردووە



نموونەی ژمارە ٥-١-٨ ڕستەی (C3) لەنێوخودی بنەڕەتی موزیکە کەلەپوورییەکەدابوونی نییە،موزیکدانەر بە شێوازی ڤارییەیشن بە مەبەستی بەخشینی(فراونیی) بە بەشەکانی میلۆدییدا کۆمپۆزێشنێکی جوانی بۆ کردووە

ئەم فراوانکردنە لە (هۆی زەری) ئاوازی یەکەمدا، بە مەبەستی پارێزگاریکردنە لەو هاوسەنگییەی کە لە نێوان قەبارە و مەودای درێژی هەردوو ئاوازە کەلەپوورییەکە دا هەیە، هەروەها موزیکدانەری بە سەلیقە مەبەستییەتی گوێگر هەست بە لاسەنگبوونی ڕەوتی ئاوازی یەکەم بەسەر ئاوازی دووەمدا نەکات.

لە میلۆدی (کوردستان شاری شیرینم) کە ئاوازی دووەمی دانەری موزیکەکەیە، هونەرمەند بە وردی کاری لە سەر هەردوو ڕستەی (D) و (D2) کردووە وتیایدا چەندین گۆڕانکاری هونەریی لە تەکنیک وتیمبەر وئۆرنەمێنتی جیاجیا لەنێوپەڕەگرافە موزیکییەکاندا ئەنجامداوە. سەیری نموونەی ژمارە ٥-١-٩ بکە




نموونەی ژمارە ٥-١-٩

**٦- فۆرمی کۆتایی بیرۆکەکەورادەی نزیکیی لە فۆرمی میلۆدییە ڕەسەنەکەوە: -**

پێکهاتەی فۆرم لەم کارە موزیکییەکە بریتییە لە: - AABBCCDDAACC,Cadence

ئەم پێکهاتەی فۆرمە، بە فۆرمێکی تێکەڵ دادەنرێت و شێوازی ڤارییەیشن بۆ نمایشی میلۆدییەکانی گەشەسەندوو پەیڕەو کراوە، ئەگەر بە وردی سەرنجی هەردوو بەشی (C) و

(D) بدەین، هەردووکیان زادەی میلۆدییە ڕەسەنەکەن، سەیردەکەین چەندین جار و بە جۆرەها شێوازی تەکنیک ئامێز و گۆڕانکاری دیار نمایش کراون، ئەم جووڵانەوەو جۆراوجۆریکردنەی میلۆدی لە لایەن موزیکدانەرەوە ئەنجامدراون، کردەیەک و خستنەکارێکی مەبەستدارە و ئەمەش وایکردووە کارە موزیکییەکە بە فۆڕمولەیەکی موزیکیی جیهانی ناسێندراو بخرێتە ڕوو کەچی، کە سەیری پێکهاتەی میلۆدییە ڕەسەنەکە دەکەین، دەبینین لە فۆڕمێکی گۆرانی سادە لە شێوازی یەک تێمیی (مۆنۆتێم) پێکهاتووە.

**٧- فۆرم وشێوازی موزیکی: -**

شێوازی (سۆران – بادینان)واتە کارە موزیکییەکە بریتییە لە پارچە موزیکێک، کە بۆ سۆلۆی ئامێری ڤیۆلین بە یاوەری ئامێری پیانۆ نووسراوەتەوە، موزیکەکە بە بنیاد و داڕشتنی موزیکی کلاسیکی جیهانی و بە پێرفۆرمەنسی مۆرکی موزیکی کوردی خستنەکاری بۆ دوو میلۆدی کەلەپووری باو و دوو شێواز لە ژەنینی(ئیمپرۆڤیزەیشن) ئیمپرۆڤیزەیشنی* ئامێری (تقاسیم) کراوە، لە میانی ئەو پارچە موزیکەدا دانەر جەختی زۆری لە بەکارهێنانی تەکنیکە بەرزەکانی ئامێری ڤیۆلین لە (ئۆرنەمێنت وئارتیکولەیشنەکان) کردۆتەوەو بە زانستیی وئاگاییەوە ئاوێتەی کرۆکی ئاوازە ڕەسەنەکانی کردوون.

---

* ئیمپرۆڤیزەکردن: - (Improvisation)
ئیمپرۆڤیزاسیۆن، بە گشتی، داهێنانی بەرجەستەی بیرۆکە نوێیەکانە، کە گوزارشت لە و هەست و هەستکردنەی خودی پێرفۆرمەنس دەکات و دەرئەنجامی ئەزموونی خۆیەتی.
السليم، عائشة امين، ينابيع الافكار الفنية لتعليم الارتجال الموسيقي، مكتبة الانجلو المصرية القاهره، ١٩٩٨م.
نمایشێکی دەستبەجێ و بێ ئامادەکارییە، کە پرۆسەکانی ئاوازدانان و ژەنین یان گۆرانی چڕین لە یەک کاتدا بەشداری دەکەن، ئیمپرۆڤیزەیشن لە سەر بنەمای تێگەیشتنی خود و گەشەسەندنی کەسیی موزیکژەن دامەزراوە، بەم شێوەیە بیرکردنەوە و پێشکەشکردنی موزیک لە یەک کاتدا ئاوێتەی یەکتری دەکرێن.
50p..1965Percy school the oxford universities
هەروەها کەسانێک هەن، پێیان وایە ئیمپرۆڤیزەیشن هونەری ئاوازدانانی دەستبەجێیە لە کاتی گۆرانی چڕین و ژەنینی ئامێرێکی موزیک، یان هەردووکیان پێکەوە، چ ئامادەکراو بێت یان ئامادەنەکراو، بە شێوەیەک بیرۆکە و هێڵ و بابەتەکە ڕوون بکاتەوە و زانستێکی ئۆتوماتیکی وهونەرێک کە ئامانجەکەی خۆدەرخستنە و لە سەر بنەمای داهێنان بنیادنراوە.
عبد العزيز، سعاد، الارتجال التعليمي والابتكارات، مذكرات غير منشوره 1992م.

### ٨- چنینی موزیکیی: -

چنین لەم کارە موزیکییەدا بە گشتی بریتییە لە چنینی (هۆمۆفۆنی)، میلۆدییەکە بە هەردوو دیوی ئاوازە ڕەسەنەکەو بابەتی خستنەکارەکەیەوە، وەکو(سۆلۆ) لە لایەن ئامێری (ڤیۆلین)ەوە دەبیستریێن، یاوەریی موزیکەکەش لە لایەن ئامێری پیانۆوە هاوشانکراوە، بەڵام وەک گۆڕانکارییەکی سەرنجڕاکێش لە پراکتیزەیی و خستنەکاریدا لە نێوان بارەکانی ( ١٦٧ تا ١٨٢) چنینەکە بۆ چنینێکی کۆنتراپۆینتی دوو دەنگی دەگۆڕدرێت، لەم شوێنەدا ئامێرەکانی (ڤیۆلین وپیانۆ) بە شێوازی (کۆنتراست)هەردوو میلۆدییەکە بە یەکەوە دەژەنن و ئاوازێکی ئاوێزان و ساوێزکراو دێتە ئاراوە.



**٩- پێرفۆرمەنس و تیمبەر: -**

هەروەک پێشتر ئاماژەمان پێدا ئەم کارە بۆ سۆلۆی ئامێری ڤیۆلین نووسراوە، ئەوەی تێبینی کراوە دانەری کارە موزیکییەکە خۆی ژەنیارێکی فێرتیۆزی ئامێری (ڤیۆلین)ە وەهەر خۆشی پێرفۆرمەنسی کارەکەی کردووە، بۆیە دەبینین زۆربەی ئەو تەکنیکانەی لە موزیکی کلاسیکیدا بۆ ئەو ئامێرە داندراون، دانەر بە سەلیقەیی و زانستییەوە خستویەتە خزمەت کارەکەیەوە، ڕەهەندە ئێستێتکییەکانی موزیکیی بە شێوازێکی داهێنەرانە ئاوێتەی هەرسێ لایەنی (مۆرک، ئاواز، فۆرم)ی موزیکەکەی کردووە. بۆیە ئەگەر بە وردی سەرنجی ئەو شوێنانە بدەین کە فیگەر*(Figure)ی ئاوازە ڕەسەنەکەن، دەبینین سەرەڕای خستنەکاری تەکنیکەکان، کەچی جێ پەنجە هونەرییەکەی میلۆدییە ڕەسەنەکە، زۆر بەڕوونی لەنێوفیگەرەکە نەوەک هەر ون نەبووە، بەڵکو زۆر بەهێزترو پڕ بابەتیانەتر هاتۆتە بەر چاو و گوێچکەوە. دانەری موزیکی (سۆران – بادینان) هەر لە ڕێگەی ئەو تەکنیکانەوە هەوڵی داوە کۆمەڵێک تیمبەر دەستەبەر بکات، کە گوزارشت لە شێوازی چڕینی گۆرانی یاخود پێرفۆرمەنسی ئامێر لە موزیکی کوردی بکات، بە تایبەتی لەو شوێنانەی کە ئیمپرۆڤیزەیشنەکان ڕۆڵ و ئەرکی خۆیان دەبینن.

**١٠-پێکهاتەی هونەریی تیپی موزیکی هاوچەرخ یان ئۆرکێستراکە: -**

ئەم کارە بە شێوازی (سۆلۆ) بۆ ئامێری(ڤیۆلین) و بە یاوەری ئامێری(پیانۆ) نووسراوەتەوە. توێژەر پێی وایە کە ئەم کارە بۆ توانستی ژەنیارێکی ئەکادیمی نووسراوەتەوە، بە بەڵگەی ئەوەی، لە پڕۆسەی شیکاریی موزیکیدا، سەرجەم بەها زانستیی وئەکادیمییەکانی تیادا بەکارهاتوون.

---

* یەکەی دەنگیی(Figure)

یەکەیەکی بچووکی میلۆدییە لە چەند تۆنێک، بەزۆری نوێنەرایەتی بچووکترین تۆخم دەکات لە دەستەواژەیەکی موزیکییدا، لەوانەیە یەک یان دوو کلیک، یان زیاتر، لە بارێکی موزیکی لەخۆبگرێت و دەتوانرێت بە یەکەی ئۆرنەمێنتی لە تەلارسازی یان چنیندا بچوێنرێت.

زکريا، حسام الدين، المعجم الشامل للموسيقى العالمية، الجزء الأول: المصطلحات و المصنفات، الهيئة المصرية العامة للكتاب، ٢٠٠٤، ص ١٨١.

**١١- ناوەرۆکی بابەتی موزیکیی: -**

دوو ئاوازی کەلەپووری لەگەڵ دوو شێوازی ئیمپرۆڤیزەیشن بە شێوەی بەشکراو لەنێو فۆرمی ڤارییەیشندا* خستنەکاری بۆ کراوە، سەرەتا پێشەکییەکی کورت دواتر ئاوازی یەکەم خۆی نمایش دەکات، پاشان ئیمپرۆڤیزەیشنی بەشکراوی یەکەم دەخرێتە ڕوو، دواتر ئاوازی دووەم خۆی نمایش دەکات و ئینجا ئیمپرۆڤیزەیشنی بەشکراوی دووەم دەخرێتە ڕوو، دوای ئەمە هەردوو ئاوازەکە کۆنتراستێک دروست دەکەن و لەیەک ساتدا بە شێوەی کۆنترپۆینت بابەتەکە پێشکەش دەکەن، دواجار بە کۆدایەکی سەرنجراکێشی کورت کارەکە بە کۆتا دێت.

**١٢- پەرەسەندن لە میلۆدیدا:**

ئەو دوو میلۆدییەی (هۆی زەری و کوردستان شاری شیرین)م، کە لەم کارەدا خستنەکاریی موزیکییان بۆ کراون، هیچ پەرەسەندنێک بۆ بنیادی ئاوازە ڕەسەنەکە نەکراوە، چ وەک درێژی ڕستە و دەستەواژە موزیکییەکە، چ وەک پەرەسەندنی هارمۆنی نێوموزیکەکە، یاخود پرۆسەی پەیژە گۆڕکێ لەنێومۆدە سەرەکییەکەدا.

**١٣- ڕەسەنێتی ڕستەی موزیکیی کەلەپووری: -**

لە هیچ کام لە بەشەکانی کارەکەدا تێبینی بچووک کردنەوە (Diminitation) یان گەورەکردن (Augmentation) یاخود زیادکردن بۆ بابەتی ئاوازە ڕەسەنەکە نەکراوە، واتە موزیکدانەر زۆر بە وردی و وریاییەوە مامەڵەی لەگەڵ میلۆدی کەلەپوورە موزیکییەکە کردووە و نەیویستووە هیچ زەبر و شێواندنێک بەر کاکڵی بابەتە موزیکییە کەلەپوورییەکە بکەوێت.

---

* ڤایرێشەن: - (Variations)

سەرەتا بە ئاوازێکەوە دەست پێدەکات، پاشان گۆڕانکاری و گۆڕینی موزیکیی بە هەموو جۆرەکانیەوە، جا لە تاک ئامێرەوە بێت، یان لە ئۆرکێستەرادا، یان بە پێچەوانەوە، بۆ هەمان دەستەواژەی موزیکیی، یان ژەنینی دەستەواژەکە بە ئامێرێکی تر. هەروەها دەکرێت جۆری یاوەریی بگۆڕدرێت، یاخود بگوێزرێتەوە بۆ پێوەرێکی نزیک و بگەڕێتەوە بۆ شوێنی سەرەکی و زۆرینەی جار ڕستە موزیکییەکان کورتن. خليل، عبد المنعم، الموسوعة الموسيقية المختصرة، مكتبة مدبولي، القاهرة، ١٩٩٢ص ٧٧.

## ١٤- بنياد وشێوازی میلۆدی: -

میلۆدی (هۆی زەری) لە سێ بەش پێکدێت (C وC2 وC3) هەرسێ بەش هەمان پێکهاتەی مۆزیکییان هەیە، کە بریتین لە (مۆتیڤ + سکوێنس+ بەردەوامبوون + قفڵبوون) وهەردوو بواری موزیکیی (بەردەوامبوون و قفڵ بوون) نۆتەکانیان هاوشێوەن.

کەچی میلۆدی (کوردستان شاری شیرین) م لە دوو بەش پێکدێت (D وD2)، پێکهاتە موزیکەکەیان بریتین لە (مۆتیڤ + سکوێنس+ بەردەوامبوون + قفڵبوون) بەڵام، لێرەدا پێکهاتەی موزیکیی* (بەردەوامبوون و قفڵ بوون) نۆتەکانیان جیاوازن.

---

* پێکهاتەی موزیکیی (Musical composition) بریتییە لە کردارێک یان پەیڕەوکردنی دروستکردنی گۆرانییەک یان پارچەیەکی موزیک، کە چەندین کەلتووری تێدایە و بە چوار توخم بەدەست دەهێنرێت: پێکهاتە یان ڕێکخستن، وەرگری پێکهاتەکە، ئەو بابەت یان بیرۆکەیەی کە پێکهاتەکە باسی دەکات. ئاوازدانان لە موزیکدا پشت بەو بەشانەی، کە بە شێوەیەکی خۆڕسک پێکهاتوون دەبەستێت و پەیکەری گشتیی پارچەکە دادەڕێژێت و لە ئەوانی تری جیا دەکاتەوە. کۆڵەگە بنەڕەییەکانی پێکهاتەی موزیکیی بریتین لە:-

**یەکەم: بیرۆکەی موزیکیی: - (Musical idea)**

یەکێکە لە بنەماکانی پێکهاتە لە موزیکدا، بە یەکەم کۆڵەگەی پێکهاتەو (بیرۆکەی موزیکیی) دادەنرێت، بچووکترین پێکهاتەی موزیکییە، دەتوانرێت لە بیرۆکە موزیکییەکانی تر جیا بکرێتەوەو دوو جۆریش لە خۆدەگرێت: -

١- پێکهاتەی موزیکی میلۆدی، کە پێکهاتووە لە یەک بە دوای یەک هاتنی تۆنەکان، کە بە چەند میانەیەکی دیاریکراو جیاکراونەتەوە.

٢- پێکهاتەی موزیکی میلۆدی وریتمی، پێکهاتووە لە یەک بە دوای یەک هاتنی دەنگ و تۆنی موزیکیی، کە کات و گوشارەکانییان دیاریکراون.

**دووەم: دەستەواژەی موزیک: - (Musical phrase)**

ئەمە دووەم توخمی بنەڕەتی، لە توخمەکانی پێکهاتەی موزیکییە، دەستەواژەی موزیک دووبارەکردنەوە یان کۆکراوەی زیاتر لە بیرۆکەیەکی موزیکییە، کە پێکەوە دەستەواژەیەکی موزیکیی پێکدەهێنن.

**سێیەم: ڕستەی موزیکیی: - (Musical sentence)**

لە دوو دەستەواژە یان کۆمەڵێک دەستەواژە، جا بە دووبارەکردنەوەی دەستەواژەکە بێت یان بە دەستەواژەکانی تر و ئەم ڕستانە دەبێت دڵگیربن و پێکهاتەی موزیک پێویستە تایبەتمەندییەکی باشی هەبێت بۆ بەدەستهێنانی سەرکەوتن، لەوانە: خستنەکاری پێکهاتەی نمایشی بیرۆکە و پێکهاتە موزیکییەکان. جگە لە توانای خستنەکاری موزیکیی... هەروەها هارمۆنیزەکردنی موزیک (Musical compatibility) یان فۆڕمی موزیکیی (Musical form) وەک پەسەندکردنی پێشەکی موزیکیی (Musical introduction)وکارلێک (Exposition أوDevelopment) و کۆتایی (Final أو Recapitulation).

زاراوەی هارمۆنی تۆناڵ لە موزیکدا بریتییە لە ڕێککەوتنی سێ توخمەکەی (میلۆدی، ڕیتم وهارمۆنی) کە پێکەوە ئاوێتەو ئاوێزانی یەکترین. موزیکی هەر گەلێکی جیهان خاوەنی تایبەتمەندییە موزیکییە سەرەتاییەکانی خۆیەتی، کە فۆرم و ناوەرۆک و کوالیتی سێ توخمەکەی دیاری دەکەن.

محمد، علي رضا الملاح، مفهوم التكوين في الموسيقى، جامعة اليرموك، كلية الفنون الجميلة، قسم الموسيقى، ٢٠١٦م، ص ١٥١.

**١٥- یەکتابوون و گونجان و کۆنتراستی میلۆدی:** -هەموو میلۆدییەک کاتێک  بە یاوەریی مۆزیکیی**

---

** چەندین جۆری یاوەریی مۆزیکیی هەیە، لەوانە:

١- **یاوەری مۆنۆفۆنی:** واتە یاوەرییەکە هەمان میلۆدییە، بەڵام لە چینە دەنگییە جیاوازەکانەوە.

٢- **یاوەریی پۆلیفۆنی:** واتە بوونی ئاوازێکی تر یان زیاتر لە میلۆدییەک کە یاوەری میلۆدی سەرەکی بێت و هاوئاهەنگی بێت لەگەڵیدا، بەپێی یاساکانی دژە خاڵ(counterpoint).

٣- **یاوەریی هارمۆنی:** لە شێوەی میانەکانی هارمۆنی یان ئەکۆردەکانی هارمۆنیدایە و ئەوەی ئەم جۆرە یاوەرییە جیا دەکاتەوە ئەوەیە کە درێژکراوەتەوە. کەواتە دانەری مۆزیک دەبێت بیرۆکەی میلۆدی یان یەکەم ڕستە میلۆدییە یاخود بنەڕەتییەکە بدۆزێتەوە، کە بەرهەمە مۆزیکییەکەی لە سەربنیات نراوە و سیمای دەربڕین و فەلسەفی خۆی دیاری بکات، دواتر ڕستەیەکی میلۆدی دیکە پێکبهێنێت، کە هاوواتای یەکەم ڕستەی میلۆدی بێت، پاشان هارمۆنییە هاوئاهەنگەکەی لەگەڵ ڕیتمەکەدا بدۆزرێتەوە، بۆ دەربڕینی بیرۆکەی کارە مۆزیکییەکان و دانانی لە بۆتە و فۆرمێکی مۆزیکیی گونجاودا. ڕەنگە ئەم شێوازە لە لایەن زۆربەی دانەرانی مۆزیکەوە پەسەند بکرێت و دەکرێ لە دانەری مۆزیکێکەوە بۆ دانەری مۆزیکێکی دیکە جیاواز بێت، چونکە کەسانێک هەن پشت بە بەهرە بێهاوتاو ناوازەکەی خۆی دەبەستێت و کەسانێکی تریش هەن پشت بە گەنجینە زەبەلاحەکەی میلۆدییەکان دەبەستن، یان ئەوانەی پشت بە میلۆدییە میللییەکان دەبەستن، بۆ ئەوەی سروشگیریی لێ وەربگرێت بۆ بیرۆکە میلۆدییەکانی لەو دەربڕینە مۆزیکییەی کە دەیەوێت.

فراس یاسین جاسم، بناء الشكل في مؤلفات موسيقى الأوركسترا العراقية، مجلة التربية الاساسية، العدد الحادي والستون، ٢٠١٠م، ص٥٨٤.

ئەمانەی خوارەوە پێشکەشکردنی ڕۆڵ و گرنگی یاوەریی مۆزیکییە: یاوەریی ڕۆڵێکی ئەرکی گرنگی هەیە، بەو پێیەی تەواوکەری میلۆدییەکەیە و بەشدارە لە دابەشکردنی دەستەواژە مۆزیکییەکان، دیاریکردنی یاوەریی یارمەتیدەرە بۆ ڕێکخستنی دەنگ لە کاتی نمایشەکەدا، هەروەها یارمەتیدەرە بۆ ڕێکخستنی ڕیزبەندی دەنگەکان و جۆری کۆتاییەکان و کارەکتەرو تیمبەری گشتی.

منيجة عباس عبد الله، المصاحبة الموسيقية لبعض أغاني الأطفال الشعبية الكويتية لخدمة معلم التربية الموسيقية في دور الإعداد، بحث منشور، المؤتمر العلمي الخامس، كلية التربية الموسيقية، جامعة حلوان، ١٩٩٨، ص ٤٧٦

یاوەریی هارمۆنیکی ڕۆڵێکی سەرەکی دەگێڕێت لە تراکی دەنگیی و جۆر ورەنگی ئەو ئاکۆردانەی کە هەڵدەبژێردرێن.

Arnold Schoenberg: Fundamentals of musical composition, London, Faber and Faber LTD, 1977 p.p. 82- 83

**یاوەریی مۆزیکیی:** – (accompaniment): یاوەریی بە هاوشانیکردنیش پێناسە دەکرێت و بریتیە لە ڕۆڵی یاوەریی لە ژەنین یان گۆرانی چڕین، بە ئامانجی بەهێزکردنی ئامێری سەرەکی یان دەنگی سەرەکی، یان تەواوکردنی ئەنجام دەدرێت، یان ئەو بەشانەن بۆ پێشکەشکردنی باکگراوندەکانی میلۆدی لیریکی، یان ئامێری بنەڕەتی، و لە سەر یەکێک لە کیبۆردەکان یان ئۆرکێستراکە پێشکەش دەکرێن.

Adler Kurt: The art of accompanying and coaching, Minneapolis, Published by university of Minnesota press, USA,1965, p.6

شێوازی پەیڕەوکردنی وەرچەرخان و بەیەکەوە بەستنەوەی کاریگەری لە سەر دەربڕینی ئەو شتانە هەیە، کە مۆزیکەکە وێنا دەکات یان باسی دەکات، یاوەریی گۆرانی دەوڵەمەندکردن و گرنگی بە مانای وشەکان دەدات وهێزی دەربڕین لە خۆ نمایشکردنیدا زیاد دەکات، کە ڕەنگە مۆزیکژەن خۆی هەڵبژێرێت وەک تەواوکەرێک بۆ گۆرانییەکە بە گشتی و نەک تەنها وەک سەرەتایەک یان کۆتاییەکی چاوەڕوانکراوبێت.

محمد، عزيز شاكر زازا، علم الهارمونية، دار الحصاد للنشر والتوزيع، الطبعة الأولى، دمشق- سوريا، ١٩٩٣، ص ٢٣٨-٢٣٩

(پۆلیفۆنی)*** خستنەکاری بۆ دەکرێت. سەرەنجام چنینێک دێنێتە ئاراوە کە پێویستی بە یەکتابوونی میلۆدییەکە لەگەڵ ئەو دەنگە هارمۆنیانە هەیە، کە لەگەڵیدا ئاوێتە کراون. ئەمەی خوارەوە سەرلەبەری ئەو کۆردانەن کە لەو نموونەیەدا بەکارهێندراون سەیری خشتەی ژمارە (٢) بکە.

Dm -Edim -A -C7 -A7 -Gm --Em7-5 Bb -Dm9 --Gm9 F7 -Gm7 --Asus4 -Aougm C#dim

پێگەی کۆردەکان بریتین لە: تۆنیک + تۆنیک7 + تۆنیک سەسفۆر + تۆنیک ئۆگمێنت +سەب دۆمینانت + دۆمینانت7 + دۆمینانت دیمینیش + کۆردی پلە دوو + پلە سێ7+ پلە سێ دیمینیش + پلە شەش.

لە باری ( ١٦٩ تا ١٨٢) کۆنتراستێکی ڕوون و بەرچاو لە نێوان هەردوو ئاوازی سەرەکی بە هۆی دانانی هەردوو میلۆدییەکە لە یەک ساتدا و گونجاندنیان بە هۆی ڕێساکانی دەنگ

---

*** **چەمکی (هۆمۆفۆنی)** تێیدا ڕەهەندەکان بە شێوەیەکی زنجیرەیی دەردەکەون وشێوەی ستوونییان تێدایە و پێی دەگوترێت ئەکۆرد. پێکهاتەی چنینی میلۆدی ئەم شێوازە پێکهاتووە لە یەک بە دوای یەکهاتنی ئەکۆردەکان بەپێی کاتێک، بۆ هەر ئاکۆردێک ژمێرکاری بۆ کراوە، بۆ ئەوەی ئەکۆردەکەی داهاتووکە بەدوایدا دێت کۆتایی دێت.

میسم، هرمز توما، عناصر تكوين الموسيقى والغناء (منظور بحثي)، الفتح للطباعة والاستنساخ والتحضير الطباعي، بغداد ٢٠١٨ص ١١٣عن فريد، طارق حسون، نظريات وطرائق تحليل الموسيقى العربية و زارة التعليم العالي والبحث العلمي، الدار الجامعية للطباعة والنشر والترجمة، جامعة بغداد، ٢٠٠٥ ص ٤٩.

پرۆسەی خستنەکاری (پۆلیفۆنی) لە گۆرانی و موزیکی کەلەپووری کوردیدا، تایبەتمەندییەکی بنەڕەتیی تایبەتمەندییە گەشەسەندنەکانە لە پێکهاتەی میلۆدی بنەڕەتی گۆرانییە کەلەپوورییەکاندا، موزیکی کوردی بە چەندین قۆناغدا لە ڕێڕەوی پەرەسەندنی خۆیدا تێپەڕیوە، لە تۆمارکردنی یەکەم تۆماری لیریکی کوردی لە ساڵی ١٩٢٠ی زایینی و تا خستنەکاری ئامێری موزیکی نەریتی لە کۆتایی بیستەکانی سەدەی ڕابردوودا، ڕۆڵی ئامێری موزیک لە دووبارەکردنەوەی ئاوازەکە لەگەڵ گۆرانیبێژ و جێبەجێکردنی لە ڕێگەی ئینۆکتریناسیۆن، دواترئەم قۆناغە گواسترایەوە بۆ قۆناغێک چوونە ناو ئیمپەراتیڤی موزیکی، پاشان گەشتی ئاشنابوون بە مۆدە موزیکییە ڕۆژهەلاتییەکان کە لە ناوچەکەدا لەنێوفۆرم و گۆرانییەکاندا بەکاردەهێندران، شێوازی تایبەتی نمایشی گۆرانی کوردی ناسراو بە بۆتەی لیریکی کوردی کە لاوک، حەیران، خورشیدی، هۆرا، سیاچمانە...هتد) نوێنەرایەتی دەکات پاشان قۆناغی گرنگیدان بە نۆتەی موزیک و دۆزینەوەی ڕێگا و میتۆدەکان بۆ ڕێکخستنێکی سادەی موزیکیی هەندێک میلۆدی و گۆرانی کە ئاراستەیەکی هونەری و نەتەوەییان هەبوو.

بەرامبەر دەنگی کۆنتراپۆینتەوە، کە بە شێواز*ێکی ئیستاتیکی کار و بەرهەمەکەی هونەرمەندی بردۆتە ئاستێکی بەرزی هونەرییەوە. سەیری خشتەی ژمارە ٥-١-١ بکە




---

* شێواز: -(فلۆبێر) باس لەوە دەکات کە شێواز ڕێگەی بیرکردنەوە وهەستی هونەرمەندەکە خۆیەتی، هەروەها شێوازی ڕاستگۆیانە ،دەبێت ناوازە بێت و ئەمەش مانای ئەوەیە کە تەنها ڕێگەیەک نییە، بۆ هەرکەسێک کە بیەوێت فێری ببێت، بەڵکو پەیوەستە بە هەموو هونەرمەندێکەوە لەگەڵ ئەو سرووشبەخشە تایبەتەی کە پاڵ بەوەوە دەنێت بۆ پراکتیزەکردنی ئەو کارە داهێنەرانەی کە زمانی بینراو پێکدەهێنێت، کەواتە شێواز ڕێگەی تایبەتی هونەرمەندە بۆبینینی شتەکان.

## خشتەی ژمارە ٥-١-١ (پێکهاتەی فۆڕمی سۆران بادینان)

| ژمارەی بارەکان | تێما | دووبارە بوونەوەی تێماکان | دانەی بارەکان | ژمارەی بارەکان | تێما | دووبارە بوونەوەی تێماکان | دانەی بارەکان |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١-٢ | piano | ١ | ٢ | ١٠٣-١١٠ | D2 | ١ | ٨ |
| ٣-٦ | A | ١ | ٤ | ١١١-١١٤ | D2 تەواوکەر | ٢ | ٤ |
| ٧-١٠ | A | ٢ | ٤ | ١١٥-١١٨ | D | ٥ | ٤ |
| ١١-١٨ | B | ١ | ٤ | ١١٩-١٢٢ | D | ٦ | ٤ |
| ١٩-٢٦ | B | ٢ | ٤ | ١٢٣-١٢٦ | D | ٧ | ٤ |
| ٢٧-٣٠ | A | ٣ | ٤ | ١٢٧-١٣٠ | D | ٨ | ٤ |
| ٣١-٣٤ | A | ٤ | ٤ | ١٣١-١٣٨ | D2 | ٣ | ٨ |
| ٣٥-٣٨ | C | ١ | ٤ | ١٣٩-١٤٦ | D2 | ٤ | ٨ |
| ٣٩-٤٢ | C | ٢ | ٤ | ١٤٧-١٥٠ | D2 تەواوکەر | ٢ | ٤ |
| ٤٣-٤٦ | C | ٣ | ٤ | ١٥١-١٥٨ | Piano بەشکراو | ٢ | ٨ |
| ٤٧-٥٠ | C | ٤ | ٤ | ١٥٩-١٦٢ | A | ٥ | ٤ |
| ٥١-٥٤ | C2 | ١ | ٤ | ١٦٣-١٦٦ | A | ٦ | ٤ |
| ٥٥-٥٨ | C2 | ٢ | ٤ | ١٦٧-١٧٠ | C + D | ٩ | ٤ |
| ٥٩-٦٢ | C3 | ٣ | ٤ | ١٧١-١٧٤ | C + D | ١٠ | ٤ |
| ٦٣-٦٦ | C3 | ٤ | ٤ | ١٧٥-١٧٨ | D + C | ٧ | ٤ |
| ٦٧-٧٠ | C | ٥ | ٤ | ١٧٩-١٨٢ | D + C | ٨ | ٤ |
| ٧١-٧٤ | C | ٦ | ٤ | ١٨٣-١٨٦ | C2 | ٥ | ٤ |
| ٧٥-٧٨ | Pianoبەشکراو | ١ | ٤ | ١٨٧-١٩٠ | C2 | ٦ | ٤ |
| ٧٩-٨٢ | D | ١ | ٤ | ١٩١-١٩٤ | C2 | ٧ | ٤ |
| ٨٣-٨٦ | D | ٢ | ٤ | ١٩٥-١٩٨ | C2 | ٨ | ٤ |
| ٨٧-٩٠ | D | ٣ | ٤ | ١٩٩-٢٠٢ | C | ٩ | ٤ |
| ٩١-٩٤ | D | ٤ | ٤ | ٢-٣-٢٠٦ | C | ١٠ | ٤ |
| ٩٥-١٠٢ | D2 | ١ | ٨ | ٢٠٧-٢٠٨ | Cadence | ١ | ٢ |

**خشتەی ٥-١-٢پێکاتەی هارمۆنی سۆران بادینان**

| ئاکۆردی هارمۆنی | تیما | ژمارەی بارەکان |
|---|---|---|
| Dm-Dm-Edim-A-A | A | ٣-٦ |
| Dm-Edim-Dm-Edim-Dm- Edim-A-C7-A-A7-A-A-A-A | B | ١١-١٨ |
| Dm-Gm-Dm-Em7-5- A-A-Bb-A | C | ٣٥-٣٨ |
| Dm-Bb-A-Bb-A-Dm-A-Dm | C2 | ٥١-٥٤ |
| A-Bb-A-Edim-A-Bb-A-Edim- | pianoتقاسيم | ٧٥-٧٨ |
| A-Em7-5-A-Dm9-Dm | D | ٧٩-٨٢ |
| A-A-Gm9-F7-Dm-Bb-Gm7-Edim-Asus4-A-Aougm | D2 | ٩٥-١٠٢ |
| A-Em7-5-A-Dm9-Dm-A-A-Gm-Gm-A-A-Am-Am | pianoتقاسيم | ١٥١-١٥٨ |
| A-C#dim-A-Dm- | C + D | ١٦٧-١٧٠ |
| A-A | C + D | ١٧١-١٧٤ |
| Dm-Bb- Em7-5 -A-Bb-A7-Dm | D + C | ١٧٥-١٧٨ |
| Bb-Gm- Edim-A | Cadence | ٢٠٧-٢٠٨ |

**٥-٢- نموونەی دووەم: (کوێستان) کۆمپۆزەر (سرود فواد محمد):**

**١- تونالیتە: - (مۆد یان پەیژە و گواستنەوەکانی):**

بە شێوەیەکی گشتی ئەو مۆدانەی لەم نموونەیەدا هەن بریتیین لە:

یەکەم: مۆدی عەجەم لە سەر پلە دەنگی نەوا (صۆڵ): ڕەگەزی یەکەم + ڕەگەزی دووەم. ڕەگەزی یەکەمی بریتییە لەڕەگەزی عەجەم لە سەرپلە دەنگی(صۆڵ) (صۆڵ - لا - سی- دۆ) ئەم مۆدە نوێنەرایەتی پێکهاتەی ئاوازی کوێستان دەکات، ڕەگەزی دووەمیش بریتییە لە ڕەگەزی عەجەم لە سەر پلە دەنگی دۆگا (ڕێ) (رێ - می - فا دییَز - صۆڵ) ئەم مۆدە نوێنەرایەتی پێکهاتەی ئاوازی کەلەپووری گۆرانیی (کوێستان) دەکات.

دووەم: مۆدی عەجەم لە سەر پلە دەنگی دۆگا (ڕێ): ڕەگەزی یەکەمی بریتییە لە ڕەگەزی عەجەم لە سەر پلە دەنگی دۆگا (ڕێ) (رێ – می - فا دییَز - صۆڵ) وڕەگەزی دووەمیش بریتییە لە ڕەگەزی عەجەم لە سەر پلە دەنگی حوسەینی (لا) (لا- سی - دۆ دییَز -ڕێ) ئەم مۆدەش بە هەمان شێوە نوێنەرایەتی پێکهاتەی پەیژەگۆڕکێی ئاوازی کوێستان دەکات.

ئەم کارە موزیکییە گواستنەوە وپەیژەگۆڕکێی لە تۆنالیتەی پەیژەی (صۆڵ) بۆ تۆنالیتەی پەیژەی (ڕێ)ی تێدایە و دواتر جارێکی تر بە دووبارە نمایشکردنەوەی بەشی سەرەتا، دەگەڕێتەوە بۆ تۆنالیتەی سەرەکی پەیژەی (صۆڵ).

**٢- ڕیتم و خێرایی: -**

ڕیتمی کارە موزیکییەکە بە گشتیی بریتییە لە ڕیتمی ٤/٤ و خێراییەکەی لە سەرەتادا لە باڕی (١) تا کۆتا باڕ خێرایی (Allegro) یە، بەم شێوەیە تا کۆتایی موزیکەکە بەردەوام دەبێت.

**٣- جۆری باڕی موزیکی: -**

بنیادی باڕەکان لە دروستبوونی ڕستەکانی موزیکیی لەم کارە هونەرییەدا لە هەردوو جۆری بنیاد بریتین لە بنیادی چوارخشتەکی، واتە ڕستە میلۆدییەکانی ئەم موزیکە بە گشتیی لە چوار باڕ یاخود لە هەشت باڕ پێکهاتوون، هەروەها ئەو ڕستە میلۆدییانەی کە لە شەش باڕ پێکهاتوون، لە بنەڕەتدا ڕستە میلۆدییەکان چوار باڕین بوون و دانەر دوو باڕەکەی تری بۆ داناون، دواتر دانەری موزیکەکە، بەشی کەدێنسی میلۆدییەکەی بە مەبەستی زیادکردن و فراوانکردنی میلۆدییەکە دووبارە کردۆتەوە.

**٤- گۆرانییە کەلەپوورییەکە بەر لە خستنەکارییەکەیدا: -**

لە چوار باڕی ڕیتمی ٤/٤ بە خێرایی (Allegro) پێکهاتووە و مۆدی ئەم میلۆدییە ڕەسەنە مۆدی (عەجەم)ە لە سەرپلە دەنگی (صۆڵ). نزمترین دەنگ (G4)ە و بەرزترین دەنگ (D4)ە، خایاندنی نۆتەکانی (نواڕ، کرۆش، دەبڵ کرۆش)ن. سەیری نموونەی ژمارە٥-٢-١ بکە




**نموونەی ژمارە٥-٢-١ Allegro میلۆدیی ڕەسەن بەر لە خستنەکاریدا**

**٥- میلۆدییە ڕەسەنەکە کە خستنەکاریی موزیکیی بۆ کراوە: -**

دانەری موزیک بە سێ فیگەری جیا مامەڵەی لەگەڵ مۆتیڤی ئاوازە بنەڕەتییەکە کردووە، فیگەری یەکەم لە ڕستەی (A1) مۆتیڤەکە بە شێوازی پایەبەندی و دابەزین بۆ پێگەی تۆنیکی میلۆدییەکە هەنگاوی ناوە. فیگەری دووەم لە ڕستەی (B1) مۆتیڤەکە دەقاودەق وەک خۆی دانراوە. فیگەری سییەم لە ڕستەی (Development) نۆتەی مۆتیڤەکە بۆ دووئەوەندەی خۆی گەورە کراوە، ئەم پرۆسە و کردارە لە تیۆری فۆرمدا پێی دەوترێت (Augmentation).

**٦- فۆرمی کۆتایی بیرۆکەکە و ڕادەی نزیکیی لە فۆرمی میلۆدییە ڕەسەنەکەوە: -**

پێکهاتەی فۆرم لەم نموونەیەدا لە پێکهاتەی فۆرمی سۆناتە نزیکە، چونکە کارە موزیکییەکە لە سێ بەش پێکهاتووە، بەشی یەکەم (نمایشکردن) لە باڕی (١) تا باڕی(٣٠)، بەشی دووەم (پەرەسەندن )لە باڕی (٣١ ) تا باڕی (٥١)، بەشی سێیەم (نمایشکردنەوە ) لە باڕی (٥٢) تا باڕی (٦٩)، بەڵام ، لێرەدا پێویستە ئەو دوو خاڵەی کە ئەم موزیکە لە فۆرمی سۆناتە جیایدەکاتەوە، بخرێنە ڕوو:

١) بەشی پەرەسەندن هەر لە پێگەی دۆمینانت دەمێنێتەوە و ناگەڕێتەوە بۆ پێگەی تۆنیک.

٢) بەشی نمایشکردنەوە، تێمی (B1) تێدانییە، لە بری ئەو تێمی (C) دانراوە.

پێکهاتەی میلۆدییە ڕەسەنەکە بریتییە لە فۆرمێکی گۆرانی سادە لە شێوازی یەک تێمیی (مۆنۆتێم).

**٧- فۆرم وشێوازی موزیکی: -**

شێوازی کارە موزیکییەکە بریتییە لە پارچە موزیکێک، کە بۆ گرووپی چەمبەر میوزیک داندراوە، موزیکەکە بە بنیاد و داڕشتنی موزیکی کلاسیکی جیهانی خستنەکاریی بۆ یەک میلۆدی کەلەپووری کردووە، دانەری موزیکەکە، لە میانی ئەو پارچە موزیکەدا هەوڵیداوە ئەم میلۆدییە کەلەپوورییە لە بۆتەی سۆناتەدا، ئاوێتەی هارمۆنی وچنینی موزیکی کلاسیک بکات، هەروەها هەوڵیداوە کەمترین بەرکەوتە بەر ئاوازە ڕەسەنەکەوە بکەوێت. هەڵبژاردنی (مۆدی

عەجەم) لە لایەن دانەرەوە، بۆ ئەوەیە، زۆر بە ئاسانی بتوانێت میلۆدییەکە ئاوێتەی هەردوو بابەتی (فۆرم و بنیادی هارمۆنی) بکات.

**٨- چنینی موزیکیی: -**

ئەو چنینانەی لەم کارە موزیکییەدا بەکارهاتوون، بریتیین لە هەردوو چنینی هۆمۆفۆنی وچنینی سیانی. سەیری نموونەی ژمارە ٥-٢-٢ بکە




**نموونەی ژمارە ٥-٢-٢ چنینی نموونەکە**

**٩- پێرفۆرمەنس و تیمبەر: -**

لە ڕووی پێرفۆڕمەنسەوە دانەری موزیکەکە لە کارە موزیکییەکەیدا پێرفۆڕمەنسی بە کۆمەڵی پەیڕەو کردووە و ڕۆڵی بەسەر گشت ئامێرەکانی نێو گروپی سکۆڕەکەدا بە یەکسانی دابەش کردووە. پێرفۆڕمەنسی ڕستە میلۆدییەکانی بە ئامێری ڤیۆلینی یەکەم و کلارنێت و فلووت سپاردووەو ڕۆڵی یاوەریی میلۆدی بە ئامێری ڤیۆلینی دووەم و ڤیۆلا و ڤیۆلۆنسێل داوە، ڕۆڵیکی کەمی ژەنین دەمێنێتەوە، دانەری موزیکەکە، ئەم ڕۆڵەی بە ئامێری ترامپێت سپاردووە، ئەمەش بۆ سروشتی ئۆرکێسترەیشنەکە دەگەڕێتەوە.

له ڕووی تیمبەرەوە دانەر هەوڵیداوە دەنگی ئامێری کلارنێت لەگەڵ ئامێرەکانی ژێدار ئاوێتە بکات، بە تایبەتی ئامێری ڤیۆلین، ئەمەشییان بۆ بەدەستهێنانی ڕەنگێکی تایبەت و ئاوێتەکردنی لەنێوهارمۆنییەکی وەدەستهاتوودا.

**١٠-پێکهاتەی هونەریی تیپی موزیکی هاوچەرخ یان ئۆرکێستراکە: -**

ئەم کارە موزیکییە بۆ گروپی چەمبەرمیوزیک نووسراوەتەوەو بۆ وەدەستهێنانی مەبەستە هونەرییەکەی، لە نێوسکۆری موزیکەکەدا دانەری موزیک ئەم ئامێرانەی داناوە:

(ڤیۆلین١ – ڤیۆلین٢ - ڤیۆلا – ڤیۆلۆنسێل –کۆنتراباش- فلوت- کلارنێت- ترامپێت)

**١١- ناوەرۆکی بابەتی موزیکیی: -**

لە ناوەرۆکی بابەتە موزیکییەکەدا تەنها یەک ئاوازی کەلەپووری لەنێوفۆرمی هاوشێوەی سۆناتەدا خستنەکاری بۆ کراوە، سەرەتا فیگەری ئاوازەکە وەک پێشەکییەکی کورت نمایش دەکرێت، دواتر فیگەری دووەم خۆی نمایش دەکات، پاشان ئاوازێکی نوێ دەخرێتە ڕوو، دواتر پردێک نمایش دەکرێت بۆ گواستنەوەی تۆنالیتەی موزیکەکە بۆ پێگەی دۆمینانت، پاشان فیگەری دووەم لەو پێگەیەدا بەرەو بەشی پەرەسەندن هەنگاو دەنێت و ئاوازە ڕەسەنەکە بە فیگەرێکی خاو لە سەر هەمان کێش وتیمپۆ وپێگەی هارمۆنیدا پەرەدەستێنێت. بەشی نمایشکردنەوە بابەتی ئاوازی کۆنتراست و فیگەری دووەم لە پێگەی تۆنیکدا بەبێ گۆڕانکاری نمایش و پێشکەش دەکەنەوە. دواجار بە کۆدایەکی کورت کارەکە بە کۆتا دێت.

**١٢- پەرەسەندن لە میلۆدیدا: -**

ئەگەر تێبینی فیگەرەکانی ئاوازە ڕەسەنەکە بدەین، دەبینین هەوڵدراوە پەرەسەندنێک بۆ میلۆدییەکە ئەنجام بدرێت، ئەو پەرەسەندنەش لە چوارچێوەی نەریتیی موزیکی کلاسیکییەوە ئەنجام دراوە و دانەری موزیکەکە زۆر بە وریاییەوە مامەڵەی هونەریی لەگەڵ بنیادی ئاوازەکە کردووە، ئەمەشیان بە مەبەستی دووری وپاراستنی ئاوازەکە لە شێواندن بووە.

**١٣- ڕەسەنێتی ڕستەی موزیکیی کەلەپووری: -**

لەنێو بەشەکانی ئەم موزیکەدا تەنها تێمی (C) ئاوازێکی نوێ و تازە بابەتە، ئەم میلۆدییە تەنها بۆ بابەتی کۆنتراست لەگەڵ ئاوازە ڕەسەنەکە وەکو هاوسەنگی لە نێوان تێم و بەشەکانی کارە موزیکییەکە دانراوە و بەشەکانی تر هەمووی هەڵێنجراوەی ئاوازە ڕەسەنەکەن.

**١٤- بنیاد وشێوازی میلۆدی: -**

میلۆدی کوێستان لە دوو تێم پێکدێت (B1 وB2) کە هەردوو تێم هەمان پێکهاتەیان هەیە و بریتین لە (مۆتیڤ + بەردەوامبوون + قفڵبوون)، لە پێکهاتەدا بابەتی سکوێنس تێبینی نەکراوە، بۆیە دانەر لە فیگەری تێمی (A1) سکوێنسێکی تۆکمەی داناوە، بۆ ئەوەی چەقبەستوویی میلۆدییەکە چارەسەر بکات.

**١٥- یەکتابوون و گونجان و کۆنتراستی میلۆدی: -**

ئەمەی خوارەوە سەرلەبەری ئەو کۆڕدانەن کە لەنێوموزیکەکەدا بەکارهێندراون سەیری خشتەی ژمارە (٤) بکە.

Bm7- G-D- Em6- D$^{ougm7-}$ D6- F#m-G- C-A

پێگەی کۆڕدەکان بریتین لە: تۆنیک +سەبدۆمینانت + دۆمینانت + پلە سێ7 + پلە شەش+ دۆمینانت ئۆگمێنت7(لە پردی پەیژەگۆڕدا بەکارهاتووە).

لەم نموونەیەدا تێمی (C) بە کۆنتراستی میلۆدی دادەنرێت، چونکە دانەری موزیکەکە وەکو دژە بابەت ئەم ئاوازەی داناوە بۆ نیشاندانی جیاوازی لەگەڵ مۆرک و کارەکتەری ئاوازە کەلوپوورییەکە. سەیری نموونەی ژمارە ٥-٢-٣ بکە.




**نموونەی ژمارە ٥-٢-٣ یەکتابوون و گونجان**

**خشتەی ژمارە ٥-٢-١ (پێکهاتەی فۆرمی کوێستان)**

| ژمارەی بارەکان | تێما | دووبارە بوونەوەی تێماکان | دانەی بارەکان |
|---|---|---|---|
| ١–٤ | A1 | ١ | ٤ |
| ٥–٨ | A2 | ١ | ٤ |
| ٩–١٤ | B1 | ١ | ٦ |
| ١٥–٢١ | C | ١ | ٦ |
| ٢٢ | P. | ١ | ١ |
| ٢٣–٣٠ | B2 | ١ | ٨ |
| ٣١–٥١ | Deve. | ١ | ٢١ |
| ٥٢–٥٥ | C | ٢ | ٤ |
| ٥٦–٥٩ | A1 | ٢ | ٤ |
| ٦٠–٦٣ | A2 | ٢ | ٤ |
| ٦٤–٦٩ | Coda | ١ | ٦ |

**خشتەی ژمارە ٥-٢-٢ (پێکاتەی هارمۆنی کوێستان )**

| ژمارەی بارەکان | تێما | کۆردی هارمۆنی | تۆنالیتە |
|---|---|---|---|
| ١-٤ | A1 | G-Bm7- G-D- G | G |
| ٥-٨ | A2 | G-Bm7- G-D- G | G |
| ٩-١٤ | B1 | G-Bm7- G-D- G | G |
| ١٥-٢١ | C | G- G- G- G- G- D- Em6- D | G |
| ٢٢ | P. | Bm7- D$^{ougm7}$ - | G-D |
| ٢٣-٣٠ | B2 | D6- F#m- D6-A | D |
| ٣١-٥١ | Devi | D- F#m- F#m- F#m-A-G- F#m-D-D | D |
| ٥٢-٥٥ | C | G-G-G-G | G |
| ٥٦-٥٩ | A1 | G-Bm7- G-D- G | G |
| ٦٠-٦٣ | A2 | G-Bm7- G-D- G | G |
| ٦٤-٦٩ | Coda | G-C-D-G | G |

**٥-٣- نموونەی سێیەم: - (کەژەوان) کۆمپۆزەر (هەردی مەجید):**

**١- تۆنالیتە (مۆد یان پەیژە و گواستنەوەکانی): -**

بە شێوەیەکی گشتی ئەو مۆدانەی لەم نموونەیەدا هەن بریتیین لە:

مۆدی نەهاوەند لە سەر پلە دەنگی حوسەینی (لا): ڕەگەزی یەکەمی بریتییە لەڕەگەزی نەهاوەند لە سەرپلە دەنگی(لا) (لا- سی - دۆ - ڕێ) ڕەگەزی دووەمیش بریتییە لە ڕەگەزی حیجاز لە سەر پلە دەنگی پۆسەلیک (می) (می- فا – صۆڵ دییَز- لا). ئەم مۆدە نوێنەرایەتی پێکهاتەی ئاوازی (کەژەوان)دەکات، ئەم کارە موزیکییە هیچ گواستنەوە و پەیژە گۆڕکێیەک لە تۆنالیتەی دەنگی (لا)ی تێدا نییە، تا کۆتایی کارە موزیکییەکە، لە سەر هەمان تۆنالیتە بەردەوامی دەبێت.

**٢- ڕیتم و خێرایی: -**

ڕیتمی کارە موزیکییەکە بە گشتیی بریتییە لە ڕیتمی( گەڕیان) ٧/٨ و خێراییەکەی لە باری (١٣٣) تا باری (٢٣٣ ) خێرایی (Presto) یە و تا کۆتایی کارە موزیکییەکە بەم شێوەیە بەرەوام دەبێت.

٣- جۆری باڕی موزیکی: -

بنیادی باڕەکان لە دروستبوونی ڕستەکان لەم کارەدا لە جۆری بنیادی چوارخشەکی پێکهاتووە ورستە میلۆدییەکانی لە هەشت باڕ پێکهاتوون، دانەری موزیک بە مەبەستی گۆڕانکاری و فراوانکردنی میلۆدییەکە بەردەوام تا کۆتایی کارەکە، ڕستە موزیکییەکەی دووبارە کردۆتەوە.

٤- گۆرانییە کەلەپوورییەکە بەر لە خستنەکارییەکەیدا: -

لە هەشت باڕی ڕیتمی(گەڕیان) ٧/٨ بە خێرایی (Animato) پێکهاتووە و مۆدی ئەم میلۆدییە ڕەسەنە مۆدی (نەهاوەند)ە لە سەرپلە دەنگی (لا).

نزمترین دەنگ (E4)ە و بەرزترین دەنگ (C4)ە، خایاندنی نۆتەکانی (نواڕ، کرۆش)ن.سەیری نموونەی ژمارە٥-٣-١ بکە.

کەژەوان




نموونەی ژمارە٥-٣-١(Animato)  میلۆدیی ڕەسەن بەر لە خستنەکاریدا

٥- میلۆدییە ڕەسەنەکە کە خستنەکاریی موزیکیی بۆ کراوە: -

دانەری موزیک بە دوو فیگەری جیا کارە موزیکییەکەی بنیادناوە، فیگەری یەکەم میلۆدی سەرەکی تێدا نمایش کردووە و فیگەری دووەمیشی تەرخانکردووە بۆ یاوەریکردنی ئەو بەشە زیندووە. دانەری موزیکەکە چنینە موزیکییەکەی ئاوازی سەرەکیی بە شێوازی هێترۆفۆنی داڕشتووە.

**٦- فۆڕمی کۆتایی بیرۆکەکە و ڕادەی نزیکیی لە فۆڕمی میلۆدییە ڕەسەنەکەوە: -**

پێکهاتەی فۆڕم لەم کارە موزیکییەدا بریتییە لە: (A1-A2-A3-P-B1-B2-A4-A5)

ئەم پێکهاتە فۆڕمە، بە فۆڕمێکی تێکەڵ دادەنرێت و شێوازی ڤارییەیشن بۆ نمایشی میلۆدیەکانی گەشەسەندوو پەیڕەو کراوە، ئەگەر سەرنجی تێمەکانی (A1+2+3+4+5) بدەین هەموویان زادەی میلۆدییە ڕەسەنەکەن و دەبینین چەندین جار و بە چەندین شێواز وتەکنیک و گۆڕانکاری لە خستنەکاریی ئامێرەکانی ئۆرکێسترادا نمایش کراون، هەروەها تێمی (B1+2)، کۆپلەی ئاوازی سەرەکییە، دانەر بۆ دەوڵەمەندکردنی کارە موزیکییەکە دایناوە، بەڵام  پێکهاتەی میلۆدییە ڕەسەنەکە بریتییە لە فۆڕمێکی گۆرانیی سادە لە شێوازی یەک تێمیی (مۆنۆتێم).

**٧- فۆرم وشێوازی موزیکی: -**

شێوازی کارە موزیکییەکە بریتییە لە پارچە موزیکێک بۆ فیلهارمۆنی ئۆرکێسترا نووسراوەتەوە، موزیکەکە بە بنیاد و داڕشتنی موزیکی کلاسیکی جیهانی خستنەکاری بۆ یەک میلۆدی کەلەپووری بۆکراوە. لە میانی ئەو پارچە موزیکەدا دانەر هەوڵیداوە ئەم میلۆدییە کەلەپوورییە بە بۆتەی ڤاریەیشن ئاوێتەی هارمۆنی وچنینی موزیکی کلاسیک بکات، هەروەها بە وریاییەوە مامەڵەی لەگەڵ ئاوازەکەدا کردووە، بۆ ئەوەی لە چوارچێوەی میلۆدییە ڕەسەنەکەوە دەرنەچێت.

**٨- چنینی موزیکیی: -**

چنینی موزیک لەم کارە موزیکییە بریتییە لە چنینی هێترۆفۆنی، سەیری نموونەی ژمارە٥-٣-٢ بکە.




**نموونەی ژمارە٥-٣-٢ چنینی نموونەکە**

**٩- پێرفۆرمەنس و تیمبەر: -**

لە ڕووی پێرفۆڕمەنسەوە دانەری موزیکەکە لە کارە موزیکییەکەیدا پێرفۆڕمەنسی سۆلۆ و یاوەریی موزیکیی پەیڕەو کردووە، ڕۆڵی ژەنینی میلۆدی داوەتە هەندێک لە ئامێرەکانی نێو ئۆرکێستراکە، بۆ نموونە پێرفۆڕمەنسی میلۆدییەکانی بە ئامێری فلۆوت، کلارنێت، ئۆبوا، باسۆن، ترامپێت سپاردووە و ڕۆڵی یاوەری میلۆدییەکەشی بە گرووپی ئامێرەکانی ژێداری کەوانەیی و گرووپی فوداری مسیی سپاردووە، هەروەها لە سەرەتای موزیکەکە ڕۆڵێکی سەرەکی بە ئامێری دەف و تیمپانی داوە، ئەمەش بۆ نمایش وپیشاندانی ڕیتمی (گەڕیان)ە کە بنیادی ڕیتمیی ئاوازە ڕەسەنەکەی لە سەر داڕێژراوە.

**١٠-پێکهاتەی هونەریی تیپی موزیکی هاوچەرخ یان ئۆرکێستراکە: -**

پێکهاتەی هونەریی تیپەکە بریتییە لە (فیلهارمۆنی ئۆرکێسترا)، لەگەڵ دانانی ئامێری دەف بۆ پێکهاتەی تیپەکە، بە مەبەستی پتر ناساندنی ڕۆڵی ئامێرە نەریتییەکان لە دیاریکردنی شوناسی ڕیتم و میلۆدی ڕەسەن.

**١١- ناوەرۆکی بابەتی موزیکیی: -**

لە ناوەرۆکی بابەتە موزیکییەکەدا تەنها یەک ئاوازی کەلەپووری لەنێوفۆرمی ڤاریەیشن خستنەکاری بۆ کراوە، سەرەتا سۆلۆی ڕیتم لە لایەن هەردوو ئامێری تیمپانی و دەف لە میانی (٣٢) باڕ وەک پرزنتەیشنێک بۆ ڕیتمی گەڕیان دەژەندرێت، پاشان ڕستەی ئاوازەکە کە لە (٨) باڕ پێکهاتووە (A1) بە سۆلۆی ئامێری فلوت نمایش دەکرێت، دواتر گۆڕانکاری دووەم (A2) ئامێری کلارنێت بە هاوشانی هەمان میلۆدی لەگەڵ ئامێری فلوت خۆی نمایش دەکات، دوای ئەوە گۆڕانکاریی سێیەم (A3) ڕوودەدات، میلۆدییەکە لەلایەن ئامێرەکانی ئۆبوا، باسۆن، ترامپێت بە یاوەریی ئۆرکێسترا دەخرێتە ڕوو، دواتر پردێکی (P) (٨) باڕیی نمایش دەکرێت بۆ گواستنەوەی میلۆدییە موزیکەکە بۆ پێگەی سەبدۆمینانت، بەڵام بەبێ گۆڕانکاریی لە تۆنالیتەی سەرەکی، فیگەری دووەم بە دوو ڤاریەیشنی ئامێری جیا (B1+B2) لەو پێگەیەدا بەرەو بەشی پەرەسەندن هەنگاو نانێت و ناروات، بەڵکو بابەتەکە، لێرەدا وەکو دانانی کۆپلەیەک لە داڕشتەی ئاوازە سەرەکییەکە وەرگیراوە، کە دانەری موزیک بۆ دەوڵەمەندکردن و فراوانکردنی بابەتە موزیکییەکە خستوویەتە ڕوو. دوا جار ئاوازی سەرەکی بە دوو ڤاریەیشنی ئامێریی جیا (A4+A5) کۆتایی بە کارە موزیکییەکە دەهێنێت.

**١٢- پەرەسەندن لە میلۆدیدا: -**

ئەگەر تێبینی ڤاریەیشنەکانی ئاوازی سەرەکی بدەین، دەبینین تەنها کۆپلەیەک بۆ میلۆدییەکە زیاد کراوە، ئەو پەرەسەندنەش لە ڕووی زانستی فۆرمەوە دیاریکراوە (محدود) و لە چوارچێوەی نەریتیی موزیکی کلاسیکییەوە ئەنجام نەدراوە، بەڵکو بە سەلیقەییەکی وردی هونەریی دانەرەوە مامەڵە لەگەڵ بنیادی ئاوازەکە کراوە، ئەمەشیان بۆ ئەوەیە، تاکو ئاوازەکە لە داڕشتەی خۆی دەرنەچێت وهەمان مۆرک وپێرفۆرمەنسی داهێنەرانە بە دەستەوە بدات.

**١٣- ڕەسەنێتی ڕستەی موزیکیی کەلەپووری: -**

هەموو تێمەکانی نێو کارە موزیکییەکە لە بنیاد و داڕشتەی ئاوازە سەرەکییەکەوە وەرگیراون، بۆیە، کە بە وردی و سەرنجەوە سەیریان دەکەین، بەڕوونی بۆمان دەردەکەوێ بابەتەکانییان هەم لە ڕووی درێژیی وهەم لەڕووی ناوەرۆکی ڕستە موزیکییە ڕەسەنەکەوە هاوشێوەن.

**١٤- بنیاد وشێوازی میلۆدی: -**

میلۆدی کەژەوان لە دوو فیگەر پێکدێت (B وA) کە هەردوو فیگەر هەمان ژمارەی باڕیان هەیە، بنیادی ڕستەکانیش لە ڕوویی ئەرکیەوە بریتین لە (مۆتیڤ کە باڕەکانی ٣،٢،١ دەگرێتەوە + سکوێنس کە باڕەکانی ٥،٤ دەگرێتەوە + بەردەوامبوون کە باڕەکانی ٧،٦ دەگرێتەوە + قفڵبوون کە باڕی ٨ دەگرێتەوە) واتە هەر چوار ئەرکیەکەی تێدایە.

گرنگە، لێرەدا ئاماژە بە نەبوونی دەرەترپە (لێڤاری)ی دەستپێکی ڕستەکە بکرێت، چونکە دانەر، لێرەدا وەکو دەرەترپە لە شێوازی نۆتەیشندا مامەڵەی لەگەڵ ئەم بابەتە نەکردووە، بۆیە تێبینی دەکرێت ترپەی بەهێزی خودی ڕستەکە، هەردەم لە باڕی نۆیەمی ڕستەکان بە درێژایی موزیکەکە دانراون. کەچی لە بنەڕەتدا هەموو سەمایەک لە موزیکی کلاسیکی بە لێڤار دەستپێدەکات وەکو نموونەی (مەنەوێت) بۆ ئامادەکاری وئاماژەی دەستپێکی سەماکە دانراوە، هەروەها لەبەر ئەوەی (گەڕیان) سەمایەکی کوردیی ڕەسەنە، باشتر وابوو نۆتەیشنەکە بە شێوازی لێڤار بنووسرێتەوە.

**١٥- یەکتابوون و گونجان و کۆنتڕاستی میلۆدی: -**

ئەمەی خوارەوە سەرلەبەری ئەو کۆڕدانەن کە لەو نموونەیەدا بەکارهێندراون سەیری خشتەی ژمارە (٦) بکە.

Am- Am7 - B dim- E7 بۆ ڕستەکانی ئاوازی سەرەکی

B dim- Dm- F7- Dm بۆ رستەی پردی کۆپلێ

D- Am- D- E- D بۆ ڕستەکانی کۆپلێ

پێگەی کۆڕدەکان بریتین لە: تۆنیک+ تۆنیک7 +پلە دوو + سەبدۆمینانت + پلە سێ + دۆمینانت+ دۆمینانت7 + پلە شەش7 (لە پردی کۆپلێ بەکارهاتووە).

لەم نموونەیەدا هیچ کۆنتڕاستێک بەدی ناکرێت. سەیری نموونەی ژمارە٥-٣-٣ بکە.




**نموونەی ژمارە٥-٣-٣- یەکتابوون و گونجان**

## خشتەی ژمارە٥-٣-١ (پێکاتەی فۆڕمی کەژوان)

| ژمارەی بارەکان | تیما | ڕۆڵی ئامێریی | دانەی بارەکان |
|---|---|---|---|
| ١٣٣-١٦٤ | فیگەری ڕیتمیی | تیمپانی+ دەف | ٣٢ |
| ١٦٥-١٧٢ | A1 | سۆڵۆ فلوت | ٨ |
| ١٧٣-١٨٠ | A2 | سۆڵۆ کلارنێت+ یاوەریی ئۆرکێسترا | ٨ |
| ١٨١-١٩٠ | A3 | میلۆدی لەلایەن ئۆبوا، باسۆن، ترامپێت+ یاوەریی ئۆرکێسترا | ١٠ |
| ١٩١-١٩٨ | P. | ئامێرەکانی فوداری مسیی | ٨ |
| ١٩٩-٢٠٦ | B1 | میلۆدی لەلایەن ئۆبوا، باسۆن+ پزیکاتۆ | ٨ |
| ٢٠٧-٢١٤ | B2 | میلۆدی لەلایەن فلوت، کلارنێت+ تریمۆلۆ کەوانەیی | ٨ |
| ٢١٥-٢٢٢ | A4 | میلۆدی لەلایەن ژێداری کەوانەیی | ٨ |
| ٢٢٣-٢٣٣ | A5 | گشت ئۆرکێسترا | ١٠ |

## خشتەی ژمارە٥-٣-٢ (پێکاتەی هارمۆنی کەژوان)

| ژمارەی بارەکان | تیما | کۆردی هارمۆنی | تۆنالیتە |
|---|---|---|---|
| ١٦٥-١٧٢ | A1 | Am- Am7-Am- B dim- Am- E7- Am- | Am |
| ١٧٣-١٨٠ | A2 | Am- Am7-Am- B dim- Am- E7- Am- | Am |
| ١٨١-١٩٠ | A3 | Am- Am7-Am- B dim- Am- E7- Am- | Am |
| ١٩١-١٩٨ | P. | B dim- Dm- F7- Dm | Am |
| ١٩٩-٢٠٦ | B1 | D- Am- D- E- D | Am |
| ٢٠٧-٢١٤ | B2 | D- Am- D- E- D | Am |
| ٢١٥-٢٢٢ | A4 | Am- Am7-Am- B dim- Am- E7- Am- | Am |
| ٢٢٣-٢٣٣ | A5 | Am- Am7-Am- B dim- Am- E7- Am- | Am |

### ٥-٤- نموونەی چوارەم: گوڵەکەم نەخشانم: کۆپمۆزەر (گۆران کامل)

### ١- تۆنالیتە (مۆد یان پەیژە و گواستنەوەکانی)

بە شێوەیەکی گشتی ئەو مۆدەی لەم نموونەیەدا هەن بریتیین لە:

مۆدی بەیات (ڕێ): ڕەگەزی یەکەم بەیات (ڕێ - می نیو بیمۆڵ - فا - صۆل) + ڕەگەزی دووەم کورد (لا- سی بیمۆڵ - دۆ - ڕێ)، ئەم مۆدە نوێنەرایەتی پێکهاتەی ئاوازی (گوڵەکەم نەخشانم) دەکات. ئەم کارە موزیکییە هیچ گواستنەوە وپەیژەگۆڕکێیەک لە تۆنالیتەی دەنگی (ڕێ)ی تێدا نییە، تا کۆتایی کارە موزیکییەکە لە سەر هەمان تۆنالیتە بەردەوامی هەیە.

### ٢- ڕیتم و خێرایی:

ڕیتمی کارە موزیکییەکە بە گشتی بریتییە لە ٤/٤ و خێراییەکەی لە باڕی ١ تا کۆتا باڕی گۆرانییەکە بە خێرایی Andante Moderato بەردەوام دەبێت.

### ٣- جۆری باڕی موزیکی:

بنیادی باڕەکان لە دروستبوونی ڕستەکان لەم گۆرانییەدا، لە بنەڕەتدا بریتییە لە چوارخشتەکی، بەڵام لە ڕستەی سۆنگی یەکەم دەبێتە (٩) باڕ، ئەم باڕە زیادەیە بە هۆی دووبارەکردنەوەیەکی ئارەزوومەندانە لە لایەن گۆرانیبێژەکەوە لە باڕی (٣١) کراوە، چونکە ئەگەر ئەم دووبارەش نەبێت، ڕستە موزیکییەکە لە ڕووی ئەرکیەوە، کامڵبوونی خۆی سەلماندووە وهیچ پێویست بەم دووبارەکردنەوەیە ناکات. بۆیە ئەگەر تێبینی سۆنگی دووەم بکەین، دەبینین هیچ زیادەیەک نەخراوەتە سەر بنیادی ڕستە موزیکییەکە.

### ٤- گۆرانییە کەلەپوورییەکە بەر لە خستنەکارییەکەیدا:




**نموونەی ٥-٤-١ میلۆدی ڕەسەن بەر لە خستنەکاریدا**

له چوار بارِی ڕیتمی ٤/٤ به خێرایی (Andante Moderato) پێکهاتووه، مۆدی ئەم میلۆدییه ڕەسەنه مۆدی (بەیات)ه له سەرپله دەنگی بنەڕەتی خۆی (ڕێ). نزمترین دەنگ (D3)ه و بەرزترین دەنگ (F3)ه، خایاندنی نۆتەکانی (نواڕ، کرۆش، دەبڵ کرۆش، تریپڵ کرۆش)ن. سەیری نموونەی (٥-٤-١)

**٥- میلۆدییه ڕەسەنەکه که خستنەکاری موزیکیی بۆ کراوه:**

دانەری موزیک هەردوو فیگەری نێو ئاوازه کەلەپوورییەکەی خستۆته نێو بەرهەمەکه، فیگەری یەکەم میلۆدی سەرەکی تێدا نمایش کردووه و فیگەری دووەمیشی تەرخانکردووه بۆ کۆپلەی بەرهەمەکه و بەشەکانی تریش بریتین له پێشەکی و لەزمه و سۆلۆی ئامێریی.

**٦- فۆڕمی کۆتایی بیرۆکەکه و ڕادەی نزیکی له فۆڕمی میلۆدییه ڕەسەنەکەوه:**

پێکهاتەی فۆڕم لەم کاره موزیکییەکه بریتییه له:

A,B,R1,C,R2,R3,S1,B,R1,C,R2,R3,S2,S1,cadence

تێبینی: مەبەست له پیتی (R) واته لەزمه کورتکراوەی زاراوەی Refrain ی ئینگلیزییه و پیتی (S)یش واته لەزمه کورتکراوەی زاراوەی Song ی ئینگلیزییه. ژماره ١ و٢ و ٣ ئەمانه دووباره کردنەوەی چەند جارەی دووپاتکردنەوەکان دەگەیەنن.

ئەم پێکهاته فۆڕمه به فۆڕمێکی دوو بەشەی گۆرانی ئامێز دادەنرێت. ئەگەر سەرنجی تێمەکانی S2,S1 بدەین زادەی میلۆدییه ڕەسەنەکەن و A,B,C ڤارییەیشنی ئاوازی سەرەکین. هەروەها R2,R3 لەزمەی کورت و درێژن بۆ لکان و بەستنەوەی ڕستەی موزیکیی و ئاوازی گۆرانییەکه دانراون. بۆیه دانەر بۆ دەوڵەمەندکردنی کاره موزیکییەکه دایناون، لێرەدا پێکهاتەی میلۆدییه ڕەسەنەکه بریتییه له فۆڕمێکی گۆرانی ساده له شێوازی دوو تێمیی (بیناریی).

### ٧- فۆرم وشێوازی موزیکی:

شێوازی کارەکە بریتییە لە گۆرانییەک، کە بۆ گرووپێک لە ئامێرەکانی (ڤیۆلین١، ڤیۆلین ٢، ڤیۆلین٣، عود، ئامیری ڕیتمی) نوسراوەتەوە، دانەر لە میانی ئەو بەرهەمەدا هەوڵیداوە ئەم میلۆدییە کەلەپوورییە دووبارە بە شێوازی گۆرانیی خستنەکاری بۆ بکات، هەروەها هەوڵیداوە لە ڕێگەی سۆلۆی ئامێری ڤیۆلین مۆرک وشێوازی موزیکی هەورامیی لە چوارچێوەی میلۆدییە ڕەسەنەکەوە بەرجەستە بکات.

### ٨- چنینی موزیکیی:

چنینی ئەم بەرهەمە بریتییە لە مۆنۆفۆنی*.




**نموونەی ٥-٤-٢ چنینی نموونەکە**

### ٩- پێرفۆرمەنس و تیمبەر:

لە ڕووی پێرفۆڕمەنسەوە دانەر لەو بەرهەمەدا پێرفۆڕمەنسی سۆلۆ و یاوەریی موزیکیی پەیڕەو کردووە، ڕۆڵی ژەنینی میلۆدی داوەتە ئامێرەکانی ڤیۆلین و بەشێوەی گروپ ژەندراوە. هەروەها لە سەرەتای موزیکەکە ڕۆڵیکی سەرەکی بە ئامێری عود و سۆلۆی ڤیۆلین داوە، ئەمەش بۆ پیشاندانی مۆتیڤی ئاوازە سەرەکییەکەیە کە بنیادی ڕستەی موزیکە ڕەسەنەکەی لە سەر داڕێژراوە.

---

* چەمکی (مۆنۆفۆنی) یان مۆنۆ، کە تیایدا ڕەهەندە موزیکییەکانی تۆنەکان بەپێی کاتێک بۆ هەر تۆنێک ژمێرکاری بۆ کراوەو بەدوای خۆیدا دێن، واتە ئێمە گوێ لە تۆنەکانی دوای یەک دەگرین دوای کۆتایی هاتنی کاتی ئاوازی پێشوو لە داڕشتنی میلۆدییەکە. لەنێوئەم شێوازەدا، چەمکی "هیترۆفۆنیا" دەتوانرێت بە شێوەیەکی سروشتی تێبینی بکرێت، بەتایبەتی لە گۆرانی فۆلکلۆری بەکۆمەڵدا.

**١٠-پێکهاتەی هونەریی تیپی موزیکی هاوچەرخ یان ئۆرکێستراکە:**

گرووپێک لە ئامێرەکانی (ڤیۆلین١، ڤیۆلین ٢، ڤیۆلین٣، عود، ئامیری ڕیتمی) نوسراوەتەوە.

**١١- ناوەرۆکی بابەتی موزیکیی:**

A,B,R1,C,R2,R3,S1,B,R1,C,R2,R3,S2,S1,cadence

یەک ئاوازی کەلەپووری لە شێوازی گۆرانیی خستنەکاری بۆ کراوە، سەرەتا سۆلۆی عود و ڤیۆلین لە لایەن هەردوو ئامێرەکە (A) وەک پرزنتەیشنێک بۆ مۆتیڤی ئاوازی سەرەکی دەژەندرێت، پاشان ڕستەی پێشەکی موزیکی کە لە (٨) بارِ پێکهاتووە (B) نمایش دەکرێت، دوای لەزمەیەکی موزیکی یەک بارِیی (R1) سۆلۆیەکی تری ئامێری ڤیۆلین کە لە (٤) بارِ پێکهاتووە دەژەندرێت، بە دوو لەزمە R2,R3 داخڵی کۆپلەی یەکەمی گۆرانییەکە (S1) دەبێت. هەمان نمایش بە نیشانەی گەڕانەوە لە (B) تاکو (S1) دووبارە دەبێتەوە، بەڵام ئەمجارەیان بۆ بەشی (S2) واتە کۆپلەی گۆرانی دووەم دەڕوات، دواتر (S1) کۆپلەی دووەم لە لایەن گۆرانیبێژەوە دەچڕدرێت و بە کەدێنسێک کۆتایی بە بەرهەمەکە دەهێندرێت.

**١٢- پەرەسەندن لە میلۆدیدا:**

هیچ پەرەسەندنێک بۆ دارِشتەی گۆرانییە ڕەسەنەکە تێبینی نەکراوە.

**١٣- ڕەسەنێتی ڕستەی موزیکیی کەلەپووری:**

هەموو تێمەکانی نێو بەرهەمەکە لە بنیاد و دارِشتەی ئاوازە سەرەکییەکەوە وەرگیراون، هەم لە ڕووی درێژیی و هەم لەڕووی ناوەرۆکی ڕستە موزیکییە ڕەسەنەکەوە هاوشێوەن.

**١٤- بنیاد وشێوازی میلۆدی:**

میلۆدی (گوڵەکەم نەخشانم) لە دوو فیگەر پێکدێت، فیگەری یەکەم (S1) بنیادی ڕستەکان لە ڕوویی ئەرکیەوە بریتین لە (مۆتیڤ کە بارِی ١ دەگرێتەوە + بەردەوامبوون، بارِەکانی ٢ تا ٧ دەگرێتەوە + قفڵبوون، بارِەکانی ٨ و ٩ دەگرێتەوە) واتە سێ ئەرکیەکەی تێدایە و بە تەنها تەکنیکی سکوێنسی تێدا نییە.

فیگەری دووەم (S2) بنیادی ڕستەکان لە ڕوویی ئەرکیەوە بریتین لە (مۆتیڤ کە باڕی ١ دەگرێتەوە + سکوێنس باڕی ٢ دەگرێتەوە + بەردەوامبوون، باڕەکانی ٣ تا ٨ دەگرێتەوە) واتە سێ ئەرکیەکەی تێدایە و بە تەنها تەکنیکی قفڵبوونی تێدا نییە.

**١٥- یەکتابوون و گونجان و کۆنتراستی میلۆدی:**

لەبەرئەوەی شێوازی ئەم بەرهەمە لە ڕووی هارمۆنییەوە سادە و ساکارە و تەنها ئامێری عود لە سەرەتادا کۆردی dm بە شێوەی ژەنینی گیتار ژەندووە، بۆیە بابەتی گونجان و کۆنتراستی میلۆدی لە ناواخنی کارەکەدا تێبینی نەکراوە.




**نموونەی ٥-٤-٣ یەکتابوون و گونجان**

**خشتەی ٥-٤-١ پێکاتەی فۆرمی گوڵەکەم نەخشانم**

| ژمارەی بارەکان | تیما | ڕۆڵی ئامێریی | دانەی بارەکان |
|---|---|---|---|
| ١-٨ | A | پێشەکی عود+ کەمان | ٤+٤ |
| ٩-١٢ | B | tuti | ٤ |
| ١٣ | R1 | tuti | ١ |
| ١٤-١٧ | C | سۆلۆ کەمان | ٤ |
| ١٨-٢١ | R2 | tuti | ٤ |
| ٢٢ | R3 | tuti | ١ |
| ٢٣-٣١ | S1 | گۆرانیبێژ | ٩ |
| ٣٢-٣٥ | B | tuti | ٤ |
| ٣٦ | R1 | tuti | ١ |
| ٣٧-٤٠ | C | سۆلۆ کەمان | ٤ |
| ٤١-٤٤ | R2 | tuti | ٤ |
| ٤٥ | R3 | tuti | ١ |
| ٤٦-٥٣ | S2 | گۆرانیبێژ | ٨ |
| ٥٤-٦٢ | S1 | گۆرانیبێژ | ٩گەڕانەوە بۆ B |
| ٦٣-٦٤ | cadence | tuti | ٢ |

**٥-٥- نموونەی پێنجەم: نارینێ: کۆمپۆزەر (هۆشەنگ کامگار)**

**١- تۆنالیتە (مۆد یان پەیژە و گواستنەوەکانی)**

بە شێوەیەکی گشتی ئەو مۆدەی لەم نموونەیەدا هەن بریتیین لە:

مۆدی بەیات (لا): ڕەگەزی یەکەم بەیات (لا- سی نیو بیمۆڵ - دۆ - ڕێ) + ڕەگەزی دووەم کورد (می - فا - سۆڵ - لا) ئەم مۆدە نوێنەرایەتی پێکهاتەی ئاوازی نارینێ دەکات. ئەم کارە موزیکییە هیچ گواستنەوە وپەیژەگۆڕکێیەک لە تۆنالیتەی دەنگی (لا)ی تێدا نییە، تا کۆتایی کارە موزیکییەکە لە سەر هەمان تۆنالیتە بەردەوامی هەیە.

**٢- ڕیتم و خێرایی:**

ڕیتمی کارە موزیکییەکە بە گشتی بریتییە لە ٤/٤ و خێراییەکەی لە باری یەکەم تا باری کۆتایی کارە موزیکییەکە ( Andantino) نواڕ = بە ( ٩٠ ) لە یەک خولەکدا.

**٣- جۆری باڕی موزیکی:**

بنیادی باڕەکان لە دروستبوونی ڕستەکان لەم  کارەدا، لە جۆری بنیادی چوارخشتەکی پێکهاتووە ورستە میلۆدییەکانی لە دوو باڕ پێکهاتوون، دانەری موزیک بە مەبەستی گۆڕنکاری و فراوانکردنی میلۆدییەکە، یەک باڕی بۆ بنیادەکە زیادکردووە و بووە بە سێ باڕ و تا کۆتایی کارەکە، ڕستە موزیکییەکەی دووبارە کردۆتەوە.

**٤- گۆرانییە کەلەپوورییەکە بەر لە خستنەکاریەکەیدا:** سەیری نموونەی ژمارە٥-٥-١ بکە.




نموونەی ٥-٥-١(Andantino) میلۆدی ڕەسەن بەر لە خستنەکاری

لە دوو باڕی ڕیتمی٤/٤بە خێرایی (Andantino) پێکهاتووە و مۆدی ئەم میلۆدییە ڕەسەنە ویناکردنی مۆدی (بەیات)ە لە سەرپلە دەنگی (لا). نزمترین دەنگ (A4)ە و بەرزترین دەنگ (D5)ە، خایاندنی نۆتەکانی (نواڕ، کرۆش، دەبڵ کرۆش)ن.

**٥- میلۆدییە ڕەسەنەکە کە خستنەکاری موزیکی بۆ کراوە:**

دانەری موزیک بە دوو فیگەری جیا بۆ گۆرانی وپێنج فیگەری جیا بۆ موزیک و چەند لەزمە و پردێک بنیادی کارەکەی ناوە، بۆ ڕوونکردنەوەی شیکارییەکە توێژەر پێ باشبوو، بۆ هەر فیگەرێک ڕەنگێک تەرخان بکات، بۆ ئەوەی لەنێوخشتەیەکی تایبەتەوە بیانخاتە ڕوو: سەیری نموونەکانی ژمارە (٥-٥-٢و٥-٥-٣و٥-٥-٤و٥-٥-٥و٥-٥-٦و٥-٥-٧و٥-٥-٨) بکە.

فیگەری یەک (ڕەنگی سوور):



**نموونەی ژمارە ٥-٥-٢ فیگەری یەک**

فیگەری دوو (ڕەنگی شین):




**نموونەی ژمارە ٥-٥-٣ فیگەری دوو**

فیگەری سێ (ڕەنگی سەوز):



**نموونەی ژمارە ٥-٥-٤ فیگەری سێ**

فیگەری چوار (ڕەنگی بێجی):




**نموونەی ژمارە ٥-٥-٥ فیگەری چوار**

فیگەری پێنج (ڕەنگی جەرگی):




**نموونەی ژمارە ٥-٥-٦ فیگەری پێنج**

فیگەری شەش (ڕەنگی پرتەقاڵی) :



نموونەی ژمارە ٥-٥-٧ فیگەری شەش

فیگەری حەوت (ڕەنگی ڕەساسی):




نموونەی ژمارە ٥-٥-٨ فیگەری حەوت

لەزمە (ڕەنگی قاوەیی): سەیری نموونەی ژمارە ٥-٥-٩ بکە.



**نموونەی ژمارە ٥-٥-٩ لەزمە**

پرد (ڕەنگی پەمەیی): سەیری نموونەی ژمارە ٥-٥-١٠ بکە.




**نموونەی ژمارە ٥-٥-١٠ پرد**

**٦- فۆڕمی کۆتایی بیرۆکەکە و ڕادەی نزیکی لە فۆڕمی میلۆدییە ڕەسەنەکەوە:**

پێکهاتەی فۆڕم لەم کارە موزیکییەکە بریتییە لە:

F1-F2&1-F3-F4-F1-F2&1-F3-F4-R-F2&4&R&3-F4-R-F4&2-F2&R-

F1&2&3&R-F4&7&4&4&7&4&4&7&4&7-F1-F2-P.-F5F4

ئەم پێکهاتە فۆڕمە، بە فۆڕمی فوگە دادەنرێت و شێوازی کۆنتراپۆینت بۆ نمایشی میلۆدیە گەشەسەندووەکان پەیڕەو کراوە، ئەگەر سەرنجی فیگەرەکانی 5+4+3+2+1 بدەین، هەموویان زادەی میلۆدییە ڕەسەنەکەن و دەبینین چەندین جار نمایش کراون، بەڵام پێکهاتەی میلۆدییە ڕەسەنەکە، بریتییە لە فۆڕمێکی گۆرانی سادە لە شێوازی یەک تێمیی (مۆنۆتێم).

**٧- فۆرم وشێوازی موزیکیی:**

شێوازی کارە موزیکییەکە بریتییە لە گۆرانییەک بۆ کۆڕاڵ و سۆلۆی ڤۆکاڵ لە چینە دەنگەکانی (تینۆر و ئاڵتۆ و باص) بە هاوشانی گروپی موزیکی سونەتیی نووسراوەتەوە، لە میانی ئەو کارەدا دانەر هەوڵیداوە ئەم میلۆدییە کەلەپوورییە بە بۆتەی فوگە ئاوێتەی کۆنتراپۆینت و چنینی بەنۆرە بکات، ئەگەر چی هەوڵیداوە لە چوارچێوەی میلۆدییە ڕەسەنەکەوە دەرنەچێت، بەڵام بەهۆکاری خستنەکاری لەنێوپرەنسیپی کۆنتراپۆینتەوە، جۆرە پەرەسەندنێکی لە بنیادی باڕەکاندا ئەنجام داوە، بۆیە هەندێک لە ڕستەکان بونەتە سێ باڕ.

### ٨- چنینی موزیکیی:

چنینی موزیک لەم کارە موزیکییە بریتییە لە چنینی بە نۆرە.




### ٩- پێرفۆرمەنس و تیمبەر:

لە ڕووی پێرفۆرمەنسەوە دانەری کارەکە پێرفۆرمەنسی سۆلۆ و یاوەریی دەنگیی لە چێنێکیتر پەیڕەو کردووە و ڕۆڵی ژەنینی میلۆدی داوەتە هەندێک لە ئامێرەکانی نێو گرووپەکە و ڕۆڵی چڕینی دەنگە میلۆدییەکەشی داوەتە سەرجەم ژەنیارانی نێو گرووپەکە، بۆ نموونە پێرفۆرمەنسی میلۆدییەکانی بە ئامێری سەنتوور، کەمانچە، سێتار، زەڕب داوە و ڕۆڵی یاوەری میلۆدی بە چینە دەنگەکانی (تینۆر و باص داوە)، هەروەها لە سەرەتای کارەکەوە ڕۆڵیکی سەرەکی بە ئامێری (زەڕب) داوە، ئەمەش بۆ نمایشی ڕیتمێکی بەردەوام، کە بنیادی ڕیتمیی ئاوازە ڕەسەنەکەی لە سەر داڕێژراوە.

### ١٠-پێکهاتەی هونەریی تیپی موزیکی هاوچەرخ یان ئۆرکێستراکە:

پێکهاتەی هونەریی تیپەکە بریتییە لە (گرووپی موزیکی سوننەتی) بە یاوەری کۆڕاڵ و سۆلۆی چینە دەنگەکانی (ئاڵتۆ و تینۆر و باص).

**١١- ناوەرۆکی بابەتی موزیکیی:**

یەک ئاوازی کەلەپووری لەنێو فۆڕمی هاوشێوەی فوگە خستنەکاری بۆ کراوە، سەرەتا سۆلۆی ڕیتم لە لایەن ئامێری زەڕب لە میانی (٤) باڕ وەک پرزنتەیشنێک بۆ ڕیتمێکی بەردەوام دەژەندرێت، پاشان هەر چوار فیگەر بە نۆرە بە دوای یەکەوە لە لایەن گرووپی موزیک و کۆڕاڵەوە نمایش دەکرێت، دواتر لەزمەی کارەکە دەژەندرێت، دووبارە چوار فیگەرەکە نمایش دەکرێتەوە، بەڵام ئەمجارەیان بە شێوازی کۆنتراپۆینت میلۆدییەکان ئاوێتەی یەکتر کراون. پاشان پەرەسەندنێکی فراوان بۆ بەشی لەزمەکە لە لایەن ئامێری (کەمانچە) نمایش دەکرێت، چڕینی گۆرانی لە لایەن چینە دەنگەکان لە لایەن هەردوو فیگەری سەرەکی ١ و ٧ دەچڕدرێت. دواتر بەشی پرد لە لایەن گرووپی موزیک دەژەندرێت، بۆ ئەنجامدانی گۆڕانکاری و زەمینەسازی بۆ نمایش،  فیگەری ٥ و گەڕانەوە بۆ بەشی دوبارە نمایشکردنەوە (ڕیکاپچیلەیشن) لە ڕێگەی نیشانەی گەڕانەوەدا.

**١٢- پەرەسەندن لە میلۆدیدا:**

ئەگەر تێبینی بنیادی ئاوازی سەرەکی بدەین، دەبینین بە هۆکاری خستنەکاری لەنێوپرەنسیپی کۆنتراپۆینتەوە دانەری کارەکە ناچاربووە بە ئەنجامدانی پەرەسەندن و گۆڕانگاری لە بنیادی ڕستەکاندا، هەر بۆیە ڕستە و فیگەرەکان بە شێوازی جیاجیا لە بەشەکاندا دەرکەوتوون.

**١٣- ڕەسەنێتی ڕستەی موزیکیی کەلەپووری:**

هەموو تێمەکانی نێو کارە موزیکییەکە لە بنیادی و داڕشتەی ئاوازە سەرەکییەکەوە وەرگیراون، لەڕووی ناوەرۆکی ڕستە موزیکییە ڕەسەنەکەوە هاوشێوەن و تەنها جیاوازی لە بنیادی باڕەکانەوە بەدی دەکرێت.

**١٤- بنیاد و شێوازی میلۆدی:**

میلۆدی نارینێ لە دوو فیگەر پێکدێت (4 و 7) کەچی هەردوو فیگەر وەکو پێشتر ئاماژەمان پێدا هەمان ژمارەی باڕیان نییە، بنیادی ڕستەکانیش لە ڕوویی ئەرکیەوە بریتین لە (مۆتیف

که ترپەی یەکەم لە باڕی یەکەم دەگرێتەوە + سکوێنس کە ترپەی دووەم لە باڕی یەکەم دەگرێتەوە + بەردەوامبوون کە ترپەی سێیەم لە باڕی یەکەم تا ترپەی دووەم لە باڕی دووەم دەگرێتەوە + قفڵبوون کە ترپەی سێیەم و چوارەم لە باڕی دووەم دەگرێتەوە) واتە هەر چوار ئەرکیەکەی تێدایە، بەڵام ئەرکیەکان لەڕووی درێژی نۆتەکان یەکسان نین.

**١٥- یەکتابوون و گونجان و کۆنتراستی میلۆدی:**

شێوازی خستنەکاری میلۆدی لەم کارەدا، بە گشتی تەواو جیاوازە لە شێوازەکانی تری گۆرانی کوردی. جیاوازییەکە نەک بە تەنها لە بابەتی گونجان لە ڕووی (هارمۆنی و کۆنتراپۆینت)ەوەیە، بەڵکو لە ڕووی فۆرم و چنین و پەرەسەندی میلۆدییەوە لە تێمپلەیتی* گۆرانی کوردییەوە زۆر دوورە.

مەبەست لە هەڵبژاردنی ئەم فۆرمە لەلایەن دانەری موزیک بۆ ئەوەیە، توانست و سەلیقەیی هونەرمەندی کورد لە هەردوو بواری موزیکدانان و پێرفۆرمەنسی ژەنین و چڕین نیشان بدات لە لایەک، لە لایەکی تریشەوە، شیاویی خودی ئاوازی کوردی لە ڕووی بنیادی میلۆدییەوە لە پڕۆسەی خستنەکارییدا نیشان دەدات. هەرچەندە ئەم کارە نزیکییەکی بنیادی موزیکی لەگەڵ فۆڕمی فوگە نیشان دەدات، بەڵام لە ڕووی پێکهاتەوە جیاوازیان هەیە، بۆ نموونە فۆڕمی فوگە فۆڕمێکی ئامێرییە و یەک بابەتی میلۆدی تێدایە، کە لەگەڵ دژە بابەت کۆنتراستێک دروست دەکەن، بەڵام لەم کارەدا هەر دوو فیگەر بەیەکەوە کۆنتراستێک لە میلۆدییدا دروست دەکەن و بە چڕینی دەنگی ڤۆکاڵەوە پێرفۆمانسی کارەکە ئەنجام دەدەن.

---

* تێمپلەیتە موزیکییەکان: تێمپلەیتە موزیکییەکان (Musical Templates) یەکێکە لەو توخمانەی کە سنوورەکانی ئاوازدانان تێدەپەڕێنێت، بۆ ئەوەی شایەتی پەرەسەندنی کرداری موزیکی ئاوازدانەر بدات، هەروەها بۆ ئەو گۆڕانکارییە جۆراوجۆرانەی لە ئاوازدانەری موزیکدا لە قۆناغە جیاوازەکانی کاتدا ڕوودەدەن. بۆیە خوێندنەوەی ئێمە بۆ بۆتەی موزیکی ناتوانێ لە پێکهاتە فەرمییە دەرەکییەکانی بەرهەمە موزیکییەکان بوەستێت، بەڵکو دەبێت درێژبێتەوە بۆ هەموو شتێک کە دەتوانێت یارمەتیدەر بێت بۆ تێگەیشتن لێی، لە دیوی تەکنیکی موزیکیی لە لایەکەوە و لە ڕێگەی کۆنتێکستی مێژوویی و کەلتوورییشەوە لە لایەکەی تریەوە.

القلالي، عائشة، نحو مقاربة جديدة لتدريس قوالب الموسيقى العربية، المركز التونسي للنشر الموسيقولوجي، ٢٠١٥، ص ٢.



**خشتەی ژمارە ٥-٥-١ (پێکهاتەی فۆڕمی نارینێ)**

| 5 | پرد. | 7 | لەزمە | 6 | 4 | 3 | 2 | 1 |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|

| ژمارەی بار | 1 | | | | | | | | | 10 | | | | | | | | | | 20 | | | | | | | | | | 30 | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| قۆکال١ | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | |
| قۆکال٢ | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | |
| هێڵی موزیک سەرەوە | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | |
| هێڵی موزیک خوارەوە | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | |

| ژ | | | | | 40 | | | | | | | | | | 50 | | | | | | | | | | 60 | | | | | | | | | | 70 | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ف١ | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | |
| ف٢ | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | |
| م س | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | |
| م خ | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | |

| ژ | | | | | | | | | | 80 | | | | | | | | | | 90 | | | | | | | | | | 100 | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ف١ | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | |
| ف٢ | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | |
| م س | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | |
| م خ | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | |

**٥-٦- نموونەی شەشەم: سەیران: کۆمپۆزەر (کوردۆ سەردار)**

**١- تۆنالیتە (مۆد یان پەیژە و گواستنەوەکانی):**

بە شێوەیەکی گشتی ئەو مۆدەی لەم نموونەیەدا هەن بریتیین لە:

یەکەم: مۆدی عەجەم (صۆڵ): ڕەگەزی یەکەم حیجاز (صۆڵ - لا- سی - دۆ) + ڕەگەزی دووەم عەجەم ڕێ (ڕێ - می - فا دییێز - صۆڵ)، ئەم مۆدە نوێنەرایەتی پێکهاتەی ئاوازی پەپوسلێمانی دەکات.

دووەم: مۆدی حیجاز (می): ڕەگەزی یەکەم ڕەگەزی حیجازە لەسەر پلە دەنگی می، (می - فا - صۆڵ دییێز- لا) + ڕەگەزی دووەم ڕەگەزی کوردە لەسەر پلە دەنگی سی، (سی - دۆ - ڕێ - می) ئەم مۆدەشیان نوێنەرایەتی پێکهاتەی ئاوازی مهاباد دەکات.

**٢- ڕیتم و خێرایی:**

ڕیتمی کارە موزیکییەکە بریتییە لە چەندین کێشی جیاواز کە شێوازی پۆلی ڕیتمی پێکهێناوە و چوار کێش تێیدا بەکارهاتووە ٢/٤ و ٣/٤ و ٤/٤ و ٥/٤ و خێرایی کارەکە سەرەتا بە ( Andante نوار=77 ) دواتر کارەکە لە باڕی سی و یەک خێرایی ئەم بەشە دەگۆڕێت بۆ تیمپۆیەکی خێراتر (Allegro) واتا بۆ هەر نوارێک 120 لێدان لە خولەکێکدا (نوار=120)، هۆکاری گۆڕانکاری لە خێرایی دەگەڕێتەوە بۆ تایبەتمەندیی ڕیتمیی ئەو دوو ئاوازە کەلەپوورییە، کە موزیکدانەرەکە خستنەکاریی بۆ کردووە و ویستوویەتی ڕەسەنێتی و مۆرکی ئاوازە بنەڕەتییەکە بپارێزێ.

**٣- جۆری باڕی موزیکی:**

ئاوازی (پەپو سلێمانی) لە پێکهاتەی باڕەکانیدا شێوازی چوارخشتەکی نییە، چونکە دەستەواژەی یەکەم برتییە لە چوار باڕ بەڵام دەستەواژەی دووەم شەش باڕ پێکدەهێنێت، بە پێچەوانەوە ئاوازی مهاباد شێوازی چوارخشتەکییە لە بنیادی ڕستەکەدا چوار باڕ پێکدەهێنێت، دواتر لە کاتی خستنەکارییدا هەر دوو میلۆدییەکە بنیاد و پێکهاتەی باڕەکانی تێکشکاون و گۆڕانکارییان بەسەردا هاتووە، ئەمەش بەهۆی ئەو پۆلی ڕیتمییەی دانەر لە بنیادی ڕیتمی کارەکەیدا پەیڕەوی کردووە.

٤- **گۆرانییە کەلەپوورییەکە بەر لە خستنەکارییەکەیدا:** سەیری نموونەکانی ژمارە ٥-٦-١و٥-٦-٢ بکە.

## پەپو سلێمانی

فلكلۆری ناوچەی ئەردەلان



**نموونەی ژمارە ٥-٦-١(Alligro) میلۆدی ڕەسەنی یەکەم بەر لە خستنەکاریدا**

## مهابادم

كەلەپوور



**نموونەی ژمارە ٥-٦-٢ (Alligro)میلۆدی ڕەسەنی دووەم بەر لە خستنەکاریدا**

گۆرانی کەلەپووری یەکەم: لە هەژدە باڕی ڕیتمی٢/٤بە خێرایی (Allegro) پێکهاتووە و مۆدی ئەم میلۆدییە ڕەسەنە وێناکردنی مۆدی (عەجەم)ە لە سەرپلە دەنگی (صۆڵ). نزمترین دەنگ (D3)ە و بەرزترین دەنگ (D4)ە، خایاندنی نۆتەکانی (نوار، کرۆش، دەبڵ کرۆش)ن.

گۆرانی کەلەپووری دووەم: لە دوازدە باڕی ڕیتمی ٤/٤ بە خێرایی (Allegro) پێکهاتووە و مۆدی ئەم میلۆدییە ڕەسەنە وێناکردنی مۆدی (حیجاز)ە لە سەرپلە دەنگی (می). نزمترین دەنگ (B3)ە و بەرزترین دەنگ (B4)ە، خایاندنی نۆتەکانی (نوار، کرۆش، دەبڵ کرۆش)ن.

**٥- میلۆدییە ڕەسەنەکە کە خستنەکاری مۆزیکیی بۆ کراوە:**

دانەری مۆزیک هەردوو فیگەری خستۆتە نێو بەرهەمەکە، هەر یەکەیان لە بیرۆکەی یەکێک لە دوو ئاوازی کەلەپووریی جیا وەرگیراون، تێمی یەکەم فیگەری میلۆدی (پەپو سلێمانی) تێدا نمایش کردووە وتێمی دووەم فیگەری میلۆدی (مهاباد)م تیایدا نمایشکراوە.

**٦- فۆرمی کۆتایی بیرۆکەکە ورادەی نزیکی لە فۆرمی میلۆدییە ڕەسەنەکەوە:**

A1-A2-A3-B1-B2-B3- Cadence

بێگومان فۆرمی کارە مۆزیکییەکە زۆر جیاوازە لەگەڵ میلۆدیە ڕەسەنەکە، جیاوازییەکان دوو بەشن:

یەکەمیان لەڕووی بنیادی میلۆدییەوە لەلایەنی کێشی باڕەکاندا، زیاد و کەمیی، بەپێی ستایلی کارە نوێکە ئەنجام دراوە.

دووەمیان لەڕووی فۆرمەوەیە، چونکە دانەری مۆزیک تەنها مۆتیڤی میلۆدییە ڕەسەنەکەی هێناوە و بە مۆدێلی مۆزیکی سەدەی بیستەم خستنەکاری بۆ کردووە.

**٧- فۆرم وشێوازی مۆزیکیی:**

ئەم کارە پارچەیەکە بۆ ئامێری پیانۆ بە تیمپۆی بەشێنەیی (Andante)، واتا بۆ هەر نوارێک 77 لێدان لە خولەکێکدا نووسراوە، کارەکە لە حەفتا و یەک باڕ پێکهاتووە و لە ڕووی بەکارهێنانی ڕێبەری کێشەوە، باڕەکان جیاوازن و تێیدا دوو میلۆدی کوردی دوو ناوچەی جیاوازی کوردستان بەکارهاتووە و بە شێوەی سێریال مۆزیک (Serial Music) مۆزیکی زنجیرەیی دووازدە دەنگی، هارمۆنیەکەی دارێژراوە.

### ٨- چنینی موزیکیی:

چنینی هارمۆنی دوازده تۆنی پەیژەی سێریاڵ پێکدەهێنێت.







### ٩- پێرفۆرمەنس و تیمبەر:

پێرفۆڕمەنسی ئامێری پیانۆ و تیمبەری وەدەستهاتوو بەشێوەیەکی جیاواز بەرجەستە کراوە، بە هۆی جیاوازی دانانی ئەم موزیکە بە شێوازی موزیکی سەدەی بیستەم و ئەو تەکنیکە نوێیانەی کە هەن لە دایناميک و ئارتیکولەیشن و ئۆرنەمێنتەکان لە لایەک و لە لایەکی ترەوە، داڕشتە و بنیادی هارمۆنی دوازدەیی (دۆدیکافۆنی)، کە بە شێوازی شۆنبێرگ ناسراوە، خستنەکاری بۆ کراوە،

**-١٠ پێکهاتەی هونەریی تیپی موزیکی هاوچەرخ یان ئۆرکێستراکە:**

کارێکی موزیکییە، بۆ ئامێری پیانۆ نوسراوەتەوە.

**-١١ ناوەرۆکی بابەتی موزیکیی:** سەیری نموونەی ژمارە ٥-٦-٣بکە.



**نموونەی ژمارە ٥-٦-٣ بەشی یەکەمی تێمای یەکەم**

بەشی یەکەمی تێمای یەکەم، بەشی یەکەمی میلۆدیەکەیە، لە باڕی حەوتی پارچەکە دەردەکەوێت و بە دوو شێوەی جیاواز بەر گوێ دەکەوێت، دواتر بەشی دووەمی میلۆدیەکە خۆی نمایش دەکات کە بە سێ شێوەی جیاواز دەردەکەوێت.



**نموونەی ژمارە ٥-٦-٣ تێمای یەکەم لە چینە گرەکاندا**

لە باڕی نۆزدەی کارەکەدا، جارێکی تر تێمای یەکەم لە چینە گرەکاندا دەردەکەوێت و بەچەند گۆڕانکاری وتەکنیکێک هەموو تێماکە پێشاندەدرێت و لەوێوە کارەکە بەرەو تێمای دووەم دەڕوات.



**نموونەی ژمارە ٥-٦-٤ بەشی دوومی تێمایی یەکەم:**

شێوە دەرکەوتنی یەکەم: سەیری نموونەی ژمارە٥-٦-٥ بکە.




**نموونەی ژمارە٥-٦-٥ شێوەی دەرکەوتنی یەکەم**

شێوە دەرکەوتنی دووەم: سەیری نموونەی ژمارە٥-٦-٦ بکە.




**نموونەی ژمارە٥-٦-٦شێوەی دەرکەوتنی دووەم**

شێوە دەرکەوتنی سێیەم:     سەیری نموونەی ژمارە٥-٦-٧ بکە.




**نموونەی ژمارە٥-٦-٧ شێوە دەرکەوتنی سێیەم**

لە بارِی نۆزدەی کارەکەدا، جارێکی تر تێمای یەکەم لە چینە گرەکاندا دەردەکەوێت و بەچەند گۆڕانکاری و تەکنیکێک هەموو تێماکە پێشاندەدرێت و لەوێوە کارەکە بەرەو تێمای دووەم دەڕوات. سەیری نموونەی ژمارە٥-٦-٨ بکە.




**نموونەی ژمارە٥-٦-٨ دووبارەبوونەوەی تێمای یەکەم**

دیاره بە هەمان شێوەی بەشی یەکەم، بەشی دووەمیش بەکارهێنانی میلۆدیەکی کوردیە، کە ئەویش بریتییە لە گۆرانی مهاباد، ئەمەش بەشی دووەمی کارەکەیە و لە باڕی سی و یەک دەست پێدەکات، خێرایی ئەم بەشە بۆ تیمپۆیەکی خێراتر (Allegro) دەگۆڕدرێت ، ئەم بەشەش بە چوار باڕی پێشەکی (Introduction) دەستپێدەکات، کە لە ڕووی ڕێبەری کێشەوە جیاوازن، لە باڕی سی و پێنج تێمای دووەم دەستپێدەکات و میلۆدیەکە زۆر بە ڕوونی لای دەستی ڕاستی پیانۆ دەردەکەوێت، بە هەمان شێوەی بەشی یەکەمی کارەکە زمانی دارشتنی هارمۆنیەکەی بەشی دووەمیش بە شێوازی سریال موزیک دارێژراوە (Serial Music) موزیکی زنجیرەیی دووازدە دەنگی. سەیری نموونەی ژمارە٥-٦-٩ بکە.




**نموونەی ژمارە٥-٦-٩ تێمای دووەم**

بەبەردەوامی تا کۆتایی کارەکە، ئەم تێمایە بە چەندین شێوەی جیاواز دەردەکەوێت لە نێوان دەستی ڕاست و دەستی چەپ و بەبەردەوامی هەمان تێما لە چینە دەنگیە جیاجیاکان هاتن و چوون دەکات.

لە هەندێ شوێنی کارەکەدا تێماکە بەشی یەکەمی دەکەوێتە چینە بەرزەکانی ئامێری پیانۆ و بەشەکەی تری دەکەوێتە چینە نزمەکان هەروەها بە پێچەوانەشەوە. لە باڕی شەست تەکنیکی گەورەکردن (Augmentation) بەکارهێنراوە، واتە هەمان تێما بەڵام کاتەکانی گەورەکراون بۆ دوو هێندەی خۆی. سەیری نموونەی ژمارە٥-٦-١٠ بکە.




**نموونەی ژمارە٥-٦-١٠ گەورەکردنی تێمای دووەم**

گەورەکردنی تێمای دووەم

تێمای دووەم لە دوای باڕی شەست و شەش چەند جارێکی تر دەردەکەویت، بە شێوەیەک کە جووڵەیەکی بەردەوام دروست دەکات لە نیوان چینە جیاجیاکاندا، هەر لە دەنگە گڕەکانەوە تا بەرزترین چینی دەنگی ئامێری پیانۆ (هەموو بەشەکانی چینە دەنگیەکانی ئامێری پیانۆ)، کارەکە بە کۆردێک بە کاتی کرۆش کۆتایی دێت. سەیری نموونەی ژمارە٥-٦-١١ بکە.

بکە.




**نموونەی ژمارە٥-٦-١١ تێمای دووەم**

**١٢- پەرەسەندن لە میلۆدیدا:**

لەبەرئەوەی ئەم کارە موزیکییە گواستنەوە و پەیژەگۆڕکێی شێوازی تۆنالیی تێدا نییە، چونکە لە بنەڕەتدا کارە موزیکییەکە بە شێوازی بەیژەی سێریاڵ و ئەتۆناڵ بنیادنراوە، بۆیە تێبینی گواستنەوەی میلۆدی لە میانی دوازدە دەنگە سەربەخۆکەی ئەم پەیژەیە بە شێوازێکی سیستماتیک کراوە، کە دانەر بەپێی دید و بیرۆکە موزیکییەکەی خستنەکاری بۆ هەردوو میلۆدییە کەلەپوورییەکە کردووە.

**١٣- ڕەسەنێتی ڕستەی موزیکیی کەلەپووری:**

تێمەکانی نێو کارە موزیکییەکە لە بنیادی و داڕشتەی دوو ئاوازە کەلەپوورییەکەوە وەرگیراون، لەڕووی ناوەرۆکی ڕستە موزیکییە ڕەسەنەکەوە هاوشێوەن و جیاوازییەکان بریتیین لە بنیادی بارەکان و شێوازی پەیژە و ڕیتم و کێشی بنەڕەتی و تۆنالیتیی دوو ئاوازە ڕەسەنەکە.

**١٤- بنیاد و شێوازی میلۆدی:**

میلۆدی (پەپو سلێمانی) لە بنەڕەتدا واتە ئاوازە کەلەپوورییەکە لە ١٠ بار پێکدێت کە پێکهاتەیان بریتین لە (مۆتیڤ + سکوێنس+ بەردەوامبوون + قفڵبوون)، ئەوەی تێبینی دەکرێت مۆتیڤەکە بە دواییەکدا دووپاتکراوەتەوە و لە بەردەوامبوون و قفڵ بوون نۆتەکانیان هاوشێوەن.

میلۆدی (مهابادم) لە دوو باڕ پێکدێت، پێکهاتەکە بریتین لە (مۆتیڤ + بەردەوامبوون + قفڵبوون)، لێرەدا تێبینی دەکرێت، کە ئەم ئاوازە پێکهاتەی سکوێنسی تێدانییە، ئەمەشیان سادەیی میلۆدییەکە نیشان دەدات.

**١٥- یەکتابوون و گونجان و کۆنتراستی میلۆدی:**

موزیکدانان بە شێواز وتەکنیکی سەدەی بیستەم، بەتایبەتی بەمۆدیلی شونبێرگ وهاوچەرخەکانی، لەڕووی فەلسەفە و هزری موزیکداناندا جیاواز دەردەکەون بە بەراورد لەگەڵ موزیسیانانی پێش خۆیان، بۆیە لەم نموونەیەدا دەبینین، مامەڵەکردن لەگەڵ بابەتی کۆنتراست و گونجاندا خاسیەتی تازە و تایبەتمەندیی نوێیان هێناوەتە ئاراوە، لەم نموونەیەدا تێبینی کراوە، کە کۆنتراستەکان لە خودی فیگەرەکانەوە دروستکراون و هەموو کات لە چینی خوارەوەی میلۆدییەکان بە پۆلیڕیتمی و ئەتۆنالیتیی و دژەبابەتییانە یاوەری میلۆدییەکان دەکەن.







**٥-٧- نموونەی حەفتەم: کاوێس ئاغا: کۆمپۆزره (نەهرۆ زاگرۆز)**

**١- تۆنالیتە (مۆد یان پەیژە و گواستنەوەکانی):**

بە شێوەیەکی گشتی ئەو مۆدەی لەم نموونەیەدا هەن بریتیین لە:

یەکەم: ئاوازە ڕەسەنەکە بریتییە لە مۆدی بەیات (فا): ڕەگەزی یەکەم بەیات (فا – سۆڵ نیو بیمۆڵ –لا بیمۆڵ – سی بیمۆڵ) + ڕەگەزی دووەم کورد (دۆ– ڕێ بیمۆڵ – می بیمۆڵ – فا) ئەم مۆدە نوێنەرایەتی پێکهاتەی ئاوازی دەنگبێژیی (دەلۆیلۆ) دەکات.

دووەم: تۆنالیتی ئاوازی موزیکی ئەلیکترۆنی* بریتییە لە (فا) ماینەر: (فا – سۆڵ –لا بیمۆڵ – سی بیمۆڵ) + ڕەگەزی دووەم کورد (دۆ– ڕێ بیمۆڵ – می بیمۆڵ – فا) ئەم مۆدە نوێنەرایەتی پێکهاتەی موزیکی یاوەری دەکات. ئەم کارە موزیکییە هیچ گواستنەوە

---

* ئامێرسازی و موزیکی ئەلکترۆ–ئاکۆستیکی ژانرێکی موزیکی ڕۆژئاوایە، تێیدا ئاوازدانەران تەکنەلۆژیا بۆ دەستکاریکردنی زەنگی دەنگە دەنگییەکان بەکاردەهێنن، هەندێکجاریتریش پرۆسێسینگکردنی سیگناڵی دەنگی، وەکو ڕیڤەرب یان هارمۆنیزاسیۆن، لە سەر ئامێرە ئاکۆستیکییەکان بەکاردەهێنن. موزیکی ئەلیکترۆنی ژانرێکی موزیکییە، ئامێری موزیکی ئەلیکترۆنی، ئامێری دیجیتاڵی، یان تەکنەلۆژیای موزیک لە سەر بنەمای سووڕ لە دروستکردنیدا بەکاردەهێنێت. هەردوو موزیک لەخۆدەگرێت بە خستنەکاری ئامرازی ئەلیکترۆنی و ئەلکترۆمیکانیکی (موزیکی کارەبایی دەنگی) دروستکراوە. ئامێرە ئەلیکترۆنییە پاکەکان بە تەواوی پشتیان بە دروستکردنی دەنگی لە سەر بنەمای سووڕەکان دەبەست، بۆ نموونە خستنەکاری ئامێرەکانی وەکو لەرەلەری ئەلیکترۆنی، تێرمین، یان سەنتەسایزەر. ئامێرە کارەباییە میکانیکییەکان. پڕۆسەی داهێنان لێرەدا سەرنج دەخاتە سەر ئامادەکردنی فۆڕمی دەنگی جیاواز لە سەرچاوەی دەنگی ڕەسەنەوە. هەروەها کۆمەڵێک تەکنەلۆژیایە، کە خستنەکاری کارەبا یان ئەلیکترۆنیات لە بواری ئاکۆستیکدا بەکاردەهێنرێت و زاراوەی موزیکی ئەلکترۆئاکۆستیک، لە ئاستی جیهانیدا، هەر دیاردەیەکی سروشتی موزیکیی دیاری دەکات، کە ئەم تەکنەلۆژیایانە لە پڕۆسەی بەرهەمهێنان یان دابەشکردندا بەکاربهێنێت.
Holmes, Thom, Electronic and Experimental Music, Foundations of New Music and New Listening (Media and Popularculture) 2nd Edition2002 p. 6
بەڵام شێوازی خستنەکاری ئەم ئامرازانە سێ پۆل پێناسە دەکات: موزیک لە ڕێگەی خستنەکاری تەکنەلۆژیای تۆمارکردن یان پەخشکردنەوە کاراکتەری ئەلکترۆ–ئاکۆستیکی بەدەست دەهێنێت؛ ئەوانەی بە ئامێری ئەلکترۆ–ئاکۆستیک بەرهەم دەهێنرێن، کە بە تەنیا یان بە تێکەڵکردنی ئامێرە کۆن ومیللییەکان بەکاردەهێنرێن؛ لە کۆتاییدا، موزیک لە ڕێگەی ئامرازی ئەلکترۆ–ئاکۆستیکەوە بەدەست دێت، کە ئامانجی دروستکردن یان پەرەپێدانی زمانێکی دیاریکراوە.
Jones, Barri. The Hutchinson Concise Dictionary of Music,2020. Routledge.
ئەم دواین بابەتە، گرنگی بە بەشێک لە هەموو موزیکی تاقیکاری و ئەزموونییەوە دەدات، لە ژێر زاراوەی گشتی موزیکی ئەلکترۆکستیک، چەندین مەیلێکی جوانکاری وچەندین تاقیکردنەوە، لە موزیکی کۆنکریتەوە بۆ موزیکی سەرچاوەی ئەلیکترۆنی تەواو کۆدەکاتەوە.
Holmes, Thom, Electronic and Experimental Music, Foundations of New Music and New Listening (Media and Popularculture) 2nd Edition2002 p. 6
لە سەرەتای هەشتاکانی سەدەی ڕابردوودا، بڵاوبوونەوەی تەکنەلۆژیای سەنتەسایزەری دیجیتاڵی لەوانەش سەنتەسایزەری دیجیتاڵی وەک یاماها DX7، هەروەها پەرەپێدانی ڕووکاری دیجیتاڵی MIDI 1 لەلایەن موزیسیانان و بازرگانانی موزیک. ڕووکاری دیجیتاڵی ئامێری موزیک (MIDI)ستانداردێکی تەکنیکییە، باس لە پرۆتۆکۆڵێکی پەیوەندیکردن وڕووکارێکی دیجیتاڵی و پەیوەندییە کارەباییەکان دەکات، کە جۆرە جیاوازەکانی ئامێری موزیکی ئەلیکترۆنی و کۆمپیوتەر و ئامێرە دەنگییەکانی دیکە بەیەکەوە دەبەستنەوە بە مەبەستی لێدان و دەستکاریکردن و تۆمارکردنی موزیک. تایبەتمەندی ڕووکارەکە دەگەڕێتەوە بۆ بڵاوکراوەیەکی دەیڤ سمیس و چێت. لە کۆنفرانسی "کۆمەڵگەی ئەندازیاری دەنگی" لە ئۆکتۆبەری ١٩٨١ لە نیویۆرک و دواتر ناوی "ڕووکاری یەکگرتووی سەنتیسایزەر "ی لێنرا.
Swezey, Kenneth M. (1995). The Encyclopedia Americana – International Edition Vol. 13. Danbury, Connecticut: Grolier Incorporated. Weidenaar .p.5
تا ساڵانی نەوەدەکان، موزیکی بەرهەمهێنانی ئەلیکترۆنی ببوو بە ڕەوتی سەرەکی، بەهۆی بەردەستبوونی تەکنەلۆژیای موزیکی گونجاو. موزیکی ئەلیکترۆنی هاوچەرخ زۆر ژانر و مەودا دەگرێتەوە، لە موزیکی هونەری تاقیکارییەوە تا فۆرمەکانی بەناوبانگی وەک موزیکی سەمای ئەلیکترۆنی.

وپەیژەگۆڕکێیەک لە تۆنالیتەی دەنگی (فا)ی تێدا نییە، تا کۆتایی کارە موزیکییەکە لە سەر هەمان تۆنالیتە بەردەوامی هەیە.

**٢- ڕیتم و خێرایی:**

ڕیتم و کێشی موزیکەکە سەربەستە، بەڵام لە هەندێک لە موزیکی نێو ڕووداوەکاندا خێرایی فیگەری ڕتمیی بریتییە لە ١٢٠ نوارِ لەیەک خولەکدا.  هۆکاری ئەم شێوازە لە خێرایی و کێشی موزیکی دەگەڕێتەوە بۆ تایبەتمەندیی ڕیتمیی ئەو ئاوازە کەلەپوورییە، کە موزیکدانەرەکە خستنەکاریی بۆ کردووە و ویستوویەتی ڕەسەنێتی و مۆرکە بنەڕەتییەکە بپارێزێ و ئەو شێوازە لە ڕیتمی سەربەستدا، لە یاوەرییەکەشیدا ڕەنگدانەوەی هەبێت.

**٣- جۆری باڕی موزیکی:**

کارە موزیکییەکە بە شێوازی ڕیتمی سەربەست بنیادنراوە.

**٤- گۆرانییە کەلەپوورییەکە بەر لە خستنەکارییەکەیدا:** سەیری نموونەی ژمارە٥-٧-١ بکە.

لە شێوازی ڕیتمی سەربەست Adlib خێرایی (Allegro) پێکهاتووە و مۆدی ئەم میلۆدییە ڕەسەنە ویناکردنی مۆدی (بەیات)ە لە سەرپلە دەنگی (فا). نزمترین دەنگ (F3)ە و بەرزترین دەنگ (B♭3)ە، خایاندنی نۆتەکانی (ڕۆند، نوارِ، کرۆش، دەبڵ کرۆش)ن.




**نموونەی ژمارە٥-٧-١ میلۆدی ڕەسەن بەرلە خستنەکاریدا**

**٥- میلۆدییە ڕەسەنەکە کە خستنەکاریی موزیکیی بۆ کراوە:**

تەواوی دەنگە تۆمارکراوەکەی کاوێس ئاغا لە لاوکی (دەنگبێژی) دەلۆیلۆ، بەهەموو سۆلۆی موزیک و یاوەریی موزیکەکە تاکو کۆتایی تۆمارە ئۆریجناڵەکە بەش بەش کراوە و خراوەتە نێوان ڕووداوە دڕامییەکانی بەرهەمەکەوە.

**٦- فۆڕمی کۆتایی بیرۆکەکە وڕادەی نزیکی لە فۆڕمی میلۆدییە ڕەسەنەکەوە:**

Ento-song-event1-song-event2-song-event3-song-event4-song& original music

**٧- فۆرم وشێوازی موزیکی:**

فۆڕمی ئەم کارە موزیکییە بریتییە لە: پێشەکی و چوار کۆپلەی دەنگبێژیی و چوار ڕووداو بە گوزارشتی موزیکی دڕاماتیکی ئەنجام دراوە. سەرەتا پێشەکی موزیکەکە نمایش کراوە و کۆپلەیەک لە دەنگبێژی کاوێس ئاغا دانراوە و ڕووداوی یەکەم بەدوایدا هاتووە، پاشا بەهەمان شێوە، سێجاریتر کۆپلەکانی تر و ڕووداوی دڕامی بۆ بەشەکانی تری دەنگبێژییەکە خستنەکاریی موزیکی ئەلیکترۆنی و ئامێری موزیکی زیندووی بۆ کراوە.

**٨- چنینی موزیکیی:**

چنینی ئەم کارە ئاوێتەیەکە لە دەنگێکی تۆمارکراوی کۆن و ئۆرکێسترایەک لە دەنگی تۆمارکراوی موزیکی ئەلیکترۆنی.




**٩- پێرفۆرمەنس و تیمبەر:**

لێرەدا ڕۆڵی تیمبەر زۆر بە بەهێزی دەردەکەوێت، ئەویش لە ڕێگەی ئەو دەنگە ئەلیکترۆنیانەی کە بە شێوازێک میکس کراون، بۆ ئەوەی ڕەنگی دەنگەکان ئاوێتەیەک لە خەیاڵ وئەندێشەی دراماتیکی بە گوێگر ببەخشێت، دانەری موزیکەکە تەکنیکی ئامێرەکانی وەک کۆلیانۆ و ستاکاتۆ و سفرزاندۆ و پێرکەیشنی جۆراوجۆر دەخاتە نێو کارەکە بۆ گەیشتن بە هەموو ئەو گوزارشتەی لە خەیاڵی خۆی چەکەرەی کردووە. سەیری نموونەی ژمارە٥-٧-٢ بکە.

Vocal=




**نموونەی ژمارە٥-٧-٢**

### ١٠- پێکهاتەی هونەریی تیپی موزیکی هاوچەرخ یان ئۆرکێستراکە:

لەم شێوازەدا دانەری موزیک تەکنەلۆجیای زانیاری (دەنگی ئامێری زیندووی تۆمارکراو) بۆ یاوەری دەنگی تۆمارکراو لە ئەرشیفی کۆندا بەکارهێناوە و بە شێوەی کۆلاج میکسی کردووە بەشێوەیەک توانیویەتی باکگراوندێکی فراوان بەرجەستە بکات.

### ١١- ناوەڕۆکی بابەتی موزیکیی:

لە چرکەی ١ موزیکی ئەلیکترۆنی پێشەکی (ئنترۆداکشن) دەستپێدەکات، لە چرکەی ١٨ بۆ ٣٣سۆلۆ دەنگبێژیی بە دەنگی کاوێس ئاغا نمایش دەکرێت، لە چرکەی ٣٤ بۆ ٥٠ موزیکی ئەلیکترۆنی بە ڕووداوی یەکەم دێتە ناو بابەتەکەوە، لە چرکەی ٥١ بۆ ١،٤٧ سۆلۆ دەنگبێژیی کۆپلەی دووەم نمایش دەکرێت، لە چرکەی ١،٤٨ – ٢،٩ موزیکی ئەلیکترۆنی بە ڕووداوی دووەم بابەتەکە دەوڵەمەند دەکات، چرکەی ٢،١٠ بۆ ٢،٥٤ سۆلۆی دەنگبێژیی کۆپلەی سێیەم، خۆی نمایش دەکات، لە چرکەی ٢،٥٥ بۆ ٣،٢٤ موزیکی ئەلیکترۆنی ڕووداوی سێیەم دەخاتەڕوو، لە چرکەی ٣،٢٥ بۆ ٤،٤٣سۆلۆی ڤیۆلین بە تۆمارە ئۆرگیناڵەکە دێتەئاراوە، دواتر کۆپلەی چوارەمی دەنگبێژی پێشکەش دەکرێت، لە چرکەی ٤،٤٤ بۆ ٤،٤٩ موزیکی

ئەلیکترۆنی ڕووداوی چوارەم نمایش دەکات، لە چرکەی ٤،٥٠ بۆ ٥،٥٦ سۆلۆی دەنگبێژی کۆپلەی پێنجەم لەگەڵ موزیکی تۆمارکراوی کۆنی ئۆرگیناڵ لە لایەن گروپی موزیک، کارە موزیکییەکە بەکۆتا دەهێنن.

**١٢- پەرەسەندن لە میلۆدیدا:**

لەبەر ئەوەی میلۆدی (لاوک) یاخود دەنگبێژییەکە لە چوارچێوەی فۆڕمی خۆیدایە و جێگیرە، بۆیە پەرەسەندن لە ڕووی میلۆدییەوە بەدی ناکرێت، بەڵام دانەری موزیکەکە، بۆ جێگرتنەوەی ئەم حاڵەتە توانیویەتی بەشێوازێکی تر پەرەسەندی بۆ ئەنجام بدات، ئەو پەرەسەندنەش بریتییە لە پەرەسەندنی ڕیتم و ئۆستیناتۆ هارمۆنییەکان، کە لە ڕووداوەکان بە شێوازی بەرزبوونەوە (حالة تصاعدية) ئەنجام دراون.

**١٣- ڕەسەنێتی ڕستەی موزیکیی کەلەپووری:**

دانەری موزیکەکە، بۆ ئەوەی ڕەسەنێتی بابەتەکە بپارێزێت و هیچ گۆڕنکارییەک لە خودی پێرفۆڕمانسەکە ڕوونەدات، هەڵساوە بە دانانی تۆمارە ئۆجیناڵەکە و خستنەکاری بە شێوازێکی هونەریی سەردەمیانە بۆ کردووە، تاکو هەموو ئەو مەبەست و ئامانجانە بپێکێ کە نەخشەی بۆ داڕشتووە، بۆ ئەوەی بگات بە ترۆپکی گوزارشت لەو حاڵەتە دڕامییەی کە وەسفی وێنەیەک یاخود دیمەنێکی نێو فلمێک دەکات.

**١٤- بنیاد و شێوازی میلۆدی:**

دەنگبێژیی (لاوک) فۆڕمێکی موزیکی کوردییە لە پۆلێندا بە فۆڕمی گۆرانی ڕیتمی سەربەست دادەنرێت، لەم شێوازە ڕیتم سەربەستانە ڕستە و میلۆدییەکان پەیوەستن بە تێکست و ئاوازی بابەتەکەوە، هەندێک جار دەنگبێژەکە پێرفۆڕمەنسی ڕستەکان درێژتر یاخود کورتتر دەکاتەوە، ئەمەش بەپێی کۆنتێکستی نمایشەکە گۆڕانکاری بەسەردادێت.

**١٥- یەکتابوون و گونجان و کۆنتراستی میلۆدی:**

دانەری موزیک هەولّیداوە  کۆنتراستێکە لە نێوان میلۆدییە ڕەسەنەکە لەگەڵ میلۆدی ئەو قۆکالّە ئالّتۆیە بەرجەستەبکات، کە لە میانی ڕووداوی سییەمدا نمایشی کردووە، دژە بابەتێک لە دوو کەلتووری جیا، یەکێکیان میللیی ڕۆژهەڵاتی و ئەوەی تریان جیهانیی ڕۆژئاوایی.

، لێرەدا دانەری موزیکەکە مەگەر تەنها مەبەستێکی دڕامی لە پشت ئەم کارەیەوە بێت، چوونکە هیچ ئاوێتەبوونێکی هونەریی لەم تەکنیکەدا بەدی ناکرێت. سەیری نموونەی ژمارە٥-٧-٣ بکە.




**نموونەی ژمارە٥-٧-٣ یەکتابوون و گونجان**

## ٥-٨- ئەنجامی شیکردنەوەی نموونەکان:

### خشتەی ژمارە٥-٨-١ تۆنالیتە (مۆد یان پەیژە و گواستنەوەکانی)

| | | |
|---|---|---|
| ١-تۆنالیتە (مۆد یان پ ەیژە و گواستنەوەکانی) | نموونەی ١ | مۆدی حیجازکار کە لە سەر پلە دەنگی حوسەینی (لا) وێنا کراوە |
| | نموونەی٢ | مۆدی عەجەم لە سەر پلە دەنگی نەوا (صۆڵ)<br>مۆدی عەجەم لە سەر پلە دەنگی دۆگا (ڕێ) نوێنەرایەتی پێکهاتەی پەیژەگۆڕکێی ئاوازی کوێستان دەکات |
| | نموونەی٣ | مۆدی نەهاوەند لە سەر پلە دەنگی حوسەینی (لا) |
| | نموونەی٤ | مۆدی بەیات (ڕێ) |
| | نموونەی٥ | مۆدی بەیات (لا) |
| | نموونەی٦ | مۆدی عەجەم (صۆڵ)<br>مۆدی حیجاز (می) |
| | نموونەی٧ | مۆدی بەیات (فا)<br>(فا) ماینەر |

### خشتەی ژمارە٥-٨-٢ ڕیتم و خێرایی

| | | |
|---|---|---|
| ٢- ڕیتم و خێرایی | نموونەی ١ | ڕیتمی ٤/٤- و خێراییەکەی Vivace/ Allegro/Allegro Moderato |
| | نموونەی٢ | ڕیتم ٤/٤ و خێراییەکەی Allegro |
| | نموونەی٣ | ڕیتم ( گەڕیان) ٧/٨ / خێرایی(Animato) |
| | نموونەی٤ | ڕیتم ٤/٤ و خێرایی Andante Moderato |
| | نموونەی٥ | ڕیتم ٤/٤ و خێرایی نواڕ = بە ٩٠ لە یەک خولەکدا |
| | نموونەی٦ | ڕیتم ٢/٤ و ٣/٤ و ٤/٤ و ٥/٤ و خێرایی ( Andanteنوار=)77/ دەگۆڕێت بۆ تیمپۆیەکی خێراتر (Allegro) |
| | نموونەی٧ | خێرا فیگەری ڕتمیی بریتییە لە ١٢٠ نواڕ لەیەک خولەکدا. |

### خشتەی ژمارە٥-٨-٣ جۆری باڕی موزیکیی

| | | |
|---|---|---|
| ٣- جۆری باڕی موزیکیی | نموونەی ١ | چوارخشتەکی |
| | نموونەی٢ | چوارخشتەکی + ناخشتەکی (٦ باڕ) |
| | نموونەی٣ | چوارخشەکی |
| | نموونەی٤ | چوارخشتەکی، تەنها سۆنگی یەک ٩ باڕە |
| | نموونەی٥ | چوارخشەکی |
| | نموونەی٦ | ناخشتەکی |
| | نموونەی٧ | شێوازی ڕیتمی سەربەست دانراوە |

**خشتەی ژمارە٥-٨-٤میلۆدییە ڕەسەنەکە بەر لە خستنەکاریەکەیدا**

| | | |
|---|---|---|
| ٤- میلۆدییە ڕەسەنەکە بەر لە خستنەکاریەکەیدا | نموونەی ١ | ڕیتمی ٤/٤ بە خێرایی (Allegro Moderato)<br>مۆدی (حیجاز) ە لە سەرپلە دەنگی (لا)<br>خایاندنی نۆتەکانی (بلانش، کرۆش) |
| | نموونەی٢ | ڕیتمی ٤/٤ بە خێرایی (Allegro)<br>مۆدی (عەجەم) ە لە سەرپلە دەنگی (ّصۆڵ)<br>خایاندنی نۆتەکانی (نواڕ، کرۆش، دەبڵ کرۆش) |
| | نموونەی٣ | ڕیتمی(گەڕیان) ٨/٧ بە خێرایی (Animato) / مۆدی (نەهاوەند) ە لە سەرپلە دەنگی (ّلا). نزمترین دەنگ (E4)ە و بەرزترین دەنگ (C4)ە، خایاندنی نۆتەکانی (نواڕ، کرۆش) |
| | نموونەی٤ | لە چوار باڕی ڕیتمی٤/٤بە خێرایی (Andante Moderato) پێکهاتووە و مۆدی ئەم میلۆدییە ڕەسەنە مۆدی (بەیات) ە لە سەرپلە دەنگی بنەڕەتی خۆی(ڕێ). نزمترین دەنگ (D3)ە و بەرزترین دەنگ (F3)ە، خایاندنی نۆتەکانی (نواڕ، کرۆش، دەبڵ کرۆش، تریپڵ کرۆش)ن. |
| | نموونەی٥ | لە دوو باڕی ڕیتمی٤/٤بە خێرایی (Andantino) پێکهاتووە و مۆدی ئەم میلۆدییە ڕەسەنە وێناکردنی مۆدی (بەیات) ە لە سەرپلە دەنگی (لا). نزمترین دەنگ (A4)ە و بەرزترین دەنگ (D5)ە، خایاندنی نۆتەکانی (نواڕ، کرۆش، دەبڵ کرۆش)ن. |
| | نموونەی٦ | گۆرانی یەکەم: لە هەژدە باڕی ڕیتمی٢/٤بە خێرایی (Allegro) پێکهاتووە و مۆدی (عەجەم) ە لە سەرپلە دەنگی (صۆڵ). نزمترین دەنگ (D3)ە و بەرزترین دەنگ (D4)ە، خایاندنی نۆتەکانی (نواڕ، کرۆش، دەبڵ کرۆش)ن.<br>گۆرانی دووەم: لە دوازدە باڕی ڕیتمی٤/٤بە خێرایی (Allegro) پێکهاتووە مۆدی (حیجاز) ە لە سەرپلە دەنگی (می). نزمترین دەنگ (B3)ە و بەرزترین دەنگ (B4)ە، خایاندنی نۆتەکانی (نواڕ، کرۆش، دەبڵ کرۆش)ن. |
| | نموونەی٧ | شێوازی ڕتتمی سەربەست Adlib خێرایی (Allegro) پێکهاتووە و مۆدی ئەم میلۆدییە ڕەسەنە وێناکردنی مۆدی (بەیات) ە لە سەرپلە دەنگی (فا). نزمترین دەنگ (F3)ە و بەرزترین دەنگ ($B_b3$)ە، خایاندنی نۆتەکانی (ڕۆند، نواڕ، کرۆش، دەبڵ کرۆش)ن. |

## خشتەی ژمارە٥-٨-٥ میلۆدییە ڕەسەنەکە کە خستنەکاریی موزیکیی بۆ کراوە

| | | |
|---|---|---|
| ٥- میلۆدییە ڕەسەنەکە کە خستنەکاریی موزیکیی بۆ کراوە | نموونەی ١ | ڕستەی (C) دەقاودەق بەکارهێنراوە<br>ڕستەکانی (C2) و (C3) لەنێوخودی بنەڕەتی موزیکە کەلەپوورییەکەدابوونی نییە<br>بە وردی کار لە سەر هەردوو ڕستەی (D) و (D2) کراوە |
| | نموونەی٢ | ڕستەی (A1) مۆتیڤەکە بە شێوازی پایەبەندی و دابەزینە بۆ پێگەی تۆنیک.<br>ڕستەی (B1) مۆتیڤەکە دەقاودەق وەک خۆی دانراوە.<br>فیگەری سییەم لە ڕستەی (Development) نۆتەی مۆتیڤەکە بۆ دووئەوەندەی خۆی گەورە کراوەAugmentation. |
| | نموونەی٣ | فیگەری یەکەم میلۆدی سەرەکی تێدا نمایش کردووە و فیگەری دووەمیش تەرخانکراوە بۆ یاوەریکردنی ئەو بەشە. |
| | نموونەی٤ | هەردوو فیگەری نێو ئاوازە کەلەپوورییەکەی خستوتە نێو بەرهەمەکە |
| | نموونەی٥ | دوو فیگەری جیا بۆ گۆرانی وپێنج فیگەری جیا بۆ موزیک و چەند لەزمە و پردێک بنیادی کارەکە نراوە |
| | نموونەی٦ | دوو میلۆدی کەلەپووری خستوتە نێو بەرهەمەکە |
| | نموونەی٧ | تەواوی دەنگە تۆمارکراوەکەی کاوێس ئاغا لە لاوکی (دەنگبێژی) دەلۆیلۆ، بەهەموو سۆلۆی موزیک ویاوەریی موزیکەکە تاکو کۆتایی تۆمارە ئۆریجناڵەکە بەش بەش کراوە و خراوەتە بەینی ڕووداوە دڕامییەکانی نێو بەرهەمەکەوە |

## خشتەی ژمارە٥-٨-٦ فۆڕمی کۆتایی بیرۆکەکەوڕادەی نزیکیی لە فۆڕمی میلۆدییە ڕەسەنەکەوە

| | | |
|---|---|---|
| ٦- فۆڕمی کۆتایی بیرۆکەکەوڕادەی نزیکیی لە فۆڕمی میلۆدییە ڕەسەنەکەوە | نموونەی ١ | AABBCCDDAACC,Cadence |
| | نموونەی٢ | نمایشکردن- پەرەسەندن تەنها لە تونیک- نمایشکردنەوە A,C |
| | نموونەی٣ | (A1-A2-A3-P.-B1-B2-A4-A5) |
| | نموونەی٤ | A,B,R1,C,R2,R3,S1,B,R1,C,R2,R3,S2,S1,cadence |
| | نموونەی٥ | F1-F2&1-F3-F4-F1-F2&1-F3-F4-R-F2&4&R&3-F4-R-F4&2-F2&R-F1&2&3&R-F4&7&4&4&7&4&4&7&4&7-F1-F2-P.-F5F4 |
| | نموونەی٦ | A1-A2-A3-B1-B2-B3- Cadence |
| | نموونەی٧ | Ento-song-event1-song-event2-song-event3-song-event4-song& original music |

## خشتەی ژمارە٥-٨-٧ فۆرم وشێوازی موزیکی

| | | |
|---|---|---|
| ٧- فۆرم وشێوازی موزیکی | نموونەی ١ | سۆلۆی ئامێری ڤیۆلین بە یاوەری ئامێری پیانۆ بە بنیاد و داڕشتنی موزیکی کلاسیکی جیهانیی، بە پێرفۆڕمەنسی مۆرکی موزیکی کوردی |
| | نموونەی٢ | گروپی چەمبەر میوزیک، بە بنیاد و داڕشتنی موزیکی کلاسیکی جیهانی خستنەکاریی بۆ یەک میلۆدی کەلەپووری هاوشێوەی بۆتەی سۆناتە کراوە، |
| | نموونەی٣ | بۆ فیلهاڕمۆنی ئۆرکێسترا نووسراوەتەوە، موزیکەکە بە بنیاد و داڕشتنی موزیکی کلاسیکی جیهانی خستنەکاری بۆ یەک میلۆدی کەلەپووری بۆکراوە |
| | نموونەی٤ | بریتییە لە گۆرانییەک کە بۆ گروپێک لە ئامێرەکانی (ڤیۆلین١، ڤیۆلین ٢، ڤیۆلین٣، عود، ئامیری ڕیتمی) نوسراوەتەوە |
| | نموونەی٥ | بریتییە لە گۆرانییەک بۆ کۆڕاڵ و سۆلۆی ڤۆکاڵ لە چینی تینۆر و ئاڵتۆ و باس بە هاوشانی گروپی موزیکی سونەتیی نووسراوەتەوە |
| | نموونەی٦ | ئەم کارە پارچەیەکە بۆ ئامێری پیانۆ بە شێوەی سێریال موزیک ( Serial Music) موزیکی زنجیرەیی دووازدە دەنگی دانراوە |
| | نموونەی٧ | پێشەکی و چوار کۆپلە دەنگبێژیی و چوار ڕووداو بە گوزارشتی موزیکی دڕاماتیکی ئەنجام دراوە. |

## خشتەی ژمارە٥-٨-٨ چنینی موزیکیی

| | | |
|---|---|---|
| ٨- چنینی موزیکیی | نموونەی ١ | چنینی (هۆمۆفۆنی) |
| | نموونەی٢ | هەردوو چنینی هۆمۆفۆنی وچنینی سیانی |
| | نموونەی٣ | چنینی هێترۆفۆنی |
| | نموونەی٤ | مۆنۆفۆنی |
| | نموونەی٥ | چنینی بەنۆرە |
| | نموونەی٦ | چنینی هارمۆنی دوازدە تۆنی پەیڕەی سێریاڵ |
| | نموونەی٧ | چنینی ئەم کارە ئاوێتەیەکە لە دەنگێکی تۆمارکراوی کۆن و ئۆرکێسترایەک لە دەنگی تۆمارکراوی موزیکی ئەلیکترۆنی |

**خشتەی ژمارە٥-٨-٩پێرفۆرمەنس و تیمبەر**

| | | |
|---|---|---|
| ٩- پێرفۆرمەنس و تیمبەر | نموونەی ١ | میلۆدییە ڕەسەنەکە، زۆر بەڕوونی لەنێوفیگەرەکە نەوەک هەر ون نەبووە، بەڵکو زۆر بەهێزترو پڕ بابەتیانەیە. کۆمەڵێک تیمبەر گوزارشت لە شێوازی چڕینی گۆرانی یاخود پێرفۆرمەنسی ئامێر لە موزیکی کوردی دەکات، بە تایبەت ئیمپرۆڤیزەیشنەکان. |
| | نموونەی٢ | ئامێری کلارنێت لەگەڵ ئامێرەکانی ژێدار ئاوێتە کراوە ئەمەشییان بۆ بەدەستهێنانی ڕەنگێکی تایبەت و ئاوێتەکردنی لەنێوهارمۆنییەکی وەدەستهاتوودا |
| | نموونەی٣ | ڕۆڵی یاوەری میلۆدییەکەشی بە گروپی ئامێرەکانی ژێداری کەوانەیی و گروپی فوداری مسیی دراوە |
| | نموونەی٤ | پێرفۆرمەنسی سۆلۆ و یاوەریی موزیکیی پەیرەو کردووە و ڕۆڵی ژەنینی میلۆدی داوەتە ئامێرەکانی ڤیۆلین و بەشێوەی گروپ ژەندراوە |
| | نموونەی٥ | پێرفۆرمەنسی سۆلۆ و یاوەریی دەنگیی لە چێنێکیتر پەیرەو کردووە و ڕۆڵی ژەنینی میلۆدی داوەتە هەندێک لە ئامێرەکانی نێو گروپەکە. |
| | نموونەی٦ | تەکنیکی داینامیک و ئارتیکولەیشن و ئۆرنەمێنتەکان و داڕشتە و بنیادی هارمۆنی دوازدەیی (دۆدیکافۆنی) |
| | نموونەی٧ | تیمبەر زۆر بە بەهیزی دەردەکەوێت، ئەویش لە ڕێگەی ئەو دەنگە ئەلیکترۆنیانەی کە بە شێوازێک میکس کراون |

**خشتەی ژمارە٥-٨-١٠پێکهاتەی هونەریی تیپی موزیکی هاوچەرخ یان ئۆرکێستراکە**

| | | |
|---|---|---|
| ١٠- پێکهاتەی هونەریی تیپی موزیکی هاوچەرخ یان ئۆرکێستراکە | نموونەی ١ | شێوازی (سۆلۆ) بۆ ئامێری(ڤیۆلین) و بە یاوەری ئامێری(پیانۆ) |
| | نموونەی٢ | گروپی چەمبەرمیوزیک |
| | نموونەی٣ | (فیلهارمۆنی ئۆرکێسترا) لەگەڵ دانانی ئامیری دەف بۆ پێکهاتەی تیپەکە |
| | نموونەی٤ | گروپێک لە ئامێرەکانی (ڤیۆلین١، ڤیۆلین ٢، ڤیۆلین٣، عود، ئامیری ڕیتمی) نوسراوەتەوە |
| | نموونەی٥ | (گروپی موزیکی سوننەتی) بە یاوەری کۆڕاڵ و سۆلۆی چینە دەنگەکانی ئالتۆ و تینۆر و باص |
| | نموونەی٦ | کارێکی موزیکی بۆ ئامێری پیانۆ نوسراوەتەوە |
| | نموونەی٧ | دەنگی ئامێرەکانی ئۆرکێسترای زندووی تۆمارکراو |

### خشتەی ژمارە٥-٨-١١ ناوەرۆکی بابەتە مۆزیکییەکە

| | | |
|---|---|---|
| ١١- ناوەرۆکی بابەتە موزیکییەکە | نموونەی ١ | دوو ئاوازی کەلەپووری لەگەڵ دوو شێوازی ئیمپرۆڤیزەیشن بە شێوەی بەشکراو لەنێوفۆرمی ڤارییەیشندا/ هەردوو ئاوازەکە کۆنتراستێک دروست دەکەن کە لەیەک ساتدا بە شێوەی کۆنترپۆینت |
| | نموونەی٢ | یەک ئاوازی کەلەپووری لەنێوفۆرمی هاوشێوەی سۆناتەدا خستنەکاری بۆ کراوە |
| | نموونەی٣ | یەک ئاوازی کەلەپووری لەنێوفۆرمی ڤاریەیشن خستنەکاری بۆ کراوە |
| | نموونەی٤ | یەک ئاوازی کەلەپووری لە شێوازی گۆرانی خستنەکاری بۆ کراوە |
| | نموونەی٥ | یەک ئاوازی کەلەپووری لەنێوفۆرمی هاوشێوەی فوگە خستنەکاری بۆ کرا |
| | نموونەی٦ | دوو ئاوازی کەلەپووری بە ستایکی موزیکی سەدەی بیستەم دانراوە |
| | نموونەی٧ | یەک ئاوازی کەلەپووری بە شێوەی پێشەکی و چوار ڕووداوی دراماتیکی دانراوە |

### خشتەی ژمارە٥-٨-١٢ پەرەسەندن لە میلۆدیدا

| | | |
|---|---|---|
| ١٢- پەرەسەندن لە میلۆدیدا | نموونەی ١ | هیچ پەرەسەندنێک وەک درێژی ڕستە و دەستەواژە و پەرەسەندنی هارمۆنی، یاخود پرۆسەی پەیژە گۆڕکێ بۆ بنیادی ئاوازە ڕەسەنەکە ئەنجام نەدراوە |
| | نموونەی٢ | پەرەسەندنێک بۆ میلۆدییەکە لە چوارچێوەی نەریتیی موزیکی کلاسیکییەوە ئەنجام دراوە |
| | نموونەی٣ | کۆپلەیەک بۆ میلۆدییەکە زیاد کراوە، ئەو پەرەسەندنەش لە ڕووی زانستی فۆرمەوە دیاریکراوە و لە چوارچێوەی نەرییتیی موزیکی کلاسیکییەوە ئەنجام نەدراوە |
| | نموونەی٤ | هیچ پەرەسەندنێک بۆ داڕشتەی گۆرانییە ڕەسەنەکە تێبینی نەکراوە |
| | نموونەی٥ | بەهۆکاری خستنەکاری لەنێوپرەنسیپی کۆنترپۆینتەوە دانەری کارەکە ناچاربووە بە ئەنجامدانی پەرەسەندن و گۆڕانکاری لە بنیادی ڕستەکاندا |
| | نموونەی٦ | گواستنەوەی میلۆدی لە میانی دوازدە دەنگە سەربەخۆکەی ئەم پەیژەیە بە شێوازێکی سیستماتیک کراوە، |
| | نموونەی٧ | پەرەسەندنی ڕیتم و ئۆستیناتۆ هارمۆنییەکان کە لە ڕووداوەکان ئەنجام دراون بە شێوازێکی بەرزبوونەوە |

## خشتەی ژمارە٥-٨-١٣ ڕەسەنێتی ڕستەی موزیکی کەلەپووریی

| | | |
|---|---|---|
| **-١٣ ڕەسەنێتی ڕستەی موزیکی کەلەپووریی** | نموونەی ١ | بە وریاییەوە مامەڵەی لەگەڵ میلۆدی کەلەپوورە موزیکییەکە کراوە و هەردوو تەکنیکی بچووک کردنەوە (Diminitation) یان گەورەکردن (Augmentation) ئەنجام نەدراون |
| | نموونەی٢ | تەنها تێمی (C) ئاوازێکی نوێ و تازە بابەتە، بەشەکانی تر هەمووی هەڵێنجراوەی ئاوازە ڕەسەنەکەن |
| | نموونەی٣ | هەموو تێمەکانی نێو کارە موزیکییەکە لە بنیاد و داڕشتەی ئاوازە سەرەکییەکەوە وەرگیراون |
| | نموونەی٤ | هەموو تێمەکانی نێو بەرهەمەکە لە بنیادی و داڕشتەی ئاوازە سەرەکییەکەوە وەرگیراون، هەم لە ڕووی درێژیی و هەم لەڕووی ناوەڕۆکی ڕستە موزیکییە ڕەسەنەکەوە هاوشێوەن |
| | نموونەی٥ | هەموو تێمەکانی نێو کارە موزیکییەکە لە بنیادی و داڕشتەی ئاوازە سەرەکییەکەوە وەرگیراون، لەڕووی ناوەڕۆکی ڕستە موزیکییە ڕەسەنەکەوە هاوشێوەن و تەنها جیاوازی لە بنیادی باڕەکانەوە بەدی دەکرێت |
| | نموونەی٦ | تێمەکانی نێو کارە موزیکییەکە لە بنیادی و داڕشتەی دوو ئاوازە کەلەپوورییەکەوە وەرگیراون |
| | نموونەی٧ | هیچ گۆڕنکارییەک لە خودی میلۆدی و پێرفۆڕمانسەکە ڕونادات |

## خشتەی ژمارە٥-٨-١٤ بنیاد وشێوازی میلۆدی

| | | |
|---|---|---|
| **-١٤ بنیاد وشێوازی میلۆدی** | نموونەی ١ | (مۆتیڤ + سکوێنس+ بەردەوامبوون + قفڵبوون) لەنێوبنیادی هەردوو ئاوازە ڕەسەنەکە (C وC2 وC3) و (D وD2) بوونیان هەیە |
| | نموونەی٢ | (B1 و2B) کە هەردوو تێم هەمان پێکهاتەیان هەیە، و بریتین لە (مۆتیڤ + بەردەوامبوون + قفڵبوون) |
| | نموونەی٣ | لە دوو فیگەر پێکدێت (B وA) بریتین لە (مۆتیڤ + سکوێنس + بەردەوامبوون + قفڵبوون) هەر چوار ئەرکیەکەی تێدایە |
| | نموونەی٤ | لە دوو فیگەر پێکدێت، فیگەری یەکەم (S1) بنیادی ڕستەکان لە ڕوویی ئەرکیەوە بریتین لە (مۆتیڤ + بەردەوامبوون + قفڵبوون) واتە سێ ئەرکی تێدایە. |
| | نموونەی٥ | لە دوو فیگەر پێکدێت (4 و 7) کە (مۆتیڤ + سکوێنس + بەردەوامبوون + قفڵبوون) هەر چوار ئەرکیەکەی تێدایە. |
| | نموونەی٦ | (مۆتیڤ + سکوێنس+ بەردەوامبوون + قفڵبوون) مۆتیڤەکە بەداوی یەکدا دووپاتکراوەتەوە و بەردەوامبوون و قفڵ بوون نۆتەکانیان هاوشێوەن. |
| | نموونەی٧ | دەنگبێژیی (لاوک) لە پۆلێندا بە فۆڕمی گۆرانی ڕیتمی سەربەست دادەنرێت |

**خشتەی ژمارە٥-٨-١٥ یەکتابوون و گونجان و کۆنتراستی میلۆدی**

| | | |
|---|---|---|
| ١٥- یەکتابوون و گونجان و کۆنتراستی میلۆدی | نموونەی ١ | پێگەی کۆردەکان بریتین لە: تۆنیک + تۆنیک7 + تۆنیک سەسفۆر + تۆنیک ئۆگمێنت +سەب دۆمینانت + دۆمینانت7 + دۆمینانت دیمینیش + کۆردی پلە دوو + پلە سیَ7+ پلە سیَ دیمینیش + پلە شەش. |
| | نموونەی٢ | پێگەی کۆردەکان بریتین لە: تۆنیک +سەبدۆمینانت + دۆمینانت + پلە سیَ 7 + پلە +شەش دۆمینانت ئۆگمێنت7(لە پردی پەیژەگۆڕردا بەکارهاتووە). |
| | نموونەی٣ | پێگەی کۆردەکان بریتین لە: تۆنیک+ تۆنیک7 +پلە دوو + سەبدۆمینانت + پلە سیَ + دۆمینانت+ دۆمینانت7 + پلە شەش7 (لە پردی کۆپلێ بەکارهاتووە). |
| | نموونەی٤ | تەنها کۆردی Dm لە لایەن ئامێری عود بە شێوەی گیتاڕ ژەندووە |
| | نموونەی٥ | کۆنتراپۆینتی چوار دەنگی نەخشێندراو |
| | نموونەی٦ | بە شێوازی سێریاڵ موزیک و هارمۆنی ١٢ تۆنی هارمۆنیزە کراوە |
| | نموونەی٧ | کۆنتراستێکە نێوان میلۆدییە ڕەسەنەکە لەگەڵ میلۆدی ئەو ڤۆکاڵە ئاڵتۆیە بەرجەستەدەکات کە لە میانی ڕووداوی سییەمدا نمایشی کراوە |

١- لە تۆنالیتە (مۆد یان پەیژە و گواستنەوەکانی) بەگشتیی مۆدەکانی ( بەیات وعەجەم لە سەر پلە دەنگییە بنەڕەتییەکانیان)، یاخود وێناکردنییان لە سەر پلە دەنگییەکانیتردا پشکی زۆرییان بەرکەوتووە، دواتریش مۆدەکانی (حیجاز و حیجازکار و نەهاوەند)یش، بۆ جارێک لەنێوخستنەکارییەکاندا، لەگەڵ پرۆسەی پەیژە گۆڕکیَ(Modulaition) بەڕوونی ڕەنگدانەوەیان دیارە.




**گرافیکی ژمارە٥-٨-١ تۆنالیتە (مۆد یان پەیژە و گواستنەوەکانی)**

٢- له بابەتی (ڕیتم و خێرایی) دا ڕیتمەکانی٢/٤ و ٣/٤ و ٤/٤ و ٥/٤ ڕیتمی ( گەڕیان) ٧/٨ بە چەند  خێراییەکی جیاواز، سیما و مۆرک و پێرفۆرمەنسی لۆکاڵی و کوردییان، بەخشیوەتە گۆرانییەکانی کەلەپووری، کە دواتر بە خستنەکارییەکانیان بە بەرگێکی هاوچەرخیانە دەرکەوتوون

.

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ٤/٥ | ٤/٢ | ٤/٣ | ٨/٧ | ٤/٤ |

Vivace,Allegro , Allegro Moderato , Animato, Andante Moderato

**گرافیکی ژمارە٥-٨-٢ ڕیتم و خێرایی**

٣- لە بابەتی (جۆرەکانی باری موزیکیی) لەنێونموونەکانی توێژینەوەدا، بارەکانی چوارخشتەکی + ناخشتەکی + شێوازی ڕیتمی سەربەست، بوونەتە هەوێنی ئەو موزیکەی کە بە خستنەکارەکەیەوە، دەوڵەمەندییەکی ڕادەبەدەری بە کارە هونەرییەکان بەخشیووە.

| | | |
|---|---|---|
| **ناخشتەکی** | **شێوازی ڕیتمی سەربەست** | **چوارخشتەکی** |

-Vivace,Allegro , Allegro Moderato , Animato, Andante Moderato-٤

**گرافیکی ژمارە٥-٨-٣ جۆرەکانی باری موزیکیی**

خێراییەکانی بەکارهاتوون لە گۆرانییە کەلەپوورییەکە بەر لە خستنەکاریەکەیدا،مۆدەکانی( بەیات وعەجەم لە سەر پلە دەنگییە بنەرەتییەکانیان، یاخود وێناکردنییان لە سەر پلە دەنگییەکانی تردا پشکی زۆرییان بەرکەوتووە، دواتریش مۆدەکانی (حیجاز و حیجازکارو نەهاوەند)یش، بۆ جارێک لەنێوخستنەکارییەکاندا، تێکڕای خایاندنی نۆتەکانیش بریتین لە (ڕۆند، بلانش، نواڕ، کرۆش، دەبڵ کرۆش، تریپڵ کرۆش).




**گرافیکی ژمارە٥-٨-٤میلۆدییە ڕەسەنەکە بەر لە خستنەکاریەکەیدا**

٥- لە خستنەکاریی موزیکیی، کە بۆ میلۆدییە ڕەسەنەکە کراوە، ڕستەی موزیکیی هەن کە دەقاودەق وەکو خۆیان بەکارهێنراون، ڕستە هەیە، بە شێوازی پایەبەندی و دابەزین بۆ پێگەی تۆنیک بەکارهاتووە، فیگەر هەیە، بەمەبەستی دەوڵەمەندکردنی بواری میلۆدییەکە دووئەوەندەی خۆی گەورە کراوەو سۆلۆی موزیک و یاوەریی موزیک، لە فۆرمی دەنگبێژی بەش بەش کراوە و دوای خستنەکاریی خراوەتە نێوان ڕووداوە دڕامییەکانی بابەتەکەوە.

خشتەی ژمارە٥-٨-٥ میلۆدییە ڕەسەنەکە کە خستنەکاریی موزیکیی بۆ کراوە.




**گرافیکی ژمارە ٥- ٨-٥ میلۆدییە ڕەسەنەکە، کە خستنەکاری موزیکیی بۆ کراوە.**

٦- لە فۆرمی کۆتایی بیرۆکەکەوڕادەی نزیکیی لە فۆرمی میلۆدییە ڕەسەنەکە، بەشەکانی نمایشکردن- پەرەسەندن تەنها لە تۆنیک- نمایشکردنەوە، لەگەڵ بەشەکانی بۆنموونە:

AABBCCDDAACC,Cadence A1-A2-A3-P.-B1-B2-A4-A5 بوونیان هەیە.




**گرافیکی ژمارە٥-٨-٦ فۆرمی کۆتایی بیرۆکەکەورادەی نزیکیی لە فۆرمی میلۆدییە ڕەسەنەکەوە**

٧- لە فۆرم و وشێوازی موزیکیدا، سۆلۆی ئامێرەکانی (پیانۆ، ڤیۆلین، فلوت، کەمانچە، عود) و یاوەریکردنی کۆراڵ و سۆلۆی ڤۆکاڵ لە چینی تینۆر و ئاڵتۆ و باس، هەروەها بە بنیاد و دارشتنی موزیکی کلاسیکی جیهانی و بە شێوەی سێریال موزیک.( موزیکی زنجیرەیی دووازدە دەنگی) و موزیکی دراماتیکی ئەلیکترۆنی خستنەکاریی بۆ گۆرانییە کەلەپوورییەکان کراوە،




**گرافیکی ژمارە٥-٨-٧ فۆرم وشێوازی موزیکی**

٨- لە چنینی موزیکیی، هەردوو چنینی هۆمۆفۆنی وچنینی سیانی، چنینی هێترۆفۆنی، چنینی بەنۆرە، چنینی هارمۆنی دوازدە تۆنی پەیژەی سێریاڵ، دەنگی تۆمارکراوی کۆن و ئۆرکێسترای تۆمارکراوی موزیکی ئەلیکترۆنی، مۆنۆفۆنی بەکارهاتوون.




**گرافیکی ژمارە٥-٨-٨ چنینی موزیکیی**

٩- کۆمەڵێک تیمبەر گوزارشت لە شێوازی چرینی گۆرانی یاخود پێرفۆرمەنسی ئامێر لە موزیکی کوردی دەکات، بە تایبەت ئیمپرۆڤیزەیشنەکان. پێرفۆرمەنسی سۆلۆ و یاوەریی موزیکیی ویاوەریی دەنگیی لە چێنێکیتر پەیرەوکراوە. تیمبەر زۆر بە بەهێزی دەردەکەوێت، ئەویش لە رێگەی ئەو دەنگە ئەلیکترۆنیانەی کە بە شێوازێک میکس کراون، هەروەها تەکنیکی دایناميک و ئارتیکولەیشن و ئۆرنەمێنتەکان و دارشتە و بنیادی هارمۆنی دوازدەیی (دۆدیکافۆنی)، رۆڵی ئەرکی گەورەیان لە خستنەکاری گۆرانییەکانی کەلەپووری بینیووە.




**گرافیکی ژمارە٥-٨-٩پێرفۆرمەنس و تیمبەر**

١٠-پێکهاتەی هونەریی تیپی موزیکی هاوچەرخ یان ئۆرکێستراکە، بە شێوازی (سۆلۆ) بۆ ئامێری(ڤیۆلین) و بە یاوەری ئامێری(پیانۆ) و گرووپی چەمبەرمیوزیک و(ئۆرکێسترای فیلارمۆنی) لەگەڵ دانانی ئامێری دەف بۆ پێکهاتەی تیپ. (گرووپی موزیکی سوننەتی) بە

یاوەری کۆراڵ و سۆلۆی چینە دەنگەکانی ئاڵتۆ و تینۆر و باص و دەنگی ئامێرەکانی ئۆرکێسترای زیندووی ئەلیکترۆنی تۆمارکراو، هەموو ئەو پێکهاتە هونەرییانە لە خزمەت خستنەکاری گۆرانییەکانی کەلەپووریدا بوونە.




**گرافیکی ژمارە٥-٨-١٠پێکهاتەی هونەریی تیپی موزیکی هاوچەرخ یان ئۆرکێستراکە**

١١- ناوەرۆکی بابەتە موزیکییەکە، لە ئاوازی کەلەپووری، شێوازی ئیمپرۆڤیزەیشن بە شێوەی بەشکراو لەنێوفۆرمی ڤارییەیشندا، خستنەکاری ئاوازی کەلەپووری لەنێوفۆرمی هاوشێوەی سۆناتە و فوگە، ئاوازی کەلەپووری بە ستایلی موزیکی سەدەی بیستەم لەگەڵ ئاوازی کەلەپووری بە شێوەی پێشەکی و چوار رووداوی دراماتیکی، هەموو ئەمانە بەیەکەوە، دەوڵەمەندی هونەریی ناوەرۆکی بابەتە موزیکییەکە دەخەنەڕوو. گرافیکی ژمارە٥-٨-١١ ناوەرۆکی بابەتە موزیکییەکە




**گرافیکی ژمارە٥-٨-١١ ناوەرۆکی بابەتە موزیکیەکە**

١٢- پەرەسەندن لە میلۆدییەکاندا بە هۆکاری خستنەکاریی لەنێوپرەنسیپی کۆنتراپۆینتەوە دانەری کارەکە ناچاربووە بە ئەنجامدانی پەرەسەندن و گۆڕانگاری لە بنیادی ڕستەکاندا، هەروەها گواستنەوەی میلۆدی لە میانی دوازدە دەنگە سەربەخۆکەی ئەم پەیژەیە بە شێوازێکی سیستماتیک کراوە، کۆپلە بۆ میلۆدیی زیاد کراوە، ئەو پەرەسەندنەش لە چوارچێوەی نەریتیی موزیکی کلاسیکییەوە ئەنجام نەدراوە، بەڵکو لە ڕووی زانستی فۆڕمەوە دیاریکراوە. پەرەسەندنی ڕیتم و ئۆستیناتۆ هارمۆنییەکان لە ڕووداوەکانی موزیکی ئەلیکترۆنی بە شێوازی بەرزبوونەوە ئەنجام دراون.




**گرافیکی ژمارە٥-٨-١٢ پەرەسەندن لە میلۆدیدا**

١٣-لە ڕەسەنێتی ڕستەی موزیکیی کەلەپووریی، بە وریاییەوە مامەڵەی لەگەڵ میلۆدی کەلەپووره موزیکییەکە کراوە و هەردوو تەکنیکی بچووک کردنەوە یان گەورەکردن ئەنجام دراون، زۆرینەی تیمەکانی کارە موزیکییەکان لە بنیاد و داڕشتەی ئاوازە سەرەکییەکەوە وەرگیراون، ئاوازی نوێ و تازە بابەت پێگەیەکی باشیان لە خستنەکاریەکاندا هەیە.




**گرافیکی ژمارە٥-٨-١٣ ڕەسەنێتی ڕستەی موزیکیی کەلەپووریی**

١٤- بنیاد وشێوازی میلۆدی بە گشتیی لە(مۆتیڤ + سکوێنس+ بەردەوامبوون + قفڵبوون)، یاخود لە (مۆتیڤ + بەردەوامبوون + قفڵبوون) دووپاتکراوەتەوەو ئەرکیەکانییان بەڕوونی هەستییپێدەکرێت.




**گرافیکی ژمارە٥-٨-١٤ بنیاد وشێوازی میلۆدی**

١٥- یەکتابوون و گونجان و کۆنتراستی میلۆدی لە پێگەی کۆردەکان بریتین لە (تۆنیک + تۆنیک7 + تۆنیک سەسفۆڕ + تۆنیک ئۆگمێنت +سەب دۆمینانت + دۆمینانت7 + دۆمینانت دیمینیش + کۆردی پلە دوو + پلە سێ+ پلە سێ دیمینیش + پلە شەش+ دۆمینانت ئۆگمێنت7(لە پردی پەیژەگۆڕدا بەکارهاتووە). دۆمینانت7 + پلە شەش7 (لە پردی کۆپلێ بەکارهاتووە). کۆنتراپۆینتی چوار دەنگی نەخشێندراو، لەگەڵ کۆنتراستێک لە نێوان میلۆدیی ڕەسەن و میلۆدی ئەو ڤۆکاڵە ئالتۆیە بەرجەستە بووە و ئیستاتیکایەکی خوڵقێنەری بەکارەکە بەخشیووە.




**گرافیکی ژمارە٥-٨-١٥ یەکتابوون و گونجان و کۆنتراستی میلۆدی**

## ٦- بەشی شەشەم

### دەرئەنجامەکان، پێشنیازەکان

Conclusions, Recommendations and Future Works

### ٦-١- دەرئەنجامەکان:

١- بەکارهێنانی مۆدەکانی موزیکی ڕۆژهەلاتیی (خالّیی) لە نۆتەکانی چارەگە دەنگی موزیکیی لە فۆرمولەکردنی کۆنتەرپۆینت و مامەڵەکردنی هاوسەنگ لەگەڵ میلۆدییەکان، لەگەڵ پێویستی پاراستنی تایبەتمەندییەکانی مۆدی بەکارهێنراو و ڕۆحی ئاوازی جیاکراوە بە تایبەتمەندییە ڕۆژهەلاتییەکەیەوە بەشێوەیەکی بەرچاو دیارن.

٢- تۆنالیتی لە لایەن زۆربەی دانەرانی موزیکی کوردی بە باڵادەستی پەیژەی موزیکیی بنەڕەتییەوە بووە، هەروەها پەیژەگۆڕکێ بۆ پەیژەکانی تەنیشت یەکتر، لەگەڵ بوونی پەیژەگۆڕکێی دیکە، کە دانەرانی موزیک بۆ پێشکەشکردن و خزمەتکردنی بیرۆکەکانیان کارە هونەرییەکە بەکارییان هێناوە.

٣- گۆرانییەکانی کەلەپووریی کوردیی ژمارەیەکی زۆر لە میانەی دەنگی جیاواز لەخۆدەگرن، لە هەمانکاتدا لە میانەکانی دەنگی، کە لە موزیک و و گۆرانیی وڵاتانی دراوسێدا دەبینرێن جیاوازن. ئاراستەکانی جووڵە میلۆدییەکان بە هەڵبەزو دابەز و میانەکانیتر لە گۆرانییەکاندا دەردەکەون، ئەمەش ئاماژەیە بۆ فرەچەشنی جووڵەی ئاوازی میلۆدییەکان و ئەم گۆرانیانە جەخت لە سەر وردەکارییە تەکنیکییەکان دەکەنەوە و بە وردبینی لە ناوەرۆکەکانیاندا کۆنترۆڵ کراون.

٤- ئەو بەرهەمە موزیکییانەی لە کەلەپووری گۆرانی کوردی بەکارهێنراون و خستنەکاری موزیکییان بۆ کراوە، هەڵگری مۆرکێکی نەتەوەیی بوون وپەیامێکی هونەرییان بە دەستنیشانکردنی میراتی باوباپیران گەیاندووە، هەروەها جەختکردنەوەیەکی هونەریش بووە، لە سەر سیماکانی کەسایەتی کورد وپێدانی بەهاکانی ڕەسەنێتیی.

٥- له ڕووی فەزای میلۆدییەوە، زۆربەی گۆرانییە کەلەپوورییەکان (فۆلکلۆرو میللیی) کوردی لە مەودای میلۆدییەکی سنورداردا دێن، لە یەک خاڵی تۆنی دەنگەوە دەست پێدەن (مۆنۆتۆن) و زۆرجاریش لە شەش پلە دەنگ، پتر تێپەڕ ناکەن (هیکساکۆرد). هەندێک لە گۆرانییەکان لەوانەیە ئەو سنوورە دەنگیانە تێپەڕێنن، ئەمەشیان وەک پێویستییەکی ڕۆڵی موزیکیی بابەتە موزیکییەکان دەبێت.

٦- لەڕووی بنیادی مۆدەوە، زۆربەی گۆرانییە کەلەپوورییەکان (فۆلکلۆرو میللیی) کوردی لە سەر یەکێک لە ڕەگەزەکانی موزیکی ڕۆژهەڵاتی بنیادنراوە، هەندێک جاری تریش لە سەر مۆدێکی ترەوە وێنادەکرێن. زۆرترین ڕەگەزی بەکارهاتوو لە پێکهاتەی ڕستە ئاوازییەکانی کوردیی بریتین لە ڕەگەزی مۆدە سەرەکییەکانی وەک (بەیات و عەجەم و حیجاز و سێگا و کورد و ڕاست).

٧- دانەرانی موزیک، داهێنانیان لە نێو میلۆدییە ڕەسەنەکان بە مۆرکێکی نەتەوەییەوە کرد، کاتێک کە خستنەکارییان بۆ گۆرانییە میللییەکان کرد و لێرەدا ناسیۆنالیزم چەکێکی کاریگەر بوو، کە لە ڕێگەیەوە موزیسییانەکان بەرگریان لە ناسنامەی نەتەوەکەیان دەکرد و لەهەمانکاتیشدا خۆیان لە هەژموونی کەلتووری و موزیکی بیانی ڕزگار دەکرد.

٨- میلۆدی وئاوازی کەلەپووریی لیریکی لە سەر بنەمای زنجیرەیەکی پلیکانەی سەرچوو یاخود خوارچوو بە بەکارهێنانی بازدانی میلۆدی لە زۆربەی میلۆدییەکاندا بەکارهێنراون، ئەمەشیان بێگومان ڕەنگدانەوەی سروشتی ژینگەیی و جوگرافیای ناوچەکەن.

٩- تایبەتمەندیی ئیمپرۆڤیزەیشن (الارتجال) لەگۆرانی کوردی لە داهێنان وپێکهاتەی هونەریدا بابەتێکی زۆر گرنگە، پرۆسەی ئیمپرۆڤیزەیشن بە گشتی خەسڵەتێکی دیارە لەو خەسڵەتانەی کە موزیکی ڕۆژهەڵاتیی پێ دەناسرێتەوە، ئیمپرۆڤیزەیشن لایەنێکی گرنگی کۆڵەگەی موزیکی کوردییە، جا ئەو موزیکە چ سیستماتیک بێ یاخود میللی. ئەمەشیان بە لەبەر چاوگرتنی ئەوەی کە ئەم بۆتەیە پێگە وشوێنی هونەری خۆی لە گۆرانی و موزیکی سستماتیک و میللیدا کردۆتەوە.

١٠- لەڕووی داڕشتنی بنیادی هاوکێشەو پێکهاتەییەکانەوەش، گۆرانیی کەلەپووری کوردی لە ڕستەیەک، یاخود دەستەواژەیەکی تاک ئاوازیی دوورناکەوێتەوە و میلۆدییەکان لە دروستکردنیاندا وەکو نەریتێک پشت بە ڕستە و ئاوازی کورت و دووبارە دەبەستن و ئاوازەکانی ناو گۆرانییەکان لەشێوەی سەرچوون و خوارچووندا، بە شێوەیەکی تۆکمە دەگەنە ترۆپکی مانا بەخشی خۆیان و دواتریش دەگەڕێنەوە بۆ بنکەی مۆدەکانیانەوە.

١١- لە زۆربەی گۆرانییە کەلەپوورییەکانی کوردیدا، تۆنالیزم لە سەر بنەمای ڕەگەزە مۆدییەکانی مۆزیکی ڕۆژهەڵاتی بنیادنراوە، کە سێ، چوار، پێنج، تا شەش تۆنی مۆدەکە بەکاردەهێنێت.

١٢- پەسندکردنی شێوازی هاوشێوەکردن لە نێوان ئامێرە موزیکییەکان وپێرفۆرمەنسی دەستەواژەی میلۆدی بنەڕەتی بە یەکەوە لە نێوانیاندا، ڕوونکردنەوەی تایبەتمەندییە میلۆدییەکانی کەلەپووری گۆرانیی کوردی پێوەدیارە، هەروەها بەشداریکردنێکی کاراشە لە ڕەخساندنی دەرفەتێک بۆ خستنەکاری یاوەریکردنێکی دەوڵەمەندتری تەواو لە ڕووی پێکهاتە وچنینی دەنگییەوە.

١٣- سەدەی بیستەم ڕەوت وشێوازی هونەری جیاوازی لەگەڵ خۆیدا هێنا، کە دانەرانی موزیکی هاوچەرخ بە شێوازی نوێ و جیاواز بەکاریان دەهێنا، بە پشتبەستن بە (تێم) لە میلۆدییەکاندا. دواتر وردە وردە ڕزگاربوون لەو مۆدییەتەی لەنێوپەیژە کرۆماتیکەکانەوە هەبوودەستیپێکرد، لە ئەنجامدا بووە هۆی هاتنەکاییەی جۆرێک لە ئەتۆنالی و دواتریش بەرەو دۆدیکافۆنی هەنگاوی نا.

١٤- هەمیشە میلۆدی لە موزیکی میللییدا بە گەشاوەیی وڕوونی دەردەکەوێت و بە دەنگی هاوشانی تر یاوەری ناکرێت. ئاوازدانەر هەمیشە ئەو خاڵانە لەبەرچاو دەگرێت کە کارەکانی سنووردار دەکەن لە پێناسەکردن و بنیادنانی پێکهاتە میلۆدییکاندا، بەتایبەتی لە گۆرانیی میللییدا، بنەمای گواستنەوەی میلۆدی و تۆناڵی جۆراوجۆر لە موزیکی میللییدا بە

گشتی بە مەبەستی دەوڵەمەندکردنی میلۆدییەکە بە پەسند دەزانرێت، بۆ ئەوەی هەمیشە لە گوێچکەی بیسەر یان گوێگردا کاریگەر بێت.

١٥- گەڕان بەدوای شوناسدا لە پشت سەرهەڵدانی قوتابخانەی موزیکی نەتەوەییەوە بوو، سەرکەوتنی موزیکی نەتەوەیی بۆ ڕاکێشانی چێژی بەردەوامی بیسەرە چ لە ناوخۆ وچ لە دەرەوەی کارەکاندا، حوکمدان لە سەر داهێنەریی ئاوازدانەر، حوکمدان نییە، لە سەر ڕەوتی نەتەوەیی خۆی لە خۆیدا، وەک ئەوەندەی حوکمدانە لە سەر تاکێک کە بەپێی کلتوورەکەی، لە سنووری وزەی کەسایەتی و سەردەمەکەی داهێنان دەخوڵقێنێ.

١٦- سەبارەت بە ڕیتم لە نێوکەلەپووری گۆرانی کوردیدا، بە شێوەیەکی تر سەیر دەکرێت، بەو پێیەی ڕێباز وشێوەی خۆی سنووردار دەکات و هەمیشە لە شێوەی نەخشێکی ڕیتمیی ڕوون و دووبارەبووەوەدایە، بە شێوەیەک بە ئاسانی دەتوانرێت لەلایەن بیسەرەوە درکی پێبکرێت و بناسرێتەوە، بەتایبەتی، کە ڕیتم هەمیشە پێش میلۆدیەکە دەردەکەوێت و دەناسرێتەوە.

١٧- توێژینەوەکە جەخت لە سەر گرنگی کەلەپووری موزیکی کوردی دەکاتەوە، وەک سەرچاوەیەک، کە لە ڕێگەیەوە ئاسۆی نوێ بۆ دیدگای داهێنەرانە لە بواری موزیکی هاوچەرخی کوردیدا بکرێتەوە.

١٨- کەلەپووری گۆرانیی کوردی، دیدگای موزیکیی نوێی بۆ بەرهەم و خامە موزیکییەکان، کە خستنەکارییان بۆ کراوە بەدەست هێنا، هەروەها پەیوەندییەکی هاوسەنگ و بەهێزی لە نێوان بابەتە خامەکان وپێرفۆڕمەنس وشێوازەکان لەو بەرهەمانەدا، کە خستنەکاری موزیکییان بۆکراوە دۆزیەوە.

١٩- دانەرانی موزیکی کوردی لەو کاریگەریەیان بە میلۆدییەکانی کەلەپووری گۆرانی کوردی پشتیان بە میلۆدی سرووشبەخش بەستووە، وەک چۆن لە بنیادنانی موزیکەکەیاندا سرووشییان لە میلۆدی ڕەسەن وەرگرتووە وهەرگیز وەک کۆپییەکی میلۆدییەکە بابەتەکەیان وەرنەگرتووە.

٢٠- بنیادنانی میلۆدی گۆرانییە کوردییەکان پەیوەستە بە کۆمەڵێک ڕەگەز (تتراکۆرد) و گرێیەکانەوە و زیاتر لە مۆدە موزیکی و ڕستە میلۆدییەکان بەرچاوترە و تیایدا ڕستە میلۆدییەکان لە پێکهاتە سادە و لە ناوەرۆکدا قووڵتر و مانا هەڵگرتنن.

٢١- گۆرانی کەلەپووری کوردی لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر لە ڕێگەی گواستنەوەی زارەکییەوە دەگوازرێتەوە، ئەمەش بووەتە هۆکاری بوونی شێوازی جۆراوجۆر لە پێرفۆرمەنسی گۆرانییەکاندا.

**٦-٢- پێشنیازەکان:**

١- پێویستە توێژەران لە خوێندنی بەرایی و باڵا لە هەرێمی کوردستان گرنگی مامەڵەکردن لەگەڵ گۆرانییە کەلەپوورییە کۆنباوەکانی کوردی و دەستپێکردنی پرۆسەیەکی گشتگیری ڕووپێوی مەیدانی لە بابەت و شوێنە جۆراوجۆرەکانی کوردستان بدەن.

٢- توێژەر پێشنیازی نووسینەوەو و شیکردنەوە و خستنەکار بە شێوەیەکی گونجاو بۆ کەلەپووری موزیکی و ڕوپێوی مەیدانی لە بوارە هونەرییە هەمەجۆرەکاندا بۆ توێژەرانی دوای خۆی دەکات بۆ گەیشتن بە بەهاکانی جوانیی کارە موزیکییەکان.

٣ – گرنگیدان بە میراتی کەلەپووری وپێکهاتە هونەرییەکانی گۆرانیی و موزیکی فۆلکلۆری و کەلەپووری موزیکی میللیی، لەلایەن توێژەرانەوە و بەکارهێنانیان بە شێوەیەکی ئەکادیمی، بۆ خزمەتکردن بە لقەکانی موزیکی سیستەماتیک.

٤- هاندانی توێژەران بۆ ئەنجامدانی توێژینەوە، لە سەرکەسایەتی دانەرانی گۆرانیی و موزیکی هاوچەرخی کوردی، کە موزیک و گۆرانیی کەلەپووری و میللییان کردۆتە بنەمای کارەکانیان، لەهەموو پارچەکانی تری کوردستان.

٥- توێژەران لە خوێندنی بەرایی و باڵا لە هەرێمی کوردستان گرنگی بە مامەڵەکردن لەگەڵ گۆرانییە نەریتییەکانی کوردی بدەن وپرۆسەی خستنەکاری گۆرانی دەست پێبکەن بۆ بنیادنانی ژێرخانی موزیکی هاوچەرخی کوردی.

٦- هاندانی توێژەران و لێکۆلەران بۆ ئەنجامدانی توێژینەوە بۆ دانەرانی موزیکی هاوچەرخی کوردی بەهەموو شێوەکان چ بۆ ئۆرکێستراکان، یاخود تیپەکانی موزیکیی وهەروەها بۆ ئامێرە موزیکییە تاکژەنەکان.

**٦-٣- ڕاسپاردەکان:**

١ – توێژەر پێشنیازی لێکۆڵینەوەی بارودۆخی هونەرمەندانی میللیی و هەڵگرانی کەلەپووری هەردوو ڕەگەز دەکات، بەهۆی تایبەتمەندییەکانیان و بێوێنەیی کارەکانیان، کە دەبێت لە سەر بنەمای چەمکە لۆکاڵییە کەلەپوورییەکانی تر بێت، کە بۆتە زۆرترین پێویستیی بۆ بابەتی ناساندنی ڕیتم و میلۆدییەکان.

٢- توێژەر لەکاتی خستنەکاریی کەلەپوورە میللییەکانی دەرەوەی ئەو ژینگەیەی کەبەرهەمیهێناوە پێشنیازی ئەوە دەکات کە ڕێوشوێنی پێویست بگیرێتەبەر بۆ دڵنیابوون لەوەی کە کەلەپوورە موزیکییە میللییەکان بابەتی ڕەسەنن وهەروەها کارکردن بە مەبەستی ڕێگریکردن لە مەترسی شێواندنیان.

٣- دابینکردن وپاڵپشتیی و دەوڵەمەندکردنی کتێبخانەی کۆلێژەکانی هونەرە جوانەکان بە بابەتەکانی ئاواز و میلۆدی موزیکی هاوچەرخی کوردی و سەرچاوەکانیان لە ئاوازدانەرانی موزیکی نەتەوەیی.

٤- توێژەر پێشنیازی ئەوە دەکات، کەلەپووری موزیکی میللیی لەنێو پرۆگرامی دابەشکردنی ئۆرێکسترایی بۆ قۆناغی بەرایی خوێندن لە کۆلێژەکانی هونەرە جوانەکانی هەرێمی کوردستانی عێراق بەکاربهێنرێت.

٥- ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەی شیکاری لە سەر ئاوازە موزیکییەکانی کوردی و مامەڵەکردنیان لەگەڵ ژانر و فۆرمە موزیکییەکانی کوردی لە سەردەمی هاوچەرخدا.

٦- ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەیەکی هەمەلایەنە لەو بابەتە موزیکیانەی، لە میلۆدییە نەریتیی و باوەکانەوە بەکارهێنراون، مەبەستمان لێکۆڵینەوەی هەمەلایەنە، بۆ بەدەستهێنانی

تەواوەتی تێگەیشتنی ئاسۆیی سەرچاوەکانی ڕەوتی چنینی موزیکی زیندوو ئەوەی، کە دەتوانێت ببێتە  ژێرخانێکی پتەو بۆ ئایندەی موزیکی هاوچەرخی کوردی.

٧- ئەنجامدانی توێژینەوەی سیستماتیک، کە تەواوکەری ئەم توێژینەوەیە و خستنەڕووی خوێندنی ئەکادیمی لە چوارچێوەی پرۆگرامێکی تایبەت بە شیکردنەوەی موزیکی کوردی لە کۆلێژ و فاکەڵتیی هونەرە جوانەکان بێت.

**سەرچاوەکان**

# References and Biography

## سەرچاوەکان بە زمانی کوردی


- باقی، محەمەد حەمە ، مێژووی موزیکی کوردی، چاپی دووەم، دەزگای ئاراس، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە،(٢٠٠٢).
- پیربال، فرهاد، مێژووی گۆرانی و مۆسیقای کوردی- خوێندنەوەیەکی رەخنەگرانە، دەزگای ئاراس بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، هەولێر، (٢٠١٠).
- زاگرۆس، نەهرۆ خالد خوێندنەوەیەکی کورت و زانستیانە بۆ چەمک و تیۆرەکانی ئەثنوموزیکولوجی، گۆڤاری پەیژە، ژمارە 4، لە بڵاوکراوەکانی بنکەی مەقام، (٢٠١٢).


## سەرچاوەکان بە زمانی عەرەبی


- القرآن الكريم.
- إبراهيم، زكريا، مشكله الفن، مكتبه مصر، دار النصر للطباعة،(١٩٦٧).
- ابن منظور، لسان العرب، ج٨، الدار المصرية للتأليف والنشر،(١٩٨٣)م.
- ابن منظور، لسان العرب، دار لسان العرب، بيروت، (١٩٧٠).
- ابن منظور، لسان اللسان، تهذيب لسان العرب، هذبه بعناية، المكتب الثقافي لتحقيق الكتب، الجزء الثاني دار الكتب العلمية، بيروت، لبنان (١٩٠٣).
- ابو الحب، ضياء الدين، الموسيقى وعلم النفس، مطبعة التضامن، الطبعة الأولى، الجمهورية العراقية، بغداد، (١٩٧٠)
- أبو مراد، نداء، مركزية التقليد في عملية التجديد الموسيقي، النهضة العربية والموسيقى، خيار التجديد المتأصل، اشراف نداء ابو مراد، عمان، المجمع العربي للموسيقى، (٢٠٠٣).
- احمد، جمال رشيد، تاريخ الكرد القديم، و زارة التعليم العالي والبحث العلمي، جامعة صلاح الدين، كلية الآداب، (١٩٩٠).

- ادونيس، فاتحة لنهايات القرن، بيان من اجل ثقافة عربية، دار العودة، ط١، بيروت، (لبنان) (١٩٨٠).
- ادونيس، كلام البدايات، دار الادب، بيروت، ط١، (١٩٨٩).
- إسحاق، مجدي، من الايقاع (التاريخ –الاوزان الشرقية –الآلات الإيقاعية) , بورصة الكتب للنشر والتوزيع , القاهرة (٢٠١٥).
- الامير، سالم حسين، الموسيقى والغناء في بلاد الرافدين، دار الشؤون الثقافية العامة، بغداد.(١٩٩٩)
- برتيلمي، جان، بحث في علم الجمال ترجمة: أنور عبد العزيز، مراجعة نظمي لوفا، المطبعة المصرية، (١٩٨٦).
- البستاني، افرام، منجد الطلاب، المطبعة الكاثوليكية، بيروت، (١٩٦٣).
- بسطاويسي، غانم، رمضان، محمد، جماليات الفنون و فلسفه التاريخ الفن عند هيجل، المؤسسة الجامعية للدراسات والنشر والتوزيع، ط ١ بيروت، (١٩٩٢).
- بشة، سمير، التثاقف في الممارسة الموسيقية المعاصرة في تونس، بحث لنيل شهادة الدراسات المعمقة في علوم وتقنيات الفنون , المعهد العالي للفنون الجميلة، تونس، (٢٠٠٣).
- بشة، سمير، الهوية والاصالة في الموسيقى العربية، منشورات كام الشريف، الطبعة الاولى، تونس، (٢٠١٢).
- بنشار،ماكس، تمهيد للفن الموسيقي، بنشار،ماكس، تمهيد للفن الموسيقي،ترجمة وتقديم، محمد رشاد بدران، دار نهضة مصرللطبع والنشر، القاهرة، (١٩٧٣)،ص٦٣
- بورا، ك، موريس، الغناء والشعر عند الشعوب البدائية، ط1، تر يوسف شلب الشام، دار طلاس للدراسات والترجمة والنشر، (١٩٩٢).
- بورتنوى،جوليوس: الفيلسوف و فن الموسيقى، تر، فؤاد زكريا، مراجعة حسين فوزي، الهيئة المصرية العامة للكتاب، القاهرة، (١٩٧٤) ص ٣٤٧-٣٤٨

- بورش، و.ج. دي، تراث العالم القديم، ترجمة، زكي سوس، سلسلة الاعمال الفكرية، مهرجان القراءة للجميع، ٩٩ القاهرة، (١٩٩٩).
- بيومي، أحمد، القاموس الموسيقي، و زارة الثقافة، دار الأوبرا المصرية القاهرة، (١٩٩٢).
- توما، مسيم هرمز، الانسجام الصوتي في مؤلفات الأوركسترا السمفونية العراقية أطروحة دكتوراه غير منشورة، قسم الفنون الموسيقية، كلية الفنون الجميلة، جامعة بغداد، (٢٠١٥)م
- توما، ميسم هرمز، عناصر تكون الموسيقى والغناء (منظور بحثي)، مكتبة الفتح, بغداد، (٢٠١٨).
- تيماشيف، نيكولا، نظريه علم الاجتماع طبيعتها وتطورها، محمد عودة واخرون دار المعارف للطباعة، القاهرة، (١٩٧٤).
- الجابري، محمد عابد، التراث والحداثة، دراسات و مناقشات، مركز دراسات الوحدة العربية، الطبعة الأولى، بيروت،(١٩٩١).
- جاسم، فراس ياسين، جدلية العلاقة بين الأصالة والتجديد وتأثير العولمة في الموسيقى العربية، مجلة كلية التربية الأساسية، المجلد ٢٥، العدد،١٠٣، (٢٠١٩).
- الجاوشلي، هادى رشيد : الحياة الاجتماعية في كردستان، مطبعة الجاحظ، بغداد، (١٩٧٠).
- الجاوشلي، هادي رشيد، القومية الكوردية وتراثها التاريخي، مطبعة الارشاد، بغداد (١٩٦٧).
- جبور، عبد النور، المعجم الادبي، دار العلم للملايين، الطبعة الأولى، بيروت، (١٩٨٤).
- الجزراوي، احمد، شيء عن الاغنيه الكوردية، عن مقدمه كتاب اصوات والحان كرديه، دراسه في الطبيعه السوسيولوجية والموسيقيه لاصوات غنائيه والحان كرديه، دار سبيريز للطباعه والنشر، مطبعه حجي هاشم، أربيل، (٢٠٠٦ ).
- الجزيرى، علي، الادب الشفاهي الكوردى بحوث رابطة كاوة للثقافة الكوردية، أربيل، كوردستان العراق، طبعت في بيروت، (٢٠٠٠).

- جعفر, نوري, الفكر طبيعته وتطوره , منشورات مكتبة التحديد , الباب الشرقي , ط١، بغداد،(١٩٧٧).
- جورج، كيرليس،عوض يوسف، استخدام الالحان المصرية القديمة ( القبطية) في كتابة و قيادة امؤلفات مصرية معاصرة، اكاديمية الفنون، المعهد العالي للموسيقى العربية، قسم التأليف والنظريات والقيادة، القاهرة،(٢٠١٣).
- الجوهري، محمد، علم الفولكلور، دراسة الانثروبولوجيا الثقافية، دار المعارف، الطبعة الثانية، القاهرة، (١٩٧٨).
- الحافظ، منير: التراث في العقل الحداثي بحوث في فلسفة القيم الجمالية، دار الفرقد للطباعة والنشر والتوزيع الاولى (ط 1) دمشق (٢٠٠١).
- حسام الدين، زكريا، المعجم الشامل للموسيقى العالمية، الجزء الأول: المصطلحات و المصنفات، الهيئة المصرية العامة للكتاب، (٢٠٠٤)،
- حسن، صلاح الدين محمد، الهارموني، الجزء الأول، جامعة السودان للعلوم والتكنولوجيا، كلية الموسيقى والدراما، سلسلة اصدارات لجنة التأليف والترجمة والنشر، (٢٠١٠)م، ص١٤.
- حسين، حنفي، التراث والتجديد (موقفنا من التراث القديم) ط١، لبنان، المؤسسة الجامعية للدراسات والنشر والتوزيع، (٢٠٠٢).
- حسين، سالم، الموسيقى والغناء في بلاد الرافدين، دار الشؤون الثقافية العامة بغداد، (١٩٩٩).
- حصاف، اسماعيل محمد، كوردستان والمسألة الكوردية ، مؤسسة موكرياني للبحوث والنشر، ط ١ مطبعة خانى، دهوك، (٢٠٠٩).
- حيدر، عمر، أدب الفولكلور الكردي، العدد الثاني،أب، (٢٠١٧).

- خشبة، غطاس عبد الملك، المعجم الموسيقي الكبير، المجلس الأعلى للثقافة، الطبعة الأولى القاهرة ج، م، ع، (٢٠٠٤).
- الخليل، جميل، احمد محمود، الشخصيه الكرديه دار موكريانى للبحوث والنشر، الطبعه الأولى، اربيل، (٢٠١٣).
- خليل، عبدالمنعم، الموسوعة الموسيقية المختصرة، مكتبة مدبولي، القاهرة، (١٩٩٢).
- خورشيد، فاروق، الموروث الشعبي، الطبعة الأولى، دار الشروق، القاهرة، مصر، (١٩٩٢).
- الخولي، سمحة آمين، التأليف الموسيقي المصري المعاصر، تاريخ مقروء و مسموع، الجزء الأول (الجيل الأول) سلسلة بريزم للموسيقى (٢) مطبوعات بريزم، الجيزة (١٩٩٨).
- الخولي، سمحة، القومية في موسيقى القرن العشرين، سلسلة عالم المعرفة، المجلس الوطني للثقافة والفنون والآداب، الكويت، (١٩٩٢)م، ص١
- الخولي، سمحة، دور الموسيقى في احياء التراث والحفاظ على مقومات الشخصية العربية لمواجهة تحديات المتغيرات المعاصرة، مجلة اتحاد الجامعات العربية، عدد خاص، (١٩٩٧)
- درويش، رامي، الهارموني-١-القسم العلمي مديرية الكتب والمطبوعات، (٢٠١٧)، منشورات جامعة البعث، كلية التربية الموسيقية، الجمهورية العربية السورية، ص٤٥،٥١،٥٢
- دياب، عز الدين مقاربة من مفهوم الدور الحضاري في الفكر القومي مكتبة دياب، القاهرة، (٢٠٠٠).
- راغب، نبيل، النقد الفني، مكتبة لبنان، (١٩٩٦).
- الربيعي، فاطمة ظاهر، تعدد التصويت في الموسيقى العربية، اكاديمية الفنون المعهد العالي للموسيقى العربية، القاهرة، (٢٠٠٩).
- رسول , عز الدين مصطفى , دراسة في الادب الفولكلوري الكوردي , دار الثقافة والنشر الكوردية , دار الحرية للطباعة بغداد، (١٩٧٠).
- الرفاعي، حصة السيد زيد، المؤثرات الشعبية، النظرية والتطبيق، دار المدى، بغداد، (٢٠٠٤).

- ريد، هربرت، معنى الفن، ترجمة سامي خشبة، مراجعة مصطفى حبيب، الهيئة المصرية العامة للكتاب، القاهرة، (١٩٩٨).
- زازا، محمد عزيز شاكر: علم الهارمونية، ط١، دار الحصاد للنشر والتوزيع، سورية، دمشق، (١٩٩٣).
- زكريا، فؤاد، التعبير الموسيقي، مكتبة مصر، دار مصر للطباعة، ط٢،(١٩٨٠).
- زكريا، فؤاد، مع الموسيقى ذكريات ودارسات، الناشر مؤسسة هنداوي، أي سي، المملكة المتحدة، (٢٠١٧)م.
- زكي, احمد: النقد العربي الحديث , اصوله اتجاهاته , دار النهضة العربية , بيروت , (١٩٨٣)م.
- سحاب، الياس، الموسيقى العربية في القرن العشرين "مشاهد و محطات و جوه"، ط ١، لبنان، دار الفارابي،(٢٠٠٩)،
- سعيد، توفيق، مدخل الى موضوع علم الجمال، بحث عن معنى الاستطيقي، دار الثقافة للنشر والتوزيع، القاهرة، (١٩٩٢).
- السليم، عائشة امين، ينابيع الأفكار الفنية لتعليم الارتجال الموسيقي، مكتبة الانجلو المصرية، القاهرة،(١٩٩٨).
- سويف، مصطفى، الأسس النفسية للإبداع الفني، دار المعارف، ط ٣ القاهرة (١٩٦٩).
- السيد، محمد. نادية هانم، الطريق إلى عزف البيانو، مطبعة حلوان، القاهرة (١٩٩٧).
- السيسي، يوسف، الدعوة إلى الموسيقى، سلسلة كتب ثقافية شهرية، الكويت، المجلس الوطني للثقافة والفنون والآداب، أكتوبر (١٩٨١).
- شحاته سيد، علم جمال الموسيقى، مطابع الأهرام التجارية مصر، (٢٠٠٦ ).
- شكري، عزيز ماضي، في نظرية الأدب، دار الحداثة، بيروت، (١٩٨٦).
- الشوك، علي، أسرار الموسيقى، دار المدى للثقافة والنشر ط١ سوريا دمشق، (٢٠٠٣).

- الصقلي، مراد، الموسيقى التونسية وتحديات القرن الجديد، تونس، بيت الحكمة، (٢٠٠٨).
- صلاح عبد الصبور، الاعمال الكاملة، الهيئة المصرية العامة للكتاب، القاهرة، (١٩٩٢)، ج٩.
- صليبيا، جميل، المعجم الفلسفي بالألفاظ العربية والفرنسية والانكليزية واللاتينية، ج ١، ط، بيروت، دار الكتاب اللبناني،(١٩٧١).
- طاهر، طاهرة داخل، الموقف الانتقائي واهميتة في توظيف التراث للطفل، قسم اللغة العربية، كلية التربية الاساسية الجامعة المستنصرية (٢٠١٤).
- الطرابلسي، فراس: الموسيقى الشعبية والموسيقى الرسمية بالبلاد التونسية: صراع الهوية في المفاهيم والممارسة والتمثيل. المؤتمر الدولي الأول, الخطاب الموسيقي و سؤال الهوية , و زارة التعليم العالي والبحث العلمي، جامعة صفاقس، المعهد العالي للموسيقى بصفاقس (٢٠١٣) ص ١٨٠-١٨١.
- طنوس، يوسف، قوالب الموسيقى العربية بين النمطية والابتكار، المؤتمر الدولي الرابع: القالب والخطاب جدلية الفصل والوصل. إشراف، الأسعد الرواري،(٢٠١٦)، ص ٣٣-٥٠
- عبد الكريم، عواطف وآخرون، معجم الموسيقى، مركز الحاسب الآلي، مجمع اللغة العربية القاهرة، (٢٠٠٠)
- عبد الكريم، عواطف، محيط الفنون موسيقي القرن العشرين، دار المعارف، القاهرة،(١٩٧٠) .
- عبد الله علي، جماليات الايقاع في الفن الإسلامي، البلقاء للبحوث والدراسات، العدد ١٦، (٢٠١٣).
- عبد الله، منيجة عباس، المصاحبة الموسيقية لبعض أغاني الأطفال الشعبية الكويتية لخدمة معلم التربية الموسيقية فى دور الإعداد، بحث منشور، المؤتمر العلمي الخامس، كلية التربية الموسيقية، جامعة حلوان، (١٩٩٨).

- عبد الله، يوسف محمد، تعريف التراث أنواعه، وكيفية الحفاظ عليه، الهيئة العامة للآثار والمتاحف والمخطوطات، اليمن،( ٢٠١٠).
- عبدالعزيز، سعاد، الارتجال التعليمي والابتكارات، مذكرات غير منشورة، القاهرة، (١٩٩٢).
- العبيدي، علي احمد محمد، اهمية الحفاظ على التراث الثقافي غيرالمادي في الموصل (دراسات موصلية) العدد ٤٨حزيران (٢٠١٨).
- عصفور, جابر: قراءة التراث النقدي , مؤسسة عيبال للدراسات والنشر , ط1, قبرص , نيقوسيا, (١٩٩١).
- عصفور، جابر، مفهوم الشعر دراسة في التراث النقدي، دار الكتاب المصري، الطبعة الأولى، دار الكتاب اللبناني، القاهرة، لبنان، (2003).
- عكاشة، ثروت، الزمن و نسيج النغم من نشيد ابوللو الى تورانجاليلا، طبعة ثانية، الهيئة المصرية العامة للكتاب، الجزء الرابع عشر، (١٩٩٦).
- عكاشة، ثروت، الفن والحياة، ط١، دار الشروق، القاهرة، (٢٠٠٢).
- علي عبد الله، خليفة، استلهام التراث الشعبي في الاعمال الابداعية بمنطقة الخليج والجزيرة العربية،(٢٠١٦).
- علي، اسعد محمد، مدخل إلى الموسيقى العراقية، منشورات و زارة الإعلام، الجمهورية العراقية، سلسلة الكتب الحديثة، (١٩٧٤).
- علي، اوس حسين الموسيقى من الالف الى الياء، مكتب عالم المعرفة، بغداد، العراق، (٢٠١٦).
- علي، عبد الله، جماليات الايقاع في الفن الاسلامي , البلقاء للبحوث والدراسات المجلد (16)
- عمر، محمد طه، مفهوم الإبداع في الفكر النقدي عند العرب، القاهرة عالم الكتب، (٢٠٠٠)
- العمر، معن خليل، علم اجتماع الفن، دار الشروق للنشر والتوزيع، عمان،(١٩٩٩).

- عمران، محمد، دراسات في الموسيقى المصرية، تأسيس نظري وتطبيقات عملية، ط١، الهيئة المصرية العامة للكتاب، القاهرة (٢٠٠٦ ).
- عنشيل، خديجة، ارتحال العلامة التراثية داخل النص المسرحي قراءة في تداولية الترابط بين النصي والمشهدي، جامعة ورقلة، العدد الثاني، (٢٠١٦).
- عياد، هاني جرجس، جدلية التراث والحداثة في خطاب الموسيقي العربي، التراث في مواجهة الحداثة، (٢٠١٧).
- عيد، كمال الدين أعلام و مصطلحات الموسيقى الغربية، دار الوفاء لدنيا الطباعة والنشر، الطبعة الأولى، الإسكندرية، مصر،(٢٠٠٦).
- غنيمي، هلال محمد، النقد الأدبي الحديث، دار العودة –بيروت–لبنان، (١٩٧٣).
- غيرتز، كليفورد، تأويل الثقافات، ترجمة محمد البدوي، المنظمة العربية للترجمة، بيروت، (٢٠٠٩).
- فاروق أحمد، مصطفى، مرفت عثمان العشماوي، دراسات في التراث الشعبي، دار المعرفة الجامعية، (٢٠٢٠).
- فاروق، خورشيد، الموروث الشعبي، الطبعة الأولى، دار الشروق، القاهرة، مصر، (١٩٩٢).
- فايد، رجائي، تحولات الشخصية الكوردية نحو الحداثة، مركز الدراسات الكوردية وحفظ الوثائق، جامعة دهوك ( ط 1 ) مطبعة خاني، دهوك (٢٠٠٨).
- فتحي إبراهيم، معجم المصطلحات الأدبية، مطبعة صفاقس- تونس،(١٩٨٦).
- فريد، طارق حسون، التراث الموسيقي العربي والموروث الموسيقي العراقي، دار الكتب للطباعة والنشر، بغداد، (٢٠٠١).
- فريد، طارق حسون، العلاقة بين الكلمة واللحن في بعض صيغ التراث والموروث الموسيقي العراقي،المجمع العلمي العراقي، (١٩٩٨).

- فريد، طارق حسون، تاريخ الفنون الموسيقية، ج 1,دار الحكمة للطباعة والنشر، بغداد، (١٩٩٠).
- فريد، طارق حسون، مدخل لتذوق الفنون الموسيقية، جامعة بغداد، كلية الفنون الجميلة، بغداد، (٢٠٠٠)،
- فهيم، حسين، قصة الانثروبولوجيا، سلسلة عالم المعرفة عدد ٩٨، المجلس الوطني للثقافة والفنون والآداب، الكويت،(١٩٩٠)
- فيشر، ارنست، ضرورة الفن، ترجمة ميشال سليمان دار الحقيقة للطباعة والنشر،(١٩٦٥)
- قادر، محمد گونا، خصائص اغاني الاطفال في كوردستان العراق، سلسلة كتب معهد التراث الكوردستاني رقم (٩) ط 1 مطبعة و زارة الزراعة / أربيل (٢٠٠٦ ).
- قاسم، حسن شهرزاد، الموسيقى العربية، الطبعة الأولى، بيروت، (١٩٨١).
- قتلان، سعيد، عالم الموسيقى، طلاس للدراسات والترجمة والنشر، الطبعة الأولى، دمشق، سوريا، (١٩٩٧).
- قطاط، محمود، الحفاظ على الهوية العربية من خلال الموسيقي، وثائق المؤتمر الدولي حول التوجهات والرؤى المستقبلية للموسيقى العربية ٤، مسقط ١١-١٤ديسمبر، (٢٠٠٤).
- القلعة، سعد الله آغا، نحو موسيقى عربية "متقنة" و معاصرة، مجموعة النيل العربية، (٢٠١٥).
- القمني، سيد، الأسطورة والتراث، المركز المصري لبحوث الحضارة (تحت التأسيس) الطبعة الثالثة، القاهرة،(١٩٩٩).
- كريستنسن، ديتر، مؤتمر: الموسيقى في العالم الإسلامي، ٨-١٣ آب، برلين ألمانيا، ترجمة، سوزدار تمو، (٢٠٠٧).
- كمال، صفوت، مدخل لدراسة الفولكلور الكويتي، و زارة الاعلام، ط٢، الكويت (١٩٧٣).
- كناعنه، شريف، من نسي قديمه تاه، ط، مؤسسة الأسوار، عكا، (٢٠٠٠).

- كوبلاند، ارون، كيف تتذوق الموسيقى، ترجمة محمد رشاد بدران، مؤسسة فرانكلين للطباعة والنشر، (١٩٦١).
- كوبلاند، آرون، ما الذي نستمع إليه في الموسيقى، تر محمد حنانا، دمشق، دار المدى للثقافة،(٢٠٠٣).
- لاينختريت، هوجو، الموسيقى والحضارة، ترجمة احمد حمدي محمود، مراجعة حسين فوزي المؤسسة المصرية العامة للتأليف والترجمة والطباعة والنشر(١٩٩٨).

لطفي، عبد البديع، ميتافيزيقيا اللغة، الهيئة المصرية العامة للكتاب، القاهرة، (١٩٩٧)،

- محجوب، هالة، جماليات فن الموسيقى عبر العصور، دار الوفاء لدنيا الطباعة والنشر، الطبعة الأولى، الإسكندرية، (٢٠٠٧)م،
- محمد، حسن عبد الله، التراث في رؤية عصرية، مؤسسة الاسراء للنشر والتوزيع، القاهرة، (١٩٩٨).
- محمد، علي عبد المعطي، فلسفة الفن، دار المعرفة الجامعية، الإسكندرية، (١٩٨٩).
- محمود، أمين العالم، الوعي والوعي الزائف، القاهرة، (١٩٨٨).
- مختار، عمر احمد، معجم اللغة العربية المعاصر، م١ ط١، عالم الكتب مصر (٢٠٠٨).
- المراكشي، محمد صالح، في التراث العربي والحداثة، الطبعة الأولى، مكتبة قرطاج للنشر والتوزيع، تونس، (٢٠٠٦ ).
- مردغاني، زكاء، الفن عند الفارابي، دار صفحات للدراسات والنشر، الإصدار الأول، دمشق، (٢٠١٢)، ص٣٣-٥٥
- المسكيني، ام الزين بنشيخة، الفن يخرج عن طوره، جداول للنشر والتوزيع، ط١، بيروت، لبنان، (٢٠١١).
- مشكور، جليل وديع، كيف تجعلين ابنك مجتهدا أو مبدعا؟ سلسلة المعرفة، الطبعة الأولى، عالم الكتب، بيروت، (١٩٩٤).

- مطر، أميرة حلمي، مقدمة في علم الجمال، دار الثقافة للنشر والتوزيع، القاهرة، (١٩٩٢).
- الملاح، محمد علي رضا، مفهوم التكوين في الموسيقى، جامعة اليرموك، كلية الفنون الجميلة، قسم الموسيقى، (٢٠١٦)م
- الملائكة، نازك، قضايا الشعر المعاصر، دار العلم للملايين، (١٩٦٢)م.
- المنجد في اللغة والاعلام، دار المشرق، بيروت، (٢٠٠٥).
- منير الدين، اميرة، عبد الرحمن ، الفن التشكيلي و بنيته التحتية في السعودية، جامعه ام القرى، (٢٠٠٦ ) .
- ناتي، جون جاك، تمجيد الموسيقولوجيا، ترجمة سمير بشة منشورات كارم الشريف، تونس. (٢٠١١).
- النجار، محمد رجب، توفيق الحكيم والادب الشعبي، عين للدراسات والبحوث الانسانية والاجتماعية، الطبعة الاولى، القاهرة،(٢٠٠١)..
- الهاشمي، عادل اصوات والحان كردية، دراسة في الطبيعة السوسيولوجية والموسيقية لأصوات غنائية والحان كردية، دار سبيرز للطباعة والنشر، مطبعه حجي هاشم، أربيل، (٢٠٠٦).
- هانزليک، ادوارد، الجميل في فن النغم، ترجمة، غزوان الزركلي، الهيئة العامة للكتاب، دمشق،(٢٠٠٩).
- هاوزر، ارنولد، فلسفة تاريخ الفن، ترجمة، رمزي عبده جرجس، المركز القومي للترجمة، القاهرة، (١٩٩٠).
- هود، مانتيل، بصمات صوت الموسيقا التقليدية العمانية، الوثائق الكاملة للندوة الدولية لموسيقا عمان التقليدية - الجزء الأول.
- هيجنسون، توماس، الاصالة ببساطة زوج من العيون الطرية في ضرورة الوعي بأهمية الحفاظ على التراث، ترجمة، الزاكي إبراهيم، (٢٠١٠).

**نامە و تێزی ئەکادیمی:**

- ابراهيم، أسماء محمد، اسلوب اداء مؤلفات الفريدو كازيللا للمبتدئين لالة البيانو، رسالة ماجستير غير منشورة، كلية التربية الموسيقية، جامعة حلوان، القاهرة، (١٩٩٢)، ص ٥-٧.
- إبراهيم، حسام محمد عبد السلام، تأليف الموسيقى البحتة في السودان بين الموهبة والدراسة، رسالة ماجستير غير منشورة، جامعة السودان للعلوم والتكنولوجيا، كلية الدراسات العليا، الخرطوم، (٢٠١٨).
- اغا، ميادة جمال الدين، أثر التراث الموسيقي الشعبي على تدريس مادة الصولفيج العربي لطلاب كلية التربية النوعية , رسالة ماجستير غير منشورة , جامعة طنطا , جمهورية مصر العربية،(٢٠٠٣).
- إكرام، مطر، تعدد التصويت في الغناء المدرسي، رسالة ماجستير غير منشورة، كلية التربية الموسيقية، جامعة حلوان، مصر.(١٩٧١).
- البياتي، زينب صبحي: البناء اللحني والايقاعي في الاغنية البغدادية، رسالة ماجستير غير منشورة، بغداد (جامعة بغداد، كلية الفنون الجميلة)(٢٠٠٢).
- دنو، وجدان جميل، توظيف الأغنية التراثية العراقية في مادة تربية السمع لحنيا وايقاعيا.
- رسالة ماجستير غير منشورة، قسم الفنون الموسيقية، كلية الفنون الجميلة، جامعة بغداد، (٢٠٠١).
- الشهري، خالد توظيف العناصر الجمالية والزخرفية بمنطقه عسير في اثراء التصميم المعاصر رسالة ماجستير، غير منشوره جامعه ام القرى مكة المكرمة، (٢٠١٤)
- علي، هناء عبد الرحمن، فؤاد، دراسة تحليلية عزفية لصوناتا البيانو عند ديمتري كابا ليفسكي والاستفادة منها في تعليم البيانو و للطالب المعلم رسالة ماجستير غير منشورة، جامعة اسيوط، كلية التربية النوعية، قسم التربية الموسيقية، (٢٠١٣).

- قطب، هدى سامي، الأسلوب البوليفوني عند باخ من خلال كتاب (فن الفيوج)، رسالة دكتوراه غير منشورة، كلية التربية الموسيقية، جامعة حلوان، القاهرة، مصر(١٩٨٩).

**ڕۆژنامەو گۆڤارەکان:**

- (الحوار) مجلة ثقافية فصلية حرة تهتم بالشؤون الكوردية وتهدف الى تنشيط الحوار الكردي العربي السنة السابعة عشرة _العدد (٦٤) (٢٠١١).
- ابو المجد، حنان، الاندماج العضوي بين موسيقا الشرق والغرب، مجلة الموسيقى العربية، المجمع العربي للموسيقى، جامعة الدول العربية، و زاره الثقافة في الجمهورية العربية السورية، العدد 14، سوريا، (١٩٩٥).
- إسحاق، حسام يعقوب الموسيقيين و موسيقياتهم و سمعهم الموسيقي في قسم الفنون الموسيقية كلية الفنون الجميلة، بغداد، مجلة الأكاديمي، العدد، ٥٦ لسنة (٢٠١٠).
- تاتسومورا، أياكو، الموسيقى الكوردية، تر جلال زنكابادي، مجلة كاروان العدد (٧٦) السنة (٧) (١٩٨٩).
- توفيق، زرار صديق، الموسيقى الكوردية في العصر الوسيط، مجلة زانكو، مجلة العلوم الانسانية، جامعة صلاح الدين، أربيل، العدد ٤٤، لسنة (٢٠١٠)، عن رسائل اخوان الصفا.
- توما، ميسم هرمز، عنصر الأيقاع واللحن في الموسيقى والغناء تحليلا و نقدا، مجلة الأكاديمي، العدد ٥٥ لسنة (٢٠٠٩).
- الجابري، و ليد حسن، و زلزلة، إحسان شاكر، مظاهر طابع الحزن في الاغنية العراقية، مجلة الأكاديمي، كلية الفنون الجميلة، جامعة بغداد،(٢٠١٩)م، ص٢٦٠.عن. فريد ,طارق حسون، تاريخ الفنون الموسيقية منذ نشأتها الى نهاية القرن السادس عشر، دار الكتب والوثائق، (١٩٩٠)، عن فريد، طارق حسون، مع الموسيقى العالمية، ط١، (١٩٨٩)م.
- جاسم، فراس ياسين، بناء الشكل في مؤلفات موسيقى الأوركسترا العراقية، مجلة التربية الاساسية، العدد الحادي والستون، (٢٠١٠)م.

- جاسم، فراس ياسين، جدلية العلاقة بين الاصالة والتجديد وتأثير العولمة في الموسيقى العربية، مجلة كلية التربية الأساسية المجلدة، العدد (١٠٣)، (٢٠١٩).
- الجبوري, محمد عبد الرحمن، عادل كريم سالم , عصام عبد الاحد، مستويات توظيف الموروث الشعبي في العمل الفني، مجلة كلية التربية الاساسية، العدد التاسع والخمسون, (٢٠٠٩).
- الدراس، نبيل صالح، ظاهرة التنويع في الإيقاعات العربية، دراسة تحليلية، المجلة الأردنية للفنون، مجلد ٦، عدد ٢، (٢٠١٣).
- الديوب، سمير، البعد الدرامي في الادب الشعبي اغاني ترقيص الاطفال في الادب العربي القديم أنموذجا، مجلة افاق الثقافة والتراث، الامارات، مركز جمعيه الماجد للثقافة والتراث، العدد، ٨٠ السنة العشرون، (٢٠١٢).
- رمضاني، مصطفى، توظيف التراث و لشكالية التأصيل في المسرح العربي، مجلة عالم الفكر، المجلد السابع عشر، العدد الرابع، و زارة الاعلام، الكويت، (١٩٨٧).
- زازا، محمدعزيز شاكر، لقاء حول واقع الموسيقى الكوردية في كوردستان اجراه الباحث، مجلة ميرک، العدد ١، لسنة (٢٠٠٥).
- زكري، فاطمة، الاغنية الشعبية من منظور البحث الانثروبولوجي، الثقافة الشعبية، (٢٠١٥) ص١٢٨مجلة علمية محكمة، رسالة التراث الشعبي من البحرين الى العالم، العدد ٣٠
- السروجي، طلعت مصطفى، همام، سامية عبد الرحمن، الشباب وظاهرة الانومي، قراءة في صراع الهوية القومية والعالمية، مجلة كلية الخدمة الاجتماعية للدراسات والبحوث الاجتماعية، العدد الثالث، جامعة الفيوم، (٢٠١٤).
- صادق، ابراهيم صادق، مجلة أنهار الأدبية، (٢٠٠٧).
- طموم، رشاد علي، التراث الموسيقي المصري بين الماضي والحاضر، مجلة الحياة الموسيقية، العدد، ١٢، (١٩٩٦).

- عبدون، المصطفى، الأداء الموسقي، مجلة نقد وتنوير، العدد الثالث عشر، السنة الرابعة أيلول، سبتمبر، (٢٠٢٢).
- عمران، كامل، دياب، عز الدين، خرما، ايفا سليمان، ألحنه، وظائفها وطقوسها الاجتماعية (دراسة انثروبولوجية) في قرية بللوان الساحلية، مجلة جامعة تشرين للبحوث والدراسات العلمية، المجلد (٣٣) العدد (١) (٢٠١١).
- فريد، طارق حسون، الحان الطبيعة وانغام الحياة، مجلة الاكاديمي، العدد ٣١، (٢٠٠١).
- القيم، علي، الموسيقى العربية، المعرفة، مجلة ثقافية شهرية، و زارة الثقافة، الجمهورية العربية السورية، العدد ٤-٦ لسنة (٥٢)، (٢٠١٤).
- مجلة مجمع اللغة العربية بدمشق "المجلد ٥٨، الجزء ٢، (١٩٨٣)
- محمد، كونا قادر، البناء الشكلي للأغنية الكوردية ، مجلة كلية التربية الاساسية، العدد الستون، بغداد، (٢٠٠٩).
- نصيرات، نضال محمود، دور الفرق الاردنية واشكالية التأصيلفي المسرح العربي، مجلة عالم الفكر، المجلد السابع عشر، العدد الرابع، و زارة الاعلام، الكويت، (١٩٨٧).
- ينظر الراصد (كتابات و مقالات في المأثورات الشعبية) تصدرها وحدة المقالات الثقافية، مركز التراث الشعبي لدول الخليج العربية عن جريدة القبس العدد ٥٠٥١ الصادر في ٦/٢/(١٩٨٦)لدولة الكويت).

**سەرچاوەکان بە زمانی ئینگلیزی:**

- ARNOLD, DENIS. (1983).The new oxford companion to music. Oxford university.
- BONDOKJI, ALETHEA OSBORNE, AND KIM WILKINSON (2017), SOCIAL IDENTITY AND RADICALISATION, Amman, Jordan: WANA Institute. ↑ "Identity

- DON MISHAL RANDEL: The Harvard concise Dictionary of music and musician, op.cit.
- EDUARDO, LONG MAN: Dictionary of English Language and culture, Long man (1993) .
- GARY WHITE, The Harmonic Dimension, ed. Meredith M. Morgan (USA Wm. C. Brown Publishers, (1991). (2) White.
- GROVE, SIR GEORGE. (1904) Grove's Dictionary of Music and Musicians. John Alexander Fuller-Maitland Macmillan..
- GROVT, DONALD ,1985, History of western music, 3rd Edition, U, K
- HANSLIC, EDUARDO, Music., Representation and Meaning from the Beautiful Music, in Morris Weitz, problems in Aesthetics CN.Y.: Macmillan Publishing. Co. Inc., (1970).
- HEGEL, GEORG WILHELM FRIEDRICH, Ästhetik, herausgegeben von Friedrich Bassenge, Aufbau-Verlag Berlin, (1955).
- HENRY RAYMOND BAUER, "A Technical, Musical and Historical Analysis of Frederic Chopin's Etude Op. 10." Graduation Honors
- HOLMES, THOM, Electronic and Experimental Music, Foundations of New Music and New Listening (Media and Popular culture 2nd Edition2002
- KURT, ADLER, The art of accompanying and coaching, Minneapolis, Published by university of Minnesota press, USA,1965,
- LANEY, R, SAMUELS, R, CAPULET, E. Cross Entropy as a Measure of Musical Contrast. In the proceedings of Mathematics and Computation in Music 2015, International Publishing
- LAURENCE E. R. PICKEN Folk musical instruments of Turkey London [etc.] Oxford University Press
- MUSICAL COMPOSITION, www.copyright.govm, Retrieved 26 January, (2019).

- NEWMAN, WILLIAM S. (1995). Beethoven on Beethoven: Playing His Piano Music His Way, p.170-71. ISBN 0-393-30719-0
- NIETZSCHE, FRIEDRICH, GEBURT DER TRAGÖDIE, oder: Griechenthum und Pessimismus, C. G. Naumann, Verlag, Leipzig, (1907).
- Original research article, Front. Psychol., 05 March (2018) Sec. Cognition. Melody, Ivan Chow and Steven Brow, Department of Psychology, Neuroscience & Behaviour, McMaster University, Hamilton, ON, Canada.
- Percy school the oxford universities (1965).
- Preprint from The Structure of Style: Algorithmic Approaches to Understanding Manner and Meaning, Shlomo Argamon, Kevin Burns, and Shlomo Dubnov (Eds.), Berlin: Springer-Verlag, (2010).
- QIANG LIU, DAVID TURNER (2018-2-19), "Identity and national
- RANDEL, D. M. (2003). The Harvard Dictionary of Music. Belknap Press of Harvard University Press.
- ROUTLEDGE,JONES,BARRI.The Hutchinson Concise Dictionary of Music, (2020). Routledge.
- SCHOENBERG, ARNOLD, Fundamentals of musical composition, London, Faber and Faber LTD, (1977).
- SCOTTJERRETT(AND)HOLLY DAY.Music composition for Dummies,Weley Publishing,Lnk.(2008). pp.363
- STERLING-PAMELA-ANN: A Developmental Study of the Effects of Accompanying Harmonic Context on Children's Vocal Pitch Accuracy of Familiar Melodies، PHD، University of Miami، (1984).
- SWADOS, ELIZABETH (1988). Listening Out Loud: Becoming a Composer (first ed.). New York: Harper & Row. pp. 25–26. ISBN 0-06-015992-8. Retrieved 9 October (2015).

- SWEZEY, KENNETH M. (1995). The Encyclopedia Americana – International Edition Vol. 13. Danbury, Connecticut: Grolier Incorporated. Weidenaar
- WHITE, JOHN D. (1976). The Analysis of Music.

**سایتەکانی ئەلیکترۆنی:**

- Aleri.com / article / 97387.html.
- http://arabmusicmagazine.org/index.php/ 2007
- http://ctupm.com/ar/
- http://www.yemen-nic.info/files/turism/studies/hefath.pdf
- http//www.almaany.com
- Httpi//samirbesha.com/ar/autour-du-patrimoine-music
- https://juliajooya.com ooya.com/2020/12/30/what-is-texture-in-music/
- https://m.facebook.com/nt/screen/?params.
- https://www.alawan.org/2020/04/01
- ps://playpiano.com/music-form/musical-form
- Samuel Chase https://hellomusictheory.com/learn/form/
- موحسین ئەحمەد عومەر، کێشەی زاراوەسازی: مۆدێرنیتێ و مۆدێرنیزم
2023 w.w.w.chawder.org

# پاشکۆکان Appendices

## پاشکۆی ژمارە ١

## خشتەی ژمارە ٤-١-٢دەستنیشانکردنی نموونەکانی توێژینەوە، لە لایەن شارەزایان و پسپۆڕانەوە

وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی
زانکۆی سەڵاحەدین
کۆلێژی هونەرە جوانەکان
بەشی موزیک
خوێندنی باڵا – دکتۆرا

فۆڕمی دەستنیشانکردنی نموونەکانی توێژینەوە (sample) وەرگرتنی ڕای پسپۆڕان لە سەر ناوەرۆکی نموونە هەڵبژێردراوەکان کە لە گۆرانی کەلەپووریی میللیی و فۆلکلۆرییەوە سرووشییان وەرگرتووە و بابەتی هونەری گونجاون بۆ خستنەکاری موزیکی هاوچەرخی کوردی و ئۆرکێسترا لە کارەکتەری کوردیدا لە سەر بنەمای ئەزموونی ئەو موزیسیانانەی کە نموونەکانیان هەڵبژێردراوە.

ڕێزداردکتۆر..............................................................................................

سڵاو ورێز: بە مەبەستی تەواوکردنی مەرجەکانی بەدەستهێنانی بڕوانامەی دکتۆرای فەلسەفە لە زانستەکانی موزیک. توێژەر (امانج غازی شاکر ئاغا) تێزی دکتۆراکەی لە بەشی موزیکی/ کۆلێژی هونەرەجوانەکان/ زانکۆی سەلاحەدین ئەنجام دەدات، توێژەر ئەم فۆڕمە وەک بەشێک لە ڕێکارەکانی توێژینەوەکە ئەنجام دەدات کە ناونیشانەکەی بریتییە لە:

**(خستنەکاری کەلەپووری گۆرانی لە موزیکی هاوچەرخی کوردیدا)**

ئامانجی دەستنیشانکردنەکە: ئەم دەستنیشانکردنە ئامانجیەتی بۆچوونی بەڕێزت بزانێت و دەستنیشانی بکات، سەبارەت بە گونجاوی ئەو نموونانەی کە لەلایەن توێژەرەوە پێشنیاز کراوە، لە سەر بنەمای ئەو دەستنیشانکردنەی بەڕێزتان دەگاتە دەستکەوتی گریمانەکانی توێژینەوەکە، هەروەها دڵنیابوون لە ڕەوایەتییەکەی بۆ جێگیرکردن و دانانی بەرهەمە هونەرییە دانراوەکانی موزیکی هاوچەرخی کوردی و دانراوە هونەرییەکانی گروپەکانی موزیک. هەروەها بۆ دڵنیابوون لە وردبینی و گونجاویی لەگەڵ کەلەپووری گۆرانی کوردی، بۆ ئەوەی بتوانرێت پێوانە بکرێت.

توێژەر ئەو نموونانەی کە لەلایەن خۆیەوە پێشنیاز کراوە لە میلۆدی گۆرانییە کەلەپوورییەکانی میللیی و فۆلکلۆری کوردییەوە سرووشییان وەرگرتووە، بە پشتبەستن بە ئەزموونی ئەو موزیکژەنانەی کە نموونەکانیان هەڵبژێردراوە، دەخاتەڕوو.

ئەوەی کە لە بەڕێزتان داواکراوە ئەوەیە کە:

بە وردی پێداچوونەوە وهەڵسەنگاندنی زانستیی بۆ فۆڕمی هاوپێچ بکەن و بۆچوون و سەرنجە ڕەواکانتان بخەنە ڕوو، ئەمەشیان بە دانانی تیک (√) لەبەردەم یەکێک لە بژاردەکان (گونجاو / نەگونجاو / پێویستی بە گۆڕانکاریی هەیە)

لەگەڵ ڕێز وپێزانینێکی زۆرمان.

توێژەر

امانج غازی شاکر ئاغا

**خشتەی ژمارە ٤-١-٣ لیستی ناوی شارەزایان و پسپۆڕانی بواری گۆرانی کەلەپووریی و ئاواز و میلۆدی کوردیی**

| ز | ناوی سیانی و ناسناو | ناسناوی زانستی | پسپۆری | ناونیشانی کارکردن |
|---|---|---|---|---|
| ١ | پ.ی.د. ئەلبێرت عیسا نزار | دکتۆرا - پرۆفیسۆری یاریدەدەر | سۆسیۆلۆژی | زانکۆی لوبنانی - فەڕەنسی |
| ٢ | د. بەرزان یاسین محەمەد | دکتۆرا | ئەتنۆمۆزیکۆلۆجی | کۆنسێرفاتوار دو موزیک - جنێف |
| ٣ | د.جەنگی جەلال حەسەن(خۆشناو) | دکتۆرا | پەروەردەی موزیک | پەیمانگەی هونەرەجوانەکان - هەولێر |
| ٤ | نەجات عەبدولقادرمحەمەدئەمین | ماستەر | مۆدێرن کۆپۆزیشن | وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان |
| ٥ | م.خالیدئەحمەدعەزیز(سەرکار) | شارەزا | گۆرانی و موزیکی کوردی | وەزارەتی پەروەردە - خانەنشین |
| ٦ | م. وریا ئەحمەد محەمەد | شارەزا | گۆرانی و موزیکی کوردی | وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان - خانەنشین |
| ٧ | م . فرانسیس داود یوسف | شارەزا | گۆرانی و موزیکی کوردی | وەزارەتی پەروەردە - خانەنشین |

## خشتەی ژمارە ٤-١-٤ پێوەرەکانی دەستنیشانکردنی نموونەکانی توێژینەوە

| ز | پێوەرەکان | گونجاوە | نەگونجاوە | پێویستی بە گۆڕانکارییە | تێبینی |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | ١- نموونە هەڵبژێردراوەکان سرووشییان لە گۆرانی فۆلکلۆر وەرگرتووە و گونجاون بۆ کاریکی ئۆرکێسترایی بە کاراکتەری کوردی کە مژدەی گەشەکردنی موزیکی کوردیمان پێدەبەخشێ، بە پشتبەستن بە ئەزموونی ئەو موزیکژەنانەی کە بەرهەمەکانیان نموونەی هەڵبژێردراو بوون. | | | | |
| ٢ | ٢- نموونە هەڵبژێردراوەکان ڕیتم و میلۆدی موزیکی کوردی بە شێوەیەکی گونجاو ڕووماڵ دەکەن. | | | | |
| ٣ | ٣- نموونە هەڵبژێردراوەکان بەرگەی چارەسەری هارمۆنی هاوچەرخ وئازاد و کۆنتراپۆینت دەگرن. | | | | |
| ٤ | ٤- کاریکی شیاو و گونجاوە کە ئامێری موزیکی فۆلکلۆری کوردی و فۆرمی پێرفۆرمەنسی کوردی لە چوارچێوەی بەرهەمە هونەرییە دانراوەکانی ئۆرکێسترایی و دانراوە هونەرییەکانی گروپەکانی موزیک بەکاربهێنرێت. | | | | |
| ٥ | ٥- کاریکی شیاو و گونجاوە، کە لە ئاوازدانانی بەرهەمی نوێی موزیکی کوردیدا، جگە لە ستۆدیۆی دەنگیی تۆمارکردن، سوود لە میدیا، وەک پرۆگرامەکانی موزیک و بەرنامە ئەلیکترۆنیەکان وتەکنەلۆجیای زانیاریی وەربگیرێت.. | | | | |
| ٦ | ٦- لە نموونە هەڵبژێردراوەکاندا ئاماژەیەک هەیە، کە دانەرەکانیان کەوتوونەتە ژێر کاریگەریی موزیکی گەلانی دراوسێی کورد و گەلانی تری بیگانە (داگیرکاری کەلتووریی). | | | | |
| ٧ | ٧- نموونە هەڵبژێردراوەکان بە شێوەیەکی گونجاو (لە رووی جوگرافی و مێژووییەوە) ئەو بیرۆکە جوانییە موزیکییە دەگرێتەوە کە لە کەلەپووری کوردەوە لە کوردستانی عێراقدا هەیە. | | | | |
| ٨ | ٨- نموونە هەڵبژێردراوەکان بە تەنها دەتوانن شوناسی بەرهەمە هونەرییە دانراوەکانی ئۆرکێسترایی و دانراوە هونەرییەکانی گروپەکانی موزیکی کوردی لە هەرێمی کوردستاندا دیاریی بکەن. | | | | |
| ٩ | ٩- دەتوانرێت ئەو بەرهەمانەی کە بە بەکارهێنانی ستۆدیۆی تۆمارکردنی دەنگییەوە پێشکەش دەکرێن، تەنیا لە حاڵەتێکدا وەک ئامرازێک بۆ پەرەپێدانی موزیکی ئۆرکێسترای مۆدێرن سەیر بکرێن کە ئەم بەرهەمانە تەنیا لە میراتی موزیکی کوردییەوە سرووشییان وەرگرتبێت. | | | | |
| ١٠ | ١٠- لە دانانی بەرهەمە هونەرییە دانراوەکانی ئۆرکێسترایی و دانراوە هونەرییەکانی گروپەکانی موزیکەوە وەک پێویستییەکی خوازراو دەکرێ سوود و سرووش وەرگرتن لە کەلەپووری گۆرانی ئایینی ببیندرێت. | | | | |

بۆچوون وپێشنیازەکان:

بەڕێزان:

ئەگەر پێشنیازێکتان هەیە، سەبارەت بە دەستکاریکردن یان زیادکردنی ئەو بابەتانەی کە لەلایەن توێژەرەوە پێشنیازکراون، تکایە لەو بەشەی کە بۆ ئەوە دیاری کراوە لە کۆتایی فۆرمەکەدا بینووسن.

لەگەڵ ڕێزماندا: سەیری خشتەی ژمارە ٤-١-٥ بکە.

**خشتەی ژمارە ٤-١-٥ نموونەکانی توێژینەوە (sample) وەرگرتنی ڕای پسپۆڕان لە سەر ناوەڕۆکی نموونە هەڵبژێردراوەکان لە گۆرانی کەلەپووریی**

| ز | ناوی بەرهەم | ناوی دانەر | ساڵی دانان | شێوازی دانراوە مۆزیکییەکە | شیاوە ✓ نەشیاوە × | تێبینی |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | کۆچی بەهاران | غەمگین فەرەج | ١٩٩٨ | چەمبەر میوزیک | | |
| ٢ | سۆران- بادینان | دلشاد محمد سعيد | ١٩٩٢ | ڤیۆلین + پیانۆ | | |
| ٣ | گوڵەکەم نەخشانم | گۆران کامل | ٢٠٠٨ | پێرفۆڕمەنسی دەنگی مێیینە | | |
| ٤ | هارمۆنی | سالار ئازيد | ٢٠٢٠ | ڤیۆلین + پیانۆ | | |
| ٥ | حەیران | نەجات ئەمین | ١٩٩٨ | ئۆرکێسترا | | |
| ٦ | کەژەوان | هەردی مەجید | ٢٠١٩ | ئۆرکێسترا | | |
| ٧ | کەمانچە ڕەشەکە | ئاریز باینجوب | ٢٠١٧ | ئۆرکێسترا | | |
| ٨ | باخەوان دەستم برد بۆ بەی | سەید ئەحمەد ڕواندزی | ١٩٩٩ | کوارتێتی ژێداری | | |
| ٩ | شیرینێ سەوزە | سیروان محمد | ٢٠١٢ | چەمبەر میوزیک | | |
| ١٠ | نارینێ | هۆشەنگ کامگار | ٢٠١٥ | گروپی موزیکی کوردی | | |
| ١١ | زایەڵەی کاوێس ئاغا | نەهرۆ زاگرۆس | ٢٠١٧ | تەکنەلۆجیای دەنگیی و ستۆدیۆی ئەلیکترۆنی | | |
| ١٢ | سەیران | کوردۆ سەردار | ٢٠١٤ | پیانۆ | | |
| ١٣ | شیرین ئەوڕۆ بەهارە | زۆزک قەرەداخی | ٢٠١٩ | کوارتێتی ژێدار | | |
| ١٤ | بۆت دەڵێم لەو بەندانە | بەڵێن عبدالهادی | ٢٠١١ | سترینگ ئۆڕکێسترا | | |
| ١٥ | هەی مەرزان | چەتۆ نەورۆز | ١٩٩٥ | گروپی موزیکی کوردی | | |
| ١٦ | زوڵفت بە قەدتدا | ئارەزوو اسماعیل | ٢٠١٤ | گروپی موزیکی کوردی | | |
| ١٧ | شەوەزەنگ | هاوار تۆفیق | ٢٠١٧ | دوو ڤیۆلین+ رۆلاند | | |
| ١٨ | لێ زەینەمێ | ئاکۆ عەزیز عینایەت | ٢٠١٧ | کوارتێتی ژێداری | | |
| ١٩ | کوێستان | سرود فوئاد | ٢٠١٤ | چەمبەر میوزک | | |
| ٢٠ | هات فەسڵی گوڵان | سەنگار عەبدولخالق | ٢٠١٥ | سترینگ ئۆرکێسترا | | |

پێشنیاز وتێبینی و سەرنجی پسپۆڕان:

.............................................................................................................................................

.............................................................................................................................................

...........................................................................

ناوی سیانی: ...............................................

نازناوی هونەری: ..........................................

نازناوی زانستی: .....................................

پسپۆڕیی: ..................   / .................

بڕوانامە: ..................................

واژۆی پسپۆڕ

وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی

زانکۆی سەلاحەدین

کۆلێژی هونەرە جوانەکان

بەشی موزیک

خوێندنی باڵا- دکتۆرا

فۆرمی ڕاپرسیی وەرگرتنی ڕاو بۆچوونی پسپۆڕان سەبارەت بە ناوەرۆکی پێوەری توێژینەوە لە نموونە هەڵبژێردراوەکان، کە لە گۆرانییە کەلەپووریی (میللیی و فۆلکلۆرییەکانەوە) سرووشییان وەرگرتووە و بۆ موزیکی هاوچەرخی کوردی وئۆرکێسترایی کارەکتەری شیاو و گونجاون، کە بە مۆرکێکی کوردییەوە نمایش بکرێن، ئەمەشیان بە پشتبەستن بە ئەزموونی موزیسیانە لێهاتووەکان ئەوانەی کارەکانیان بوونەتە نموونەی هەڵبژێردراوی ئەم توێژینەوەیە.

بەڕێزدکتۆر.....................................

بەمەبەستی تەواوکردنی مەرجەکانی بەدەستهێنانی بڕوانامەی دکتۆرای فەلسەفە لە زانستە میوزیکییەکان، توێژەر (آمانج غازی شاکر ئاغا) بۆ وەدەستهێنانی ئامانج وئەنجامەکانی تێزەکەی لە بەشی میوزیک/ کۆلێژی هونەرەجوانەکان/زانکۆی سەلاحەدین. توێژەر ئەم ڕاپرسییە وەک بەشێک لە ڕێکارەکانی توێژینەوە کە بریتییە لە ڕاپرسیی وەرگرتنی ڕا و بۆچوونی پسپۆڕان ڕێک دەخات، کە ناونیشانەکەی بریتییە لە:

**(خستنەکاری کەلەپووری گۆرانی لە موزیکی هاوچەرخی کوردیدا)**

ئامانجی ڕاپرسیی وەرگرتنی ڕا و بۆچوونی پسپۆڕان:

ئەم ڕاپرسییە ئامانجێتی دەستنیشانی بۆچوونی بەڕێزتان لە سەر گونجاوی ئەو ئامرازانەی کە توێژەر پێشنیازی کردووە بزانێت، بۆ ئەوەی لە سەر بنەمای ئەو ئامرازانە، توێژەر بگاتە بەدیهێنانی گریمانەکانی توێژینەوە، هەروەها دڵنیابوون لەو کارە هونەرییانەی بۆ موزیکی هاوچەرخی کوردی کاری ئۆرکێستراییی داندراون، کە کارەکتەری شیاو و گونجاون و دەتوانن ببنە هەڵگری مامەڵەکردنێکی موزیکی هارمۆنیی مۆدێرن و ئازاد لە هەردوو شێوازی (هارمۆنی و کۆنتراپۆینت) هەروەها دڵنیابوون لە وردەکاریی بەرفراوانیان و گونجانیان وەک کەلەپووری گۆرانی کوردی، تا بتوانرێت بەشێوەیەکی زانستی پێوانە بکرێن ئەمەشیان بە پشتبەستن بە ئەزموونی موزیسیانە لێهاتووەکان ئەوانەی کە کارەکانیان بوونەتە نموونەی هەڵبژێردراوی ئەم توێژینەوەیە.

توێژەر پشتی بە بنیادنانی ئامرازی توێژینەوەکەی لە سەر بنەما شیکارییەکانی زانستی ئێستا و بنەماکانی زانستی هارمۆنی بۆ سەردەمە موزیکییە یەک لە دوای یەکەکانی بەستووە و پێی وایە هەنگاوەکان و بنیادنانی ئامرازی توێژینەوەکەی دەبێت لە سەر بنەمای کۆمەڵێک پێوەری بنەڕەتی بێت، لەوانە:

١- پێکهاتەکانی بنیادی موزیکی* بۆ ئەوهارمۆنییەی وەکو خستنەکارێک بۆ کەلەپووری گۆرانی کوردی کراوە،

٢- شێوازەکانی کاری دانەرانی موزیک لە سەر بنەمای پێکهاتە و سیستەمی هارمۆنی و کۆنتراپۆینت.

٣- ئاوێتەکردنی پێوەرە شیکارییەکان و دیاربوونی جێپەنجەیان بەسەر پێکهاتەی هارمۆنی کۆنتراپۆینتدا.

---

٤- فرەیی شێوازەکانی هارمۆنی کە هاودەمی ئەو بیرۆکە موزیکییانەن کە ئاوازدانەر بەکاریان دەهێنێ.

٥- ناسینی پێکهاتە سەرەکییەکانی پرۆسەی دابەشکردن لە موزیکی ڕۆژهەڵاتیدا.

٦- وەستان لە سەر ڕادەی خستنەکاریی میلۆدییە ڕۆژهەڵاتییەکان و گونجاوییان بۆ دابەشکردنی کاری موزیکی هاوچەرخی کوردیی و ئۆرکێسترایی.

**خشتەی ژمارە ٤-١-٦ لیستی ناوی شارەزایان و پسپۆڕانی بواری شیکاریی ئاواز و میلۆدی سەبارەت بە ناوەرۆکی پێوەری توێژینەوە**

| ز | ناوی سیانی | نازناوی زانستی | پسپۆری | ناونیشانی کارکردن |
|---|---|---|---|---|
| ١ | پ.د. ناصر هاشم بدن | دکتۆرا - پرۆفیسۆر | تەکنیکی موزیکی شانۆیی | زانکۆی بەسرە - کۆماری عێراق |
| ٢ | پ.د. احسان شاکر زلزلة | دکتۆرا - پرۆفیسۆر | موزیکی هاوچەرخی ڕۆژهەڵاتی | زانکۆی بەغداد - کۆماری عێراق |
| ٣ | پ.ی.د. هەیثەم شعوبی ابراهیم | دکتۆرا – پرۆفیسۆری یاریدەدەر | کەلەپووری موزیکی ڕۆژهەڵاتی | زانکۆی موستەنسرییە - خانەنشین |
| ٤ | پ.ی.د. ئەلبێرت عیسا نزار | دکتۆرا - پرۆفیسۆری یاریدەدەر | سۆسیۆلۆژی | زانکۆی لوبنانی - فەڕەنسی |
| ٥ | پ.ی.د. سەماح حەسەن فلەیح | دکتۆرا – پرۆفیسۆری یاریدەدەر | فەلسەفەی هونەرەکانی موزیک | زانکۆی دیالە - کۆماری عێراق |
| ٦ | د. نەهرۆ خالید ئەحمەد(زاگرۆس) | دکتۆرا | ئەتنۆموزیکۆلۆجی | زانکۆی سۆران – هەرێمی کوردستان |
| ٧ | د. بەرزان یاسین محەمەد | دکتۆرا | ئەتنۆمۆزیکۆلۆجی | کۆنسێرڤاتوار دو موزیک - جنێف |

**خشتەی ژمارە ٤-١-٧ ئەو پێوەرو ئامرازانەی کە توێژەر پێشنیازی کردووە بۆ بەدیهێنانی گریمانەکانی توێژینەوە بۆ بەدیهێنانی گریمانەکانی توێژینەوە.**

| ز | پێوەرەکانی شیکاریی | گونجاو | نەگونجاو | پێویستی بە گۆرانکاری هەیە | تێبینی |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | تۆنالیتە (مۆد یان پەیژە و گواستنەوەکانی) | | | | |
| ٢ | ڕیتم و خێرایی | | | | |
| ٣ | جۆری باڕی موزیکیی | | | | |
| ٤ | گۆرانییە کەلەپوورییەکە بەر لە خستنەکاریەکەیدا | | | | |
| ٥ | میلۆدییە ڕەسەنەکە کە خستنەکاریی موزیکیی بۆ کراوە | | | | |
| ٦ | فۆڕمی کۆتایی بیرۆکەکەو ڕادەی نزیکیی لە فۆڕمی میلۆدییە ڕەسەنەکە | | | | |
| ٧ | فۆڕم و شێوازی موزیکی | | | | |
| ٨ | چنینی موزیکیی | | | | |
| ٩ | پێرفۆڕمەنس و تیمبەر | | | | |
| ١٠ | پێکهاتەی هونەریی تیپی موزیکی هاوچەرخ یان ئۆرکێستراکە | | | | |
| ١١ | ناوەرۆکی بابەتی موزیکیی | | | | |
| ١٢ | پەرەسەندن لە میلۆدیدا | | | | |
| ١٣ | ڕەسەنێتی ڕستەی موزیکیی کەلەپووریی | | | | |
| ١٤ | بنیاد وشێوازی میلۆدی | | | | |
| ١٥ | یەکتابوون و گونجان و کۆنتراستی میلۆدی | | | | |

لەگەڵ ڕێزی بێپایانمان

توێژەر

امانج غازی شاکر ئاغا

- پێشنیاز وتێبینی و سەرنجی پسپۆڕان:

........................................................................................................................................

........................................................................................................................................

.....................................................................

ناوی سیانی: ..............................................

نازناوی هونەری: ..............................................

نازناوی زانستی: ..............................................

پسپۆڕیی: .................. / ...............

بڕوانامە: ..............................................

واژۆی پسپۆڕ

## پاشکۆی ژمارە (٢)

## فۆرمی دەستنیشانکردنی نموونەکان و پێوەرەکانی توێژینەوە

وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی

زانکۆی سەڵاحەدین

کۆلێژی هونەرە جوانەکان

بەشی موزیک

خوێندنی باڵا - دکتورا

**فۆرمی دەستنیشانکردنی نموونەکانی توێژینەوە (sample) ووەرگرتنی ڕای پسپۆران لەسەر ناوەرۆکی نموونە هەڵبژێردراوەکان کە لە گۆرانی کەلەپووریی میللیی وفۆلکلۆرەوە ئیلهامیان وەرگرتووە و گونجاوە بۆ کاری ئۆرکێسترا لە کارەکتەری کوردیدا لەسەر بنەمای ئەزموونی ئەو موزیسیانانەی کە نموونەکانیان هەڵبژێردراوە.**

**ڕێزدار دکتور.............................................................................**

**سڵاو وڕێز: بە مەبەستی تەواوکردنی مەرجەکانی بەدەستهێنانی بڕوانامەی دکتورای فەلسەفە لە زانستەکانی موزیک. توێژەر (امانج غازی شاکر ئاغا) تێزی دکتۆراکەی لە بەشی موزیکی/ کۆلێژی هونەرەجوانەکان/ زانکۆی سەلاحەدین ئەنجام دەدات، توێژەر ئەم فۆرمە وەک بەشێک لە ڕێکارەکانی توێژینەوەکە ئەنجام دەدات کە ناونیشانەکەی بریتییە لە:**

**(خستنەکاری کەلەپووری گۆرانیی لە موزیکی هاوچەرخی کوردیدا)**

- **ئامانجی دەستنیشانکردنەکە:** ئەم دەستنیشانکردنە ئامانجیەتی بۆچوونی بەڕێزت بزانێت ودەستنیشانی بکات سەبارەت بە گونجاوی ئەو نموونانەی کە لەلایەن توێژەرەوە پێشنیار کراوە، کە لەسەر بنەمای ئەو دەستنیشانکردنەی بەڕێزتان دەگاتە دەستکەوتی گریمانەکانی توێژینەوەکە، هەروەها دڵنیابوون لە ڕەوایەتییەکەی بۆ جێگیرکردن ودانانی بەرهەمە هونەرییە دانراوەکانی ئۆرکێسترایی ودانراوە هونەرییەکانی گروپەکانی موزیک. هەروەها بۆ دڵنیابوون لە وردبینی وگونجاوی لەگەڵ کەلەپووری گۆرانی کوردی، بۆ ئەوەی بتوانرێت پێوانە بکرێت.

توێژەر ئەو نموونانەی کە لەلایەن خۆیەوە پێشنیار کراوە لە میلۆدی کە لە گۆرانییە فۆلکلۆر ومیللیی کوردییەوە ئیلهامیان وەرگرتووە وڕادە و گونجاوی دەرهێنانیان و جێگیرکردنیان بۆ کاری بەرهەمە هونەرییە دانراوەکانی ئۆرکێسترایی و دانراوە هونەرییەکانی گروپەکانی موزیک لە کارەکتەری کوردیدا بە پشتبەستن بە ئەزموونی ئەو موزیکژەنانەی کە نموونەکانیان هەڵبژێردراوە، دەخاتە ڕوو.

- ئەوەی کە لە بەڕێزتان داواکراوە ئەوەیە کە:

بە وردی پێداچوونەوە وهەڵسەنگاندنی زانستیی بۆ فۆرمی هاوپێچ بکەن وبۆچوون و سەرنجە ڕەواکانتان بخەنە ڕوو، ئەمەشیان بە دانانی تیک (√) لەبەردەم یەکێک لە بژاردەکان (گونجاو / نەگونجاو / پێویستی بە گۆڕانکاریی هەیە)

لەگەڵ ڕێز وپێزانینێکی زۆرمان.

توێژەر

امانج غازی شاکر ئاغا

1

| ز | پێوەرەکان | گونجاوە | نەگونجاوە | پێویستی بە گۆڕانکارییە | تێبینی |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | ١- نموونە هەڵبژێردراوەکان ئیلهامیان لە گۆرانی فۆلکلۆر وەرگرتووە وگونجاون بۆ کارێکی ئۆرکێسترایی بە کاراکتەری کوردی کە مژدەی گەشەکردنی موزیکی کوردیمان پێدەبەخشێ، بە پشتبەستن بە ئەزموونی ئەو موزیکژەنانەی کە بەرهەمەکانیان نموونەی هەڵبژێردراو بوون. | ✓ | | | |
| ٢ | ٢- نموونە هەڵبژێردراوەکان ڕیتم ومیلۆدی موزیکی کوردی بە شێوەیەکی گونجاو ڕووماڵ دەکەن. | ✓ | | | |
| ٣ | ٣- نموونە هەڵبژێردراوەکان بەرگەی چارەسەری هارمۆنی هاوچەرخ وئازاد وکاونتەرپۆینت دەگرن. | ✓ | | | |
| ٤ | ٤- کارێکی شیاو وگونجاوە کە ئامێری موزیکی فۆلکلۆری کوردی وفۆرمی پێرفۆرمەنسی کوردی لە چوارچێوەی بەرهەمە هونەرییە دانراوەکانی ئۆرکێسترایی ودانراوە هونەرییەکانی گروپەکانی موزیک بەکاربهێنرێت. | ✓ | | | |
